زیاتر لە ١٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوە

٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ

لەگەڵ پێشەکی و پاشکۆیەکی نوێدا

وانەی بەهێز
بۆ گۆڕینی مرۆڤ

ستیڤن ئاڕ. کۆڤی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

Hiwa Foundation
Enable creativity and perfection

Scanned by CamScanner

162 posts 11.8k followers 5 following

Promote Edit profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆرایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsl...

Hawraman, Slemani, As Sulaymaniyah, Iraq

Ktebi_PDF

Scanned by CamScanner

٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ

ستیڤن ئار. کۆڤی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

Hiwa Foundation
Enable creativity and perfection

Scanned by CamScanner

ناوی کتێب: ٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ

ناوی نوسەر: ستیڤن ئار. کۆڤی

ناوی وەرگێڕ: د. شێرکۆ عەبدوڵڵا

تایپ و نەخشەسازی: سیروان خلیل

بابەت: پەروەردەیی

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٧٧٠)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.

چاپخانەی: شڤان

چاپی دووەم – سلێمانی ٢٠١٦

لە بڵاوکراوەکانی هیوا فاوندەیشن

ناونیشان: عێراق، هەرێمی کوردستان، سلێمانی، کۆمەڵگای نیشتەجێی بەهاران

تەلەفۆن: ٠٧٧٠٩٥١١١١١

ئیمەیل: info@hiwafoundation.org

وێبسایت: www.hiwafoundation.org

نرخ: ٨٠٠٠ دینار

Scanned by CamScanner

لە بارەی "هیوا فاوندەیشن"ەوە

دامەزراوەیەکی قازانجنەویستی سەربەخۆی ئەهلییە، لە سالّی (٢٠١٢)دا لەلایەن بەڕێز (هیوا رەوف)ەوە لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە. هیوا فاوندەیشن کار دەکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک لە رێگەی بڵاوکردنەوە و پشتگیریکردنی بابەتی داهێنەرانەی پەروەردەییەوە، ئەمەش بە وەبەرهێنان لە سەرمایە مرۆییەکانی کۆمەڵگاکەمان دەزانێت. ئامانجیش لەم کارە گەیشتنە بە ئەنجامی ئەرێنی لە نەوەکانی داهاتودا و یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاوەوە بۆ پێشخستنی تواناکانیان و گەیشتن بە ئامانجە بەنرخەکانیان.

Scanned by CamScanner

له ستایشی (۷ خووەکەی کەسانی پێشەنگدا)دا کە ستیڤن ئارکۆڤی نوسیوێتی

"ستیڤن کۆڤی کتێبێکی کتێبێکی سەرنجڕاکێشی دەربارەی مرۆڤ نوسیوە. کتێبەکە هێندە پوختە و هێندە بە باشی لە ئارەزووە قوڵەکانی ناخمان تێگەیشتووە و هێندە سودمەندە بۆ ژیانی تایبەتی و ڕێکخراوەییمان، کە بەلای منەوە باشترین دیارییە پێشکەشی ناسیاوەکانمی بکەم"

- وارین بینیس

نوسەری کتێبی (چۆن دەبیتە سەرکردە)

"من تائێستا هیچ مامۆستایەك و هیچ ڕێنماییکەرێکی بواری گەشەپێدانی چالاکییە تایبەتەکانی مرۆڤم نەبینیوە بتوانێت بەرهەمێکی ئاوا کاریگەر و بەربڵاو بنوسێت. ئەم کتێبە بە جوانترین شێوە گوزارشت لە فەلسەفەی پرنسیپەکانی ستیڤن دەکات.

لەو باوەڕەدام هەرکەسێك ئەم کتێبە بخوێنێتەوە تێدەگات بۆچی من و غەیری منیش هێندە سەرسامین بە وانەکانی کۆڤی"

- جۆن پیپەر

سەرۆکی دەزگای پرۆکتەرو گامیڵ

"ستیڤن کۆڤی سوکراتێکی ئەمریکاییە، ئاسۆکانی ئەقڵت دەکاتەوە بە ڕووی شتە هەمیشەییەکاندا، بەرووی بەهاکان و خێزان و ئاخاوتنەکان و پەیوەندییەکاندا

- بریان تراسی

نوسەری "سایکۆلۆجیای ئەنجامدان"

"بناغەکانی ئەم کتێبەی ستیڤن کۆڤی بریتین لە هێز و قایلکردن و هەستو سۆز. ناوەڕۆك و میتۆدی ئەم پرنسیپانە زەمینەیەکی پتەو دەڕەخسێنن بۆ پەیوەندی بەسود. من وەك پەروەردەکارێك پێم وایە ئەم کتێبە شتێکی گرنگ بۆ کتێبخانەکەم زیاد دەکات"

- ولیام رۆڵف کیپار

ئەندامی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا لە ویلایەتی ئوتا

Scanned by CamScanner

خەڵکی و خوێندکارانی بەشی کارێگرێ و ڕێکخستن تا ئێستا "ژمارەیەکی کەمی خەڵکی بە قوڵی و بە جددی بیریان لە پرنسیپە بنەڕەتییەکان کردۆتەوە. وەکو ستیفن کۆڤی بە قوڵی و بە جددی بیریان لە پرنسیپە بنەڕەتییەکان کردۆتەوە. ستیفن لە کتێبی حەوت خووەکەی کەسانی پێشەنگدا چۆنێتی ڕابەرایەتیکردنمان بۆ ڕوون ناکاتەوە، بەڵکو فرسەتی بونە ڕابەرمان بۆ دەڕەخسێنێت. فرسەتەکەش بریتییە لەوەی خۆمان بدۆزینەوە و بزانین چ کاریگەرییەکمان هەیە لەسەر خەڵکانی دەوروبەر، بەوەی کە خۆیان سود لە بیروبۆچوونە قوڵەکانی خۆیان ببینن.

ئەم کتێبە کتێبێکی گرنگە و دەتوانێت ژیانت بگۆڕێت"

- تۆم پیتەرز

نوسەری کتێبی "گەڕان بەدوای نایابیدا"

"بایەخی ئەم کتێبە تەنیا هەر ئەوە نییە کە میتۆدێکە بۆ سەرکەوتن لە کارەکەتدا، بەڵکو ئەوەیە کە لە بناغە ڕەوشتییەکانی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکانەوە شێوازی ژیان وێنا دەکات"

- بڕۆسڵ ئێل. کریستنسن

سەرۆکی دەزگای ڕادیۆ

"لەکاتێکدا کە دەزگاکانی ئەمریکا زۆر پێویستیان بە چالاککردنەوەی خەڵك و بە دروستکردنی سەرکردە هەیە لە ئاستە جیاجیاکاندا، کۆڤی فەلسەفەیەکی زیندوی وامان پێشکەش دەکات کە نەك هەر چالاکی دەبەخشێت بە ژیانمان، بەڵکو لە کار و پیشەکانیشماندا سەرکەوتنی بێ مسۆگەر دەکەین. ئەم کتێبە تێکەڵەیەکی تەواوە لە حیکمەت و سۆز و ئەزمونی پراکتیکی"

- ڕۆزابێث موس کانتەر

نوسەر لە "هارڤارد بزنس ریڤیو" و دانەری کتێبی "کاتێك زەبەلاحەکان فێری سەماکردن دەبن"

"من لە ساڵانی ڕابردودا هێندە کەوتومەتە ژێر کاریگەریی "ستیڤن"ەوە و هێندە شتی لێوە فێربوم، کە هەر جارێك دەست دەدەمە نوسین توشی دڵەڕاوکێ دەبم لەوەی نەبادا بێ ئەوەی بە خۆم بزانم لاسایی ئەو بکەمەوە. کتێبی ٧ خووەکە لە بابەتی

Scanned by CamScanner

سایکۆلۆجیای میللی و بڵاوکراوە روکەشەکانی دیکە نییە. کتێبێکە پشتبەستو بە حیکمەتی قوڵ و بە پرنسیپە رەسەنەکان"

- ریچار ئێم – ئایار

نوسەری "هاوسەنگی ژیان"

"چۆن منالەکان فێری بەهاکان دەکەیت"

"کارێکی زۆرچاك دەکەین ئەگەر خوێندنەوەی ئەم کتێبە بکەینە پێش مەرجی وەرگرتن بۆ هەر کەسێك بیەوێت لە فەرمانگەیەکی دەوڵەتیدا کار بکات. چونکە کاریگەرییەکانی ئەم کتێبە لەرووی رەوشتییەوە لە کاریگەرییەکانی هەمو یاسا و رێنماییەك زیاترە"

- سیناتۆر جاك گارن

یەکەم سیناتۆر کە چووە فەزا

"کاتێك کە ستیڤن کۆڤی قسە دەکات، بەرێوەبەرەکان گوێ دەگرن"

- دەنس بزنس مەنث

"قسەی تێدا نیە کە کتێبە زۆر کاریگەرەکەی ستیڤن کۆڤی، دەبێتە کتێبە دەرونزانییە هەرە بەناوبانگەکەی سالی نەوەدەکان؛ چونکە ئەو پرنسیپانەی کە تاوتوێیان دەکات شەقڵێکی گەردونییان هەیە و لە هەمو بوارەکانی ژیانیشدا قابیلی جێبەجێکردنن. هەروەها ئەم پرنسیپانە وەکو نۆپەرێت وان، تەنیا هەر جێبەجێکردنێکی هاکەزایی بەس نییە بەڵکو دەبێت بەردەوام راهێنانیان لەسەر بکەیت."

- ئیرڤ ابیی – گۆرانیبێژی ئۆپەریت

میزۆ سترانۆر ئۆپێرای میترۆپۆلیتیان

"ئەم کتێبە مرۆڤ رادەکێشێت و وای لێ دەکات بیر بکاتەوە .. لەراستیدا من هەمیشە ئاماژەی پێ دەدەم"

- ریچارد ئێم دیڤۆس

سەرۆکی دەزگای ئاموای

Scanned by CamScanner

بردنەوە خووە. هەروەها دۆڕاندنیش. بیست و پێنج ساڵ ئەزموون و بیرکردنەوە
"بردنەوە خووە. هەروەها دۆڕاندنیش. بیست و پێنج ساڵ ئەزموون و بیرکردنەوە و شرۆڤەکردن کۆڤیان هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە تەنیا (٧ خووەکە) مرۆڤە بەختەوەر و تەندروست و سەرکەوتووەکان جیادەکاتەوە لەوانەی کە شکست دەهێنن یاخود قوربانییەکی زۆر دەدەن بۆ بەختەوەریی و ماناکانی ژیان لە پێناوی سەرکەوتنێکی سنورداری کەمبایەخدا"

- ڕۆن زیمکی

یەکێک لە نوسەرانی: کەناری خزمەت و خزمەتکردنی ئەمریکا

"ستیفن ئار. کۆڤی مرۆڤێکی مەزنە. کە دەنوسێت بەرچاوی روونە و ئامانجەکەشی مرۆڤە. یەک کتێبخانەی تەواو لە ئەدەبیاتی سەرکەوتندا هەر هێندەی ئەم کتێبە نرخی هەیە. پرنسیپەکانی ناو کتێبی ٧ خووەکەی کەسانی زۆر کاریگەر گۆڕانێکی راستەقینەی دروست کرد لە ژیانمدا."

- کین بلانچارد

دکتۆرای فەلسەفە، نوسەری "بەڕێوەبەری یەک خولەک"

"حەوت خووەکە" کلیلی سەرکەوتنە لە هەمو بوارەکانی ژیاندا. کتێبەکە مرۆڤ وا لێ دەکات بیر بکاتەوە

- ئیدوارد ئەی برینان

سەرۆکی جێبەجێکار لە کۆمپانیای سێرس، رۆبیک و هاوبەشەکانی

"کۆڤی جەخت لەسەر راستییە نەگۆڕەکان دەکاتەوە کە لە خێزان و ژیانی رۆژانە و لە کۆمەڵگادا بەگشتی جێبەجێ دەبن. دوورمان دەخاتەوە لەو بڵاوکراوانەی ئەمڕۆ کە دەیانەوێ قایلمان بکەن. ئەم کتێبە تەنیا هەر وێنەیەکی فۆتۆگرافی نییە، بەڵکو پرۆسەی وێنەگرتنەکەیە و پێویستە هەر بەوشێوەیەش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. نە رەشبینە و نە گەشبین بەڵکو لەگەڵ ئەگەرەکاندایە. کتێبێکە باوەڕی بەوە هەیە کە تەنیا خۆمان دەتوانین دەرگای گۆڕین بەرووی ناخی خۆماندا بکەینەوە. زیاتر لە حەوت هۆکار هەن وات لێ دەکەن ئەم کتێبە بخوێنیتەوە."

- ستیف لایونسکی

بەڕێوەبەری جێبەجێکار لە کۆمەڵگای رادیۆ و تەلەفزیۆنی نێودەوڵەتی

Scanned by CamScanner

"حەوت خووەکەی کەسانی زۆر کاریگەر تا ئێستا پڕفرۆشترین کتێبە"

- گۆڤاری فۆرچن

"لە کۆمەڵگای خۆماندا نەمبیستووە تا ئێستا کەسێك هێندەی ستیڤن ئار. کۆڤی یارمەتی سەرکردەکانی دابێت .. باوەڕناکەم هیچ رۆشنبیرێك لە کۆمەڵگای خۆماندا سود لە خوێندنەوەو جێبەجێکردنی ئەم کتێبە نەبینێت"

- سیناتۆر ئۆرین ج. هاچ

"یەکێك لە خووە مەزنەکانی کە دەتوانیت لە خۆتدا پەروەدەی بکەیت ئەوەیە حیکمەتەکەی ستیڤن کۆڤی فێر ببیت و بیخەیتە ناختەوە. ئەو لەگەڵ پرنسیپەکانیدا راستگۆیە. قسەو کردەوەی یەکن. ئەم کتێبەش دەتوانێت یارمەتیت بدات هەمیشە لە بازنەی براوەکاندا بمێنیتەوە"

- دکتۆر دێنیس ویتلی

نوسەری سایکۆلۆجیای سەرکەوتن

"کتێبێکی جددیە. پرنسیپەکانی تێڕوانین و سەرکردایەتیکردن و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ئەم کتێبەیان کردۆتە کەرەسەیەکی پراکتیکی بۆ سەرکردەکانی دنیای بزنس لە جیهانی ئەمڕۆدا. زۆر پێم باشە بخوێنرێتەوە."

- ئۆلان ئارچیباڵد

سەرۆك و بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای بلاك و دیکەر

"حەوت خووەکەی کەسانی زۆر کاریگەر سیستمێکی وا پێشنیار دەکات بۆ پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵکیدا کە بە دڵنیاییەوە سیستمێکی بەنرخ دەبێت بە مەرجێك خەڵکەکە بیری لێ نەکەنەوە."

- جەیمس سی. فلیچەر

بەڕێوەبەری ناسا

"بەشداریکردنێکی زۆر جوانە. دکتۆر کۆڤی توانیویەتی خەسڵەتی داهێنەرە گەورەکانمان کۆبکاتەوە و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی بەهێز و ئاساندا نیشانیان

Scanned by CamScanner

ئەم کتێبەوە ئێمە ئێستا خاوەنی نەخشەی کردنەوەی ئەقڵی بدات. لە سایەی ئەمریکاییەکانین"

- چارلس گارفیلد

نوسەری: داهێنەرە لوتکەکان.

"حەوت خووەکە" کتێبێکی بێ هاوتایە. لە هەمو کتێبێکی دیکە چاکتر توانویتی سەرکەوتوانە مرۆڤ هان بدات بەپرسیارێتییە تایبەت و خێزانی و پیشەییەکانی تێکەڵی یەکتر بکات

- پاول ئێچ. تۆمسن

راگری کۆلێژی کارگێڕی ماریۆت و

نوسەری کتێبی "تازەگەرێتییەکان"

"کۆڤی مرۆڤێکی گەرموگوڕە و بەردەوامیش گەرموگرتر دەبێت"

- بزنس ویک

"ماڵئاوا دیل کارینجی. ستیڤن کۆڤی کاریگەرییەکی قوڵتری لەسەر ژیانم دروست کرد. پرنسیپەکانی هەم بەهێزن و هەم قابیلی جێبەجێ کردنیشن. دەستپێشخەری بکە لە کڕین و خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا. مرۆڤ هەتا زیاتر لەگەڵ پرنسیپەکانی ئەم کتێبەدا بژی زیاتر هەست بە قوڵبونی ژیانی دەکات"

- رۆبێرت سی. ئالن

نوسەری: خولقاندنی سامان، کەوتنەخوارەوە قەدەغەیە

"ئەمریکا لەسەر ئاستی پیشەیی و کەسێتیدا، لە ساڵانی نەوەدەکان پێویستی بەوەیە دەرگاکان بەرووی بەرهەمهێنانی زیاتردا بکاتەوە. باشترین رێگاش بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پشتگیرکردنی سەرچاوە مرۆییەکانە. کتێبی حەوت خووەکەی دکتۆر کۆڤی هێڵە سەرەکییەکانی ئەم پشتگیریکردنە دیاری دەکات. پرنسیپەکان ئەوپەڕی ماقوڵن و رێک لەکاتی خۆیدا ئامانجەکە دەپێکن."

- ئێف. جەی. باك رۆجەرز

نوسەری کتێبی رێبازی ئای بی ئێم

Scanned by CamScanner

"ئەم کتێبە لێوانلێوە لە حیکمەتی پراکتیکی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت جڵەوی کارو ئاینده و ژیانی خۆیان بگرن بەدەستی خۆیانەوە. من هەمو جارێك كە بەشێكی ئەم کتێبە سەرلەنوێ دەخوێنمەوە تێڕوانینێکی قووڵی دیکەی تیا دەدۆزمەوە کە دەیسەلێنێت ئەم کتێبە بەڕاستی قوڵ و پتەوە"

- جیفۆرد بینشوتی سێیەم

نوسەری کتێبی پابەندبوون

"بەشێکی زۆری زانیارییەکانم بەرهەمی چاوکردنە لە خەڵکی و لاساییکردنەوەی کردەوەکانیانــە. ئــەم کتێبــەی ســتیفن لــەڕێی توێژینــەوە و نیشــاندانی نمونــە کاریگەرەکانەوە توانیوێتی ئەم ئاراستەی چاولێکردنە لە بەرزترین ئاستیدا چالاك بكات".

- فران تارکتۆن

هۆڵی نیشتمانی

"لەدوای سەردەمی دەیل کارینجییەوە، کۆڤی کاریگەرترین کەسایەتیـیە کە بە ئامۆژگارییە گەرمو گوڕەکانی توانیبێتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بهەژێنێت.

گۆڤاری یونێس تودەی

"گرنگیـی خەسڵەتە ئایدییایە رەوشتییەکان تـەنیا هـەر ئـەوە نـیـە كە هـەمو جارێك بۆڕی خەسڵەتە رەوشتیـیە بابەتییەکان دەدات بەڵکو هەمیشەش هەستی ئاسودەیی و بەدەستهێنان دەبەخشێت بەو کەسانەی کە لە ژیانی تایبەتی و پیشەییاندا بەدوای مانایەکدا دەگەڕێن"

- لاری ویڵسۆن

نوسەری کتێبی: گۆڕینی گەمەکە. شێوازە نوێیەکەی فرۆشتن

"بناغە چەسپیوەکان کلیلی سەرکەوتنن. ستیفن کۆڤی مامۆستای ئەو بناغانەیە. زۆر گرنگە کتێبەکەی بکڕیت. بەڵام گرنگتر ئەوەیە بەکاری بهێنیت.

- ئەنتۆنی رۆبنز

نوسەری: دەسەڵاتی رەها

Scanned by CamScanner

"ئـەم کتێبـە دەربـارەی سروشـتی مـرۆڤ ئـەو راسـتیەیە حاشـا هەڵنـەگرەی لەخۆگرتووە کە تەنیا لە رۆمانە خەیاڵییەکاندا هەن. تۆ کاتێك لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە نەك هەر کۆڤی ستیڤنت ناسیوە بەڵکو ئەویش تۆ دەناسێت"

- ئۆرسۆن سکۆت کارد

براوەی هەردوو خەڵاتی (هۆگۆ) و (نیبیولا)

"ستیڤن کۆڤی نرخێکی مەزن دەبەخشێت بە مرۆڤ و رێکخراوەکان، ئەمەش نەك هەر لەڕێی قسەکانییەوە. بەڵکو راستگۆیی و تێڕوانینەکانی هێندە قوڵ و کاریگەرن کە مرۆڤ دەبەنە ئەودیو سنورەکانی سەرکەوتن".

- تۆم تێڤی. کرۆم

نوسەری: سیحری ململانێ و

یەکێك لە دامەزرێنەرەکانی دەزگای ویندستار

"سەرباری هەمو بەرپرسیارێتی و سەرقاڵی و کارو خێزان و گەڕان و ئەرکەکانی دیکەی کە ئەم دنیا پڕ ململانێیـەی ئـەمرۆ دەیانسەپێنێت بەسەرماندا، کتێبەکەی ستیڤن کۆڤی (٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ) بەرپرسیارێتی گەورەی دیکەیە کە پێویستە ئاماژەی پێبدرێت."

- ماری ئۆزمۆند

"لـە کتێبەکەیـدا (٧ خووەکـەی کەسـانی پێشـەنگ) سـتیڤن کـۆڤی حـەوت زەمە خواردنمان لـە حـەوت قاپـدا پێشکەش دەکات سـەبارەت بـەوەی مـرۆڤ چۆن جڵەوی ژیانی خۆی بگرێتە دەست بۆ ئەوەی ببێتە ئەوکەسە کامڵ و خـاوەن بەرهەمـەی کە خۆی مەبەستێتی. کتێبەکـە وزەبەخشـە و هـەنگاو بەهـەنگاو ئارەزووەکانی مرۆڤ تێردەکات و یارمەتی دەدات لە ژیانی تایبەت و پیشەییدا سەرکەوتن مسۆگەر بکات."

- رۆجەر ستاوباك

NFL Hall of fame back

Scanned by CamScanner

"گۆڤی لەم کتێبەدا ئەو دەرەنجامە گرنگەمان نیشان دەدات کە دەڵێت پێویستە خەسڵەتە رەوشتیـیە ئایدیاییـەکان بگێڕینـەوە بۆ نـاو کۆمـەڵگا. ئـەم کارەی ستیڤن مەلۆیەکی گرنگ دەخاتە سەر خەرمانی ئەدەبیاتی خۆ یارمەتیدان".

- د. بیلو کلیمنتز ستۆن

دامەزرێنەری گۆڤاری سەرکەوتن

"ستیڤن لـە کتێبەکەیـدا بەنەنقەست ژیـان و ئـەو پرنسیپانەی تێکـەڵی یـەکتری کـردووە کـە مایـەی دروسـتبونی هاوسـەنگین لـەنێوان هزرەکـانی ئـاخ و هەڵسوکەوتە ئاشکراکاندا. ئەمەش هەوێنی هەمو پاکییەکی تاك و کۆمەڵگایە".

- گریگۆری جەی. نیویلی

باڵوێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سوید

"گرنگی ئەم کتێبە لەوەدایە کە سادەیە بەلام شتەکان سادە ناکات"

- ئێم. سکۆت پیك

نوسەری: رێگە چۆڵەکە

"من لەخوێندنەوەی ئەم کتێبەدا قازانج دەکەم.. زۆرترین هزرو رۆشنایی تێدایە"

- نۆرمان ڤینسینت پیەڵ

نوسەری: هێزی بیرکردنەوەی ئەرێنی

Scanned by CamScanner

بەرهەمەکانی دیکەی ستیڤن ئار. کۆڤی

خووی هەشتەم

پەیڕەوکردنی حەوت خووەکە

حەوت خووەکەی خێزانە زۆر کاریگەرەکان

سروشتی رابەرایەتیکردن

مەسەلە گرنگەکان لە پێشەوە

سەرکردایەتیکردنی خاوەن پرنسیپ

دەفتەری مەشقی حەوت خووەکەی کەسانی هەرە کاریگەر

یادداشتی حەوت خووەکەی کەسانی هەرە کاریگەر

بەرهەمەکانی کۆمپانیای فرانکلین کۆڤی

٧ خووەکەی نەوجەوانانی پێشەنگ

دەفتەری مەشقی ٧ خووەکەی نەوجەوانانی پێشەنگ (بەدەست خۆتە)

یادداشتی ٧ خووەکەی نەوجەوانانی پێشەنگ

ژیان گرنگە

ئەقڵی کار

ئەوەی لە هەموان گرنگترە

١٠ یاسای سروشتی بۆ بەڕێوەبردنی ژیان و کات بە شێوەیەکی سەرکەوتوو

پرنسیپەکانی دەسەڵات

هۆکاری پێشکەوتنە کتوپڕەکان

Scanned by CamScanner

سوپاس و پێزانین

هاوکاری و پێکەوەبون زۆر گرنگترە لە سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن

ئەم کتێبە بەرهەمی کاری بەکۆمەڵی چەندین ئەقڵە. سەرەتاکەی لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە (حەفتاکانی سەدەی رابردووەوە) دەست پێدەکات کاتێک کە بۆ ئامادەکردنی نامەی دکتۆراکەم کەوتمە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی دووسەد ساڵ لەسەر بابەتی سەرکەوتن. پێم خۆشە سوپاسی خۆم دەربڕم سەبارەت بەو ئیلهام و حیکمەتەی کە لە ژمارەیەك بیرمەندەوە وەرم گرتن و هەروەها سەبارەت بە پێکهاتە و ناوەڕۆکی ئەو حیکمەتەش کە ئەوە دوای ئەوە بەردەوامە.

هەروەها سوپاسگوزاری گەلێك خوێندکار و هاوڕێ و هاوکاریشم بەتایبەت هاوکارەکانی زانکۆی (بریگهام یۆنگ) و سەنتەری (کۆڤی بۆ رابەرایەتی). سوپاس بۆ هەزاران گەنج و گەورەساڵ و باوك و مامۆستا و بەڕێوەبەر و ئەوانەی دیکەش کە بەشدارییان کرد بە چاوخشاندنەوەی بابەتەکان و پێشکەشکردنی زانیاری و دەربڕینی پشتگیریی. بابەتەکان و ئیشوکارەکان زۆر لەسەرخۆ تێکەڵی یەکتری بون بە جۆرێکی وا کە ئەوانەی دڵسۆزانە و بە قوڵی هاتنە ئیشەکەوە گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە ٧ خووەکە شێوازێکی گشتگیر و کامڵە بۆ دەستەبەرکردنی سەرکەوتن و چالاکبون لەسەر ئاستی تاکە کەسی و لەنێوان خەڵکەکانیشدا. هەروەها بۆشیان دەرکەوت لە خووە تایبەتەکانی مرۆڤدا کلیلەکە پێش هەمو شتێك لە پەیوەندی نێوان خووەکاندایە و لە چۆنێتی ریزبەندیکردنیاندایە.

سەبارەت بە بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەش بە پێویستی دەزانم سوپاس و پێزانینی خۆم دەربڕم بۆ:

- ساندراو هەمو منداڵەکانم و هاوسەرەکانیان کە پشتیوانی و هاوکاریی زۆریان نواند بەتایبەت لە گەشتە زۆرو زەوەندەکانمدا کە لە پێناوی ئامادەکردنی بابەتەکانی ئەم کتێبەدا ناچاربوم زوو زوو ئەنجامیان بدەم. ئەوان بە کردەوە هەڵگری پرنسیپەکان بون و دیارە ئەگەر مرۆڤ بە کردەوە پرنسیپێك پەیڕەو بکات ئەوا بە ئاسانییش دەتوانێت روونی بکاتەوە.

Scanned by CamScanner

- (جۆنی) برام کە خۆشەویستییەکی بەردەوام دەردەبڕێت و خاوەنی رۆحێکی بێگەردە و مەسەلەی کتێبەکەی بەهەند وەرگرت و بیروبۆچونی بەسودی هەبو.

- گیانی پاکی باوکم

- دایکم سەبارەت بەو رەنج و قوربانییانەی کە پێشکەشی ٨٧ منالّ و نەوەی زیندوی دەکات و هەرگیز ماندو نابێت لە دەربڕینی خۆشەویستیدا بۆیان

- هاوڕێ و هاوکارەکانم، بەتایبەت بۆ بیل ماری و رۆنی ماکمیلان و لێکس واتەرسۆن، کە زانیارییان دامێ و هانیان دام و ئامۆژگاری پیشەیی و بەسودیان پێشکەش کردم؛

- براو ئەندرسۆن، کە بە ماندوبونی خۆی لە ماوەی زیاتر لە سالێکدا توانی بە ڤیدیۆ وێنەی قۆناغەکانی کارکردن لە (٧ خووەکە)دا بگرێت. هەروەها لەژێر سەرکردایەتی ئەمدا توانرا کتێبەکە پوخت بکرێت و چاوی پێدا بخشێنرێتەوە و لەسەر ئاستی مەودایەکی پان‌وپۆڕی دەزگاکاندا هەزاران کەس پەیڕەوی بکەن و ئەوانەی کە بە شێوەیەکی سەرەتایی کەرەسەکانی ئەم بابەتانەیان بینی، هەر هەمویان ئارەزومەندبون کە بابەتەکە بۆ زۆرترین ژمارەی کارمەندەکانیان دابین بکەن و ئەمەش متمانەی زیاتری لا دروست کردین کە بابەتەکەمان شیاوی جێبەجێکردنە"

- (بۆب شیلی) کە یارمەتیدەر بو لە دروستکردنی سیستمێك بۆ کۆمپانیاکەمان ئەمەش گوشارێکی گەورەی لەسەرشانی خۆم و خێزانەکەم لابرد و یارمەتیی دام هەمو کات و توانای خۆم بۆ کتێبەکە تەخان بکەم.

- داڤید کۆنلی کە بایەخ و هێزی (٧ خووەکە)ی بە سەدان دەزگای بازرگانی ناساند بۆ ئەوەی هاوکارەکانم (بلەین ل) و (رۆیس کرۆچەر) و (رۆجەر میریل) و (ئال سوینتزلەر) و خۆم فرسەتی ئەوەمان هەبێت هەمیشە لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا لەسەر ئاستێکی فراوان بیروڕا پێکەوە ئالوگۆڕ بکەین.

- نوێنەرە ئەدەبیەکەم، (جان میللەر) و هەروەها (گرێگ لینك)ی هاوبەشم کە لە هیچ ئیشێك ناترسێت. هەروەها بۆ (ستیڤانی سمیث)ی یاریدەدەر و بۆ (رالین بێنهام والیت) کە زۆر ئازاو داهێنەرانە هەلّمەتی خستنە بازاڕی کتێبەکەیان بەئەنجام گەیاند.

Scanned by CamScanner

- (بۆب ئەساهینا)ی لێپرسراوی دەزگای بڵاوکردنەوەی (سیمۆن و شۆستەر) کە زۆر بە لێهاتوویی پرۆژەکەی رابەرایەتی کردو گەلێك پێشنیاری جوانی پێبەخشیم و یارمەتییەکی زۆری دام جیاوازی نێوان قسەکردن و نوسینم بۆ دەربکەوێت.

- هەردوو یاریدەدەری پێشوم (شیرلی) و (هیثەر). هەروەها بۆ یاریدەدەرەکەی ئێستام (مارلین ئەندربۆن) کە بە شێوازێکی بێ وێنە دڵسۆزیی خۆی سەلماند.

- (کین شیلتۆن)ی نوسەر لە گۆڤاری (Executive Excelence) سەبارەت بەوەی چەند ساڵێك لەمەوبەر وێنەیەکی دەرکرد و هەروەها یارمەتیدەریش بو لە وردبونەوە و چاوخشاندنەوە بە بابەتەکەدا و لە داڕشتنی جیاواز جیاوازدا و هەروەها سەبارەت بەو دەستپاکی و خەمخۆرییە زۆرەی کە بۆ راگرتنی ئاستی بەرزی کتێبەکە دەینواندن.

- (ریبیکا میریل) کە یارمەتییەکی گەورەی پێشکەشکردین لە چاپ و بەرهەمهێنانـدا و هەروەها بابەتەکەی بە بەشێك لە خۆی دەزانی و بەوپەڕی هەستیاری و شارەزایی و دڵسۆزییەوە کاری دەکرد. سوپاسیش بۆ (رۆجەر)ی مێردی کە هەمیشە یارمەتیدەرێکی حەکیم و بەسود بووە.

- (گاری سویم) و (گایلۆردی) کوڕی کە بە تێڕوانینێکی شایستەی سوپاس و رێزەوە بەشدارییان کرد لە پێشخستنی خێرای دەزگاکەماندا.

Scanned by CamScanner

ناوەرۆک

پێشەکی ١٧

بەشی یەکەم پارادیم و پرنسیپەکان ٢٧

لە ناوەوە بۆ دەرەوە ٢٩

٧ خووەکە – دیدێکی گشتی ٧١

بەشی دووەم سەرکەوتنی تایبەتی ٩٥

خووی یەکەم دەستپێشخەر بە ٩٧

پرنسیپەکانی خۆبینین

خووی دووەم کە دەستت پێکرد با کۆتاییەکەت لە خەیاڵدا بێت ١٣٥

پرنسیپەکانی خۆ رابەرایەتیکردن

خووی سێیەم گرنگتر لەپێش گرنگەوە دابنێ ٢٠٣

پرنسیپەکانی خۆبەڕێوەبردن

بەشی سێیەم سەرکەوتنی بەکۆمەڵ ٢٥٣

پارادیمەکانی یەکترتەواوکردن

خووی چوارەم بیرکردنەوە بە شێوازی براوە – براوە ٢٨٣

بنەماکانی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ

خووی پێنجەم بۆ ئەوەی تێت بگەن سەرەتا هەوڵ بدە تێبگەیت ٣٢٧

پرنسیپەکانی پەیوەندییە هاوسۆزییەکان

خووی شەشەم یەکتر تەواوکردن ٣٦٢

پرنسیپەکانی هاوکاریکردنی داهێنەرانە

بەشی چوارەم نوێبوونەوە ٣٩٩

خووی حەوتەم مشارەکە تیژ بکەرەوە ٤٠١

پرنسیپەکانی نوێبوونەوە

دیسان لە ناوەوە بۆ دەرەوە

پاشکۆ ئەو ئەلتەرناتیڤانەی کە ڕەنگە ببنە سەنتەری ژیان ٤٤٥

Scanned by CamScanner

پێشەکی

لەو کاتەوەی کە کتێبی (٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ) یەکەمجار بڵاوکرایەوە. تاکو ئێستا جیهان گۆڕانێکی دراماتیکی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئاڵۆزترە و نیگەرانی و داواکارییەکانی زۆرتربون. مرۆڤ لە سەردەمی پیشەسازییەوە چۆتە سەردەمی زانیاری/ کرێکارانی زانستەوە بە هەمو پێشهاتە زۆر و بەربڵاوەکانییەوە. ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە ئەمرۆ لە ژیانی تایبەتی و خێزانی و رێکخراوەییدا رووبەروویان دەبینەوە .. هەرگیز ١٠-٢٠ ساڵ لەمەوپێش تەنانەت پێشبینییش نەدەکران. تەحەدا نوێیەکان تەنیا هەر لەرووی چەندایەتییەوە جیاوازنین لە تەحەداکانی جاران، بەڵکو لە رووی چۆنایەتییشەوە جیاوازن.

ئەم گۆڕانە گرنگ و وەرچەرخێنەرانەی ناو کۆمەڵگا و دنیای بازاڕ و ئابوری وا دەکەن پرسیارێکی زۆر گرنگ سەرهەڵ بدات کە زۆرجار بەم شێوەیە لە منی دەپرسن: ئایا (٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ) هێشتا هەر بایەخیان ماوە؟ کاتێکیش کە لێم دەپرسن ئایا ئەم خووانە ١٠ ساڵی دیکەو بیست ساڵی دیکەو پەنجا ساڵی دیکەو سەد ساڵی دیکە بایەخیان دەمێنێت؟ وەڵامەکەی من بریتییە لەمە: هەتا گۆڕانکارییەکان گەورەتربن و هەتاکو تەحەداکان زەحمەتتربن خووەکان زیاتر شایانی بایەخپێدان دەبن. بۆچی؟ چونکە کێشەو ئازارەکانمان جیهانین و بەردەوام زیادیش دەکەن. لەهەمان کاتیشدا چارەسەرەکانیان ئێستاش و هەمیشەش لەسەر کۆمەڵێك پرنسیپی هەمیشەیی و جیهانی و سەربەخۆی وا دادەڕێژرێن کە هەمو کۆمەڵگا گەشاوە و زیندووەکان بە درێژایی مێژوو پێی ئاشنان.

ئەمانە من دروستم نەکردون و نابمە کوێخاشیان

بەڵکو تەنیا دیاریبم کردون و خستومنەتە چوارچێوەیەکی زنجیرەییەوە.

یەکێك لە دەرسە هەرە مەزنەکانی کە ژیان فێری کردم ئەمەیە: ئەگەر دەتەوێت دەستت بگات بەوپەڕی ئاواتەکانتدا و زاڵ ببیت بەسەر تەحەدا هەرە مەزنەکانتدا پێویستە ئەو پرنسیپە یاخود ئەو یاسا سروشتییە دەستنیشان بکەیت کە هەژمونی هەیە بەسەر ئەنجامەکانی کە تۆ بەدوایاندا دەگەڕێیت. جێبەجێکردنی پرنسیپەکانیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە و پەیوەستە بە توانای

Scanned by CamScanner

خولقاندن و هێز و بەهرە بێ هاوتاکانەوە. بەڵام لە کۆتاییدا سەرکەوتن لە هەر بوارێکدا بەوە زامن دەکرێت کە کردەوەکان هاوئاهەنگ بن لەگەڵ ئەو پرنسیپانەی کە سەرکەوتنەکەیان پێوە بەستراوە.

دیارە زۆرکەس ئاوا بیرناکەنەوە، لانی کەم هوشیارانەو بەئەنقەست. هەمیشە دەبینیت چارەسەرە پرنسیپیەکان زۆر پێچەوانەی بیرکردنەوەی باوو رەوشتی باوی کەلتوری گشتین. رێگەم بدە با ئەم دژایەتی و پێچەوانەبونە بە هەندێک لەو تەحەدا هاوبەشانە روون بکەمەوە کە دێنە ڕێی ئێمەی مرۆڤەوە.

ترس و نائارامی: زۆرکەس لەم سەردەمەدا هەست بە ترس دەکەن. ترس لە ئاینده. هەست دەکەن لە شوێنی کارەکەیاندا هەڕەشەیان لەسەرە. لەوە دەترسن نانبڕاو بن و نەتواننماڵو مناڵ بەخێو بکەن. ئەمە زۆرجار مرۆڤ ناچار دەکات جۆرە ژیانێک هەڵبژێرێت کە هیچ ریسک و سەرکێشییەکی تێدا نەبێت و لەناو خێزان و لە شوێنی کارەکەیدا پشت بە خەڵکی ببەستێت. کاردانەوەی باو بەرامبەر بەم کێشەیە ئەوەیە کە زیاتر و زیاتر سەربەخۆبین. "هەر خەریکی خۆم و شتەکانی خۆم دەبم" کارەکەی خۆم ئەنجام دەدەم. بە باشی ئەنجامی دەدەم و چێژی تەواوی لێ وەردەگرم. سەربەخۆیی دەستکەوت و بەهایەکی گرنگ و تەنانەت چارەنوسیشە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە واقیعەکەمان واقیعێکی پێکەوە گرێدراوەو سەربەخۆ نییە و دەستکەوتە هەرە گرنگەکانیشمان بەر لە هەمو تواناو لێهاتووییەکی ئێستامان پێویستیان بە شارەزایی زۆر هەیە لە هاوکاری و پێکەوە ژیاندا لەگەڵ خەڵک.

هەر ئێستا دەمەوێت: خەڵک شتی دەوێت و ئائێستاش دەیەوێت. "پارەم دەوێت، خانوویەکی گەورەی جوانم دەوێت، ئوتومبیلێکی جوانم دەوێت، باشترین و گەورەترین سەنتەری خۆشگوزەرانیم دەوێت، هەمویم دەوێت و شایستەشیانم." هەرچەندە لە کۆمەڵگای ئەمڕۆدا کە کۆمەڵگای کارتی متمانەیە مرۆڤ بە ئاسانی دەتوانێت شتەکەی ئائێستا دەست بکەوێت و دواتر نرخەکەی (پارەکەی) بدات، بەڵام بناغە ئابورییەکان هەمو جارێک ئەو راستییەمان وەبیر دەهێننەوە (هەندێک جار زۆر ناخۆشیش دەکەوێتەوە لەسەرمان) کە خەرجییەکانمان پێویستە داهاتەکانمان تێنەپەڕێنن. ئەگینا دەستبڵاوی و خۆ [illegible] کورتە.

Scanned by CamScanner

ئارەزووەکان سنورییان نییە و نابنە پاساو. تەنانەت خۆماندوکردنیش بە تەنیا بەس نییە. گۆڕانکارییە خێراکانی تەکنەلۆجیا و زیادبونی ململانێکان لە ئەنجامی بەجیهانیبونی بازاڕ و تەکنەلۆجیاوە پێویستە هانمان بدەن کە نەک هەر هوشیار و ئاگاداربین، بەڵکو بەردەوام خەریکی نوێبونەوە و خۆ رۆشنبیرکردن بین. پێویستە بەردەوام گەشە بە مێشکمان بدەین و تیژی بکەینەوە و سەرمایەگوزاریش بکەین لە پێشخستنی تواناکانماندا بۆ ئەوەی لە کەڵك نەکەوین. هەمیشە سەرکارەکان بەدوای ئامانجی چاکدا دەگەڕێن و دەستیشیان خۆش بێت. کێبڕکێکە لەم سەردەمەدا زۆر توندوتیژە، مانەوە سەنگی مەحەکە. لەم رۆژگارەدا سەرمایە چی دەوێت؟ بەرهەمهێنانی ئەو واقیعەی ئەمڕۆ و پێوەری سەرکەوتنیش بەردەوامی و گەشەیە. رەنگە لەسەر ئاستی کورتخایەندا کێشەیەکت نەبێت بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هێندە سەرمایەگوزاریت کردووە بەشی بەردەوامیدان و زیادکردنی ئەم گەشەیە بکات بۆ یەك ساڵ، پێنج ساڵ و دە ساڵی دیکە. هەم کلتورەکەمان و هەم ئەقڵییەتی (واڵ ستریت)یش داوای ئەنجامی هەنوکەیی دەکەن. بەڵام زۆر گرنگە هاوسەنگی رابگرین لەنێوان بەدیهێنانی سەرکەوتنی هەنوکەیی و سەرمایەگوزاریکردندا لەو توانایانەی کە سەرکەوتنەکانی سبەینێ بەدی دەهێنن.

دیارە ئەم قسەیە بۆ بوارەکانی تەندروستی و هاوسەرگیری و پەیوەندییەکانی خێزان و پێویستییەکانی کۆمەڵگاش راستە.

سەرزەنشتکردن و کڕوزانەوە:

زۆر ئاسانە مرۆڤ تۆبالی هەمو کێشەیەك بخاتە ئەستۆی شتێك. کۆمەڵگاش خووی بەوەوە گرتووە کە خۆی وەکو قوربانییەك نیشان بدات. "ئاخ ئەگەر سەرۆکەکەم ملهوڕێکی هێندە بێ ئەقڵ نەدەبو .. ئەگەر هێندە بە هەژاریی لەدایك نەبومایە .. ئەگەر لە شوێنێکی چاکتردا بومایە. ئەگەر منداڵەکانم هێندە لاسار نەبونایە. ئاخ ئەگەر بەشەکەی دیکەی کۆمپانیاکە هێندە بێسەروبەر نەبوایە. ئەگەر خەڵکەکە هێندە تەماڵ و خەمبار نەبونایە، ئەگەر هاوسەرەکەم یەك تۆز چاك بوایە و قسەی لەگەڵدا بکرایە .. ئەگەر بەرهەمەکەمان ئاوا نوشوستی نەهێنایە و ئەگەر .. و ئەگەر .." سەرزەنشتکردنی خەڵکی دیکەو شتی دیکە لەسەر کێشەو ململانێکانی خۆمان رەنگە مەسەلەیەکی ئاسایی بێت و بە شێوەیەکی کاتی

Scanned by CamScanner

بەلام لەهەمان کاتیشدا دەمانبەستێتەوە بە خودی نازارەکەمان بیربباتەوە، بێ فیز بێت بەرپرسیارێتی بارودۆخەکەی کێشەکانەوە. کەسێکم نیشان بدە هێندە ئازابێت زات بکات هەمو هەنگاوێکی پێویست بنێت خۆی بگرێتە ئەستۆ و هێندەش دادەهێنەرانە بتوانێت رێی خۆی لەناو ئەو تەحەدا زەحمەتانەی بۆ ئەوەی داهێنەرانە بتوانێت رێی خۆی بدۆزێتەوە. تۆ مرۆڤێکی ئاوام نیشان بدە بۆ ئەوەی منیش توانا نائاساییەکەی بڕیار و هەڵبژاردنت نیشان بدەم.

بێهیوایی: بەرهەمی سەرزەنشتکردن رەشبینی و بێهیواییە. مرۆڤ ئەگەر باوەڕی هێنا بەوەی ئەم قوربانیەکی بارودۆخەکەیە و تەسلیمی چارەنوس بو، ئیتر هیچ هیواو ئارەزویەکی نامێنێت و گۆشەگیر و پرزە لێبڕاو دەبێت. "من دیل و بارمتەم، بوکە سەماکەرەم، ئەڵقەیەکی زنجیرە گەورەکەم و هیچم پێناکرێت. بەس پێم بڵێ من چی بکەم." زۆر کەسی بەهرەداری بەتوانا ئەئاوا بیردەکەنەوە و لە ئەنجامدا توشی خەمۆکی و بێ هیوایی دەبن. یەکێک لە کەلتورە باوەکانی مرۆڤ رەشبینیە. "بۆ ئەوەی لە هیچ شتێك و بە هیچ شێوەیەك نائومێد نەبیت بەتەمای هیچ شتێك مەبە." بەلام بە درێژایی مێژوو ئەو راستیە سەلێنراوە کە پرنسیپە پێچەوانەکە بریتیە لە هیواو پێشکەوتن و هەروەها دۆزینەوەی ئەو راستیە جوانەیە کە دەڵێت: "من خۆم هێزە خوڵقێنەرەکەی ژیانی خۆمم."

نەبونی هاوسەنگیی لە ژیاندا:

ژیان لەم کۆمەڵگایەماندا، کە کۆمەڵگای تەلەفۆنی مۆبایلە رۆژ بە رۆژ ئاڵۆزتر دەبێت و ئەرك و نیگەرانی و داواکارییەکانیشی زیاتر دەبن. هەمو هەوڵەکانمان بۆ ئەوەی فریابکەوین بریتین لەوەی زیاتر کاربکەین و زۆرتر بچینە ناو دۆخەکەوە و زیاتر و زیاتر دەستکەوت بەدەست بهێنین لەرێی تەکنەلۆجیای هاوچەرخەوە. ئایا بۆچی ئێمە هەتا دێت زیاتر خۆمان لەم بابەتە رووکەشانەدا نوقم دەکەین و تەندروستی و خێزان و تایبەتمەندێتی و مەسەلە گرنگەکانی دیکەی ژیان دەخەینە لاوە؟ کێشەکە لە کارەکەماندا نییە کە داینەمۆی ژیانە. هەروەها خەتای گۆڕانکارییەکان و ئاڵۆزییەکانیش نییە. خەتاکە لەوەدایە کە ژیانی هاوچەرخمان دەڵێت "زووتر بچۆ بەلای کارەکەتەوە، زیاتر کاربکە، بەرهەمت زیاتر بێت و هەمو شتێکت بە قوربانی ئێستا بکە." بەلام راستییەکە ئەوەیە کە هاوسەنگی و ناسودەیی

Scanned by CamScanner

مێشك بەمانە دەستەبەر نابن؛ بەڵكو شوێن کەسێك دەکەون کە مەسەلە گرنگەکانی ژیانی لەلا روون و ئاشکرا بێت و بەویست و بەرنامەیەکی کاریگەرەوە هەنگاویان بۆ دەنێت.

چی بۆ من تێدایە؟

کەلتوری باو فێرمان دەکات کە ئەگەر لە ژیاندا شتێکمان بوێت پێویستە بەدوای یەکەمیدا بگەڕێین. ئەو کەلتورە دەڵێت "ژیان گەمەیەکە، پێشبڕکێیە و رکابەرایەتییە. باشتر وایە براوە بیت تیایدا." هاوکاران و هاوڕێکانی قوتابخانە و تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەشمان لێ دەکات بە رکابەر. هەتا ئەوان زیاتریان دەست بکەوێت، ئێمە کەمترمان بۆ دەمێنێتەوە. بێگومان بە رواڵەت هەوڵ دەدەین جوامێری بنوێنین و وا خۆمان نیشان دەدەین کە سەرکەوتنی ئەوان خۆشحاڵمان دەکات. بەڵام لە ناخەوە، زۆربەمان، ئەو سەرکەوتنەمان پێ ناخۆشە و خەفەتی پێ دەخۆین. دیارە لە مێژووی شارستانێتیماندا زۆر دەستکەوتی مەزن هەن کە بەرهەمی کاری سەربەخۆ و ویستی سەربەخۆی ئەو رۆحانەن کە سوربون لەسەر بڕیار و کارەکانیان. بەڵام لەسەردەمی کرێکارانی زانیاریدا مەزنترین هەڵکەوت و زۆرترین دەستکەوت بۆ ئەو کەسانەیە کە بڕوایان بە کاری بەکۆمەڵ هەیە و هونەرمەندانە ئەو گیانە پێکەوەییە رێنمایی دەکەن.. مەزنێتی راستەقینە لەو ئەقڵە کراوەیەوە بەدەست دێت کە خۆپەرستێتی رەت دەکاتەوە و لە پێناوی سودی هاوبەشدا پرنسیپی رێزلەیەکگرتن دەچەسپێنێت.

مەراقی ئەوەی لێت تێبگەن:

کەم پێویستی مرۆڤ هەن هێندەی ئەوە گرنگ بن کە خەڵکەکە لێی تێبگەن، کە دەنگێکی هەبێت گوێی لێ بگیرێت و رێزی بۆ دابنرێت و بنرخێنرێت. هەموشی بۆ ئەوەی ئەوکەسە کاریگەرێتی هەبێت. زۆرکەس باوەڕی وایە کلیلی هەمو کاریگەرێتییەك پەیوەندییە – واتە ئەوەیە کە بیروبۆچونەکەت ئاشکرا بکەیت و راشکاوانە قسە بکەیت. خۆی ئەگەر چاکیش بیری لێ بکەیتەوە دەبینیت ئەم بۆچونە راستەو مەسەلەکە وایە. چونکە لەکاتێکدا کە بەرامبەرەکەت قسەت بۆ دەکات، تۆ لەبری ئەوەی بەڕاستی گوێی لێ بگریت بۆ ئەوەی تێی بگەیت، زۆرجار سەرقاڵی ... سەرەتای راستەقینەی دەوروتەنسیر

Scanned by CamScanner

ئەوەوە ـ هەست دەكات تۆ كەوتویتە ژێر كاریگەرێتی ئەوەوە ـ ئەوكاتەیە كە بەرامبەرەكەت هەست دەكات تۆ تێی گەیشتویت ـ كە تۆ دڵسۆزانە و بە قوڵی گوێت لێ گرتووە كە هەست دەكات تۆ كەسێكی كراوەیت. بەڵام زۆربەمان ناتوانین بە قوڵیی گوێ بگرین. ناتوانین پێشوەخت ئەجینداكەمان وا لێ بكەین بەر لەوەی راوبۆچونی خۆمان دەربڕین هەوڵ بدەین لە بەرامبەرەكەمان تێبگەین. كەلتورەكەمان داوامان لێ دەكات و بگرە گوشاریشمان دەخاتەسەر بۆ ئەوەی تێبگەین و كاریگەرییمان هەبێت. بەڵام لەراستیدا مەسەلەكە بەوجۆرە نییە. كاریگەرێتی زادەی لێك تێگەیشتنە و ئەمیش لەوەوە دێت كە لانی كەم لە دوو كەسەكە یەكێكیان دەستپێشخەریی بكات لەوەی بە قوڵیی گوێ بگرێت.

ململانێ و جیاوازییەكان:

زۆر شتی هاوبەش هەن لەنێوان خەڵكیدا بەڵام لەگەڵێك شتی گرنگیشدا جیاوازییان هەیە. بیركردنەوەیان جیاوازە، ئامانج و پاڵنەر و ئارەزووەكانیشیان جیاوازە و بنەماكانیشیان هەندێ جار هێندە جیاوازن كە دەكەونە ململانێی یەكترییەوە. ململانێكان بەرهەمێكی سروشتی ئەم جیاوازییانەن. رێكاری كۆمەڵگا سەربارەت بەم ململانێیە و چارەسەركردنی ناكۆكی و جیاوازییەكان ئەوەیە كە نا بێت دەگرێت براوە بیت. هەرچەندە دەستكەوتێكی باش لە هونەری پێكهاتن و سازشدا هاتۆتەدی كاتێك كە هەردولایەنەكە لە ناوەڕاستی رێگاكەدا دەگەنە یەكتری بێ ئەوەی هیچ لایەنێك بە تەواوی تێك بشكێت یاخود بە تەواوی سەركەوتن بەدەست بهێنێت. ئای چ زیانێكی گەورەیە جیاوازییەكان وا لە مرۆڤ بكات بگاتە نزمترین خاڵی كۆكەرەوە لەگەڵ بەرامبەرەكەیدا!!

ئای كە زیانێكی گەورەیە نەتوانیت پرنسیپەكانت بكەیتە هاوكارییەكی داهێنەرانە بۆ بەدیهێنانی چارەسەری وا كە باشتربێت لەو چارەسەرانەی پێشتر هەردولایەنەكە خستبوویانە ڕو.

سستبوون:

سروشتی مرۆڤ چوار رەهەندییە ـ جەستە و ئەقڵ و دڵ و رۆح. ئێستا جیاوازی و دەرئەنجامەكانی ئەم دو رێكارە بهێنەرە بەرچاوی خۆت،

جەستە:

کەلتور چی دەڵێت؟ دەڵێت شێوازی ژیانی خۆت مەگۆڕە؛ نەخۆشی و کێشە تەندروستییەکان بە دەرمان و نەشتەرگەری چارەسەر بکە.

پرنسیپ چی دەڵێت؟ دەڵێت رێگە لە سەرهەڵدانی کێشەو نەخۆشییەکان بگرە بەهاو ناهەنگکردنی شێوازی ژیانت لەگەڵ بنەما چەسپیوە جیهانییەکانی تەندروستی.

مێشک:

کەلتور چی دەڵێت؟ دەڵێت تەماشای تەلەفزیۆن بکە (چێژم پێببەخشە).

پرنسیپەکان چی دەڵێن؟ بە قوڵی و بەربلاوی بخوێنەرەوە، (خۆرۆشنبیرکردنی بەردەوام.)

دڵ:

کەلتور چی دەڵێت؟ دەڵێت پەیوەندییەکانت لەگەڵ خەڵکیدا بۆ قازانج و چێژی تایبەتی خۆت بەکاربهێنە.

پرنسیپەکان چی دەڵێن؟ دەڵێن گوێگرتنی قوڵ و دڵسۆزانە و خزمەتکردنی خەڵکی نەوپەڕی چێژ و ناسودەییت پێدەبەخشن.

رۆح:

کەلتور چی دەڵێت؟ دەڵێت زیاتر بچەسپە بە رەشبینی و دنیا پەرستییەوە.

پرنسیپەکان چی دەڵێن؟ دەڵێن بزانە کە سەرچاوەی پێویستییە بنەڕەتییەکانمان لە مەسەلە نەرێنییەکان و واتاداربونی بابەتەکان کە لە ژیاندا بۆیان دەگەڕێین بریتییە لە پرنسیپەکان-واتە لەو یاسا سروشتییانەی کە من باوەڕم وایە خواوەند سەرچاوەکانیانە.

من بانگهێشتت دەکەم کە هەمیشە پێویستییەکانی خۆت و تەحەدا جیهانییەکانیشت لە خەیاڵدا بێت. تۆ بەم کارەت دەتوانیت چارەسەر و رێبازە راستەقینەکان بدۆزیتەوە. هەروەها دەتوانیت دژایەتی نێوان کەلتوری باو و نەو رێکارە مەبدەئییە هەمیشەییانە ببینیت کە سەردەم لەدوای سەردەم ئاشکراتر دەبن.

Scanned by CamScanner

دواتێبینیشم دوپاتکردنەوەی ئەو پرسیارەیە کە هەمیشە ئاراستەی خوێندکارەکانی دەکەم؛ چەند کەس لە سەرەمەرگدا ئاواتەخواز بون لە ژیاندا زیاتر لە ئۆفیسەکانیاندا بونایە یان تەماشای تەلەفزیۆنیان بکردایە؟ کەس. مرۆڤ لە سەرەمەرگدا بیر لە خۆشەویستان و خێزان و ئەو کەسانە دەکەنەوە کە خزمەتیان کردون.

تەنانەت دەروونناسێکی مەزنی وەکو ئەبراهام ماسلۆ لە کۆتایی ژیانیدا بەختەوەری و ئاسودەیی و وەجاخڕوونیی خستبووە پێش خۆ بەدیهێنانەوە. ماسلۆ ئەمەی ناو ناوە لەخۆبوردن.

ئەمە بەلای منیشەوە زۆر راستە. تا ئێستا مەزنترین و ماقوڵترین کاریگەری ناو حەوت خووەکە ئەوەیە کە لە ژیانی منالّ و نەوەکانمدا دەیبینم.

بۆ نمونە (شانون)ی کچەزام کە تەمەنی نۆ ساڵە زۆر مەبەستی بو خزمەتی منالّە بێ دایك و باوکەکانی رۆمانیا بکات و پاش ئەوەی کە منالێکی نەخۆش بەسەریدا رشایەوە و باوەشی پیاکرد، (شانون) نامەیەکی بۆ من و نەنکی نوسی کە دەڵێت نامەوێت چیتر ژیانێکی خۆپەرستانە بژیم. پێویستە هەمو ژیانم بۆ خزمەتکردن تەرخان بکەم. ئەو لە ئاکامی ئەم نامەیەدا چووە رۆمانیا و تا ئێستەش لەوێ خزمەتی خەڵکی دەکات.

هەمو منالەکانمان هاوسەرگیرییان کردووە و لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا کۆمەڵێك ئەرکی مەبدەئی بەڕێدەکەن کە هەمویان خزمەتکردنی خەڵکین. ئێمەش کە بەوشێوەیە دەیانبینین هەست بە وەرچەرخانێکی گەورە دەکەین.

تۆ ئێستا کە دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی حەوت خووەکەی کەسانی پێشەنگە بەڵێنت دەدەمێ کە سەرکێشیەکی سەرنجراکێش فێر دەبیت. ئەوەی فێری دەبیت کەسە خۆشەویستەکەی خۆتی تیا بەشدار بکە. گرنگترین خاڵیش ئەوەیە ئەوەی فێری دەبیت جێبەجێی بکەیت. بیرت نەچێت فێربون ئەگەر کردەوەی لەگەڵدا نەبێت هیچ نییە. زانستی بێ کردەوە لە راستیدا نەزانینە.

من بەش بە حاڵی خۆم بۆم دەرکەوتووە جێبەجێ کردنی حەوت خووەکە خەباتێکی بەردەوامە -بەشی زۆری لەبەرئەوەی کە هەتا باشتر فێری جێبەجێ کردنەکە ببیت، سروشتی تەحەداکە زیاتر دەگۆڕێت، رێك وەکو خلیسکێنەی

Scanned by CamScanner

سەربەفر و گۆڵف و تێنس و وەرزشەکانی دیکە. من کە بە جدی رۆژانە کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم خووە مەبدەئییانە دەکەم بە گەرمی بەشدارم لەگەڵتاندا لەم سەرکێشییەدا.

ستیفن ئار. کۆڤی
Steghen.Covey@ frank covey. com
www. Stephen covey.com
پرۆڤۆ، یوتاه

٢٤ی تەموزی ٢٠٠٤

Scanned by CamScanner

بەشی یەکەم

پارادایم و پرنسیپەکان

Scanned by CamScanner

لەناوەوە بۆ دەرەوە

لەم جیهانەی ئێمەدا نایابی و شێوازی ڕاستی ژیان لێک جیا ناکرێنەوە.

-دەیڤد ستار جۆردن-

لە ماوەی زیاتر لە بیست و پێنج ساڵ کارکردن لەگەڵ خەڵك دا لە شوێنە جیاجیاکانی وەك زانکۆ، ڕاوێژکارییەکانی هاوسەرگیری و خێزانپێکەوەناندا، چەندین کەسم بینیوە کە بە ڕواڵەت سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە، بەڵام لە ناخەوە هەمیشە هەستیان کردووە لە شتێکیان کەمە و پێویستی زۆریان بە هەماهەنگی و کارایی خۆیان و دەرخستنی کاریگەری خۆیان هەبوە. هەروەها لە پەیوەندی ئاسایی و گەشەکردوشدا لەگەڵ دەوروبەردا لەئاستی پێویستدا نەبوون.

وابزانم هەر یەکێك لە ئێمەش هەندێك لەو کێشانەی هەبێت.

"من لە بواری کارەکەمدا چەند ئامانجێکم دانا و دواتر بەدیم هێنان و بە کردەوەش سەرکەوتنی زۆر گەورەم بەدەست هێناوە. بەڵام ئەم سەرکەوتنانە زۆر لەسەر ژیانی تایبەتی خۆم و خێزانەکەم کەوتن. وام لێهاتوە ژن و منالەکانم بە باشی ناناسم. تەنانەت لەوەش دڵنیا نیم کە ئایا خۆم دەناسم و دەزانم بەڕاستی چ شتێکم لەلا گرنگە. گەیشتومەتە ئەو پرسیارەی کە بڵێم - ئایا مەسەلەکە ئەوە دەهێنێت؟"

"ئەمساڵ ئەمە پێنجەم جارمە، ڕێجیمێکی تازەم دەست پێ کردووە. ئەزانم کێشم زیادە و بەڕاستیش دەمەوێت بگۆڕێم. هەموو زانیارییە نوێیەکان دەخوێنمەوە، چەند ئامانجێك بۆ خۆم دەستنیشان دەکەم، ئەنجامی باش و دڵخۆشکەر دەهێنمە بەر چاوی خۆم و بە خۆم دەڵێم دەتوانم ئەو کارە بکەم. کەچی ناتوانم. پاش چەند هەفتەیەکی کەم شکست دەهێنم. بەڕاستی ناتوانم ئەو پەیمانەی بە خۆمی دەدەم بیبەمە سەر.

"چەندین خولی (بەڕێوەبەردن)م یەك لە دوای یەك بینیوە. چاوەڕوانیم لە کارمەندەکانم زۆر بوو. هەوڵی بێ وچانم دەدا وەکو هاوڕێ لەگەڵیان ڕەفتار بکەم و مامەڵەی نێوانمان ڕاست و دروست بێت. بەڵام لە ناخی خۆمدا هەست ناکەم هیچ وەفایەکیان بۆم هەبێت. لەوباوەڕەدام ئەگەر ڕۆژێك نەخۆش بم و لە ماڵەوە بکەوم، ئەمان زۆربەی کاتەکە بە قسەکردنەوە بکوژن. لەخۆم دەپرسم ئایا بۆچی ناتوانم

Scanned by CamScanner

ڕایان بهێنم سەربەخۆ و لێپرسراوانە ڕەفتار بکەن - یان ئایا دەتوانم کارمەندی لەمان باشتر بدۆزمەوە؟"

"کورە هەرزەکارەکەم یاخییە و فێری مادەی هۆشبەر بووە. هەرچەند هەوڵی لەگەڵدا بدەم، بێ سودە، گوێم لێ ناگرێت. چی بکەم؟"

"ئیشی زۆرم بەسەردا کەتوە. فریای هیچ. هەست بە گوشار و ناڕەحەتی دەکەم. بەردەوام، هەر حەوت رۆژەکەی هەفتە خەریکی ڕاکەڕاکم. بەشداری سیمیناری (بەڕێوەبردنی کات)م کردووە و چەندین ڕێگەی جیاوازی بەرنامەدانانم تاقیکردۆتەوە. بە شێوەیەکی گشتی کەمێك سودم لێ بینیوە، بەڵام هێشتا هەست ناکەم کە ئەو ژیانە کامەران و پڕ بەرهەم و ئارامیەم هەبێت کە مەبەستمە."

"دەمەوێت منداڵەکانم فێری ئەوە بکەم ڕێزی کار کردنیان لابێت. بەڵام هەرچییەك بکەن، هەر دەبێت خۆم چاودێرییان بکەم و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیاندا، ڕووبەڕووی گلەیی و ناڕەزایەتییەکانیان ببمەوە. خۆم کارەکە بکەم زۆر چاکترە. بۆچی منداڵەکان ناتوانن بە دڵی خۆشەوە کارەکەیان بکەن و هیچ پێویست بەوە نەکات من بیریان بخەمەوە؟"

"بەڕاستی زۆر سەرقاڵم. بەڵام هەندێك جار پرسیاری ئەوەم لا دروست دەبێت کە ئایا ئەم کارەی من دەیکەم لە دوور مەودا دا چ گۆڕانکارییەك دەهێنێتە ئاراوە؟! بەڕاستی حەز دەکەم مانایەك بۆ ژیانم بدۆزمەوە، بموتایە ئەوەتا لەسایەی منەوە ئەم شتانە گۆڕاون."

"هاوڕێ و خزمەکانم دەبینم کە هەندێك سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە و جۆرە ناوبانگێکیان پەیدا کردووە، بە زەردەخەنەوە پیرۆزبایی گەرمیان لێ دەکەم. بەڵام لە ناخدا، خۆم دەخۆمەوە. ئاخۆ بۆچی ئەمجۆرە هەستەم لا دروست دەبێت؟"

"من خۆم دەزانم کە خاوەنی کەسایەتییەکی زۆر بەهێزم و زۆربەی جار دەتوانم جڵەوی مەسەلەکە بگرمە دەست. کەم جار هەیە کاریگەریم لەسەر دەوروبەرەکەم نەبێت. لە هەموو بارودۆخێکدا بیر دەکەمەوە و بەڕاستی وا هەست دەکەم ئەو بیرۆکانەی من دەریاندەبڕم بۆ هەمووان باشترینن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوودڵم و هەست بە ئارامی ناکەم. هەمیشە پرسیاری ئەوەم لە مێشکدایە کە ئاخۆ خەڵك چۆن لە خۆم و لە بیرۆکەکانم دەڕوانن."

Scanned by CamScanner

"ژیانم لەگەڵ هاوسەرەکەمدا تەواو بێ تام بووە. ئێستا ئیتر تەنانەت شەڕیشمان نابێت، بەڵام چیتر یەکترمان خۆش ناوێت. چووینەتە لای راوێژکاری خێزانییش و چەندین شێوازمان تاقیکردۆتەوە، بەڵام ناتوانین ئەو هەستە زیندوو بکەینەوە کە پێشتر هەمانبوو."

چەند ساڵێک لەمەوبەر من و ساندرای خێزانم رووبەڕووی کێشەیەکی لەو جۆرە بووینەوە. یەکێک لە کوڕەکانمان لە خوێندنگادا زۆر ناڕەحەت بوو. لە رووی خوێندنەوە زۆر لاواز بوو، ئەو نەک هەر نەیدەتوانی نمرەی باش بەدەست بهێنێت، بەڵکو تەنانەت نەیدەتوانی لە پرسیارەکانیش تێبگات. لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە کەسێکی سەرچڵ و نائاسایی بوو، زوربەی کات خۆیشی و ئێمەشی شەرمەزار دەکرد. لەش و لارێکی بچوک و لاواز و ناتەواوی هەبوو - بۆ نمونە تەنانەت پێش ئەوەی تۆپەکەی بۆ بهاوێن، ئەم داری بەیسبۆڵەکەی دەجوڵاند. خەڵکەکەش پێی پێ دەکەنین.

ساندرا و من بە شەوقێکی زۆرەوە ویستمان یارمەتی بدەین. هەستمان دەکرد ئەگەر "سەرکەوتن"ێکی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا هەبێت، ئەوەیە منداڵەکەی بە باشی پەروەردە و خزمەت بکات. ویستمان بە ئەقڵ و هەڵسوکەوتی خۆمان کار بکەینە سەر ئەقڵ و هەڵسوکەوتەکانی ئەو. هەوڵماندا هانی بدەین و ئەو شێوازانەی پەیرەوکرد کە مرۆڤ وا لێ دەکەن رۆڵی ئەرێنی ببینێت. "دەی کوڕی خۆم! تۆ دەتوانیت! دڵنیاین کە دەتوانیت. یەك تۆز دەستت بەرزتر بکەرەوە لەسەر دارەکە و مەیجوڵێنە هەتا تۆپەکە لێت نزیک نەبێتەوە." هەرجارێکیش یەك تۆز باشتر ببوایە، ئێمە زۆر هانمان دەدا دەکرد. "ئافەرین کوڕم، بەردەوام بە."

ئەگەر خەڵکەکە پێی پێ بکەنینانیە، ئێمە بەتوندی سەرزەنشتمان دەکردن. "وازی لێ بێنن. لە کۆڵی ببنەوە. وا خەریکە فێر دەبێت." کوڕەکەشمان دەگریا و دەیوت هەرگیز لەوە زیاتر فێر نابێت و چیتر حەزی لە بەیسبۆڵ نیە.

هەرچییەکمان کرد بێ سوود بوو، زۆر نیگەران بووین. دەمانبینی کە چۆن ئەم کێشەیە کار دەکاتە سەر کەسایەتییەکەی. هەوڵماندا ببینە هاندەری، یارمەتی بدەین و ئەرێنی بین، بەڵام کە شکستەکان چەندبارە دەبوونەوە، کشاینە دواوە و هەوڵماندا لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە تەماشای بارودۆخەکە بکەین.

لەم کاتەدا، من لە بواری کارەکەمدا، سەرقاڵی خولێك بوم بۆ گەشەپێدانی

Scanned by CamScanner

سەرکردایەتی لە سەرتاپای وڵاتدا بۆ چەند مەعمیلێک. ئەرکی من بریتی بوو لە ئامادەکردنی بەرنامەیەک دەربارەی پەیوەندی و هوشیاری کە دوو مانگ جارێک بۆ بەشدارانی پرۆگرامی گەشەپێدانی جێبەجێکاری IBM ئامادە دەکرا.

لە کاتی ئامادەکردنی بابەتەکاندا، مەسەلەیەک زۆر سەرنجی راکێشام کە بریتی بوو لە چۆنێتی دروستبوون و کارکردنی هوشیاری. ئەمەش پەلکێشی کردم بەرەو لێکۆڵینەوەی بیردۆزی پێشبینی کردن و بیردۆزەکانی خۆدروست کردن کە پێی دەوترێ "کاریگەری پیگمالیۆن" و بۆم دەرکەوت کە هەستەکانمان لە شوێنێکی سەخت و قوڵی ناخماندان. لەمەوە فێر بووم کە وەك چۆن پێویستە تەماشای جیهان بکەین، بە هەمان ئەندازەش پێویستە تەماشای ئەو هاوێنەیە بکەین کە تەماشای جیهانی پێ دەکەین، چونکە خودی هاوێنەکەش کار دەکاتە سەر چۆنێتی جیهانبینیمان.

ئەو کاتەی ساندراو و من باسی ئەو چەمکانەمان دەکرد کە من لە IBM دا بە دەرس دەمووتنەوە و بەراوردمان دەکرد لەگەڵ کێشە تایبەتەکەی خۆماندا، بۆمان دەرکەوت کە ئەو رێگەیەی گرتبومانە بەر بۆ یارمەتیدانی کوڕەکەمان، رێگەیەکی هەڵەیە و هاو ئاهەنگ نییە لەگەڵ ئەو شێوازەی کوڕەکەمانی پێ دەبینین. چونکە کاتێك کە ئێمە بەوپەڕی راستگۆییەوە قووڵترین هەستی خۆمان تاقیکردەوە، بۆمان دەرکەوت کە لە چاوی ئێمەدا کوڕەکەمان بێ کەڵکە و بە جۆرێك لە جۆرەکان لە هاوڕێکانی دواکەوتوە. ئێمە لە یارمەتیدانی کوڕەکەماندا هەرچییەکمان کردووە گرنگ نییە، چونکە شکستمان هێنا و ئەو شکستەکەش ئەنجامێکی ئاساییە چونکە ئێمە ئەو پەیامە هەڵەیەمان پێ دابوو کە "تۆ بێ توانایت. لەبەر ئەوە پێویستە بپارێزرێیت."

بۆمان دەرکەوت کە ئەگەر بمانەوێت بارودۆخەکە بگۆڕین، پێویستە یەکەمجار گۆڕانکاری لە خۆماندا بکەین. جا بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا گۆڕان لە خۆماندا دروست بکەین، پێویستە یەکەمجار چەمکەکانمان بگۆڕین.

خەسڵەتە رەوشتییە خودی و ئایدیاییەکان

هاوکات لەگەڵ ئەو کارەدا، من سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە بواری هەستکردندا، بە گەرمی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکی قوڵ بووم دەربارەی هەموو ئەو نوسراوانەی لەمەڕ

ـەرکەوتن نوسـراون و لـە سـاڵی ١٧٧٦ەوە لـە ویلایەتـە یەکگرتووەکانـدا وکراونەتەوە. بە گردەوە سەدان کتێب و وتار و نوسراوم لە بوارەکانی گەشە بە ۆدان، دەروونناسی جەماوەری و خۆ یارمەتیداندا خوێندەوە یان هیچ نەبێت چاوم ـا خشاندن. کرۆکی هەموو ئەو کتێب و نوسینانە بریتی بوو لەو شتانەی کە ەڵکی ئازاد و دیموکرات بە مەرجی ژیانێکی سەرکەوتوی دەزانن.

کاتێك کە لێکۆڵینەکە منی گێڕایەوە بۆ ٢٠٠ ساڵ نوسین دەربارەی سەرکەوتن، ێبینی شێوازێکی سەرسوڕهێنەرم کرد کە لەناو ئەو نوسینانەدا بە ئاشکرا خۆی دەردەخست. ئازاری تایبەتی خۆم و ئازاری ئەو کەسانەی دیکە کە پەیوەندیم لەگەڵیاندا هەبوو، زیاتر هەستی ئەوەیان لا دروست کردم کە سەرکەوتنەکانی ٥٠ ساڵی رابردوو زیاتر سەرکەوتنی رووکەش بوون. پڕ بوون لە هوشیاری دەربارەی وێنەی کۆمەڵایەتی، تەکنیك و چارەسەری خێرا – وەك پلاستەر و حەبی ئەسپرین بۆ چارەسەرکردنی کێشە خێراکان کە هەندێك جار وا دەهاتە بەرچاو کە مەسەلەکەی بەشێوەیەکی کاتی چارەسەر کردبێت - بەڵام کێشە درێژخایەنەکەی پشتیەوە بەبێ دەستکاری دەمایەوە بۆ ئەوەی بۆگەن بکات و جارێکی دیکە دەربکەوێتەوە.

بە پێچەوانەوە، زوربەی هەرە زۆری سەرکەوتنەکانی ١٥٠ ساڵی یەکەم ئەنجامی بابەتێکن کە دەگرێت ناوی بنێین خەسڵەتە رەوشتییەکان - کە خەسڵەتەکانی وەك راستگۆیی، بێ فیزی، سەرڕاستی، میانەڕەوی، ئازایەتی، دادپەروەری، خۆڕاگری، مکوڕی، سەبر، سادەیی و بەشێکن لێی - ژیاننامەکەی بینیامین فرانکلین نمونەیەکی بەرچاوی ئەم جۆرە نوسینانەیە کە لە راستیدا، چیرۆکی ژیانی پیاوێکە رەنجێکی نائاسایی کێشاوە بۆ تێکەڵکردنی ئەو سەرەتا و بنەمایانە لە سروشتی خۆیدا.

خەسڵەتە رەوشتییەکان ئەوەمان تێ دەگەیەنن کە ژیانی سەرکەوتوو پێویستی بە چەند بنەمایەکی (پرنسیپێکی) بنەڕەتی هەیە. هەروەها ئەوەشمان بۆ روون دەکەنەوە کە مرۆڤ هەرگیز هەست بە سەرکەوتن و شادی بەردەوام ناکات ئەگەر لەم بنەما سەرەکییانە حاڵی نەبێت و لە ناخی خۆیدا نەیانچەسپێنێت.

بەڵام پاش تەواو بوونی یەکەمین جەنگی جیهانی بە ماوەیەکی کەم، هۆکاری سەرکەوتن لە ئاکاری سروشتییەوە گۆڕا بۆ جۆرە هۆکارێك کە دەتوانین ناوی ئاکارە

Scanned by CamScanner

سەرکەوتن وایلێهات کە زیاتر وەك چالاکی وەرگێراوەکانی لێ بنێین. لەو قۆناغەدا سەرکەوتن وایلێهات کە زیاتر وەك چالاکی وەرگێراوەکانی لێ بنێین. لەو قۆناغەدا و هەڵسوکەوت و شارەزایی و توانای تەکنیکی تەماشا کەسەکە و کۆمەڵگا و رەفتار و هەڵسوکەوت و شارەزایی و توانای تەکنیکی تەماشا کەسەکە و کۆمەڵگا و رەفتاری مرۆڤ گەشەسەندووتر دەکەن. ئەم ئاکارە بکرێت بەو پێیەی کە ئەمانە رەفتاری مرۆڤ گەشەسەندووتر دەکەن. ئەم ئاکارە وەرگێراوانە بە شێوەیەکی سەرەکی دوو رێگەیان گرتبووە بەر: یەکێکیان بریتی بوو وەرگێراوانە بە شێوەیەکی سەرەکی دوو رێگەیان گرتبووە بەر: یەکێکیان بریتی بوو لە تەکنیکەکانی پەیوەندی لەگەڵ تاك و کۆمەڵدا، ئەوی دیکەیشیان بریتی بوو لە دیدی ئەرێنی بۆ شتەکان (POSITIVE MENTAL ATTITUDE - PMA). بەشێکی ئەم فەلسەفەیە لەو گوتارە گونجاو و هاندەرانەدا خۆی نمایش دەکات کە ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکیان: "هەڵوێستت چۆن بێت پێگەکەت وا دەبێت"، "زەردەخەنە لە خێسە زیاتر هاورێت بۆ پەیدا دەکات" و "هەرچییەك مێشکی مرۆڤ وێنای بکات و بڕوای پێ بکات، دەتوانێت بیهێنێتە دی."

بەشەکانی دیکەی ئەم رێگەیە بریتین لە دەستکاریکردنی خەڵکی و تەنانەت خەڵەتاندنیشیان. هانی خەڵك دەدەن تەکنیکی ئەوتۆ بەکاربهێنن لای خەڵك خۆشەویست بن، یان بەدرۆوە خۆیان وا دەربخەن لەگەڵ خەڵکەکەدا ئارەزوی هاوبەشیان هەیە بۆ ئەوەی بە ئامانجی تایبەتی خۆیان بگەن، یاخود هێزی خۆیان دەربخەن و ئەوانی دیکە بترسێنن.

هەندێك لەو نوسراوانەی باسم کردن ئەوە دەسەلمێنن بەشێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتن پەیوەستن بە سروشتی مرۆڤەوە، بەڵام ویستویانە ئەو رۆڵە بچوك بکەنەوە نەك وەك بنەڕەت و هۆکاری سەرەکی دەری بخەن. خەسڵەتە ڕەوشتییەکان کران بە هۆکارێکی لاوازی سەرکەوتن. ئاراستە سەرەکییەکەش رووی کردە تەکنیکەکانی چارەسەری خێرا، ستراتیجەکانی هێز، تواناکانی پەیوەندیکردن و هەڵوێستی ئەرێنی.

بۆم دەرکەوت من و ساندرا بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین لە هەوڵی چارەسەری کێشەی کوڕەکەماندا ئەم ئاکارە وەرگێراوانەمان بەکارهێناوە. هەتا زیاتر بیرم لە جیاوازییەکانی نێوان ئاکارە وەرگێراوەکان و ئاکارە سروشتییەکاندا بکردایەتەوە، زیاتر بۆم دەر دەکەوت کە ساندرا و من زۆر لە هەڵسوکەوتە باشەکانی ئەم کوڕە دوور کەوتوینەتەوە و لە چاوی ئێمەوە کوڕەکەمان هەرگیز نابێت بە هیچ. ئێمە وەك دایك و باوکێکی خەمخۆر بەجۆرێك کوڕەکەمان دەبینی کە جیاواز بوو لە

Scanned by CamScanner

وێنەی راستەقینەی خۆی و رەنگە ئەمەش کاریگەرییەکی خراپی هەبووبێت. ئێمە ئەوەندەی کێشەکە و چۆنێتی چارسەرکردنیمان بەلاوە گرنگ بوو، ئەوەندە خەمی چاودێریکردنی کوڕەکەمان نەبوو.

دواتر کاتێ لەگەڵ ساندرادا کەوتینە قسە، بەداخەوە بۆمان دەرکەوت کەسێتی و بیروبۆچوونی خۆمان کاری خراپیان کردۆتە سەر چۆنێتی تێڕوانینی کوڕەکەمان. بۆمان دەرکەوت کە زەقکردنەوەی بەراوردکارییە کۆمەڵایەتییەکان هاوئاهەنگ نەبوون لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی خۆمان و ئەمەش مانای وایە کوڕەکەمان بە مەرجەوە خۆش بوێت و دیارە هەر منداڵێکیش هەست بکات دایک و باوکی مەرجیان هەیە بۆ خۆشویستنی ئەوا خۆی بە کەسێکی کەمنرخ دێتە بەرچاو.

بیرکردنەوە و دوعا و نزای زۆر، دواجار بە فریامان کەوت و توانیمان کوڕەکەمان بەو شێوە تایبەتەی خۆی ببینین. هەندێک خەسڵەت و توانای شاراوەمان تێدا بینی کە دڵنیا بوین دەتوانن پارمەتیدەری بن. بۆیە بڕیارماندا بە خۆشحاڵییەوە رێگای بۆ چۆڵ بکەین و بوار بدەین کەسایەتییەکەی بە شێوەیەکی سروشتی دەربکەوێت. تێگەیشتین کە رۆڵی سروشتی ئێمە بریتییە لەوەی پشتی بگرین، دڵخۆشی بکەین و رێزی لێ بگرین و بڕوامان پێی هەبێت. بۆیە بە وشیارییەوە کارمان لەسەر هاندەرەکانی خۆمان کرد، بە جۆرێکی وا کە ئێمەی دایک و باوک لەبەر ئەوە رۆڵەکانمان خۆش ناوێت کە هەڵسوکەوتیانمان بەدڵە.

کاتێک کە سەبارەت بە کوڕەکەمان ئەو تێگەیشتنە کۆنەمان واز لێ هێنا و پەرەمان بە چەند هاندەرێک دا لەسەر بنەمای ئەو شتانەی لەلامان بەنرخن، هەستە تازەکانمان وردە وردە دەرکەوتن. ئیتر وەکو جاران هەر خەریکی رەخنەلێگرتن و بەراوردکردنی کوڕەکەمان نەبوین، بەڵکو بەڕاستی پێی دڵخۆش دەبوین. وازمان لەوە هێنا کە کەسایەتییەکی دیکەی بەسەردا بسەپێنین و لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بەراوردی بکەین و بەزۆر و بەساقە و بەقوربان بیخەینە چوارچێوەیەکەوە کە گوایە کۆمەڵگا پەسەندی دەکات. ئیتر کوڕەکەمان لەبەرچاومان بوو بە کەسێکی ئاسایی و گونجاوی وا کە بتوانێت بەرگەی ژیان بگرێت و پێویستی بەوە نەبێت ئێمە بیپارێزین لە گاڵتە و توانجی خەڵکی.

ئێمە چونکە فێرمانکردبوو بیپارێزین، کاتێک کە وازمان لێ هێنا، ئەو تا ماوەیەک

Scanned by CamScanner

هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد و هەستەکەشی لە ئێمە نەدەشاردەوە. بەڵام ئێمە بەقسەیمان نەکرد و بە ناڕاستەوخۆ پەیامی ئەوەمان پێ ڕاگەیاند کە تۆ مرۆڤێکی تەواویت و پێویستت بە پاراستن نییە.

بە تێپەڕبوونی کات وردە وردە متمانەی بەخۆی پەیدا کردەوە. بە خێرایی و ڕێگەی تایبەتی خۆیشی گەشەی کرد و بووە مرۆڤێکی دیکە. لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە کەسایەتییەکی بەرچاوی پەیدا کرد، هەم لە ڕووی خوێندن و کۆمەڵایەتییەوە و هەم لە ڕووی جەستەییشەوە. گەشەکردنەکەی خێراتر بوو لە گەشەکردنی سروشتی. دوای چەند ساڵێک، گەلێک جار هەڵبژێردرا بۆ سەرۆکایەتی کردنی کۆمەڵە جیاجیاکانی خوێندکاران و بەشداریشی کرد لەو پێشبڕکێ وەرزشییانەدا کە لەسەرتاپای وڵاتدا بەڕێوە دەچوون و نمرەکانیشی هەمیشە باڵا بوون. کەسێتییەکی ڕاستگۆ و خۆشەویست و سەرنجڕاکێشی وای پەیدا کرد کە هەموو کەس ئارەزوو بکات ببێتە هاوڕێی.

ئێستا من و ساندرا باوەڕمان وایە سەرکەوتنە بەرچاوەکانی کوڕەکەمان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەرەنجامی ئەو هەستەیە کە خۆی دەربارەی خۆی هەیبوو، نەک کاردانەوەیەک بێت بۆ ئافەرین و خەڵاتەکانی کۆمەڵگە. ئەمە بۆ من و ساندرا بووە ئەزمونێکی سەرنجڕاکێش. فێری کردین کە لەگەڵ مناڵەکانی دیکەماندا و لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا چۆن ڕەفتار بکەین. سەرکەوتنی کوڕەکەمان ئەو جیاوازییە زۆر گرنگەی بۆ دەستنیشان کردین کە لە نێوان ئاکارە سروشتییەکان و ئاکارە وەرگیراوەکاندا هەن. سرودبێژەکەی کەنیسە زۆر بەجوانی ئەم باوەڕەی ئێمەی دەربڕیوە کە دەڵێت: "بە هەموو تواناتەوە دڵی خۆت بگەڕێ و هەرچی خەمێکی ژیان هەیە لێی دەربهێنە."

مەزنیی سەرەکی و مەزنیی لاوەکی

ئەم ئەزمونەم لەگەڵ کوڕەکەمدا و هەروەها لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ هەست و هوشیاری ئەو هەموو بابەت و نوسراوانەی کە دەربارەی سەرکەوتن خوێندبومنەوە کارێکی وایان کرد گۆڕانکارییەکی گەورە بەسەر بیرکردنەوەکانمدا بێت. لەپڕ هەموو شتەکان چوونەوە جێگەی خۆیان و دەستبەجێ دەورو تەنسیری ئاکارە وەرگیراوەکانم

Scanned by CamScanner

بۆ دەرەوە.

ئێمە وەکو مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە بە کۆمەڵێک چەمک و بابەت گۆش دەکرێین کە لە ناخماندا دەچەسپێن. ئێستا دەزانم ئەو بابەت و چەمکە چەسپیوانە تا ئەندازەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەو ئەزموون و رێوشوێنە کتوپڕانەدا دژ بەیەکن کە بۆ چارەسەری دەستوبردی کێشەکان دەیانگرینە بەر. ئەزموونی کارکردنم لەگەڵ خەڵکدا کە چەند ساڵێکی خایاندبو کارێکی وای کرد هۆکاری ئەوەم بۆ دەرکەوێت کە بۆچی ئەو بابەت و مەسەلانەی لە خولەکانی راهێناندا بە دەرس دەموتنەوە لەگەڵ بیروباوەڕی باوی خەڵکدا یەکناگرنەوە.

ئاکارە وەرگیراوەکان بریتین لە گەشەپێدانی کەسایەتی و مەشق و راهێنان لەسەر پەیوەندیکردن و هەروەها بابەتە پەروەردەییەکان لە بوارەکانی ستراتیجی کارتێکردن و بیکردنەوەی ئەرێنی. ئەمانە هەموویان بابەتی بەسوودن و هەندێکجاریش بۆ مسۆگەر کردنی سەرکەوتن پێویستن بەڵام مەرجی یەکەم نین. رەنگە لە پلەی دووەمدا جێگایان ببێتەوە نەك لە یەکەم. ئێمەی مرۆڤ هەمیشە بیرو بۆچوونەکانمان لەسەر ئەو بناغەیە بینا دەکەین کە نەوەکانی پێش خۆمان دایانڕشتوە بەڵام لە ژیانی رۆژانەماندا بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین، بەجۆرێك گیرۆدەی بیرو بۆچوونی خۆمان دەبین کە ئەو بناغە پتەوەی نەوەکانی پێش خۆمان بیر نامێنێت. رەنگە هۆکارەکە ئەوەبێت کە ئێمە وا راهاتوین شتێك بچنینەوە کە نەمانڕواندبێت یان هەر ئەسڵەن بیرمان چوبێت زەوییەکە تۆو بکەین.

من ئەگەر کەسایەتییەکی ناشایستەم هەبێت و بە ریاکار و دووڕوو ناسرابم هەرگیز ناتوانم ماوەیەکی دوور و درێژ کاریگەرییم لەسەر دەوروبەر هەبێت، تەنانەت ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر زانستییانەش ستراتیج و تاکتیکەکانی کارتێکردن بەکاربهێنم و ئامانجەکەشم ئەوە بێت کە خەڵکەکە خۆیان ماندو بکەن و گەرم و گوڕتر لەگەڵ یەکتری هەڵسوکەوت بکەن. مرۆڤێك کە دەوروبەر متمانەی پێنەکات ناتوانێت ئامانجەکەی بەدەست بهێنێت و هەرچییەك بکات وا لێك دەدرێتەوە کە مەبەستێتی خەڵکەکە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکار بهێنێت. کەواتە نە ناوەڕۆکی وتار و پەیامەکەت گرنگە و نە پیرۆزی مەبەستەکەشت. لەوانە گرنگتر رادەی متمانەی خەڵکە بەتۆ. ئەمە مانای وایە تەنیا چاکە بنەڕەتییەکان دەتوانن

Scanned by CamScanner

گیان بکەن بە بەری تەکنیکەکاندا.

جەختکردنەوەی رووت و فووت لەسەر تەکنیک وەکو ئەو سەعی کردنە بەپەلەیە وایە کە شەوی تاقیکردنەوە دەیکەیت. لەوانەیە خوێندکار هەندێکجار بەو جۆرە سەعی کردنە دەربچێت و بگرە نمرەی بەرزیش بهێنێت بەڵام ئەگەر رۆژانە مافی تەواو بە وانەکانت نەدەیت زەحمەتە بەباشی لێیان تێ بگەیت و هەرگیز نابیتە خاوەنی زانیارییەکی قوڵ.

بێ مانایی ئەم سەعیکردنە بەپەلەیە بە جوانی لەوەدا دەردەکەوێت کە هەمان تەکتیک لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا بەکاربهێنێت. مەسەلەن بیرت بچێت لە بەهاردا تۆو بکەیت و بە درێژایی هاوین هەر خەریکی کات بەفیڕۆ دان بیت ئینجا لە پاییزدا بکەویتە پەلەپەل بۆ دروێنە کردن. سیستمی کێڵگە سیستمێکی سروشتییە. دەبێت پێشەکی نرخەکە بدەیت و هەنگاوەکانی لە کاتی خۆیاندا هەڵبنێیت. پێشینان چاکیان وتوە کە دەڵێن چی بچێنیت ئەوە دەدوریتەوە. لە یاساکانی سروشتدا رێگەیەك نییە ناوی قەدبڕ بێت.

ئەم یاسایە هەڵسوکەوتی مرۆڤ و پەیوەندییەکانیشی دەگرێتەوە. ئەمانیش هەر سیستمی سروشتین و بەو یاسای دروێنەیە کار دەکەن کە باسمان کرد. لەناو سیستمێکی کۆمەڵایەتی دروستکراوی وەك خوێندنگادا مرۆڤ ئەگەر بزانێت چۆن سوود لە یاسا مرۆڤکردەکان وەربگرێت و ئەملاولای یارییەکە تێ بگات، رەنگە بتوانێت نمرەی باش بەدەست بهێنێت. بەڵام ئەمە هەر بۆ یەکجارە و بۆ مەودایەکی کورتخایەنە.

ئەگەر جوارچێوەکە گەورەتر بکەین دەتوانین بڵێین مرۆڤ دەتوانێت سود لە ناکارە وەرگیراوەکان وەربگرێت بە مەبەستی سەرکەوتن و دابینکردنی دەوروتەنسیرێکی دیاریکراو لەسەر ئەوانی دیکە. بۆ نمونە تۆ لە رێگەی شارەزایی و هەڵسوکەوتی خۆتەوە دەتوانیت بەرامبەرەکەت وا لێ بکەیت باوەڕ بکات خۆشت دەوێت و مەبەستەکەیت لەلا جوانە. ئەمە لە بارودۆخێکی کورتخایەندا سوودی دەبێت بەڵام خەسڵەتێکی سەرەکی نییە، بەڵکو بە پلەی دووهەم دێت و لە پەیوەندییە درێژخایەنەکاندا بە تەنیابالی ناتوانن بەهایەکی بەردەوامیان هەبێت. لەوە گرنگتر ئەوەیە راستگۆ و خاوەن کەسایەتی بەهێز بێت. کنشەکانی ژیان وا

Scanned by CamScanner

دەکـەن پاڵنـەرە راسـتەقینەکان دەربکـەون و شکسـتی پەیوەندییـەکانیش جێـی سەرکەوتنە کورتخایەنەکان دەگرێتەوە.

زوربـەی ئـەو کەسانەی کـە مـەزنیی لاوەکـی هەیـە (بـۆ نمونـە کۆمەڵـگا دان بـە بەهرەکانیدا دەنێت) خاوەنی مەزنیی سەرەکی نین، واتە مرۆڤی چاك نـین و درەنـگ یان زوو لە پەیوەندییە درێژخایەنەکاندا شکست دێنن. جا ئـەو پەیوەندییـە لەگـەڵ هاوسەر و هاورێ و منداڵە هەرزەکارەکانیـدا بێت یـاخود لـە شـوێنی کـار و پیشـەکەیدا بێت. ئەمەش ئەنجامێکی خراپی لێ دەکەوێتەوە کە پێی دەوترێت قەیرانی ناسنامە. واتـە گـرنگترین رۆڵ لـەم بـوارەدا رۆڵـی خەسـڵەتە سروشـتییەکانە. وەك ئیمرسـۆن دەڵێت (فایم مەفیزێنە نەگینا گوێم لە هیچ نابێت.)

دیـارە بـە دڵنیاییـەوە حاڵـەتی واش هەیـە کـە مرۆڤەکـە خـاوەنی خەسـڵەتی سروشتیی بەهێزە بەڵام شارەزای دروستکردنی پەیوەندی نـیـە. ئەمـەش بـێ گومـان کار دەکاتە سەر چاکیی پەیوەندییەکان بەڵام کاریگەرییەکە لاوەکییە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین گـرنـگ نـیـە ئێمـە چی دەڵێین و چی دەکـەین بـەڵکو گـرنـگ ئەوەیـە کـە ئێمـە خۆمـان چـین؟ هـەموومان ئەمـە دەزانـین و لـە ژیـانی هەرکەسێکماندا کەسێك هەیە جێی متمانەی تـەواوی ئێمەیـە چونکە سروشتەکەیان دەزانـین. گـرنـگ نـیـیـە ئـەو کەسـە زمـان پـاراو بێـت یـان نـا، شـارەزای تەکنیکـەکانی پەیوەندیکردنە یاخود هیچی لێ نازانێت. ئەو کەسە هەرچۆنێك بێت ئێمـە متمانـەی پێ دەکەین و بە سەرکەوتوویی کاریان لەگەڵدا دەکەین.

وەك ویلیام جۆرج جۆردن دەڵێت: (دەسـتی هـەموو مرۆڤێك توانایـەکی سـەیری چاکە و خراپەی تیایە، کـە نەسـتە بێـدەنـگ و کاریگـەرییـە نـەبینراوەی ژیـانێتی. بـە کورتییەکەی ئـەوەی گرنگـە لـە مرۆڤدا ئـەوە نیـیـە کـە هـەوڵ دەدات نیشـانی بـدات، بەڵکو رەنگدانەوەی ناخی راستەقینەی خۆی گرنگە.)

هێزی پارادایمەکان

ئـەم کتێبـەی بەردەسـتت برێکـی زۆری ئـەو بنەمایانـەی لـەخۆ گرتـووە کـە چالاکییەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن. ئەمانەش لە راستیدا خووەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن کە بنەڕەتی و گرنگن. بریتین لە کۆی سەرجەمی ئـەو بـەها راست و دروستانەی کە

Scanned by CamScanner

کامەرانی و سەرکەوتنیان لەسەر هەڵدەچنرێت. بەڵام پێش ئەوەی بتوانین بە جوانی لەم حەوت خووە تێ بگەین دەبێ بزانین پارادایم چییە و چۆن دەتوانین بیگۆڕین.

ناکارە سروشتییەکان و ناکارە وەرگیراوەکان نمونەی بەرجەستەی پارادایمە کۆمەڵایەتییەکانن. وشەی پارادایم لە بنەڕەتدا وشەیەکی یۆنانییە. چەمکێکی زانستییە و حاڵی حازر بە زۆری وەک هاوواتای مۆدێل و تیۆری و دید و گریمانە یان ئەوەی کە پێی دەوترێت چوارچێوەی مەرجەع (ئەو چوارچێوەیەی کە لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەو گیروگرفتدا هانای بۆ دەبەیت) بەکاردێت. لە واتا فراوانەکەشیدا بریتییە لە جیهانبینی. واتا ئێمە چۆن دنیا دەبینین. مەبەست لە بینین نییە بە چاو، بەڵکو جیهانبینی بە واتای بیروبۆچوون و لێتێگەیشتن و شیکردنەوە.

بۆ ئەوەی ئاسانتر لە پارادایمەکان تێ بگەین، وا باشە بەراوردیان بکەین بە (نەخشە). هەموومان دەزانین نەخشە تەینا بریتی نییە لە خودی شوێنەکە. بەڵکو ڕوونکردنەوەی چەند لایەنێکی دیاریکراوی شوێنەکەیە. پارادایمەکانیش ڕێک بەو جۆرەن. بریتین لە تیۆری و ڕونکردنەوە، یاخود مۆدێلی شتێکی دیکە.

گریمان تۆ دەتەوێت بچیتە شوێنێکی دیاریکراو لە شیکاگۆ. ئەگەر نەخشەیەکی شەقامەکەت پێ بێت بە ئاسانی دەگەیتە شوێنی مەبەست. بەڵام ئەگەر نەخشەکە هەڵەبێت بۆ نمونە نەخشەکە لە ڕاستیدا نەخشەی (دیترۆیت) بێت و بە هەڵەی چاپ بووبێت بە نەخشەی شیکاگۆ، ئەوا سەرت لێ دەشێوێت و نەک هەر ناگەیتە شوێنی مەبەست بەڵکو وەڕس و توڕەشت دەکات.

تۆ دەتوانیت هەڵسوکەوتت بگۆڕیت بەوەی زیاتر هەوڵ بدەیت و جددیتر و خێراتر کار بکەیت، بەڵام ئەو هەوڵانەت تەنیا هەر یەک سودیان دەبێت، خێراتر دەتگەیەننە شوێنێکی هەڵە.

دەتوانیت هەڵوێستت بگۆڕیت بۆ نمونە زیاتر ئەرێنی بیت. بەڵام هێشتا هەر ناگەیتە شوێنی مەبەستت. ئەم ئەرێنی بوونە ڕەنگە تەنیا وات لێ بکات کە گوێ نەدەیتێ. مرۆڤ ئەگەر زۆر ئیجابی بێت ئەوپەڕەکەی وای لێ دێت لە هەر شوێنێک بێت هەست بە دڵخۆشی بکات.

بەڵام گرنگ ئەوەیە هێشتا تۆ هەر ... پەیوەندی

Scanned by CamScanner

بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی تۆوە نییە بەڵکو ئەوەیە کە ئەخشەیەکی هەڵەت بەدەستەوەیە.

تۆ ئەگەر ئەخشەیەکی راست و دروستی شیکاگۆت لەبەر دەستدا بێت، رەنگە جدی بوون رۆڵێکی گرنگی هەبێت. هەروەها ئەگەر لە رێگادا تووشی کێشە و گێروگرفت هاتیت هەڵوێستی خۆت بایەخی زۆری دەبێت بەڵام لەمانە هەموو گرنگتر ئەوەیە کە ئەخشەکەی دەستت ئەخشەیەکی راست و دروست بێت.

مێشکی هەرکامێکمان بگریت ژمارەیەکی زۆر ئەخشەی تێدایە کە بە گشتی دوو جۆرن: جۆرێکیان ئەخشەی راستییەکانە و پێت دەڵێت شتەکان لە چ شوێنێکدان. جۆری دووەمیشیان ئەخشەی بەهاکانە کە پێت دەڵێ شتەکان پێویستە لە کوێدا بن. ئێمە زۆر بە دەگمەن راستی و دروستی ئەخشەکان دەخەینە ژێر پرسیارەوە و زوربەشمان هەر نازانین کە ئەو جۆرە ئەخشەیەمان هەیە. گریمانەکە وا دادەنێین کە هەقیقەت بەو شێوەیە و پێویستە هەر بەو شێوەیەش بمێنێتەوە کە ئێمە دەیبینین.

هەڵسوکەوت و هەڵوێستەکانیشمان بە گشتی لەسەر ئەم گریمانانە گەشە دەکەن. هەمیشە شێوازی تێڕوانینی ئێمە جۆری بیرکردنەوە و چۆنێتی هەڵسوکەوتمان دیاری دەکات. بەڵام پێش ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە بدوێین، حەزدەکەم بە ئەزمونێکی سەرنجڕاکێشدا بتانبەم. تکایە چەند چرکەیەك تەماشای وێنەکەی لاپەڕەی دواتر بکە و ئینجا تەماشای وێنەی دوای ئەوە بکەو بە وردی پێمان بڵێ چی دەبینیت؟

ژنێك دەبینیت؟ تەمەنی چەندە؟ شێوەی چۆنە؟ بە بڕوای تۆ دەبێت چ کارە بێت؟

رەنگە بتەوێت بەم شێوەیە وەسفی یەکەم وێنە بکەیت: نزیکەی بیست و پێنج ساڵێك تەمەنێتی. زۆر جوانە. لەسەر مۆدێل دەڕوات. لوتێکی بچوکی هەیە و پۆشتەیە. ئەگەر ژنت نەهێنابێت لەوانەیە حەز بکەیت بیکەیتە هاوڕێ. ئەگەر بەدەست تۆ بێت رەنگە حەز بکەیت وەك مۆدێلی جل و بەرگ دایبمەزرێنیت.

ئەی ئەگەر پێت بڵێم ئەخێر هەڵەیت؟ ئەگەر بڵێم ئەمە وێنەی پیرەژنێکی شەست حەفتا ساڵەی ناڕەحەتە و لووتی زلە و بۆ مۆدێلی جل و بەرگیش ناشێت،

Scanned by CamScanner

لەو جۆرە کەسانەیە کە ئەگەر لەسەر شەقام بیبینێت بە پێویستی دەزانێت دەستی بگرێت و بیپەڕێنێتەوە.

من و تۆ کاممان راستین؟ جارێکی دیکە تەماشای وێنەکە بکەرەوە. ئایا دەتوانێت پیرێژنەکە ببینیت؟ ئەگەر ناتوانیت تکایە جارێکی دیکە لە وێنەکە ورد ببەرەوە. ئایا ئێستا لوتە چەماوە گەورەکەی دەبینیت؟ شاڵەکەی دەبینیت؟

من و تۆ ئەگەر روو بەرووی یەکتری دابنیشین و باسی ئەم وێنەیە بکەین، دیارە تۆ ئەوە باس دەکەیت کە دەیبینیت و منیش ئەوە باس دەکەم کە بە چاوی خۆم دەیبینم. دەتوانین لەسەر ئەم مەسەلەیە بەردەوام بین هەتا هەموو زانیارییەکانی خۆمان دەخەینە روو.

بەڵام بەداخەوە من و تۆ ناتوانین روو بەڕوو قسە بکەین، کەواتە بچۆرە لاپەڕە (٤٥) و لەوێ لە وێنەکە ورد ببەرەوە. ئایا ئێستا پیرێژنەکە دەبینیت؟ تکایە پێش ئەوەی دەست بکەیتەوە بە خوێندنەوەی کتێبەکە هەوڵ بدە پیرێژنەکە بدۆزیتەوە.

من یەکەمین جار کە ئەم راهێنانەم بینی چەند ساڵێك لەمەوبەر بوو، لە کۆلێجی بازرگانی هارڤارد. وانەبێژەکە ئەم وێنەیەی بۆ ئەوە بەکار دەهێنا تا بۆمانی بسەلمێنێت کە دەکرێت دوو کەس لەسەر یەك بابەت دوو بۆچوونی جیاوازیان هەبێت و هەردوکیشیان لەسەر هەق بن. ئەمە شتێکی ئەقڵانی نیە، بەڵام لە رووی دەروونییەوە راستە.

وانەبێژەکە کۆمەڵێك کارتی گەورەی هێنایە ژوورێ، نیوەیان وێنەی ژنە گەنجەکەی لاپەڕە (٤٤)ی لەسەر بوو، نیوەکەی دیکە وێنەی پیرێژنەکەی لاپەڕە (٧٠). هەموو کارتەکانی بەسەر بەشدارانی خولەکەدا دابەش کرد. وێنەی ژنە گەنجەکەی بەسەر لایەکی پۆلەکەدا و وێنەی پیرێژنەکەش بەسەر لاکەی دیکەدا. داوای لێکردین تەماشای کارتەکان بکەین و ماوەی ١٠ چرکە لێی ورد بینەوە. ئینجا هات لەسەر شاشەکە ئەو وێنەیەی نیشان داین کە لە لاپەڕە (٤٥)ی ئەم کتێبەدایە و هەردوو وێنەکە لەخۆ دەگرێت. دوای دە چرکەکە مامۆستا داوای لێ کردین بۆی باس بکەین چی دەبینین. زوربەی زۆری ئەو بەشدارانەی کە کارتی ژنە گەنجەکەیان بینیبوو وتیان وێنەی ژنێکی گەنج دەبینین. زوربەی زۆری ئەوانەش کە کارتی ژنە پیرەکەیان بینیبوو وتیان پیرێژنێك دەبینین.

Scanned by CamScanner

پاشان مامۆستاکە بەشدارێکی هەڵساند و داوایلێکرد ئەوە بۆ بەشدارێکی بەشەکەی دیکەی پۆلەکە باس بکات کە بینیویەتی. لە ئەنجامدا مشتومڕ دروست بوو. ئەم مشتومڕە کێشەکانی خراپ لێکحاڵیبوونی بەجوانی دەرخست.

"ئەوە دەڵێی چی؟ پیرێژنی چی؟ تەمەنی لە بیست و بیست و دوو ساڵ زیاتر نییە"

"چییە را نەبوێری؟ ئەگەر هەشتا ساڵ نەبێ حەفتای رێکە"

"چیتە، چاوت باش نابینێت؟ ئەمە ژنێکی گەنجی زۆر جوانە. حەز دەکەم بیکەمە هاوڕێ"

"بەو پیرێژنە سەرناسنینە دەڵێی جوانە؟"

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

و هەریەکەشیان بەوپەڕی کەللەڕەقییەوە لەسەر مشتومڕەکە درێژەی کێشا قسەکەی خۆی سوور بوو. سەیرەکە لەوەدایە کە زوربەی زۆرمان هەر لە سەرەتاوە دەمانزانی کە وێنەکە دووڕوویەکی دیکەیشی هەیە. کەچی ددانمان پیادا نەدەنا. دوای مشتومڕێکی بێ سوود یەکێك لە بەشداربووان چووە بەردەمی شاشەکە و ئاماژەی بۆ هێڵێکی ناو وێنەکە کرد. وتی: "ئەمە ملوانکەی ملی ژنە گەنجەکەیە" ئەوی دیکە وتی: "نەخێر ئەوە دەمی پیرێژنەکەیە" قسەکردن لەسەر خاڵە ناکۆکەکانی نێوانیان بەردەوام بوو دواجار یەکێك لە بەشداربووان کتوپڕ ئەو وێنەیەی بینی کە ئەوی دیکە باسی دەکات و دووهەمیشیان بە هەمان شێوە ئەو وێنەیەی بینی کە بەشداربووی یەکەم باسی دەکات. لە ئەنجامیشدا ئێمە توانیمان هەردوو وێنەکە ببینین. بەڵام دوای ئەوەی کە چاومان لەسەر وێنەکە لابرد و جارێکی دیکە تەماشامان کردەوە، هەمان ئەو وێنەیەمان بینییەوە کە لە یەکەمین دە چرکەی سەرەتادا بینیبومان.

من لەگەڵ خەڵك و دامەزراوەکاندا زۆرجار ئەم وێنەیە بەکاردەهێنم چونکە مانایەکی زۆر قوڵی تیایە دەربارەی خەڵك و پەیوەندییەکانیان. پێش هەموو شتێك دەورو تەئسیری فێر بوونی مەرجدار نیشان دەدات لەسەر بیروبۆچوونی ئێمە و لەسەر جیهانبینیمان (فێربوونی مەرجدار بریتییە لەو تیۆرییەی کە زانای بەناوبانگ پاڤلۆڤ باسی دەکات لەسەر پرۆسەی فێربوون و لەم رووەوە سەگەکەی پاڤلۆڤ زۆر بەناوبانگە). ئەگەر تەنیا دە چرکە هێندە دەورو تەئسیری هەبێت لەسەر دید و بۆچوونمان ئەی ئاخۆ ئەو راهاتن و فێربوونە مەرجدارەی کە بە درێژایی ژیانمان بۆمان دروست بووە چ کاریگەرییەکی قوڵ و بەربڵاوی دەبێت لەسەرمان. کارتێکەرەکانی ژیان و خێزان و قوتابخانە و مزگەوت و کەنیسە و شوێنی کار و خزم و هاوڕێیان و ئەو پارادایمە کۆمەڵایەتییانەی ئێستا و هەروەها ئاکارە وەرگیراوەکان هەموویان پێکەوە بە شێوەیەکی هەست پێنەکراو و بە بێدەنگی کارمان لەسەر دەکەن. بۆمان دیاریدەکەن کە چۆن پارادایمەکان و نەخشەکانمان و مەرجەکانمان دابڕێژین.

هەروەها ئەوەش دەردەخات کە ئەم پارادیمانە هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ئێمەن. بەبێ ئەوان ناتوانین هەنگاوێك بنێین. بە کورتییەکەی مرۆڤی راستگۆ ناتوانێت بە

Scanned by CamScanner

پێچەوانەی قەناعەتی خۆیەوە قسە بکات. بۆ نمونە تۆ ئەگەر لەو ڕێژە زۆرەی خەڵکەکە بیت کە لە وێنەکەدا وێنەی ژنێکی گەنج دەبینن، ئیتر زۆر بەلاتەوە زەحمەت دەبێت بیر لەوە بکەیتەوە لەسەر شەقام دەستی بگریت و بیپەڕێنیتەوە. واتە، بۆچوونت دەربارەی ژنەکە و هەڵسوکەوتت لەگەڵیا پێویستە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ ئەوەدا کە چۆنی دەبینیت.

ئەمە یەکێکە لە خاڵە لاوازەکانی ناکارە وەرگیراوەکان. ئەگەر بمانەوێت هەر بە ڕواڵەت هەڵوێست و ڕەفتارمان بگۆڕین ئەوا زەحمەتە لە ماوەیەکی دووردا سوودی لێ ببینین، ئەگەر لەو پارادیمانە ورد نەبینەوە کە سەرچاوەی ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانەن.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە پارادایمەکانمان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە دیاریکردنی هەڵسوکەوتماندا. وەك چۆن ئێمە بڕوامان بە دید و بۆچوونی خۆمان هەیە دەبێ دید و بۆچوونی خەڵکیش بەڕێز بن لەلامان چونکە ئەوانیش بەهەمان ئەندازە باوەڕیان بەو بیروبۆچوونەی خۆیانە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو قسەیە زۆر ڕاستە کە دەڵێت لە کوێ دانیشتبیت هەر لەوێوە دەتوانیت هەستیتە سەر پێ.

ئێمە لە ناخی خۆماندا وا هەست دەکەین بابەتیانە شتەکان دەبینین بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە. ئێمە جیهان وەك خۆی نابینین بەڵکو لە چاوی خۆمانەوە دەیبینین و بەو شێوەیە تێی دەگەین کە ڕاهاتووین و بە پرۆسەی فێربوونی مەرجدار لێی حاڵی دەبین. هەر کاتێك دەم بکەینەوە بۆ باسکردنی بابەتێك لە ڕاستیدا باسی خۆمان دەکەین، باسی دید و پارادایمەکانمان دەکەین. ئەگەر کەسێکیش دید و بۆچوونی جیاوازی هەبێت ئێمە بە کەسێکی هەڵەی حساب دەکەین. بەڵام وەك نمونەی وێنەکە بۆی دەرخستین خەڵکانی ڕاستگۆ و باوەڕپێکراو بیروبۆچوونیان لەسەر هیچ بابەتێك مەرج نییە چوونیەك بن. هەریەکە و لە هاوێنە تایبەتەکەی ئەزمونی خۆیەوە شتەکان دەبینێت. بەڵام ئەمە مانای وا نیە شتێك نیە ناوی هەقیقەت بێت. لە لێکدانەوەی وێنەکەدا باسی دوو کەسمان کرد کە هەر یەکەیان پێشتر مێشکیان بە بۆچوونی جیاجیا دەربارەی وێنەکە پڕ کرابوو. کاتێکیش پێکەوە تەماشای وێنەی سێیەم دەکەن هەردوکیان هێڵی ڕەش و بۆشایی سپی دەبینن. ئەمە هەقیقەتەکەیە. بەڵام هەر یەکەو لێکدانەوەیەکی تایبەتی بۆ

Scanned by CamScanner

ئەو هەقیقەتە هەیە. لێکدانەوەکەش تایبەتە بە ئەزمونی پێشتری خۆیانەوە. بەبێ ئەو جۆرە شیکردنەوەیە هەقیقەت هیچ مانایەکی دیکەی نییە.

ئێمە هەتا زیاتر ئاگاداری پارادایم و نەخشە و گریمانەکان بین و دەورو تەفسیری ئەزمونەکانیشمان بە هەند وەربگرین کە لەسەر بیرکردنەوە و لێکدانەوەمان هەیانە، زیاتر دەتوانین جڵەوی پارادایمەکانمان بگرینە دەست، لێیان ورد بینەوە و بەرامبەر بە هەقیقەتەکان تاقیان بکەینەوە و گوێ لە کەسانی دیکە بگرین و بە سنگێکی فراوانەوە لە بیر و بۆچوونیان ڕابمێنین. دیارە بەمەش دەتوانین وێنەیەکی گەورەتر و دیمەنێکی بابەتیانەتر ببینین.

هێزی گۆڕانی پارادیم (وەرچەرخانی گەورە)

مەبەست لەو چرکەساتەیە کە ئەوی بەرامبەریشمان وێنەکە بەو شێوەیە دەبینێت کە ئێمە دەیبینین. ئەمە چرکەساتێکی سەرسوڕهێنەرە و گۆڕانێکی جۆنایەتییە (نەوعی) لە بیرو بۆچوندا. وەك ئەوە وایە لەپڕ گڵۆپێك دابگیرسێنێت. ئەم چەمکە یەکەمجار تۆماس کۆهن هێنایە گۆڕێ و لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەکاری هێناوە کە ناوی لێ ناوە (پێکهاتەی شۆڕشە زانستییەکان). پوختەی کتێبەکە باسی ئەوە دەکات کە هەموو داهێنانە گرنگەکانی زانست لە سەرەتادا پێچەوانەی نەقڵی باو و شێوازی بیرکردنەوە و پارادایمەکانی پێشتر بوون.

بەتلیمۆسی گەردوونناسی میسری پێی وابوو کە زەوی ناوەندی گەردونە. کاتێك (کۆپەرنیکۆس) ئەو پارادایمەی گۆڕی و خۆری بە ناوەندی گەردون ناوزەد کرد ڕووبەڕووی بەرگرییەکی زۆر و تەنانەت دادگاییکردنیش بووەوە. بەڵام لەپڕ هەموو شتەکان لێکدانەوەی تازەیان بۆ کرا.

مۆدێلە فیزیاییەکەی نیوتن بریتی بوو لە پارادایمێکی ڕێك و پێك و تا ئێستاش بناغەی ئەندازەی هاوچەرخە. بەڵام تەنیا هەر بەشێکە و بەشێکی ناکاملیشە. جیهانی زانست شۆڕشێکی بەخۆوە بینی کە بریتی بوو لە پارادایمەکەی ئەنیشتاین، پارادایمی ڕێژەیی کە لە ڕووی پێشبینی و شیکردنەوەوە زۆر لەوەی نیوتن پێشکەوتوتر و بەهادارترە.

تا ئەو کاتەی بیردۆزی میکرۆب گەشەی باشی نەکردبوو ڕێژەیەکی زۆری ژنان و

Scanned by CamScanner

منداڵان بەسەر سکەکەوە دەمردن، کەسیش نەیدەزانی بۆچی. لە مەیدانەکانی جەنگدا ئەوانەی کە دواتر بەهۆی نەخۆشی و برینی بچوکەوە دەمردن، ژمارەیان زۆر لەوانە زیاتر بوو کە بە برینی گەورە و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا دەکوژران. بەڵام هەر کە بیردۆزی میکرۆب ڕاگەیەنرا، پارادایمێکی سەرومڕ تازەی پێشکەوتووتر و کاملتر هاتە ئاراوە و بووە هەوێنی گەشە و پێشکەوتنی گرنگ و دراماتیکی لە بواری پزیشکیدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمڕۆش بەرهەمی وەرچەرخانی گەورەی پارادایمە. پێشتر شێوازە تەقلیدییەکەی حوکمڕانی بریتی بوو لە سیستمی پاشایەتی کە مافی پیرۆزی پاشاکانی بەرجەستە دەکرد. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پارادایمێکی نوێ دەرکەوت، حکومەتێ خەڵك، لە خەڵکەوە بۆ خەڵك. دیموکراسییەکی دەستووریی وا لەدایك بوو کە هێزی کاری ئازاد کرد و دەرگای بە رووی داهێنانە بێ کۆتاکانی مرۆڤدا کردەوە. پارادایمە تازەکە ئاستێکی وای بۆ ژیان و ئازادی و هیوا و ڕەهایی ڕاگەیاند کە لە مێژوودا بێ هاوتا بوو.

مەرج نییە هەموو وەرچەرخانێکی پارادایم وەرچەرخانێکی باش بێت. چونکە وەك بینیمان گۆڕان لە ئاکارە سروشتییەکانەوە بۆ ئاکارە وەرگێڕاوەکان بوونە مایەی دوور کەوتنەوە لە ڕیشەکانی سەرکەوتن و کامەرانی.

بەڵام بەهەرحاڵ وەرچەرخانەکە باش بێت یان خراپ بێت. هێواش و لەسەرخۆ بێت یان کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو، ئەنجامەکە هەر یەك شتە. گۆڕینی جیهانبینیمانە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە. وەك پێشتریش باسمان کرد پارادایمەکان هەرچۆنێك بن باش بن یان خراپ سەرچاوەی هەڵوێست و ڕەفتارەکانمانن و دواجاریش دەبنە سەرچاوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوروبەردا.

زۆر باشم لەبیرە بەیانییەکی ڕۆژی یەکشەممە بوو لە میترۆکەی شاری نیویۆرك گۆڕانێکی بچوکی پارادایمم ئەزمونکرد. خەڵکەکە بە بێدەنگی دانیشتبوون. هەندێکیان ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و هەندێکیان داڵغەیان لێ دابوو هەندێکی

پیاوەکە لە تەنیشت منەوە دانیشت و یەکسەر چاوی نوقاند بەحساب بۆ ئەوەی بخەوێت وا دەردەکەوت کە گوێ نەداتە هاروهاجی مناڵەکانی و بارودۆخەکەی بەلاوە گرنگ نەبێت. مناڵەکان جێیان بە خۆیان نەدەگرت و شتیان دەهاویشت و پەلاماری ڕۆژنامەی خەڵکەکانیان دەدا. دیمەنێکی زۆر بێزارکەر بوو، کەچی کابرای تەنیشتم مێشێکیش میوانی نەبوو.

لە حاڵەتی وادا مرۆڤ بە ئاسانی خۆی بۆ ڕاناگیرێت. پێم سەیر بوو مرۆڤ هەبێت لە ئاست ئەو مناڵە هاروهاجانەیدا هێندە بێ شعور بێت. هەر من وا نەبووم، هەموو نەفەرەکانی دیکەیش بێ تاقەت بوبون. بۆیە دواجار پەتم پچڕی و ڕووم کردە کابراکە پێم وت: بەڕێز مناڵەکانت زۆر بێزارکەرن. ناتوانیت سنورێکیان بۆ دابنێیت؟

کابرا بەم قسەیەم چاوی کردەوە و لەوە دەچوو تازە هەستی بەم بارودۆخە کردبێت. لەسەرخۆ وتی: ئۆو ڕاست دەکەی وابزانم دەبێ شتێك بکەم. ئەوی ڕاستی بێت تازە لە نەخۆشخانە گەڕاوینەتەوە. سەعاتێك لەمەوبەر دایکیان مرد. من سەرم لێشێواوە نازانم چی بکەم. وابزانم مناڵەکانیش بۆیە وا دەکەن چونکە نازانن چۆن ڕەفتار لەگەڵ مردنی دایکیاندا بکەن.

وای خوایە گیان چیم بەسەر هات؟! یەکسەر پارادایمەکەم گۆڕا. شتەکانم بە شێوەیەکی دیکە بینی. جۆرە هەستێکی دیکەم لا دروست بوو. هەڵسوکەوتم گۆڕا. بێزارییەکەم نەما. دڵم پڕ بوو لە ئازارەکانی ئەو پیاوە. لە هەستی بەزەیی و هاوسۆزی. (ژنەکەت ئێستا مرد؟ ئۆو. بۆم باس کە چۆن؟ دەتوانم یارمەتیت بدەم؟) لە یەك چرکەدا هەموو شتەکان گۆڕان.

دیارە زۆر کەس کاتێك کە توشی قەیرانی گەورە دەبن و مەترسی لەسەر ژیانیان هەبێت گۆڕانی گەورە لە بیرکردنەوەیاندا ڕوو دەدات. ئەو کاتە مەسەلە گرنگەکان ڕیزبەندییەکی جیاواز وەردەگرن. هەمان گۆڕانکاری لە حاڵەتی دیکەیشدا ڕوو دەدەن. بۆ نمونە کاتێك کە ئەرکێکی نوێت پێ دەسپێردرێت یان دەچیتە ژیانی هاوسەرگیرییەوە، یان دەبیتە نەنك و باپیر و .. تاد.

بێگومان ئاکارە وەرگیراوەکانیش قابیلی گۆڕانن و دەتوانین چەندین هەفتە و مانگ و ساڵ تێبەڕێنین لەو بوارەدا. بەلام بە هیچ جۆرێك هێندەی گۆڕینی

Scanned by CamScanner

ئەو هەقیقەتە هەیە. لێكدانەوەكەش تایبەتە بە ئەزمونی پێشتری خۆیانەوە. بەبێ ئەو هەقیقەتە هیچ مانایەكی دیكەی نییە.

ئەو جۆرە شیكردنەوەیە هەقیقەت بین و دەورو تەفسیری گریمانەكان بین و نەخشە و پارادایم و ئاگاداری زیاتر هەتا ئێمە

ئێمە هەتا زیاتر ئاگاداری پارادایم و نەخشە و گریمانەكان بین و دەورو تەفسیری ئەزمونەكانیشمان بە هەند وەربگرین كە لەسەر بیركردنەوە و لێكدانەوەمان هەیانە، زیاتر دەتوانین جڵەوی پارادایمەكانمان بگرینە دەست، لێیان ورد بینەوە و بەرامبەر بە هەقیقەتەكان تاقیان بكەینەوە و گوێ لە كەسانی دیكە بگرین و بە سنگێكی فراوانەوە لە بیر و بۆچوونیان ڕابمێنین. دیارە بەمەش دەتوانین وێنەیەكی گەورەتر و دیمەنێكی بابەتیانەتر ببینین.

هێزی گۆڕانی پارادیم (وەرچەرخانی گەورە)

مەبەست لەو چركەساتەیە كە ئەوی بەرامبەریشمان وێنەكە بەو شێوەیە دەبینێت كە ئێمە دەیبینین. ئەمە چركەساتێكی سەرسوڕهێنەرە و گۆڕانێكی جۆنایەتییە (نەوعی) لە بیرو بۆچوندا. وەك ئەوە وایە لەپڕ گڵۆپێك دابگیرسێنێت. ئەم چەمكە یەكەمجار تۆماس كۆهن هێنایە گۆڕێ و لە كتێبە بەناوبانگەكەیدا بەكاری هێناوە كە ناوی لێ ناوە (پێكهاتەی شۆڕشە زانستییەكان). پوختەی كتێبەكە باسی ئەوە دەكات كە هەموو داهێنانە گرنگەكانی زانست لە سەرەتادا پێچەوانەی نەقڵی باو و شێوازی بیركردنەوە و پارادایمەكانی پێشتر بوون.

بەتلیمۆسی گەردووناسی میسری پێی وابوو كە زەوی ناوەندی گەردونە. كاتێك (كۆپەرنیكۆس) ئەو پارادایمەی گۆڕی و خۆری بە ناوەندی گەردون ناوزەد كرد ڕووبەڕووی بەرگرییەكی زۆر و تەنانەت دادگاییكردنیش بووەوە. بەڵام لەپڕ هەموو شتەكان لێكدانەوەی تازەیان بۆ كرا.

مۆدێلە فیزیاییەكەی نیوتن بریتی بوو لە پارادایمێكی ڕێك و پێك و تا ئێستاش بناغەی ئەندازەی هاوچەرخە. بەڵام تەنیا هەر بەشێكە و بەشێكی ناكاملیشە. جیهانی زانست شۆڕشێكی بەخۆوە بینی كە بریتی بوو لە پارادایمەكەی ئەنیشتاین، پارادایمی ڕێژەیی كە لە ڕووی پێشبینی و شیكردنەوەوە زۆر لەوەی نیوتن پێشكەوتوتر و بەهادارترە.

تا ئەو كاتەی بیردۆزی میكرۆب گەشەی باشی نەكردبوو ڕێژەیەكی زۆری ژنان و

Scanned by CamScanner

منداڵان بەسەر سکەکەوە دەمردن، کەسیش نەیدەزانی بۆچی. لە مەیدانەکانی جەنگدا ئەوانەی کە دواتر بەهۆی نەخۆشی و برینی بچوکەوە دەمردن، ژمارەیان زۆر لەوانە زیاتر بوو کە بە برینی گەورە و لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕدا دەکوژران. بەڵام هەر کە بیردۆزی میکرۆب ڕاگەیەنرا، پارادایمێکی سەرومڕ تازەی پێشکەوتووتر و کامڵتر هاتە ئاراوە و بووە هەوێنی گەشە و پێشکەوتنی گرنگ و دراماتیکی لە بواری پزیشکیدا.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمڕۆش بەرهەمی وەرچەرخانی گەورەی پارادایمە. پێشتر شێوازە تەقلیدییەکەی حوکمڕانی بریتی بوو لە سیستمی پاشایەتی کە مافی پیرۆزی پاشاکانی بەرجەستە دەکرد. بەڵام لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا پارادایمێکی نوێ دەرکەوت، حکومەتی خەڵك، لە خەڵکەوە بۆ خەڵك. دیموکراسییەکی دەستووریی وا لەدایك بوو کە هێزی کاری ئازاد کرد و دەرگای بە ڕووی داهێنانە بێ کۆتاکانی مرۆڤدا کردەوە. پارادایمە تازەکە ئاستێکی وای بۆ ژیان و ئازادی و هیوا و ڕەهایی ڕاگەیاند کە لە مێژوودا بێ هاوتا بوو.

مەرج نییە هەموو وەرچەرخانێکی پارادایم وەرچەرخانێکی باش بێت. چونکە وەك بینیمان گۆڕان لە ئاکارە سروشتییەکانەوە بۆ ئاکارە وەرگیراوەکان بوونە مایەی دوور کەوتنەوە لە ڕیشەکانی سەرکەوتن و کامەرانی.

بەڵام بەهەرحاڵ وەرچەرخانەکە باش بێت یان خراپ بێت. هێواش و لەسەرخۆ بێت یان کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو، ئەنجامەکە هەر یەك شتە. گۆڕینی جیهانبینیمانە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە. وەك پێشتریش باسمان کرد پارادایمەکان هەرچۆنێك بن باش بن یان خراپ سەرچاوەی هەڵوێست و ڕەفتارەکانمان و دواجاریش دەبنە سەرچاوەی پەیوەندییەکانمان لەگەڵ دەوروبەردا.

زۆر باشم لەبیرە بەیانییەکی ڕۆژی یەکشەممە بوو لە میترۆکەی شاری نیویۆرك گۆڕانێکی بچوکی پارادایمم ئەزمونکرد. خەڵکەکە بە بێدەنگی دانیشتبوون. هەندێکیان ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و هەندێکیان داڵغەیان لێ دابوو هەندێکی

پیاوەکە لە تەنیشت منەوە دانیشت و یەکسەر چاوی نوقاند بەحساب بۆ ئەوەی بخەوێت وا دەردەکەوت کە گوێ نەداتە هاروهاجی منداڵەکانی و باروودۆخەکەی بەلاوە گرنگ نەبێت. منداڵەکان جێیان بە خۆیان نەدەگرت و شتیان دەهاویشت و پەلاماری ڕۆژنامەی خەڵکەکانیان دەدا. دیمەنێکی زۆر بێزارکەر بوو، کەچی کابرای تەنیشتم مێشێکیش میوانی نەبوو.

لە حاڵەتی وادا مرۆڤ بە ئاسانی خۆی بۆ ڕاناگیرێت. پێم سەیر بوو مرۆڤ هەبێت لە ئاست ئەو منداڵە هاروهاجانەیدا هێندە بێ شعور بێت. هەر من وا نەبووم، هەموو نەفەرەکانی دیکەیش بێ تاقەت بوبون. بۆیە دواجار پەتم پچڕی و رووم کردە کابراکە پێم وت، بەڕێز منداڵەکانت زۆر بێزارکەرن. ناتوانیت سنورێکیان بۆ دابنێیت؟

کابرا بەم قسەیەم چاوی کردەوە و لەوە دەچوو تازە هەستی بەم باروودۆخە کردبێت. لەسەرخۆ وتی، ئۆو ڕاست دەکەی وابزانم دەبێ شتێك بکەم. ئەوی ڕاستی بێت تازە لە نەخۆشخانە گەڕاوینەتەوە. سەعاتێك لەمەوبەر دایکیان مرد. من سەرم لێشێواوە نازانم چی بکەم. وابزانم منداڵەکانیش بۆیە وا دەکەن چونکە نازانن چۆن ڕەفتار لەگەڵ مردنی دایکیاندا بکەن.

وای خوایە گیان چیم بەسەر هات؟! یەکسەر پارادایمەکەم گۆڕا. شتەکانم بە شێوەیەکی دیکە بینی. جۆرە هەستێکی دیکەم لا دروست بوو. هەڵسوکەوتم گۆڕا، بێزارییەکەم نەما. دڵم پڕ بوو لە ئازارەکانی ئەو پیاوە. لە هەستی بەزەیی و هاوسۆزی. (ژنەکەت ئێستا مرد؟ ئۆو. بۆم باس کە چۆن؟ دەتوانم یارمەتیت بدەم؟) لە یەك چرکەدا هەموو شتەکان گۆڕان.

دیارە زۆر کەس کاتێك کە توشی قەیرانی گەورە دەبن و مەترسی لەسەر ژیانیان هەبێت گۆڕانی گەورە لە بیرکردنەوەیاندا ڕوو دەدات. ئەو کاتە مەسەلە گرنگەکان ڕیزبەندییەکی جیاواز وەردەگرن. هەمان گۆڕانکاری لە حاڵەتی دیکەیشدا ڕوو دەدەن. بۆ نمونە کاتێك کە ئەرکێکی نوێت پێ دەسپێردرێت یان دەچیتە ژیانی هاوسەرگیرییەوە، یان دەبیتە نەنك و باپیر و .. تاد.

بێگومان ئاکارە وەرگیراوەکانیش قابیلی گۆڕانن و دەتوانین چەندین هەفتە و مانگ و ساڵ تێپەڕێنین لەو بوارەدا ... گۆڕینی

جیهانبینی دهوروتهنسیر لهسهر هەڵوێست و رهفتارمان دروست ناکات.

ئێمه ئهگهر بمانهوێت گۆڕانکاری بچوکی رێژهیی له ژیانماندا ئهنجام بدهین دهتوانین کار لهسهر هەڵوێست و هەڵسوکهوتهکانمان بکهین بهڵام بۆ ئهنجامدانی گۆڕانکاری گرنگ پێویسته کار لهسهر پارادایمه بنهڕهتییهکانمان بکهین.

وهك (تۆرۆ) دهڵێت (ههزار جار گەڵاکانی خراپه دهبڕن ئینجا یهکجار دهکێشن به رهگهکهیدا) ئێمهش تهنیا ئهوکاته دهتوانین پێشکهوتنی بهرچاو بهدهست بهێنین که واز له بڕینی گەڵاکانی هەڵوێست و رهفتارمان بهێنین و بکێشین به رهگهکهدا، بهو پارادایمهی که هەڵوێست و هەڵسوکهوتهکانی پێ دهژین.

بینین و بوون

بێگومان مهرج نییه ههموو گۆڕانهکانی پارادایم کتوپڕ و خۆڕسك و خێرا بن. جیاواز لهو گۆڕانی پارادایمه کتوپڕهی که له میترۆکه بهسهرمدا هات، گۆڕانی من و ساندرا گۆڕانێکی هێواش و قورس و ئهنقهست بوو. ئێمه بهرامبهر کوڕهکهمان یهکسجار رێگایهکمان گرتهبهر که بریتی بوو له بهرههمی چهندین ساڵی فێربونی مهرجدار و راهاتن و ئهزمونی ناکاره وهرگیراوهکان. ئێمهی باوك و دایك چی فێر بوبوین دهربارهی سهرکهوتنی خۆمان، ههوڵمان دهدا به ههمان پێوهر کوڕهکهمان به سهرکهوتن بگهیهنین. بهڵام بۆمان دهرکهوت که ئهو کاره ههڵهیه و تا پارادایمه بنهڕهتییهکانمان نهگۆڕی، نه گۆڕانکاری بنهڕهتی گهوره له خۆماندا بهدی هات و نه له بارودۆخهکهشدا.

ئێمه بۆ ئهوهی کوڕهکهمان به شێوهیهکی جیاواز ببینین پێویستی دهکرد خۆمان، من و ساندرا، جیاواز بین له جاران. لهبهر ئهوه و به مهبهستی گهشه پێدانی کهسێتی خۆمان کۆمهڵێك پارادایمی تازهمان دروستکرد.

وهك پێشتر باسمان کرد پارادایمهکان بریتین له کهرسهکانی جیهانبینی وهك دید و بۆچوون و تێگهیشتن و لێکدانهوه و .. تاد. دیاره ئهمانهش هیچیان له کهسێتی مرۆڤهکه جیا ناکرێنهوه. بوونی ههرشتێك راستهوخۆ پهیوهسته به چۆنێتی بینینیهوه له رههندهکانی مرۆڤدا (بهوهی چۆن شتهکان دهبینین). ئهوهی دهیبینین پهیوهندییهکی بههێزی به بوونی ئێمهوه ههیه. ئێمه ههرگیز ناتوانین

Scanned by CamScanner

وەرچەرخانی گەورە لە دید و بۆچوونماندا بکەین ئەگەر پێشتر خودی خۆمان نەگۆڕیبێت. ئەم یاسایە پێچەوانەکەشی راستە.

تەنانەت ئەو وەرچەخانەی لە پارادایمی خۆمدا ئەزمونمکرد لە میترۆکەی ئەو بەیانییەدا، لە ناوەڕۆکدا پەیوەست بوو بە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی کەسێتی خۆمەوە و رەنگە ئەگەر کەسێکی دیکە لە جیاتی من بوایە وەرچەرخانەکە تیایدا رووی نەدایە.

مەبەستمە بڵێم سەبارەت بە رووداوی ناو میترۆکە هەرکەسێکی دیکە لەبری من لەوێ بوایە، رێک وەکو من پارادایمەکەی نەدەگۆڕا و لەدوای بیستنی هەواڵەکە جگە لە هەستێکی تاڵی پەشیمانی و خۆ بەتاوانبار زانین هیچی دیکەی لەلا دروست نەدەبوو. بەڵام بێگومان دڵنیام کەسانی دیکەیش هەن کە لە من زیاتر هەستیارن و ئەگەر لەوێ بونایە دەیانزانی بێدەنگ بوونی باوکەکە دەرهەق بە هاروهاجی منداڵەکانی هۆکارێکی شاردراوەی هەیە بۆیە هیچ نارەزایەتییەکیان دەرنەدەبڕی.

پارادایمەکان بەهێزن چونکە ئەو هاوێنەیە دروست دەکەن کە دنیای پێ دەبینین. ئەو هێزەی کە لە گۆڕانی پارادایمەکانەوە دروست دەبێت هەوێنی سەرەکییە بۆ هەر گۆڕانێکی بنەڕەتی، چ گۆڕانی خێرا و چاوەڕواننەکراو یاخود هێواش و بە ئەنقەست.

ئەو پارادیمەی کە لەسەر بناغەی پرنسیپەکان دروستکراوە (پارادیمی مەبدەئی)

ئاکارە سروشتییەکان لەسەر ئەو بیرە بنەڕەتییە بەندن کە هەندێک پرنسیپ هەن چالاکییەکانی مرۆڤ دیاری دەکەن-بریتین لەو یاسا سروشتییانەی لە مرۆڤدا هەن و وەک یاسای کێش کردن لە بواری فیزیادا، ئەمانیش لە ژیانماندا راست و نەگۆڕ و واقیعین.

بیرۆکە و هەقیقەت و کاریگەری ئەم بنەمایانە لە ئەزمونێکی دیکەی گۆڕانی پارادایمدا لە نوسینەکەی (فرانک کۆک)دا دەبینرێت کە لە گۆڤاری (پرۆسیدینگ)ی بەیمانگای هێزە دەریاییەکاندا بڵاو کرایەوە.

دوو کەشتی جەنگی بەمەبەستی راهێنان ئەرکی ئەوەیان پێ سپێردرا کە لە کەش و هەوایەکی سەختدا بۆ ماوەی چەند رۆژێک مانۆڕ بکەن. من لە کەشتییەکەی

Scanned by CamScanner

پێشەوەدا بووم و لە شەودا ئەرکی چاودێریم پێ سپێردرا.

لەبەر ئەوەی ناوبەناو دنیا دەبو بە تەم، توانای بینین لاواز بوو، بۆیە کاپتنەکە لەسەر پردەکە مایەوە بۆ ئەوەی چاودێری هەموو چالاکییەکان بکات.

تۆزێك دوای تاریکبوون، چاودێرەکەی سەر باڵی کەشتییەکە وتی لە لای راستەوە روناکی هەیە.

کاپتن هاواری کرد "ئایا وەستاوە یان جوڵاوە؟"

چاودێرەکە وەڵامی دایەوە "وەستاوە کاپتن" ئەمەش مانای وابوو ئەگەر هەروا بەردەوام بین، پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ ئەودا دەدەین بەیەکدا.

کاپتان کابرای (نیشاندەر)ی بانگ کرد و پێی وت "ئەو کەشتییە ئاگادار بکەرەوە: بڵێ ئەگەر لەسەر ئەم ڕێڕەوە بڕۆین توشی پێکدادان دەبین، ئامۆژگاریت دەکەین بیست پلە ڕێڕەوەکەت بگۆڕە."

ئاگادارکراینەوە کە "ئێمە ئامۆژگاری ئێوە دەکەین بیست پلە ڕێڕەوەکەتان بگۆڕن."

کاپتنەکە وتی" بڵێ من کاپتنم، بیست پلە ڕێڕەوەکەت بگۆڕە."

وەڵامەکە بەم شێوەیە بوو "من دەریاوانی پلە دووم، بۆ تۆ وا باشترە بیست پلە ڕێڕەوەکەت بگۆڕیت."

کاپتن توڕە بووبوو. بە توڕەییەوە وتی "بڵێ من کەشتی جەنگیم. ڕێڕەوەکەت بیست پلە بگۆڕە."

لە رووناکییەکەوە وەڵاممان پێگەیشت "من تاوەری روناکیم. ڕێڕەوی چی بگۆڕم؟"

ئێمە ڕێڕەومان گۆڕی.

گۆڕانی پارادایم بریتییە لەو "ئەها"یەی دەیکەین کاتێك کە دواجار رەهەندێکی جیهان (یان بارودۆخەکە) بە شێوەیەکی جیاواز وێنا دەکەین یان تێی دەگەین. ئەو گۆڕانی پارادایمەی کە کاپتن ئەزمونی کرد -بە ئێمەشەوە کە ئەم نوسینە دەخوێنینەوە - بارودۆخەکە دەخاتە بەر روناکییەکی تەواو جیاواز. دەتوانین ئەو راستییە ببینین کە کاپتنەکە بەو تێگەیشتنە کەمەوە نەیتوانی تێی بگات - ئەمەش راستییەکی زۆر گرنگە بۆ ژیانی رۆژانەمان، وەك چۆن بۆ کاپتنی ناو تەمومژەکە گرنگ بوە.

Scanned by CamScanner

بنەماکان وەك تاوەرەکانی روناکی وان. بریتین لە یاسای سروشتی کە ناتوانین پێشێلیان بکەین. وەك چۆن سیسیل بی. دیمیل دەربارەی بیروباوەڕەکان لە فیلمە بەناوبانگەکەیدا بەناوی "دە فەرمانەکە"دا دەڵێت "مەحاڵە بتوانین یاسا بشکێنین، تەنیا دەتوانین خۆمان لە بەرامبەر یاسادا بشکێنین."

لە کاتێکدا کە رەنگە مرۆڤەکان ژیان و هەڵسوکەوتی خۆیان لە رووی ئەو پارادایم و نەخشانەوە ببینن کە بەهۆی ئەزمون و بارودۆخەکانەوە دروست بوون، ئەم نەخشانە خودی هەرێمەکە نین. ئەمانە بریتین لە "هەقیقەتە خودییەکان"، تەنیا هەوڵێکن بۆ باسکردنی هەرێمەکە.

بەلام "هەقیقەتە بابەتییەکە" خودی هەرێمەکەیە و "تاوەری روناکی" بیرباوەڕەکانە کە حوکمی گەشە و شادی مرۆڤ دەدەن کە بریتین لەو یاسا سروشتییانەی کە لە تان و پۆی هەموو کۆمەڵگە شارستانییەکانی مێژوودا چنراون و بناغەی هەموو خێزان و دامەزراوەیەکی سەقامگیر و پێشکەوتوو پێك دێنن. ئیتر مەسەلەی ئەوەی تا چ ئاستێك نەخشەکەی ناو مێشکمان لەگەڵ شوێنە راستەقینەکەدا هاوتایە، نابێتە هۆی گۆڕانی ئەو هەقیقەتەی لە هەرێمەکە هەیە.

هەقیقەتی ئەم بنەمایانە یان ئەم یاسا سروشتییانە بۆ هەموو ئەو کەسانە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بە قوڵی بیردەکەنەوە و لە خولەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی ورد دەبنەوە. ئەم بنەمایانە هەمو جارێك دەردەکەونەوە. مرۆڤ چۆن ئەم بیروباوەڕانە دەناسێت و هاوئاهەنگ لەگەڵیاندا دەژی رۆڵی گرنگی هەیە لەوەی مانەوە و ئارامی دەیانبات یا بەرەو لەتوپەت بوون و لەناوچوون.

ئەو بنەمایانەی کە من باسیان دەکەم هێزی شاردراوەی تەمومژاوی و "دینی" نین. لەم کتێبەدا هیچ بنەمایەك ناوترێتەوە کە تاقانە بێت و تایبەت بێت بە باوەڕ و ئایینێکی دیاریکراو، بەوەی خۆشمەوە. ئەم بیروباوەڕانە بەشێکن لە هەموو دینە سەرەکییەکانی کە هەن و ماونەتەوە، هەروەها لە سیستمە ئاکاری و فەلسەفییە کۆمەڵایەتییە هەمیشەییەکان. ئەمانە خۆیان بەڵگەی خۆیانن و هەموو کەسێك بە ئاسانی دەتوانێت پشتڕاستیان بکاتەوە. وەك ئەوە وایە کە ئەم بیروباوەڕ و یاسا سروشتییانە بەشێك بن لە بوونی مرۆڤ، لە ئاگایی مرۆڤ، لە ویژدانی مرۆڤ. وا دەردەکەوێت لە هەموو مرۆڤەکاندا هەبن. بەبێ گوێدانە مەرجەکانی کۆمەڵگا و

Scanned by CamScanner

پابەندبوون پێیانەوە. هەرچەندە لەوانەیە بەهۆی هەلومەرج و ناپابەندییەوە نوقم بووبن یان خەوێنرابن.

بۆ نمونە، دەتوانم ئاماژە بکەم بۆ بنەمای دادپەروەری، کە هەموو تێگەیشتنێکمان لە یەکسانی و دادپەروەری لەوەوە سەرچاوە دەگرێت. وا دیارە منداڵە بچوکەکان بیرۆکەی دادپەروەرییان تیادا چاندرابێت سەرەڕای ئەو ئەزمونە نادادپەروەرییانەی بارودۆخەکە کە بەسەریاندا دێت. زۆر پێناسە و ڕێگەی بەدەستهێنانی جیاواز بۆ دادپەروەری هەیە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئاگاییەکی شێوە جیهانی دەربارەی بیرۆکەکە هەیە.

نمونەی دیکەش هەن وەك دەستپاکی و ڕاستگۆیی. ئەمانە بناغەی متمانە دادەڕێژن کە پێکهێنەری سەرەکی هاوکاری و گەشەی کەسێتی و پەیوەندییەکانە.

یەکێکی دیکە لە نمونەکان کەرامەتی مرۆڤە. ڕاگەیاندنەکەی سەربەخۆیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا باس لەم بنەمایە دەکات. "ئێمە ئەم ڕاستییانەی خوارەوەمان لەلا ڕوون و ئاشکرایە: هەموو مرۆڤەکان بە یەکسانی دروستکراون و دروستکەرەکەیان چەند مافێکی پێبەخشیون کە نابێت زەوت بکرێن، بۆ نمونە مافی ژیان، ئازادی و هەوڵدان بۆ کامەرانی."

بنەمایەکی دیکەیش، بریتییە لە خزمەت، یان بیرۆکەی بەشداریکردن. یەکێکی دیکە بریتییە لە چالاکی و هەڵکەوتویی. بنەمای لەباردابوونیش هەیە، بیرۆکەی ئەوەی ئێمە مەلۆتکەین و دەتوانین گەورە ببین و گەشە بکەین و شتی زیاتر و زیاترمان لەباردا بێت، بەهرەی زیاتر و زیاترمان تیا دروست ببێت. بنەمایەکی دیکە کە زۆر پەیوەندی بە لەباردابوون هەیە ئەویش بنەمای گەشەکردنە - کە بریتییە لە پرۆسەی ڕێگە کردنەوە بۆ ئەو شتانەی لەبارماندایە و گەشەدان بە بەهرەکانمان، کە هاوکات پێویستمان بە چەند بنەمایەکی دیکە هەیە وەك خۆڕاگری، پشوودرێژی و هاندان.

بنەماکان بریتی نین لە کردار. کردار بریتییە لە چالاکی یان کردەیەکی تایبەت. ئەو کردارەی کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا سەرکەوتو دەبێت، مەرج نییە لە هەلومەرجێکی دیکەدا هەمان سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، وەك ئەو دایك و باوکانەی کە دەیانەوێت منداڵی دووەمیان ڕێك وەك منداڵی یەکەمیان پەروەردە بکەن،

Scanned by CamScanner

دواتر بە کردەوە بۆیان دەردەکەوێت کە ئەمە کارێکی ئەستەمە.

لە کاتێکدا کە کردارەکان پەیوەستن بە هەلومەرجەوە، بنەماکان کۆمەڵە راستییەکی قوڵ و بنەڕەتین کە لە سەرتاپای جیهاندا دەگرێت جێبەجێ بکرێن. بنەماکان بەسەر تاکەکاندا، بەسەر هاوسەرگیریدا، بەسەر خێزاندا، بەسەر دامەزراوە هەمەچەشنە تایبەتی و گشتییەکاندا جێبەجێ دەبن. کاتێک ئەم پرنسیپانەیان لێ دروست دەکرێت، هێزی ئەوە دەدەنە خەڵک کە بتوانن چەندین چالاکی جیاجیا ئەنجام بدەن و لەگەڵ بارودۆخە جیاجیاکاندا مامەڵە بکەن.

پرنسیپ بریتی نییە لە بەها. کۆمەڵە دزێک رەنگە چەند بەهایەکیان هەبێت، بەڵام هەندێک لەو پرنسیپە بنەڕەتییانە پێشێل دەکەن کە لەسەرەوە باسمان کردن. پرنسیپەکان بریتین لە خاکەکە (وڵاتەکە). بەهاکان نەخشەکانن. کاتێک پرنسیپە راست و دروستەکان دەنرخێنین، هەقیقەتمان دەست دەکەوێت - کە بریتییە لەوەی شتەکان وەک خۆیان بناسین.

بنەماکان بریتین لەو رێنیشاندەرانەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ کە سەلمێنراوە خۆڕاگرن و نرخی هەمیشەییان هەیە. بنەڕەتین. ناتوانیت مشتومڕیان دەربارە بکەیت چونکە خۆیان سەلمێنەری خۆیانن. یەکێک لە رێگە سادەکان بۆ روونکردنەوەی خەسڵەتی خۆسەلمێنەریی ئەو بنەمایانە ئەوەیە بیر لەوە بکەیتەوە کە ژیانێکی باشت هەبێت کە لەسەر پێچەوانەی ئەم بنەمایانە بنیاد نرابێت. گومان دەکەم کەسێک هەبێت بە جددی وا بیربکاتەوە کە نادادپەروەری، فێڵ، سوکێتی، بێ سوودی، کەمتوانایی، یان گەندەڵی بتوانن ببنە بناغەیەکی بەهێز بۆ خۆشی و سەرکەوتنی بەردەوام. رەنگە خەڵک مشتومڕ بکەن دەربارەی چۆنێتی پێناسەکردن و دەربڕین و بەدەستهێنانی ئەم پرنسیپانە، بەڵام لە ویژدان و ئاگاییماندا چێنراوە کە ئەم پرنسیپانە هەن.

تا زیاتر نەخشەکان و پارادایمەکانمان بەسترابن بەم پرنسیپ و یاسا سروشتییانەوە، وردتر و کاراتر دەبن. نەخشە دروستەکان بێ ئەندازە کاریگەریی لەسەر کارایی کەسێتی و پەیوەندییەکانمان دروست دەکەن، زیاتر لە هەر هەوڵ و رەنجێک کە بیدەین بۆ گۆڕینی هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانمان.

Scanned by CamScanner

پرنسیپەکانی گەشەکردن و گۆڕان

باق و بریقی ئاکارە کەسێتییەکان و هێزەی رواڵەتییەکەی لەوەدایە کە ئامرازێکی ئاسان و خێرایە بۆ بەدەستهێنانی شێوازێکی بەرزی ژیان — دەسەڵات و سامان و پەیوەندی چاك و پتەو لەگەڵ خەڵکیدا. بێ ئەوەی بە هەنگاوە سروشتییەکانی کارو گەشەکردندا تێبپەڕێت کە پێویستن.

دیارە ئەمە تەنیا هەر قسەیەکی بەتاڵە. وەك ئەو سیحرە منالآنەیە وایە کە دەڵێت "ئادەی ببە بە فلان شت" یان لەو خەیاڵە دەچێت کە لەپڕ مرۆڤ دەوڵەمەندببێت، بێ هیچ خۆماندوکردنێك. مەسەلەکە بە رواڵەت رەنگە شتێکی کردەنی بێت بەڵام لە واقیعدا وانییە.

ئاکارە کەسێتییەکان کڵاوی بابردون و مرۆڤ دەخەڵەتێنن. پەیڕەوکردنی ئەم کارانە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە بەرز و چارەسەرە خێراکان وەك ئەوە وایە بە رێنمایی نەخشەیەکی شاری دیترۆیت بتەوێت بچیتە شوێنێکی دیاریکراو لە شیکاگۆ.

(ئێریك فرۆم) چاودێرێکی زرنگی رەگ و بەروبومەکانی ئەم ئاکارە کەسێتیانەیە و دەڵێت:

"ئێمە ئەمڕۆ مرۆڤێك دەبینین وەکو رۆبۆت رەفتار دەکات، نە خۆی دەناسێت و نە لێی تێدەگات، ئەم رۆبۆتە تەنیا (یەك) کەس دەناسێت کە دەبوایە ئەو کەسە خۆی بوایە. کەسێك کە لەبری قسەی چاك و بەکەڵك هەر خەریکی چەنەبازییە، کەسێك کە زەردەخەنەیەکی دەستکرد شوێنی پێکەنینە راستەقینەکەی گرتۆتەوە. کەسێك کە نائومێدییەکی خەمبار شوێنی بە ئازارە راستەقینەکەی لێژ کردووە. سەبارەت بەم جۆرە مرۆڤە دەتوانین دوو (شت) بڵێین. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە لەرووی خۆڕسکی و کەسێتییەوە ناتەواوە و دەردەکەی دەرمانی نییە دووەمیش ئەوەیە کە ئەم مرۆڤە یەکێکە لە ملیۆنانی وەکو ئێمە کە بەسەر زەویدا دێن و دەچین."

لە ژیاندا بە شێوەیەکی گشتی، چەند قۆناغێکی زنجیرەیی هەن بۆ گەشەکردن و پێشکەوتن. منداڵ لە پێشەوە فێری تلدان دەبێت، ئینجا دانیشتن و پاشان گاگۆڵکێ و ئینجا رۆیشتن و راکردن. هەر قۆناغێك لەو قۆناغانە (گرنگە) و کاتی دەوێت و

ناتوانرێت تێبپەڕێنرێت.

ئەم قسەیە بۆ هەمو قۆناغەکانی ژیانیش، بۆ تێکڕای بوارەکانی گەشەکردنیش ڕاستن. هەم بۆ ئەو کەسە ڕاستە کە دەیەوێت فێری ژەنینی ئامێرێکی مۆسیقا ببێت، هەم بۆ ئەو کارمەندەش کە دەیەوێت گفتوگۆی کاریگەر فێرببێت لەگەڵ هاوکارەکەیدا. هەم بۆ تاك تاکی کۆمەڵگا ڕاستە، هەم بۆ هاوسەرگیری و خێزان و دامودەزگاکانیش.

ئێمە هەمومان ئەم ڕاستیە دەزانین و پرنسیپی پلەبەندیمان قبوڵە لە بواری بابەتە سروشتییەکاندا، کەچی تێگەیشتنیمان پێ زەحمەت و نامۆیە لە بوارەکانی سۆزداریی و پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و تەنانەت لە بوارە تایبەتەکانی خۆشماندا. ئەگەر تێشیبگەین ئەوا قبوڵکردنی و هەڵکردن لەگەڵیدا نامۆتر و زەحمەتترە. لە ئاکامی ئەمەشدا ئێمە زۆر جار ڕێگە کورتکراو و قەدبڕەکان دەگرینە بەر، بەو هیوایەی کە بازدان بەسەر هەندێك لەو قۆناغە گرنگانەدا کات و ماندوبونێکی زۆرمان بۆ دەگێڕێتەوە و لەهەمان کاتیشدا چاوەڕوانی ئەنجامی چاك دەکەین.

بەڵام ئایا قەدبڕکردنی ئەو گەشەکردنە سروشتییە لە ڕێڕەوی نەش‌ونماکردن و گەشەکردنماندا چ ئاکامێکی لێ دەکەوێتەوە؟ بۆ نمونە تۆ ئەگەر لە یاری تێنسدا ئاستێکی مام ناوەندیت هەبێت و بتەوێت لە ئاستێکی بەرزتردا یاری بکەیت بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی باشتر لەبارەوە وەربگیرێت ئایا ئەنجامەکە چۆن دەکەوێتەوە؟ ئایا تەنیا هەر نیاز و بیرکردنەوەی باش بەسن بۆ ئەوەی بتوانیت لە یاریزانێکی پیشەیی ببەیتەوە؟

یان چی ڕوودەدات ئەگەر شتێکی سەرەتایی لە ئامێری پیانۆ بزانیت بەڵام بچیت لە کۆنسێرتێکدا وەکو مۆسیقا ژەنێکی پیشەیی پیانۆ لێ بدەیت؟

وەڵامەکان ڕوون و ئاشکران. مەحاڵە بتوانیت پلە بەندییەکانی بواری گەشەکردن تێبپەڕێنیت یاخود فەرامۆشی بکەیت. ئەمە شتێکە دژی یاساکانی سروشت. هەوڵی قەدبڕکردن تەنیا هەر شکست و نائومێدی لێ دەکەوێتەوە.

ئێستا پێوەرێك بهێنەرە بەرچاوی خۆت لە (١٠) پلە پێکهاتبێت. تۆ ئەگەر لە ئاستی پلەی دووەمدا پۆلێن کرابیت و ئارەزومەندبیت بگەیتە پلەی پێنجەم، ئەوا

Scanned by CamScanner

لە بواری وەرزش و مۆسیقادا مرۆڤ زەحمەتە بتوانێت خەڵکەکە چەواشە بکات و ئاستی راستەقینەی خۆی بشارێتەوەو بە درۆوە خۆی دەربخات. لەبەرئەوە لەم بوارانەدا ئاستی گەشەکردنمان روون و ئاشکرایە. بەڵام لەبوارەکانی گەشەکردنی کەسایەتی و سۆزداریماندا مەسەلەکە هێندە ئاشکرا نییە. بەئاسانی دەتوانین بە بەرچاوی هاوبەشەکەمان یاخود کەسێکی نەناسیاوەوە پۆز لێ بدەین و بە جۆرێکی دیکە خۆمان بنوێنین. چۆنمان بوێت دەتوانین وا خۆمان دەربخەین و تا ماوەیەکیش بێ هیچ کێشەیەک لەسەر ئەو رەفتارە بەردەوام ببین. تەنانەت دەتوانین فێڵ لە خودی خۆشمان بکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە کە ئێمە زۆربەمان خۆمان دەناسین و تەنانەت بەشێکی زۆری ناسیاوو هاوکاریشمان دەمانناسن.

من لە زۆر بواردا، بە تایبەت لە بواری بازرگانیدا، ئەنجامی ئەو هەوڵانەم بینیوە کە ویستویانە پلەبەندییە سروشتییەکەی گەشەکردن قەدبڕ بکەن، بۆ نمونە، کاتێک کە بزنسمانەکان ویستویانە لەڕێی پەیڕەوکردنی کەلتورێکی نوێوە ئەوە رابگەیەنن کە گوایە دەیانەوێت بەرهەمەکە چاکتر بکەن و متمانەی کڕیار بەدەست بهێننەوە و خزمەتییان بکەن بە وتاری پڕ باقوبریق و رووی خۆش و دەست تێوەردانی دەرەکی، یاخود بە تێکەڵکردنی کۆمپانیاکان و بەدەستهێنانی زۆرەکی و .. تاد. بەڵام بزنسمانەکان بەم رەفتارەیان ئەو راستییە فەرامۆش دەکەن کە ئەم هەڵوێستە قۆرخکارییانە متمانە کەم دەکەنەوە و کاتێکیش ئەم ئامرازانە شکست دەهێنن، ئەوان یەکسەر بەدوای ئامرازگەلی دیکەدا دەگەڕێن لەناو سیستمی ئاکارە رەوشتییە خودییەکاندا کە سەرکەوتن مسۆگەر دەکەن — هەمیشە پرنسیپەکان و هەنگاوەکانی پلەبەندییە سروشتییەکان فەرامۆش دەکەن کە پێویستن و بناغەی کەلتورە متمانەدارەکانن.

بیرم دێت چەندین ساڵ لەمەوبەر منی باوک ئەم پرنسیپەم پێشێل کرد، ئەویش ئەو رۆژە بو کە جەژنی یادی سێ ساڵەی لەدایکبونی کچەکەم بو. کە چومەوە ماڵەوە تەماشام کرد کچەکەم چۆتە گۆشەیەکەوە بە تەنیا و هەمو دیارییەکانی لەخۆی کۆکردۆتەوە و بە ئامان و زەمان قایل نابێت هیچ منداڵێک لەگەڵیدا یارییان پێبکات. سەرنجم دا زۆرێک لە باوکی ئەو منداڵانە تەماشای رەفتارە خۆپەرستانەکەی کچەکەم دەکەن. ئەو هەڵوێستە بۆ من زۆر ناخۆش بو، بەتایبەت کە هەر ئەو ماوەیە من لە

Scanned by CamScanner

پێویستە یەکەمجار بەرەو ئاستی سێیەم هەنگاو بنێیت. "گەشتی هەزار میل بە یەکەم هەنگاو دەست پێدەکات" و مرۆڤیش هەمو جارێك دەتوانێت تەنیا (یەك) هەنگاو بنێت.

تۆ ئەگەر بوار بە مامۆستاکەت نەدەیت لەڕێی پرسیار و تاقیکردنەوەوە ئاستەکەت دیاری بکات ئەوا هەرگیز نە فێر دەبیت و نە گەورە دەبیت. مرۆڤ ناتوانێت بەردەوام خۆی بە پێچەوانەی ئەو شتەوە دەربخات کە لەراستیدا وایە، چونکە دواجار راستییەکە هەر دەردەکەوێت. لە کاروانی فێربوندا یەکەم هەنگاو ئەوەیە ددان بنێیت بە نەزانییەکەی خۆماندا. ثۆرۆ Thoreau فێری کردوین کە "گەشەکردنمان پێویستی بەوەیە کە لەبیرمان بێت ئێمە نەزانین، بەڵام ئەگەر هەمیشە خۆمان بە زانا بزانین چۆن نەزانبونی خۆمان بیر دەکەوێتەوە؟"

بیرمە جارێکیان دوو کیژی گەنج، کە کچی برادەرێکم بون، بە گریان هاتنە لام و باسی دڵرەقی و توندوتیژی باوکیان بۆ کردم کە چۆن تێیان ناگات و ئەمانیش ناتوانن لەوبارەوەیە قسەی لەگەڵدا بکەن چونکە دەترسن دەرەنجامەکە خراپتری لێ بێت، هەرچەندە زۆر پێویستیان بە سۆز و لێتێگەیشتن و رێنمایی دایك و باوکیان هەبو.

من لەگەڵ باوکەکەیاندا قسەم کردو بۆم دەرکەوت ئەو تەواو ئاگاداری دۆخەکەیە و دەزانێت چی روودەدات. ئەو هەرچەندە وتی بەڵێ من مرۆڤێکی تورەو کەم چیکڵدانەم، بەڵام قبوڵی نەبو بەرپرسیارێتی ئەنجامەکان بگرێتە ئەستۆ و ددانی بەوەشدا نەنا کە لەرووی سۆزدارییەوە بە باشی گەشەی نەکردووە. فێرو خۆ بە گەورە زانین لەم کابرایەدا زۆر لەوە بەهێزتر بون دەستپێشخەری بکات و رەفتاری بگۆڕێت.

ئێمە لە پێناوی دروستکردنی پەیوەندیی کاریگەردا لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و هاوڕێ و هاوکارەکانماندا پێویستە فێر ببین گوێ بگرین. ئەمەش مەسەلەیەکە هێزێکی سۆزداریی گەورەی پێویستە. گوێگرتن پشوودرێژیی و کرانەوەی پێویستە. کەسێك کە گوێ دەگرێت مانای وایە مەبەستێتی تێبگات. ئەمانەش —پشوو درێژی و کرانەوە و ئارەزووی تێگەیشتن — خەسڵەتی بەرزی مرۆڤن. هیچ لەوە ئاسانتر نییە لە ئاستێکی نزمی سۆزدارییەوە رەفتار بکەیت و هەر خەریکی ئامۆژگاریکردن بیت.

Scanned by CamScanner

زانکۆ موحازەرەم دەگوتەوە دەربارەی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەو خەڵکە چاوەڕێی چی لە من دەکەن و کچەکەم چ رەفتارێك دەنوێنێت!!

دۆخی ژوورەکە زۆر شڵەژابو. منداڵەکان هەمویان کۆمەڵیان لە کچەکەم بەستبو، دەیانویست رێگەیان بدات یاری بەو دیارییانە بکەن کە خۆیان لەم بۆنەیەدا بۆیان هێنابو. کچەکەشم زۆر کەللەرەقانە نەیدەهێشت و قایل نەدەبو. ئیتر منیش لە دڵی خۆمدا وتم "پێویستە کچەکەم فێر بکەم کە بەشداریکردن بەهایەکی گەورەی هەیە و یەکێکە لەو شتە گرنگانەی کە ئێمە بڕوامان پێیەتی."

لەسەرەتادا داواکارییەکی بچکۆلەم لێ کرد، وتم "ئازیزەکەم تکایە هاوڕێکانت بەشدار بکە لەو یارییانەی کە بە دیاری پێشکەشیان کردویت"

وەڵامەکەی زۆر ئاشکرابو: نا

هەنگاوی داهاتوم ئەوەبو هەوڵ بدەم قایلی بکەم. "ئازیز گیان ئەگەر تۆ رێگەیان بدەیت لە ماڵەکەی خۆتدا بەشداربن لە یارییەکانتدا، ئیتر کە تۆ چوویتە ماڵی ئەوان ئەوانیش بەشدارت دەکەن لە یارییەکانیاندا"

ئەمجارەش یەکسەر وەڵامی دامەوە: نا

ئیتر زیاتر هەستم کرد تیاماوم و ناتوانم کاربکەم لەسەر بڕیارەکە. شێوازی سێیەم کە گرتمەبەر شێوازی بەرتیلپێدان بو. بەوپەڕی نەرمونیانییەوە پێم وت "ئازیزەکەم، ئەگەر بەشداریان بکەیت، شتێکی زۆر خۆشم بۆ داناویت. بنێشتێکت دەدەمێ"

بە دەنگی بەرز هاواری کرد: بنێشتم ناوێت

بەمە ئیتر تووڕەیی دایگرتم، بۆیە لە هەوڵی چوارەمدا پەنام بردە بەر هەڕەشەو ترساندن: "با ئەوانیش لەگەڵتدا یاری بکەن ئەگینا خراپت چاو پێدەکەوێت"

بە دەم گریانەوە وتی "گرنگ نییە. ئەو یارییانە یاری خۆمن و بەشی کەسی لێ نادەم."

دواجار پەنام بردە بەر زۆرەملێ و هەندێك لە یارییەکانم لێ سەند و دام بە منداڵەکانی دیکە "دەی منداڵینە وەرن یارییان پێبکەن."

رەنگە کچەکەم پێویستی بەوە بوبێت یەکەمجار هەستی خاوەندارێتی تاقی بکاتەوە پێش ئەوەی بتوانێت ببەخشێت. (لەڕاستیشدا هەر وایە. من ئەگەر

خاوەنی شتێك نەبم ئایا دەتوانم بیبەخشم" من وەکو باوکی ئەو پێویست بو پێشگەیشتوانەتر ئەو ئەزمونەم فێربکردایە. بەڵام لەو چرکەساتەدا راوبۆچونی ئەو باوکانەم زۆر لا گرنگتر بو لە ئاستی نەشونماکردن و پێگەیشتنی کچەکەم و پەیوەندی نێوانمان. ئەو رەفتارەی من بە سادەیی بریتی بو لە راگەیاندنی بڕیارێك کە من لەسەر هەقم و پێویستە ئەو رێگە بە منداڵەکانی دیکە بدات یاری لەگەڵ بکەن و ئەگەر وانەکات مانای وایە هەڵەیە. رەنگە من بەو کارەم زیادەڕۆییم کردبێت لە سەپاندنی هەڵوێستێك بەرزتر لە هەڵوێستی خۆی کە لێی چاوەڕوان بوم و هۆکارەکەشی ئەوەبو کە من لە ئاستێکی نزمدا بوم بەپێی پێوەرە تایبەتەکانی خۆم چونکە نەمدەتوانی و حەزم نەدەکرد پشودرێژی بنوێنم و هەوڵ بدەم لێی تێبگەم، لەبەر ئەوە وام لێ رادەبینی کە شتەکانی ببەخشێت. جا بۆ قەرەبوکردنەوەی سەرنەکەوتنم لەو هەوڵەدا پەنام بردە بەر هێزی پێگەو دەسەڵاتی خۆم و بەزۆر ناچارم کرد ئەوە بکات کە من دەمەوێت.

بەڵام سەپاندنی هێز لاوازیی دروست دەکات. ئەو کەسە لاواز دەکات کە پەنای بۆ دەبات چونکە ئیتر وای لێ دێت بۆ رۆزگارکردنی شتەکان پشت بە هۆکارە دەرەکییەکان ببەستێت. هەروەها لاوازییش لەو کەسەدا دروست دەکات کە ملکەچ کراوە. رێی ئەوەی لێ دەگرێت بە رێگایەکی سەربەخۆ و ئەقڵانی بیر بکاتەوە و گەشە بکات. هەروەها رێ لە پێوەرە ناوخۆییەکانیش دەگرێت. دواجاریش سەپاندنی هێز پەیوەندییەکانیش لاواز دەکات چونکە لەبری هاوکاریکردنی یەکتری ترس باڵادەست دەبێت و هەردولا زیاتر پەنا بۆ خۆسەپاندن و هەڵوێستی بەرگریکاری دەبەن. ئینجا ئایا سەرچاوەی هێزە سەپێنراوەکە چی بەسەردێت کە رەنگە قەوارەیەکی مەزن بێت یاخود هێزێکی جەستەیی بێت یاخود دەسەڵات و پۆستێك بێت؛ سیمبولێکی نیشتمانی بێت، دیاردەیەك بێت، رابردویەکی شکۆدار بێت .. تاد. ئایا ئەم سەرچاوەیە پێگەکەی خۆی لەدەست دەدات؟

من ئەگەر پێگەیشتوتر بومایە ئەوا بە دڵنیاییەوە پشتم بە هێزە شاراوەکەی ناخی خۆم دەبەست بۆ ئەوەی لە گەشەکردن و بەشدارییکردن تێبگەم و توانای خۆشەویستی و پەروەردەکردنم هەبێت و کچەکەمم سەرپشك دەکرد خۆی ئازاد بێت لەوەی ئایا حەزی لێیە رێ بە منداڵەکان بدات یاری لەگەڵدا بکەن یان نا. رەنگە

Scanned by CamScanner

دواتریش بمتوانیایە منالەکانی دیکە بە یارییەکی خۆشەوە سەرگەرم بکەم و ئەو هەمو گوشارەم لەسەر کچەکەم هەڵبگرتایە. من لەم ئەزمونەوە فێربوم کە ئەگەر منالْ بەراستی هەست بە خاوەندارێتی بکات و دڵنیابێت لەوەی ئەو شتە موڵکی خۆیەتی ئەوا بەوپەڕی ئازادی و خۆڕسکییەوە منالەکانی دیکەش بە شێوەیەکی سروشتی بەشدار دەکات. پوختەی ئەزمونەکەم ئەوەبو کە هەمو کاتێک گونجاو نییە بۆ فێرکردن. کات هەیە فێرکردن تیایدا گونجاوە و کاتی واش هەیە بەکەڵکی فێرکردن نایەت. کاتێک کەشەکە لەبار نەبێت و لایەنەکان تورەیی دایگرتبن و پەیوەندییەکان لە قەیراندا بن ئەوا هەر هەوڵێک بدەیت بۆ فێرکردن وا لێک دەدرێتەوە کە شێوازێکە لە خۆسەپاندن و رەتکردنەوە. بەڵام ئەگەر منالەکەمان بە هێمنی بردە پەنایەکەوە و پەیوەندییەکانیش لە ئاستێکی باشدا بون و سەبارەت بە مەسەلەکە گفتوگۆمان کرد و بایەخی ئامانجەکەمان رون کردەوە ئەوا ئەنجامەکە زۆر کاریگەرتر دەبێت. لەمەوە بۆم دەردەکەوێت کە من لەروی سۆزدارییەوە هێندە پێگەیشتو نەبوم کە ئەوکاتە بتوانم دان بە خۆمدا بگرم و پشودرێژی بنوێنم. رەنگە هەستکردن بە خاوەندارێتی وا پێویست بکات بکەوێتە پێش هەستی بەشدارییکردنی راستەقینە و واش دێتە بەرچاو کە زۆربەی ئەو کەسانەی بێ‌هیچ ئەملاو ئەولایەك شتەکانیان دەبەخشن یاخود بە پێچەوانەوە هەمو بەخشش و بەشدارییەك بۆ هاوسەرو خێزانەکانیان رەت دەکەنەوە رەنگە هەرگیز تامی خاوەندارێتییان نەچەشتبێت و هەستیان بە ناسنامە و بەهای تایبەتی خۆیان نەکردبێت. هاوکاریکردنی راستەقینەی منالەکانمان بۆ ئەوەی گەشە بکەن پێویستی بەوە هەیە پشودرێژییەکی زۆر بنوێنین تا بتوانین هەستی خاوەندارێتییان تیادروست ببێت، هەروەها هێندەش حەکیم بین بتوانین تێیان بگەیەنین بەخشندەیی چەند شتێکی بەهادارە. پێویستە خۆشمان لەم مەسەلەیەدا سەرمەشق و نمونە بین.

کێشەکە لەوەدایە چۆن کێشەکە دەبینین

خەڵك خۆشحاڵ دەبن کە دەبینن روداوی خۆش لە ژیانی کەس و خێزان و رێکخراوە خاوەن پرنسیپەکانیاندا رودەدەن. سەرسامی خۆیان دەنوێنن لەئاست ئەو

پێگەیشتویی و کەسایەتییە بەهێزەدا، لەئاست ئەو یەکگرتوییەی خێزان و کاری پێکەوەییەدا، لەئاست ئەو کەلتورە نەرمو پڕ لە هاوکارییەدا.

داواکاری خێراشیان ڕەنگدانەوەیەکی ئاشکرای پارادیمە بنەڕەتییەکانیانە. ئەوان کە دەپرسن چۆن ئەو کارەت بەئەنجام گەیاند. ئایا منیش فێردەکەیت؟ لەڕاستیدا مەبەستیان ئەوەیە بڵێن هەندێك ئامۆژگاری و ڕێگاچارەی خێرامان پێ بڵێ ئازارەکانمان بیر بباتەوە.

لەئەنجامیشدا دەتوانن هەندێ کەسی وا بدۆزنەوە کە وەڵامدەری داخوازییەکانیان بێت و ئەو شتانەیان فێر بکات. تا ماوەیەکی کەمیش لە ڕواڵەتدا وا دەردەکەوێت کە ئەم ئامراز و شارەزاییانە توانیویانە ئامانجەکانی خۆیان بپێکن، نەك هەر ئەوە بەڵکو ڕەنگە لەڕێی هەڵوێستی ئازارشکێن و ئامرازە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەشێك لە کێشە دێرین و تازەکان کەم بکەنەوە.

بەڵام نەخۆشییە درێژخایەنە شاراوەکان هەردەمێنن و کۆمەڵێك نیشانەی نوێی دیکەشیان لێ دەردەکەوێت. خەڵکەکەش هەتا زیاتر بەدوای چارەسەری خێرادا بگەڕێن و خوو بدەنە کێشەو ئازارە تیژو کتوپڕەکان ئەوا ئەم شێوازە زیاتر کاریگەری خراپ دەکاتە سەر نەخۆشییە درێژخایەنە شاراوەکان. ئەو شێوازەی کە کێشەکەی پێ دەبینین خۆی لە خۆیدا کێشەیە.

دەتوانیت جارێکی دیکەش بگەڕێیتەوە بۆ هەندێك لەو مەسەلانەی کە لەسەرەتای ئەم بەشەدا باسمان کردن، هەروەها دەشتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ دەوروتەنسیری شێوازی بیرکردنەوە بە ڕێکارە خودییەکان.

"من لە بواری کارگێڕی باشدا چەندین خولی ڕاهێنانم بینیوە. شتی زۆر لە کارمەندەکانی ژێر دەستی خۆم ڕادەبینم و ئەوپەڕی هەوڵ دەدەم بە باشی مامەڵەیان بکەمو ڕوخۆش و نەرمو نیان بم لەگەڵیاندا. بەڵام هەست ناکەم ئەوان هیچ هەستێکی باشیان هەبێت بەرامبەر بە من. لەو باوەڕەدام کە ئەگەر ڕۆژێك نەخۆش بکەوم و نەچمەوە بۆسەرکارەکەم ئەوان زۆربەی کاتەکە لە دەوری حەوزەکەی فەرمانگە کۆدەبنەوەو خەریکی چەنەبازی دەبن. نازانم بۆچی ناتوانم ڕایان بهێنم لەسەر ئەوەی سەربەخۆ بنو هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، یان کارمەندی وا بدۆزمەوە کە بتوانن شتی وا بکەن؟"

ئاکارە رەوشتییە خودییەکان پێم دەڵێت کە من دەتوانم کارێکی دراماتیکی وا بکەم کە مەسەلەکان هەڵگێڕێتەوە و ئەوانەی ژێردەستی خۆم وا لێ بکات دڵیان لە خۆشیان پیس ببێت و سوپاسگوزاری ئەم دۆخەی ئێستایان بن. یاخود تێکەڵی پرۆگرامێکی راهێنانی هاندەری وابن کە ناچاریان بکات تەواو پابەندبن یاخود تەنانەت هەوڵ بدرێت خەڵکی وا بخرێتە شوێنیان کە کارەکانیان باشتر رابپەڕێنن.

بەڵام ئایا ئەم چوارچێوە رواڵەتییەی پابەندنەبون دەتوانێت پرسیاری ئەوە لە فەرمانبەرەکان بکات کە ئایا من بەڕاستی لە پێناوی ئەوپەڕی قازانجی ئەواندا کار دەکەم؟ ئایا هەستی ئەوەیان هەیە من وەکو رۆبۆت تەماشایان دەکەم؟ ئایا ئەم قسەیە هیچ راستییەکی تێدایە؟ ئایا من لە ناخی خۆمدا ئەمان بەم شێوەیە دەبینم؟ ئایا رێی تێدەچێت بەشێك لە کێشەکە ئەوە بێت من چۆن تەماشای ئەوانە دەکەم کە کارم لەگەڵدا دەکەن؟

هەمومان وا هەست دەکەین ئەرکێکی زۆرمان لەپێشە، بەڵام هەرگیز کاتی تەواویشمان لەبەردەستدا نییە. "رۆژ تا ئێوارە لەژێر گوشاردام و هەست بە ناڕەحەتی دەکەم، هەمو رۆژێك حەوت رۆژی رەبەق لە هەفتەیەکدا. چەندین کۆڕو سیمینار چوم دەربارەی بەڕێوەبردنی کات. هەروەها نیو دەرزەن نەخشەی جیاجیاشم تاقی کردۆتەوە، ناڵێم ئەوانە هیچ سودیان نەبووە بەڵام هێشتا هەست بە ئاسودەیی ناکەم و ئەو ژیانە هێمن و بەسودەم نییە کە خۆم دەمەوێت؟"

ئاکارە رەوشتییە خودییەکان دەڵێن پێویستە رێگەیەکی دەربازبون هەبێت – پلانێکی نوێ یاخود سیمینارێکی وا کە یارمەتیم بدات مامەڵە لەگەڵ ئەم هەمو گوشارانەدا بکەم بە شێوەیەکی کاریگەرتر.

بەڵام ئایا رێی تێدەچێت وەڵامەکە لێهاتویی نەبێت؟ ئایا بەرهەمی زۆرتر لەکاتی کەمتردا هیچ جیاوازیەك دروست دەکات؟ یاخود تەنیا دەبێتە زیادکردنی تێکرای ئەو کاتەی کە من کاردانەوە دەنوێنم بەرامبەر بەو بارودۆخ و مرۆڤانەی کە پێدەچێت ژیانی منیان کۆنترۆڵ کردبێت.

ئایا شتێك هەیە وا پێویست بکات من قوڵتر و بنەڕەتییانەتر ببینم؟ پارادیمێکی ناخی خۆم کە کاربکاتە سەر ئەو شێوازەی من سروشتی خۆم و ژیانی خۆم و کاتی خۆمی پێدەبینم؟

Scanned by CamScanner

"ژیانی هاوسەریم فلات و بێ تامە. چیتر خەریکی شەڕ و دەنگەدەنگ نین؛ بەڵام چیتر یەکتریشمان خۆش ناوێت. چوینە لای راوێژکارییش؛ گەڵ شێوازیشیمان تاقی کردۆتەوە، بەڵام نەمانتوانی ئەو گڕو تینە زیندو بکەینەوە کە جاران بۆ یەکتری هەمانبو."

ناکارە رەوشتییە خودییەکان دەڵێت پێوستە کتێبێکی نوێ یاخود کۆڕێك هەبێت خەڵك تیایدا کۆببنەوە بۆ ئەوەی بە ئاشکرا هەستی خۆیان دەربڕن بە جۆرێکی وا یارمەتی هاوسەرەکەم بدات بتوانێت باشتر لێم تێبگات. یاخود رەنگە ئەمە شتێکی بێسود بێت و هیچ چارێکم نییە جگە لەوەی کە تەنیا پەیوەندییەکی نوێ دەتوانێت ئەو خۆشەویستییەم بۆ دابین بکات کە لێم ون بووە.

بەڵام ئایا رێی تێدەچێت کێشە راستەقینەکە خودی هاوسەرەکەم نەبێت؟ ئایا رێی تێدەچێت ئەوەی بەدوای خاڵە لاوازەکانی هاوسەرەکەمدا دەگەڕێت و گەورەیان دەکات من بم و خۆم هۆکاری ئەوەبم لە ژیاندا بەم شێوەیە رەفتارم لەگەڵدا بکرێت؟

ئایا سەبارەت بە هاوسەرەکەم و هاوسەرگیری و پێناسەی خۆشەویستی راستەقینە من خاوەنی پارادیمێکی بنەڕەتی وام کە سەرچاوەی ئەم کێشەیەم بێت؟

ئایا ئێستا بۆت دەرکەوت کە پارادیمەکانی ناکاری خودی چ رۆڵێکی کاریگەریان هەیە لە زیادکردنی ئەو شێوازەی کە کێشەکانی خۆمانیان پێ دەبینین و چۆن هەوڵی چارەسەرکردنیان دەدەین؟

ئێمەی مرۆڤ پێ بزانین یان نەزانین زۆربەمان دەرباز بوین لەو خەیاڵەی کە بەڵێنە بەتاڵەکانی ناکارە خودییەکان هەڵگریانن. من لە ئەنجامی گەڕان و ئەو کارکردنەمدا لەگەڵ رێکخراوەکاندا دەبینم بەڕێوەبەرەکانی کە قوڵ بیر دەکەنەوە هیچ شتێك هێندەی سایکۆلۆجیای هاندان و ئەو قسەکەرە (ئیلهامبەخش)انە پشتیان ساردناکاتەوە کە هیچیان نییە بیڵێن جگە لە چیرۆکی خۆشی پڕ لە قسەی هیچوپوچ.

بەڕێوەبەرە ستراتیجییەکان گەوهەرو میکانیزمیان دەوێت. هەر بە چارەسەری ئازارشکێن و رواڵەتیی قایل نابن. دەیانەوێت کێشە درێژخایەنەکان چارەسەر بکەن کە هۆکاری راستەقینەن. هەروەها دەیانەوێت جەخت بکەنە سەر ئەو پرنسیپانەی کە ئەنجامی دورمەودایان لێ دەکەوێتەوە.

Scanned by CamScanner

ئاستێکی نوێی بیرکردنەوە

ئەلبێرت ئەنیشتاین ئەم تێبینییەی هەبو: "مرۆڤ ناتوانێت کێشە سەرەکییەکانی کە دێنە ڕێی بەو هەمان ئاستی بیرکردنەوەیە چارەسەر بکات کە لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەکاندا هەیبوە."

ئێمە ئەگەر سەرنج لە ناخی خۆمان و لە دەوروبەر بدەین و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشانە بکەین کە لە ژیاندا هاتونەتە ڕێمان و کارلێک بکەین لەگەڵ ئاکارە ڕەوشتییە خودییەکاندا، وردە وردە تێدەگەین کە کێشەکان کێشەی قوڵو گەوهەریین و ناتوانرێت بەو ئاستە ڕواڵەتییە چارەسەر بکرێن کە کێشەکان سەریان تیا هەڵدا.

ئێمە پێویستمان بە ئاستێکی تازەو قوڵتری بیرکردنەوە هەیە، پێویستمان بە پارادیمێکە لەسەر ئەو پرنسیپانە هەڵچنرابێت کە بە وردی باسی هەرێمە کاریگەر و تایبەتەکەی مرۆڤ دەکات و پێکەوە کارلێک دەکەن – بۆ چارەسەرکردنی ئەو مەسەلە قوڵانەی کە مایەی نیگەرانین.

لەڕاستیدا ئەم ئاستە نوێیەی بیرکردنەوە بریتییە لە بابەتی ئەم کتێبە (٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ). کتێبەکە ڕێکارێکە لەسەر بناغەی پرنسیپ و ئاکارە ئایدیالییەکان و ڕێکارێکە کە لە ناوەوە بۆ دەرەوە مامەڵە دەکات لەگەڵ چالاکییەکانی تاک و کۆمەڵ. لە ناوەوە بۆ دەرەوە یاخود لە ناخەوە بۆ ئاشکرا - واتە ئەوەی سەرەتا لە خودی خۆتەوە دەست پێبکەیت. نەك هەر ئەوە، بەڵکو ڕەسەنتر و قوڵتر ئەوەیە سەرەتا بەو بەشەی ناخی خۆت دەست پێبکەیت کە لە هەموان قوڵترە – واتە بە پارادیمەکانت و بە کەسایەتیت و بە پاڵنەرەکانت. ئەم ڕێکارە مانای وایە تۆ ئەگەر بتەوێت لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ژیانێکی بەختەوەرت هەبێت، پێویستە خۆت ئەو کەسە بیت کە وزەی ئەرێنی بەرهەم دەهێنێت و خۆی لە پشتگیریکردن و دروستکردنی وزەی نەرێنی بەدوور دەگرێت. ئەگەر ویستیشت منداڵە هەرزەکارەکان زیاتر گوێڕایەڵت بن و ئەوپەڕی بەختەوەریت پێ ببەخشن، خۆت ببە بەو باوکەی/ دایکەی کە میهرەبانتر و کراوەتر و خۆڕاگرتر و بەسۆزترە. ئەگەر ئارەزومەندیشیت لە بواری کارو پیشەکەتدا ئازادتر و دەستکراوەتر بیت، ببە بەو کارمەندەی کە لە هەموان زیاتر هەست بە لێپرسینەوە دەکات و دەستی یارمەتی درێژ دەکات و بەشداریی هەیە. ئەگەر ویستیشت جێگەی باوەڕو متمانە بیت، شایستەی متمانە

Scanned by CamScanner

بە. ئەگەر ویستیشت لە بەهرەیەکی دداننپیانراودا مەزنێتی لاوەکی بەدەست بهێنیت، سەرەتا جەخت بخەرەسەر مەزنێتی سەرەکیی کەسایەتیت.

رێکاری (لە ناوەوە بۆ دەرەوە) پێمان دەڵێت سەرکەوتنە کەسێتییەکان (تایبەتەکان) دەکەونە پێش سەرکەوتنە دەستەجەمعییەکانەوە. هەروەها پێشمان دەڵێن مرۆڤ پێش ئەوەی بەڵێن بە خەڵکی بدات و بیباتە سەر، پێویستە بەڵێن بە خودی خۆی بدات و بیشیباتەسەر. ئەم رێکارە پێمان دەڵێت مرۆڤ کارێکی بێهوودە دەکات ئەگەر کەسایەتی بخاتە پێش رەفتارەوە (کەسایەتی خودیی پێش کەسایەتی نمونەیی)، یاخود هەوڵ بدات پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵکیدا چاك بكات بەر لەوەی لەگەڵ خودی خۆیدا چاکیان بکات.

لە ناوەوە بۆ دەرەوە پرۆسەیەکی هەنگاو بەهەنگاوە. پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ نوێکردنەوە لەسەر ئەو یاسا سروشتیانەی کە حوکمی گەشەکردن و پێشکەوتنی مرۆڤیان بەدەستە. ئەمە گەشەکردنێکی لولپێچییە بەرەو سەرەوە کە دەمانگەیەنێتە شێوازگەلێکی بڵندتری هاوکاریی کاریگەرانە لەگەڵ خەڵکی و سەربەخۆبونی بەرپرسیار.

من بەهۆی پیشەکەمەوە هەل کارکردنم بۆ هەڵکەوتووە لەگەڵ زۆر کەسدا – کەسانی سەرنجراکێش، بەهرەدار، کەسانێك کە زۆر خولیای بەختەوەری و سەرکەوتنن، کەسانێك کە هەمیشە دەگەڕێن و لێکۆڵینەوە دەکەن، کەسانێك کە ئازار دەگەیەنن. من لەگەڵ بزنسمان و مامۆستای زانکۆ و کۆمەڵە و رێکخراوی مەدەنی و ئایینی و لەگەڵ خێزان و چەندین ژن و مێرددا کارم کردووە .. لەو ماوە درێژەی کارکردنیشمدا هەرگیز نەمبینیوە شتێك هەبێت سەرچاوەکەی لە دەرەوە بێت بۆ ناوەوەو بتوانێت چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، یاخود ببێتە مایەی بەختەوەرییەکی هەمیشەیی و سەرکەوتنێکی بەردەوام.

من بە کردەوە بینیومە هەمو بەرهەمێکی پارادیمی لە دەرەوە بۆ ناوەوە بریتیی بووە لە خەڵکی بەدبەختی خەمبار کە هەست دەکەن هیچیان پێ ناکرێت و بوونەتە قوربانیی؛ کەسانێك کە هەر بەدوای خاڵە لاوازەکانی کەسانی دیکەدا دەگەڕێن و لەو باوەڕەدان کە ئۆباڵی هەمو پەستی و خامۆشییەکیان لە ئەستۆی بارودۆخەکەیاندایە. من چەندین نمونەی هاوسەرگیریی بەدبەخت و ناخۆشم بینیوە کە ژن و مێردەکە

Scanned by CamScanner

هەردوکیان حەزیان کردووە کەسێکی دیکە هاوسەریان بوایە، هەردوکیان تەنیا هەڵەو کەموکورتییەکانی ئەوی دیکە دەبینێت. لەناو کۆمپانیاکاندا چەندین جار ململانێ و ناکۆکیی گەورەم بینیوە کە بونەتە مایەی بەفیڕۆدانی کاتێکی زۆر و تەرخانکردنی وزەو ماندوبونێکی گەورە بۆ دارشتنی یاسا و ڕێنماییگەلێك کە کارمەندەکان چار بکەن بە جۆرێك ڕەفتار بکەن گوایە متمانە لەناویاندا بەرکەماڵە.

خێزانەکەی ئێمە لە سێ ناوچە ژیاون کە لە ناوچە هەرە گەرمەکانی گۆی زەوین – ئەفریقای باشور و ئیسرائیل و ئایرلەندا – و باوەڕم وایە سەرچاوەی کێشە هەمیشەییەکان لەم ناوچانەدا زاڵبونی پارادیمێکی کۆمەڵایەتییە کە شتەکان لە دەرەوە بۆ ناوەوە دەبینێت. گروپەکان لەو سێ شوێنەدا بڕوایان وایە کێشەکە لە دەرەوەدایە و ئەگەر بەرامبەرەکە (ئەوەی دەرەوە) ئەما یاخود گۆڕانکاریی کرد لە خۆیدا ئەوا کێشەکە چارەسەر دەبێت.

بۆ زۆربەی خەڵکەکە لەراستیدا ڕێکاری لە ناوەوە بۆ دەرەوە بە وەرچەرخانێکی دراماتیکی حساب دەکرێت لە پارادیمدا، چونکە خووگرتن بە مەسەلەکانەوە و پارادیمە کۆمەڵایەتیەکەی ئێستا کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر ئاکاری خودی.

بەڵام لە ڕوانگەی ئەزمونی کەسێتی و پیشەیمەوە کە لەگەڵ هەزاران کەسدا هەڵسوکەوتم کردووە و هەروەها بەهۆی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو کەسوکۆمەڵگایانەی کە لە مێژوودا سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست هێناوە گەیشتومە ئەو باوەڕەی کە بەشێکی زۆری پرنسیپەکانی (٧ خووەکە) وان لە قوڵایی ناخ و ویژدان و هۆشی گشتماندا. ناسینەوەو گەشەپێدان و وەگەڕخستنیان بۆ جێبەجێکردنی مەبەستە گرنگەکانمان وا پێویست دەکەن بە شێوازێکی جیاواز بیربکەینەوە و پارادیمەکەمان بگۆڕین بۆ ئاستێکی تازەو قوڵی (لە ناوەوە بۆ دەرەوە).

من تەواو لەسەر ئەو باوەڕەم کە ئەگەر بەردەوام هەوڵ بدەین بۆ تێگەیشتن و چاندنی ئەو پرنسیپانە لە ژیانماندا دەتوانین بەردەوام ئەو ڕاستییە بدۆزینەوە کە شاعیری گەورە تی. ئێس. ئیلیوت تێبینی کردووە:

پێویستە هەرگیز دەستبەرداری گەڕان و دۆزینەوە نەبین. دۆزینەوەکانمان هەمویان دەمانگەیەننە خاڵی دەستپێکردن و وامان لێ دەکەن سەرلەنوێ شوێنەکە بناسینەوە.

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

٧ خووەکە

دیدێکی گشتی

"ئێمە ئەو شتەین کە بەردەوام دووپاتی دەکەینەوە. لەبەرئەوەی هەڵکەوتن کردار نی‌یە بەڵکو خووە."

ئەرستۆ

کەسایەتی مرۆڤ لە بنەڕەتدا کۆمەڵێك خووی ناوێتەیە. حیکمەتێکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: بیرۆکەیەك بچێنە کردارێك بەرهەمەکەیەتی. کردارێك بچێنە خوویەك بەرهەمەکەیەتی. خوویەك بچێنە کەسایەتییەك بەرهەمەکەیەتی. کەسایەتییەك بچێنە چارەنوسێك بەرهەمەکەیەتی.

لە ژیانی ئێمەدا خوو هۆکارێکی بەهێزە و لەبەرئەوەی شێوازێکی نەگۆڕی هەیە و زۆرجار سەرچاوەکەی نەستە، دەبینین رۆژانە و بە شێوەیەکی هەمیشەیی کەسایەتیمان دەردەبڕێت و کاریگەربونمان یان ناکاریگەربونمان بەرهەم دەهێنێت. پەروەردەکاری مەزن، (هۆراس مان Horace Mann) دەڵێت: "خوو وەکو گوریسێك وایە. هەر رۆژەی تاڵێکی لێ دروست دەکەین و هێندە نابات پچڕاندنی مەحاڵ دەبێت". من بەشی کۆتایی قسەکە بەراست نازانم چونکە باوەڕم وایە دەتوانرێت تاڵەکان لێك جیابکرێنەوە و تێك بشکێنرێن. خو دوو جۆری هەیە، یان وەرگیراوە یاخود وەرنەگیراوە. بەڵام شتێکی نەگۆڕ نی‌یە. پێویستی بە پەیڕەوکردن و پابەندبونێکی مەزن هەیە. ئەو کەسانەی کاتی خۆی گەشتی ئاسمانی کەشتییەکەی ئەپۆلۆیان بینی لە شوێنی خۆیاندا وشك بون کاتێك کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا پیاوێکیان بینی چووە سەرمانگ و گەڕایەوە. هیچ سەرسام بون و ستایشکردنێك نەیدەتوانی وەسفی ئەو چەند رۆژە پڕ لە رووداوە بکات. بۆ گەیشتن

Scanned by CamScanner

بەوی، گەشتیوانەکانی ئاسمان دەبوایە بە تەواوی رزگار ببن لە هێزە نائاساییەکەی کێشی زەوی. جا لەبەرئەوە وزەیەکی یەکجار زۆر لە خولەکە سەرەتاییەکانی دەستپێکردندا سەرف کرا، واتە لە چەند کیلۆمەتری سەرەتای گەشتەکەدا، وزەیەک سەرف کرا زیاتر بو لەو وزەیەی کە رۆژانی داهاتو سەرف کرا بۆ بڕینی نزیکەی نیو میلۆن میل.

دیارە خووەکانیش هێزێکی گەورەی کێشکردنیان هەیە، زۆر زیاتر لەوەی کە زۆربەمان پێشبینی دەکەین و ددانی پێدا دەنێین.. تێکشکاندنی خووە قوڵەکانی ناخی مرۆڤ وەك ئیش دواخستن و کەمچیکڵدانەیی و خۆپەرستی و رەخنە و هەروەها ئەو خوانەی دیکەش کە پرنسیپە بنەڕەتییەکانی چالاکبونی مرۆڤ پێشێل دەکەن مەسەلەیەکە تەنیا بە ویستی بەهێز و هەندێك گۆڕانکاریکردنی بچوك لە ژیاندا نایەتەدی بەڵکو شتەکە زۆر لەوە زیاترە. دەستپێکردن هەوڵ و تێکۆشانێکی گەورەی دەوێت. بەڵام هەرکاتێك لە مەودای هێزی راکێشانەکە رزگارمان بو ئەوکاتە ئێز ئازادییەکەمان چەند رەهەندێکی تەواو نوێ وەردەگرێت.

هێزی راکێشان، وەك هەمو هێزە سروشتییەکانی دیکە، یان لەگەڵماندایە و یارمەتیمان دەدات یاخود دژایەتیمان دەکات. چونکە دوورنییە لە هەندێك خوودا هێزی راکێشانەکە ببێتە رێگر لەوەی رووبکەینە شوێنی مەبەست. بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەر هێزی راکێشانە یەکپارچەیی ئەم جیهانەی راگرتووە، بە جۆرێك کە ئەستێرەکان لە خولگەی خۆیاندا بمێننەوەو سیستەمەکەی گەردون گۆڕانی بەسەردا نەیەت. هێزی راکێشان کاریگەرییەکی یەکجار زۆری هەیە ئەگەر ئێمە بتوانین چالاکانە بەکاری بهێنین. بەهەمان شێوەش دەتوانین هێزی راکێشان لەمەڕ خووەکان وا بەکاربهێنین ببێتە مایەی خولقاندنی یەکپارچەیی و دروستکردنی ئەو سیستەمەی کە بۆ مانەوە و چالاکیەکانمان پێویستن.

پێناسەی خووەکان

بۆ مەبەستەکانی ئەم کتێبە (خوو) وا پێناسە دەکەین کە خاڵی بەیەکگەیشتنی زانیاری و لێزانین و ئارەزووە.

زانیاری: واتە بزانیت پێویستە چی بکەیت ... لێزانین

چۆنێتی ئەنجامدانێتی.

(ئـارەزوو)ش پاڵنـەر و حـەزی ئەنجامدانەکەیـە. کەواتـە بـۆ ئـەوەی شـتێك لـە ژیانماندا بکەین بە خوو، پێویستە ئەو سیانە هەرسێکیمان هەبێت.

رەنگە پەیوەندی نێوان مـن و هاوکارەکانم یـاخود مـن و هاوسـەرەکەم یـان مـن و منالّەکانم شتێکی کاریگەر نەبێت چونکە هەرچەندە بـەردەوام بیروبۆچونی خۆمیـان پـێ دەڵێم، بـەڵام هـەرگیز گوێیـان لێ نـاگرم و هـەتاکو بەشـوێن پرنسـیپە راسـت و دروستەکانی پەیوەندییـە مرۆڤایەتییـە ئاڵوگۆڕکراوەکانـدا نەگـەڕێم، نـەك هـەر گـوێ نـاگرم بـەڵکو ناشـزانم گـوێگرتن بـۆ خـۆیشـم پێویستە. یـان جاری وا هەیـە کەسـەکە تەنانەت ئەگەر ئەو راستییەش بزانێت کە مامەڵەی بـاش لەگـەڵ خەڵکیـدا پێویستی بە گوێگرتن هەیە لێیان، بەڵام شارەزایی نـییەو نازانێت بـە چاکی و وریـایی گـوێ لـە کەسێکی دیکە بگرێت.

دیارە تەنیا هـەر ئەمانـەش بـەس نـین کـە مـرۆڤ بزانێت گوێ گـرتن پێویستە و شارەزاییشی هـەبێت لـە گوێگرتنـدا بەڵـکو پێویستە ئـارەزوی گوێگرتنیشی هـەبێت. بەبێ ئەو ئارەزووە دووانەکەی دیکە بەس نین و گوێگرتن نابێتە خوویـەك لـە ژیـانی کەسـەکەدا. کەواتـە ئەگـەر بمانـەوێت شـتێك بکـەین بـە خـوو پێویسـتە لـە هەرسـێ بوارەکەدا کاربکەین.

گۆڕانکـاری لـە تێڕوانینـدا پرۆسـەیەکە رووەو هـەوراز –گـۆڕینی بوونـە کـە (پێکهاتەکە) دەبێتە مایەی گۆڕانکاریی لە تێڕوانیندا. گۆڕانیش لـە تێڕوانینـدا خـۆی دەبێتـە گـۆڕانی پێکهاتەکـە. بـەم شـێوەیە و لـەڕێی بزوتنەوەمانـەوە بـە رێـڕەوە لولپێچییە رووەو هەورازەکە و هەروەها بە کارکردنمان لەسەر سێکوچکەی زانیـاری و لێزانین و ئارەزوو دەتوانین ئاسۆی نـوێ بخـوڵقێنین لـە بـواری چالاکیـیە کەسـێتی و دەستە جەمعییەکانماندا و هەروەها تێکشکاندنی ئەو پارادیمـە کۆنانـەی کـە ساڵەهای ساڵ سەرچاوەی هەستکردنێکی درۆزنانە بون بە ئاسایش و سەلامەتی.

Scanned by CamScanner



خووە چالاکە کاریگەرەکان

پرنسیپ و شێوازەکانی رەفتار کە ئاخنراونەتە ناخەوە

ئەم پرۆسەیە هەندێکجار پرۆسەیەکی بەئازارە. گۆڕانکارییەکە پێویستە پاڵنەرەکەی بەدیهێنانی ئامانجێکی باڵاتر بێت و ئارەزووی ملکەچکردنی ئەو شتە بێت کە هەست دەکەیت ئێستا دەتەوێت بۆ ئەو شتەی کە دواتر دەتەوێت. بەڵام ئەم پرۆسەیە لەهەمان کاتیشدا کامەرانیمان پێدەبەخشێت (ئامانج و مەبەستی بونمان). دەتوانین بڵێین یەکێك لە پێناسەکانی کارمەرانی بریتییە لە بەرهەمی حەز و توانای قوربانیدان بەو شتەی کە ئێستا دەمانەوێت لەپێناوی ئەو شتەدا کە لە کۆتاییدا دەمانەوێت.

پلەبەندییەکەی پێگەیشتن

حەوت خووەکان بریتی نین لە کۆمەڵێکی سەربەخۆی هاندەر و ئامۆژگاریی دارێژراو. بەڵکو بە هاوئاهەنگی لەگەڵ یاسا سروشتییەکانی گەشەکردندا ئەم

خووانە ئامرازێکی دیکەو پلەبەندکراوی کامڵ دروست دەکەن بۆ پێشخستنی چالاکییەکانی تاك و کۆمەڵ چونکە لێبڕاوانە هانمان دەدەن بە ئاراستەی گەشەکردنی پلە بە پلە بەوەی کە لە دۆخی پشت بەستن بە خەڵکیەوە بگەینە دۆخی سەربەخۆبون و (پشت بەخۆبەستن) و لەوێشەوە بۆ دۆخی هاوکاریکردن لەگەڵ دەوروبەردا (یەکتر تەواوکردن). هەر یەکێك لە ئێمە لەسەرەتای ژیانماندا منداڵێکی شیرەخۆرەبوین، لە هەمو شتێکماندا پشتمان بە خەڵکی دیکە بەستووە کە ئەرکی پەروەردەکردن و پشتگیری و چاودێریکردنمانیان گرتبووە ئەستۆ. بەبێ ئەم پەروەردەکردنە ناتوانین چەند سەعاتێکی کەم یاخود چەند رۆژێك زیاتر بژین، بەڵام وردە وردە و بە تێپەڕبونی مانگ و ساڵ وامان لێ دێت لەروی جەستەیی و سۆز و هزر و داراییەوە زیاتر پشت بە خۆمان ببەستین تا لە کۆتایدا چاودێری و بەڕێوەبردنی خۆمان لەئەستۆی خۆمان دەبێت و خۆمان ئاراستەکانی خۆمان دیاریی دەکەین و پشت بە خۆمان دەبەستین. مرۆڤ هەتا زیاتر گەشە بکات و بگاتە قۆناغی پێگەیشتن زیاتر درك بەوە دەکات کە هەمو شتەکانی ناو سروشت هاوکاری لەگەڵ یەکتردا دەکەن و یەکتری تەواو دەکەن. سیستمێکی ژینگەیی رێكوپێك هەیە کە حوکمی هەمو سروشتی بەدەستە بەکۆمەڵگاشەوە. هەروەها ئەو راستییەشمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاستۆ باڵاکانی سروشت جۆرێك لە پەیوەندی هەیە بە پەیوەندییەکانی مرۆڤەوە لەگەڵ یەکتریدا، واتە ژیانی مرۆڤیش یەکتر تەواوکەرە.

بەم جۆرە دەبینین گەشەکردنمان لە شیرەخۆرەییەوە بۆ قۆناغی پێگەیشتن بەپێی یاسا سروشتییەکە بەڕێوە دەچێت. ئەم گەشەکردنەش گەلێك رەهەندی هەیە چونکە مەرج نییە گەیشتنمان بە لوتکەی پێگەیشتنی جەستەیی لەهەمان کاتدا پێگەیشتنێکی هزری و سۆزدارییشمان بۆ دابین بکات. لەلایەکی دیکەشەوە ناتەواوی جەستەیی مانای ئەوە نییە کەسەکە لەروی هزری و سۆزدارییشەوە ناتەواوە.

لە چوارچێوەی پلەبەندبونی پێگەیشتندا مەسەلەی پشت بەستن بە خەڵکانی دیکە پارادیمی (تۆ)یە – تۆ چاودێریم دەکەیت و دێیت بە دەنگمەوە و تۆ یارمەتیتم نادەیت و من ئەنجامەکان دەخەمە ئەستۆی تۆ.

بەڵام سەربەخۆیی پارادیمی (من)ە – من دەتوانم بیکەم، من بەرپرسیارم، من

Scanned by CamScanner

پشت بە خۆم دەبەستم، من هەڵدەبژێرم.

بەڵام یەکتر تەواوکردن پارادیمی (ئێمە)یە – ئێمە دەتوانین بیکەین، دەتوانین هاوکار بین، دەتوانین توانا و بەهرەکانمان کۆبکەینەوەو پێکەوە شتێکی گەورەتر بخوڵقێنین.

مرۆڤی پشت بەستوو بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستی بە خەڵکی دیکەیە. مرۆڤی سەربەخۆ دەتوانێت بە هەوڵی تایبەتی خۆی مەبەستەکەی بهێنێتە دی. بەڵام ئەوانەی یەکتری تەواو دەکەن هەوڵەکانی خۆیان دەبەستنەوە بە هەوڵ و چالاکییەکانی ئەوانی دیکەوە بۆ بەدەستهێنانی مەزنترین سەرکەوتن.

من ئەگەر لەرووی جەستەییەوە مرۆڤێکی پشت بەستو بم – ئیفلیج و پەککەوتە بم یان لەروویەکەوە ناتەواو بم – پێویستم بە تۆیە یارمەتیم بدەیت. ئەگەر لەرووی سۆزدارییەوە پشت بەستوو بم ئەوا راوبۆچونی تۆ دەربارەی من ئارامیم پێ دەبەخشێت و هەست بە نرخ و بەهاکانی خۆم دەکەم. واتە ئەگەر تۆ منت خۆش نەوێت دەڕوخێم.

پشت بەستنی هزرییش ئەوەیە کە من پشت بە تۆ ببەستم بیرم بۆ بکەیتەوە، تۆ بیر لە مەسەلە و کێشەکانی ژیانی من بکەیتەوە.

بەڵام ئەگەر لەرووی جەستەیی‌یەوە سەربەخۆ بم بە باشی دەتوانم خۆم کارەکانی خۆم ئەنجام بدەم. سەربەخۆبونی ئەقڵییش وام لێ دەکات خۆم بیر بۆخۆم بکەمەوە و لە ئاستێکی دیاریکراوی بیرکردنەوەوەدا بگەمە ئاستێکی دیکە. دەتوانم مەسەلەکان شی بکەمەوەو خوڵقێنەرانە بیربکەمەوە و بیرو بۆچونەکانم ڕێک بخەم و بە شێوەیەک دەریان ببڕم کە خەڵکی لێم تێبگەن.

ئەگەر لەرووی سۆزداریشەوە سەربەخۆ بم ئەوا لە ناخەوە هەست دەکەم من لەسەر هەقم. ناخم ئاراستەم دەکات. هەستکردنم بەوەی بەنرخم لەوەوە سەرچاوە ناگرێت کە کەسێکی خۆشەویستم یان بە باشی هەڵسوکەوتم لەگەڵدا دەکرێت.

لەمەوە بە ئاسانی تێدەگەین کە پشت بەخۆ بەستن پێگەیشتوترە لەوەی پشت بە خەڵکی ببەستین. سەربەخۆ بون و پشت بەخۆبەستن دەستکەوتێکی مەزنە. لە خودەوەیە و بۆ خودە بەڵام ئەم ئاستەش هێشتا بالاترین ئاست نییە.

بەهەرحاڵ پارادیمی باوی ئەمڕۆ زۆر ستایشی پشت بەخۆبەستن دەکات کە

ئامانجی ئاشکرای بەشێکی زۆری خەڵك و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە. پشت بەخۆبەستن بەشێکی بەرچاوی زۆربەی بەرنامەکانی گەشەپێدانە لە کاتێکدا کە بەهاکانی وەکو پەیوەندی و هاوکاری و کاری بەکۆمەڵ لە پلەکانی خوارەوە دادەنێت. لایەنێکی گەورەی ئەوەی وای لێ کردوین جەخت لەسەر پشت بەخۆبەستن بکەینەوە کاردانەوەیە بەرامبەر بە پشت بەستن بە خەڵکی. واتە بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوەیە کە ڕێگە بدەین خەڵکی کۆنترۆڵمان بکەن و بمانچەوسێننەوە و بچوکمان بکەنەوە و بە ویستی خۆیان بمانهێنن و بمانبەن.

چەمکی یەکتر تەواوکردن کەمی لەسەر وتراوەو زۆربەمان بە باشی تێی نەگەیشتوین. تەنانەت هەندێکیشمان وای دەبینین کە لایەنێك لە پشت بەستنی تێدایە بە خەڵکی. لەبەر ئەوە دەبینین خەڵك، وە زۆرجار لەبەر هۆکاری خۆپەرستی، واز لە هاوسەرو منداڵەکانیان دەهێنن و هەمو شێوەکانی بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەتدەکەنەوە. هەموشی لەژێر دروشمی پشت بەخۆ بەستندا.

ئەم جۆرە کاردانەوەیە کە گوایە خەڵکی ئازادو ڕەتکەرەوەی کۆت و بەندەکان دروست دەکات و چێیان پێخۆش بێ وا دەکەن لەراستیدا جۆرێکی زۆر خراپترن لە پشت بەستن بە خەڵکی دیکە کە دەربازبون لێی مەحاڵە چونکە زیاتر لەوەی هۆکارە دەرەکییەکان سەپاندبێتیان، لە ناخی کەسەکەوە هەڵقوڵاوە. بۆ نمونە ئەوەی کە ڕێگە بدات لاوازیی کەسێکی دیکە ژیانی ئەم وێران بکات یان ئەوانەی وا هەست دەکەن قوربانی دەستی خەڵك و ڕوواوگەلێکن لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەمان.

بێگومان ئێمە پێویستە هەوڵی گۆڕینی بارودۆخەکان بدەین. بەڵام کێشەی پێگەیشتن مەسەلەیەکی تاکەکەسییە و پەیوەندی زۆر کەمی بە بارودۆخەکانەوەیە. زۆرجار دەبینین سەرەڕای باشبونی بارودۆخەکانیش پشت بەستن و ناکامڵی هەر بەردەوام دەبێت.

سەربەخۆیی ڕاستەقینە هێزی ئەوەمان پێدەبەخشێت ببینە مرۆڤی بکەر نەك لەژێر بەزەیی کردەوەکانی خەڵکیدا بین. مرۆڤی سەربەخۆ نە پشت بە بارودۆخەکە دەبەستێت و نە بە خەڵکانی دیکە. لەبەر ئەوە سەربەخۆیی ئامانجێکە شایستەی ئەوەیە بەدی بهێنیت، بەڵام سەرباری ئەمەش ئامانجی کۆتایی ژیانی کاریگەر پشت بەخۆ بەستن نییە. بیرۆکەی سەربەخۆیی و پشت بەخۆ بەستن بە تەنیا لەگەڵ

Scanned by CamScanner

ئەو کەسانەی کە پشت بەخۆ بەستن ناگونجێت. مەسەلەی یەکتر تەواوکردندا پەیڕەو دەکەن و هێندە پێگەیشتو نین لە چوارچێوەی یەکتر تەواوکردندا لەگەڵ خەڵکیدا بیربکەنەوە و چالاکی بنوێنن ڕەنگە لەسەر ئاستی تاکەکەسی مرۆڤی سەرکەوتو بن بەڵام ناتوانن ببنە سەرکردەو ئەندامی کارە دەستەجەمعییەکان، چونکە بەرهەمی پارادایمی یەکتر تەواوکردن نین کە پارادایمێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتن لە دنیا واقیعییەکەی هاوسەرگیری و خێزان و دامودەزگاکاندا.

ژیان بە سروشتە ڕووتەکەی خۆی بەرزترین ئاستی یەکتر تەواوکردنە لەگەڵ خەڵکیدا. لەبەر ئەوە تۆ ئەگەر بتەوێت لە ڕوانگەی پشت بەخۆ بەستنەوە ئەوپەڕی چالاکی و دەوروتەنسیرت هەبێت وەکو ئەو کەسەت لێ بەسەردێت کە بیەوێت بە داری گۆڵف تێنس بکات. ئامرازەکە هەرگیز لەگەڵ واقیعەکەدا ناگونجێت.

چەمکی یەکتر تەواوکردن لەگەڵ خەڵکیدا قوڵتر و پێشکەوتوترە. من ئەگەر لەرووی جەستەیی‌یەوە یەکتر تەواوکردن پەیڕەو بکەم و متمانەم بە خۆم هەبێت و بێتواناش نەبم ئەوا لەهەمان کاتدا درك بەوە دەکەم کە ئێمە، من و تۆ، کاتێك پێکەوە کار دەکەین دەتوانین دەستکەوتی زۆرباشتر چنگ بخەین زیاتر لەوەی کە من بە تەنیاو لە باشترین دۆخی خۆمدا بەدەستی دەهێنم.

یەکتر تەواوکردنیش لە بواری سۆزدارییدا وام لێ دەکات بگەمە ئەوپەڕی متمانە بەخۆکردن. لەهەمان کاتیشدا درك بەوە دەکەم کە چەند پێویستم بە خۆشەویستی و بەخششی خەڵکانی دیکەیە. یەکتر تەواوکردنیش لە بواری هزردا وام لێ دەکات تێبگەم چەند پێویستم بەوەیە کە بەشداریکردنی خەڵك لە بیرکردنەوەکانمدا ج دەرەنجامێکی چاکی دەبێت.

من ئەگەر بەرنامەی یەکتر تەواوکردن لەگەڵ خەڵکیدا پەیڕەو بکەم هەل ئەوەشم بۆ هەڵدەکەوێت قوڵتر و جدیتر بەشداری بکەم و دەستم بگات بە سەرچاوەی توانا فراوانەکانی خەڵکانی دیکەدا. یەکتر تەواو کردن لەگەڵ خەڵکیدا ڕێگایەکە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن هەڵی ببژێرن کە سەربەخۆن و پشتیان بەخۆیان بەستووە. مرۆڤی پشت بەستوو بە خەڵکانی دیکە توانای ئەوەی نییە بچێتە ژێر ناڵای هاوکاریکردن لەگەڵ خەڵکدا چونکە خاوەنی کەسایەتییەکی وا

نی‌یە رێگەی ئەوەی پێبدات. هێندە خاوەنی خۆی نی‌یە بەشی ئەو بڕیارە بکات.

لەبەرئەوە خووەکانی یەك و دوو و سێ ئەم کتێبە باس لە مەسەلەی خۆ کۆنترۆڵکردن دەکەن. ئەم خووانە وا لە مرۆڤ دەکەن لە دۆخی پشت بەستن بە خەڵکییەوە بڕۆن بۆ دۆخی یەکتر تەواوکردن. ئەمە وەکو سەرکەوتنەکانی تاکە کەسی وایەو گەوهەری گەشەکردنی کەسایەتییە.

سەرکەوتنەکانی تاکە کەسی دەکەونە پێش سەرکەوتنە دەستەجەمعی‌یەکانەوە. کەس ناتوانێت ئەم پرۆسەیە پێچەوانە بکاتەوە چونکە وەکو ئەوە وایە پێش تۆو کردن بەروبومەکە دروێنە بکەیت.

مرۆڤ ئەگەر بەراستی سەربەخۆ بێت مانای وایە خاوەنی ئەو بناغە پتەوەیە کە بتوانێت کاریگەر بێت و لەگەڵ خەڵکیدا یەکتر تەواو بکات.

کەسایەتی مرۆڤی سەربەخۆ دەبێتە ئەو بنکەیەی دەتوانێت لێوەی دەربپەڕێت بە شێوەیەکی چالاك و لە چوارچێوەی سەرکەوتنە تایبەتەکاندا کە بە تەواوی دەگونجێن لەگەڵ ئاراستە تایبەتەکان و رەهەندەکانی کاری دەستەجەمعی و هاوکاری و پەیوەندی (خووەکانی ژمارە چوار و پێنج و شەش).

ئەمە مانای وانی‌یە کە مرۆڤ ئەگەر لە خووەکانی یەك و دوو و سێدا کەسێکی نمونەیی نەبێت ئەوا ناتوانێت کاربکات بە خووەکانی چوار و پێنج و شەش. گومانی تێدا نی‌یە کە تێگەیشتن لە ریزبەندی کردن بایەخەکان یارمەتی دەرت دەبن لە پێشکەوتندا بەڵام من هەرگیز داوای ئەوەت لێ ناکەم چەندین ساڵ خۆت گۆشەگیر بکەیت بۆ ئەوەی خووەکانی یەك و دوو و سێ بە تەواوی تێبگەیت. ئێمە وەکو بەشێك لەم جیهانەی کە یەکتر تەواوکردن لەگەڵ خەڵکیدا پەیڕەو دەکات پێویستە هەمو رۆژێك بچینەوە ناو ئەم جیهانە. بەڵام کێشە توندو تیژەکانی ئەم جیهانە زۆر بە ئاسانی دەتوانن مەسەلە درێژخایەنەکانی کەسایەتی بشارنەوە.

لەبەرئەوە تێگەیشتنی ئەو دۆخەی کە ئێستا تێیدایت و کاریگەرێتی ئەو دۆخە لەسەر هەمو مامەڵەیەکت لە چوارچێوەی یەکتر تەواوکردندا یارمەتیدەرێکی باشت دەبن بۆ ئەوەی هەمو تواناکانت چڕ بکەیتەوەو هاوئاهەنگیان بکەیت لەگەڵ یاسا سروشتی‌یەکانی گەشەکردندا. خووی ژمارە حەوت تایبەتە بە نوێکردنەوە — نوێکردنەوەی رێکخراو و هاوئاهەنگ لەگەڵ هەر چوار بوارەکەی ژیاندا. ئەم خووە

چوارچێوەی هەمو خووەکانی دیکەیە و ئەوانی لەخۆ گرتووە. خووی ژمارە حەوت بریتییە لەو چاکسازییە بەردەوامەی کە گەشەکردنە لولپێچییە رو لە هەورازەکە دەخولقێنێت. وات لێ دەکات باشتر و قوڵتر لەیەك بەیەکی خووەکان تێبگەیت و لە ئاستێکی بڵندتر و گەشەسەندوتردا ئەنجامیان بدەیت.

وێنەکێشراوەکەی لاپەڕەی دوایی ریزبەندی حەوت خووەکەو هاوکاری نێوانیان نیشان دەدات. هەمو جارێکیش کە باسی پەیوەندی و هاوئاهەنگی خووەکان بکەین وێنەکە دوپات دەکەینەوە.

پێناسەکردنی کاریگەرێتی

حەوت خووەکە لە بنەڕەتدا خووی کاریگەرێتین. ئەمانە چونکە لەسەر پرنسیپ دارێژراون زۆرترین سودی درێژخایەنیان لێ دەکەوێتەوە. ئەم خووانە دەبنە بناغەی کەسایەتی مرۆڤ و نەخشەیەکی وا راست و دروست دەهێننە بەرهەم کە مرۆڤ بتوانێت لە سایەیەوە کێشەکان بە باشی چارەسەر بکات و فرسەتەکان بگەیەنێتە ئەوپەڕ و بەردەوامیش پرنسیپەکانی دیکە تێبگات و جێبەجێیان بکات. لەسەر لولپێچە رووەو هەورازەکەی گەشەکردن. حەوت خووەکە خووی کاریگەرێتین لەبەر هۆکارێکی دیکەش. ئەویش ئەوەیە کە پارادایمی ئەم خووانە هاوئاهەنگن لەگەڵ یاسایەکی سروشتیدا، کە پرنسیپێکە من پێی دەڵێم هاوسەنگی نێوان بەرهەم و توانای بەرهەم (ب/تب) کە زۆر کەس خۆی بۆ لەناودەبات. بیرۆکەی ئەم پرنسیپەش دەتوانرێت لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەی هێلکە ئاڵتونییەکەوە روون بکرێتەوە.

چیرۆکە ئەفسانەییەکە باسی جوتیارێکی هەژار دەکات کە رۆژێك لە رۆژان دەبینێت قازەکەی لەسەر شتێك کرکەوتووە دەدرەوشێتەوە. یەکەمجار باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد بەڵام دواتر کە دەستی لێ داو بە باشی لێی وردبۆوە بۆی دەرکەوت هێلکەیە و هێلکەیەکی ئاڵتونییشە.

هێلکەکە بریتی بو لە هێلکەیەکی ئاڵتونی روت. جوتیارەکە بڕوای بەوە نەکرد بەخت هێندە یاوەری بێت ئەم سامانە زۆرەی بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام مەسەلەکە لە دووەم رۆژیشدا دوپات بووەوە. ئیتر رۆژ لەدوای رۆژ جوتیارەکە کە لە خەو هەڵدەستا یەکسەر رایدەکرد بۆ کولانەی قازەکەو هێلکەیەکی ئاڵتونیی هەڵدەگرتەوە

بەمەش وردە وردە دەوڵەمەند بو تا وای لێ هات سامانێکی زۆری پێکەوە نا.

بەلآم هەتا ئەم دەوڵەمەندتر دەبو هەڵپەو تەماعەکانیشی زیادیان دەکرد. وای لێ هات خۆی پێ ڕانەگیرێت و بەرگەی ئەوە نەگرێت شەو و ڕۆژێکی رەبەق چاوەڕێ بکات قازەکە هێلکەیەکی بداتێ بۆیە بڕیاری دا سەری ببڕێت و بە یەکجار هەمو هێلکەکانی دەست بکەوێت بەلآم کاتێك کە سکی قازەکەی هەڵدڕی تەماشای کرد چۆڵ و هۆڵە، یەك هێلکەی ئاڵتونیشی تێدانەبو. بەم جۆرە جوتیارەکە ئەو قازەی لەناوبرد کە سەرچاوەی بەرهەکەی بو.

Scanned by CamScanner



پارادایمی ٧ خووەکە

Scanned by CamScanner

چوارچێوەی هەمو خووەکانی دیکەیە و ئەوانی لەخۆ گرتووە. خووی ژمارە حەوت بریتییە لەو چاکسازییە بەردەوامەی کە گەشەکردنە لولپێچییە رو لە هەورازەکە دەخولقێنێت. وات لێ دەکات باشتر و قولتر لەیەک بەیەکی خووەکان تێبگەیت و لە ئاستێکی بڵندتر و گەشەسەندوتردا ئەنجامیان بدەیت.

وێنەکێشراوەکەی لاپەڕەی دوایی ریزبەندی حەوت خووەکەو هاوکاری نێوانیان نیشان دەدات. هەمو جارێکیش کە باسی پەیوەندی و هاوئاهەنگی خووەکان بکەین وێنەکە دوپات دەکەینەوە.

پێناسەکردنی کاریگەرێتی

حەوت خووەکە لە بنەڕەتدا خووی کاریگەرێتین. ئەمانە چونکە لەسەر پرنسیپ داڕێژراون زۆرترین سودی درێژخایەنیان لێ دەکەوێتەوە. ئەم خووانە دەبنە بناغەی کەسایەتی مرۆڤ و نەخشەیەکی وا راست و دروست دەهێننە بەرهەم کە مرۆڤ بتوانێت لە سایەیەوە کێشەکان بە باشی چارەسەر بکات و فرسەتەکان بگەیەنێتە ئەوپەڕ و بەردەوامیش پرنسیپەکانی دیکە تێبگات و جێبەجێیان بکات. لەسەر لولپێچە رووەو هەورازەکەی گەشەکردن. حەوت خووەکە خووی کاریگەرێتین لەبەر هۆکارێکی دیکەش. ئەویش ئەوەیە کە پارادایمی ئەم خووانە هاوئاهەنگن لەگەڵ یاسایەکی سروشتیدا، کە پرنسیپێکە من پێی دەڵێم هاوسەنگی نێوان بەرهەم و توانای بەرهەم (ب/تب) کە زۆر کەس خۆی بۆ لەناودەبات. بیرۆکەی ئەم پرنسیپەش دەتوانرێت لە چیرۆکە ئەفسانەییەکەی هێلکە ئاڵتونییەکەوە روون بکرێتەوە.

چیرۆکە ئەفسانەییەکە باسی جوتیارێکی هەژار دەکات کە رۆژێك لە رۆژان دەبینێت قازەکەی لەسەر شتێك کرکەوتووە دەدرەوشێتەوە. یەکەمجار باوەڕی بە چاوی خۆی نەکرد بەڵام دواتر کە دەستی لێ داو بە باشی لێی وردبۆوە بۆی دەرکەوت هێلکەیە و هێلکەیەکی ئاڵتونییشە.

هێلکەکە بریتی بو لە هێلکەیەکی ئاڵتونی روت. جوتیارەکە بڕوای بەوە نەکرد بەخت هێندە یاوەری بێت ئەم سامانە زۆرەی بۆ دەستەبەر بکات، بەڵام مەسەلەکە لە دووەم رۆژیشدا دوپات بووەوە. ئیتر رۆژ لەدوای رۆژ جوتیارەکە کە لە خەو هەڵدەستا یەکسەر رایدەکرد بۆ کولانەی قازەکەو هێلکەیەکی ئاڵتونیی هەڵدەگرتەوە

Scanned by CamScanner

بەمەش وردە وردە دەوڵەمەند بو تا وای لێ هات سامانێکی زۆری پێکەوە نا.

بەڵام هەتا ئەم دەوڵەمەندتر دەبو هەڵپەو تەماعەکانیشی زیادیان دەکرد. وای لێ هات خۆی پێ ڕانەگیرێت و بەرگەی ئەوە نەگرێت شەو و ڕۆژێکی رەبەق چاوەڕێ بکات قازەکە هێلکەیەکی بداتێ بۆیە بڕیاری دا سەری ببڕێت و بە یەکجار هەمو هێلکەکانی دەست بکەوێت بەڵام کاتێك کە سکی قازەکەی هەڵدڕی تەماشای کرد چۆڵ و هۆڵە، یەك هێلکەی ئاڵتونیشی تێدانەبو. بەم جۆرە جوتیارەکە ئەو قازەی لەناوبرد کە سەرچاوەی بەرهەکەی بو.

Scanned by CamScanner



پارادایمی ٧ خووەکە

Scanned by CamScanner

من پێم وایە ئەم چیرۆکە ئەفسانەیی‌یە یاسایەکی سروشتی لەخۆ گرتووە، باسی ئەو پرنسیپە دەکات کە بریتی‌یە لە پێناسە بنەڕەتی‌یەکەی کاریگەرێتی.

زۆربەی خەڵك لە گۆشەنیگای هێلکە ئاڵتونی‌یەکەوە کاریگەرێتی دەبینن، هەتا بەرهەمت زیاد بێت، کارت زیاد دەبێت و کاریگەرێتیت زیاد دەبێت.

بەڵام وەك چیرۆکەکە بۆی روونکردینەوە کاریگەرێتی راستەقینە لە دوو بەش پێك دێت، بەشە بەرهەمهێنراوەکە (کە هێلکە ئاڵتونی‌یەکەیە) و سەرچاوەی بەرهەمهێنان یاخود توانای بەرهەمهێنان (کە قازەکەیە). مرۆڤ ئەگەر لە ژیانیدا رێبازێکی پەیڕەوکرد کە هەر چاوی لە هێلکە ئاڵتونی‌یەکان بێت و گوێ نەداتە قازەکە ئەوا هێندەی پێناچێت ئەو سەرچاوەیەی لەکیس دەچێت کە هێلکە ئاڵتونی‌یەکەی بۆ دابین دەکات. لەلایەکی دیکەوە، مرۆڤ ئەگەر تەنیا هەر قازەکە بەهەند وەربگرێت و واز لە ئامانجەکە بهێنێت کە هێلکە ئاڵتونی‌یەکەیە ئەوا زۆری پێ ناچێت سەرمایەکەی لەکیس دەچێت و هەرچی‌یەکی هەیە لە بەخێوکردنی قازەکەدا خەرجی دەکات.

کرۆکی کاریگەرێتی لە هاوسەنگیدایە– ئەوەی کە من پێی دەڵێم هاوسەنگی بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنان.

(ب/تب) ب بریتییە لە بەرهەمهێنان یاخود بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان و وەکو هێلکە ئاڵتونی‌یەکانە. توانای بەرهەمهێنانیش بریتی‌یە لەو سەرچاوەیەی کە هێلکە ئاڵتونییەکان دەکات.

سێ جۆر ملك

بە شێوەیەکی بنەڕەتی سێ جۆر ملك هەن: ماددی و دارایی و مرۆیی. با ئێستا پێکەوە تەماشای هەر یەکێك لەو سێ ملکە بکەین. چەند ساڵێك لەمەوبەر ئامێرێکی چیمەنبڕم کڕی - ملکێکی ماددی – و بەردەوام هەر بەکارم دەهێنا بێ هیچ خزمەتکردنێك. ئامێرەکە دوو وەرز بە باشی کاری کرد، بەڵام ئیتر وردە وردە پەکی کەوت. کاتێکیش کە دەستم کرد بە چاککردن و تیژکردنەوەی بۆم دەرکەوت نیوەی جاران توانای هەیە. واتە ئیتر بە کردەوە کەڵکی نەما.

بەڵام ئەگەر توانای بەرهەمهێنانم پەیڕەوبکردایە – زوو زوو چاکم

Scanned by CamScanner

بکردایەتەوەو خزمەتم بکردایە. تائێستاش هەر دەمتوانی بەکاری بهێنم و چێمێنی باخەکەی پێ ببڕم. بەمەش ناچار نەدەبوم کاتێکی زیاتر بەفیڕۆ بدەم و پارەیەکی زیاتر خەرج بکەم بۆ کڕینی ئامێرێکی نوێ لەوەی خەرجم دەکرد ئەگەر خزمەتم بکردایە. ئێمە زۆرجار لەپێناو دەستکەوت و ئامانجی کورتخایەندا توانایەك یاخود ئامرازێکی ماددی بەکەڵك لەناو دەبەین — وەك ئوتومبیل و کۆمپیوتەر و جلشۆر- و تەنانەت جەستەو زینگەش. پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێناندا وا دەکات بە شێوەیەکی زۆر باشتر سود لە ملکە ماددیەکانمان وەربگرین.

ئەم هاوسەنگیە بەهەمان شێوەش زۆر کاریگەریی هەیە لەسەر ملکە داراییەکانمان. خەڵك زۆرجار پرنسیپ و بەرژەوەندییان لێ تێکەڵ دەبێت. ئایا تۆ رۆژێك لە رۆژان لەپێناوی بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانتدا پرنسیپت پێشێل کردووە؟ واتە لەپێناوی هێلکەی زیاتردا قازەکەت لەناوبردووە! پرنسیپی نزم توانای بەدەستهێنانی قازانجی کەمی هەیە. سەرمایەش ئەگەر کەم بێت وردە وردە بچکوتر دەبێتەوە تا وای لێ دێت تەنانەت پێویستییە بنەڕەتییەکانیشی پێدابین ناکرێت.

گرنگترین سەرچاوە داراییەکەمان ئەوەیە توانای پارەپەیداکردنمان هەبێت. لەبەرئەوە ئەگەر بەردەوام لە هەوڵدا نەبین بۆ چاککردنی توانای بەرهەمێنانمان ئەوا وردە وردە ئەگەرەکانی بەردەممان بچوك و بچوکتر دەکەینەوە. لەو پێگەیەی خۆماندا گیردەخۆین و خەمی ئەوەمان دەبێت کە ئاخۆ بەڕێوەبەرەکەمان و دەزگاکەمان رایان چییە لەسەرمان. وامان لێ دێت بکەوینە هەڵوێستی بەرگریکردنەوە و لەرووی ئابورییشەوە خۆمان پێبەخێو نەکرێت. دیارە ئەمەش بە هیچ شێوەیەك پێی ناوترێت کاریگەرێتی.

لە بواری مرۆییشدا راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێناندا هەمان بایەخی سەرەکی هەیە. بەڵکو بایەخەکەی زیاترە چونکە مرۆڤ توانای کۆنترۆڵکردنی توانا ماددی و داراییەکانی هەیە.

لە بواری هاوسەرگیریدا، ئەگەر ژن و مێردەکە هەر لە خەمی هێلکە ئاڵتونییەکاندا بون (واتە بەرژەوەندییەکان) و کەمتر دڵیان لای پەیوەندی نێوانیان و چۆنێتی راگرتنی بێت، ئەوا هیچ هەست و بایەخێکیان دەرهەق بە یەکتری نامێنێت

چرکەساتەکانی سۆز و نەرمونیانی فەرامۆش دەکەن کە رۆڵێکی گرنگیان هەیە لە قولکردنی پەیوەندییەکانیاندا. بەمجۆرە دەست دەکەن بەوەی چۆن یەکتری بچەوسێننەوە و بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان یەکتر بەکار بهێنن، خوو دەدەنە پێویستییە تایبەتەکانی خۆیان و پاساو بۆ هەڵوێست و رەفتارەکانیان دەهێننەوە و بەدوای بەڵگەو شایەتدا دەگەڕێن بۆ تۆمەتبارکردنی ئەوی دیکە. ئیتر خۆشەویستی و میهرەبانی و هەستو سۆز بەرەو پوکانەوە دەڕۆن و رۆژ لەدوای رۆژ قازەکە دەردەکەی کاریگەتر دەبێت.

ئەی سەبارەت بە پەیوەندی باوك و دایك بە منداڵەکەیەوە؟ منالی بچوك زۆر لاوازە و هەڕەشەی هەمو شتێکی لەسەرەو بە تەواوی چاوی لەدەستی دایك و باوکێتی. لەبەرئەوە زۆر ئاسانە پرنسیپی کارگەرێتی (بەرهەمهێنان) توانای بەرهەمهێنان فەرامۆش بکرێت. (راهێنان، پەیوەندیکردن، لەخۆگرتن، گوێگرتن.) زۆر ئاسانە بەکاری بهێنێتو دەستکاری بکەیتو بەئارەزووی خۆت هەڵیسوڕێنیتو چیت لێبوێت بەدەستی بهێنیتو هەر ئێستاش، چونکە تۆ گەورەتریت و زیرەکتریت و لەسەرهەقیت. لەبەرئەوە چ عەیبێکی تیایە فەرمانیان پێبکەیت. ئەگەر پێویستیشی کرد لێیان تورە ببە و سەرزەنشتیان بکەو بیانترسێنە و پێداگری بکە لەسەر رێبازەکەی خۆت.

هەروەها دەشتوانیت نازیان بدەیتێ و بەردەوام دڵت لای هێلکە ئاڵتونییە کۆمەڵایەتیەکە بێت بەوەی هەوڵ بدەیت لێت رازی بن و هەمیشە جڵەویان بۆ شل بکەیت، بەمەش وا رادێن کە هیچ حسابێك بۆ سنور و پێشبینیەکان نەکەن و گوێ نەدەنە هیچ دیسپلینێك و هیچ بەرپرسیاریەتیەك نەگرنە ئەستۆ. ئەم دوو حاڵەتەش – سەرکوتکردنیش و جڵەو بۆشلکردنیش – هەردوکیان سەر بە ئەقڵیەتی هێلکە ئاڵتونییەکەن. دەرەنجامەکەش ئەوەیە کە یاخود بەردەوام دەبیت لەسەر ئەو رێبازەی کە هەڵتبژاردووە یاخود خۆشەویستیت دەست دەکەوێت. بەڵام ئایا، بەم دوو شێوازە، قازەکە چی بەسەردێت؟ ئایا منالەکە پاش چەندین ساڵ، لە کاروانی ژیاندا، چۆن دیسپلینی دەبێت و چۆن هەست بە لێپرسینەوە دەکات و چۆن باوەڕی بە خۆی دەبێت بڕیاری راست هەڵبژێرێت و ئامانجی گرنگ بهێنێتە دی؟

ئەی پەیوەندیی نێوانتان چی بەسەردێت؟ کاتێک کە دەگاتە قۆناغە

Scanned by CamScanner

هەستیارەکەی هەرزەکاریی، کە قۆناغی قەیرانی ناسنامەیە ئایا لە روانگەی ئەو ئەزمونەوە کە لەگەڵ تۆدا هەیەتی باوەڕ دەکات کە تۆ پێش ئەوەی گوێی لێ بگریت حوکمی بەسەردا نادەیت و ئایا تۆ بەڕاستی لە ناخەوە دەتەوێت وەکو مرۆڤێك بایەخی پێدەیت و تۆ شایستەی متمانەپێکردنیت لە هەمو بارودۆخێکدا؟ ئایا پەیوەندییەکە هێندە بەهێزە کە بتوانیت لێی نزیك ببیتەوە و پەیوەندیی پێوە بکەیت و کاری تێبکەیت؟

گریمان تۆ پێت خۆشە کچەکەت ژوورێکی پاكو تەمیزی هەبێت. ئەمە بەرهەمهێنانەکەیە (ب) واتە هێلکە ئاڵتونی‌یەکەو دەتەوێت پاکی بکاتەوە، ئەمەش توانای بەرهەمهێنان (بت)ە. کەواتە کچەکەت وەکو قازەکە وایەو توانای بەرهەمهێنانە کە هێلکە ئاڵتونیەکە دەکات.

بەڵام ئەگەر پارادایمەکەت تەنیا هەر لەسەر توخمی بەرهەمهێناکە بێت واتە هەر ئەوەت بەلاوە مەبەست بێت کە ژوورەکە پاك و تەمیز بێت، کەواتە زۆری لێ دەکەیت، تەنانەت لەوانەشە هەڕەشەی لێ بکەیت و بقیژێنیت بەسەریدا. کەواتە تۆ لەپێناوی هێلکە ئاڵتونیەکەدا ئامادەیت دڵخۆشی و تەندروستی قازەکە بکەیت بە قوربانی.

ئێستا با پێکەوە لەو ئەزمونە خۆشە وردبینەوە دەربارەی توانای بەرهەمهێنان کە من لەگەڵ یەکێك لە کچەکاندا توشی هاتم. ئێمە خۆمان ئامادە دەکرد بۆ بۆنەیەکی تایبەت کە هەمو جارێك لەگەڵ هەریەك لە مناڵەکانمدا رێکمان دەخست و بۆمان دەرکەوت کە وادە پێشنیارکراوەکە زۆر لەگەڵ رووداوەکەدا دەگونجێت.

بۆیە لە کچەکەم نزیکبومەوەو پێم وت ئازیزەکەم ئەمشەو شەوی تۆیە. حەزت لە چییە بیکەیت؟ وەڵامی دامەوە هیچم ناوێ بابە.

- نا بە ڕاستی حەزت لە چییە؟

دواجار وتی ئاخر ئەوەی کە من حەزم لێیەتی تۆ بەدڵ حەزت لێ نییە.

وەڵامم دایەوە؛ بەڕاستیمە ئازیزەکەم. شتەکە بەدەست تۆیە. حەزت لە چی بێت ئەیکەم.

وەڵامی دامەوە مادام وای لێ هات حەزنەکەم جەنگی ئەستێرەکان ببینم بەڵام تۆ حەزت لێ نییە، تۆ ئەوجارە لەکاتی فیلمەکەدا خەوت لێ کەوت. حەزت لە فیلمی

خەیاڵی نییە، لەبەرئەوە وازی لێ بێنە.

- نا ئازیزەکەم ئەگەر تۆ حەزت لەوەبێت منیش حەزم لێیەتی.

* بابە گیان خۆت سەغڵەت مەکە. مەرج نییە ئێمە هەمو جارێك لەم بۆنەیەدا ئاهەنگ بگێڕین.

ئینجا تۆزێك بێدەنگ بو، پاشان وتی: ئەزانی بۆچی تۆ حەزت لە جەنگی ئەستێرەکان نییە؟ لەبەرئەوەی تۆ لە فەلسەفە و مەشقەکانی (جێدی) سوارچاك تێناگەیت.

وتم: چی؟

وتی: تۆ لەو بابەتانەی خۆت تێدەگەیت کە بە دەرس دەیانڵێیتەوە بابە؟ ئەوان رێك وەك مەشقەکانی جێدی سوارچاك وان.

- بەڕاست؟ دە کەواتە با بچین بۆ جەنگی ئەستێرەکان.

ئەوەبو رۆیشتین و کچەکەم لە تەنیشتمەوە دانیشت و پارادایمەکەی پێبەخشیم. بوم بە شاگرد و خوێندکاری و مەسەلەکە زۆر سەرنج راکێش بو. وام لێ هات بتوانم لە پارادایمێکی نوێوە فەلسەفەو مەشقی (جیدی) سوارچاك تێبگەم لە بارودۆخە جیاوازەکاندا. ئەو ئەزمونەی تایبەت بە (ب) واتە بەرهەمهێنان شتێك نەبو لەوەوپێش نەخشەی بۆ کێشرابێ، بەڵکو بەروبومێکی خۆڕسکی سەرمایەگوزاری کردن بو لە بواری توانای بەرهەمهێناندا. ئەزمونەکە هەم شتێکی زۆر قبوڵکراو بو هەم واشی لێ کردین کە پابەندی بین بەڵام چێژمان لێ وەرگرت (لە هێلکە ئاڵتونییەکان) چونکە بەو شێوەیە قازەکەش (کە بریتییە لە پەیوەندی باشی زۆرچاك) خۆراکی پێدرا.

توانای بەرهەمهێنانی رێکخراوەیی

هەمو پرنسیپێکی باش کۆمەڵێك رەهەندی زۆر بایەخداری هەیە. یەکێك لە رەهەندەکان ئەوەیە رەوا بێت و بتوانرێت لە بارودۆخە جیاوازەکاندا جێبەجێ بکرێت. من پێم خۆشە لەم کتێبەدا پێکەوە هەندێ لەو رێوشوێنانە باس بکەین کە

Scanned by CamScanner

مرۆڤ کاتێک شکست دەهێنێت لە ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێناندا بەهۆی بەکارهێنانی سەرچاوەو کەرەسە مادییەکانی ناو دەزگاکانیان ئەوا لە کاریگەریتی دەزگاکە کەم دەکەنەوەو تەنانەت هەندێ لە قازەکانیش مردار دەبنەوە.

بۆ نمونە ئەو کارمەندەی کە بۆ ئەوەی سەرۆکەکەی لێی ڕازی بێت و خەڵاتی بکات هێندە ئەو مەکینەیە ئیش پێدەکات کە ئەم پێیەتی. شەو و ڕۆژ ئیسراحەتی ناداتێ و پاکی ناکاتەوەو خزمەتی ناکات. ئەو بەم کارە بەرهەمهێنان زیاد دەکات و کرێی تێچوون دادەبەزێنێت کە قازانج دەگەیەنێتە کەشکەلانی فەلەک. لە ماوەیەکی کەمیشدا پلەکەی بەرز دەکرێتەوەو خەڵات وەردەگرێت و هێلکە ئاڵتونییەکانی دەست دەکەوێت.

بەڵام ئەو کەسەی کە دێتە شوێنی ئەم کابرایە ئامێرێکی بۆ دەمێنێتەوە کە وەکو قازێکی نەخۆش وایە. ژەنگی هەڵهێناوەو خێراخێراش لەکار دەکەوێت. هەروەها ناچار دەبن پارەی تیا خەرج بکەن بۆ چاککردنەوەی. دیارە ئەو ماوانەش کە پەکی دەکەوێت زیانێکی زۆری ماددی بە دەزگاکە دەگەیەنێت .. بەمەش کرێی تێچوونەکان دەگاتە کەشکەلانی فەلەک و قازانج کەم دەبێتەوە. بەڵام ئایا کێ بەرپرسیاری لەدەستچوونی هێلکە ئاڵتونییەکانە؟ تۆ! نەخێر کارمەندەکەی پێش خۆت کە هەموو هەڵاڵەی سەرچاوەی بەرهەمهێنانەکەی بۆ خۆی هەڵمژی، بەڵام سیستەمە ژمێرارییەکە تەنیا هەر بەرهەمهێنانی ئامێرەکە دەبینێت لەگەڵ قازانج و مەسرەفەکانیدا.

ڕاگرتنی هاوسەنگی هەردوو توخمەکەی بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنان بایەخێکی تایبەتی هەیە لەکاتی جێبەجێ کردنیدا لەسەر ئامرازە مرۆییەکانی دامودەزگاکان کە مەبەستمان کارمەندان و کڕیارەکانە.

یەکێک لە چێشتخانەکان ناوبانگێکی زۆر باشی پەیداکرد بەوەی کە شۆربایەکی زۆر بەتامی ماسی هەبوو ... وت، پاش

Scanned by CamScanner

مایەوە. کڕیارەکان وردە وردە لێی تەکینەوە. متمانە نەماو چێشتخانەکە تا دەهات خراپتر دەبو. خاوەنەکەی زۆر هەوڵی دا مەسەلەکە چارەسەر بکات بەڵام کەڵکی نەبوچونکە لەوەوپێش گوێی نەدابووە کڕیارەکان و متمانەیانی لەدەست دابو ئەمەش وایکرد توانای بەرهەمهێنان لەدەست بدات و هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەمێنێت. ئیتر ئەو قازەش نەما کە هێلکەی ئاڵتونی دەکرد.

هەندێک دام‌ودەزگا هەن کە شەو و ڕۆژ باسی کڕیار دەکەن. بەڵام هەمو ئەو کەسانە فەرامۆش دەکەن کە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کڕیارەکاندا هەیە، ئەوانیش کارمەندەکانن. توانای بەرهەمهێنان پرنسیپێکی هەیە دەڵێت پێویستە هەمیشە ڕێک بەو شێوەیە ڕەفتار لەگەڵ کارمەندەکانتدا بکەیت کە پێت خۆشە ئەوان لەگەڵ باشترین کڕیاری تۆدا بینوێنن. بەکرێگرتنی کرێکار کارێکی ئاسانە بەڵام ڕاگرتنی دڵی ئەو کرێکارە زەحمەتە. دڵ سەرچاوەی جۆش‌وخرۆش و شوێنی دڵسۆزییە. ئەو کارمەندەی کە لەلاتە ڕەنگە هەشت سەعاتەکەی خۆی کاربکات بەڵام گرنگ ئەوەیە مێشکی لای کارەکەی بێت. مێشک سەرچاوەی داهێنان و لێهاتویی و ئەو گەنجینەیە کە کۆتایی نایەت. کرۆکی توانای بەرهەمهێنان ئەوەیە کە کارمەندەکان وەك خۆبەخش ببینیت ڕێك وەکو کڕیارەکان کە ئەوانیش خۆبەخشن چونکە بەراستی کارمەندیش خۆبەخشە. ئەوان ئەگەر خۆبەخش نەبن ناتوانن باشترین مولکی خۆیانت پێ ببەخشن کە دڵ و مێشکیانە.

من جارێکیان لەگەڵ کۆمەڵێک کەسدا بوم کە یەکێکیان لەوی دیکەی پرسی دەنگوباست چۆنە لەگەڵ کارمەندە تەمەڵ و بێ تواناکانتدا. یەکێك وەڵامی دایەوە نارنجۆکیان تێدەگرم. زۆربەیان ئەم وەڵامەیان پێ‌خۆش بو کە ڕێبازێکی یەکلاکەرەوەیە لە چاودێری کارگێڕیدا و دەڵێت یان چاکیان کە یان پاکیان کە. یەکێك لە ئامادەبوان پرسیاری کردو وتی کێ لاشەکان کۆدەکاتەوە؟

- لاشەی لێ نابێت.

کەسەکەی دیکە پرسیاری کرد: ئەی بۆ لەگەڵ کڕیارەکانتدا هەمان شت ناکەیت؟

پێیان بڵێ ئەگەر شتەکە ناکڕن فەرمو خێرا بچنە دەرەوە.

وەڵامی دایەوە: کڕیار نابێ وا ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێ.

- ئەی بۆچی لەگەڵ کارمەندەکاندا دەکرێت؟

Scanned by CamScanner

★ چونکە ئەوان لای تۆ ئیش دەکەن.

- وا بیردەکەیتەوە؟ ئیتر چۆن چاوەڕوان دەبیت دڵسۆزت بن و بە باشی ئیش بکەن. بەراست چەند کەس وازی هێناوە؟

★ ئەوە بەراستیتە؟ لەم سەردەمەدا کارمەندی دڵسۆز کوا ماوە؟ کەس هیچی بەلاوە گرنگ نییە. نایەتە سەر کارەکەی و هەر ئەوەندە دەزانێت واز دەهێنێت و ئیشێکی دیکە دەدۆزێتەوە.

- ئەم جەختکردنە لەسەر هێلکە ئاڵتونییەکان و ئەم ئاراستە و پارادایمە بە هیچ شێوەیەک کارێکی گونجاو نییە بۆ وەبەرهێنانی وزە گەورەکانی دڵ و مێشکی مرۆڤێکی دیکە. دیارە بەدیهێنانی دەستکەوتێکی گەوهەری لە ماوەیەکی کەما مەسەلەیەکی گرنگەو هیچ گومانێکی تێدا نییە بەڵام ئەمە گرنگترین شت نییە.

کاریگەرێتی لە هاوسەنگیدایە. بەبێ دەستبەرکردنی هاوسەنگی، کاریگەری نایەتەدی. زیادەڕەوی کردن لە جەختکردنەسەر بەرهەمهێنان دەبێتە تێکچونی باری تەندروستی و پەککەوتنی ئامێرەکان و لێ ڕۆیشتنی حساباتە بانقییەکان و لەتوپەت بونی پەیوەندییەکان. بەهەمان شێوەش زیادەڕەوی کردن لە هەڵسوکەوت کردندا لەگەڵ توانای بەرهەمهێناندا وەکو ئەو کەسە وایە کە ڕۆژی سێ چوار سەعات ڕابکات و دڵخۆش بێت بەوەی کە دە ساڵی زیادە هاتۆتە سەر تەمەنی بێ ئەوەی بزانێت ئەو دە ساڵەی تەمەنی لە ڕاکردندا بەسەردەبات.

یان وەکو ئەو کەسە وایە کە هەمیشە هەر دەخوێنێت و دەخوێنێت بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی هەبێت و لەسەر هێلکە ئاڵتونییەکانی خەڵکی دیکە دەژی.

ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێناندا یان لەنێوان هێلکە ئاڵتونییەکە (بەرهەمهێنان) و تەندروستی و بەختەوەری قازەکەدا (ئەوەی کە توانای بەرهەمهێنانی هەیە) زۆرجار بانگەوازێکی زەحمەتەو کەم کەس دەچێتە ئەقڵییەوە. بەڵام من ئەمە بە کرۆکی ڕاستەقینەی کاریگەرێتی دەزانم کە هاوسەنگی بەدی دەهێنێت لە بەینی هەردو بەرژەوەندییە کورتخایەن و درێژخایەنەکەدا. هاوسەنگی دەهێنێتە دی لەنێوان پلەی زانستی و بەخشینی پارەی فێربونەکە. هاوسەنگی دەهێنێتە دی لەنێوان ئەوەی پێت خۆش بێت ژورێکی پاکوتەمیز ببینیت و ئەوەی کە پەیوەندییەکی وات هەبێت لەگەڵ کچەکەتدا کە خۆی بڕیار

Scanned by CamScanner

ـدات ژوورەکە پاك بکاتـەوە– بـە خۆشحاڵیـەوە پاکی بکاتـەوە بێ‌ئـەوەی کەسێکی دەرەکی چاودێری بکات.

جەختکردنەسەر هێلکە ئاڵتونییـەکان ئـەو پرنسیپەیە کـە دەتوانیت لـە ژیانی خۆتدا تاقی بکەیتـەوە کاتێك کـە لـە پێنـاوی بەرهـەمی زیاتردا مۆمەکـە لـە هـەردو سـەریـەوە دادەگیرسێنێت پاشان هـەر هیلاکـی و نەخۆشییت بـۆ دەمێنێتـەوە بـێ ئەوەی توانای بەرهەمهێنانی هیچ شتێکت هەبێت بـەڵام هاوشـەنگی ئەوەیە کە شـەو خەوێکی قوڵت لێ دەکەوێت و ئـیتر بەیانییەکەی خەبـەرت دەبێتـەوە و ئامادەیت بـۆ کاروبەرهـەمهێنان. تـۆ دەتوانیـت لـە پێنـاوی بەدەستهێنانی مەبەستـەکەتدا گوشار بخەیتـە سـەر بەرامبەرەکـەت بـەڵام دواتـر دەبینیت پەیوەندییەکەی نێوانتـان هـیچ گروتینێکی تیا نـەماوە؛ یـاخود خـۆت تـەرخان دەکـەیت بـۆ سـەرمایەگوزاریکردن لـە پەیوەندییەکداو کەچی دەبینیت توانـاو ئـارەزوی پەیوەنـدی و کارکردنتـان پێکـەوە پێویسـتی بـە وەرچـەرخانێکی گـەورە هەیـە. هاوسـەنگی نێـوان ب/ تـب کرۆکـە راستەقینەکەی کاریگەرێتییە. ئەمـە لـە هـەمو بوارێکی ژیانـدا پشتڕاست دەبێتـەوە. گرنگ نـییە لەگەڵیدابیت یان دژی بیت، گرنگ ئەوەیە هەیە. ئەم هاوسەنگییە وەکو بورجی رێنمایی پاپۆڕەکان وایـە لـە دەریـادا. ئـەو پێناسـەو پارادیمـەی کاریگەرێتییـە کە حەوت خووەکەی ئەم کتێبەی لەسەر دارێژراون.

چۆن ئەم کتێبە بەکاردەهێنیت؟

پێش باسکردنی (حەوت خووەکەی کەسانی پێشـەنگ) پـێم خۆشـە پێشنیاری دو وەرچەرخانی پارادامیت بۆ بکـەم کـە دەستکەوتەکانت لـەم کتێبـە چـەند بەرامبـەر دەکەن.

یەکەم، پـێم باشـە کـە تـۆ ئـەم بابەتـە وەکو کتێبێـك نـەبینیت بـەو مانایـەی کـە شتێکە یەکجار بیخوێنیتەوەو بیخەیتە سەر رەفەیەك.

رەنگە پێت باش بێت یەکجار بەتەواویی کتێبەکە بخوێنیتەوە بۆ ئـەوەی بەگشتی لێی تێبگەیت، بەڵام بابەتەکانی ناو ئەم کتێبە وا دارێژراون کە لە پرۆسەی گۆڕین و گەشەکردنی بەردەوامدا "هەمیشە هاوڕێت بێت. بابـەتـەکان وا رێـك خـراون کـە وردە وردە شـتەکانی تیـا کۆببنـەوەو لـە کۆتـایی هـەمو خوویەکیشدا چـەند پێشنیارێکی جێبەجێکردن دانراوە بۆ ئەوەی بتوانیت باشتر تێی بگەیت و بـەپێی توانـای خـۆت

Scanned by CamScanner

جەخت بخەیتە سەر هەر خویەك كە دەتەوێت.

كە قوڵیش دەبیتەوە لە تێگەیشتن و جێبەجێکردنی بابەتەکانیدا، دەتوانیت هەر كاتێك بتەوێت بگەڕێیتەوە سەر پرنسیپە تایبەتەکانی خووە جیاجیاکان و ئینجا کار بۆ فراوانکردنی ئارەزووەکانت و زانیاری و شارەزایی‌یەکانت بکەیت.

دووهەم، پێشنیارت بۆ دەکەم کە وەرچەرخانێکی وا لە پارادیمتدا دروست بکەیت کە بەشدارییکردنت لەم کتێبەدا لە رۆڵی خوێنەرەوە ببێت بە مامۆستا. رێکارێکی لە ناوەوە بۆ دەرەوە بگرەبەرو بەو نیازەوە بیخوێنەرەوە كە ئەوەی فێری دەبیت لە ماوەی چل‌وهەشت سەعاتی داهاتودا بۆ کەسێکی نزیکی خۆتی باس بکەیت و گفتوگۆی لەسەر بکەن.

بۆ نمونە تۆ ئەگەر بابەتی هاوسەنگی نێوان بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنان بەو نیازە بخوێنیتەوە کە لە ماوەی چل‌وهەشت سەعاتی داهاتودا بۆ کەسێکی دیکەی روون دەکەیتەوە ئایا هەروەکو جاری جاران دەیخوێنیتەوە. تکایە هەر ئێستا ئەم مەسەلەیە تاقی بکەرەوەو برگەی کۆتایی ئەم بەشە بەوشێوەیە بخوێنەرەوە کە بۆ کەسێکی دیکەی روون بکەیتەوە. بەو نیازەوە کتێبەکە بخوێنەرەوە کە ئەمڕۆ سبەی بۆ هاوسەرەکەت و منداڵەکەت و هاوکارەکەت و هاوڕێیەکتی روون دەکەیتەوە. واتە هەر گەرماوگەرم تیایدا دەبیتە مامۆستا ئینجا ببینە بزانە چۆن گۆڕانکارییەك لە دڵ و دەروونتدا دێتە دی.

من بەڵێنت دەدەمێ پەیڕەوکردنی ئەم شێوازە لە بەشە جیاجیاکانی کتێبەکەدا نەك هەر وات لێ دەکات ئەوەی دەیخوێنیتەوە بیرت بمێنێت بەڵکو ئاسۆی تێڕوانینیشت بۆ مەسەلەکان فراوانتر دەبێت و قوڵتر لە شتەکان تێدەگەیت و ئارەزوی جێبەجێکردنیشت زیاتر دەبێت. سەرباری ئەمانەش کە تۆ بەوپەڕی پاکی و راشکاوییەوە کەسێکی دیکە بەشداردەکەیت لە بابەتەکەدا ئەوا بەرامبەرەکەت دڵی لێت پاك دەبێتەوەو هەرچی بیروبۆچونێکی خراپی هەبوبێت لەسەرت دەستبەجێ نامێنن. ئیتر تۆ لەبەرچاوی ئەوکەسەی کە فێری دەکەیت دەبیتە مرۆڤێکی گەورە کە هەمیشە دەگۆڕێت و گەشە دەکات و خوێندکارەکانت زیاتر ئامادە دەبن بۆ هاوکاری و پشتگیریکردنت لە کارەکەتداو رەنگە دەست بخەنە ناو دەستیشتەوە بۆ بەرجەستەکردنی حەوت خووەکە لە ژیانتدا.

Scanned by CamScanner

چاوەڕوانی چی دەکەیت؟

مارلین فیرگسۆن زۆر راست دەکات کە دەڵێت: گۆڕینی مرۆڤ بەدەست کەس نییە بەدەست خۆیەتی، هەریەکێك لە ئێمە پاسەوانی دەروازەی گۆڕانەو دەرگاکەشی هەر لە ناوەوە دەکرێتەوە. کەس ناتوانێت دەروازەی کەسێکی دیکە بکاتەوە، نە بە پاڕانەوەو نە بە گفتوگۆ.

تۆ ئەگەر بڕیار بدەیت دەروازەکەی خۆت بکەیتەوە لەپێناوی تێگەیشتن و جێبەجێ کردنی راستەقینەی پرنسیپەکانی ناو حەوت خووەکە ئەوا من بە هەمو باوەڕو متمانەیەکەوە دڵنیات دەکەمەوە کە گەلێك رووداوی ئەرێنیت تێدا روودەدات.

یەکەم، هەرچەندە گەشەکردنەکەت وردە وردە دەچێتە پێشەوە بەڵام کاریگەرییەکەی کۆتایی زۆر دراماتیکی دەبێت. ئایا تۆ لەگەڵمدا نیت کە پرنسیپی هاوسەنگی نێوان بەرهەمهێنان و توانای بەرهەمهێنان ئەگەر بە هەمو وردەکارییەکییەوە لە ژیاندا جێبەجێ بکرێت زۆربەی خەڵك و دام‌ودەزگاکان دەگۆڕێن؟

کردنەوەی دەروازەی گۆڕان بەرووی سێ خووەکەی یەکەمدا کە پێیان دەوترێت خووەکانی سەرکەوتنی تایبەت یان کەسێتی، دەرەنجامێکی کۆتایی هەیە. ئەو دەرەنجامەش بریتییە لە زیادبونێکی بەرچاوی متمانە بەخۆکردن. تۆ ئیتر خۆت دەناسیت – سروشتی خۆت و بەهاکانی ناخ و توانا بێ وێنەکەت لە هاوکاریکردندا – کە خۆیشت بە باشی ناسی چاکتر دەتوانیت ئامانجەکانت روون بکەیتەوە و رۆ بچیتە ناو پەیڕەوکردنی ئەو بەهایانەی کە باوەڕت پێیانە. مرۆڤ ئەگەر هەست بکات ناسنامەیەکی هەیە و دەستپاکەو خۆڕاگرە و گوێڕایەڵی بەها راست و دروستەکانی ناخی خۆیەتی ئەوا لە خەڵکانی دیکە زیاتر هەست بە کامەرانی دەکات و شتێك نابێت لێی نارازی بێت. مرۆڤی لەوجۆرە لە چاوی خەڵکەوە خۆی هەڵناسەنگێنێت و حەزی لەبەراوردکاری نییە بەڵکو لە ناخی خۆیەوە تەماشای خۆی دەکات و خۆی هەڵدەسەنگێنێت. راست و هەڵە لەلای ئەو کاریگەرییەکی کەمیان هەیە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێشی مایەی پێکەنین ئەمەیە کە مرۆڤی لەوجۆرە کەمتر بایەخ بە بیروبۆچونی خەڵکی دەدات لەسەرخۆی، بە پێچەوانەوە گوێ ناداتە ئەو شتانەو زیاتر ئەوەی لا مەبەستە خەڵککە چۆن تەماشای خودی خۆیان و جیهانەکانیان

دەکەن. مرۆڤی لەوجۆرە ژیانی سۆزداری خۆی لەسەر خاڵە لاوازەکانی خەڵك دروست ناکات بەڵکو وای دەبینێت کە گۆڕانکاری ئەوکاتە ئاسان و پێویستە کە ئەگەر هەستی گردشتێك لە ناخیدا هەیە مەحاڵە بگۆڕێت.

خۆ ئەگەر بە چاکیش لە سێ خووەکەی دواتر وردبییتەوە کە پێیان دەوترێت خووەکانی سەرکەوتنی دەستەجەمعی ئەوا نەك هەر هەمو توانا و ئارەزووەکانت بۆ روون دەبێتەوە بەڵکو لێیانەوە دەردەپەڕیت بۆ راستکردنەوەو دوپاتکردنەوەی ئەو پەیوەندییە گرنگانەی کە تێك چون یاخود نەماون. پەیوەندییە باشەکان لە بارياندا هەیە چاکتر و قوڵتر ببن، زیاتریش بچەسپێن و توانای داهێنان و بەرگەگرتنیان هەبێت و رووبەرووی مەترسییەکان ببنەوە.

بەڵام خووی حەوتەم ئەگەر لە ناخی مرۆڤدا ببێتە خوویەکی رەسەن ئەوا هەر شەش خووەکەی پێش خۆی نوێ دەکاتەوە و سەربەخۆیی بۆ مرۆڤ دابین دەکات و وای لێ دەکات زۆر چالاکانە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا یەکتری تەواو بکات. حەوتەمین خوو بوارت بۆ دەڕەخسێنێت پاترییەکانت چارج بکەیتەوە. تۆ ئێستا هەرچییەك بیت دڵنیابە کە تۆ بریتی نیت لە خووەکانت. مرۆڤ دەتوانێت نمونە کۆنەکان بگۆڕێت، ئەو نمونانەی کە دەبنە مایەی رەفتاری وێرانکەر و لە جێگەیان نمونەی باش دابنێت کە بریتین لە خووە تازەکانی کاریگەرێتی و بەختەوەری و متمانە لە پەیوەندییەکاندا.

بەوپەڕی دڵسۆزییەوە داوات لێ دەکەم لەگەڵ خوێندنەوەی ئەم خووانەدا دەروازەکانی گۆڕان و گەشەکردن بکەرەوە. لەگەڵ خۆتدا پشودرێژ بە. گەشەکردنی ناخ مەسەلەیەکی هەستیارە، کارێکی پیرۆزە و هیچ سەرمایە گوزارییەك لەم سەرمایەگوزاریکردنە گرنگتر نییە.

دیارە ئەمە مەسەلەیەك نییە بە خێرایی بێتە بەر، بەڵام دڵنیا بە هەست بە قازانجەکانی دەکەیت و بەرهەمە چاکەکانی دەستبەجێ دەبینیت. یاخود وەکو تۆماس پەین دەڵێت: شتێك بە ئاسانی دەست بکەوێت نرخی نییە، ئاوازەییەکە نرخ دەبەخشێت بە بابەتەکە، هەر خوا خۆی دەزانێت چۆن نرخ بۆ کەرەسەکانی دابنێت.

Scanned by CamScanner

بەشی دووەم

سەرکەوتنی تایبەتی



Scanned by CamScanner

خووی یەکەم

دەستپێشخەر بە



Scanned by CamScanner

کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە هەوڵبدە لە خۆت جیاببیەوە. هەوڵبدە هەست‌وهۆشت بخەیتە سوچێکی بنمیچی ژوورەکەو لەوێوە خۆت ببینیت. بە چاوی ئەقڵ لەوێوە خۆت ببینە کە دەخوێنیتەوە. ئایا دەتوانیت وەکو کەسێکی دیکە تەماشای خۆت بکەیت؟

ئینجا ئێستا هەوڵی شتێکی دیکە بدە. بیر لەو مەزاجە بکەرەوە کە ئێستا تێیدایت. ئایا دەتوانیت دیاری بکەیت؟ هەست بە چی دەکەیت؟ دۆخی ئەقڵی ئێستای خۆت چۆن وەسف دەکەیت؟

ئێستا ماوەی یەك خولەك بیربکەرەوە لە چۆنێتی کارکردنی مێشکت. ئایا بێدار و خێرایە؟ ئایا هەست بەوە دەکەیت کە دووکەرت بویت لەنێوان ئەم ڕاهێنانە ئەقڵ بەو هەڵسەنگاندن [illegible] تەنیا لە

نەخشەی تۆیە لەسەر سروشتی راستەقینەی رەگەزی مرۆڤ.

لەراستیدا هەتا ئەم مەسەلەیە بەهەند وەرنەگرین (چۆن خۆمان و خەڵکانی دیکە دەبینین) ناتوانین لە بەرامبەرەکەمان تێبگەین کە چۆن خۆیان دەبینین و چ هەستێکیان هەیە دەربارەی خۆیان و جیهانەکەیان. تۆ ئەگەر ئەمە دەربارەی من نەزانیت ئەوا لە روانگەی نیازو تێگەیشتنەکانی خۆتەوە لێکدانەوە بۆ هەڵسوکەوتەکانم دەکەیت، کەچی بەخۆیشت دەڵێیت مرۆڤێکی بابەتی.

ئەم بەهەند وەرنەگرتن و لێك تێنەگەیشتنە توانا تایبەتەکانی خۆمان و توانای پەیوەندیکردن بە خەڵکیشەوە سنوردار دەکات. بەڵام لەرێی خۆ ئاگاییەوە، کە توانایەکی سەرومڕ مرۆڤانەیە، دەتوانین چاوبە پارادیمەکانماندا بخشێنینەوە تا بزانین ئایا لەسەر بناغەی راستییەکان دامەزراون یاخود لەسەر پرنسیپەکان، یاخود دەرەنجامی بارودۆخەکان و خۆراهێنانەکانن.

ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکە

مەبەست لە ئاوێنەی کۆمەڵایەتی راوبۆچونی خەڵکە لەسەر تۆ، ئەو قسانەی کە لە پاشملە و بەرەو ڕوو پێتی دەڵێن. وەکو ئەو ئاوێنەیە وایە کە لە سێرك و کەرنەڤاڵەکاندا هەن و کە تەماشای خۆتی تیا دەکەیت وێنەیەکی پێکەنیناوی و دزێو دەبینیت. ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکە بریتییە لە پارادیمی ئێستاکەی کۆمەڵگاو لەو بیروبۆچون و لێك تێگەیشتەی کە هەیەتی، هەروەها لە پارادیمی خەڵکەکەی دەروبەرمان، جا ئەگەر ئێمە تەنیا لەم ئاوێنەیەوە خۆمان ببینین، وەك ئەوە وایە تەماشای ئاوێنە شێتەکە بکەین.

"هەرگیز لەکاتی خۆیدا نایەیت"

"ئەرێ بۆچی هەرگیز ناتوانیت شتەکان بە ڕێکوپێکی دابنێیت"

"هەبێ و نەبێ تۆ هونەرمەندیت"

"بەقەد مانگایەك دەخۆیت"

"چۆن دەرچویت؟ ئەقڵم نایبڕێ"

"مەسەلەکە زۆر ئاسانە، بۆچی تێناگەیت؟"

ئەم تێڕوانینانە تێڕوانینی رەهان و لە سیاقی راستەقینەی خۆیان دەرچون. رەنگدانەوە نین بەڵکو بۆچوونن. لێکدانەوەی خولیاکان و خاڵە لاوازەکانی

Scanned by CamScanner

کەســەکەیە و زیــاتر بایــەخ بــە تێکردنــەکان دەدات وەک لــەوەی ڕەنگدانــەوە ڕاستەقینەکەی کەسەکە ببینێت.

ڕەنگدانـەوەی پارادیمـە کۆمەڵایەتییەکـەی ئێستا پێمـان دەڵێت کـە مـرۆڤ زیاتر کەوتۆتە ژێر دەوروتەئسیری پارودۆخەکان و خۆڕاهێنانەکانـەوە. گومـانی تێدا نییە کە خۆڕاهێنان (ڕاهاتن لەسەر شتێک) ڕۆڵێکـی ئێجگار مـەزنی هەیـە لەسـەر ژیانمان ئەمە ڕاستییەکە و نکوڵی لێ ناکرێت. بەڵام ئەگـەر بڵێیت کـە ئێمـە تـەنیا بەرهـەمی ئەم خۆڕاهێنانەین و هیچ دەسەڵاتێکمان بەسەریدا ناشکێت، مەسـەلەیەکی دیکەیە و نەخشەیەکی تەواو جیاواز دەخولقێنێت.

لەڕاستیدا ژمارەی نەخشە کۆمەڵایەتییەکان سیانن — واتە سێ دانـە تیۆری هەن کە بۆ لێکدانەوەی سروشتی مرۆڤ، زۆر ناسراون و خەڵکەکە بە شێوەیەکی گشتی ئەم سێ تیۆرییەی قبوڵە چ بـە تـاک و چ پێکەوە. تیـۆری یەکـەم: حەتمییـەتی بۆمـاوەیی دەڵێت باپیرانت بەرپرسیاری ڕەفتاری تۆن. کە توڕەیی دامنادەگرێت خەتای ئەوانە و خەسڵەتێکە لە (دی. ئێن. ئەی)یەکەماندا. ئەم خەسڵەتەی توڕەیی‌یە ئـەوە بە نەوە دەڕوات و ئێمـە لـە بـاوو باپیرانمـەوە تووشـی دەبـین. ڕەگـەزیش لـەم ڕووەوە ڕۆڵی بەرچاوی هەیە. بۆ نمونـە تـۆ ئەگـەر بـە ڕەچەڵەک ئایرلەنـدی بیت ئـەو خەسڵەتی توڕەبوونـەت زیـاتر تێـدا دەردەکـەوێت چونکە ئایرلەندییـەکان بەشـێوەیەکی گشتی توڕەن.

حەتمییەتی دەروونی: ئەم تیۆرییە دەڵێت ڕەفتاری تـۆ هەرچییەک بێت باوک و دایکت وایان لێ کردویت. ئەزمون و بەسەرهاتەکانی قۆناغی منـاڵی کاریگـەریی قوڵیان هەیە لەسەر پێکهاتە و ئاڕاستەکانی کەسایەتی مرۆڤ. بۆ نمونە کەسێکی شەرمن بێت و توانای ڕووبەڕووبونەوەی جەماوەرت نەبێت دڵنیابە دایک و باوکت وایان پـەروەردە کردویت. ئەو کەسەی کە ئەگـەر هەڵەیـەکی لەدەسـت بقـەومێت یەکسـەر هەسـت بـە تـاوانێکی گـەورە دەکات، هۆکارەکـەی ئەوەیـە کـە لـە قـوڵایی ناخییـەوە هەسـت بـەو کاریگـەرییانـە دەکات لەسـەر ویـژدانی کاتێـک کـە لاوازو بـێ توانـا بـووە و لـە هەمـو شتێکدا پشتی بە خەڵکی دیکە بەستووە، بیری دەکەوێتـەوە کـە چـۆن جاران ئەگەر کەموکوڕییـەکی لێ دەربکەوتایـە لـە مەسـەلەیەکدا چـۆن ویـژدانی خـۆی سزای دەداو پەراوێز دەخراو بەراورد دەکرا بە کەسێکی دیکە.

Scanned by CamScanner

حەتمییەتی ژینگەیی: ئەم تیورییە دەڵێت هۆکاری سەرەکی بارودۆخی ئێستا لە ئەستۆی ژینگەو کەسانی دەوروبەرتە – بەرێوەبەرەکەت، هاوسەرەکەت، هەرزەکارە لەخۆ باییەکە، یاخود رەنگە بارودۆخی ئابوری و سیاسی وڵاتەکەت هۆکارەکە بن. واتە لەو ژینگەیەی دەوروبەری تۆدا کەسێك یاخود شتێك بەرپرسیاری ئەم دۆخەی ئێستای تۆن.

شیاوی باسە کە هەرکام لەو سێ تیۆرییە لەسەر تیۆرییەکەی (کارلێك/ کاردانەوە) دارێژراوە. کە زۆرجار ئێمە دەیبەستینەوە بە تاقیکردنەوە بەناوبانگەکەی پاڤلۆڤ لەسەر سەگ. پوختەی ئەمەش دەڵێت ئێمە وا فێرکراوین و وا راهاتوین (ناچارکراوین) کە بەرامبەر هەر کارلێکێك کاردانەوەیەکی دیاریکراومان هەبێت.



ئەم تیۆریيانەی باسمان کردن تا چەند دەتوانن بە وردی وەسفی ئەرکەکان و کاریگەرییەکانی ژینگەمان بۆ بکەن؟ ئەم ئاوێنانە تا چەند دەتوانن وێنە راستەقینە بێ گەردەکەی سروشتی مرۆڤمان نیشان بدەن؟ ئایا ئەمانە لەوجۆرە پێشهاتانەن کە خۆیان خۆیان بەدی دەهێنن؟ ئایا لەسەر ئەو بنەماو پرنسیپانە دامەزراون کە ئێمە کاریگەرییەکان و دەسەڵاتەکانیان لە ناخی خۆماندا هەست پێدەکەین؟

لەنێوان کارلێك و کاردانەوەدا

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە با پێکەوە تەماشای بەسەرهاتە سەرنجراکێشەکەی (ڤیکتۆر فرانکڵ) بکەین.

ڤیکتۆر فرانکڵ، وەك کەسێکی پەروەردەکراو بە پرنسیپەکانی دەروونزانیی شوناسیی فرویدی، باوەڕی تەواوی بە حەتمییەت هەبو کە دەڵێت رووداوەکانی قۆناغی منداڵیت کاردەکەنە سەر کەسایەتی و رەفتارت و بە شێوەیەکی بنەڕەتی ژیانت کۆنترۆڵ دەکەن. سنور و پێوەرەکانی ژیانت دیاری کراون و هیچی وات پێ

ناکرێت لە ناستیاندا. (فرانکڵ)یش هەم دەروونناس بو هەم جولەکە بو. لە ئۆردوگاکانی مەرگی ئەڵمانیای نازیدا زیندانی کراو ئەزموونی هێندە سەخت و ترسناکی بەسەرداهات کە مرۆڤی ئاسایی ناوێرێت بیانهێنێتە بەرچاوی خۆی. هاوسەرەکەی و براکەی و باوکیشی و دایکیشی هەموویان لەناوچوون.

هەندێکیان لە ئۆردوگاکەدا مردن و هەندێکیشیان رەوانەی فڕنەکان کران و سوتێنران. هەمو خێزانەکەی لەناوبران، بێجگە لە خوشکەکەی. فرانکل خۆیشی ئەوەندە ئەشکەنجە دراو سوکایەتی پێکرا کە لە ژماردن نایەن. هەمو چرکەیەکیش بەتەمای ئەوەبو لە فڕنێکدا بیسوتێنن یاخود ببێتە یەکێك لەو رزگاربوانەی کە ئەرکیان بریتی بو لە کۆکردنەوەی لاشەی کوژراوەکان و لابردنی خۆڵەمێشی سوتێنراوەکان.

رۆژێکیان کە لە ژوورێکی تەنگەبەردا بە رووتوقوتی دانرابو، بەرە بەرە درکی بە شتێك کرد کە دواتر خۆی ناوی لێ نا "ئازادیی کۆتاییەکانی مرۆڤ". واتە ئەو ئازادییەی کە تەنانەت نازییەکانیش ناتوانن نامەحرومی بکەن لێی. زۆردار دەتوانێت دەوروبەر و ژینگەکەی مرۆڤ بە تەواوی بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و چۆنی بوێت وای لێ بکات. هەرچییەکی بوێت لە جەستەی مرۆڤ دەتوانێت بیکات. بەڵام، وەك ڤیکتۆر فرانکڵ بۆی دەرکەوت، ناتوانێت وات لێ بکات توانای چاودێری کردنی خۆتت نەبێت. واتە ناتوانێت هەستی خۆئاگایی لە مرۆڤەکە بسەنێتەوە. فرانکڵ دەیتوانی لە ناخی خۆیدا بڕیار بدات مەسەلەکانی دەوروبەر چۆن کاری تێبکەن. پانتایی نێوان کارلێکەرەکەو کاردانەوەی ئەم بەرامبەر کاردانەوەکە شتێکە هێز و ئازادیان تێدایە. ئازادی و هێزی هەڵبژاردنی جۆری کاردانەوەکە.

لەم ئەزموونەیدا، فرانکڵ خۆیی لە چەندین هەڵوێستی جۆراوجۆردا دەهاتە پێش چاو. بۆ نمونە وای خۆی دەهاتە بەرچاو کە لە ئۆردوگاکە ئازادکراوە و دەرس بە خوێندکارەکانی دەڵێتەوە. خۆیی دەهاتە پێش چاو کە لە هۆڵی دەرسوتنەوەدا باسی ئەو ئەزموون و بەسەرهاتانە بۆ خوێندکارەکانی دەگێرێتەوە کە لەکاتی ئەشکەنجەدانیدا فێریان بوبو.

فرانکڵ لەرێی زنجیرەیەك لەو مەشق و راهێنانە ئەقڵی و ویژدانی و رەوشتییەوە و هەروەها لەرێی بەکارهێنانی بیرەوەریی خەیاڵەوە ئازادییە

ساکارەکەی خۆی پەیڕەو دەکرد کە وردە وردە نەشونمای دەستپێکردبو، بەمەش وای کرد بتوانێت لە پاسەوانانی زیندانەکە ئازادتر بێت؟ پاسەوانەنانی زیندانەکە ئازادیی زۆریان هەبو. بواری ژیانیان هەبو لە چوارچێوەی دەوروبەرەکەیاندا شت هەڵبژێرن، بەڵام ئەو لەوان ئازادتر بو، توانای زیاتری هەبو سود لەو ئازادییەی وەربگرێت. ئەمە وای لێ کرد ببێتە ئیلهامبەخش بۆ دەوروبەرەکەی، تەنانەت بۆ هەندێك لە پاسەوانەکانی و درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ خەڵکانی دیکە بۆ ئەوەی بتوانن سەرباری کوێرەوەرییەکانیش، واتایەك بدۆزنەوە و لەناو زیندانیشدا هەست بە سەربەرزی و رێزی خۆیان بکەن.

فرانکل لەوپەڕی ناخۆشی و هەستکردندا بە سوکایەتی، توانی سود لە توانا بێ هاوتاکەی مرۆڤ وەربگرێت کە خۆئاگاییـیە و پرنسیپێکی سەرەکی بدۆزێتەوە لە سروشتی مرۆڤدا، پرنسیپی ئەوەی کە لە ماوەی نێوان کارلێك و کاردانەوەدا مرۆڤ ئازادیی هەڵبژاردنی هەیە (ئازاد ئەوەی چی هەڵدەبژێرێت).

بەهرە سروشتییەکانمان کە بەڕاستی دەمانکەنە مرۆڤی بێهاوتا، لەناو ئەو ئازادییەدان: چونکە ئێمە بێجگە لە توانای درك بە خۆکردن توانای خەیاڵکردنیشمان هەیە کە توانایەکە وامان لێ دەکات بتوانین وێنەیەك بخوڵقێنین لەدیوی ئەودیوی واقیعەکەی ئێستامان. هەروەها خاوەنی ویژدانیشین — واتە درککردنە قوڵەکەی ناخ بە راست و هەڵە و درککردنی ئەو پرنسیپانەی ژیانی ئێمەیان کۆنترۆڵ کردووە و هەروەها بزانین هزرو کردارەکانمان تا چەند لەگەڵیاندا دەگونجێن. هەروەها ئێمە خاوەنی ویستی سەربەخۆین. واتە توانای کارکردن و بڕیاردان لەسەر بناغەی خۆئاگایی خۆمان و ئازاد لە هەمو کارلێکەرەکانی دیکە.

هەمو زیندەوەرەکانی دیکەی سروشت، بە گیاندارە باڵا زیرەکەکانیشەوە لەم بەهرانە نامەحرومن و ئەگەر زاراوەکانی دنیای کۆمپیوتەر بەکاربهێنین دەڵێین ئەمانە لە چوارچێوەی غەریزەو مەشقەکاندا پرۆگرام کراون و دەتوانرێت لەڕێی مەشق و راهێنانەوە وایان لێ بکرێت ببنە بەرپرسیار، بەڵام ناتوانن بەرپرسیارێتی راهێنانەکە بگرنە ئەستۆ و ناتوانن ئاڕاستەی بکەن. ناتوانن پرۆگرامەکە بگۆڕن و تەنانەت لێشی بێ ئاگان.

بەڵام ئێمەی مرۆڤ لە سایەی ئەو نیعمەتە سروشتییانەوە، دەتوانین پرۆگرامی

تازەی وا بۆ خۆمان بنوسین کە بە تەواوی دووربن لە غەریزەکان و راهێنانەکانمان.
هەر لەبەر ئەمەیە تواناکانی ئاژەڵان تاڕادەیەک سنوردارن و تواناکانی مرۆڤ سنوریان نییە، بەڵام ئەگەر وەک ئاژەڵ بژین و شوێن غەریزە و ژینگەو بارودۆخەکەمان بکەوین و بیرەوەرییە دەستە جەمعییەکانمان سەرچاوەمان بن ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێمەش سنوردار دەبین.

لەراستیدا سەرچاوە بنەڕەتییەکەی ئەم پارادیمی حەتمەییەتە دەرەنجامی لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی گیانلەبەرانی وەکو مشک و مەیمون و سەگ و کۆترە و هەروەها هی لێکۆڵینەوەیە لە خەڵکانی دیکە کە نەخۆشی دەرونی و دەماریان هەیە. لەکاتێکدا ئەم لێکۆڵینەوانە رەنگە هەندێک سودی دیاریکراو بە شرۆڤەکاران بگەیەنێت، بەڵام مێژووی مرۆڤ و هێزی خۆئاگاییمان بۆمانی دووپات دەکەنەوە کە ئەم نەخشەیە بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت سروشتی مرۆڤ وەسف بکات.

نیعمەتە سروشتییە بێ هاوتاکانمان ئێمە جیادەکەنەوە لە دنیای ئاژەڵان و هەتا زیاتر سود لەو نیعمەتانە وەربگرین و برەویان پێ بدەین، زیاتر دەتوانین توانا مرۆییەکانی ناخی خۆمان بەدی بهێنین، چونکە ماوەی نێوان کارلێک و کاردانەوە مەزنترین توانای ئێمەی تیایە. توانای هەڵبژاردن.

گیانی دەستپێشخەری چی یە؟

لە چوارچێوەی دۆزینەوەی پرنسیپە سەرەکییە گەوهەرییەکەی سروشتی مرۆڤدا، فرانکل نەخشەیەکی وردی بۆ خوی - مرۆڤ دارشت. ئینجا لەرێی ئەو نەخشەیەوە یەکەمین و گرنگترین خوی مرۆڤە هەرە کاریگەرەکانی خستە روو کە گیانی دەستپێشخەرییە.

لەکاتێکدا ئەم وشەیە یەکێکە لە وشە هەرە بەناوبانگەکانی ناو ئەدەبیاتی زانستی کارگێڕی، بەڵام هێشتا لە زۆربەی قاموسەکاندا نەنوسراوە. گیانی دەستپێشخەری تەنیا هەر ئەوە نییە جڵەوی مەسەلەکە بگریتە دەست. بەڵکو مانای ئەوەیە کە ئێمە مادام مرۆڤین، خۆمان بەرپرسیاری ژیانی خۆمانین. رەفتارەکانمان رەنگدانەوەی بڕیارەکانمانن نەک هی بارودۆخەکانمان. ئێمە دەتوانین هەست و سۆزمان بخەینە ژێر رکێفی بەهاکانەوە. ئێمە توانای دەستپێشخەری و

Scanned by CamScanner

بەرپرسیارێتی دروستکردنی رووداومان هەیە.

تەماشای وشەی بەرپرسیارێتی بکە لە زمانی ئینگلیزدا. ریسپۆنسیبڵ – لە دوو وشەی ریسپۆنس (کاردانەوە)و (توانا) وەرگیراوە. واتە توانای کاردانەوە. توانای هەڵبژاردنی کاردانەوەکەت. ئەوکەسەی کە خاوەنی گیانێکی بەرزی دەستپێشخەرییە ئەو بەرپرسیارێتییە دەزانێت. هەرگیز لۆمەی بارودۆخ و مەرجەکان و خۆراهێنان ناکات سەبارەت بە رەفتاریان. چونکە دەزانێترەفتار دەرەنجامی هەڵبژاردنێکی هوشیارانەیە، کە زیاتر پابەندی بنەماکانە نەك بەرهەمی بارودۆخەکان کە هەست و سۆز دروستی کردون.



نمونەی گیانی دەستپێشخەریی

ئێمە لەبەرئەوەی بە سروشت دەستپێشخەرین، کەواتە ئەگەر ژیانمان بریتی بو لە بارودۆخەکە و خۆراهێنانەکان، هۆکارەکە ئەوەیە ئێمە بە بریاری هوشیارانە یاخود بە هەڵە، بریارمان داوە ئەو شتانە بەهێز بکەین بۆ ئەوەی کۆنترۆڵمان بکەن.

بریاری لەوجۆرە کاردانەوەیە. مرۆڤی کارلێکراو زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ژینگە فیزیاییەکەیەوە. ئەگەر کەش‌وهەوا باش بێت ئەویش باشە. ئەگەر خراپ بێت کاردەکاتە سەر مەزاج و رەفتار و چالاکییەکانی. بەڵام خەڵکی

Scanned by CamScanner

دەستپێشخەر کەش‌وهەوای خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێت. باران بێت یاخود خۆرەتاو، هیچ جیاوازییەك لای ئەم دروست ناکات. مرۆڤی دەستپێشخەر مرۆڤێکە بنەماکان ئاراستەی دەکەن. ئەگەر بنەماکە ئەوەبێت کارەکە بە چاکی ئەنجام بدات ئەوا کەش‌وهەواکە هەرچۆنێك بێت لای ئەم هیچ کاریگەرییەکی نابێت.

مرۆڤی کارلێکراو دەشکەوێتە ژێرکاریگەریی ژینگە کۆمەڵایەتیەکەوە (کەش‌و هەوای کۆمەڵایەتی). ئەگەر بەرامبەرەکە باش رەفتاری لەگەڵدا بکات ئەمیش باشە، ئەگەر خراپ بێت لەگەڵیدا، ئەمیش دەست دەکات بە بەرگری لەخۆکردن و خۆپاراستن. مرۆڤی کارلێکراو ژیانی سۆزداریی خۆی لە روانگەی هەڵسوکەوتی خەڵکییەوە دروست دەکات. هێز دەبەخشێت بە لاوازیی خەڵکانی دیکە بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکەن.

تەنیا مرۆڤی دەستپێشخەر دەتوانێت گوژمەکان بخاتە ژێر رکێفی بەهاکانەوە. مرۆڤی کارلێکراو دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی هەست و بارودۆخ و دەوروبەر و مەرجەکانەوە. بەڵام مرۆڤی دەستپێشخەر لەژێر ئاراستەی بەهاکاندایە. ئەو بەهایانەی کە هەڵقوڵاوی ناخن و بە چاکی بیریان لێ کراوەتەوەو هەڵبژێردراون.

لەراستیدا مرۆڤی دەستپێشخەر ئەگەر کارلێکە دەرەکییەکانیش ماددی بن یاخود کۆمەڵایەتی بن یاخود دەروونی، کاریان تێدەکات. بەڵام چۆنێتی کاردانەوەکانیان (هەستی بن یاخود ئەستی) جۆرە کاردانەوەیەکن بەهاکان ئاراستەیان دەکات.

وەك ئیلیانۆر رۆزفلت دەڵێت: "کەس بەبێ رەزامەندیی خۆت ناتوانێت ئازارت بێ بگەیەنێت" و بە دەردی گاندی دەڵێت: "کەس ناتوانێت رێزی خۆتت لا کەم بکاتەوە ئەگەر خۆت رێگای پێ نەدەیت". رازیبون و قبولکردنی ئەوەی بە سەرمان دێت زۆر لە خودی رووداوەکان زیاتر ئازارمان دەدات.

من دەزانم قبولکردنی ئەم راستییانە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئێمە ساڵەهای ساڵە بەدبەختی و ناخۆشییەکانی ژیانمان خستۆتە ئۆبالی بارودۆخ و رەفتاری خەڵکانی دیکەوە. بەڵام هەتاکو دان بەوەدا نەنێم کە بارودۆخی ئەمرۆی خۆم ئەنجامی بڕیارەکانی دوێنی خۆمە ناتوانم بە متمانەوە بڵێم ئەوا بڕیارم دا شتێکی جیاواز هەڵبژێرم. جارێکیان کە لە (سکرامانتۆ) لە موحازەرەیەکدا باسی گیانی دەستپێشخەریم دەکرد و لە گەرمەی قسەکردندا بوم، ژنێك هەستایە سەرپێ و زۆر

Scanned by CamScanner

بە توندی قسەی کرد. هۆڵەکەش قەرەباڵغ بو، هەمو ناوڕیان لێ دایەوە و ئەویش یەکسەر هەستی بە ئیحراجبونێکی زۆر کردو دەستبەجێ لە شوێنی خۆی دانیشتەوە. بەڵام وادیاربو نەیدەتوانی خۆی کۆنترۆڵ بکات، لەبەرئەوەی هەر قسەی لەگەڵ دەوروبەرەکەی خۆیدا دەکردو زۆر خۆشحاڵ دیاربو.

منیش زۆر مەبەستم بو مەسەلەکە تێبگەم بۆیە خواخوام بو زوو موحازەرەکە تەواو بێت و یەکسەر چوم بۆلای و داوام لێ کرد مەسەلەکەمان تێبگەیەنێت.

لە وەڵامدا وتی: "ئەگەر بیڵێم باوەڕم پێ ناکەیت" ئینجا تۆنی دەنگی بەرزتر کردەوە وتی: من هەمو کاتەکەم وەکو پەرستارێك بە خزمەتکردنی کابرایەکەوە خەساردەکەم، کە باوەڕ ناکەیت چەندە پێنەزان و لە هەموشت ناڕازییە. هیچ ئیشێکی منی بەدڵ نییە. لە هەمو تەمەنیدا تەنیا یەك جاریش سوپاسی نەکردوم، نەك هەر ئەوە، بەڵکوو وا دەزانێ هەرنیم. ئەم کابرایە ژیانی لێ کردوم بە دۆزەخ و هیچ شوێنێك نییە هەستی خۆمی تیا دەربڕم لەناو خێزانەکەم زیاتر. من و پەرستیارەکانی دیکە تەواو گیرمان خواردووە بەدەستییەوە و ئەمانەوێ دوعای لێ بکەین خوابیکوژێت.

کەچی تۆ بە هەمو جورئەتێکەوە دەڵێیت گوایە هیچ شتێك ناتوانێت بەبێ رەزامەندیی خۆم ئازارم بدات و ژیانم پێبگەیەنێت و ئێمە خۆمان ئەو ژیانەمان هەڵبژاردووە کە تیایدا دەژین. بۆیە منیش لەناچاریدا هەڵسام و وام کرد. شێوازێکی دیکە نەبو گوزارشت لە بێزاری خۆمی پێبکەم بەرامبەر بەو قسەیەی تۆ.

بەڵام دواتر بە قوڵی بیرم لە مەسەلەکە کردەوە و پرسیارم لە ناخی خۆم کرد کە ئایا ناخۆ من هێزو توانای ئەوەم هەیە کاردانەوەکانم هەڵبژێرم ؟!

کاتێك کە چومە بنج و بناوانی مەسەلەکەوە و بۆم دەرکەوت بەڵێ ئەو هێزو توانایەم هەیە و کە بۆم دەرکەوت خەتای خۆمە ئەم ژیانە ناخۆشەم هەڵبژاردووە، ئیتر هەستم بەو راستییە کرد کە دەتوانم رێگایەك هەڵبژێرم هێندە کلۆڵ نەبم. لەو چرکەساتەدا بو کە هەستامە سەرپێ. هەستم کرد وەك ئەو دێوە وام لە زیندانی ناو قۆرییەکە هاتبێتە دەرێ و حەزمکرد پڕ بە دنیا هاوار بکەم بڵێم من ئازادو سەربەستم. من لە زیندان هاتومەتە دەرێ و ئیتر لەمەولا کەس ناتوانێت بە هەڵسوکەوتی خۆی کۆنترۆڵم بکات."

Scanned by CamScanner

ئەو ئازارەی کە دەیچێژین، ئازاری ئەو شتە نییە کە لێمان ڕوودەدات، بەڵکو ئازاری کاردانەوەکانمانە بەرانبەر ئەو شتانە. بێگومان زۆر ئاساییە و کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە هەندێک (شت) لەڕووی ئابوورییەوە ئازارمان دەدات و هەندێکی دیکە لەڕووی جەستەییەوە زیانمان پێدەگەیەنێت.. بەڵام هەرگیز پێویست ناکات کەسایەتیمان و ناسنامە بنەڕەتییەکەمان زیانیان پێبگات. لەڕاستیدا ئەو ئەزموونە سەختەکانمانن کە دەبنە مەحەك و کەسایەتیمان دیاری دەکەن و هێزەکەی ناخمان پتەو دەکەن و ئازادی ئەوەمان پێ دەبەخشن کە لە هەڵوێستە دژوارەکانی ئایندەدا چۆن رەفتار بکەین و کەسانی دیکەش هان دەدات لەسەر هەمان ڕێباز بڕۆن.

فرانکڵ یەکێك بو لەو خەڵکە زۆرەی کە توانییان لە بارودۆخە سەختەکاندا ئازادی تایبەتی خۆیان برەو پێبدەن بۆ ڕزگارکردن و هاندانی خەڵکانی دیکە. ژیاننامەی دیلەکانی جەنگی ڤێتنام بەڵگەنامەیەکی دیکەیە کە ڕوونی دەکاتەوە ئەو ئازادییە تایبەتەی مرۆڤ چ هێزێکی گەورەی هەیە لە وەرچەرخاندنی مرۆڤدا و بەکارهێنانی ئەو ئازادییە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە و ڕاست و دروست چۆن دەتوانێت کاربکاتە سەر کەلتوری زیندان و زیندانییەکانی جاران و ئێستاش.

هەر یەکێك لە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان کەسێکی ناسیوە کە هەرچەندە بارودۆخی زۆر سەخت و دژواریشی ڕووبەڕوو بۆتەوە، کە ڕەنگە نەخۆشییەکی قورس بوبێت یان پەککەوتنێکی گەورە، کەچی هەر ورەیەکی بەرز و جوانیان هەبووە. پابەندبونیان بەو ورەو گیانەوە بونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ ئێمە. هیچ هەستێك لەوە بەهێزتر و تەمەندرێژتر نییە کە ببینیت کەسێك بەسەر ئازارو کێشەو موعاناتەکانیدا بەرزبۆتەوەو لە بارودۆخەکە بەهێزتر بووە و تێی پەڕاندووە و هەڵگر و گوزارشکەری بەهایەکە جوانی و بەرزی و ئیلهام دەبەخشێت بە ژیان.

یەکێك لە قۆناغە سەرنجڕاکێشەکان و پڕ لە واتا قوڵەکانی ژیان ئەو ماوەیە بو کە من و ساندرای هاوسەرم لەگەڵ هاوڕێیەکی زۆر نزیك و خۆشەویستی ساندرادا بەسەرمان برد. هاوڕێکەی ناوی (کارۆڵ) بو کە دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بوبو. کارۆڵ دەستە خوشکی ساندرا و هاوڕێی دێرینی بو. ماوەی بستوپێنج ساڵی ڕەبەق لە قۆناغە نزیك و خۆشەویستەکانی ساندرا.

لە قۆناغە کۆتاییەکانی نەخۆشییەکەی کارۆڵدا، هاوسەرەکەم هەمیشە لەلای

زۆرن-زیرەو رەخنەکانە دەکەڕایەوە ماڵێ زۆرر سەرسامی نیشان دەدا بەرامبەر بە ئازایەتی هاوڕێکەی و ئارەزووی ئەوەی کە پەیامی تایبەت بۆ منالەکانی جێبهێڵێت کە لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیاندا پێیان بدرێت.

کارۆڵ کەمترین دەرمانی دژە ئازاری دەخوارد، لەبەرئەوە توانی تا ئەندازەیەکی زۆر پارێزگاری لە توانا ئەقڵی و سۆزدارییەکانی خۆی بکات و پاشان بە دەنگێکی نزم بیرەوەرییەکانی دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی ساندرا بیاننوسێتەوە. کارۆڵ خاوەنی گیانێکی دەستپێشخەربو، ئازابو، بایەخی بە خەڵکیش دەدا تا ئەو سنورەی کە بووە سەرچاوەی ئیلهام بۆ زۆرێك لە کەسانی دەوروبەری.

من هەرگیز ئەو رۆژەم بیرناچێتەوە کە بۆ بەیانییەکەی کارۆڵ کۆچی دوایی کرد. ئەو رۆژە بە قوڵی تەماشای چاوەکانی کارۆڵم کرد و هەستم بە ئازارێکی بێ کۆتایی کرد کە کەسێك "دەیچێژێت خاوەنی بەهایەکی گەورەیە. لە چاوەکانیدا هەستم بە رەسەنی و میهرەبانی و هاوکاری و خزمەتگوزاریی و خۆشەویستی و رێزو پێزانین کرد.

ساڵانێکی زۆر، من گەلێك جار پرسیارم لە خەڵکی کردووە کە ئایا چەندیان خەڵکانی گرنگ و خاوەن ئامانج و ئاراستەی مەزنیان دیوە لە سەرەمەرگدا. کەسانی خزمەتگوزارو بە سۆزو میهرەبانی وا کە لەپێناوی خزمەتکردنی خەڵکیدا شێوازی تایبەت و بێوێنەیان گرتۆتەبەر. تێبینیم کرد، لە چواربەش، بەشێکی خەڵکەکە ئەو ئەزمونەیان هەبووە. کاتێکیش کە لێم پرسیون ئاخۆ چەندیان هەرگیز ئەو کەسانەیان بیر ناچێتەوە چونکە کاریگەرییان لەسەر ئەمان هەبووە و بونەتە سەرچاوەی ئیلهام بۆیان و هانیان داون دەستپێشخەریی پێویست بۆ ئەنجامدانی کاری جوامێرانەتر و پێشکەوتوتر. وەڵامەکە هەر هەمان وەڵامی پرسیاری پێشوو بو. لە چوار بەش بەشێکیان، واتە هەر هەمان رێژەکەی پێشوو.

ڤیکتۆر فرانکڵ باوەڕی وایە کە ژیان سێ بەهای حەتمی تیایە – ئەزمونیی، واتە ئەوەی کە لێمان روودەدات، خوڵقێنەر واتە ئەوەی کە لە واقیعدا دروستی دەکەین و ئاراستەیی، یاخود شێوازی کاردانەوەمان بەرامبەر بارودۆخە سەختەکانی وەك نەخۆشییەکی کوشندە. ئەزمونی تایبەتی خۆم لەگەڵ خەڵکیدا بۆم دەسەلێنێت کە

Scanned by CamScanner

گۆشـەنیگای فـرانکڵ راسـتـە – بـەرزترینی ئـەو بەهایانـە، ئاڕاستەیيەکەيە، واتـە پارادیمەکـە یـاخود دروسـتکردنەوەکە. گـرنگترین مەسـەلە لەوەدایـە کـە چۆن کاردانەوەمان دەبێت بەرامبەر ئەزمونەکانی ژیان.

زۆرجـار بـارودۆخی سـەخت دەبێتـە هـۆی وەرچـەرخانی پارادیمـەکان، کـە چوارچێوەی نـوێ بۆ شێوازی جیهانبینیو خۆبینین دەخولقێنێت. ئەم تێڕوانینە هەرە فراوانە دەبێتەرەنگدانەوەی ئەو بنەمایانەی کـە هەمومـان بـەرزدەکەنەوە و ئیلهاممان پێدەبەخشن.

چۆن خاوەنی دەستپێشخەری بین؟

سروشتی بنەڕەتیمان ئەوەیە کە بکەربین نەك کار لێکراو. مرۆڤ ئەگەر بتوانێت خۆی کاردانـەوەکانی هەڵبـبژێرێت بەرامبـەر رووداوەکان ئـەوا هێـزی ئەوەی دەبێت خۆی بارودۆخەکان بخولقێنێت. دەستپێشخەریی مانای ئـەوە نیـيە جرِن و شەڕانی و ئێسك گران بیت. دەستپێشخەریی بریتییە لـەوەی درك بـە بەرپرسیارێتی خۆمان بکەین لە دروستکردنی رووداوەکاندا.

مـن ساڵانێکی دووردرێـژ کـە ئامۆژگـاری کەسێکم بکردایـە بـۆ بەدەستهێنانی کارێکی چاکتر، پێم دەگوت دەستپێشخەریی زیاتر و زیاتر نیشان بدە. پێم دەگوت شایستەیی و زیرەکی خۆی تاقی بکاتەوە.

پێم دەگوتن پیشەسازی بخوێنن و تەنانەت زانیـارییش بەدەست بهێـنن دەربارەی کێشە تایبەتەکانی ئەو دەزگایانەی کـە ئـەمان حـەزیان لێیـەتی. پاشان بـەجدی لە خۆیان بپرسن بزانن چۆن دەتوانن چارەسەر بۆ ئـەو کێشانە بدۆزنـەوە. ئەمە پێی دەوترێت (فرۆشتنی چارەسەر) و بریتییە لـە پارادیمێکی بنـەڕەتی بـۆ سـەرکەوتن لە کارەکەتدا.

ئەوانـەی بـەم شێوەیە ئامۆژگـارییم کـردون، هەمیشـە ئامۆژگارییەکـەیان قبوڵ بـووە. زۆربـەی خـەڵکەکە تێدەگـەن کـە ئـەم شێوازە یارمـەتیـدەرێکی کاریگـەرە بۆ دامەزرانـدن و پلەبەرزبونـەوە. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـدا زۆربـەی زۆریـان نـاتوانن هەنگاوی پێویست لە بواری دەستپێشخەریدا بنێن و وا بکەن شتەکە رووبدات.

"نازانم لەکوێ شایستەیی و زیرەکی خۆم تاقی بکەمەوە."

Scanned by CamScanner

"چۆن دەتوانم لە پیشەسازی تێبگەم و ئاگاداری کێشەی دەزگاکان ببم؟ کەس یارمەتیم نادات."

"چۆن بزانم ئایا دەتوانم چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزمەوە یان نا؟"

زۆربەی خەڵکی هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەن شتێك روودەدات، یاخود کەسێك بێت بایەخیان پێبدات. بەڵام ئەوەی کە لە کۆتاییدا پۆستی باشی دەست دەکەوێت ئەوەیە کە گیانی دەستپێشخەریی هەیە. ئەوەی کە خۆی دەبێتە چارەسەر نەك بە سەرچاوەی کێشە. کەسێکە کە دەستپێشخەریی دەکات بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێکی پێویست و هاوئاهەنگی دەکات لەگەڵ بەها راست و دروستەکاندا.

کاتێك لە ماڵی ئێمەدا کەسێك، تەنانەت منداڵە بچوکەکانیش، هەڵوێستێکی نابەرپرسیارانە وەردەگرێت بەوەی چاوەڕوان بێت کەسێکی دیکە کارێك بکات یاخود چارەسەرێك پێشکەش بکات. پێی دەڵێین "(تکایە واو و دال بەکاربهێنە) وزەو دەستپێشخەریی."

لەراستیدا، هەندێك جار پێش ئەوەی قسەکە لە دەممان بێتە دەرەوە دەڵێت دەزانم.

هاندانی کەسێك بەوەی پابەندبێت بە ئامانجەکانی بەرپرسیارێتییەوە سوکایەتیکردن نییە بەو کەسە بەڵکو رێزلێگرتنێتی. گیانی دەستپێشخەریی شتێکە لە سروشتی مرۆڤ جیانابێتەوە.

هەندێك جار هێزە بزوێنەرەکەی ئەو گیانی دەستپێشخەرییە (ماسولکەکان) لە حاڵەتی مت بووندا دەبێت، بەڵام هەیە و نەمردووە. کە تۆ رێز لە گیانی دەستپێشخەریی کەسێك دەگریت، مانای وایە هەر هیچ نەبێت لایەنێکی روون و نەشێواوی وێنەی ناو ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکەی نیشان دەدەیتەوە.

بێگومان ئاستی کامڵبونی کەسەکە مەسەلەیەکی گرنگە. کەس چاوەڕێی ئاستێکی بەرزی هاوکاری ناکات لە کەسێك کە خۆی لەڕووی سۆزدارییەوە پشتی بە خەڵکی دیکە بەستووە و سەربەخۆ نییە. بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانین سروشتە بنەڕەتییەکەی خۆیی بیربخەینەوە و کەشوهەوایەکی وا بخوڵقێنین مرۆڤ بتوانێت هەلەکان بقۆزێتەوەو لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا زیاتر پشت بەخۆی ببەستێت.

Scanned by CamScanner

بکەر یان کارلێکراو؟

جیاوازی نێوان ئەوانەی شێوازی دەستپێشخەری پەیڕەو دەکەن و ئەوانەی کە شێوازی وا پەیڕەو ناکەن، ڕێك وەکو جیاوازی نێوان ڕۆژ و شەو وایە. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم جیاوازی نێوان کاریگەرییەکانیان بە ڕێژەی ٢٥٪ یاخو ٥٠٪، بەڵکو باسی جیاوازییەك دەکەم کە دەگاتە ٥٠٪ زیاتریش، بەتایبەت ئەگەر کەسانی دەستپێشخەر - زیرەك و هوشیار بون و لە بەرامبەرەکەیان تێگەیشتن.

مەسەلەکە پێویستی بە دەستپێشخەری هەیە بۆ دروستکردنی هاوسەنگییەکی کاریگەر لەنێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێناندا. مەسەلەکە پێویستی بە دەستپێشخەرییە بۆ برەودان بە حەوت خووەکە چونکە کاتێك سەرنج لە شەش خووەکەی دیکە دەدەیت بۆت دەردەکەوێت کە هەمویان پەیوەستن بە مەسەلەی دەستپێشخەرییەوە. هەمویان داوات لێ دەکەن تۆ دەستپێشخەری بکەیت و ئەگەر چاوەڕێ بکەیت خۆت ببیتە ئامانجی کردەوەکانی خەڵکانی دیکە ئەوا دەبیتە کەسێکی کارلێکراو. گەشەکردن و فرسەتەکانیشت پەیوەستن بەوەی کە تۆ کام ڕێگا هەڵدەبژێریت.

ماوەیەك لەمەوبەر من لەگەڵ کۆمەڵێکدا کارم دەکرد کە پسپۆڕییەکەیان لەبواری بیناسازیدا بو. ئەم کۆمەڵە بریتی بون لە نوێنەری بیست دەزگای جیاواز کە هەرسێ مانگ جارێك کۆدەبونەوە بۆ ئەوەی بە ڕاشکاوی باسی فرۆش و کێشەکانیان بکەن.

ئەو کۆبونەوەیە هاوکات بو لەگەڵ بێبازاڕییەکی گەورەدا، بەتایبەت لەم بوارەدا کە ئاکامە خراپەکانی ڕەنگیان دابووەوە لە ئابوری وڵاتدا بە شێوەیەکی گشتی. کە کۆبونەوەکە دەستی پێکرد، ئاشکراترین خاڵی هاوبەشی نێوانیان شکست و نائومێدی بو.

لە ڕۆژی یەکەمی کۆبونەوەکەدا پرسیارێك دانرابو گفتوگۆی لەسەربکەین کە دەڵێت: "ئەوە چییە تووشی بویت؟ ورياكەرەوەكە چییە؟ دیارە لەو ماوەیەدا دەزگاکان دووچاری زۆر کێشە بوبون. گوشارەکانی دەوروبەر بەهێزبوون، بێکاری بەربڵاوبو، زۆرێکیش لەم کەسانە ناچاربون لەپێناوی پاراستنی دەزگاکانیاندا دەستبەرداری هاوڕێکانیان ببن. لەکۆتایی ئەو ڕۆژەدا ئامادەبوان زیاتر هەستیان بە داڕوخان و نائومێدی دەکرد.

Scanned by CamScanner

لە دووەمین رۆژدا پرسیارەکەی کە دانرابو گفتوگۆی لەسەر بکرێت ئەمەبو: "لە ئایندەدا چی روودەدات؟" ئێمە هەمو ئەگەرو پێشبینیەکانمان تاوتوێ کرد لەسەر ئەو گریمانەیەی کە ئەم بارودۆخە کاردەکاتە سەر ئایندەیان. لە کۆتایی ئەو رۆژەدا نائومێدی زیاتر باڵی کێشا بەسەریاندا و مەسەلەکە بەرەبەرە خراپتر دەبو بۆ ئەوەی هیچ هیوایەك لە ئاسۆدا دەربکەوێت. هەموانیش درکیان بەمە کردبو.

بەڵام لە رۆژی سێیەمدا بڕیارمان دا جەخت بکەینە سەر ئەم پرسیارە ئەرێنییە "کاردانەوەکەی ئێمە چی دەبێت؟ ئێمە بەتەماین چی بکەین؟ چۆن دەتوانین جڵەوی دەستپێشخەریکردن بگرینە دەست؟".

لە دانیشتنەکەی سەرلەبەیانیدا باسی کاروبارەکانی کارگێڕی و کەمکردنەوەی خەرجییەکانمان کرد. لە دانیشتنەکەی دوای نیوەڕۆشدا باسی زیادکردنی پشکەکانمان کرد لە بازاڕدا و زۆر بە قوڵی لەو دوو مەسەلەیە وردبوینەوە .. ئینجا بایەخی تایبەتیمان دا بەو مەسەلانەی کە خەسڵەتێکی روون و قووڵی پراکتیکییان هەیە، ئەو شتانەی کە قابیلی جێبەجێکردنن. بەمجۆرە لە کۆتایی کۆبوونەوەکەی ئەو رۆژەدا رۆحێکی تازە باڵی بەسەرماندا کێشا کە لێوانلێوبو لە هیواو تێگەیشتنی ئەرێنی و سەرسامبون.

لەکۆتایی رۆژی سێیەمدا دەرەنجامی کۆنگرەکەمان لە وەڵامێکی سێبەشیدا کورت کردەوە بۆ ئەو رستەیەی کە دەیپرسی: "چالاکییەکانمان لە چ دۆخێکدان؟"

بەشی یەکەم: ئەوەی کە رووبەرووی بوینەوە شتێکی باش نیە. ئاماژەکانیش دەڵێن مەسەلەکان بەردەوام روو لە خراپبونی زیاتر دەکەن پێش ئەوەی سەرەتاکانی چاکبونەوە دەرکەون.

بەشی دووەم: بەڵام ئەوەی ئێمە بە نیازین ئەنجامی بدەین شتێکی زۆرچاکە، چونکە کاروبارە کارگێڕییەکان باشتر ئەنجام دەدەین و خەرجییەکان کەم دەکەینەوە و پشکەکانیش زیاتر دەکەین و زیاتر بەشداریی دەکەین لە بازاڕدا.

بەشی سێیەم: بەمجۆرە چالاکییەکانمان لە جاران باشترن. دە ئێستا با بزانین مرۆڤی کارلێکراو رای چییە بەرامبەر بەم مەسەلەیە؟ هێواش کە. خۆت لەراستییەکان مەدزەرەوە. رەنگە بتوانیت ماوەیەك لەسەر ئەم بیرکردنەوە ئەرێنییە و شێوازی خۆهاندانە بەردەوام بیت. بەڵام ئەمرۆ بێت یان سبەی ناچار

Scanned by CamScanner

دەبێت رووبەڕووی راستییەکان ببیتەوە".

ئەمەیە جیاوازییەکەی نێوان بیرکردنەوەی ئەرێنی و دەستپێشخەری. ئێمە بەراستی رووبەڕووی راستییەکان دەبینەوە و خۆمان لە واقیعەکە نادزینەوە. نە لە بارودۆخەکەی ئێستا رامانکردووە و لە پێشبینییەکانی ئایندەش. بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەو واقیعەمان لەبیرخۆمان نەبردۆتەوە کە ئێمە هێزی ئەوەمان هەیە دەرهەق بەم واقیع و پێشبینییانە کاردانەوەیەکی ئەرێنی هەڵبژێرین. خۆ دزینەوە لەم واقیعە مانای قبولکردنی ئەوەیە کە بڵێین رووداوەکانی دەوروبەرمان چارەنوسمان دیاری دەکەن. هەمو بەشێکی کۆمەڵگا، هەمو چالاکییەکی بازرگانی و هەمو دامودەزگایەك بە خێزانیشەوە دەتوانن دەستپێشخەرییان هەبێت. دەتوانن داهێنان کۆبکەنەوە لەگەڵ وزە شاردراوەکانی ئەو کەسانەی کە گیانی داهێنانیان تێدایە بۆ خولقاندنی ژینگەیەکی دەستپێشخەر لەو دەزگایانەدا؛ نابێت دەزگاکان لەژێر بەزەیی بارودۆخەکانی دەوروبەردا بن، بەڵکو دەتوانن گیانی دەستپێشخەرییان هەبێت بۆ بەدیهێنانی ئامانج و بەها هاوبەشەکانی ئەو خەڵکانەی کە مەبەستیانە.

گوێگرتن لە زمانەکەی خۆمان

لەبەرئەوەی هەڵوێست و رەفتارمان هەڵقوڵاوی پارادیمەکانمانن، کەواتە ئەگەر خۆئاگاییەکەمان بەکارهێنا بۆ تێگەیشتن و تاقیکردنەوەیان، ئەوا دەتوانین نەخشە نهێنییەکانی ناخی خۆمانی پێبدۆزینەوە. بۆ نمونە شێوەی قسەکردنمان ئاماژەیەکی زۆر راستگۆیە کە پێمان دەڵێت تا چ ئەندازەیەك گیانی دەستپێشخەرییمان تێدایە.

مرۆڤی کارلێکراو بە جۆرێکی وا قسە دەکات کە هیچ بەرپرسیارێتییەکی نەکەوێتە ئەستۆ.

"ئیتر من ئاوام، چی بکەم" (مانای وایە من کەسێکی راپێچراوم، هیچ شتێك بەدەست خۆم نییە.)

"ئەو کابرایە شێتم دەکات" (مانای وایە من بەرپرسیانیم. هەست و سۆزم لەدەرەوەی خۆم کۆنترۆڵ کراوە.)

"ناتوانم بیکەم. فریاناکەوم" (واتە شتێکی دەرەوەی خۆم - بێکاتی- منی کۆنترۆڵ کردووە.)

"ئاخ ئەگەر هاوسەرەکەم یەك تۆز پشووی درێژبوایە" (واتە رەفتاری کەسێکی

دیکە کۆتوپێوەندی کردوم.)

"ناچارم بیکەم" (واتە خەڵکانی دیکە، یاخود بارودۆخ ناچارم دەکەن ئەو کارە بکەم. من ئازاد نیم لە هەڵبژاردنی رەفتار و کارەکانمدا.)

زمانی مرۆڤی کارتێکراو	زمانی مرۆڤی دەستپێشخەر
هیچم پێ ناکرێت	با تەماشابکەین بزانین ئەگەرەکانی دیکە چین
من ئاوام، وا نیش دەکەم	دەتوانم رێگەیەکی دیکە بگرمەبەر
ئەم کابرایە شێتم دەکات	دەتوانم خۆم کۆنترۆڵ بکەم
ئەوان هەرگیز رێ بەو شتە نادەن	دەتوانم قەناعەتیان بگۆڕم
ناچارم ئەو کارە بکەم	هەوڵدەدەم وەڵامێکی گونجاو بدۆزمەوە
ناتوانم	هەوڵدەدەم
مەجبورم	پێم باشە
ئاخ ئەگەر	بە دڵنیاییەوە دەیکەم

ئەم زمانە هەڵقوڵاوی پارادیمی حەتمیبونە و سەرومڕ بریتییە لە گواستنەوەی بەرپرسیارێتی. کە دەڵێم من بەرپرسیارنیم مانای وایە من ناتوانم کاردانەوەکەم هەڵبیژێرم.

جارێکیان خوێندکارێك لێی پرسیم: "رێم دەدەیت لە پۆلەکە بچمە دەرێ چونکە دەبێت بڕۆم، یاریمان هەیە"

"ناچاریت بڕۆیت یان خۆت هەڵتبژاردووە کە بڕۆیت؟"

"ناچارم"

"ئەی ئەگەر نەچیت؟"

"چۆن نەچم؟ لە تیپەکە دەرم دەکەن"

"پێت خۆشە دەرت بکەن؟"

"نەخێر پێم خۆش نییە".

"کەواتە تۆ خۆت بڕیارت داوە بڕۆیت چونکە دەتەوێت بەردەوام بیت لەگەڵ تیپەکەدا. باشە ئەی ئەگەر ئەم موحازەرەیەت لەکیس بچێت چی روودەدات؟"

"نازانم!"

Scanned by CamScanner

"باش بیربکەرەوە. ئەگەر لە موحازەرەکە ئامادە نەبیت چی روودەدات؟"

"خۆ لە خوێندن دەرناکرێم. دەردەکرێم؟"

"ئەگەر نەچیت بۆ یارییەکە، لە تیپەکە دەرت دەکەن. ئیتر یاری ناکەیت. ئەمە ئەنجامێکی سروشتییە. ئەی ئەگەر پۆلەکە جێبهێڵیت، ئەنجامە سروشتییەکەی چی دەبێت؟"

"وابزانم فێربونی شتێکم لەکیس دەچێت"

"زۆر راستە. کەواتە پێویستە هەردوو ئەنجامەکە لەگەڵ یەکتریدا بەراورد بکەیت و بڕیار بدەیت. من بومایە لەجیاتی تۆ دەچووم بۆ یارییەکە. یارییەکەم هەڵدەبژارد. بەڵام هەرگیز مەڵێ ناچارم بچم" بە کزۆڵییەوە وتی "ئەوە هەڵدەبژێرم، بچم بۆ یارییەکە"

بە سوعبەتەوە پێم وت "یەعنی موحازەرەکەی منت لەکیس بچێت؟"

یەکێک لە کێشە ترسناکەکانی "زمانی کارتێکراو" ئەوەیە کە دەبێتە جۆرە پێشبینیکردن و ئاماژەیەک خۆی مەبەستەکانی خۆی بهێنێتەدی بە جۆرێکی وا کە ئەوکەسە خۆی دەخاتە پەنای جۆرە پارادیمێکەوە بێچارە و ناڕاستەکراوە و چەندین بەڵگەش نیشان دەدات کە بۆچونەکەی ئەم بسەلمێنێن. بڕوای تەواوی بەوەیە کە ئەم کەسێکی قوربانییە و هیچ شتێک بەدەست خۆی نییە. نە ژیان و نە چارەنوس. هەمیشە لۆمەی دەرەوەی خۆی دەکات. لۆمەی هێزەکان و بارودۆخەکانی دەرەوە، تەنانەت لۆمەی ئەستێرەکانیش دەکات (ئەستێرەکانی بەخت) و دەڵێت ئەوان بەرپرسیاری ئەم وەزعەی ئەون نەک خۆی.

لە سیمینارێکدا من باسی گیانی دەستپێشخەریم دەکرد، لەپڕ یەکێک لە ئامادەبوان هەستاو لێی پرسیم: "ستیڤن، من ئەم قسانەی تۆم زۆر پێخۆشە، بەڵام هەمو شتێک بارودۆخی خۆی هەیە. بۆ نمونە ژیانی هاوسەرگیری من تەماشاکە. من بەڕاستی نیگەرانم. من و ژنەکەم تەواو گۆڕاوین. ئەو هەستەی کە ئێستا بەرامبەر یەکتری هەمانە وەکو هەستەکەی جاران نییە. وا هەست دەکەم نە من ئەوم خۆش دەوێت و نە ئەویش منی خۆش دەوێت. نازانم چی بکەم؟"

لێم پرسی: "بە هیچ شێوەیەک ئەو هەستەی جارانتان بەرامبەر یەکتری نەماوە؟

وەڵامەکەی دامەوە: "نەخێر نەماوە. سێ منداڵمان هەیە کە بەڕاستی خەمیان

Scanned by CamScanner

دەخۆین. بەرای تۆ چی بکەم؟

پێم وت: "خۆشت بوێ"

وتی: "پێم وتیت، وتم هیچ هەستێکم بەرامبەری نەماوە".

"خۆشت بوێ"

"لێم تێناگەیت. هەستی خۆشەویستی نەماوە"

"کەواتە خۆشت بوێت. ئەگەر هەستەکە نەمابێت باشترین هۆکارە بۆ ئەوەی خۆشت بوێت"

"بەڵام چۆن خۆشم دەوێت کە خۆشم نەوێت؟"

"هاورێ گیان خۆشەویستی بەرهەمی خۆشویستنە. خۆشویستن واتە خزمەتکردن و قوربانیدان لەپێناویدا. گوێی لێ بگرە. رێزی بگرە، رۆڵەکە ببینەو بۆی بسەلمێنە .. ئایا پێت خۆشە ئەم کارانە بکەیت؟

لە هەمو دەقە ئەدەبیە جوانەکانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا خۆشویستن کردارە، بەڵام کەسانی کارتێکراو دەیکەن بە هەست. هەستەکان پاڵیان پێوە دەنێن: هۆلیوود بەشدارە لەو مەسەلەیەدا کە بگەینە ئەو باوەرەی ئێمە هیچ بەپرس نین و ئێمە تەنیا بەرهەمی هەستەکانمانین. بەڵام ئەم سیناریۆ هۆلیودییە راستییەکان دەرناخات. ئەگەر هەستوسۆز کۆنترۆڵی رەفتار و کردەوەکانمان دەکات، خەتاکەی خەتای خۆمانە کە وازمان لە بەرپرسیارێتی ئەرکەکانمان هێناوە و رێمان بە هەستەکانمان داوە کۆنترۆڵمان بکەن.

مرۆڤی دەستپێشخەر خۆشەویستی دەکات بەکردار. خۆشەویستی شتێکە دەکرێت. قوربانیدانە، خۆفیداکردنە، وەك ئەو دایکەی کە کۆرپەیەك دەهێنێتە دنیاوە. ئەگەر دەتەوێت لە خۆشەویستی تێبگەیت لە رەفتاری ئەو کەسانە وردببەرەوە کە قوربانی دەدەن لەپێناوی خەڵکانی دیکەدا، تەنانەت لەپێناوی خەڵکی واشدا کە ئازاریان دەدەن و خۆشیان ناوێن. ئەگەر باوکیت، سەرنج لەو خۆشەویستییە بدە کە بەرامبەر مناڵەکەت هەتەو قوربانی بۆ دەدەیت. خۆشەویستی بەهایەکە بە کردەوە بەرجەستە دەکرێت. مرۆڤی دەستپێشخەر هەستەکان دەخاتە ژێر رکێفی بەهاکانەوە. خۆشەویستی هەستێکە دەتوانیت بەدەستی بهێنیتەوە.

Scanned by CamScanner

بازنەی مەراق / بازنەی کاریگەرێتی

ڕێگەیەکی نایابی دیکە بۆ ئەوەی توانای لەخۆئاگابونمان سەبارەت بە دەستپێشخەریمان ئەوەیە تەماشای خۆمان بکەین بزانین زۆربەی وزەو کاتی خۆمان لەکوێدا بەسەردەبەین. هەریەکێك لە ئێمە کۆمەڵێك بابەت و مەسەلە هەن بەلایەوە زۆر گرنگن و بایەخیان پێدەدات. مەراقی ئەون — تەندروستی خۆی، ژیان و کێشەی منداڵەکانی، گیروگرفتەکانی کار، کێشە داراییەکان، مەسەلەکانی سیاسەت، ژینگە و .. تاد. جا بۆ جیاکردنەوەی ئەم مەسەلانە لەوانەی کە لە هیچ ڕوویەکی ئەقڵی و سۆزدارییەوە جێگەی بایەخ و مەراقی ئێمە نین دەتوانین بە بازنەیەك جیایان بکەینەوە، ئەوانەی لەناو بازنەکەدان ئەو شتانە بگرێتەوە کە گرنگ و بایەخدارن. بازنەکەش ناودەنێین بازنەی مەراق.

ئێمە کە تەماشای بابەتەکانی ناو بازنەی مەراق دەکەین، بە ئاشکرا هەست دەکەین هەندێکیان بە هیچ شێوەیەك لە کۆنترۆڵی خۆماندا نین و ناتوانین هیچیان لەبارەوە بکەین. بەڵام کۆمەڵێك بابەت و مەسەلەی دیکە هەن دەتوانین کەم تا زۆر کاریگەریمان هەبێت لەسەریان. بابەتەکانی جۆری دووەم دەتوانرێن لەناو بازنەیەکدا کۆبکرێنەوە بە ناوی بازنەی کاریگەرێتی.

Scanned by CamScanner



جا بۆ ئەوەی بزانیت رێژەی دەستپێشخەرییەکەت لە چ ئەندازەیەکدایە تەماشای خۆت بکە بزانە زۆربەی کات و وزەی خۆت لەناو کام بازنەدا بەسەردەبەیت.



مرۆڤی دەستپێشخەر

(وزەی ئەرێنی دەبێتە هۆی گەورەبونی بازنەی کاریگەرێتی)

Scanned by CamScanner

مرۆڤی دەستپێشخەر تواناکانی خۆی لە بازنەی کاریگەرێتیدا چڕدەکاتەوە. ئیش لەسەر ئەو بابەتانە دەکات کە دەتوانێت شتێکیان لەبارەوە بکات. سروشتی وزەکەیان ئەرێنییە، بەردەوام گەورەو بەرفراوان دەبێت و دەبێتە هۆی گەورەبونی بازنەی کاریگەرێتییەکەی.

بەڵام مرۆڤی کارتێکراو تواناکانی خۆی لە بازنەی مەراقدا چڕدەکاتەوە. بایەخ بەو شتانە دەدات کە ئەم هیچی پێناکرێت لەئاستیاندا، بۆ نمونە لاوازی فلانەکەس، کێشەکانی ژینگەو دەوروبەر. ئەم بایەخدان و فۆکەسکردنە وای لێ دەکات ئیتر هەر بۆڵەی بێت و ئەمونەو تاوانبار بکات. بە زمانێکی کارتێکراو قسە دەکات و هەتا بێت زیاتر هەست بەوە دەکات کە ئەو قوربانییەکی دەوروبەرو بارودۆخەکەیە. ئەو وزە نەرێنییەی کە لەم رەفتارەوە دروست دەبێت هەروەها فەرامۆشکردنی ئەو بابەت و مەسەلانەی کە دەتوانێت شتێکیان لەبارەوە بکات دەبنە هۆی بچوکبونەوە و پوکانەوەی بازنەی کاریگەرێتییەکەی.



مرۆڤی کارتێکراو

(وزەی نەرێنی دەبێتە مایەی بچوکبونەوەی بازنەی کاریگەرێتی)

Scanned by CamScanner

مرۆڤ هەتا زۆر لە بازنەی مەراقدا بمێنێتەوە زیاتر و زیاتر بابەتەکانی ناو ئەو بازنەیە بەهێز دەکات تا کۆنترۆڵی بکەن. واتە ئەو گیانی دەستپێشخەرییە ناخاتەگەڕ کە بۆ بەدەستهێنانی گۆڕانی ئەرێنی پێویستە.

پێشتر من باسی کوڕەکەمی خۆمم بۆ کردن کە لە خوێندندا کێشەی گەورەی هەبو. من و ساندرای هاوسەرم زۆر خەفەتمان بەوە دەخوارد کە لە خوێندندا بە ئاشکرا لاوازیی پێوە دیارە و هەروەها خەفەتمان بە رەفتاری خەڵکەکەش دەخوارد لەگەڵیدا.

بەڵام ئەمانە لەناو بازنەی مەراقماندا بون. چەندێك وزەو کاتی خۆمان لەو بازنەیەدا بەسەربرد، هیچمان نەکرد بەهیچ، جگە لەوەی زیاتر و زیاتر هەستمان بە ناتەواوی و بێتوانایی خۆمان بکەین و کوڕەکەشمان زیاتر و زیاتر وا لێ بکەین پشت بەخۆی نەبەستێت.

بەڵام هەر لەگەڵ دەستمان دایە ئەوەی لە بازنەی کاریگەریماندا ئیش بکەین و جەختمان کردە سەر پارادیمەکانمان، یەکسەر توانیمان وزەیەکی ئەرێنی وا بخوڵقێنین کە ئێمەی بە تەواوی گۆڕی و لەئەنجامیشدا کاری کردە سەر کوڕەکەمان. بە کارکردن لەسەرخۆمان، نەك لەسەر بارودۆخەکان. توانیمان کاریگەری لەسەر بارودۆخەکان دروست بکەین.



هەندێك جار لە ئاكامی پۆستێك یاخود پەیوەندییەك یاخود سامانێكەوە وا رێك دەكەوێت بازنەی كاریگەرێتی كەسەكە گەورەتربێت لە بازنەی مەراقەكانی دیارە ئەم جۆرە پێگەیە كورتبینیەكی ویژدانیی گەورەیە كە توشی خۆمانی دەكەین و جۆرە شێوازێكی ژیانی خۆپەرستانەی كارتێكراوە كە فۆكەس دەكاتە سەر بازنەی مەراق.

هەرچەندە ریزبەندیكردنی مەسەلەكان هەنگاوێكی گرنگە بۆ بەكارهێنانی دەوروتەنسیری خۆیان، بەڵام خەڵكە دەستپێشخەرەكان خاوەنی بازنەی مەراقێكی وان كە لانی كەم هێندەی بازنەی كاریگەرێتییەكەیان دەبێت و ئامادەن بەرپرسیارێتی بەكارهێنانی تواناكانی خۆیان قبوڵ بكەن.

كۆنترۆڵی راستەوخۆ و كۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆ و بێ كۆنترۆڵ

ئەو كێشانەی رووبەڕوویان دەبینەوە سێ جۆرن: كۆنترۆڵی راستەوخۆ (ئەو كێشانەی كە پەیوەستن بە هەڵسوكەوتی خۆمانەوە)! كۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆ (ئەو كێشانەی كە پەیوەستن بە هەڵسوكەوتی خەڵكانی دیكەوە)؛ بێ كۆنترۆڵ (ئەو كێشانەی كە هیچمان پێناكرێت دەربارەیان وەك رابردومان و ئەو واقیعانەی كە هەڵوێستەكان دەیسەلمێنن) رەفتاری مرۆڤی دەستپێشخەر لە چارەسەركردنی هەرسێ جۆری كێشەكەدا بەشێوەیەكە كە یەكەم هەنگاو هەمویان بخاتە بازنەی كاریگەرێتیەكانیەوە.

كێشەكانی جۆری كۆنترۆڵی راستەوخۆ بەوە چارەسەر دەبن كە ئیش لەسەر خووەكانمان بكەین. ئەم كێشانە بە ئاشكرا لەناو بازنەی كاریگەرێتییەكانماندان. ئەمانە بریتین لە سەركەوتنە تایبەتەكانی خووی یەكەم و دووەم و سێیەم.

كێشەكانی جۆری كۆنترۆڵی ناڕاستەوخۆ بەوە چارەسەردەبن كار لەسەر گۆڕینی میتۆدی ئیشكردنمان بكەین. ئەمانە سەركەوتنە گشتییەكانی خووی چوارەم و پێنجەم و شەشەمن. من خودی خۆم توانیومە نزیكەی (٢٠) رێگەی جیاواز لەسەر كاریگەرییەكانی مرۆڤ دیاری بكەم - لێرەدا جیاوازی رووبەڕووبونەوە لە قەناعەتپێكردندا لەلایەكی دیكەوە. مرۆڤی ئاسایی هەمیشە سیان چوارێك لەو

Scanned by CamScanner

میتۆدانەی هەیە کە بەردەوام دووبارەیان دەکاتەوە. میتۆدەکان زۆرجار بە پرۆسەی ئەقڵانیکردنی مەسەلەکە دەست پێدەکات. ئەگەر ئەمە سودی نەبێت ئیتر یان لە دەستی هەڵدێت یاخود رووبەڕووی دەبێتەوە. ئای کە ئازادییەکی گەورەیە مرۆڤ بتوانێت فێری شێوازی تازە ببێت بۆ کارکردنە سەر خەڵکانی دەوروبەری، نەك هەر خەریکی شێوازە کۆنە شکستخواردووەکان بێت کە خەڵکانی دیکە دەقیان پێوەگرتوون.

سەبارەت بە کێشە بێ کۆنترۆڵەکانیش باشترین شێوازی رەفتارکردن لەگەڵیاندا ئەوەیە هەستو سۆزت بەرامبەریان بگۆڕیت – بەدەمیانەوە پێبکەنیت، راستگۆییان قبوڵیان بکەیت و فێرببیت چۆن لەگەڵیاندا بژیت. تەنانەت ئەگەر حەزیشت لێیان نەبو. بەمشێوەیە ئیتر کێشەکان هێزەی ئەوەیان نابێت کۆنترۆڵت بکەن. با ئیلهام لەو دوعا بەناوبانگەوە وەربگرین کە دەڵێت، "خودایە ئازایەتی ئەوەم پێببەخشە ئەو شتانە بگۆڕم کە پێویستن و دەتوانم بیانگۆڕم، هێندەش ئارامیم پێببەخشە بتوانم ئەو شتانە قبوڵ بکەم کە ناتوانم بیانگۆڕم، ئەوەندەش ئەقڵ و حیکمەتم بدەرێ بزانم کام بابەتەم پێدەگۆڕێت و کامەیانم پێ ناگۆڕێت".

کۆنترۆڵەکە راستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ بێت یاخود هەر لە ئەسڵا بێ کۆنترۆڵ بێت هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت مادام یەکەم هەنگاوی چارەسەرکردنیان بەدەست خۆمانە. گۆڕینی خووەکانمان و گۆڕینی میتۆدی ئیشکردنمان و گۆڕینی سەرنجدانمان لە کێشە بێ کۆنترۆڵەکان هەر هەموویان لەناو بازنەی کاریگەریتی خۆماندان.

فراوانکردنی بازنەی کاریگەریتی

راستییەکی ئیلهامبەخشە ئەگەر بزانیت کە شێوازی کاردانەوەت بەرامبەر بە بارودۆخەکە، کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر بارودۆخەکە. مەسەلەکە وەك هاوکێشە کیمیاوییەکان وایە، ئەگەر بەشێکی هاوکێشەکە بگۆڕین ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکەش دەگۆڕێت.

من ماوەی چەندین ساڵ لەگەڵ رێکخراوێکدا کارم دەکرد کە سەرۆکەکەی کەسێکی زۆر بەتواناو گورج وگۆڵ بو. دەیزانی کێ چۆن بیردەکاتەوە، کەسێکی

Scanned by CamScanner

داهێنەرو بەهرەدار و بەتواناو چالاک بو. هەمو کەس ئەم راستییەی دەزانی. بەڵام هەڵسوکەوتی لە بەڕێوەبردندا تاگرەوانە و دیکتاتۆری بو. هەموانی وەکو "قەراش" تەماشا دەکرد کە نەتوانن هیچ بڕیارێک بدەن. شێوازی ئیشکردنی لەگەڵ کارمەندەکانیدا بەمجۆرەبو: بڕۆ ئەمە بکە .. بچۆ بۆ ئەوێ. ئەوەبکە. ئێستا وابکە .. من خۆم بڕیارەکە دەدەم .."

دەرەنجامی کۆتایی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بریتی بو لەوەی کەسەکانی دەوروبەری بچن لە ڕاڕەوەکەدا کۆمەڵ کۆمەڵ ڕاوەستن و لەناو خۆیاندا گلەیی لەم بکەن. کەسێک گوێی لە قسەکانیان بوایە کە هەموی قسەی جوان و رێکوپێک بون وای دەزانی ئەمانە بەڕاستی دەیانەوێت دۆخەکە چاک بکەن. بەڵام شتەکە هەر قسەبو، قسەیەکی بێ کۆتایی و بەو مەبەستەش بو هەمو بەرپرسیارێتییەک لە خۆیان دووربخەنەوە و بیخەنە ئەستۆی سەرۆکەکەیان کە ئەو خاڵە لاوازانەی هەیە.

یەکێک دەیوت: "ڕەنگە باوەڕ نەکەن. ئەو رۆژە هاتە بەشەکەی ئێمە و دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ. ئێمە کارەکەمان تەواو کردبو، کەچی بڕوبیانوی دنیای لێ دۆزییەوە و وتی: "بەم شێوەیە قبوڵم نییە." ڕەنجی چەند مانگێکی داین بە بادا. بەڕاستی ئیدارەی لەگەڵدا ناکرێت. بەڕاست زۆر ماوە خانەنشین بکرێت؟"

یەکێکی دیکە هەڵ دەداتێ و دەڵێت: "هێشتا تەمەنی پەنجاو نۆ ساڵە داماو؛ دەبێت شەش ساڵی دیکە خۆت ڕابگریت"

"شەش ساڵی چی؟ هەرگیز باوەڕناکەم ڕۆژێک لەڕۆژان خۆی خانەنشین بکات".

بەڵام یەکێک لە بەڕێوەبەرەکانی ئەو دەزگایە کەسێکی ئەرێنی بو. ئەوەی پاڵی پێوەدەنا هەستوسۆز نەبو، بەهاکان بو .. دۆخەکەی هەڵسەنگاندو تێی گەیشت و ئەنجامە پێشبینیکراوەکانیشی خستە پێش چاوی خۆی. بەئاگا بو لە خاڵە لاوازەکانی سەرۆک؛ بەڵام لەبری ئەوەی ڕەخنەیان لێ بگرێت، وای بە باشتر زانی بیانگۆڕێت. لە هەر مەسەلەیەکدا شێوازی سەرۆکەکە لاوازبوایە، ئەم دەهات قەرەبوی دەکردەوە بۆ کارمەندەکان و هەوڵی دەدا وایان تێبگەیەنێت کە ئەمە شتێکی لاوەکییە. بایەخی زۆری بە خاڵە بەهێزەکانی سەرۆک دەدا — بە تێڕوانین و بەهرەو داهێنانەکانی ئەم بەڕێوەبەرە. بایەخی دابو بە بازنەی کاریگەرێتییەکەی خۆی، هەرچەندە سەرۆکەکە ئەمیشی وەکو بەردەستێک تەماشا دەکرد، بەڵام ئەم هەوڵی دەدا شتێک بکات لە

پێشبینیکردنی سەرۆکەکە زیاتربێت. پێش وەخت دەیزانی سەرۆک پێویستی بەچی دەبێت و دەیزانی لە ناخەوە حەزی بە چییە. لەبەرئەوە ئەگەر داوای زانیارییەکی لێ بکردایە، ئەم دەهات شرۆڤەیەکی بۆ دەخستە سەرو چەندین راسپاردە و بیرو بۆچونی خۆیشی لە ڕوانگەی ئەو شرۆڤەیەوە پێشکەش دەکرد.

ڕۆژێك دووبەدوو لەگەڵ سەرۆکدا دانیشتبوم پێی وتم: "ستیفن، ئەم کابرایە شتی وای کردەوە ئەقڵم نایبڕێت. ئەم کابرایە نەك هەر زانیاریە داواکراوەکانی دامێ بەڵکو کۆمەڵێك زانیاری زیادەیشی پێشکەش کردم کە ڕێك ئەم زانیاریانەبو من دەمویستن. سەرەڕای ئەوەش مەسەلەکەی لە چوارچێوەیەکدا بۆ شیکردومەتەوە کە بەلای منەوە گرنگە. چەندین راسپاردە و پێشنیاریشی خستۆتەسەر.

"راسپاردەکان هاوئاهەنگ بون لەگەڵ شیکردنەوەکەدا. هەروەها شیکردنەوەکەش لەگەڵ زانیارییەکاندا دەهاتەوە. پیاوێکی زۆر بەتوانا. مرۆڤ لەگەڵ پیاوی وادا زۆر بەختەوەرەو خەمی هیچی نابێت. بەڕاستی دەزانێت بەرپرسیارێتی چییە."

لە کۆبونەوەی داهاتویدا لەگەڵ کارمەندو بەڕێوەبەرەکاندا، سەرۆك هەمان راسپاردەکانی جارانی هەبو "ئەوە بکە .. ئەمە بکە .." بەڵام کە دەگەیشتە ئەم بەڕێوەبەرە لێی دەپرسی: تۆ ڕات چییە؟ (بازنەی کاریگەرێتیەکەی فراوان بووە.)

ئەم مەسەلەیە خاووخلیچکی ناو دەزگاکەی جوڵاند و ئەقڵە کارتێکراوەکان لە ڕارەوەکانەوە دەستیان کرد بە تەقاندنی موشەکەکانی رق‌و کینە دژ بەم پیاوە ئەرێنییە.

شتێکی سروشتییە کە ئەو مرۆڤەی گیانی دەستپێشخەریکردنی تێدا نەبێت خۆی لە هەمو بەرپرسیاریەتییەك دەدزێتەوە. سەلامەتترین هەڵوێست ئەوەیە بڵێیت: "من بەرپرسیارنیم". بەڵام راستیەکە شتێکی دیکە، بەرپرسیارە بەڵام شایستەی بەرپرسیارێتی نییە. چونکە زۆر قورسە بڵێیت هێزی ئەوەم هەیە خۆم جۆری کاردانەوەکەم هەڵبژێرم و ئەو کاردانەوەیەی کە هەڵمبژاردووە بۆتە هۆی ئەوەی بکەومە ژینگەیەکی خراپ و پڕ لە شەڕو پێکدادان، بەتایبەت ئەگەر ساڵەهای ساڵ لەسەرئەوە راهاتبم کە بە بیانوی لاوازیی کەسێکی دیکەوە خۆم لە بەرپرسیارێتی ئەنجامەکان بدزمەوە.

لەبەرئەوە ئەم کارمەندو بەڕێوەبەرانە کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر و

موشەکی زیاتر و بەڵگەی زیاتر بۆ ئەوەی خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە.

بەڵام ئەم کابرایە بەرامبەر ئەمانیش کەسێکی دەستپێشخەربو. وردە وردە بازنەی کاریگەرێتییەکەی بەرووی ئەوانیشدا فراوان بو. بازنەکە بە ئەندازەیەکی وا گەورەبو کە هیچ کەسێك لە دەزگاکەدا هیچ کارێکی گرنگی لێ نەدەوەشایەوە ئەگەر ئەم کابرایە دەستی تێدا نەبوبێت و لەسەری رازی نەبوبێت، تەنانەت سەرۆکەکەش. لەهەمان کاتیشدا سەرۆکەکە هەستی بە هەڕەشە نەدەکرد، چونکە هێزی ئەم کابرایە تەواوکەری هێزو قەرەبوکەرەوەی لاوازییەکانی سەرۆك بو. بەمجۆرە سەرۆك بووە خاوەنی هێزی دووکەس و هەروەها بە خاوەنی تیمێکی یاریدەدەریش.

سەرکەوتنی ئەم پیاوە پەیوەست نەبو بە بارودۆخەکەی خۆیەوە. زۆرکەسی دیکە هەبون لەهەمان بارودۆخدا. ئەو جیاوازییەی کە ئەم کابرایە هێنایە ئاراوە بەرهەمی کاردانەوە هەڵبژێردراوەکان بو بەرامبەر بە بارودۆخەکە. بەرهەمی بایەخدان بو بە بازنەی کاریگەرێتییەکانی خۆی.

هەندێك کەس وا دەزانن دەستپێشخەری واتە توندوتیژی و خۆسەپاندن و بێ رەحمی. نەخێر مەسەلەکە هەرگیز وانییە. مرۆڤە ئەرێنییە دەستپێشخەرەکان کەسانی خۆسەپێن نین، بەڵکو خەڵکی زیرەکن، بەهاکان پاڵیان پێوە دەنێن. واقیعەکە دەخوێننەوە و دەزانن پێویستە چی بکەن.

کەسێکی وەکو گاندی بهێنەرە بەرچاوی خۆت. لەکاتێکدا کە دوژمنەکانی ئەم لە دەزگاکانی یاسادانانداا رەخنەی ئەوەیان لێ دەگرت بەقسەی سەوزوسور وەك ئەمان رەخنە لە ئیمپراتۆریی بریتانیا ناگرێت کە گەلی هیندی سەرکوت کردووە، گاندی بە کێلگەو مەزراکاندا دەگەڕاو زۆر هێواش و هێمن و لەسەرخۆ بازنەی کاریگەرێتییەکەی لەسەر جوتیارەکان فراوان دەکرد و لەگەڵیاندا شەپۆل شەپۆل بە دێهاتەکاندا دەگەڕا و پشتگیریان دەکرد و بڕواو متمانەیان بۆی تازە دەکردەوە. ئەم پیاوەی کە بێ ئەوەی هیچ پۆستێکی وەزاریی هەبێت و خاوەنی هیچ پێگەیەکی سیاسی بێت دواجار توانی بە ئازایەتی و هاوسۆزی و رۆژوگرتن و باوەڕپێهێنان ئینگلتەرا بهێنێتە سەرچۆك و کۆتایی بەو داگیرکارییە سیاسییە بهێنێت کە سێسەد ملیۆن کەس دەیناڵاند بەدەستییەوە. هونەرەکەشی لەمەدا هەموی بۆ بازنەی کاریگەرێتییەکەی دەگەڕێتەوە کە بەردەوام فراوان و فراوانتر دەبو.

Scanned by CamScanner

هەبون و بوون

یەکێك لە ڕێگەکانی دیاریکردنی بازنەی مەراق جیاکردنەوەی (هەبونەکان) لە (بوونەکان.)ە بازنەی مەراق پڕە لە هەبونەکان:

- ئاخ ئەگەر پارەم هەبوایە ئەو خانووە بکڕم ....
- ئاخ ئەگەر بەڕێوەبەرەکەم نەختێك سۆزی هەبوایە ....
- خۆزگە هاوسەرەکەم سەبری زیاتری هەبوایە ....
- خۆزگە منالی گوێڕایەڵترم هەبوایە ....
- ئەگەر ئەو بڕوانامەیەم هەبوایە ....
- ئەگەر کاتی زیاترم هەبوایە بۆ خۆم ....

بەڵام بازنەی کاریگەرێتی پڕە لە بوونەکان – دەتوانم پشوودرێژتر بم، ئاقڵ بم، ڕۆح سوك بم. واتە بازنەیەکە تایبەتە بە بایەخدان و فۆکەس کردن.

کرۆکی هەمو کێشەیەك لەوەدایە کە وابزانیت کێشەکە لە دەرەوەیە. کە تۆ دەڵێیت کێشەکە لە دەرەوەیە ئەوا بتەوێت و نەتەوێت لە خۆتی بەهێز دەکەیت و تۆ دەکەویتە ژێر کۆنترۆڵیەوە. گۆڕینی پارادیم لای ئەم ئەقڵییەتە ئەوەیە لە دەرەوە بێتە ناوەوە – هەتا ئەوەی دەرەوە نەگۆڕێت ئێمە ناگۆڕێین.

بەڵام ڕێبازی دەستپێشخەری ئەوەیە گۆڕانەکە لە ناوەوە بەرەو دەرەوە بێت: جیاواز بیت، ببیتە کەسێکی جیاواز، ببیتە هۆکاری گۆڕانێکی ئەرێنی لەوەی دەرەوەدا – من دەتوانم داهێنەرتر بم، دەوڵەمەندتر بم، هاوکارتر بم، ڕوخۆشتر بم.

یەکێك لە چیرۆکە پەسەندکراوەکانی لای من چیرۆکی حەزرەتی یوسفە (د.خ) کە لە میسر بە کۆیلەیەتی فرۆشرا. ئەوکاتە ئەو لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا بو. خۆ ئەوکاتە زۆر ئاسان بو لای عەزیزی میسر بکڕوزێتەوە و گلەیی بەختی خۆی و زوڵمی براکانی بۆ بگێڕێتەوە بەڵام یوسف کەسێکی دەستپێشخەربو. لەسەر بوونەکان کاری دەکرد بۆیە پاش ماوەیەکی کەم کاروباری ماڵی عەزیزی ڕوبەڕوکرایەوە. عەزیز هەمو متمانەیەکی پێدەکرد.

پاشان ڕۆژگار هات و لە بارودۆخێکی دژواردا خرایە زیندانەوە کە ١٣ ساڵی تیا مایەوە. لەو قۆناغەشدا لاوازی نیشان نەدا. لەوێشدا هەر دەستپێشخەر بو. ئیشی لەسەر بازنەکەی ناوەوە دەکرد، لەسەر بوونەکان نەك لەسەر هەبونەکان. بۆیە پاش

Scanned by CamScanner

ماوەیەکی کەم توانی هەمو زیندانەکە و دواتریش هەمو میسر بەڕێوە ببات، تەنیا فیرعەون لەو بەدەسەلاتتر بو. من دەزانم ئەم میتۆدە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەدی دەهێنێت لە پارادیمی زۆربەی خەلکەکەدا. هیچ لەوە ئاسانتر نیە گلەیی و گلەیییەکی بخەیتە سەرخەلکی دیکە. گلەیی بخەیتە سەر بارودۆخەکە و سەر دەوروبەر بەڵام لەڕاستیدا بەرپرسیارێتییەکە لە ئەستۆی خۆماندایە. خۆمان دەتوانین ژیانی خۆمان کۆنترۆڵ بکەین و دەورو تەنسیری بەهێزمان هەبێت لەسەر بارودۆخەکە ئەویش بە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بوونەکان.

بۆ نمونە تۆ ئەگەر لە ژیانی هاوسەرگیریتدا کێشەیەکت هەبێت ئاخۆ قازانجێك لەوەدا دەکەیت کە هەر باسی هەڵەکانی هاوسەرەکەت بکەیت. کە بەرپرسیارێتییەکە لەسەر خۆت لاببەیت و خۆت وەکو قوربانییەکی بێدەسەلات نیشان بدەیت و لە هەڵوێستێکی نەرێنیدا خۆات قەتیس بدەیت. هەروەها کاریگەرێتیشت لەسەری کەم دەکەیتەوە. پەیڕەوکردنی ئەم شێوازی تۆمەتبارکردن و ڕەخنەلێگرتن و گلەیی لێ کردنە تەنیا ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە باوەڕ بە لاوازیی خۆت بکەیت. ڕەخنەکانت لەو ڕێبازە خراپتر دەبێت کە دەتەوێت ڕاستی بکەیتەوە. پەیڕەوکردنی ئەو شێوازە وات لێ دەکات توانا ئەرێنییەکانت لەسەر هەڵوێستەکە بەرەبەرە بچوکتر ببنەوەو لە کۆتاییدا نەمێنن.

من ئەگەر بەڕاستی بمەوێت هەڵوێستی خۆم چاك بکەم دەتوانم ئیش لەسەر ئەو تاقە شتە بکەم کە لە کۆنترۆڵی خۆمدایە ئەویش خودی خۆمە. دەبێ دەست لە هەوڵی گۆڕینی هاوسەرەکەم هەلگرم و جەخت بکەمە سەر خاڵە لاوازەکانی خۆم. دەتوانم هەوڵی ئەوە بدەم کە ببمە هاوسەرێکی مەزن و سەرچاوەی خۆشەویستی و میهرەبانی و پشتگیرییەکی بێ قەیدو شەرت. بەو هیوایەی هاوسەرەکەشم هەست بەو هێزی دەستپێشخەرییە بکات و بەو شێوازە ئەرێنییەی من کاردانەوە نیشان بدات. هاوسەرەکەم وا بکات یان نەیکات باشترین ڕێگا هەر ئەوەیە برەو بە خۆم بدەم و لەسەر بوونەکانی خۆم کاربکەم. ئەمە کورتترین ڕێگەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ ببێتە کەسێکی کاریگەر.

سەبارەت بە کارکردن لە بازنەی کاریگەرێتیدا گەلێك ڕێگا هەن - گوێگرێکی باش بە، هاوسەرێکی میهرەبانتر بە، خوێندکارێکی باشتر بە، کارمەندێکی دڵسۆزتر و

یارمەتیدەرتر بە. هەندێك جار گرنگترین بابەتی دەستپێشخەریی ئەوەیە کە دڵخۆش بیت، کە راستگۆیانە بزە بخەیتە سەر لێوەکانت. بەختەوەری و بەدبەختی هەردوکیان دو هەڵبژاردنی ئەرێنین چونکە هەندێ بابەت هەن، بۆ نمونە کەش‌وهەوا، هەرگیز ناکەونە ناو بازنەی کاریگەرێتییەوە بەڵام ئەگەر ئێمە ئەرێنی بین دەتوانین هەمیشە کەش‌وهەوا کۆمەڵایەتی و ماددییەکە لەگەڵ خۆماندا بگێرین. کامەرانی رێ لەوە ناگرێت ئەو شتانە قبوڵ بکەیت کە حاڵی حازر کۆنترۆڵەکەیان بەدەست تۆ نییە. گرنگ ئەوەیە بایەخ بەو شتانە بدەین کە لە دەسەڵاتی خۆماندان.

سەری ئەوسەری دارەکە

پێش ئەوەی ژیانمان بەشێوەیەکی کۆتایی ئاراستەی بازنەی کاریگەرێتیمان بکەین پێویستە لەناو بازنەی مەراقدا بیر لەو مەسەلە گرنگانە بکەینەوە کە شایستەی بیر لێ کردنەوەی قوڵ بن و ئەوانیش بریتین لە پێشهات و هەڵە.

ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەوکارەدا ئازادین کە ئەنجامی دەدەین بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە هەڵبژاردنی پێشهاتەکانیدا ئازاد نین. پێشهاتەکان لەژێر کۆنترۆڵی یاسا سروشتییەکاندان. دەکەونە ئەودیو بازنەی مەراقەکانمانەوە. تۆ ئازادیت دەتوانیت لەبەردەمی ئوتومبیلێکدا راوەستیت کە بەخێرایی بەرەو روت دێت بەڵام دەرئەنجامەکەی بەدەست تۆ نییە و تۆ بڕیاری لەسەر نادەیت. مرۆڤ دەتوانێت لە هەڵسوکەوتیدا ساختەچی بێت. ئەوە بەدەست خۆیەتی. پێشهاتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم جۆرە رەفتارەش هەمیشە وەکو یەك نین. بۆ نمونە جاری وا هەیە کە کەس هەست بەوە ناکات کە کابرا ساختەچییە بەڵام پێشهاتە سروشتییەکانی ئەو ساختەچێتییە لەسەر کەسایەتی مرۆڤ هەمیشە وەکو یەکەو ئەنجامێکی نەگۆڕی هەیە.

هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەژێر حوکمی پرنسیپەکاندایە. پێکەوە ژیان و هەڵکردن لەگەڵیاندا ئەنجامی ئەرێنی دەبێت، بەڵام پێشێلکردنی پرنسیپەکان پێشهاتی خراپی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە راستە ئێمە ئازادین لە هەڵبژاردنی شێوازی کاردانەوەماندا بەرامبەر بە هەر هەڵوێستێك بەڵام هەڵبژاردنی ئەو هەڵوێستە هەڵبژاردنی

پێشهاتەکانیشیتی (کە تۆ ئەمسەری دارەکە بەرز دەکەیتەوە جەمسەرەکەی ئەوسەریشی بەرز دەکەیتەوە.)

بێگومان لە ژیانی هەریەکێك لە ئێمەدا چرکەساتی وای تێدایە کە دواتر بۆمان دەرکەوتووە ئەو دارەی هەڵمانگرتووە دارە مەبەستەکە نەبووە. هەڵبژاردنەکانمان ئەنجامی وای لێ کەوتۆتەوە کە باشتر وابو لێمان رونەدەن و ئەگەر بۆمان هەڵکەوێتەوە جارێکی دیکە ئەوا بە دڵنیاییەوە بە شێوازێکی دیکە رەفتار دەکەین. ئێمە ئەم هەڵبژاردنانەمان ناودەنێین هەڵەکانمان و ئەمانە شایستەی بایەخ پێدانن بەڵام لە پلەی دووهەمدا.

سەبارەت بەو کەسانەش کە زۆر لە کارەکانی رابردویان پەشیمانن ئەوا پێویستە بزانن کە هەڵەکانی رابردوش لەناو بەزنەی مەراقدان. نە دەتوانین سەرلەنوێ بانگیان بکەینەوە، نە دەشتوانین دەستیان لێ بشۆین و نە دەشتوانین کۆنترۆڵی ئەنجامەکانیان بکەین.

یەکێك لە کوڕەکانم، کە لە یاری فتبۆڵێندا لە هێڵی بەرگریدابو، فێربوبو لەنێوان گێمەکاندا گاز لە قۆڵی کراسەکەی خۆی بگرێت وەك جۆرێك لە پێداچونەوە بەرامبەر بەو هەڵانەی کە خۆی یان یەکێك لە یاریزانەکانی دیکە دەیانکرد بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیە کارنەکاتە سەر یارییەکەی لەوەوپاشیان. پەیڕەوکردنی گیانی دەستپێشخەری بەرامبەر هەر کێشەیەك ئەوەیە کە دەستبەجێ دانی پێدابنێین و راستی بکەینەوە و لێوەی فێرببین. هەر ئەمەیە شکست دەکات بە سەرکەوتن. تی. جەی. واتسۆن دامەزرێنەری کۆمپانیای ئای بی ئێم دەڵێت سەرکەوتن لە سەری ئەوسەری شکستدایە.

بەڵام تەنیا دانانان بە هەڵەکەدا بەبێ ئەوەی راستی بکەیتەوە و لێوەی فێرببیت بەس نییە. ئەوە خۆی لەخۆیدا هەڵەیەکە لە جۆرێکی دیکە و بەرەو ئەوەت دەبات فێڵ لە خۆت بکەیت و بروبیانو بۆ کردەوەکانت بهێنیتەوە. هەروەها واشت لێ دەکات هەوڵ بدەیت خەڵکەکە بهێنیتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو رەفتارەت رەفتارێکی ناقڵانەیە. ئەم جۆرە هەڵەیە و ئەم جۆرە پاساو هێنانەوەیە هەڵەکەی یەکەم گەورەتر دەکات و هێزو بایەخێکی زیاتری پێدەدات و وای لێ دەکات زیاتر ناخی مرۆڤەکە بریندار بکات.

Scanned by CamScanner

ئەوەی کە زیاتر لە هەمو شتێك ئازارمان دەدات ئەوە نییە کە بەرامبەرەکەمان دەیکات، تەنانەت هەڵەکانی خۆشمان نین بەڵکو چۆنێتی کاردانەوەمانە بەرامبەر بەوشتانە. ئەوکەسەی کە مارێکی ژەهراوی پێوەی دەدات و بەدوای مارەکەدا رادەکات هیچی دەستگیرنابێت زیاتر لەوەی کە وادەکات ژەهرەکە خێراتر بە جەستەیدا بڵاوببێتەوە. لە حاڵەتی وادا چاکتر وایە خێرا ژەهرەکە لە لەشت دەربکەیت.

کاردانەوەت بەرامبەر بە هەر هەڵەیەك کاردەکاتە سەر جۆری چرکەساتەکەی دوای خۆی لەبەرئەوە زۆر گرنگە دەستبەجێ ددان بە هەڵەکەتدا بنێیت و راستیشی بکەیتەوە بۆ ئەوەی لە چرکە ساتەکەی دواتردا بەهێزتر نەبێت و ئێمەش بتوانین هێزێك بهێنینەوە بەرخۆمان.

بەڵێن و بەڵێن نەشکاندن

بەڵێن و بەڵێن نەشکاندن مەسەلەیەکە دەکەوێتە چەقی بازنەی کاریگەرێتییمانەوە. ئەو بەڵێنانەی کە بە خۆمان و بە خەڵکانی دیکەی دەدەین ئاشکراترین ئامرازی گوزارشتکردنن لە ئەرێنیبونی خۆمان.

هەروەها کرۆکی گەشەکردنیشمانە. ئێمە لەرێی بەهرەو خۆئاگایی و ویژدانەوە کە سروشتی مرۆڤایەتی پێ‌ێ بەخشیوین دەتوانین بزانین لە کام بواردا لاوازین و لەکام بواردا پێشکەوتوین و کام بەهرەیەمان پێویستی بە برەوپێدان هەیە و کام بوارەیە کە پێویستە بیگۆڕین یان لە رێڕەوی ژیانماندا دووری بخەینەوە. ئێمە لەرێی زانیاری و لەرێی بەکارهێنانی بەهرەی خەیاڵ و ویستی سەربەخۆوە بۆ بایەخدانی تەواو بەو تێگەیشتنە بۆ بەڵێنپێدان و دیاریکردنی ئامانج و پابەندبون پێیەوە – دەتوانین کەسایەتییەکی بەهێز بنیادبنێین و واقیعێکی وا بهێنینە ئاراوە کە هەمو شتێکی دیکەی ئەرێنی لە ژیانماندا کارێك بێت کردەنی.

کەواتە ئێمە دو میتۆدمان لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی دەستبەجێ کۆنترۆڵی ژیانی خۆمان بکەین. دەتوانین بەڵێنێك بدەین و جێبەجێی بکەین، یاخود دەتوانین ئامانجێك دیاری بکەین و هەوڵی بەدیهێنانی بدەین. تۆ کە بەڵێنێك دەدەیت، (تەنانەت بەڵێنی زۆر بچوك و سادەش) و پابەندی دەبیت مانای وایە لە ناخی خۆتدا دەستت کردووە بە دروستکردنی سەرڕاستییەك کە هۆشیاری ئەوەت

Scanned by CamScanner

پێدەبەخشێت کۆنترۆڵی خۆت بکەیت و هەروەها هێندەش هێزو غیرەتت دەداتێ کە بەرپرسیارێتی زیاتر بگریتە ئەستۆ لە ژیانتدا. مرۆڤ کە بەڵێن دەدات و بەڵێنەکەی دەباتە سەر، وردە وردە سەرراستیەکەی گەورەدەبێت.

گرنگترین شێواز بۆ پێشختسنی خووە بنەڕەتییەکانی کاریگەربوون ئەوەیە بەڵێن بە خۆت بدەیت. بەمە ئیتر هەمو زانیاری و شارەزایی و ئارەزووەکان دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی خۆتەوەو دەتوانیت بەئاسانی هاوسەنگییان لەنێواندا دروست بکەیت. گەورەبونی ڕەهەندەکانیشیان دەبێتە مایەی قولکردنەوەی تواناکانت بۆ بەرجەستەکردنی ئەو پرنسیپانەی کە ئەم خووانەی لەسەر بنیادنراون و هەروەها کەسایەتیشت هێندە بەهێزدەکات کە بتوانیت لە ڕێبازێکی هاوسەنگدا هەنگاو بنێیت بە مەبەستی ئەوەی لە ژیاندا زیاتر و زیاتر کاریگەربیت.

گیانی دەستپێشخەری: ئەزمونە سی ڕۆژییەکە

بۆ ئەوەی گیانە دەستپێشخەرییەکەی خۆمان بناسین و کار بۆ پێشخستنی بکەین، مەرج نییە وەکو (ڤیکتۆر فرانکڵ) بە ئەزمونی ئۆردوگاکانی ئیعدامکردندا تێبپەڕێن. مرۆڤ لە ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەوە فێردەبێت ئەرێنیانە هەڵسوکەوت لەگەڵ گوشارە نائاساییەکانی ژیاندا بکات. ئەمەش لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە چۆن بەڵێن دەدەین و چۆن دەیبەینەسەر، لە ترافیکدا چۆن ڕەفتار دەکەین، چۆن وەڵامی کڕیارێکی توڕە دەدەینەوە و لەگەڵ منالێکی لاساردا چۆن دەجوڵێینەوە. لەوەدا ڕەنگ دەداتەوە کە چۆن تەماشای کێشەکانمان دەکەین و هەوڵەکانمان لەکوێدا چڕدەکەینەوە. لەو زمانەدا ڕەنگ دەداتەوە کە قسەی پێدەکەین.

بۆ ئەوەی گیانی دەستپێشخەری خۆتت بۆ دەربکەوێت، ماوەی سی ڕۆژی بەردەوام خۆت بخەرە ژێر تاقیکردنەوەوە. ئەم ئەزمونە بکەو سەرنج لە ئەنجامەکانی بدە. ماوەی سی ڕۆژ تەنیا لەناو "بازنەی کاریگەرێتیەکدا" هەڵسوکەوت بکە. بەڵێنی بچوک بچوک بەخۆت بدەو جێبەجێیان بکە. روناکی و ڕێنمایی بە نەک حاکم و قازی، نمونە بە نەک ڕەخنەگر؛ بەشێک بە لە چارەسەر نەک بەشێک لە کێشەکە.

ئەم مەسەلەیە لە ژیانی هاوسەری و لەناو خێزان و لە پیشەو کارەکەتدا جێبەجێ بکە. بەرگری لە خاڵە لاوازەکانی خەڵکی مەکە و بڕو بیانوش بۆ ئەوانەی

خۆت مەهێنەرەوە. ئەگەر هەڵەیەکت کرد دەستبەجێ ددانی پێدابنێ و راستی بکەرەوە و لێوەی فێرببە. مەسەلەکە لە خانەی گلەیی و تۆمەتبارکردندا نیشان مەدە. لە کارەکانتدا خوو بدەرە ئەو شتانەی کە لە دەست خۆتدان .. هەوڵ و تێکۆشانەکانت لە پێناوی کەسایەتی خۆت و بونی خۆتدا چڕبکەرەوە.

بە چاوی سۆزەوە تەماشای خاڵە لاوازەکانی بەرامبەرەکەت بکە، نەك بە چاوی تۆمەتەوە. کێشەکە لەو شتەدا نییە کە نەیکردووە. یان پێویست بو بیکات، بەڵکو لەو کاردانەوەیەدا کە خۆت بەرامبەر هەڵوێستەکە هەڵتبژاردووە. لەو کارەدایە کە پێویستە بیکەیت. هەرگیز وا بیرمەکەرەوە کە کێشەکە لە دەرەوەیە. چونکە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە خۆی لەخۆیدا کێشەیە.

برەودانی رۆژانە بەو ئازادییە ساوایەی کە لێی بەرخورداریت دەبێتە مایەی فراوانبونی ئازادییەکە. بەڵام ئەو کەسانەی کە سود لەم ئازادییە وەرناگرن و بەکاری ناهێنن دەبنە جێبەجێکاری ئەو سیناریۆیانەی کە باوك و دایك و هاوڕێ و کۆمەڵگا دەینوسن.

ئێمە خۆمان بەرپرسیاری چالاکییەکانی خۆمان و بەختەوەری خۆمان و تاڕادەیەکیش بارودۆخی خۆمانین.

(سامونیل جۆنسن) لەمبارەیەوە دەڵێت: "سەرچاوەی رازیبون پێویستە لە ئەقڵەوە هەڵبقوڵێت. ئەوکەسەی کە ئامادەیە هەمو شتێك بگۆڕێت بێجگە لە مەیل و ئارەزووەکانی، لەراستیدا ژیانی خۆی لە هەوڵی بێسەمەردا بەفیڕۆ دەدات و لەو کوێرەوەرییە زیاتر هیچی چنگ ناکەوێت کە دەیویست نەیهێڵێت.

بەرپرسیارێتی، لە ریشە ئینگلیزییەکەوە توانای کاردانەوەیە و بەردی بناغەی هەمو چالاکییەك و هەمو خویەکی دیکەی کاریگەربوونە کە لەمەولا باسیان دەکەین.

چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێکردن

۱. رۆژێکی تەواو تەرخان بکە بۆ گوێگرتن لە قسەکانی خۆت و لە قسەی خەڵکانی دەوروبەرت. بزانە چەندجار هەم خۆت و هەم دەوروبەرەکەت ئەو قسانە دەکەن کە قسەی مرۆڤی کارتێکراوە، بۆ نمونە: "ئاخ ئەگەر ..". ناتوانم .. "ناچارم .. ".

Scanned by CamScanner

٢. بە پشت بەستن بە ئەزمونی رابردووی خۆت، مەسەلەیەك هەڵبژێرە كە دەزانیت كارتێكراوانە رەفتاری لەگەڵدا دەكەیت. ئینجا بە سودوەرگرتن لە سیاقی بازنەی كاریگەرێتیت پیایدابچۆرەوە. بزانە چۆن دەتوانیت دەستپێشخەرانە رەفتاری لەگەڵدا بكەیت. بە باشی بیری لێ بكەرەوە .. لە مێشكی خۆتدا ئەزمونەكە بخەرەكار، خۆت بهێنەرە بەرچاو كە دەستپێشخەرانە رەفتار دەكەیت. ماوەی نێوان كارلێك و كاردانەوەكە وەبیرخۆت بهێنەرەوە. بەڵێن بەخۆت بدە كە سەربەستانە بڕیار بدەیت.

٣. لە ژیانی تایبەتی خۆت یاخود لەناو كارەكەتدا كێشەیەك هەڵبژێرە كە هۆیەك بێت لەو هۆیانەی توشی نائومێدیان كردویت. ئینجا بە وردی دیاریبكە بزانە ئەو كێشەیە راستەوخۆیە یاخود ناڕاستەوخۆیە یاخود بە تەواوی بێكۆنترۆڵەو ئینجا ئەو یەكەمین هەنگاوە دەستنیشان بكە كە لە سنوری بازنەی كاریگەرێتیی خۆتدا دەتوانیت بیگریتە بەر بۆ چارەسەری كێشەكە و ئینجا جێبەجێی بكە.

٤. ئەزمونە سی رۆژییەكەی تاقیكردنەوەی گیانی دەستپێشخەری ئەنجام بدو بزانە ئەو گۆڕانكارییانە چین كە لە بازنەی كاریگەرێتیدا دێنە ئاراوە.

Scanned by CamScanner

خووی دووەم

کە دەستت پێکرد با کۆتاییەکەت لەخەیاڵدا بێت



Scanned by CamScanner

پرنسیپەکانی خۆڕابەرایەتیکردن

تێکڕای ئەو مەسەلانە ئاسانن کە لەپاش و پێشمانن و بەراورد ناکرێن بەو شتانەی کە لە ناخماندان

- لە قسەکانی ئۆلیڤەر وینزل هۆڤەر

کە ئەم چەند لاپەڕە کەمەی خوارەوە دەخوێنیتەوە تکایە شوێنێکی تەنیا هەڵببژێرە کە هیچ کەس خوێندنەوەکەت پێ نەبڕێت. مێشکت ساف بکەو هیچی تێدا مەهێڵەرەوە، تەنیا بۆ ئەم خوێندنەوەیە نەبێت و بۆ ئەو شتەی کە داوات لێ دەکەم ئەنجامی بدەیت. گوێ مەدەرە هیچ شتێك و بیر لە خشتەی کارو لە ئیش و ئەرکەکان و لە خێزان و هاوڕێ و کەسوکار مەکەرەوە، تەنیا دڵ بدەرە خوێندنەوەی بڕگەکانی خوارەوە و مێشکت بکەرەوە.

وا ببهێنەرە بەرچاوی خۆت کە بەڕێکەوتویت بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کەسێك، کە زۆر خۆشەویستە لەلات. دەگەیتە شوێنی مەبەست و لەوێ چاوت بە خزمان و کەسوکارو هاوڕێیان دەکەوێت و هەست بەو خەم و دڵتەنگیە هاوبەشە دەکەیت کە مردنی ئەوکەسە سەرچاوەکەیەتی. دەڕۆیت و کە دەگەیتە جەنازەکە، کتوپڕ لەگەڵ خۆتدا ڕووبەڕوو دەبیتەوە کە ئەمە جەنازەی خۆتە و ڕۆژەکەشی سێ ساڵی دیکەیە.

لەو ڕێوڕەسمەدا بەرنامەکە وایە چوارکەس قسەی تێدا بکەن. یەکەم قسەکەر ئەندامێکی خێزانەکەتە. منداڵەکەت، براکەت/ خوشکەکەت، ئامۆزا/ خاڵۆزا، خاڵ/ مام، باپیر/ نەنك .. تاد. کە لەسەرتاسەری وڵاتەوە هاتون بۆ بەشداریکردن لە ناشتنی تەرمی تۆدا. قسەکەری دووەم یەکێکە لە هاوڕێکانت، کەسێك کە بتوانێت لە خەڵکەکە بگەیەنێت تۆ چۆن مرۆڤێك بویت. قسەکەری سێیەمیش یەکێك دەبێت لە هاوکارەکانت و چوارەمین قسەکەریش نوێنەری ڕێکخراوێك دەبێت لە ناوچەکە.

ئێستا بە قوڵی بیربکەرەوە. پێت خۆشە هەریەکە لەو چوار قسەکەرە چی دەربارەی تۆ و ژیانی تۆ بڵێن؟ پێت خۆشە قسەی ئەوان وەك هاوسەر و دایك و باوك چ ڕەنگێك بداتەوە؟ حەزدەکەیت منداڵەکانت و ئامۆزاکانت چۆن باست بکەن؟ پێت

خۆشە بڵێن چۆن هاوڕێیەکی هاوڕێکانت بویت، هاوکارەکانت و هاوپیشەکانت چی بڵێن لەبارەتەوە؟

پێت خۆشە ئەو خەڵکە لە تۆدا کەسایەتییەکی چۆنیان بینیبێت؟ پێت خۆشە کام دەستکەوت و چالاکییەی تۆیان بیربکەوێتەوە؟ بە وردی سەرنج لەو خەڵکە بدەو بزانە چ گۆڕانکارییەکت لە ژیانیاندا دروست کردووە؟

پێش ئەوەی درێژە بدەیت بە خوێندنەوەی ئەم بەشە، بیرو بۆچوونەکانی خۆت بنوسە. ئەمە یارمەتیت دەدات چاکتر لە خووی دووەم تێبگەیت.

کە دەستت پێکرد کۆتاییەکەت لە خەیاڵدا بێت. یانی چی؟

تۆ ئەگەر بە جددی ئەو جەنازەیەی خۆتت هێنابێتە بەرچاو، مانای وایە بۆ چرکەیەک دەستت بە یەکێک لە بنەماو بەها قوڵ و سەرەکییەکانی خۆتدا گەیشتووە. مانای وایە پەیوەندییەکی کورتت دروست کردووە لەگەڵ سیستمی خۆناراستەکردنی خۆتدا کە لەناو چەقی بازنەی کاریگەرییەکانتدایە. بە وردی سەرنج لەم قسانەی جۆزێف ئەدیسۆن بدە:

"کە لە دەوروبەری خۆمدا تەماشای گۆڕی مرۆڤە مەزنەکان دەکەم هەرچی هەستی حەسودیکردن هەیە لە ناخمدا نامێنێت و بزر دەبێت. کاتێکیش ئەو نوسینانە دەخوێنمەوە کە دەربارەی مردنەکانیان نوسراون هەمو ئارەزووە سەرکێشەکانم بزر دەبن. کاتێک کە دایک و باوکێک دەبینم رۆڵەیان مردووە دڵم خەریکە بۆیان دەبێت بە ئاو. کاتێکیش کە گۆڕی دایک و باوکەکە دەبینم بێهودەیی خەفەتخواردنم بیر دەکەوێتەوە بۆ ئەوان و بۆ خۆیشمان کە هەمان چارەنوسمان لەپێشە. کاتێکیش کە پاشا و ناحەزەکانیان لەدوامەزنزڵیاندا دەبینم و کاتێک کە گۆڕی ئەو سەرکردە سیاسی و ئایینییانە دەبینم کە جیاوازییەکانیان بونەتە مایەی دابەشکردنی جیهان .. بە خەمباری و سەرسوڕمانییەوە تەماشای ئەو ناکۆکی و ململانێ بێکەڵکانە دەکەم کە ئەمانی کردە گروپ و حیزبی جۆراوجۆر. کاتێکیش کە تەماشای مێژووە جۆراوجۆرەکانی سەر گۆڕەکان دەکەم. هی ئەوانەی کە دوێنێ مردون و ئەوانەش کە شەشسەدساڵ لەمەوبەر، بیر لە رۆژی قیامەت دەکەمەوە کە خەڵکەکە هەمو بە شێوەیەکی یەکسان زیندو دەکرێنەوەو چاویان بە یەکتری دەکەوێتەوە."

زۆرینەی بارودۆخ و ئاستە جیاجیاکانی ژیاندا

هەرچەندە خووی دووەم بەسەر زۆرینەی بارودۆخ و ئاستە جیاجیاکانی ژیاندا جێبەجێ دەبێت، بەڵام چاکترین و گرنگترین جێبەجێکردنی (کە دەستت پێکرد با کۆتاییەکەت لەبەرچاوبێت) ئەوەیە کە هەر ئەمڕۆ کۆتایی ژیانی خۆت بهێنەبەرچاو لە چوارچێوەی ئەو پارادیم و چوارچێوەیەوە کە هەمو مەسەلەکانت دەدەن لە سەنگی مەحەك. تۆ دەتوانیت لە کرۆکی مەسەلە گشتییەکەوە کە خۆت بە توخمێکی هەرە گرنگی دەزانیت، هەڵسوکەوتی رۆژانە و هەفتانە و مانگانەی خۆت هەڵبسەنگێنیت.

مرۆڤ ئەگەر ئەم یاسایە بە راشکاوی پەیرەو بکات و هەمیشە بیری لای کۆتایی کارەکە بێت، دەتوانێت بزانێت فلانە ئیش تا چەند لەگەڵ یاساکەدا دەگونجێت. لەهەمان کاتیشدا ئەو ئیشەی کە رۆژانە ئەنجامی دەدات بەشدارییەکی سودبەخشی دەبێت لەو تێڕوانینەی کە هەیەتی دەربارەی ژیانی خۆی بە شێوەیەکی گشتی.

سەرەتا ئەم خووە مانای ئەوە دەبەخشێت کە تۆ کاتێك دەست پێدەکەیت دەبێ بزانیت پاشەڕۆژت چی دەبێت. پەیڕەوکردنی ئەم خووە وات لێ دەکات کە بزانیت بۆ کوێ دەچیت و ئەمەش یارمەتیت دەدات باشتر لە دۆخی ئێستات تێبگەیت.

ئەم مەسەلەیە توانات پێدەبەخشێت هەمیشە هەنگاوەکانت لەسەر رێگە راستەکە بن.

زۆر ئاساییە سەرقاڵی ژیان وات لێ بکات بە هەمو هێز و توانایەکتەوە خۆت ماندو بکەیت و زەحمەت بکێشت بەو هیوایەی کە لەسەر پەیژەی سەرکەوتندا پلەپلە بەرزببیتەوە کەچی کاتێك بەخۆت دەزانیت پەیژەکەت بە دیوارێکەوەیە، ئەو دیوارە نییە کە دەتگەیەنێتە مەبەستەکە. زۆر ئاسایییە مرۆڤ زۆر سەرقاڵ بێت، زۆر زۆر، بێ ئەوەی هیچ بەرهەمێکی هەبێت.

مرۆڤ هەندێکجار سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، بەڵام سەرکەوتنێکی بەتاڵ. سەرکەوتنێك کە لەسەر حسابی شتگەلێکی وا کە زۆر زۆر لە خودی سەرکەوتنەکە بەنرختربون بۆی. خەڵك لە بوارە جیاجیاکانی پزیشکی و سیاسەت و هونەر و وەرزش و بازرگانی و پیشەسازی و ئەکادیمیدا زۆرجار دەبینن، کە لەپێناوی داهات و پلەو پۆستی باڵاتردا رەنج و ماندوبونی وایان بینیوە کە دواتر بۆیان دەرکەوتووە ئەو مەبەست و داواکاریانە گەلێك نامانج و مەبەستی گرنگتریان لێ شاردونەتەوە

Scanned by CamScanner

کە ئێستا لەدەست چوون.

مرۆڤ ئەگەر بەراستی بزانێت کام مەسەلەیە زۆر بایەخدارە و ئەگەر وێنەی ئەو مەسەلەیەی هەمیشە لەبەرچاودا بێت، بە ئاسانی دەتوانێت رۆژ لەدوای رۆژ ئەرک و فەرمانەکانی دیاری بکات. بەڵام ئەگەر پەیژەکە نەنرابێت بە دیوارە راستەکەوە، ئەوا هەمو هەنگاوێك کە دەینێین نزیکترمان دەکاتەوە لە شوێنە هەڵەکە. بە تەنیا هەر سەرقاڵبون و بەتوانابون بەس نین، بەڵکو کاریگەریی و توانای راستەقینە ئەوەیە کە کاتێك دەست دەدەینە کارێك کۆتاییەکەمان لەبەرچاوبێت و بزانین ئامانجەکەمان چیە.

تۆ ئەگەر راستگۆیانە مەبەستت بێت لە رێورەسمی بەخاك سپاردنتدا چی دەربارەت بڵێن، مانای وایە پێناسەی خۆتت بۆ سەرکەوتن دۆزیوەتەوە. پێناسەکە رەنگە جیاوازبێت لەو پێناسەیەی کە هەستت دەکرد لە مێشکی خۆتدایە. رەنگە ناوبانگ و پارەو دەستکەوت و هەندێ شتی دیکەی کە هەوڵیان بۆ دەدەین بەشێك نەبن لە ئامانجە راستەکە.

مرۆڤ کە لەکاتی دەستبەکاربونیدا سەرەنجامەکەی لە خەیاڵدا بێت ئەوا بە جۆرێکی دیکە لە مەسەلەکان دەڕوانێت. دەربارەی مردنی برادەرێکی هاوبەشیان، یەکێك لە هاوڕێکەی دیکەی پرسی: فلانەکەس چەندی لەپاش خۆی بەجێهێشت؟ هاوڕێکەی وەڵامی دایەوە، وتی: هەموی.

هەمو شتێك دووجار دەخوڵقێنرێت

"دەستپێکردن بە جۆرێك کە کۆتاییەکەت لەخەیاڵدا" خوویەکە لەسەر پرنسیپێك پەیوەستە کە دەڵێت هەمو شتێك دووجار دەخوڵقێنرێت، بەشی یەکەم خوڵقاندنێتی لە مێشکی خۆتدا و بەشی دووەمیش دروستکردنە مادییەکەیەتی.

بۆ نمونە تۆ دەتەوێت خانویەك دروست بکەیت. یەکەمجار و تەنانەت پێش ئەوەی بزمارێکیش دابکوتیت، تۆ لە خەیاڵی خۆتدا خانووەکەت دروست کردووە.. هەروەها هەوڵ دەدەیت بگەیتە هەستێکی روون و ئاشکرا کە ئەو خانووەی دەتەوێت چۆن خانوویەکە. نەخشەی ژووری میوان و ژووری دانیشتن و شوێنی یاریکردنی منالان لە خەیاڵی خۆتدا دادەڕێژیت. مێشکت زۆر چالاکانە دەکەوێتە کار تا دەگەیتە

Scanned by CamScanner

ئەو مەبەستەی دەتەوێت.

پاش ئەمە دەچیتە قۆناغی وێنەی دیزاینە تەلارسازییەکە و نەخشەکەی. ئەمانە هەموی پێش ئەوەی دەستت بەر زەوییەکە بکەوێت. خۆ ئەگەر ئەم قۆناغی یەکەمە فەراموش بکەیت و تێی بپەڕێنیت و یەکسەر دەست بدەیتە بەشی دووەم، ئەوا ئەم بەشە مادییە هەڵەو کەموکوڕی وای لێ روودەدات کە چاککردنەوەیان رەنگە دووهێندەی نرخی راستەقینەی خانووەکەی تێبچێت.

لێرەدا ئەو یاسایەی دارتاشەکان دێتە دی کە دەڵێت "ئەگەر دەتەوێت تەختەیەک یەک جار ببڕیتەوە، دووجار پێوانەکارییەکانت ئەنجام بدە". پێویستە دڵنیابیت لەوەی کە هێلکارییە تەلاسارسازییەکە یاخود بەشی یەکەمی دروستکردنەکە ئەوەیە کە دەتەوێت و هەمو لایەنەکانیش بەتەواوی لێک دەداتەوە. پاشان ئەم نەخشەیە لەسەر زەوییەکە جێبەجێ بکەو ئینجا دەتوانیت رۆژانە بڕۆیتە سەر خانووەکەت و بەپێی نەخشەکە رێنمایی و فەرمانیان بدەیتێ. ئەمەیە دەستپێکردن بە جۆرێك کە کۆتاییەکەت لەبەرچاوبێت.

نمونەیەکی دیکە لە چالاکییە بازرگانییەکاندایە. ئەگەر ویستت پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بەدەست بهێنیت، پێویستە بەروونی دیاری بکەیت بزانیت دەتەوێت بگەیتە چی؟ بەدیهێنانی ئامانجەکەش وا پێویست دەکات کە بە وردی بیر لە بەرهەمەکە یاخود لەو خزمەتگوزارییە بکەیتەوە کە دەتەوێت لە چوارچێوەی بازاڕ و ئامانجەکانی بازاڕدا پێشکەشی بکەیت. ئینجا هەمو لایەنەکانی دارایی و لێکۆڵینەوە و هێزی کار و خستنە بازاڕەوە .. تاد رێك دەخەیت. سەرکەوتن و شکستهێنان لە دامەزراندنی پرۆژەی بازرگانی سەرکەوتودا پەیوەستە بەوەوە کە تا چەند توانیوتە بەشێوازێك دەست پێبکەیت کۆتاییەکەت لەبەرچاوبێت. زۆربەی شکستهێنانەکان لە قۆناغی یەکەمدا دەست پێدەکەن، بەتایبەت لە کێشەکانی وەکو کەمی سەرمایە و باشتێنەگەیشتن لە بازاڕەکەو نەبونی پلانی کار.

هەمان مەسەلەش لە بواری پەروەردەکردنی مناڵدا راستە. ئەگەر ئامانجت پەروەردەکردنی مناڵی بەرپرسیار و خاوەن دیسپلینە، پێویستە ئەو ئامانجەت بە رونی لە خەیاڵدا بێت لەکاتی هەڵسوکەوتی رۆژانەتدا لەگەڵیاندا. نابێت بە جۆرێکی وا رەفتاریان لەگەڵدا بکەیت دیسپلین و رێزلەخۆگرتنیان کەم بکاتەوە.

Scanned by CamScanner

دیاره مرۆڤ بە ئاستی جۆراوجۆر ئەم پرنسیپە بەکاردەهێنن لە زۆری بواری ژیانیاندا. بۆ نمونە تۆ پێش ئەوەی گەشتەکەت دەست پێبکەیت ئەو شوێنە دیاری دەکەیت کە بۆی دەچیت و هەروەها باشترین ڕێگاش هەڵدەبژێریت. پێش ئەوەی باخچەیەك دروست بکەیت، نەخشەکەی لەسەر پارچە کاغەزێك دادەڕێژیت. بەر لەوەی وتارەکەت پێشکەش بکەیت لەسەر کاغەزێك دەینوسیت. بەرلەوەی باخچەکەی ناو ماڵی خۆتان دروست بکەیت نەخشەی ڕاڕەوەکانی دیاری دەکەیت. بەرلەوەی تەقەڵ لە جلەکانت بدەیت دیزاینەکەی دەستنیشان دەکەیت.

بە تێگەیشتن لەم پرنسیپی دووجار خوڵقاندنەو بە زانینی بایەخ و ڕۆڵی هەر قۆناغێکیان مرۆڤ سنوری بازنەی کاریگەرییەکانی خۆی فراوانتر دەکات. بەڵام فەرامۆشکردنی ئەم پرنسیپە و هاوئاهەنگنەبون لەگەڵیداو گوێنەدان بە قۆناغی یەکەمی خوڵقاندن وا دەکات بازنەکە بچوك و بچوکتر ببێتەوە.

کارکردن بە پێی دیزاین یان هەروا

ئەمە پرنسیپێکی نەگۆڕە کە هەمو شتێك دووجار دەخوڵقێنرێت، بەڵام مەرج نییە هەمو خوڵقاندنێکی قۆناغی یەکەم هەمیشە ئێمە هۆشیارانە دیزانمان کردبێت و نەخشەمان بۆ داڕشتبێت. ئێمە لە ژیانی تایبەتی خۆماندا ئەگەر بڕەو بە خۆ-ئاگاییمان نەدەین و بەرپرسیارێتی خوڵقاندنی یەکەم نەگرینە ئەستۆ، ئەوا ڕێگە بە خەڵکی دیکەو بە بارودۆخی دەرەکی دەدەین بێنە ناو بازنەی کاریگەرێتیمانەوەو وەك (دی فاکتۆ) بەشێکی ژیانمان دیاری بکەن. بەم شێوەیە دەبینە کەسێکی کارتێکراو و ڕێگە بە خێزان و دامودەزگاو ئەجێندای خەڵکانی دیکەو گوشاری بارودۆخ دەدەین، بەهۆی ئەم کەمتەرخەمییەی خۆمانەوە، ئەوان ژیانمان دیاری بکەن.

سەرچاوی ئەم دەق و ئاراستەکردنانە خەڵکانی دیکەن نەك پرنسیپەکان. بەمەش وامان لێ دێت زیاتر و زیاتر ڕەخنە بگرین و زیاتر و زیاتر پشت بە خەڵکی ببەستین، زیاتر و زیاتر پێویستمان بەوەبێت خۆشیان بوێین و بایەخمان پێبدەن و قبوڵمان بکەن و هەست بەوە بکەین کە گرنگین.

ئێمە پێبزانین یان نا، شتەکە لە کۆنترۆڵی خۆماندا بێت یان نا، هەمو بەشێکی ژیانمان قۆناغی یەکەمی خوڵقاندنی هەیە. مرۆڤ یان ئەوەتا خوڵقاندنی دووەمی دیزانە داهێنەرو دەستپێشخەرەکەی خۆیەتی یاخود خوڵقاندنی دووەمی بارودۆخ و

Scanned by CamScanner

خووەکانی جاران و ئەنجێندای خەڵکی دیکەیە.

توانا بۆ هاوتاکەی مرۆڤ لە خۆناگایی و هەست و خەیاڵ و هۆشدا هێزی ئەوەی دەداتێ خوڵقاندنی یەکەم تاقی بکاتەوە و بەشداری تێدا بکات و دەقە تایبەتەکەی خۆی بنوسێتەوە. با بە شێوەیەکی دیکە مەسەلەکە روون بکەینەوەو بڵێین: خووی یەکەم دەڵێت: "تۆ خوڵقێنەریت" خووی دووەمیش خوڵقاندنی یەکەمە.

سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردن – دوویەشەکەی خوڵقاندن

خووی دووەم لەسەر پرنسیپەکانی خۆرایەرایەتیکردن دامەزراوە کە دەڵێت سەرکردایەتیکردن خوڵقاندنی یەکەمە. سەرکردایەتیکردن بەڕێوەبردن نییە. بەڕێوەبردن خوڵقاندنی دووەمە کە ئێمە لە بەشی خووی سێیەمدا باسی دەکەین. بەڵام پێویستە سەرکردایەتی پێشتر باس بکرێت.

بەڕێوەبردن جەخت لەسەر هێڵی بنەوە دەکات: چۆن بتوانم فلانە مەسەلە بە باشترین شێوە ئەنجام بدەم؟ سەرکردایەتیکردن جەخت لەسەر هێڵی سەرەوە دەکات: ئەو شتانە چین کە دەمەوێت ئەنجامیان بدەم؟ (پیتەر دروکەر) و (وارن بینیس) دەڵێن: "بەڕێوەبردن ئەوەیە کارەکان بە چاکی بکەیت، سەرکردایەیتکردن ئەوەیە کارە چاکەکان بکەیت" بەڕێوەبردن ئەوەیە بە باشی بەسەر پەیژەکەدا سەربکەوێت بەڵام سەرکردایەتیکردن دەزانێت کە ئایا پەیژەکە نراوە بە دیوارە راستەکەوە یان نا.

بۆ ئەوەی بە خێرایی جیاوازییە گرنگەکەی نێوان سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنت بۆ دەربکەوێت کۆمەڵێک جوتیار بهێنەرە بەرچاوی خۆت کە بەدەم درووێنەوە بەناو دەغڵێکدا دەڕۆن. ئەمانە بەرهەمهێنن، چارەسەرکەری کێشەکانن. ئەمانە دەڕۆن و رێگەکە پاک دەکەنەوە. بەڕێوەبەرەکان لەپشت ئەمانەوەن، داسەکان تیژدەکەنەوە و نەخشەی کارکردن و سیاسەتەکە دادەڕێژن، بەرنامەی بەهێزکردن دەگرن بەدەستەوە و تەکنیکی پێشخستنی کارەکەو قەرەبوکردنی کرێکارەکان ئامادە دەکەن.

سەرکردەکە ئەوکەسەیە کە دەچێتە سەر درێژترین درەخت و هاوار دەکات: (خەڵکینە ئەمە ئەو دەغڵە نییە کە بۆی هاتوین. بەڵام بەرهەمهێنە سەرقاڵەکان و بەڕێوەبەرەکان گوێی پێنادەن و دەڵێن چەنەبازی مەکە.. تازە وا خەریکین دەگەینێ ئێمە چ وەک تاک و چ وەک گروپ و چ وەک بازرگانەکانیش زۆرجار هێندە سەرقاڵی

Scanned by CamScanner

برینی گژوگیاکانین کە تەنانەت نازانین دەغڵەکە ئەو دەغڵە نییە کە پێویستە لێی بین. لەم بارودۆخەی ئەمڕۆشدا کە ژینگە گۆڕانی خێرای بەسەردا دێت مانای وایە سەرکردایەتی لە هەمو کاتێک زیاتر گرنگ و چارەنوسسازە لە هەمو بوارە سەربەخۆو ناسەربەخۆکانی ژیانماندا.

ئێمە زیاتر لە جاران پێویستمان بە تێڕوانین و ئامانج و قیبلەنمایە. (تاقمی پرنسیپ و ئاڕاستەکان) و کەمتر پێویستمان بە نەخشە ڕێگا هەیە. ئێمە تەنانەت ناشزانین زەویەکەی کە ڕێمان تێی دەکەوێت چۆنەو بۆ لێتێپەڕبونیشی پێویستمان بە چییە. ئەمە زیاتر پەیوەستە بەوەوە کە لەکاتی گونجاودا چ بڕیارێک دەدەین. بەڵام قیبلەنماکەی ناخ هەمیشە پێویستە بۆ ڕێنمایی و ئاراستەکردنمان.

چالاکی مرۆڤ و تەنانەت مانەوەشی زۆرجار پەیوەست نین بەوەی کە هەوڵ و رەنجی زۆربدات. بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئاراستەکە، ئاراستەیەکی راست و دروست بێت. هەروەها گۆڕانکارییە گرنگەکانیش لە زۆربەی زۆری بوارەکانی کارو پیشەسازیدا لە پلەی یەکەمدا پێویستی بە سەرکردایەتیە. بەڕێوەبردن پلەی دوهەمە. لە بواری بازرگانیشدا بازاڕ هێندە بە خێرایی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێت کە ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی چەند ساڵێک لەمەوبەر بازاڕیان گەرم بوو ئێستا کەس ناچێت بەلایاندا. سەرکردایەتی دەستپێشخەری بەهێزی پێویستە بەردەوام چاودێری گۆڕانکارییەکانی ژینگە بکات، بەتایبەت ئارەزووەکان و پاڵنەرەکانی بەکارهێن و نەریتەکانی و دەشبێت ئەو هێزەی پێببەخشێت کە پێویستە بۆ ڕێکخستنی سەرچاوەکان لە ئاڕاستە گونجاوەکەدا.

دیارە هەندێک جار گۆڕانی بەردەوام روودەدات، وەك ئەوەی روودان لە ڕێکخستنەوەی پیشەسازی فڕۆکەو بەرزبونەوەی نرخی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و کاریگەری زیادو بە لێشاوی ژمارە و جۆری ئوتومبیل کە بە شێوازی جۆراو جۆر لەسەر ژینگە دروستی دەکەن. لەبەر ئەوە ئەگەر پیشەسازی حساب بۆ بارودۆخی ژینگە نەکات، بەو کرێکارانەشەوە کە کاری تێدا دەکەن و ئەگەر سەرکردایەتیکردنی خوڵقێنەر نەنوێنێت بۆ پاراستنی پێشەنگییەکەی خۆی لەسەر رێبازێکی راست، ئەوا هیچ تواناو شارەزاییەکی کارگێڕی ناتوانێت رێ لە داڕوخانی بگرێت.

Scanned by CamScanner

بەڕێوەبردن بەبێ سەرکردایەتییەکی کاریگەر وەك ئەو ڕەفتارە بێهودە و بێ ئەنجامە کە کەشتییەك خەریك بێت نوغرۆ ببێت کەچی تۆ بچیت کورسی و مێزەکانی ڕێك بخەیت. بەڕێوەبردن چەندە بەتواناو لێهاتوش بێت ناتوانێت قەرەبوی سەرکردایەتییەکی شکستخواردو بکاتەوە. سەرکردایەتیکردن کارێکی زەحمەتە چونکە بە باشی لێی تێنەگەیشتوین و لە پارادیمی بەڕێوەبردنەوە تەماشای دەکەین.

جارێکیان لە کۆتایی خولێکی یەکساڵەدا کە بۆ پێشخستنی لایەنە جێبەجێکارییەکان ڕێك خرابو، بەڕێوەبەری یەکێك لە کۆمپانیاکانی نەوت هاتە لام و وتی: "ستیفن، کە تۆ لە دووەم مانگدا باسی جیاوازییەکانی سەرکردایەتیکردن و بەڕێوەبردنت کرد، من بە خۆمدا چوومەوە و بۆم دەرکەوت لە کۆمپانیاکەی خۆمدا هەرگیز ڕۆڵی سەرکردەو ڕابەرم نەبینیوە. بەڵکو ڕۆچوبومە ناو بەڕێوەبردنەوە. خۆم نوقم کردبو لە ملاملانێکان و وردەکارییەکانی ئیشی ڕۆژانەداو دابینکردنی پێویستییە لۆجستیکەکان. لەبەرئەوە بڕیارم دا خۆم لە کاروباری بەڕێوەبردن دووربخەمەوە. دەتوانم خەڵکی دیکە بدۆزمەوە ئەو کارە بکەن، چونکە دەمەوێت بەڕاستی ڕابەرایەتی کۆمپانیاکەم بکەم.

لەسەرەتادا ئەمە کارێکی زەحمەت بو. خۆ کشانەوە لەو ئەرك و فەرمانە کتوپڕو گرنگانەی کە هەستم دەکرد ڕاستن و مایەی خۆشحاڵیم بون، مەسەلەیەکی ئاسان نەبو. بەوەش دڵم ئاوی نەدەخواردەوە کە تەنیا هەر خەریکی شیتەڵکردنەوەی کێشەکان ببم و بیر لە هەلی تازە بکەمەوەو لەهەمان کاتیشدا ئەم خۆکشانەوەیەی من هەندێکی دیکەشی ناڕەحەت کرد بەوەی کە ئەرکی وای خستە ئەستۆیان پێشتر لێیان بێخەم بون و من خۆم دەمکردن. دەیانویست هەر وەکو جاران من کێشەکانی ڕۆژانەیان بۆ چارەسەربکەم. بەڵام من سوربوم لەسەر ئەم بڕیار و هەڵوێستەم. باوەڕی ڕەهام بەوە هەبو کە پێویستە کاری سەرکردایەتی بکەم. کردیشم. ئەمڕۆ ئیش و کارەکەمان تەواو جیاوازە. زیاتر لەگەڵ دەوروبەردا گونجاوین. داهاتمان دووقات و قازانجیشمان چوارقات زیادیان کردووە. خۆیشم بە کردەوە ڕابەرم؟"

من تەواو دڵنیام کە زۆربەی دایکان و باوکان لە گێژاوی پارادیمی بەڕێوەبردن و فەرمان دەرکردندا گیریان خواردووە، لەبری ئەوەی ئاڕاستەکاربن بۆ دیاریکردنی

Scanned by CamScanner

ئامانج و ههست و سۆزهکانی خێزان. له ژیانی رۆژانهشدا. پێش ئهوهی بههاو بنهماکان روون بکهینهوه خۆمان به جێبهجێکردن و بهدیهێنانی ئامانجهکانهوه سهرقاڵ دهکهین.

سهرلهنوێ دارشتنهوه

پێویسته خولقێنهری یهکهمی خۆت بیت. وهك پێشتر تێبینیمان کرد، گیانی دهستپێشخهریی پابهندی بههره بێهاوتاکهی مرۆڤه سهبارهت به خۆئاگایی. لهراستیدا ویژدان و توانای خهیاڵ له بههره بێ هاوتاکانی مرۆڤن، که یارمهتیمان دهدهن گیانی دهستپێشخهریمان زیاد بکهین و رۆڵی خۆسهرکردایهتیکردن ببینین.

ئێمه لهرێی خهیاڵهوه دهتوانین بههره گهلێك له توانا نهزانراوهکان بهێنینه بهرچاوی خۆمان. لهرێی ویژدانیشهوه دهتوانین له یاساو پرنسیپه سهرهتاییهکانی بههره تایبهتهکانمان و بوارهکانی بهشداریکردنمان و هێڵه رێنماییهکان نزیك ببینهوه که بههۆیانهوه دهتوانین بههرهکانی خهیاڵ و ویژدان برهوپێبدهین. وه ئهگهر ئهو دوو بههرهیه تێکهڵ به ههستی خۆئاگایی بکهین دهتوانین به تهواوی ویست و بڕیاری خۆمانهوه رهفتار بکهین. ئێمهی مرۆڤ چونکه بهشێکی زۆری دهق و تایبهتمهندییهکانمان له رابردووهوه پێگهیشتووه، کهواته پرۆسهی نوسینی دهقهکانی خۆمان زیاتر له پرۆسهی وهرگێرانی پارادیم و دووباره نوسینهوهی دهق دهچێت. له گۆرینی ههندێك له پارادیمه بنهڕهتییهکانمان دهچێت.

به ناسینهوهی دهقه ناکاراکان و پارادیمه ناتهواو و ناڕاستهکانی خۆمان دهتوانین به شێوهیهکی دهستپێشخهرانه و داهێنهرانه سهرلهنوێ خۆمان بنوسینهوه. به بڕوای من یهکێك له سهرچاوه ههره ئیلهامبهخشهکان له پرۆسهی نوسینهوهی دهقدا بریتییه له ژیاننامهی ئهنوهر سادات سهرۆکی پێشوتری میسر. سادات له رابردوودا رقێکی قوڵ و بێسنوری له دڵدا بوو دژ به ئیسرائیل. له وتارێکی تهلهفزیۆنیدا وتی ههتا ئیسرائیل یهك سانتیمهتری خاکی عهرهبی داگیرکردبێت ئامادهنیم دهست بخهمه ناو دهستییهوه. ههرگیز، ههرگیز ههرگیز. جهماوهرهکهش لهگهڵیا هاواریان دهکردهوه ههرگیز ههرگیز. سادات بهو ههڵوێستهی گوزارشتی له ویست و ئامانج و توانای ههمو وڵات دهکرد.

ئهو دهقه دهقێکی سهربهخۆ و ناسیۆنالیستی بوو، ههسته قوڵهکانی ناخی خهڵکی

Scanned by CamScanner

بێدار دەکردەوە. بەلام لەهەمان کاتیشدا شتێکی بێ ئەقلانە بوو. سادات ئەوەی دەزانی بەلام فەرامۆشی دەکرد و چاوی لێ دەنوقاند.

خۆ نوسینەوەی سادات پرۆسەیەك بوو لەو سەردەمەوە دەستی پێکرد کە ئەو زیندانیەك بوو لەناو زیندانی ناوەندی قاهیرەدا کە بە تۆمەتی بەشداری کردن لە کودەتادا دژی شا فاروق دەستگیر کرابوو. ئەو لەو قۆناغەدا فێربو کە خۆی لە بیرو بۆچونەکانی خۆی دوربخاتەوەو سەرنج بدات بزانێت ئایا بیروڕاکانی ڕاست و حەکیمانەن، لەوەوە فێربو کە چۆن مێشکی خۆی بەتاڵ بکاتەوە و دەقی تازە وەربگرێت و سەرلەنوێ خۆی بنوسێتەوە.

ئەو لە بیرەوەریەکاندا نوسیویەتی کە ئازادبونی لە زیندان زۆر پێخۆش نەبووە، چونکە لە زینداندا بوو کە فێری ئەو راستیە بوو کە سەرکەوتنی ڕاستەقینە بریتییە لەوەی بەسەر خۆتدا زاڵ ببێت. سەرکەوتن ئەوە نییە خاوەنی چی و چی بیت. بەڵکو سەرکەوتن لە سەروەریدایە، لەوەدایە بەسەر ناخی خۆتدا سەرکەویت. ئەنوەر سادات ماوەیەك لەسەردەمی دەسەڵاتی عەبدولناصردا لە پۆستێکی بێبایەخ دا پەراوێز خرابوو. هەمو کەس وای دەزانی سادات بێهیواو دڵ شکاو و وەرەوخاوە. بەلام لەراستیدا وانەبو. لێی تێنەگەیشتن و نەیاندەزانی سەرمایە گوزاری لە زەمەندا دەکات.

کە کاتێکیش هات و بووە سەرۆکی میسر و ڕووبەڕووی واقیعە سیاسیەکان بووەوە ئەم بە گیانێکی نوێوە تەماشای ئیسرائیلی کرد. سەردانی کەنیسەی ئیسرائیلی کرد لە (قودس) و گرنگترین قۆناغی ئاشتی دەستپێکرد لە ناوچەکەدا کە دواجار ڕێکەوتنی کامپ دیفیدی لێ کەوتەوە.

سادات توانی خەیاڵو هۆش و هێزی لە خۆتێگەیشتن بخاتە خزمەت سەرکردایەتیکردنەوە بە مەبەستی گۆڕینی پارادیمە سەرەکیەکە و بەدەستهێنانی وەرچەرخانێکی گرنگ لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا. سادات لەناو چەقی بازنەی کاریگەرییتیەکانیدا کاری دەکرد. وە لەڕێی ئەو دووبارە نوسینەوەدو (گۆڕینی پارادیمەکە) وەرچەرخانی گرنگ لە هەڵوێست و ڕەفتارەدا بە جۆرێك بەدی هاتن کە لە بازنە گەورەکەی بایەخداندا کاریان کردە سەر ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ.

ئێمە زۆربەمان کە بڕەو بە تواناکانی خۆئاگاییمان دەدەین گەلێك دەقی ناکارا

دەبینین کە وەکو خۆی قوڵ لە ناخماندا چەسپیون بێ ئەوەی هیچ سودو بایەخێکی هەبێت بۆمان. خووی دوهەم دەڵێت، "پێویست ناکات لەگەڵ ئەو خووانەدا بژین. ئێمە دەتوانین خەیاڵ و هێزی داهێنانمان تەرخان بکەین بۆ نوسینی دەقی نوێتر و کاریگەرتر و گونجاوتر لەگەڵ بنەما قوڵەکان و پرنسیپە راستەکانماندا کە (واتایمانا) دەبەخشن بەو بنەمایانە.

گریمان، بۆ نمونە، من زۆر هەستیارم بەرامبەر منداڵەکانم. گریمان ئەوان هەرچییەك بکەن من بە گونجاوی نازانم. دەستبەجێ هەست بە نارەحەتییەك دەکەم لە گەدەمدا. هەست دەکەم دیوارەکانی بەرگریکردن بەرزدەبنەوە، خۆم بۆ شەڕ ئامادە دەکەم. مەراقی من لەم حاڵەتەدا لەسەر مەودایەکی درێژخایەن نییە و بۆ لێك تێگەیشتن نییە بەڵکو لەسەر بناغەی رەفتاری کورت خایەنە. من دەمەوێت شەڕەکە ببمەوە نەك لە جەنگە گەورەکەدا سەرکەوتو بم.

هەمو چەکەکانم دەخەمە کار– پێگەکەم و دەسەڵاتەکانم و هێزو توانا جەستەییەکانم – و دەست دەکەم بە هەڕەشەو گوڕەشە. شەڕەکە دەبەمەوە. سەرکەوتوم. بەڵام سەرکەوتنێك کە پەیوەندییەکانی تێدا تێكوپێك دراوەو کە منداڵەکان بەسەر زارەکی گوێڕایەڵن بەڵام لە ناخەوە یاخیین و رقو داخەکانیان دەشارنەوە کە رۆژێك لە رۆژان هەر دەتەقنەوە.

ئێستا ئەگەر ئێمە لەو ڕێورەسمی بەخاکسپاردنەدا بین کە پێشتر هێنابومانە بەرچاوی خۆمان و یەکێك لە منداڵەکانم بیەوێت وتارێك دەربارەی من پێشکەش بکات. حەزدەکەم بڵێت ژیانی ئەو باوکەی ئێمە چیرۆکی سەرکەوتنی مامۆستاو راهێنەرێکە. تێکەڵەیەك لە دیسپلین و خۆشەویستی نەك لە دەمەقاڵێ و شەڕو ناکۆکی. حەزدەکەم ئەقڵ و دڵی لێوانلێو بن لە بیرەوەری جوان دەربارەی پەیوەندی قوڵی خۆشەویستی کە هەمومانی پێکەوە دەبەستەوە. حەزدەکەم بڵێ باوکێکی میهرەبان بو، لە هەمو چرکەساتە خۆش‌و ناخۆشەکاندا لەگەڵماندا بوە. حەزدەکەم ئەو چرکەساتانە باس بکات کە دەهات و باسی گیروگرفت و نیگەرانییەکانی خۆیی بۆ دەکردم و منیش گوێم لێ دەگرت و هەوڵم دەدا یارمەتی بدەم. حەزدەکەم بزانێت کە منیش مرۆڤێکی کامڵ نیم بەڵام هەمیشە هەوڵدەدەم بێ کەموکوڕی بم. حەزم دەکرد بیزانیبایە کە هیچ کەسێك لە دنیادا هێندەی من ئەوی خۆش ناوێت.

Scanned by CamScanner

بێدار دەکردەوە. بەلام لەهەمان کاتیشدا شتێکی بێ ئەقلانە بوو. سادات ئەوەی دەزانی بەلام فەرامۆشی دەکرد و چاوی لێ دەنوقاند.

خۆ نوسینەوەی سادات پرۆسەیەك بوو لەو سەردەمەوە دەستی پێکرد کە ئەو زیندانیەك بوو لەناو زیندانی ناوەندی قاهیرەدا کە بە تۆمەتی بەشداری کردن لە کودەتادا دژی شا فاروق دەستگیر کرابوو. ئەو لەو قۆناغەدا فێربو کە خۆی لە بیرو بۆچونەکانی خۆی دوربخاتەوەو سەرنج بدات بزانێت ئایا بیروڕاکانی راست و حەکیمانەن، لەوەوە فێربو کە چۆن مێشکی خۆی بەتاڵ بکاتەوە و دەقی تازە وەربگرێت و سەرلەنوێ خۆی بنوسێتەوە.

ئەو لە بیرەوەریەکاندا نوسیویەتی کە ئازادبونی لە زیندان زۆر پێخۆش نەبووە، چونکە لە زینداندا بوو کە فێری ئەو راستیە بوو کە سەرکەوتنی راستەقینە بریتییە لەوەی بەسەر خۆتدا زاڵ ببێت. سەرکەوتن ئەوە نییە خاوەنی چی و چی بیت. بەڵکو سەرکەوتن لە سەروەریدایە، لەوەدایە بەسەر ناخی خۆتدا سەرکەویت. ئەنوەر سادات ماوەیەك لەسەردەمی دەسەلاتی عەبدولناصردا لە پۆستێکی بێبایەخ دا پەراوێز خرابوو. هەمو کەس وای دەزانی سادات بێهیواو دڵ شکاو و وەرەوخاوە. بەلام لەراستیدا وانەبو. لێی تێنەگەیشتن و نەیاندەزانی سەرمایە گوزاری لە زەمەندا دەکات.

کە کاتێکیش هات و بووە سەرۆکی میسر و رووبەڕووی واقیعە سیاسیەکان بووەوە ئەم بە گیانێکی نوێوە تەماشای ئیسرائیلی کرد. سەردانی کەنیسەی ئیسرائیلی کرد لە (قودس) و گرنگترین قۆناغی ئاشتی دەستپێکرد لە ناوچەکەدا کە دواجار رێکەوتنی کامپ دیڤیدی لێ کەوتەوە.

سادات توانی خەیاڵو هۆش و هێزی لە خۆتێگەیشتن بخاتە خزمەت سەرکردایەتیکردنەوە بە مەبەستی گۆڕینی پارادیمە سەرەکیەکە و بەدەستهێنانی وەرچەرخانێکی گرنگ لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا. سادات لەناو چەقی بازنەی کاریگەرییتیەکانیدا کاری دەکرد. وە لەڕێی ئەو دووبارە نوسینەوەدو (گۆڕینی پارادیمەکە) وەرچەرخانی گرنگ لە هەڵوێست و رەفتارەدا بە جۆرێك بەدی هاتن کە لە بازنە گەورەکەی بایەخداندا کاریان کردە سەر ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ.

ئێمە زۆربەمان کە برەو بە تواناکانی خۆئاگاییمان دەدەین گەلێك دەقی ئاگارا

دەبینین کە وەکو خۆی قوڵ لە ناخماندا چەسپیون بێ ئەوەی هیچ سودو بایەخێکی هەبێت بۆمان. خووی دوهەم دەڵێت، "پێویست ناکات لەگەڵ ئەو خووانەدا بژین. ئێمە دەتوانین خەیاڵ و هێزی داهێنانمان تەرخان بکەین بۆ نوسینی دەقی نوێتر و کاریگەرتر و گونجاوتر لەگەڵ بنەما قوڵەکان و پرنسیپە راستەکانماندا کە (واتایمانا) دەبەخشن بەو بنەمایانە.

گریمان، بۆ نمونە، من زۆر هەستیارم بەرامبەر مناڵەکانم. گریمان ئەوان هەرچییەك بکەن من بە گونجاوی نازانم. دەستبەجێ هەست بە ناڕەحەتییەك دەکەم لە گەدەمدا. هەست دەکەم دیوارەکانی بەرگریکردن بەرزدەبنەوە، خۆم بۆ شەڕ ئامادە دەکەم. مەراقی من لەم حاڵەتەدا لەسەر مەودایەکی درێژخایەن نییە و بۆ لێك تێگەیشتن نییە بەڵکو لەسەر بناغەی رەفتاری کورت خایەنە. من دەمەوێت شەڕەکە ببمەوە نەك لە جەنگە گەورەکەدا سەرکەوتو بم.

هەمو چەکەکانم دەخەمە کار- پێگەکەم و دەسەڵاتەکانم و هێزو توانا جەستەییەکانم - و دەست دەکەم بە هەڕەشەو گوڕەشە. شەڕەکە دەبەمەوە. سەرکەوتوم. بەڵام سەرکەوتنێك کە پەیوەندییەکانی تێدا تێكوپێك دراوەو کە مناڵەکان بەسەر زارەکی گوێڕایەڵن بەڵام لە ناخەوە یاخیین و رقو داخەکانیان دەشارنەوە کە رۆژێك لە رۆژان هەر دەتەقنەوە.

ئێستا ئەگەر ئێمە لەو ڕێورەسمی بەخاکسپاردنەدا بین کە پێشتر هێنابومانە بەرچاوی خۆمان و یەکێك لە مناڵەکانم بیەوێت وتارێك دەربارەی من پێشکەش بکات. حەزدەکەم بڵێت ژیانی ئەو باوکەی ئێمە چیرۆکی سەرکەوتنی مامۆستاو راهێنەرێکە. تێکەڵەیەك لە دیسپلین و خۆشەویستی نەك لە دەمەقاڵێ و شەڕو ناکۆکی. حەزدەکەم ئەقڵ و دڵی لێوانلێو بن لە بیرەوەری جوان دەربارەی پەیوەندی قوڵی خۆشەویستی کە هەمومانی پێکەوە دەبەستەوە. حەزدەکەم بڵێ باوکێکی میهرەبان بو، لە هەمو چرکەساتە خۆش و ناخۆشەکاندا لەگەڵماندا بوە. حەزدەکەم ئەو چرکەساتانە باس بکات کە دەهات و باسی گیروگرفت و نیگەرانییەکانی خۆیی بۆ دەکردم و منیش گوێم لێ دەگرت و هەوڵم دەدا یارمەتی بدەم. حەزدەکەم بزانێت کە منیش مرۆڤێکی کامڵ نیم بەڵام هەمیشە هەوڵدەدەم بێ کەموکوڕی بم. حەزم دەکرد بیزانیبایە کە هیچ کەسێك لە دنیادا هێندەی من ئەوی خۆش ناوێت.

دیارە ئارەزوی من لەسەر ئەو شتانە سەرچاوەکەی ئەوەیە کە منالەکانم خۆش دەوێن و ئامادەم یارمەتییان بدەم و رۆڵی خۆمم لەلا گرنگە. بەلام مەسەلە ساکارەکان کارێکیان کرد ئەو بەهاو بنەمایانەم بیرنەمێنن. لایەنە گرنگ و سەرەکییەکە بزر دەبێت لەژێر باری گیروگرفتە سەختەکان و نیگەرانی و ئامۆژگاری راستەوخۆدا. ئەمە دەمکاتە مرۆڤێکی کارتێکراو. هەڵسوکەوتی رۆژانەم لەگەڵ منالەکانمدا هیچ شتێکی لەو هەستە قوڵە ناچێت کە بەرامبەریان هەمە.

من چونکە خۆئاگاییم هەیە و چونکە خاوەنی هۆش و خەیالم دەتوانم بنەما هەرە قوڵەکانی ناخی خۆم بناسمەوە و تاقی بکەمەوە. دەتوانم بزانم کە ئەو دەقەی پێی دەژیم هاوئاهەنگ نییە لەگەڵ ئەو بەهایانەدا. دەتوانم بزانم کە ژیانم بەرهەمی دەستپێشخەری و دیزانەکانی خۆم نییە، بەڵکو بەرهەمی ئەو یەکەم خوڵقاندنەیە کە لە بارودۆخەکان و لە خەڵکانی دیکەوە وەرم گرتووە. بەلام من دەتوانم گۆڕانکاری بهێنمە ئاراوە. دەتوانم لەجیاتی ئەوەی لەسەر بیرەوەرییەکانم بژیم، شتەگەلی دیکە بهێنمە بەرچاوی خۆم. لەبری ئەوەی خۆم بە رابردووە سنوردارەکەوە شەکەت بدەم، دەتوانم خۆم ببەستمەوە بە توانا بێسنورەکانمەوە. دەتوانم ببمە خوڵقێنەری یەکەمی خۆم.

دەستپێکردن بەو شێوازەی کە کۆتاییەکەم لەبەرچاوبێت بریتییە لەوەی کە رۆڵی خۆم وەکو باوکێك و وەکو شتەکانی دیکەش بە جۆرێکی وابیینم کە ئاراستەکەم و بنەماکانم روون و ئاشکرابن لەلام. بریتییە لەوەی خۆم بەرپرسیاری ئەوەبم کە ببمە خوڵقاندنی یەکەمی خۆم. بریتییە لەوەی بە جۆرێکی وا خۆم بنوسمەوە کە پارادیمەکانی سەرچاوەی رەفتارو هەڵوێستەکانم هاوئاهەنگ بن لەگەڵ بنەما قوڵەکان و پرنسیپە راستەکاندا.

هەروەها بریتیشە لەوەی لە دەستپێکی هەمو رۆژێکدا ئەو بەهایانەم لەبیر بێت. پاشان ئەگەر کێشەم هاتەرێ و بارودۆخەکانیش هەڵگەرانەوە بتوانم لەسەر بنەمای ئەو بەهایانە بڕیاربدەم. بتوانم دەستپاکانە رەفتار بکەم. نابێت رەفتارەکانم کاردانەوە بن بەرامبەر بارودۆخ و هەڵچونەکان. مرۆڤ ئەگەر بەهاکانی روون و ئاشکرابن دەتوانێت کەسێکی داهێنەر و دەستپێشخەر بێت و بنەماکان سەنتەری ژیانی بن.

پەیامی ژیانی خۆت

بە بڕوای من کاریگەرترین ڕێگا بۆ ئەم خووە (کە دەستت پێکرد کۆتاییەکەت لە خەیاڵدا بێت) بریتییە لە نوسینەوەی پەیامی ژیان لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەیەك یاخود باوەڕێکدا. پەیامەکە پێویستە ئەم شتانە لەخۆ بگرێت: دەتەوێت ببیت بە چی (کەسایەتی) و چی دەکەیت (کارو دەستکەوتەکان) و ئەو پرنسیپ و بەهایانە چین کە لە کارو کەسایەتیتدا پشتیان پێدەبەستیت.

مادام هیچ تاکێك لە تاکێکی دیکە ناچێت و بونەوەرێکی بێ وێنەیە کەواتە ئەم تایبەتمەندی و بێ وێنەیەی لە شێوەو ناوەڕۆکی پەیامەکەیشدا ڕەنگ دەداتەوە. هاوڕێیەکم (ڕۆڵفی کەیر) بیروباوەڕی خۆی بەم شێوەیە دەربڕیوە:

- یەکەم جار سەرکەوتن لەماڵەوە بەدەست بهێنە
- پشت بە خوا ببەستەو سوپاسی بکە.
- هەرگیز لەسەر دەستپاکی سازش مەکە
- ئەو کەسانەت بیرنەچێتەوە کە بەشداربون لەگەڵتدا
- پێش ئەوەی هیچ حوکمێك بدەیت گوێ لە هەردوولایەنەکە بگرە
- داوای ئامۆژگاری بکە
- ڕاستگۆ بەو مەسەلەکانیش یەکلایی بکەرەوە
- هەمو ساڵێك شتێکی نوێ فێرببە
- لەمڕۆوە نەخشەکەی سبەینێ دابنێ
- بە جۆش و خرۆشەوە بڕۆ بەلای کارە تازەکەتەوە
- هەمیشە ئەرێنی بە
- ڕووخۆش بە
- لە کارو لە مەسەلە تایبەتەکاندا خاوەنی دیسپلین بە
- لە هەڵەکردن مەترسە. تەنیا ئەوە نیگەرانت بکات کە توانای دروستکردن و داهێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەکانت نەبێت
- یارمەتی سەرکەوتنی یاریدەدەرەکانت بدە
- چەند قسە دەکەیت دوو هێندە گوێ بگرە
- هەمو هێزو توانایەکت بۆ ئەم کارەی ئێستات چڕبکەرەوە و نیگەرانی کاری داهاتوت مەبە

Scanned by CamScanner

خاتونێکی کەیبانوی ماڵیش پەیامەکەی ئاوایە

- بە هەمو توانایەکمەوە هەوڵی بەدەستهێنانی هاوسەنگی دەدەم لەنێوان ئایندەو خێزانەکەمدا، چونکە هەردوکیان بەلامەوە گرنگن.

- ماڵەوە شوێنی ئیسراحەت و حەوانەوە بەحتەوەریی خێزان و هاوڕێ و میوانەکانمە. هەوڵدەدەم ژینگەیەکی پاک و ڕێک‌وپێک دروست بکەم شایستەی ئەوەبێت تیا بژین. هەمو کارو کردەوەیەکیشمان حەکیمانە بەڕێوە دەبەم.

- بەتایبەتیش مناڵەکانم لەسەر خۆشەویستی و پێکەنین و خوێندن ڕابهێنم و فێری ئەوەیان دەکەم کاربکەن و برەو بدەن بە بەهرەکانیان. هەروەها بە ڕێزێکی زۆرەوە دەڕوانمە ئەرک و ماف و ئازادییەکان لە کۆمەڵگا دیموکراسییەکەماندا و هەوڵدەدەم هاوڵاتییەک بم خاوەنی زانیاری زۆر دەربارەی دەوروبەر و بەشداریش دەکەم لە پرۆسە سیاسییەکەدا بۆ ئەوەی دڵنیاببم لەوەی کە دەنگی من دەبینرێت و کاریگەری هەیە لەسەر هەڵبژاردنەکان. هەروەها کەسێک بم دەستپێشخەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانم لە ژیاندا نەک چاوەڕوانی بڕیارەکانی ئەم‌وئەو بم.

- لەئاست هەڵوێست و هەلە ڕەخساوەکاندا دەستپێشخەریی دەنوێنم.

- خۆم دووردەخەمەوە لە مادده هۆشبەرەکان و خووە وێرانکەرەکان و هەوڵدەدەم ئەو خووانە برەو پێبدەم کە ڕزگارم دەکەن لە کۆت و پێوەندەکان و لە دروشمە کۆنەکان. هەروەها هەوڵی فراوانکردنی بازنەی تواناو هەڵبژاردنەکانم دەدەم.

- ئەو پارەیەی کە هەمە دەیکەمە خزمەتکاری خۆم نەک من ببمە نۆکەری ئەو. هەروەها هەوڵیش دەدەم بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی دارایی خۆم بە شێوەیەکی هەمیشەیی و کارێک دەکەم ئەو شتانە داوا بکەم کە بەڕاستی پێویستم پێیانە، بێجگە لە قەرزی درێژخایەن بۆ ئوتومبیل و خانو، هەوڵدەدەم هیچ جۆرە قەرزێکی دیکە نەکەم. هەروەها پێویستە خەرجییەکانم لە داهاتەم کەمتر بن، بەردەوام پاشەکەوتم هەبێت و بەشێک لە داهاتەکەم بخەمە سەرمایەگوزارییەوە.

- لەمەش زیاتر هەوڵدەدەم باشتر سود لە سەروەت و بەهرەکانم وەربگرم بۆ ئەوەی بەشداری بکەم لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و کاری خێرخوازیی بۆ خەڵکانی موحتاج و ژیانیان خۆشتر بکەم.

لەڕاستیدا پەیامی ژیان دەستوری ئەو کەسەیە و بەهەمان شێوە دەستوری

Scanned by CamScanner

ئەمریکی، بناغەکەی ناگۆڕێت. سەرەڕای تێپەڕبونی زیاتر لە دووسەد ساڵ بەسەر دەرچونی ئەو دەستورەدا تەنیا بیستوشەش هەموارکردنەوەی بەسەردا هاتووە کە (١٠) دانەیان سەبارەت بە خاڵە سەرەکیەکانی (ماف) بون.

دەستوری ئەمریکی پێوەرێکە کە هەمو یاساکانی دیکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەسەر بناغەی ئەم هەڵدەسەنگێنرێن. هەروەها ئەو بەڵگەنامەیەیە کە سەرۆک سوێندی پێدەخوات و پابەندی دەبێت و ئەو پێوەرەیە کە هاولاتی لەرێی ئەوەوە رەگەزنامەکەی وەردەگرێت. ئەو بناغە و بابەتە گرنگەیە کە یارمەتی هاوولاتیان دەدات قەیرانەکانی وەکو جەنگی ناوخۆ و جەنگی ڤێتنام و رسوایی رۆتەرگێت تێپەڕێنێت. دەستور لەراستیدا تەرازوییەکی نوسراوەو ئەو پێوەرە بنەڕەتییەیە کە ئاراستەکردن و هەڵسەنگاندنی هەمو مەسەلەکانی پێدەکرێت.

دەستور هەمو تاقیکردنەوەکانی بڕیوەو تاکو ئەمڕۆش رۆڵی یەکلاکەرەوەی خۆی بینیوە، چونکە لەسەر پرنسیپی راست و هەقیقەتی روون و ئاشکرا دامەزراوە کە هەمویان لە راگەیاندنی سەربەخۆییدا دەرخران. لە قۆناغە هەستیارەکانی گۆڕان و تەمومژە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم پرنسیپانە هێزو تینێکی بێسنوریان بەخشییە دەستور. تۆماس جیفرسۆن دەڵێت: دەستورێکی نوسراو زامنیئاسایشە هەڵگەوتوەکەمانە.

لەراستیدا بونی پەیامێکی تایبەتی ژیان کە بنەماکانی راست و دروست بن بۆتە پێوەری یەك بەیەکی ئێمە. ئەو پەیامە دەستوری کەسێتی و بەردی بناغەی هەمو بڕیارێکی گرنگ و سەرەکیی ژیانە، هەروەها مەرجێکی بنەڕەتکیە بۆ دارشتنی ئەو بڕیارانەی کە لە بارودۆخە هەستیارەکاندا کاریگەریی لەسەر ژیانمان جێدەهێڵن. هەر ئەم پەیامەشە کە لە گەرمەی گۆڕانکارییە بەردەوامەکاندا هێزمان پێدەبەخشێت.

مرۆڤ ئەگەر لەناخیدا پاڵنەرێکی نەگۆڕی نەبێت ناتوانێت لەگەڵ گۆڕنەکاندا بژی. توانای گۆڕین کلیلێکی هەیە، ئەو کلیلە بریتییە لە هەستێکی نەگۆڕ بەرامبەر بە خۆت: تۆ کێیت و خەریکی چیت و چ نرخ و بەهایەکت هەیە.

پەیامی ژیان وامان لێ دەکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا هەڵبکەین. ئیتر پێویستمان بە حوکمی پێشوەخت و بە لایەنبازیی نامێنێت. مرۆڤ کە خاوەنی پەیامێکی راست و

دروستی ژیان بو ئیتر پێویستی بەوە نابێت لە پێناوی گەیشتنە راستیدا هەمو شتەکانی ژیان دەربخات و هەمو کەسێك لە قاڵب بدات.

دیارە ژینگەش بەردەوام لە گۆڕاندایە. گۆڕانێکی لەجاران خێراتر و ئەم گۆڕانکاریە خێرایانە زۆرکەس ماندو دەکات و دەیانباتە سەر ئەو باوەڕەی کە ناتوانن بەردەوام ببن و خۆیان لەگەڵ ئەو ژیانەدا رابهێنن. لەبەرئەوە تەسلیم دەبن و تەنیا هەڵوێستێك کە بینوێنن (کاردانەوەیە) بەو هیوایەی مەسەلەکە لە بەرژەوەندی ئەمان بگۆڕێت.

بەڵام ئایا پێویستە مەسەلە ئاوا بڕوات بەڕێوە؟ نەخێر. لە ئۆردوگاکانی نازیدا کە خەڵکی تیادا قەتلوعام دەکرا، ڤیکتۆر فرانکڵ فێری پرنسیپەکانی گیانی دەستپێشخەریی بو. هەروەها بۆی دەرکەوت دیاریکردنی ئامانج و واتای ژیان مەسەلەیەکی زۆر گرنگە. گەوهەری فەلسەفەکەی فرانکڵ لە چارەسەرکردنی نەخۆشدا کە بەم دواییە دەستکاری کردو بریتییە لەوەی بە شێوەیەکی ئەقڵانی بگەڕێنەوە بۆ خودا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشێکی زۆری نەخۆشییە ئەقڵی و دەرونیەکان لەڕاستیدا سەرچاوەکەیان ئەوەیە کە هەست بە بۆشی (پووچی) دەکەین. هەست بە بێهودەیی دەکەین و هەست دەکەین ژیان هیچ واتایەکی نییە. فەلسەفەی ئەم گەڕانەوە ئەقڵانییە بۆ ویستی خودا مرۆڤ رزگاردەکات لەم هەستە پوچە، بەوەی کە یارمەتی دەدات پەیام و واتای ژیانی خۆی بدۆزێتەوە.

تۆ ئەگەر بگەیتە ئاستی ئەوەی درك بە پەیامەکەی ژیانت بکەیت مانای وایە دەستت گەیشتۆتە سەنتەری گیانی دەستپێشخەریی خۆت و خاوەنی ئەو خەون و بنەمایانەشیت کە ژیانت ئاڕاستە دەکەن. هەر ئەمەش دەبێتە هەوێنی داڕشتنی ئامانجە کورتخایەن و دوورمەوداکانت. هەروەها هێزی دەستورە نوسراوەکەت کە لەسەر بناغە راستەکان داڕێژراوە. دەبێتە سەنگی مەحەك بۆ تاقیکردنەوەی بڕیارە گرنگەکان و ناسینی وزە و بەهرەکانت.

لە چەقی بازنەکەدا

ئێمە بۆ ئەوەی پەیامی ژیانمان بنوسینەوە پێویستە رێك لە چەقی بازنەی کاریگەرێتییەکەمانەوە دەست پێبکەین، لەو سەنتەرەوە کە بریتییە لە بەشێکی زۆری پارادایمە بنەڕەتییەکانمان و ئەو هاوێنەیەیە کە ئێمە دنیای لێوە دەبینین.

Scanned by CamScanner

لێرەدایە کە ئێمە هەڵسوکەوت لەگەڵ تێڕوانین و بنەماکانماندا دەکەین. هەر لێرەشدایە کە دەتوانین سود لە توانای خۆئاگاییمان ببینین بۆ تاقیکردنەوەی نەخشەکانمان و بزانین ئاخۆ پرنسیپەکانمان راست و دروستن و دڵنیابین لەوەی نەخشەکە نەخشەی ناوچەکەی خۆمانەو پارادیمەکانمان لەسەر حەقیقەت و پرنسیپ دارێژراون. هەر لێرەدایە کە هەستو هۆشمان دەکەینە قیبلەنمایەك بۆ دۆزینەوەی بەهرە بێ هاوتاکانمان و ئەو شوێنانەی کە دەتوانین رۆڵی تێدا ببینین. هەر لێرەدایە کە دەتوانین بەهرەی خەیاڵمان بخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لە مێشکی خۆماندا ئەو کۆتاییە بخوڵقێنین کە مەبەستمانە. ئاراستەو مەبەستێك ببەخشین بە یەکەمین هەنگاومان و کەرەستەی تەواو دابین بکەین بۆ نوسینی دەستورە تایبەتەکەی خۆمان.

هەر لێرەشدایە کە هەوڵە چڕکراوەکانمان گەورەترین ئامانجیان لێ دەکەوێتەوە. مرۆڤ کە لە چەقی بازنەی کاریگەرێتی خۆیدا کاری کرد بێئەوەی مەبەستیشی بێت بازنەکە فراوانتر دەکات. ئەمەش گەورەترین پاڵنەرە بۆ بەرەوپێش بردنی هێزی بەرهەمهێنان کە رۆڵێکی گەورەی هەیە لەوەی کە هەمو بوارێك لە بوارەکانی ژیانمان گرنگ و کاریگەربن.

سەنتەری ژیانمان هەرچییەکی تێدابێت راستەوخۆ دەبێتە سەرچاوەی ئاسایش و ئاڕاستەکردن و حیکمەت و دەسەڵاتمان.

<u>ئاسایش</u>: وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە نرخ و کەسایەتی خۆی بکات و رێز لە خودی خۆی بگرێت و پێکهاتە بنەڕەتیەکانی کەسایەتی خۆی بزانێت.

<u>ئاڕاستەکردن</u>: ئەو سەرچاوەیەیە کە رێبازی ژیانت دیاری دەکات و ئەگەر نەخشەکەی خۆتی تیا بەکارهاتبێت ئەوا هەمو پێوەرە ناوخۆییەکان و یاساو پرنسیپەکانی کە چرکە بە چرکە کردارو بڕیارەکانت دیاری دەکەن هەمویان لەو بەیرەوە ناوخۆیەوە سەرچاوە وەردەگرن کە لە رووداوەکان تێدەگات و هەمویان لێکدەداتەوە.

<u>حیکمەت</u>: بریتییە لە تێڕوانینت بۆ ژیان. برتییە لە هەستکردن بە هاوسەنگی و لەوەی کە تێبگەیت چۆن هەمو پرنسیپ و پێکهاتەکان پەیوەندییان بەیەکتریەوە هەیە و بەبێ یەکتری ناژین.

Scanned by CamScanner

حیکمەت بریتییە لە حوکمدانی راست و بیروبۆچونی چاکەو تێگەیشتن. حیکمەت بە کورتییەکەی بریتییە لەوەی هەڵوێستی بۆ هاوتا هەڵبژێریت و وەکو تاکێك لەگەڵ ئەو کۆیەدا یەکبگریت کە لە ناخی خۆتەوە هەڵدەقوڵێت.

دەسەلات: بریتییە لە هێزو توانای جێبەجێکردن. بریتییە لە توانای بەئەنجام گەیاندنی مەسەلەیەك. ئەو وزە بنەڕەتییەیە کە بڕیارو هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات. دەسەلات بریتییە لە توانای زاڵبون بەسەر خووە رەگ هاویشتووەکانداو هەڵکەندنیان و چاندنی خووی باشتر و کاریگەرتر.



ئاسایش و ئاراستە و حیکمەت و دەسەلات چوار هۆکارن کە زۆر پەیوەستن بە یەکەوە. ئاسایش و ئاراستەکردن حیکمەتی راستەقینە دەستەبەر دەکەن، حیکمەتیش دەبێتە ئەو پریشك و هۆکارە یاریدەدەرەی کە دەسەلات دەخولقێنێت و ئاراستەی دەکات.

Scanned by CamScanner

کاتێکیش ئەم چوار هۆکارە پێکەوە بە شێوەیەکی چالاك و هاوئاهەنگ کۆدەبنەوە هێزە گەورەکە دروست دەبێت کە دەستنیشانکەری کەسایەتی جوامێرو هاوسەنگ و کامڵە.

هیچکام لەم چوار هۆکارەی ڕەهەندەکانی ژیان ناتوانێت ببێتە ئەڵتەرناتیفی ئەوی دیکە. هیچ کامیشیان ئەوە نی یە کە یان دەبێت بە تەواوەتی هەبێت یان هەر نەبێت، بەڵکو دەکرێت لە ئاستی جیاجیادا بن و وەك گەلێك بابەتی دیکە بە پرۆسەی پێگەیشتندا بڕۆن. دەکرێت لە خاڵی دەستپێکدا هەمویان لاواز بن چونکە لە بنەڕەتدا تۆ سەرەتا پشت بە خەڵکی دیکەو بە بارودۆخەکە دەبەستیت، بەڵام لە کۆتاییدا وات لێ دێت خۆت کۆنترۆڵی پرۆسەکە بکەیت. چونکە بویتە خاوەنی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و کۆمەڵێك پەیوەندی گرنگ و بەهێز. ئاسایشی هەمو کەسێك دەکەوێتە شوێنێك لەنێوان ئەوپەڕی ئاسایش لەسەرێکەوەو ئەوپەڕی هەستکردن بە ئارامی و ئاسایش لەسەرەکەی دیکەوە. لە جەمسەری بێ ئاسایشیدا ژیانت دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی زەبری هێزە دەرەکیەکان. ئاڕاستەی مرۆڤیش بەهەمان شێوە لە شوێنێکدایە لەنێوان پشتبەستنی تەواو بە ئاوێنە کۆمەڵایەتیەکە (کە ناجێگیرەو) جەمسەری ئەوسەریشی بریتییە لەوەی مرۆڤ لەناودوە خۆی ئاڕاستەی خۆی بکات. حیکمەتیش لە شوێنێکدایە لەنێوان ئەوەی کە نەخشەکە هەڵەو ئاڵۆز بێت و هیچ ڕەهەندێکی تێدا دیاری نەکرابێت و جەمسەری ئەوسەریشی نەخشەیەکی وردی ڕێکوپێکی ژیان بێت کە هەموو بەش و پرنسیپەکانی بە چاکی پەیوەست کرابن بەیەکتریەوە. دەسەڵاتیش لە شوێنێکدایە لەنێوان ئەوەی هیچ جوڵەیەك نەکەیت و وەك توتکە سەگێك وابێت و زنجیرەکەی ملت کەسێکی دیکە رایکێشابێت. وە ئەوەی کە هەمو دەسەڵات و دەستپێشخەریەکە لای خۆت بێت و لە ڕوانگەی بنەماکانی خۆتەوە ڕەفتار بکەیت نەك بارودۆخ و خەڵکەکە کارت تێبکەن.

پێگەی ئەم چوار هۆکارە لەسەر شەبەنگەکە و دەرەنجامی کۆتایی پەیوەندی و هاوسەنگی و هاوئاهەنگی نێوانیان و کاریگەری ئەرێنیان لەسەر هەمو بوارەکانی ژیانت کاری ئەم سەنتەرەیە کە باسمان کرد. واتە ئەرکی پارادیمە بنەڕەتیەکانی ناخی خۆتن.

Scanned by CamScanner

سەنتەرە ئەڵتەرناتیڤەکان

ئێمە بۆ ئەوەی پێبزانین هەریەکەمان سەنتەرێکین، مرۆڤ نەك هەر ئاگاداری بونی ئەو سەنتەرە نیە، بەڵکو نکۆڵی لەوەش دەکات کە کاریگەری هەبێت لەسەر هەمو بوارەکانی ژیانی.

با بە کورتی لە چەند سەنتەرێك ورد ببینەوە (لەو پارادیمە گەوهەریانە) کە زۆربەمان هەمانن تا بزانین چۆن کار دەکەنە سەر چوار رەهەندە بنەڕەتیەکانمان و لە ئەنجامیشدا چ کاریگەرییەك لەسەر ژیانمان جێدەهێڵن.

سەنتەربونی هاوسەرگیریی

رەنگە هاوسەرگیریی گرنگترین خاڵی هاوبەشی هەستو سۆزی مرۆڤ بێت و مەسەلەیەك بێت لە هەمو مەسەلەکانی دیکە زیاتر مرۆڤ وا لێبکات بەرگەی قەیرانەکان بگرێت و لە ناخەوە هەست بە حەسانەوە بکات. هەروەها رێگەیەکی گرنگی دروستکردنی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکانیشە. لەبەرئەوە زۆر ئاسایی و گونجاویشە مرۆڤ هاوسەرەکەی خۆی بە هەند وەربگرێت.

بەڵام لەڕێی ئەزمون و تێبینی کردنی چەندساڵەی خۆمەوە چەندین نمونەی هاوسەرگیری نائارامم بینیوە. هەروەها تێبینیشم کردووە کە تاڵە دەزوویەکی دیاریکراو هەیە لەناو ئەو هەمو پەیوەندیانەدا کە هاوسەرگیری کردۆتە سەرنتەر. تاڵە دەزووەکە ئەوەیە کە یەکێکیان لەڕووی سۆزداریەوە زۆر زۆر پەیوەستە بەوی دیکەوە. ئەگەر تۆ وا هەست بکەیت کە هەمو بەها سۆزداریەکەی تۆ سەرچاوەکەی ئەو هاوسەرگیرکیەیە ئەوا وات لێ دێت زۆر زۆر پەیوەست ببیت بەو پەیوەندیەوە بەمەش دەکەویتە بەر رەحمەتی رەفتار و رەوشت و مەزاجی هاوسەرەکەتەوە و زۆر هۆکاری دەرەکیش زەبر بەو پەیوەندیە دەگەیەنێت، وەك مناڵ و کەسوکار و کێشە داراییەکان و مەسەلە کۆمەلایەتیەکانی لایەنی بەرامبەر.

کاتێک کە بەرپرسیارێتییەکان و گوشارەکان زیاد دەبن ئێمە هەوڵدەدەین بگەڕێینەوە بۆ ئەو دەقو سکرێپتانەی کە پێشتر پێمان بەخشرابون. بەڵام کێشەکە لەوەدایە هاوسەرەکەیشت هەمان رەفتار دەکات. دەقەکانیش جیاوازن. رێگای جیاوازن بۆ رووبەڕووبونەوەی مەسەلە داراییەکان و پەروەردەکردنی مناڵ و... تاد.

ئەم جیاوازیانە لەلایەک و خۆبەستنەوەی تەواو بە هاوسەرگیرییەکەوە لەلایەکی دیکەوە وا دەکەن خاڵە لاوازەکانی ئەمجۆرە سەنتەربونە دەرکەون. تۆ ئەگەر هەمو شتێکت بەدەست کەسێک بێت کە لە زۆر مەسەلەدا لەگەڵیدا ناکۆکیت، ئەوا پێویستییەکان تێکەڵی ناکۆکیەکان دەبن. رق و خۆشەویستی تێکەڵی یەک دەبن و شەڕو راکردن و پاشەکشە و دوژمنایەتی و تورەبون سەرهەڵدەدەن و لەئەنجامدا ململانێیەکی ساردوسڕ پەیدا دەبێت.

لەکاتی روودانی ئەم بابەتانەدا ئێمە لەپێناوی پاساو هێنانەوەدا بۆ رەفتارەکەمان و بەرگریلێکردنی و هێرشکردنەسەر لایەنەکەی دیکە هەوڵدەدەین بگەرێینەوە بۆ نەریت و خووەکانی جارانمان. ناچار دەبین بۆ خۆپاراستن لە برینی زیاتر پەنا بەرینە بەر سوعبەتی بریندارکەر و گاڵتەپێکردن و رەخنەگرتن و هەمو ئەو شتانەی کە پێچەوانەی گەرموگوڕیەکەی جارانمانە. هەر لایەنێک چاوەڕێیە لایەنەکەی دیکە دەست پێشخەری بکات لە نیشاندانی خۆشەویستیدا و توشی نائومێدی دەبێت و بەڵام هەمیشەش خۆی بە خاوەنی حەق دەزانێت لەو تۆمەتانەی کە ئاڕاستەی بەرامبەرەکەی کردووە.

لەکاتێکیشدا کە مەسەلەکان بە رێکوپێکی بەرێوە دەرۆن، ئاسایش و ئارامیەکە تەنیا سێبەرێکەو هیچی دیکە. ئاڕاستەکەش ئاڕاستەیەکی کاتیە و هەستو سۆزی ئەو چرکەساتە دروستی کردووە. پەیوەندیە پێچەوانە ئەرێنیەکەی نێوانیشیان هەمو دەسەڵات و حیکمەتێک لەناودەبەن.

سەنتەربونی خێزان

یەکێک لە سەنتەرە باوەکانی دیکە خێزانە. ئەمیش رەنگە بە رواڵەت سروشتی و گونجاو بێت. خێزان وەک شوێنێک بۆ بایەخپێدان و سەرمایەگوزاریکردنی قوڵ دەتوانێت بواری چاك برەخسێنێت بۆ پەیوەندی قوڵ و خۆشەویستی و بەشداری بۆ زۆربەی ئەو شتانەی کە مانایەك بە ژیان دەبەخشن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا، خێزان ئەگەر بکرێتە سەنتەر و چەقی هەمو شتێك ئەوا بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز هەمو ئەو هۆکارانە لەناودەبات کە بۆ سەرکەوتنی خێزان پێویستن.

ئەو کەسانەی کە خێزان سەنتەری ژیانیانە هەمو نرخ و بەهاو ئاسایشێکی خۆیان لە نەریت و کەلتور و ناوبانگی خێزانەکانیاندا دەبینن. لەبەرئەوە هەر گۆڕانکارییەك

لەو نەریت و کەلتور و ناوبانگەی خێزان راستەوخۆ کار دەکاتە سەر ئەمانیش.

ئەو باوك و دایکەی کە خێزانیان کردووە بە سەنتەری ژیانیان، لەڕووی سۆزدارییەوە ئازادی لەدەست دەدەنو دەسەڵاتی ئەوەشیان نابێت کە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا بەرژەوەندیان لەبەرچاو بگرن. تۆ ئەگەر خێزان سەنتەری ژیانت بێت، خۆشەویستی ئێستای منداڵەکەت وات لێ دەکات رێوشوێنی وای لەگەڵدا نەگریتەبەر کە لە ئایندەدا سود بە منداڵەکەت بگەیەنێت. نازی دەدەیتێ و ئەو نازە وای لێ دەکات زۆر پشت بە خۆی نەبەستێت و بیر لەوە نەکاتەوە ئایندەیەکی باش بۆ خۆی دابین بکات. ئەو باوك و دایکەی کە خێزانیان کردۆتە سەنتەر تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە کە لەم چرکەساتەدا چی راستە: هەر هەڵوێستێك بە هەڵەی بزانن ئاسایشیان دەخاتە مەترسییەوە و تووشی نیگەرانییان دەکات. لەبری ئەوەی لەسەر مەودایەکی دوور بیر لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکەی بکاتەوە، هەمو رەفتار و هەڵوێستێکی رەنگدانەوەی چرکەساتەکەی ئێستا دەبێت. باوك و دایکی لەوجۆرە ئەقیژێنێ و هاوار دەکات، رەنگە کاردانەوەکەشیان زیاد لە پێویست توندوتیژ بێت و داخی دڵی خۆیان بە خەڵکی دیکە برێژن. ئەم جۆرە دایك و باوکە منداڵەکانیان بە مەرج خۆش دەوێت و ئەمەش وا دەکات ئەو منداڵانە یان زۆر پەیوەست ببن بە دایك و باوکیانەوەو بەبێ ئەوان هیچیان بۆ نەکرێت، یاخود بە تەواوی دژیان بوەستنەوە و تەنانەت لێشیان یاخی ببن.

سەنتەربونی پارە

یەکێکی دیکە لە سەنتەرە هەرە لۆجیکی و باوەکانی ژیانی مرۆڤ پارە پەیداکردنە. ئاسایشی ئابوری مەسەلەیەکی بنەڕەتیە بۆ بوارەکانی دیکەی ژیان. لەسەردەمی ئەمڕۆدا کە پێویستیەکان بەردەوامن، دابینکردنی ژیان و سەربەخۆیی دارایی لە پلەی یەکەمدایە. هیچکام لە پێویستیەکانی دیکە دەستەبەر نابن ئەگەر لانی کەمی ئەم پێویستییە بنەڕەتیە مەیسەر نەبێت.

ئێمە زۆربەمان مەترسیمان لە بارودۆخی دارایی خۆمان هەیە. گەلێك هێزی دەرەکیش هەن کە دەتوانن کار بکەنە سەر بارودۆخی ئابوریمان و ببنە مایەی نیگەرانیمان کە رەنگە زۆرجار ئەو هەست و نیگەرانیە هەر لە ناخماندا بمێننەوەو دەریان نەبڕین.

Scanned by CamScanner

چەند هۆکارێکیش هەن کە بە ڕواڵەت هۆکاری جوامێرانەن بۆ پارە پەیداکردن. بۆ نمونە بەخێوکردنی خێزان و دابینکردنی ژیانێکی ناسوودە. ئەمانە مەسەلەگەلێکی گرنگن. بەڵام ئەگەر هەمو هەوڵ و تێکۆشانێکت هەر بۆ کۆکردنەوەی پارەبێت و پارە بکەیتە سەنتەری ژیانت ئەوا بە کردەوە تۆ پێچەوانەکەیت چنگ دەکەوێت.

جارێکی دیکە هەرچوار هۆکارەکە بهێنەرەوە بەرچاوی خۆت کە باسمان کردن و بریتین لە ئاسایش و ئاڕاستەکردن و حیکمەت و دەسەڵات. گریمان من هەمو سەرچاوەی ئاسایشی خۆم لە کارەکەمدا ببینم یاخود لەو داهاتەی کە دەستم دەکەوێت. یان لە توانا و لێهاتویی خۆم. بەڵام ئەمانە هیچیان بابەتی نەگۆڕ نین و زۆر هۆکار هەن کاردەکەنە سەر ئەو دەزگا داراییانە. لەبەرئەوە نیگەرانی و بێ ئارامی زاڵ دەبن بەسەرماو دەکەومە هەڵوێستێکەوە کە هەر خەریکی خۆپاراستن و بەرگریلەخۆکردن بم دژی ئەو شتانەی کە ڕەنگە کاربکەنە سەر پۆستەکەم و داهاتەکەم و لێهاتوییەکەم. کاتێك من هەمو نرخ و بەهایەکی خۆم لەو برە پارەیەدا ببینم کە دەستم دەکەوێت، مانای وایە هەر شتێك کار بکاتە سەر داهات و پلەو پۆستەکەم کاریش دەکاتە سەر نرخ و بەهاکانی من. بەڵام نە کارو نە پارە هیچیان حیکمەت و ئاڕاستەی چاك بە مرۆڤ نابەخشن و تا ئەندازەیەکی دیاریکراویش دەتوانن دەسەڵات و ئاسایشت بۆ دابین بکەن. ئەگەر دەتەوێت بزانیت سەنتەربونی پارە چەند سنوورداره لە ژیانی مرۆڤدا، سەرنج لەو کاتانە بدە کە خۆت یان کەسێکی نزیکت توشی قەیرانێکی دارایی دەبن.

ئەوکەسانەی کە پارە دەکەنە سەنتەری ژیانیان زۆرجار خێزان و مەسەلە گرنگەکانی دیکە دەنێنە لاوەو وا دەزانن هەمو کەس تێدەگات کە پێویستیە ئابورییەکان لە پلەی یەکەمدان. من باوکێك دەناسم کە لەگەڵ منداڵەکانیدا دەچوو بۆ تەماشاکردنی سێرك، بە تەلەفۆن داوایان لێکرد بچێتەوە بۆ سەرکارەکەی. بەڵام ئەو ڕەتی کردەوە. کە ژنەکەشی لێی پرسی بۆچی ناڕۆیت بۆ سەرکارەکەت؟ وتی: کار هەر پەیدا دەبێتەوە، بەڵام سەردەمی منداڵی ناگەڕێتەوە. منداڵەکان بە درێژایی ژیانیان ئەم هەڵویستەی باوکەکەیان بیرنەچووەوە و زۆر بەلایانەوە گرنگ بو نەك هەر وەکو وانەیەك بەڵکو وەکو بیرەوەریەکی خۆش لە دڵیاندا مابووەوە.

Scanned by CamScanner

سەنتەربونی کار

وەك چۆن خەڵك هەیە گیرۆدەی مادە هۆشبەرەکان دەبن، ئەوەش کە "کار" دەکاتە سەنتەری ژیانی وای لێ دێت هەمو شتێك دەکاتە قوربانی کارەکەی، پەیوەندییەکان و تەندروستی و هەمو مەسەلە گرنگەکانی دیکەی ژیان. مرۆڤی لەو جۆرە ناسنامەکەی خۆی تەنیا لە ئیشەکەیدا دەبینێت: "من پزیشکم" "من نوسەرم" "من ئەکتەرم".

تۆ ئەگەر هەمو نرخ و بەهایەکی خۆت تەنیا هەر لە کارو پیشەکەتدا ببینیت و ئیشەکەت بوبێتە پێکهێنەری ناسنامەکەت، مانای وایە هەر کاتێك توانای بەردەوامبونت لەو کارەدا نەما ئەوا دەستبەجێ ئارامی و ئاسایشت نامێنێت. مرۆڤی لەوجۆرە ئەگەر ئاڕاستەیەکی هەبێت، ئەو ئاڕاستەیە پێویستییەکانی کارو پیشەکەی دیاری دەکەن. حیکمەت و دەسەلاتیشی پانتایەکی سنورداری کارەکەی داگیر دەکەن و لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا نە حیکمەتێکی دەبێت نە هیچ تواناو دەسەلاتێکیش.

سەنتەربونی خاوەندارێتی (مڵك و ماڵ و شتی دیکە)

بەلای زۆرکەسەوە پاڵنەرە سەرەکییەکە ئەوەیە خاوەنی (شت) بیت. شتەکان هەم کەلوپەلە هەستپێکراوەکانی وەك ئوتومبیل و جلوبەرگی گرانبەهاو کەسەردو خانوو .... تاد دەگرێتەوە، هەم شتە هەستپێنەکراوەکانی وەك پێگەی کۆمەلایەتی و ناوبانگ و شکۆش لەخۆ دەگرێت. دیارە زۆربەشمان بە ئەزمونی ژیان بۆمان دەرکەوتووە کە ئەمانە هەمویان توخمی لاوازن و بە ئاسانی کاریان تێدەکرێت و لەناودەچن.

من ئەگەر هەستکردنم بە ئاسایش و ئارامی تەنیا لەوەوە سەرچاوە بگرێت کە ناوبانگم هەیە و خاوەنی فلان و فیسارە بابەتم، ئەوا هەمیشە لەژێر هەڕەشەی بەردەوامی ئەوەدا دەبم کە ڕەنگە ئەم شتانەم بدزرێنن یاخود بزربن یاخود نرخەکانیان کەم ببنەوە. ئەگەر ڕووبەڕووی کەسێکیش ببمەوە لە خۆم دەوڵەمەندتر و بەناوبانگتر و بەدەسەلاتتر، ئەوا هەست بە کەمیی دەکەم. کە ڕووبەڕووی کەسێکیش دەبمەوە من لەو دەسەلاتدارتر و بەناوبانگتر و دەوڵەمەندترم ئەوا هەست بە لوتبەرزی دەکەم. دیارە ئەم هەردوحاڵەتەش نیشانەی ئەوەن کە هەستکردنم بە نرخ و بەهای خۆم هەستێکی جێگیر نییە. لەم دۆخەدا هیچ

هەستێك بە ئاسایش و بەردەوامی و سەقامگیری کەسایەتیی خۆم ناکەم. هەروەها هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا دەبم بەرگری لەخۆم بکەم و پێگەو دارایی و ناوبانگ و مڵك و ماڵەکانم بپارێزم و زیادیان بکەم. ئێمە هەمومان لێرەو لەوێ هەواڵی ئەوکەسانەمان گوێ لێ بووە کە کاتێك لە مامەڵەیەکی بازرگانیدا توشی زیانی قورس بون خۆیان کوشتووە، یان لە ئاکامی ئاڵوگۆڕە سیاسییەکاندا کەوتونەتە پەراوێزەوە و دەسەڵاتیان لێ سەندراوەتەوە.

سەنتەربونی رابواردن

سەنتەرێکی ناسراوی دیکە کە پەیوەندی بەهێزی هەیە بە خاوەندارێتییەکانەوە بریتییە لە سەنتەربونی چێژ و رابواردن. جیهانی ئەمرۆمان جیهانێکە هانی تێرکردنی پێویستییەکان دەدات. سینەماو تەلەفزیۆن و هۆکارەکانی دیکەی پەیوەندی و راگەیاندن لەو کەرەسە سەرەکییانەن کە داواکانی مرۆڤ زیاد دەکەن و دیمەنی ئەو نەتەوەو وڵاتانەمان نیشان دەدەن کە ژیانیان خۆش و کامەران و پڕ لە رابواردنە. ئەم جۆرە ژیانە هەرچەندە کاریگەرییەکی خراپ و نەرێنی هەیە لەسەرمان بەڵام زۆرجار هەست بە دەرئەنجامە خراپەکانی ناکەین لەسەر خۆمان و بەرهەم و پەیوەندییەکانمان.

دیارە گەلێك سەرچاوەی باش و بێ زیان هەن کە دەتوانن ببنە مایەی بەختەوەرکردنی مرۆڤ و حەسانەوەی ئەقڵ و جەستەی و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی خێزان و پەیوەندییەکانی دیکە. بەڵام رابواردن خۆی لەخۆیدا هەرگیز مایەی حەسانەوە و ئیسراحەتێکی قوڵ و بەردەوام نییە. ئەوکەسەی کە رابواردن دەکاتە سەرنتەری ژیانی خۆی، زۆر بە خێرایی هەست بە بێزاری دەکات لەو رابواردنەو داوای زیاتر و زیاتر دەکات و هەوڵدەدات رابواردنەکانی داهاتو چێژ و خۆشیی زیاتری پێببەخشن. بەمەش وردە وردە کەسەکە دەبێتە مرۆڤێکی خۆپەرست و وا دەزانێت ژیان تەنیا هەر رابواردن و چێژی دەستبەجێیە.

ئێمە ئەگەر رابواردن بکەینە سەنتەری ژیانمان، وامان لێ دێت بەشێکی زۆری ژیانمان لە پشووەکان و تەماشاکردنی فیلم و دانیشتن بەدیار تەلەفزیۆن و يارییە ڤیدیۆییەکانەوە بەسەرببەین و تەمەنمان بەفیڕۆبدەین. ژیان لەو سەنتەرەدا تواناکان سست دەکات و بەهرەکان دەپوکێنێتەوەو و رۆح و ئەقڵ خامۆش دەکات و

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم مەسەلەیە شتێکی دەگمەن نییە، بەتایبەت ئەگەر ئەو دووکەسەی کە ناکۆکییەکی جددییان لەنێواندایە زوو زوو بەریەك بکەون و کاریان بکەوێتە یەکتری. ئەگەر من هەست بکەم بەرامبەرەکەم خراپ رەفتاری لەگەڵدا کردوم و ئەو کەسەش لەڕووی کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەوە حسابێکی تایبەتی هەیە لەلام ئەوا ئیتر شەو و رۆژ بیر لەو زوڵم و ناهەقییەی دەکەمەوەو کابراکە دەکەمە سەنتەری ژیانم. لەمەشەوە ئیتر لەبری ئەوەی بەشێوەیەکی ئەرێنی خەریکی ژیانی خۆم ببم، هەمو ئەقڵ و توانایەکم لەو دوژمایەتییەدا چڕدەکەمەوە و هەڵوێستێکی ناحەز و دوژمندارانە بەرامبەر رەفتار و هەڵوێستی ئەو کەسە وەردەگرم.

یەکێك لە هاوڕێکانم کە مامۆستای زانکۆیەك بو زۆر ناڕەحەتی و سەرسوڕمانی دەربڕی لەوەی کە یەکێك لە بەرپرسە کارگێڕییەکانی ئەو زانکۆیە کەسێکی لاوازەو پەیوەندییەکی خراپی لەگەڵ ئەمدا هەیە. هاوڕێکەم کارێکی وای کرد ئەم کابرایە بووە تەوەری هەمیشەیی بیرکردنەوەکانی و لەناکامدا لە خۆی کردە مەراقێکی زۆر گەورە. ئەم مەسەلەیە بە جۆرێك مێشکی داگیرکردبو کە کاری کردە سەر هەمو پەیوەندییەکانی لەناو خێزان و کەنیسەو ئیش و کاردا. لەئەنجامدا بڕیاری دا ئەو زانکۆیە جێبهێڵێت و بڕوات لە شوێنێکی دیکە بەدوای کاردا بگەڕێت.

لێم پرسی وتم "ئەگەر ئەو کابرایە لەوێ نەبوایە ئامادەبویت کە زانکۆ جێ نەهێڵیت؟"

وەڵامی دامەوە "بەڵێ، بەڵام هەتا ئەوی لێ بێت مانەوەم لەو زانکۆیەدا ژیانم لێ تێك دەدات، لەبەرئەوە پێویستە لەو زانکۆیە نەمێنم".

لێم پرسی: بۆچی ئەم کابرایەت کردۆتە سەنتەری خۆت؟".

پرسیارەکەم تووشی شۆکی کرد. نکۆڵی لەوەکرد. بەڵام من بۆم سەلماند کە بواری داوە زەلامێك و لاوازییەکانی ئەو زەلامە هەمو نەخشەکەی ژیانی ئەم تێك بدەن و متمانەی بە خۆی لەق بکەن و پەیوەندییەکانی تێك بدەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە ئەم خۆشی دەوێن".

لە کۆتایی گفتوگۆکەماندا هاوڕێکەم ددانی بەوەدا نا کە کابرا ئەو هەمو کاریگەرییەی هەبووە لەسەری، بەڵام نکۆڵی لەوەکرد ئەم بڕیارانە هیچ خەتای ئەمی تێدابێت و هەمو بەرپرسیارێتییەکی خستە ئەستۆی کابرا.

Scanned by CamScanner

زۆرێکیش لەو ژن و مێردانەی لەیەکتری جیادەبنەوە دەکەونە هەمان هەڵەوە. هێشتا هەر پڕن لە رق و کینەو توڕەیی بەرامبەر هاوسەرەکەی پێشویان و هەوڵدەدەن هەمو خەتاکە بخەنە ئەستۆی ئەو. ئەم هەستە نەرێنییە وا دەکات هەست بکەن لەڕووی دەرونییەوە هێشتا هاوسەری یەکترین و بەدوای خاڵی لاوازی یەکتریدا دەگەڕێن و پاساوی هەڵەکانی خۆیانی پێبدەنەوە.

زۆر منداڵیش کە گەورە دەبێت لە ڕێڕەوی ژیانیدا بە قۆناغی ئەوەدا ڕەت دەبێت کە بە دزییەوە رقی لە باوك و دایکی بێت. ئۆباڵی فەرامۆشکردن و خراپە و فەزڵدانی منداڵەکانی دیکە بەسەر ئەمدا دەدەنە پاڵیان و کە گەورەبون و پێگەیشتن ئەم رقە دەکەنە سەنتەری ژیانیان و بە جۆرێك دەژین کە هەر چاوەڕێ بن شتێك رووبدات و کلیلی ژیانی خۆیان تەسلیمی بارودۆخەکان بکەن.

ئەو کەسەی کە هاوڕێ یاخود دوژمن دەکاتە سەنتەری ژیانی خۆی هەرگیز هەست بە ئاسایش و ئارامییەکی راستەقینە ناکات. لەهەمان کاتیشدا مەسەلەی هەستکردن بە نرخ و بەهای خۆشەویستی مەسەلەیەکی نەگۆڕ نابێت بەڵکو هەمیشە لە هەڵبەزو دابەزدا دەبێت و پابەندی هەڵوێستی خەڵکانی دیکە و هی بارودۆخەکەی دەوروبەرە. ناڕاستەکەشی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئاخۆ خەڵك چۆن کاردانەوەیەکیان دەبێت. حیکمەتەکە لەلایەن ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکەوە دیاری دەکرێت و ئەگەر سەنتەرەکەشی دوژمنێك بێت ئەوا حیکمەتەکەی هەر بریتی دەبێت لەوەی هەست بە زوڵمێکی گەورە بکات.

سەنتەربونی دامەزراوە ئاینییەکان

من لەو باوەڕەدام کە زۆربەی ئەوانەی بە جددی قوڵ بونەتەوە لە کاروباری دامودەزگا ئاینییەکان دەزانن کە سەردانی شوێنەکانی خواپەرستی یەکسان نییە بە باوەڕی قوڵ. ئەوانەی زۆر هاتوچۆی کەنیسە و شوێنەکانی خواپەرستی دەکەن مەرج نییە زۆر باوەڕیان بە مەسەلە رۆحییەکان هەبێت. هەندێك کەس هێندە سەرقاڵی بەرنامەو پرۆژەکانی ئەو دامودەزگایانە دەبن کە گوێ نادەنە پێویستییە مرۆییەکانی خەڵکانی دەوروبەریان. ئەمە پێچەوانەی ئەرکە ئاینییەکانە کە گوایە ئەمان زۆر خۆیان بە پابەندی دەزانن. بە پێچەوانەشەوە خەڵك هەیە زۆرکەم هامشۆی شوێنەکانی خواپەرستی دەکات یان هەر سەردانی ناکات کەچی ڕەفتار و

هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکانی تەواو هاوجوتن لەگەڵ ئەرك و فەرمایشتەکانی ئایینەوە.

من بەهۆی ئەو ئەزمونەی لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکاندا بەدەستم هێناوە بۆم ساغ بۆتەوە کە هامشۆکردنی زۆری شوێنی خودا پەرستی مەرج نییە مانای جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینییەکان بێت. مرۆڤ هەیە لە چالاکیەکانی شوێنەکانی خواپەرستیدا گورج و گۆڵە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکە ئاینیەکاندا بەوجۆرە نیە.

ئەوکەسەی کە هاتوچۆکردنی کەنیسەو شوێنەکانی دیکەی خوداپەرستی دەکاتە سەنتەری ژیانی رەنگە وای لێ بێت هەر بایەخ بە شتە روکەشەکان بدات و لەکۆتاییدا بکەوێتە داوی ریاکاری و دووڕوویەوە. ئەمەش زەبرێکی گەورە بە ویژدان و ئاسایشی کەسەکە دەگەیەنێت. هیدایەت و ئاراستەکاری لە هوشیاری کۆمەڵایەتیەوە دێن و بەرهەمی ویژدانی کۆمەڵایەتین. کەسێکیش کە دەزگا ئاینیەکانی کردبێت بە سەنتەری ژیانی خۆی، هەوڵدەدات ناتۆرە و نازناوی جۆراوجۆر بۆ دەوروبەرەکەی بدۆزێتەوە و بەم بڵێت گورجوگۆڵ و بەو بڵێ تەمبەڵ و بڵێ گومڕاو و بڵێ سەلەفی و .. تاد.

ئایین دەزگایەکە بەرنامەو رێورەسمی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام دین بە تەنیا خۆی ناتوانێت ئاسایشێکی قوڵ و هەمیشەیی بە مرۆڤ ببەخشێت و پایەی بەرز بکاتەوە، بەڵکو ئەمانە دەرەنجامی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ئاینن نەك هەر تەنیا بایەخ دان بە مەسەلە رواڵەتیەکانی ئایین.

هاتوچۆکردنی زۆری کەنیسەو شوێنەکانی دیکەی خواپەرستی دەستەبەری ئەوە ناکەن کەسەکە هەمیشە هەست بە هیدایەت و هەبونی ئاراستە بکات. ئەوکەسەی دەزگا ئاینیەکانی کردبێتە سەنتەری ژیانی خۆی هەمیشە لە گۆشەگیریدا دەژی و شەو و رۆژ بیری لای پشووەکان و بۆنە ئاینییەکانە. بە چاوێکی جیاواز لە باقی رۆژەکانی دیکە دەڕوانێت. مرۆڤ کە نەگاتە ئاستی کامڵبون و گومان لە ئاستی دەست پاکی و بێهاوتاییەکەی هەبێت وای لێ دێت هەست بە ئاسایش نەکات و ناچار دەبێت پاساو بۆ کردەوەکانی بهێنێتەوە و ناوو ناتۆرەی جۆراوجۆر لە دەوروبەرەکەی بدۆزێتەوە. مرۆڤ نابێت هاتوچۆکردنی شوێنەکانی خواپەرستی لێ ببێتە ئامانج

Scanned by CamScanner

بەڵکو ئامرازێکە بەرەو ئامانجێکی گەورەتر. هەر تێڕوانینێکی دیکەی مرۆڤ بۆ شوێنەکانی خواپەرستی لە گۆشەنیگای جیاوازەوە ئەنجامەکەی بەوە دەشکێتەوە کە ئەوکەسە هاوسەنگی خۆی لەدەست بدات و حیکمەتی نەمێنێت. ئەو قسەیە راستە کە دەڵێت: شوێنەکانی خواپەرستی دەتوانن مرۆڤ ئاشنابکەن بە سەرچاوەکانی هێز، بەڵام ئەمە مانای وانییە کە خۆیان سەرچاوەی هێز بن. شوێنەکانی خواپەرستی ئامرازێکن هێزی ئیمان لە کەسایەتی مرۆڤدا دەچێنن.

سەنتەربونی خود

رەنگە لەم سەردەمەی ئەمڕۆدا بەناوبانگترین و بەربڵاوترین سەنتەر، ئەوە بێت مرۆڤ بایەخ بە خۆی بدات. ئاشکراترین شوێنەکانی ئەم سەنتەربونەشی بریتییە لە خۆپەرستی کە پێچەوانەی بەهاکانی زۆربەی زۆری خەڵکییە. تۆ ئەگەر لە نزیکەوە سەرنج لەو هەمو ئاراستانە بدەیت کە بۆ نەشونما کردن پێویستن، دەبینیت زۆربەی زۆریان لە ناوەرۆکدا بریتین لە سەنتەربونی خودی کەسەکە.

کێشەی ئەم جۆرە سەنتەربونە ئەوەیە کە برێکی زۆرکەم ئاسایش و دەسەڵات و ئاراستەو حیکمەتی تیایە. وەکو دەریای مردوو وایە. لق و جۆگەی زۆری دەچێتە سەر، بەڵام هیچی لەبەر ئاروات و مەنگ دەبێت.

لەلایەکی تردوە بایەخ دان بە پێشخستنی خودی خۆت لە چوارچێوەی پارادایمە گەورەکەدا بە مەبەستی چاککردنی تواناکان و بەرزکردنەوەی ئاستی خزمەتگوزاری و بەرهەم و بەشداری کردنی سودمەندانە دەبنە مایەی گەشەسەندنی دراماتیکی لەهەرچوار هۆکارەکەی کە پێشتر باسمان کرد.

ئەوانەی کە تا ئێستا ئامازەمان پێداون، سەنتەرە هەرە ئاسراو و بەربڵاوەکانن و لەو سەنتەرانەوە ئێمە ئاراستەی ژیان دەبین. زۆرجار بەلامانەوە زۆر ئاسانترە سەنتەری کەسێکی دیکە دەستنیشان بکەین لەوەی کە سەنتەرەکەی خۆمان بناسینەوە. رەنگە کەسێک بناسیت کە پەیداکردنی پارە بەلایەوە لە هەمو شتێکی دیکە گرنگترە، یاخود کەسێکی دیکە بناسیت کە هەمو هەوڵ و تەقەلایەکی بۆ ئەوەیە بروبیانو بۆ هەڵوێستی خۆی لە پەیوەندییە خراپەکاندا بدۆزێتەوە، بەڵام ئەگەر قوڵتر تەماشا بکەیت دەتوانیت بزانیت چ هۆکارێك وای کردووە ئەم مەسەلەیە ببێتە سەنتەری ژیانی کەسەکە.

Scanned by CamScanner

دیاری کردنی سەنتەری خۆت

هەڵوێستی تۆ چی‌یە؟ سەنتەری ژیانت چی تێدایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە زۆرجار ئاسان نین. ڕەنگە باشترین ڕێگا بۆ ناسینی سەنتەرەکەی خۆت ئەوەبێت لە نزیکەوە سەرنج بدەیتە چوار هۆکارە پشتگیریکەرەکەی ژیانت. تۆ ئەگەر توانیت یەك دوانێك لەم خەسڵەتانەی خوارەوە بدۆزیتەوە دەتوانیت شوێن پێیان هەڵبگیرت و بزانیت لە چ سەنتەرێکەوە هەڵقوڵاویت، سەنتەرێك کە ڕەنگە تواناکانت سنوردار بکات.

Scanned by CamScanner

سەنتەر	ئاسایش	ئاڕاستەکردن	حیکمەت	دەسەڵات
ئەگەر سەنتەری ژیانت ژیانی هاوسەرگیری بێت	- سەرچاوەی هەستکردنت بە ئاسایش ئەوەیە هاوسەرەکەت چۆن رەفتارت لەگەڵ دەکات. - لەژێر بەزەیی مەزاج و هەستی لایەنی بەرامبەردا دەبیت. - ئەگەر هاوسەرەکەت لەگەڵ بیروبۆچوونەکانتدا نەگونجێت یاخود لەئاستی چاوەڕوانیەکانتدا نەبێت توشی نائومێدییەکی هێندە گەورە دەبیت کە پاشەکشە یاخود ململانێی لێ دەوێتەوە. - هەرشتێك بەر پەیوەندیەکانت بکەوێت دەبێتە مایەی هەڕەشەی راستەوخۆ	- داواکاری و پێویستییەکانی خۆت و هاوسەرەکەت ئاڕاستەکەت دیاری دەکەن. - سنوری بڕیارەکانت ئەوە دیاری دەکات کە چی باشترین شتە بۆ هاوسەرگیرییەکەت یاخود بۆ هاوسەرەکەت و بیروبۆچوونی هاوسەرەکەت زۆر گرنگن.	- گۆشەنیگای ژیانت ئەو شتانە دیاری دەکەن کە باش یان خراپ کاردەکەنەسەر هاوسەرەکەت و پەیوەندییەکانت	- هەر لاوازییەکی خۆت یان هاوسەرەکەت کاردەکاتە سەردەسەڵاتەکە.
ئەگەر سەنتەری ژیانت بریتی بێت لە خێزان	- ئاسایشەکەت پەیوەستە بەوەی خێزان چەند قبوڵت دەکات و داواکانت دەهێنێتە دی - هەستکردنت بە ئاسایشی تایبەتی خۆت وەکو خێزان قابیلی هەڵگەڕانەوەیە. - هەستکردنت بە شانازی و رێز پەیوەستە بە ناوبانگی خێزانەکەتەوە	- تۆماری خێزان ئەو سەرچاوەیە کە ئاڕاستەی چاکسازییەکانت دەکات - بڕیارەکانت لەو روانگەیەوە دەدەیت کە تا چەند لەگەڵ بەرژەوەندی خێزان و ئەندامەکانیدا دەگونجێت.	- ژیان لەژێر رۆشنایی بیروبۆچوونەکانی خێزانەوە لێك دەدەیتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بە ناتەواوی و تەرجسییانە لە خێزان تێبگەیت.	- ئەریت و نمونەکانی خێزان کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتت دەکەن.

ئەگەر سەنتەری ژیانت بریتی بێت لە پارە	- نرخی خۆت بەوە دیاری دەکەیت کە چەندت پارە هەیە - بەئاسانی دەچیتە ژێر رەحمەتی ئەو شتانەی کە ئاسایشی ئابووریت دەشێوێنن	- بڕیارەکانت لەو روانگەیەوە دەدەیت کە چەندت قازانجە	- پارە کۆکردنەوە دەبێتە ئەو ئاوێنەیەی کە ژیانی لێوە دەبینیت و تێری دەگەیت و بەمەش هەموو بڕیارەکانت ناهاوسەنگ دەبن.	- دەسەڵاتەکانت سنووردار کراو دەبن چونکە هەم ئەو شتانەی کە بە پارە دەکرێن سنووردارن و هەم تێڕوانینەکانیشت سنووردارن.
ئەگەر کارکردن سەنتەری ژیانت بێت	- هەموو کەسایەتی خۆت لە پلەو پۆست و کارەکەتدا دەبینیت. - تەنیا کارو پیشەکەت مایەی حەسانەوەتن	- بڕیارەکانت لەسەر بناغەی ئەوە دادەڕێژیت کە کارەکەت پێویستی بە چیەو چاوەڕێی چیت لێ دەکات	- تەنیا هەر لەڕێی کارەکەتەوە پێناسە دەکرێیت. - وا تەماشای کاردەکەیت کە هەموو شتێکی ژیانە	- کردارەکانت سنووردارکراون بە شێوازی کارکردنت و بەو هەڵو فرسەتانەی لە بواری ئیشدا بۆت هەڵدەکەون و بە یاساکانی کارو بە بیروبۆچوونەکانی سەرۆکەکەت و بەوەی کە ناتوانیت کارێکی دیکە ئەنجام بدەیت.
ئەگەر سەنتەری ژیانت خاوەندارێتی بێت	- هەستکردنت بە ئاسایش پەیوەستە بە ناوبانگت و پێگەی کۆمەڵایەتیت و ئەو شتە ماددییانەی کە خاوەنیانیت. - هەمیشە خەریکی بەراوردکردنی ئەوەیت کە تۆ چیت هەیە و خەڵکی چییان هەیە	- بڕیارەکانت لەسەر ئەو بناغەیە دادەڕێژیت کە دەتپارێزن و ملک و ماڵەکەت زیاتر و چاکتر دەکەن.	- جیهان لە روانگەی بەراوردکاریی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەبینیت.	- لە جوارچێوەی ئەوەدا هەڵدەسوڕێیت کە دەتوانیت جێی بکرێت و چۆن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە لە خەڵك جیاواز بیت.

Scanned by CamScanner

سەنتەر	ئاسایش	ئاراستەکردن	حیکمەت	دەسەڵات
ئەگەر سەنتەری ژیانت بریتی بێت لە رابواردن	- تەنیا ئەو کاتە هەست بە ئاسایش دەکەیت کە بگەیتە ئەوپەڕی دڵخۆشی	- بڕیارەکانت لەسەر ئەو بناغەیە دەدەیت کە ئایا ئەو شتە ئەوپەڕی چێژت دەداتێ	- دنیا لەو روانگەیەوە دەبینیت کە چی تیایە بۆ تۆ	- زۆرجار دەسەڵاتی هیچ شتێکت نییە
ئەگەر سەنتەری ژیانت هاوڕێیەتی بێت	- ئاسایشی تۆ رەنگدانەوەی ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکەیە - تا ئەندازەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری بیرو بۆچوونی خەڵکی و هەڵسەنگاندنەکانیاندایت	- ئەوان چییان پێباش بێت تۆ ئەو بڕیارە دەدەیت. - زۆر بە ئاسانی لەروودا دادەمێنیت	- هەموو شتێک لە ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکەوە دەبینیت	- بازنەی ناوچە حەسانەوە کۆمەڵایەتییەکەت سنووردارت دەکات. - کردەوە و بیرو بۆچوونەکانت زوو زوو هەڵدەگەڕێنەوە.
ئەگەر دوژمن ... بێتە سەنتەری ژیانت	- ئاسایشت جێگیر نییە و پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی دوژمنەکەتەوە. - هەمیشە مێشکت لای ئەوەیە ئاخۆ دوژمنەکەت بەتەمای چییە. - بەدوای ئەوەدا دەگەڕێیت بەهانە بۆ خۆت بلۆزیتەوە و شەرعیەت بدەیت بە ئەقڵ و کردەوەکانت	- هەڵسوکەوتی خەڵکی و هی دوژمنەکانت دەبنە بناغەی بڕیارەکانت. - بڕیارەکانت لەسەر ئەو بناغەیە دادەڕێژیت کە دوژمنەکەت چ هەنگاوێک دەنێت.	- هەڵسەنگاندنت بۆ مەسەلەکان تەمومژاوی و ناحەکیمانەن - بەرگریکاریت، زیاد لە پێویست هەستیار و تونلڕەویی دەنوێنیت و زۆرجاریش دوژمنکارانە رەفتار دەکەیت.	- سەرچاوەکانی ئەو دەسەڵاتە کەمەی هەتن بریتییە لە توڕەیی و حەسودی و تۆڵەوە رەتکردنەوە و ئەو وزە نەرێنییەی کە وێرانکەرە و هەموو وزەکانی دیکە لەناودەبات.

Scanned by CamScanner

ئەگەر دەزگا ئایینییەکان سەنتەری ژیانت بن	- ئاسایشی خۆت لەوەدا دەبینیت کە شوێنەکانی خواپەرستی چالاکییەکانیان چۆنن و چ کاریگەرییەکیان لەسەر تۆ هەیە و چەند ڕێزت دەگرن. - ئاسایش و ناسنامەی خۆت لە ڕێنماییە ئایینییەکان و بەراوردکارییدا دەبینیت.	- ئاڕاستەکەت ئەوە دیاری دەکات کە خەڵکەکە چۆن تەماشات دەکەن لە ڕوانگەی پێوەرەکانی ئایین و سەرکردە ئایینییەکانەوە.	- هەمو دنیا دابەش دەکەیت بەسەر دوو گروپدا. - ئیمانداران و بێ ئیمانەکان بەسەر لایەنگران و نەیارانەوە.	- دەسەڵاتت لەوەدایە کە لەو شوێنی خواپەرستییەدا چ پۆست و پێگەیەکت هەیە.
ئەگەر خودی خۆت سەنتەری ژیانی خۆت بێت	- هەستکردنت بە ئاسایش هەمیشە لە هەڵبەزو دابەزدا دەبێت	- ڕوانگەی هەمو حوکم و بڕیارەکانت بریتییە لە: ١. ئەگەر بزانم باشترە .. ٢. بۆ من وا خۆشترە .. ٣. من پێویستم بە .. ٤. بەرژەوەندی من لەوەدایە کە	- دنیا لەوەدا دەبینیت کە بڕیار و بارودۆخ و ڕووداوەکان چۆن کاریگەریت لەسەر دروست دەکەن	- تواناو دەسەڵاتەکانت تەنیا لە سەرچاوەکانی خۆتەوەن چونکە هاوکاریت لەگەڵ کەسدا نییە.

Scanned by CamScanner

زۆرجار سەنتەرەکە بریتی دەبێت لە تێکەڵەیەك لەم هۆکارانە و لە سەنتەری خەڵکانی دیکەش. زۆربەمان تێکەڵەیەکین لەو کاریگەریانەی کە رۆڵی گرنگیان هەیە لە ژیانماندا. هۆکارە دەرەکی و ناوخۆیییەکان وا دەکەن تا ماوەیەکی دیاریکراو فلانە سەنتەر بکەوێتە چالاکی و بەردەوام بێت لە چالاکیکردندا تا ئەوکاتەی داواکارییەکان تێردەکرێن. ئینجا پاش ئەوە سەنتەرێکی دیکە دێتە پێشەوەو دەبێتە هێزێکی کاریگەر. مرۆڤ چونکە هەمیشە لە سەنتەرێکەوە دەچێت بۆ سەنتەرێکی دیکە، لەبەر ئەوە مەسەلەکان هێندە رێژەیین لە ژیانی مرۆڤدا کە وەکو ئەو خولخولۆکە وایە کە لە چرکەساتێکدا گەیشتۆتە لوتکە و یەکسەر لە چرکەساتی داهاتودا دادەبەزێتە خوارەوە و هەوڵدەدات لاوازییەکەی خۆی بەوە قەرەبوو بکاتەوە کە هێز لە شتێکی دیکەی لاواز قەرز بکات. لەم حاڵەتەشدا نە هەست بە هیدایەت و ئاراستەکردن دەکەیت و نە حیکمەتێکی بەردەوام و نە دەسەڵاتێکی نەگۆڕ و نە لە ناخی خۆشتدا هەست بە نرخ و بێ هاوتایی خۆت دەکەیت. ئامانجە نمونەییەکە ئەوەیە هەوڵ بدەیت سەنتەرێکی روون و ئاشکرای وا بخوڵقێنیت کە ئاستێکی بەرزی ئاسایش و ئاڕاستەکردن و حیکمەت و دەسەڵاتیان تیا هەڵبهێنجرێت بە شێوەیەکی وا کە یارمەتیت بدات لە دەست پێشخەرییداو بوارە جیاجیاکانی ژیانت هاوئاهەنگ بکەن لەگەڵ یەکتریدا.

سەنتەری پرنسیپەکان

مرۆڤ ئەگەر ژیانی بکاتە سەنتەری پرنسیپە راست و دروستەکان ئەوە دەتوانێت دەزگایەکی بەهێزی وا دابمەزرێنێت کە هەرچوار هۆکارە پشتگیریکەرەکەی ژیان گەشەی تیابکەن. بە پێچەوانەی خەڵك و شتە بگۆڕەکانی دیکەوە ئاسایش و ئارامی مرۆڤ پەیوەستن بە کۆمەڵێك پرنسیپی راستەوە کە ناگۆڕێن. دەتوانین پشتیان پێببەستین.

پرنسیپ، کاردانەوە بەرامبەر هیچ شتێك نانوێنێت. نە لێمان تورە دەبێت و نە بە شێوەیەکی جیاوازیش رەفتارمان لەگەڵ دەکات. لێمان جیا نابێتەوەو لەگەڵ هاورێ هەرە دڵسۆزەکەماندا دەست تێکەڵ ناکات و ناڕوات. داومان بۆ نانێتەوە، قەد برِیی ناکات و پابەندی زینگەو هەڵسوکەوتی خەڵکی و ناتەواویەکان نییە. پرنسیپ نامرێت، ئەوەنیە رۆژێك هەبێت و رۆژێك نەبێت. نە ئاگر لە ناوی دەبات و نە

بومەلەرزە و نە دزیش دەستی پێدەگات.

پرنسیپ بریتییە لە کۆمەڵێك حەقیقەتی قوڵ و بنەڕەتی و کۆڵەکەی زۆر شتی دیکەیە. خەسڵەتەکانی پرنسیپ بریتین لە جوانی و بەردەوامی و وردی و تێکەڵاوی رێڕەوی ژیان دەبێت.

تەنانەت لەو کەسانەشدا کە بە رواڵەت پرنسیپەکان فەرامۆش دەکەن دەتوانین لێبڕاوانە بڵێین؛ پرنسیپ زۆر لە خەڵك و لە بارودۆخەکان گەورەترە. ئەمەش دەرەنجامی ژیان و گەشەکردنی هەزاران هەزار ساڵە. لەمەش زیاتر دەتوانین لە سێبەری زانستدا باوەڕ بەوە بهێنین کە پرنسیپ لە دەرەنجامی ئەزمونی تایبەتی خۆمانەوە شەرعیەتی هەیە لەسەر ژیانمان.

پێویستە لەهەمان کاتیشدا ددان بەوەدا بنێین کە زانیاری تەواومان دەربارەی هەمو زانستەکان نییە. ئەوەی دەربارەی پرنسیپە راست و دروستەکان دەیانزانین شتێکی سنوردارە، چونکە کەسمان بە تەواوەتی ئەم سروشت و جیهانەی دەوری خۆمان تێنەگەیشتوین و هێشتا بەردەوام فەلسەفە و تیۆری وا هەڵدەقوڵێن کە لەگەڵ پرنسیپە راست و دروستەکاندا ناگونجێن. هەمو بیروباوەڕێکیش لەکاتی خۆیدا قبوڵ دەکرێت و ئەگەر بناغەی چەوتی هەبێت ئەوا وەکو زۆر شتی دیکەی پێش خۆی رەت دەکرێتەوە.

هەرچەندە ئێمەی مرۆڤ سنوردارین بەڵام دەتوانین چوارچێوەی ئەو سنورانە فراوانتر بکەین. تێگەیشتنی پرنسیپەکانی گەشەکردنمان دەتوانن وامان لێ بکەن بە دڵنیاییەوە بەدوای پرنسیپە راست و دروستەکانماندا بگەڕێین، بە جۆرێکی وا کە هەتا زۆرتر شت فێر ببین چاکتر دەتوانین سەرنج بدەینە ئەو هاوێنانەی کە جیهانیان لێوە دەبینین. پرنسیپەکان ناگۆڕێن، بەڵام تێگەیشتنی ئێمە لەو پرنسیپانە قابیلی گۆڕانە.

ئەو حیکمەت و ئاراستەیەی کە لەگەڵ ژیانێك رادێن پرنسیپەکانی کردبێتە سەنتەری خۆی هەڵقوڵاوی نەخشە راست و دروستەکانن. بەرهەمی ئەوەن کە شتەکان لە بنەڕەتدا بریتین لە چی و لە رابوردودا چی بون و لە ئایندەدا دەبن بە چی. نەخشەی چاك یارمەتیمان دەدات بە ئاشکرا تێبگەین کە دەمانەوێت بگەینە کوێ و چۆن بیگەینێ. مرۆڤ لەرێی بەکارهێنانی زانیارییە راستەقینەکانەوە

Scanned by CamScanner

دەتوانێت بڕیاری وا بدات کە هەم گونجاو بێت و هەم جێبەجێ کردنیشی ئاسان.

دەسەڵاتی تاکە کەس لەوجۆرە مرۆڤەدا کە پرنسیپەکان سەنتەری ژیانێتی بریتییە لە دەسەڵاتی مرۆڤێك کە دەست پێشخەر بێت و خۆی بناسێت و خەلك تێی بگات. کەسێك کە نە لەژێر کاریگەری هەڵوێست و رەفتاری کەسی دیکەدایە و نە ژینگە و بارودۆخەکانیش دەتوانن سنوری بۆ دابنێن.

لەم جۆرە مرۆڤانەدا هیچ شتێك ناتوانێت سنورێکی راستەقینە بۆ دەسەڵاتەکەیان دابنێ. بێجگە لە دەرەنجامە سروشتیەکانی پرنسیپەکان خۆیان. ئێمەی مرۆڤ ئازادین لەوەی چی دەکەین بە رەچاوکردنی تێگەیشتنمان لە پرنسیپە راست و دروستەکان، بەڵام ئازاد نین لە هەڵبژاردنی دەرەنجامی کارەکانمان. واتە کارەکانمان بە دەست خۆمانە بەڵام ئەنجامەکانیان بەدەست ئێمە نین. بیرت نەچێت تۆ کاتێك ئەمسەری تێلاکە هەڵدەگریت ئەوا سەرەکەی ئەوسەریشت هەڵگرتووە.

پرنسیپەکان هەمیشە ئەنجامە سروشتیەکانیان بەخۆیانەوەیە. تۆ ئەگەر بە شێوەیەکی هارمۆنی لەگەڵ پرنسیپەکاندا بژیت ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنجامی ئەرێنیت دەست دەکەوێت. بەڵام ئەگەر فەرامۆشیان بکەیت ئەنجامەکان نەرێنی دەبن. بەڵام چونکە پێ بزانین یان نەزانین پرنسیپەکان هەمومان وەکو یەك دەگرێتەوە کەواتە سنورداربونەکە مەسەلەیەکی جیهانییە. دیارە هەتاکو زیاتریش دەربارەی پرنسیپە راست و دروستەکان بزانین سنوری ئازادیمان فراوانتر دەبێت لەوەی حەکیمانە هەڵسوکەوت بکەین.

ئێمە ئەگەر سەنتەری ژیانی خۆمان بکەینە پرنسیپە نەگۆڕە هەمیشەییەکان، ئەوا دەتوانین پارادیمێکی بنەڕەتی بخولقێنین بۆ ژیانێکی کاریگەر. ئەمە سەنتەرێکە کە هەمو سەنتەرەکانی دیکە دەخاتە یەك گۆشەنیگاوە.

Scanned by CamScanner

سەنتەر	ئاسایش	ئاڕاستەکردن	حیکمەت	دەسەڵات
ئەگەر سەنتەری ژیانت بریتی بێت لە پرنسیپەکان	- ئاسایشت لەسەر ئەو پرنسیپە ڕاست و دروستانە دادەڕێژێت کە باروودۆخە دەرەکییەکان کاری تێ ناکەن. - دڵنیایت لەوەی کە ڕاست و دروستی پرنسیپەکان لەڕێگای ئەزموونکردنیان لە ژیانی تایبەتی خۆتدا شەرعییەت وەردەگرن. - سەرچاوەی ئاسایشەکەت گەوهەرێکی جێگیر و نەگۆڕت پێدەبەخشێت کە شکست ناهێنێت و وات لێ دەکات سەرکێشییەکان بقۆزیتەوە و بیکەیتە هەلێك بۆ دەستکەوتی بەنرختر. - وەك پێوەرێك بۆ پێشکەوتنی کەسێتی، ئەم پرنسیپانە دەست دەکەن بە پرۆسەی دیسپلین و بەردەوامی و هێز و جوانی - پرنسیپە ڕاستەکان یارمەتیت دەدەن لە پێشکەوتنی خۆت تێبگەیت و متمانەی زیاتر بە فێربوون پەیدا بکەیت و مەسەلەکان تێبگەیت	- قیبلەنمایەکی دیاریکراو ڕێنمایت دەکات ئامانجەکە ببینێت و ڕێگەکەشیت نیشان دەدات. - بەکارهێنانی زانیارییە وردەکان یارمەتیت دەدات بە شێوازێك ئەنجامی بەدیت شیاوی جێبەجێکردن بن و واتایەکیان هەبێت - خۆت بەدووردەگریت لە باروودۆخ و هەستوسۆز و هەڵوێستەکانیشیان و تەماشای کۆ گشتییە هاوسەنگەکە دەکەیت و کردەوەکانت ڕەنگدانەوەی لەبەرچاوگرتنە کورت مەوداکان و درێژ مەوداکان دەبێت. - لە هەمو هەڵوێستێکدا دەتوانێت بە ئەقڵێکی هۆشیار و دەستپێشخەرییەوە ئەڵتەرناتیڤە گونجاوەکان دیاری بکەیت و لەروانگەی ویژدانەوە بڕیارەکە هەڵبسەنگێنیت.	- حیکمەتەکەت پێك دێت لە پانۆرامایەکی ئەنجامە دوورمەوداکان کە ڕەنگدانەوەی هاوسەنگییەکی حەکیمانەو جەختکردنەوەیەکی هێمنە. - مەسەلەکان جیاواز دەبینێت. بەمەش جیاواز بیردەکەیتەوە و جیاوازیش کاردانەوە دەنوێنیت بەرامبەر کردەوەکانی جیهانی دەوروبەرت. - تێڕوانینی تۆ لە ژیان پارادایمێکی بنەڕەتییە. لە پێناوی ژیانێکی چاکتر و کاراتر و خێرخوازانەتر. - وا تەماشای جیهان دەکەیت کە ئاخۆ دەتوانێت چی پێشکەشی خۆی و مرۆڤەکانی بکەیت. - ژیانێك دەگریتەبەر کە دەستپێشخەری بناغەکەی بێت بۆ خزمەتکردن و دروستکردنی خەڵکی. - وا تەماشای شارەزایی ئەزموونەکانی ژیان دەکەیت کە خزمەتێکن بۆ فێربوون و بەشداریکردن لە خزمەتی خەڵکیدا.	- تێگەیشتن و تێبینیەکانت لەسەر یاسا سروشتییەکە و لەسەر پرنسیپە ڕاست و دروستەکان و ئەنجامە سروشتییەکانیان سنوری دەسەڵاتت دیاری دەکەن. - بوێتە کەسایەتییەکی هۆشیار و عاشقی زانیاری و دەستپێشخەری ڕەفتار و بۆچوون و کردەوەی خەڵك هیچ کارێکت تێناکەن. - هێزی کارکردنت بەردەوام زیاترە لە تواناکانت و یارمەتیت دەدات بۆ گەیشتن بە ئاستە پێشکەوتووەکانی کارکردن کە بەرهەمی هاوکارین. - کردەوەو بڕیارەکانت پەیوەندییان بە توانا داراییەکان و بە باروودۆخەکەتەوە نییە. - تۆ ئازادییەك بەڕێوە دەکەیت لەسەر بنەمای هاوکاری خواقێنەر (یەکتر تەواوکردن).

Scanned by CamScanner



بیرت نەچێت کە پارادیمەکەت ئەو سەرچاوەیەیە کە هەڵوێست و رەفتارەکانتی لێوە هەڵدەقوڵێن. پارادیم وەکو چاویلکە وایە، کار دەکاتە سەر ئەو شێوازەی هەمو شتەکانی دیکەی پێدەبینیت. ئەگەر لە پارادیمی پرنسیپە راست و دروستەکانەوە تەماشای دنیا بکەین، ئەوەی دەیبینین بە شێوەیەکی دراماتیکی جیاوازە لەوەی کە لە پارادیمەکانی دیکەوە دەیانبینین.

من لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا نەخشەیەکم بە وردەکاری تەواوە پێشکەش کردووە بۆ روونکردنەوەی چۆنێتی کارکردنی سەنتەرەکانی کە باسمان کرد لەسەر شێوازی بینینی هەمو شتەکان. بەڵام بۆ ئەوەی بە خێرایی لە دەورو تەنسیری جیاوازی سەنتەرە جیاوازەکان تێبگەین با پێکەوە تەنیا تەماشای یەك کێشەی تایبەت بکەین لە پارادیمی جیاجیاوە. لەکاتی خوێندنەوەدا بۆ هەر حاڵەتێك چاویلکەی تایبەتی خۆی بکەرە چاوت. هەوڵبدە هەست بە کاردانەوە جیاجیاکان بکەیت.

گریمان تۆ ئەم ئێوارەیە هاوسەرەکەتت دەعوەت کردووە پێکەوە بچن بۆ تەماشاکردنی کۆنسێرتێك. بیتاقەتان بڕیوە و ئەو زۆر دڵخۆشە بەم بانگهێشتەی تۆ.

ئێستا سەعات چواری پاش نیوەڕۆیە، لەپڕ بەڕێوەبەرەکەت تەلەفۆنت بۆ دەکات دەڵێت ئەم ئێوارە زۆر پێویستمان پێتە لەبەر ئەوە مەچۆرەوە ماڵێ لێرە بمێنەرەوە بۆ ئامادەکردنی کۆبونەوەیەکی گرنگ کە سبەینێ سەعات نۆی سەرلەبەیانی دەکرێت.

تۆ ئەگەر لە هاوێنەی سەنتەربونی هاوسەر و سەنتەربونی خێزانەوە تەماشای مەسەلەکە بکەیت، ئەوا گرنگترین کەس بەلاتەوە هاوسەرەکەت دەبێت. لەبەر ئەوە بە بەڕێوەبەرەکەت دەڵێیت کە ناتوانیت بمێنێتەوە و ژنەکەت دەبەیت بۆ کۆنسێرتەکە بۆ دڵخۆشکردنی. رەنگە لەهەمان کاتیشدا نیگەرانی ئەوەبیت کە بۆچی بە قسەی بەڕێوەبەرەکەت نەکردو دڵیت زویر کرد. کە رەنگە بۆ چارەنوسی پۆستەکەت خراپ بێت. لەبەر ئەوە بە نابەدڵی دەچیت و رقت هێندەی دیکە لە بەڕێوەبەرەکەت هەڵدەستێت.

ئەگەر لە چاویلکەی پارەوە تەماشای مەسەلەکە بکەیت، مێشکت هەر لای ئەو پاداشتە دەبێت کە لە ئەنجامی کارکردنی زیادەدا وەری دەگریت، یاخود بیر لەوە دەکەیتەوە ئاخۆ بەڕێوەبەرەکە پلەکەت بەرزدەکاتەوە یان نا. لەبەرئەوە تەلەفۆن بۆ هاوسەرەکەت دەکەیت و زۆر ئاسایی پێی دەڵێیت ناتوانم بگەڕێمەوە بۆ ماڵێ و لە دڵی خۆتدا وای دادەنێیت کە هاوسەرەکەت مەسەلەکە تێدەگات و دەزانێت پارەو بابەتە ئابورییەکان لە هەمو شتەکانی دیکە گرنگترن.

ئەگەر لەو کەسانە بیت کە ئیشکردن بەلایانەوە سەنتەری ژیانە، ئەوا زۆر بە خۆشحاڵییەوە دەمێنیتەوە و وای دادەنێیت کە ئەمە هەلێکە و بۆت هەڵکەوتووە. شتی نوێ لەبارەی کارەکەتەوە فێردەبیت و دەتوانیت هەندێك بابەت و مەسەلە بۆ بەڕێوەبەرەکەت روون بکەیتەوە و پێگەکەی خۆت بەهێزتر بکەیت، لەهەمان کاتیشدا خۆشحاڵیت بەوەی کە هاوسەرەکەت و خەڵکانی دیکە بە کەسێکی ئیشکەرو جددیت لەقەڵەم دەدەن. بەڵام ئەگەر سەنتەری ژیانت خاوەندارێتی مڵك و ماڵ و شتی دیکە بێت ئەوا بیر لەو پارەو دەستکەوت و لەو ناوبانگە باشە دەکەیتەوە کە هەقی مانەوەت لە فەرمانگەکەتدا دەستت دەکەون. بە تایبەت ئەگەر خەڵکەکە هەمو ستایشی دڵسۆزی و فیداکارییەکانیان کردبێت لە کارەکەتدا.

بەڵام ئەگەر سەنتەری ژیانت بریتی بێت لە چێژ و رابواردن، ئەوا ئیشەکە

دەخەیتە لاوە لە پێناوی کۆنسێرتەکەدا، تەنانەت ئەگەر هاوسەرەکەشت هانی دابێت لە فەرمانگەکەت بمێنیتەوە. دەیبەیت بۆ کۆنسێرتەکە و دەڵێیت هەزار فەرمانگە بە قوربانی سەعاتێك دڵخۆشکردنی تۆ بێت.

خۆ ئەگەر سەنتەرەکەی ژیانت هاوڕێیەتی بێت ئەوا بڕیارەکەت پەیوست دەبێت بەوەوە کە ئایا هیچ هاوڕێیەکت بانگهێشتی کۆنسێرت کردووە لەگەڵتا بێتە ئاهەنگەکە، یاخود ئەگەر تا درەنگ لە فەرمانگە بمێنیتەوە هیچکام لە برادەرەکانیشت لەوێ دەبن؟!

ئەگەر لەوکەسانەش بیت کە دوژمن دەکاتە سەنتەری ژیانی خۆی، ئەوا تا درەنگ لە فەرمانگەکە دەمێنیتەوە بۆ ئەوەی خۆت بە ئیشکەرو دڵسۆزتر نیشان بدەیت لەو فلانە کەسەی هاوکارت کە پێی وایە گرنگترین کارمەندی فەرمانگەکەیە. لەبەرئەوە خۆت هیلاك دەکەیت و ئیشەکەی ئەویش و خۆیشت دەکەیت (کە ئەو خەریکی رابواردنی خۆیەتی) و قوربانیی بە ئیسراحەت و ئارەزوووە تایبەتەکانت دەدەیت لە پێناوی بەرژەوەندی کۆمپانیا (فەرمانگە)کەدا کە ئەو پشتگوێی خستووە.

ئەگەر دامودەزگا ئاینییەکانیشت کردبێتە سەنتەری ژیان، ئەوا پێوەر و دیدو بۆچوونی ئەندامانی ئەو دەزگایانە کاردەکەنە سەر بڕیارەکەت. بەڵام ئەگەر خودی خۆت سەنتەری ژیانت پێك بهێنێت، ئەوا بیر لەوە دەکەیتەوە کامیان زۆرترین سودت پێدەگەیەنێت. باشترین بڕیار ئەوەیە بچیت بۆ ئێوارە کۆنسێرتەکە یاخود ئەگەر چەند مەسەلەیەك بۆ بەڕێوەبەرەکەت روون بکەیتەوە زۆرترین قازانج دەکەیت.

ئێمە کە ئەم تێڕوانینە جیاوازانە سەبارەت بە یەك مەسەلە لەبەرچاو دەگرین، مانای وایە کاتی خۆی لە بینینی وێنەی کچە جوانەکە/ ژنە پیرەکە چۆن کێشەی لێکدانەوەو تێگەیشتنمان هەبو، لەم مەسەلەیەشدا هەمان کێشەمان هەیە و چونیەك نین لە تێگەیشتن و بینین و لێکدانەوەی مەسەلەکاندا و ئەمەش کاردەکاتە سەر پاڵنەرەکان و رەفتارو بڕیارەکانی رۆژانەمان. (یان زۆرجار کاردەکاتە سەر کاردانەوەکانمان) و سەر چۆنێتیی لێکدانەوەی رووداوەکان. لەبەرئەوە زۆرگرنگە مرۆڤ سەنتەرەکەی خۆی بە چاکی تێبگات. خۆ ئەگەر ئەو سەنتەرە نەیتوانی بیکاتە مرۆڤێکی دەستپێشخەر ئەوا پێویستە هێندە چالاك بێت بتوانێت وەرچەرخان لە پارادیمەکەتدا دروست بکات بۆ خوڵقاندنی سەنتەرێکی وا کە بیکاتە

مرۆڤێکی دەستپێشخەر.

تۆ ئەگەر پرنسیپەکان سەنتەری ژیانت بن مانای وایە خۆت دووردەگریت لە هەستوسۆزی هەڵوێستەکەو لەو فاکتەرانەی دیکە کە رەنگە کارت تێبکەن و هەوڵدەدەیت ئەگەرە جۆراوجۆرەکان هەڵبسەنگێنێت. لە روانگەی ئەوەوە بڕیار دەدەیت کە کۆی گشتی پێویستییەکانی کارو خێزان و پێویستییەکانی دیکە تا چەند هاوسەنگن و ئەگەری جێبەجێکردنی بڕیارە ئەلتەرناتیڤەکان تا چەندە. ئینجا دەگەیتە باشترین بڕیار بەوەی کە هەمو هۆکارەکان بەهەند وەربگریت. مەسەلەکە لە ناوەڕۆکدا ئەوەنییە بچیت بۆ کۆنسێرتەکە یان نەچیت و لە کۆمپانیاکە بمێنیتەوە. ئەمە بەشێکی بچوکی بڕیارێکی کاریگەرە. رەنگە بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەیەك سەنتەری دیکە بگەیتە هەمان بڕیار. بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە کە سەنتەربونی پرنسیپەکان لە ژیاندا کۆمەڵێك جیاوازیی گرنگی هەیە.

یەکەم: ناکەویتە ژێر کاریگەریی هیچ کەسێك و هیچ بارودۆخێکەوە. زۆر دەستپێشخەرانە بڕیار لە باشترین هەڵبژاردن دەدەیت. بڕیارەکەت هۆشیارانە و بەپێی زانیاری قوڵ دەدەیت.

دووەم: دڵنیایت لەوەی کە بڕیارەکەت کاریگەرترین بڕیارە چونکە پشتی بە پرنسیپە راست و دروستەکان بەستووەو لە دوورمەودادا ئەنجامی چاکی دەبێت.

سێیەم: بڕیارەکەت دەبێتە مایەی بەرزبونەوەی زیاتری بەهاکانت لە ژیاندا. مانەوەی ئەو شەوەت لە فەرمانگەکە (کۆمپانیاکە) شەوێکی زۆر جیاواز دەبێت لە ژیانتدا چونکە رێز بۆ تواناو کاریگەرییەکانی بەڕێوەبەرەکەت دادەنێیت و هەروەها بەشدارییەکی راستەقینەش دەکەیت لە خزمەتکردنی شوێنی کارەکەتدا. هەر ئەو زانیارییە نوێیانەش کە دەستت دەکەون لەم بڕیارەتدا زۆر سودت پێدەگەیەنن لە بوارە جیاجیاکانی ژیانتدا.

چوارەم: دەتوانیت بە شێوازی جۆراوجۆر ئەوە بە هاوسەرەکەت و بە سەرۆکەکەت بگەیەنیت کە تۆ دەتەوێت پەیوەندی پتەویان لەگەڵدا دروست بکەیت کە بەرژەوەندی هەمولایەکی تیا پارێزراو بێت. مرۆڤ ئەگەر سەربەخۆ بێت دەتوانێت رۆڵی ئەرێنی هەبێت لەسەر دەوروبەرەکەی. هەروەها دەتوانێت کەسی گونجاو رابسپێرێت و سبەی بەیانی زوو سەرلەنوێ تێهەڵبچێتەوە.

Scanned by CamScanner

دوا خاڵیش ئەوەیە کە بڕیارەکەت مایەی خۆشحاڵیت دەبێت و لێی پەشیمان نابیتەوە بەڵکو هەرچییەك بێت تۆ ئەوپەڕی هەوڵی بۆ دەدەیت و چێژیشی لێ دەبینیت.

ئەوکەسەی کە پرنسیپەکان سەنتەری ژیانی دروست دەکەن مەسەلەکان بە جۆرێکی جیاواز دەبینێت. لەبەرئەوە بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتیشی جیاوازن. ئارامی و ئاسایش و ئاراستەو حیکمەت و دەسەڵاتەکانی لە ئاستێکی زۆر بەرزدا دەبن و ژیانێکی کاریگەر و پڕ لە دەستپێشخەری دەباتە سەر.

- نوسین و بەکارهێنانی پەیامە تایبەتەکەی ژیان

- ئێمە هەتا قوڵتر ڕۆبچینە ناخی خۆمانەوە و هەتا زیاتر لە پارادیمە بنەڕەتییەکانمان تێبگەین و هاوسەنگیان بکەین لەگەڵ پرنسیپە ڕاست و دروستەکاندا زیاتر دەتوانین سەنتەری بەهێز و کاریگەر دروست بکەین و هاوێنەی ڕون و گرنگیش دروست بکەین کە خۆمان و جیهانی پێ ببینین و پەیوەندی نێوانمان تێبگەین.

- فرانکڵ دەڵێت مرۆڤ پەیامی ژیانەکەی دروست ناکات بەڵکو دەیدۆزێتەوە. من ئەم قسەیەم زۆر بەدڵە. من باوەڕم وایە هەریەکێك لە ئێمە چاودێرێکی ناوخۆیی هەیە، هەستێك و ویژدانێکی هەیە لە ناخەوە کە سەرچاوەی لەخۆتێگەیشتن و بەشدارییکردنە بێهاوتاکانیشی دیاری دەکات. فرانکڵ دەڵێت: هەر یەکێك لە ئێمە لە ژیاندا ئەرکێکی دیاریکراو و پەیامێکی تایبەتی هەیە. هیچ کەسێك ناتوانێت جێی کەسێکی دیکە بگرێتەوە. ناشتوانێت ژیانی ئەو دوبارە بکاتەوە. لەبەر ئەوە ئەرکی هەر مرۆڤێك ئەرکێکی بێهاوتایە و هەلی جێبەجێکردنەکەشی هەر بە هەمان شێوە شتێکی بێ هاوتایە. ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە قسە بۆ ئەم تایبەتمەندێتییەی مرۆڤ بگەڕێین پێویستە بایەخە بنەڕەتییەکەی گیانی دەستپێشخەرییمان بیرنەچێت و بزانین کە کارکردنمان لە چوارچێوەی بازنەی دەوروتەئسیرماندا مەسەلەیەکی زۆرگرنگە. ئەگەر ئێمە لەدەرەوەی بازنەی مەراق و نیگەرانییەکانماندا بەدوای واتاکانی ژیانماندا بگەڕێین مانای وایە دەستبەرداری ئەرکەکانی خۆمان دەبین وەکو مرۆڤی دەستپێشخەر و خوڵقانی یەکەمی خۆمان تەسلیمی خەڵك و بارودۆخەکان دەکەین. مەبەست و ماناکان لە ناخی خۆمانەوە هەڵدەقوڵێن و بەدەردی فرانکلین دەڵێت (نابێت مرۆڤ بپرسێت بلێ ژیانم چ مانایەکی هەیە بەڵکو پێویستە درك بەوە

بکات کە ئەو خۆی خاوەنی پرسیارەکەیە. بە کورتی‌یەکەی ژیان هەمو کەسێک تاقی دەکاتەوە و هەر بەوە وەڵام دەدرێتەوە کە مرۆڤ وەڵامدەرەوە و بەرپرسیارە.)

- بەردی بناغەی خولقاندنی یەکەم بریتی‌یە لە بەرپرسیارێتی تایبەت واتە لە ژیانی دەستپێشخەری. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ زمانی کۆمپیوتەر ئەوا خووی یەکەم دەڵێت تۆ دانەری پرۆگرامەکەی، خووی دووەمیش دەڵێت پرۆگرامەکە بنوسە. مرۆڤ هەتا ئەم قسەیە قبوڵ نەکات کە خۆی بەرپرسیارە و خۆی دانەری پرۆگرامەکەیە ناتوانێت دەست بکات بە نوسینی بەرنامەکە.

- پەیامی ژیان شتێک نی‌یە مرۆڤ لە شەو و رۆژێکدا بینوسێت بەڵکو رامانی قوڵی پێویستە و لێکدانەوەی وردی دەوێت و پێویستە بە وردی و بە چاکی گوزارشتیان لێ بکات. زۆرجاریش وا پێویست دەکات چەندین جار دەستکاری بکات تا بەوشێوەیە دەردەچێت کە مەبەستێتی. رەنگە چەندین هەفتەو چەندین مانگ بخایەنێت ئینجا بەوشێوەیە دەربچێت کە لێی رازییت و هەست دەکەیت تەواوەو بە وردی گوزارشت لە بەهاکان و پاڵنەرەکانی ناخت دەکات. بەڵام سەرباری ئەمانەش دیسان پێویستە بەردەوام چاوی پێدا بخشێنیتەوە و لەبەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکان و تێپەڕبونی زەمانەدا دەستکاری کەم کەمی بکەیت و شتی نوێی بخەیتە سەرو شتی زیادەی لێ لاببەیت بە گوێرەی گۆڕینی بارودۆخەکان و هاتنەکایەی تێڕوانینی نوێوە.

- بەڵام بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیامی ژیان دەبێتە دەستوری تۆ. دەبێتە گوزارشتێکی بەهێز لە بیروبۆچون و بەهاکانت. دەبێتە ئەو تەرازووەی کە هەمو شتەکانی دیکەی ژیانتی پێدەپێویت. من خۆم بەم دواییە چاوم خشاندەوە بە پەیامی ژیانمدا کە زۆرجار ئەو کارە دەکەم و هەمو جارێک چەند سەعاتێک دەخایەنێت. پاش ئەو چاوخشاندنەوەیە هەستم بە خۆشی و بەختەوەری و دیسپلین و بەرچاوڕونی کرد.

- من پێم وایە پرۆسەی نوسینەکە هێندەی بەرهەمەکە گرنگە. نوسین و چاوخشاندنەوە بە پەیامی ژیاندا گۆڕانکارییت تیا دروست دەکات چونکە ناچارت دەکات بە قوڵی بیربکەیتەوە لە مەسەلە گرنگەکانی ژیانت و وات لێ دەکات رەفتارت بگونجێنیت لەگەڵ بیروبۆچونەکانتدا. تۆ بەم کارەت وا لە خەڵکی دەکەیت وردە وردە هەست بکەن تۆ کەسێک نیت ئەو شتانەی لێت روودەدەن کۆنترۆڵی تۆیان

کردبێت چونکه مرۆڤێکیت هەست بە ئەرکەکان دەکەیت و هەر ئەو کارو چالاکییانە ئەنجام دەدەیت کە لە ناخەوە دەتجوڵێنن.

هەمو مێشکت بخەرە کار

خۆ ناگاییمان توانای ئەوەمان دەداتێ بزانین هزرو بیرکردنەوەمان چۆنن، ئەمەش ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە، بەتایبەت لە خولقاندنی پەیامە تایبەتەکەی ژیاندا چونکە ئەو دوو بەخششە بێهاوتایەی کە بریتین لە خەیاڵ و ویژدان توانای پەیڕەوکردنی خووی دووەممان دەدەنێ کە بە شێوەیەکی سەرەکی کاری بەشی ڕاستی مێشکن. کەواتە هەتا چاکتر ڕەفتار لەگەڵ تواناکانی بەشی ڕاستی مێشکماندا بکەین زیاتر بە توانا دەبین لە پرۆسەی خولقاندنییەکەمدا.

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی دەیان ساڵ ئەوەی لێ کەوتەوە کە پێی دەوترێت تیۆری باڵادەستبونی مێشك. ئەنجامەکان بە شێوەیەکی سەرەکی ئەوە دەردەخەن کە هەرکام لە نیوەی لای چەپ و نیوەی لای ڕاستی مێشك مەیلی ئەوەیان هەیە پسپۆڕی و دەسەڵات لە ئەرکی جیاوازدا پەیدا بکەن و سەروکاریان لەگەڵ زانیاری جیاوازدا هەبێت و گیروگرفتی جیاواز چارەسەر بکەن.

نیوەی لای چەپی مێشك، بە شێوەیەکی بنچینەیی زیاتر لۆجیکییە و تواناکانیشی زیاتر زارەکین. بەڵام تواناکانی نیوەی لای ڕاست زیاتر لە مەسەلەکانی لێکدانەوە و داهێنانەدایە، لەکاتێکدا نیوەی لای چەپ مامەڵە لەگەڵ وشەدا دەکات، نیوەی لای ڕاست مامەڵە لەگەڵ وێنەدا دەکات. چەپ خەریکی وردەکاری و مەسەلە دیاریکراوەکانە بەڵام نیوەکەی لای ڕاست تایبەتە بە کۆی گشتی و بە پەیوەندی نێوان بەشەکان و پێکهێنەرەکان. چەپ هەڵسوکەوت لەگەڵ لێکدانەوە و شیتەڵکردندا دەکات کە بریتییە لە وردوخاشکردنی کۆ گشتییەکان، بەڵام نیوەی لای ڕاست سەرگەرمی پێکهێنان دەبێت کە بریتییە لە کۆکردنەوەی شتەکان پێکەوە. نیوەی لای چەپ سەروکاری لەگەڵ بیرکردنەوەی زنجیرەییدا هەیە، بەڵام نیوەکەی لای ڕاست مامەڵە لەگەڵ بیرکردنەوەی کاتیدا دەکات. نیوەی لای چەپ پابەندە بە کاتەوە بەڵام ئەوەی لای ڕاست پابەند نابێت بە کاتەوە.

هەرچەندە مرۆڤ هەردوو نیوەکەی مێشکی بەکاردەهێنێت، بەڵام هەمیشە نیوەیەکیان هەوڵ دەدات ڕەفتاری خاوەنەکەی کۆنترۆڵ بکات. دیارە نمونەبیترین

ئەوەی -

کەرەسەی پێویست بەکاربهێنێت بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵیدا. بەلام بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ ئارەزووی ئەوەی هەیە بێ قرە لە ناوچەی ئیسراحەتدا بمێنێتەوە لە نیوە باڵادەستەکەیدا و لەگەڵ هەر هەڵویستێکدا بەوشێوەیە رەفتار بکات کە نیوەکەی لای چەپ یاخود نیوەکەی لای راست پێی خۆشە.

بە دەردی (ئەبراهام ماسلۆ) دەڵێت: "ئەو کەسەی کە لە چەکوشکاریدا باشە هەمو شتێکی لێ دەبێت بە بزمار" ئەمەش هۆکارێکی دیکەیە کە وامان لێ دەکات هەندێکمان خانمە گەنجەکە ببینین و هەندێکیشمان ژنە پیرەکە. لەراستیدا ئەوکەسەی کە نیوەی راستی مێشکی باڵادەستە، شتەکان وەك ئەوکەسە نابێت کە نیوەی چەپی مێشکی باڵادەستە.

ئێمە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە جیهانێکدا دەژین کە نیوەی چەپی مێشك باڵادەستە تیایدا. واتە وشەو لۆجیك و پێوەرەکان کۆنترۆڵیان بەدەستەوەیە و پێشبینیکردنی خولقێنەر و هەست و لایەنە هونەرییەکانی سروشت زۆرجار پاشەکشەیان کردووە. زۆربەمان بەلامانەوە زەحمەتە نیوەکەی لای راست بخەینە کار.

پێویستە بزانین کە ئەم جۆرە وەسفکردنە بۆ ئەوەیە شتەکە لەلاتان زۆر ئاسان بکرێت ئەگینا ئێجگار بەو شێوەیە نییە و تێگەیشتنی تەواوی ئەرکەکانی مێشك پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. گرنگ ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ توانای ئەنجامدانی جۆرەها پرۆسەی بیرکردنەوەمان هەیە ئەگەرچی لە هەمو دەرگاکانی توانا جۆراوجۆرەکانیشمان نادەین (بەلام خۆمان لێیان نادەین). ئەگەر ئاگاداری ئەو توانا جیاوازانەی خۆمان بین و بزانین خاوەنی توانای ئاوین دەتوانین هۆشیارانە ئەقڵمان بخەینە کار بۆ بەدیهێنانی پێویستییە دیاریکراوەکانمان بە شێوازی کاریگەرتر.

دوو رێگا بۆ نزیکبونەوە لە مێشکە راستەکە

ئەگەر تیۆرییەکەی باڵادەستبوونی مێشك بەکاربهێنین وەکو نمونەیەك ئەوا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆنێتی خولقاندنی یەکەممان تا ئەندازەیەکی زۆر پەیوەستە بەو توانایەی کە هەمانە لە بەکارهێنانی مێشکە خولقێنەرەکەی دەستە راستمان. مرۆڤ هەتا زیاتر سود لەو بەشەی مێشك ببینێت زیاتر توانای

بەرجەستەكردن و پێكهێنان و تێڕوانینی دەبێت و زیاتر دەتوانێت بەسەر بارودۆخەكەی ئێستاو داهاتودا بەرزببێتەوە و وێنە رۆحییەكەی ئەو كارو چالاكییانە بهێنێتە بەرچاو كە گەرەكێتی لە ئایندەدا ئەنجامیان بدات.

گۆشەنیگای فراوان

هەندێك جار ئێمە بەبێ هیچ ئامادەكارییەك و هیچ بەرنامەیەكی پێشوەخت بێبەریی دەگرێین لە ژینگەو شێوەبیركردنەوەكانی بەشی چەپی مێشك و رابێچی نیوە راستەكە دەگرێین. مردنی كەسێكی خۆشەویست، یاخود نەخۆشییەكی سەخت، یان قەیرانێكی دارایی، یاخود دوژمنایەتییەكی قورس رەنگە وامان لێ بكەن بوەستین و چاوێك بگێڕیەوە بە ژیانماندا بۆ ئەوەی هەندێك پرسیاری قورس لە خۆمان بكەین "چی زۆر گرنگە؟ من بۆچی وا دەكەم؟"

بەڵام مرۆڤی دەستپێشخەر و ئەرێنی هەرگیز چاوەڕێ ناكات بارودۆخەكە یاخود خەڵكی دیكە رەهەندی شارەزاییەكان و ئەزمونەكانی فراوان بكەن. مرۆڤی لەوجۆرە دەتوانێت خۆی هۆشیارانە ئەزمون بۆ خۆی دروست بكات.

دیارە بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە چەند رێگایەك لەبەردەمدان. تۆ لەرێی دەسەڵاتەكانی خەیاڵەوە دەتوانیت رێوڕەسمی ناشتنی خۆت بهێنیتە بەرچاو، وەك چۆن لەسەرەتای ئەم بەشەی كتێبەكەدا كردمان. وەسێتنامەی خۆت بنوسە. بەراستیمە بینوسە. بە وردی بینوسە.

تۆ دەتوانیت بیستوپێنجەمین ساڵرۆژی هاوسەرگیریت و پاشان پەنجاهەمین ساڵرۆژەكە بهێنیتە بەرچاو. با هاوسەرەكەشت لەو كارەدا بەشدارییت لەگەڵدا بكات. هەوڵبدە پابەندی بناغەكانی ئەو پەیوەندییە خێزانییە ببیت كە پێت خۆشە لە هەڵسوكەوتی رۆژانەدا ماوەیەكی دوورودرێژ پەیڕەوی بكەیت.

هەروەها ئەوەش بهێنەرە بەرچاو كە واز لەم كارەی ئێستات بهێنیت. پێت خۆشە بەرلەوەی لەم بوارەدا چ دەستكەوت و بەشدارییەكت هەبوبێت؟ پلانەكانی پاش خانەنشینبونت چین؟ ئایا دەست دەدەیتە كارێكی دیكە؟

مێشكت بكەرەوە و فراوانی بكە. وردەكارییەكان بهێنەرە بەرچاوی خۆت. چەندت بۆدەكرێت هەست و خەیاڵ بخەرەگەڕ. هەتا دەتوانیت هەستەوەرەكانت بەكاربهێنە.

Scanned by CamScanner

من خۆم لە زانکۆدا ئەزموونێکی لەوجۆرەم لەگەڵ هەندێك لە خوێندکارەکاندا هەیە. "وابزانە کە هەر ئەم وەرزەی خوێندن لە ژیاندا دەمێنیت. و ئەو ماوەیەش پێویستە لێرە بمێنیتەوە. ئایا چۆن ماوەکە بەسەر دەبەیت؟"

کتوپڕ مەسەلەکان خزانە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە و بنەماو بەهای وا دەرکەوتن کە پێشتر کەس ددانی پێدا نەدەنا.

پاشان داوام لە خوێندکارەکانم کرد ماوەی یەك حەفتە لەگەڵ ئەو ئەزموونەدا بەراستی بژین و ئینجا بیرەوەرییەکانیان لەسەر ئەزموونەکانی خۆیان بنوسنەوە.

ئەنجامەکان گەلێ مەسەلەیان روون کردەوە. خوێندکارەکان دەستیان کرد بە نوسینی نامەی تایبەت بۆ دایك و باوکیان و باسی رێزو خۆشەویستی خۆیانیان بۆ کردن. هەروەها لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەشدا ئاشت بونەوە کە پێشتر لێیان زویر بوبون.

توخمە سەرەکی‌یە باڵادەستەکەی چالاکییەکەی ئەم خوێندکارانە بریتی بو لە خۆشەویستی و بێهودەیی رق و خراپەکاری و تۆمەتبارکردن. ئەمە هەموی پاش ئەوە هات کە بیریان کردەوە. ماوەیەکی کەمیان لە ژیاندا ماوە و لە ئەنجامدا پرنسیپ و بەهاکان لای هەموویان ئاشکرابو.

دیارە زۆر رێگا هەیە بۆ بەکارهێنانی خەیاڵ و نزیکبونەوە لە بەهاکان. من ئەگەر بزانم دەمەوێت ببمە چی و لە ئایندەدا چی دەکەم ئەوا دەبمە کەسێکی پاك و بێ خەوش، هزرم قوڵ دەبێت و بیر لەو ئاسۆیانە دەکەمەوە کە لەمرۆ لە سبەینێ فراوانترن.

هێنانە بەرچاو و جەختکردنەوە

خۆ رابەرایەتیکردن تەنیا هەر ئەزموونێکی تایبەت نییە. شتێك نییە بە نوسینی پەیامی ژیان دەست پێبکات و کۆتایی بێت. بەڵکو پرۆسەیەکی بەردەوامی پاراستن تێڕوانین و بەهاکانە و هاوسەنگبونی ژیانە بە جۆرێك کە لەگەڵ مەسەلە گرنگەکاندا بگونجێت. لەم رووەشەوە بەشە باڵادەستەکەی لای راستی مێشك دەتوانێت بەشێوەیەکی رۆژانەو تا ئەندازەیەکی زۆر تێکەڵبونی پەیامە تایبەتەکەت لەگەڵ ژیانی رۆژانەتدا دەستەبەر بکات. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جێبەجێکردنێکی دیکەی ئەو ئامۆژگارییەیە کە دەڵێت کە دەستت پێکرد کۆتاییەکەت لەبەرچاو بێت.

Scanned by CamScanner

با ئێستەش بگەڕێنەوە بۆ نمونەکەی پێشوتر و گریمان من باوکێکم مناڵەکانم زۆر زۆر خۆش دەوێت و ئەم خۆشویستنە لەلام یەکێکە لە بەها بنەڕەتییەکانم، بەڵام گریمان لەهەمان کاتیشدا توندڕەوم لە کاردانەوەکانمدا.

لێرەدا دەتوانم بەشەکەی دەستەڕاستی مێشکم بخەمە کار کە تایبەتە بە هێنانە بەرچاو و جەختنامەیەك بنوسم کە یارمەتیم بدات لە ژیانی ڕۆژانەمدا چاکتر بتوانم لەگەڵ بەهاکانمدا هەڵ بکەم.

هەمو جەختنامەیەکی چاك پێنج پێکهێنەری بنەڕەتی هەیە: تایبەت و ئەرێنییە و هی کاتی ئێستایە و بینراوە و سەروکاریشی لەگەڵ سۆزدا هەیە. کەواتە دەتوانم شتێکی لەم جۆرە بنوسم: کارێکی زۆرچاکە (سەروکاری لەگەڵ سۆزدا هەیە) من (کەسێتی) حەکیمانەو راشکاوانە و بە خۆشەویستی و متمانەوە (ئەرێنی) کاردانەوە دەنوێنم (کاتی ئێستا) کاتێك کە منداڵەکانم بەدڕەفتاری دەکەن.

ئینجا من دەتوانم مەسەلەکە بهێنمە بەرچاوی خۆم و هەمو ڕۆژێك چەند خولەکێك بەوپەڕی ئارامییەکانی ئەقڵ و جەستەوە بیر لەو هەڵوێستانە بکەمەوە کە رەنگە منداڵەکانم هەڵەی تیا بکەن. بۆ ئەوەی جلەکانی بەریان ببینم یاخود بزانم چی دەکەن و گوزارشت لەچی دەکەن. دیارە هەتا ئەو هێنانە بەرچاوە رونتر و دیاریکراوتر بێت ئەزمونەکەم بەهێزتر و قوڵتر دەبێت لەچاو ئەوەی کە دوراودور تەماشای بکەم.

دەتوانم کچەکەم بهێنمە بەرچاوی خۆم خەریکی کارێکی دیاریکراوە کە هەمیشە نیگەرانم دەکات و بەڵام لەبری چاودێریکردنی کاردانەوە ئاساییەکەم دەتوانم وا خۆم بهێنمە بەرچاو کە بە هێز و خۆشەویستی و ئارامییەوە مامەڵە لەگەڵ هەڵوێستەکەدا دەکەم و دەتوانم بەرنامەیەکی وا بنوسم کە بگونجێت لەگەڵ پەیامە تایبەتەکەی ژیانم و لەگەڵ بەهاکانمدا.

ئەنجامدانی ڕۆژانەی ئەوکارە هەڵسوکەوتم دەگۆڕێت و لەو چوارچێوەی هەڵسوکەوتە رزگارم دەبێت کە لە باوك و دایکم و کۆمەڵگا و دەوروبەر و کرۆمۆسۆمەکانەوە بۆم ماوەتەوە.

من هەر لەم بوارەدا یارمەتی کوڕەکەمم دا کە بەکارهێنانی ڕێبازی جەختکردنەوە بخاتە خزمەت ئایندەی خۆیەوە وەك یاریزانێکی تۆپی پێ. من لە

قۆناغی دوا ناوەندییەوە ئەمەم لەگەڵدا دەست پێکردووە و فێرم کردووە چۆن خۆی بیکات. هەوڵماندا هەناسەی قوڵ هەڵمژێت بۆ خاوکردنەوەی ماسولکەکان و حەساندنەوەی مێشکی تا لە ناخەوە ئارام ببێت و هانم دا خۆی وا بهێنێتە بەرچاو کە لە ناخۆشترین و زەحمەترین هەڵوێستدایە.

هێنایە بەرچاوی خۆی کە هێرشی ناکاوی دەکرێتە سەرو پێویستە ئاگاداربێت. هەروەها پێویستیشە ئەو هەمو شێوازی بەرگرییانە بەکاربهێنێت کە ئەو لەکاتی ئاساییدا بەکاریان ناهێنێت.

لە قۆناغێکی ژیانیدا کوڕەکەم پێی راگەیاندم کە هەست بە توڕەیی و بێ ئارامی زیاتر دەکات. کاتێکیش کە کەوتینە گفتوگۆ بۆم دەرکەوت کە کوڕەکەم ئەو رەفتارە توڕەیەی هێناوەتە پێش چاوی خۆی لەبەر ئەوە پێکەوە کارمان کرد بۆ ئەوەی لە گەرمەی دۆخە هەرە ناڕەحەتەکەماندا خاوبونەوە بهێنێتە پێش چاوی خۆی. بۆمان دەرکەوت کە مەسەلەی هێنانەپێش چاو بایەخێکی گەورەی هەیە. مرۆڤ ئەگەر شتی هەڵەو خراپ بهێنێتە پێش چاوی خۆی ئەوا ئەو هەڵەو خراپەیە دەکات.

د. چارڵس جارفیلد لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی ئەنجام داوە لەسەر مرۆڤە هەڵکەوتووەکانی بواری وەرزش و بواری یارییە جەستەییەکان. ئەو کاتێک لەگەڵ ئاسادا کاری دەکرد گەیشتە لوتکەی چالاکییەکانی خۆی، بەتایبەت کاتێک پیاوەکانی بۆشایی ئاسمانی بینی لە ژینگەیەکی وا راهێنان دەکەن کە کتومت وەکو ژینگەکەی بۆشایی ئاسمان وایە. د. چارڵس هەرچەندە خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بو لە بیرکاریدا بەڵام بڕیاری دا لە دەروونناسیشدا بڕوانامەی دکتۆرا بەدەست بهێنێت بۆ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی وەرزشکارە هەڵکەوتووەکان تێبگات.

- لێکۆڵینەوەکەی ئەم دەریخست کە زۆربەی پاڵەوانە هەڵکەوتووەکان کاتێک کە رووداوەکان دێننە بەرچاوی خۆیان، دەشیان بینن و هەستیان پێدەکەن و پێش ئەوەی بە کردەوە ئەنجامی بدەن لە مێشکی خۆیاندا کردویانن. بەمەش لەگەڵ دەستپێکردنی کارەکەدا ئەنجامەکەیان لە مێشکدا بووە. تۆش دەتوانیت لە هەمو بوارەکانی ژیانی خۆتدا ئەمە بکەیت و هەمو فرۆشتن و کڕین و کێشەکانی ژیانی رۆژانە و رووبەڕووبونەوە قورسەکان بخەیتە پێش چاوی خۆت و جار لەدوای جار روونتر بیانبینیت و نەوەستیت. هەوڵبدە لە ناخی خۆتدا ناوچەیەکی ئیسراحەت

بخولقێنێت بۆ ئەوەی کە بە کردەوە چویتە ئەو هەڵوێستەوە بەلاتەوە نامۆ نەبێت و لێی نەترسیت.

- بەشە خولقێنەرە سۆماییەکەی لای راستی مێشك یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکانی هێزی مرۆڤ چ لە مەسەلەی دروستکردنی پەیامە تایبەتەکەی ژیاندا و چ لە پتەوکردنی ژیان.

- دیارە زۆر کتێب و کاسێتی بیستراو و بینراو هەیە سەبارەت بە پرۆسەی هێنان بەرچاوە و جەختکردنەوە. گومانیشی تێدانییە کە یەکێك لە دەستکەوتە گرنگەکانی سەردەم لەم بوارەدا کە پرۆگرامە سەختەکان و شێوە تازەکانی خاوبونەوە و ئەو پرۆگرامانەیان لەخۆ گرتووەکە پەیوەستن بە توانا زمانەوانییە دەمارییەکانەوە. ئەم مەسەلانە هەمویان پێویستییان بە رونکردنەوە و باسکردن و کۆکردنەوەی سەرەتا بنەڕەتییەکانی پرۆسەی خولقاندنی یەکەم (سەرەکی) هەیە. من بە حوکمی پیشەکەم سەروکارم لەگەڵ سەدان نوسراوی دیکەدا هەبووە لەسەر هەمان بابەت کە ئەگەرچی هەندێکیان زیادەڕۆییان تیایە و بێ پشتیوانی زانستیین بەڵام زۆربەیان بەرهەمی ماقوڵن.

لە مەسەلەی خۆڕابەرایەتیکردنی چالاکدا هێنانە پێش چاو و جەختکردنەوە بەرهەمی ئەو بیرۆکە راست و دروستەن کە سەرچاوەکانیان کۆمەڵە ئامانج و پرنسیپێکن بونەتە سەنتەری ژیانی مرۆڤ. زۆر بەهێزیشن لە دارشتنەوە و پرۆگرامکردنی ئامانجە قوڵەکانی ناخی دڵ و مێشك. من پێم وایە چەقی کاریگەرییەکەی ئایینە ئاسمانییەکان لەسەر مرۆڤ لەو ئەزمون و پرنسیپانەوە دێن کە بە زمانی جۆراوجۆر دەیانخوێنین وەکو نوێژ و رامان و بڕوابون بە ناوچەوان و هاوکاری و توێژینەوەی رابردو، هەروەها سۆز و شێوازەکانی دیکەی پەیوەست بە ویژدان و بەرجەستەکردن. پێویستە ئەم مەسەلانە بە شێوەیەك بەکارنەهێنین کە لە ئامانجە سەرەکییەکانیان دەربچن و گەندەڵیان بکات.

جەختکردنەوە و هێنانە بەرچاو دوو شێوەن لە شێوەکانی پرۆگرام دانان. لەبەرئەوە پێویستە ئێمە دڵنیابین لەوەی نەچینە سیستمی پرۆگرامێکەوە لەگەڵ ئەو سەنتەرە سەرەکییەدا نەگونجێت یاخود لە سەنتەرەکانی پارە پەیداکردن و خۆپەرستی و ئەو مەسەلانەی دیکەوە بئاڵێت کە لەگەڵ پرنسیپە راست و

دروستەکاندا هاوئاهەنگ نین.

دەتوانرێت خەیاڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەو هەستی سەرکەوتنە بەکاربهێنرێت کە مرۆڤ لە بەدەستهێنانی قازانجە مادیە تایبەتەکانی خۆیدا پێی دەگات. بەلام من باوەڕم وایە کە بەکارهێنانی بالاتری خەیاڵ ئەوەیە هاوئاهەنگی بکەیت لەگەڵ بەکارهێنانی ویژداندا بۆ بەرزبونەوە بەسەر خۆپەرستی و خولقاندنی ژیانێک سەراپای ئامانجی بێ هاوتا و ئەو پرنسیپانە بێت کە هەقیقەتە (کاملەکە) کۆنترۆڵ دەکات.

دیاریکردنی رۆڵ و ئامانجەکان

بێگومان چالاکییە لۆجیکییە/ گوتارییەکەی نیوەی چەپی مێشک پارمەتیدەریش دەبێت لە هەوڵەکانتدا بۆ داڕشتنی وێنەو هەست و شێوەکانی نیوەی راستی مێشک بەو وشانەی کە پەیامەکەی ژیانی پێ دەنوسینەوە. وەک چۆن مەشقکردن لەسەر هەناسەدان یارمەتی کاملبونی جەستە و ئەقڵ دەدات، بەهەمان شێوەش نوسین چالاکییەکی دەورنی -دەماری- ماسولکەییە کە یارمەتی بەرجەستەبون و کاملبۆنی هەردوو ئەقڵی هوشیار و ناهوشیار دەدات (هەست ونەست). نوسین پاکژکەرەوە و روونکەرەوە و خەملێنەری بیرۆکەکانە و یارمەتی دەدات لەوەی کۆگشتییەکان وردبکاتەوە بۆ پارچەی بچوک بچوک کە هەریەکێکیان لە ژیاندا چەندین رۆڵی هەیە. ئێمەی مرۆڤ لە بواری جیاجیادا بەرپرسیارێتی و شارەزاییمان هەیە. بۆ نمونە من هەم تاکێکی کۆمەڵگام، هەم هاوسەرم، هەم باوکم، هەم مامۆستام، هەم بزنسمانم، هەم ئەندامی دەزگایەکی ئاینیم و دیارە هەر کام لەو رۆڵانەش بایەخی تایبەتی خۆی هەیە.

مرۆڤ کاتێک کە هەوڵدەدات رۆڵی کاریگەرتری هەبێت لە ژیاندا، کۆمەڵێک گیروگرفتی دێتە رێ. گیروگرفتێکیان کە زۆر گرنگە ئەوەیە وەک پێویست ئاسۆی بیرکردنەوەی خۆی فراوان ناکات. بەمەش ئیتر هیچ نە رێژە و درێژەکارییەک مانایەکی دەمێنێت لەلای و نە هاوسەنگی و نە ئەو پێشبینیکردنە سروشتییەی کە بۆ ژیانێکی کاریگەر پێویستن. بۆ نمونە کەسەکە رەنگە هێندە سەرگەرمی کارو پیشەکەی ببێت کە ئەیپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە تەندروستی خۆی بکاتەوە و

لەپێناوی سەرکەوتن لە پیشەکەیدا رەنگە گرنگترین پەیوەندییەکانی ژیانی فەرامۆش بکات.

بەڵام ئەگەر پەیامەکەی ژیانت دابەش بکەیت بەسەر بوارە جیاجیاکانی رۆڵ و ئامانجەکانی ژیانتدا کە لە هەر بوارێکدا دەتەوێت بیگەیتێ ئەوا بە دڵنیاییەوە پەیامەکە زۆر هاوسەنگتر دەبێت و ئاسانتریش دەتوانیت جێبەجێی بکەیت. بۆ نمونە تەماشای پیشەکەی خۆت بکە. تۆ رەنگە بەڕێوەبەر بیت یاخود لێپرسراوی بەرهەمهێنان بیت یان کارمەندی بەشی فرۆشتن بیت. ئایا چۆن هەڵسوکەوت دەکەیت؟ ئەو بنەمایانە کامانەن کە دەیانکەیتە رێنمای خۆت؟ تۆ وەکو هاوسەرێك، باوکێك/ دایکێك، هاوسێیەك، برایەك، هاوڕێیەك چ رۆڵێکت هەیە و لەئاست هەرکام لەو رۆڵ و بەرپرسیارییانەدا چۆن رەفتار دەکەیت؟ چی زۆر بەلاتەوە گرنگە؟ هەروەها بیر لە رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆت بکەرەوە .. بزانە لە رێکخراوە خۆبەخشەکان و لە بوارەکانی خزمەتگوزاریی گشتیدا رۆڵت چییە؟

یەکێك لە بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان بە سود وەرگرتن لە بیرۆکەی رۆڵ و ئامانجەکان ئەم پەیامە تایبەتەی خوارەوەی نوسیوە: پەیامم لە ژیاندا ئەوەیە بە دەستپاکی و سەربەرزی بژیم و گۆڕانکاریی لە ژیانی خەڵکیشدا دروست بکەم.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئەرکە:

خێرخواز دەبم: هەوڵ دەدەم هەمو کەسێك بە چاکی - هەرکەسێك - بناسم هەمو کەسێکم خۆش بوێت بێ گوێدانە بارودۆخەکەی

قوربانی دەدەم: هەمو توانا و بەهرە و سەرچاوەکانم دەخەمە خزمەت پەیامەکەمەوە.

ئیلهامبەخش دەبم: دەبمە نمونەیەکی مەزن بۆ ئەوەی خەڵکی تێبگات کە هەمومان بەندەی خوداین و دەتوانین ترس و بەربەستەکان تێك بشکێنین

کاریگەر دەبم: هەرچییەك دەیکەم بۆ ئەوەیە گۆڕانکاری لە ژیانی خەڵکیدا دروست بکەم.

بۆ بەدیهێنانی ئەرکەکەم ئەم رۆڵانەی خوارەوە زۆر گرنگن بەلامەوە

هاوسەر: گرنگترین کەس لە ژیانمدا هاوسەرەکەمە. پێکەوە بەشداریی دەکەین لە چنینەوەی بەرهەمەکانی فێرخوازی و گونجان و سەرڕاستی و کارکردندا.

باوك: هەوڵ دەدەم منالّەكانم زیاتر و زیاتر چێژ لە ژیانیان وەربگرن.

كوڕ/ برا: هەمیشە دەستی خۆشەویستی و یارمەتیدانیان بۆ درێژ دەكەم.

خواپەرست: بەندەیەكی جێبەجێكاری فەرمانەكانی خودا دەبم و خزمەتی بەندەكانی دەكەم

هاوسێ: ئیماندارێتییەكەم لەو هەڵسوكەوتانەدا دەردەكەون كە بەرامبەر خەڵكانی دیكە دەیاننوێنم.

بەرپرسیاری پێشكەوتن

دەبمە هۆكارێك بۆ پێشخستنی شێوازی كاركردنی دامودەزگاكان

فێرخواز: هەمو رۆژێك بابەتی نوێ فێردەبم

نوسینی پەیامی ژیان لەسەر بناغەی رۆڵە گرنگەكان لە ژیاندا هاوسەنگی و هاوئاهەنگی دەبەخشێت بە مرۆڤ. كارێك دەكات رۆڵەكانت یەك بەیەك لەلا روون و ئاشكرابن. هەروەها پێویستیشە چاو بە رۆڵەكاندا بگێڕیت بۆ ئەوەی وات لێ نەیەت رۆڵێكی دیاریكراو تەواو سەرقاڵت بكات و رۆڵەكانی دیكەت بیرببانەوە كە رەنگە هێندەی ئەو و بگرە زیاتریش گرنگ بن لە ژیانتدا.

پاش دیاریكردنی رۆڵە جۆراوجۆرەكان ئیتر نۆرەی ئەوە دێت بیر لەو ئامانجە درێژخایەنانە بكەیتەوە كە دەتەوێت لەو رۆڵانەدا بەدییان بهێنیت. بەمجۆرە جارێكی دیكە دەگەڕێینەوە بۆ نیوەی لای راستی مێشك. چۆن؟ لەرێی بەكارهێنانی خەیاڵ و داهێنان و خولقاندن و ویژدان و ئیلهامەوە. ئەگەر ئەم ئامانجانە درێژكراوەی پەیامە تایبەتەكەی ژیان بێت كە لەسەر بناغەی پرنسیپە راست و دروستەكان دارێژراون، ئەوا جیاوازیی بنەڕەتییان دەبێت لەگەڵ ئامانجە ئاساییەكانی مرۆڤدا. هاوئاهەنگ دەبن لەگەڵ بنەما راستەكان و یاسا سروشتییەكاندا كە هێزی زیاترت پێ دەبەخشن بۆ بەدیهێنانیان. ئامانجەكان ئامانجی خودی خۆتن نەك لە كەسێكی دیكەوە پێت گەیشتبن. رەنگدانەوەی بنەما قوڵەكانت و بەهرە بێ هاوتاكەتن. رەنگدانەوەی هەستكردنتن بە رێز و بایەخی خۆت و لەناوجەرگەی ئەو رۆڵە گرنگانەوە هەڵدەقوڵێن كە لە ژیاندا هەڵتبژاردون.

ئامانج ئەگەر گرنگ و كاریگەر بێت ئەوا لە بنەڕەتەوە زیاتر جەخت دەكاتە سەر ئەنجامەكان نەك سەر چالاكییەكان. ئەو پێگەیە دیاری دەكات كە

Scanned by CamScanner

نارەزومەندیت تیایدا بیت و لە هەمان کاتیشدا یارمەتیت دەدات پێگەکەی ئێستات بناسیت و دیاری بکەیت. ئامانجی کاریگەر زانیاری گرنگت پێدەبەخشێت بۆ گەیشتن بەو پێگەیەی کە ئارەزوی دەکەیت و کاتێکیش کە پێی گەیشتیت یەکسەر ئاگادارت دەکات. وزەو هەوڵەکانت یەك دەخات. واتاو مەبەست دەبەخشێت بە هەمو چالاکییەکانت. لە کۆتاییشدا خۆی وەردەگێڕێتە سەر ئەو چالاکیانەی کە رۆژانە ئەنجامیان دەدەیت بۆ ئەوەی بتوانیت ببیتە مرۆڤێکی ئەرێنی و بەرپرسیاری ژیانی خۆت و بەدیهێنانی رۆژ بەڕۆژی ئەو شتانەی کە هاوکاریت دەکەن لە بەدیهێنانی پەیامەکەی ژیانتدا.

رۆڵ و ئامانجەکان پەیکەر و ئاڕاستە رێکخراوەکەی پەیامی ژیانن. تۆ ئەگەر تا ئێستا پەیامی ژیانی خۆتت دیاری نەکردووە، ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەو کارە. بوارە جیاجیاکانی ژیانت لە رەهەندە جۆراوجۆرەکاندا پێویستن بۆ بەرەو پێشچوونت. ئەم بوار و ئامانجانە گۆشەنیگایەکی گشتی بە ژیانت دەبەخشن و ئاڕاستەکەشیت لەلا بەرجەستە دەکەن.

ئێمە هەتا زیاتر بەرەو خووی سێیەم بچین قوڵتر رۆدەچینە ناو ئامانجە کورتمەوداکانەوە. گرنگترین مەسەلە، کە جێبەجێکردنی لەم خاڵەدا زۆر پێویست بێت، بریتییە لە دیاریکردنی رۆڵ و ئامانجە دوورمەوداکان، چونکە پەیوەندی پتەویان هەیە بە پەیامە تایبەتەکەی ژیانەوە. ئەم رۆڵ و ئامانجانە بەردی بناغەی دیاریکردن و جێبەجێکردنی کاریگەرانەی ئامانجەکانن کاتێك دەگەینە جێبەجێکردنی رۆژانەی خووی سێیەم کە پەیوەستە بە بەڕێوەبردنی کات و ژیانەوە.

پەیامی ژیانی خێزان

چونکە خووی ژمارە (٢) پابەندی پرنسیپەکانە، لەبەرئەوە مەوداکانی جێبەجێکردنی زۆر فراوانن. خووی ژمارە (٢) نەك هەر تاکەکانی کۆمەڵگا، بەڵکو ئەگەر خێزان و دامودەزگا جیاوازەکان و کۆمەڵە خزمەتگوزارییەکان لەسەرتاوە ئامانجەکانیان بە روونی بخەنە پێش چاوی خۆیان، دەتوانن کاریگەرانەتر ئەرکەکانیان رابپەڕێنن.

ئەوەی تێبینی کراوە زوربەی خێزانەکان ژیانیان لەسەر بناغەی پرنسیپە

راستەکان بەڕێوەنابەن، بەڵکو بە چەمکی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەیران و چارەسەری خێرا و مەزاج و پاداشت و سزای دەستبەجێدا. کاتێکیش کە لە ئەنجامی زیادبونی گوشارەکان و ماندبون و بەهیلاکچوندا نیشانەکان دەردەکەون، ئەوکاتە ئیتر خەڵکەکە یان زیاتر رەشبین دەبن و دەست دەدەنە گلەیی و رەخنەگرتن، یاخود بێدەنگ دەبن یان دەست دەکەنە هاوار و گریان و سکاڵا دەربڕین و زیادەڕەویکردن لە کاردانەوەکاندا. ئینجا ئەو منداڵانەی کە لە ژینگەی وادا گەورە دەبن دەگەنە ئەو باوەڕەی کە تاقە رێگاچارە بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان یان ئەوەیە شەڕ بکەن یاخود لە شەڕ هەڵ بێن.

کرۆکی هەمو خێزانێك شتە نەگۆڕەکەیە، ئەو شتەیە کە هەمو کاتێك هەیە، واتا تێڕوانین و بەها هاوبەشەکان. خێزان کە پەیامە تایبەتەکەی ژیانی خۆی نوسی مانای وایە دەیەوێت گوزارش لە بنەما راستەقینە پتەوەکەی خۆی بکات.

ئەم پەیامە دەبێتە دەستوری خێزان، دەبێتە پێوەر و ئەو پارادیمەی کە بڕیارەکانی پێ دەدات و مەسەلەکانی پێ هەڵدەسەنگێنێت. پەیام بەردەوامی و یەکپارچەیی بە خێزان دەبەخشێت و ئاڕاستەکەی بۆ دیاری دەکات. کاتێك کە بەهای ئەندامانی خێزانەکە هاوئاهەنگ دەبن لەگەڵ بەهاکانی خێزاندا، ئەوا ئەندامانی ئەو خێزانە ئاسانتر دەتوانن پێکەوە کار بکەن بۆ ئەو ئامانجە هاوبەشانەی کە لە ناخەوە هەستی پێدەکەن.

لێرەشدا دیسانەوە خودی پرۆسەکە هێندەی ئەنجامەکە گرنگە. هەر ئەم پرۆسەی نوسین و راگەیاندنەی پەیامی ژیانە کە دەبێتە رێبازێکی گەورە بۆ چاککردنی خێزانەکە. کارکردن پێکەوە بۆ خولقاندنی پەیامی تایبەتی خێزان توانای بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی وا بنیات دەنێت کە قابیلی ژیان بێت.

بەشداریکردنی یەك بەیەکی ئەندامانی خێزان لە رەشنوسی پەیامەکە و بێداچونەوە و پاکنوسکردن و بەخشینی زانیاری و بەکارهێنانی ئەو وشەو دەستەواژانەی کە پێشنیاری دەکەن وا لە خێزانەکە دەکات قسەو باسیان لەسەر ئەو شتانە بێت کە بەلایانەوە بایەخدارە. باشترین پەیامی ژیان، پەیامێکە کە لە دەرئەنجامی کۆبونەوەی ئەندامانی خێزانەکە دێتە بەرهەم، کاتێك بەوبەڕی رێز و خۆشەویستییەوە پێکەوە دادەنیشن و بیروبۆچونە جیاوازەکانیان دەردەبڕن و

شتێك چاکترو مەزنتر لەو شتەی کە هەرکەسێك بە پێکەوە کاردەکەن بۆ دۆزینەوەی شتێك چاکترو مەزنتر لەو شتەی کە هەرکەسێك بە تەنیا خۆی بەدی دەهێنێت. هەروەها چاوخشاندنەوەی ناوبەناویش بە پەیامەکەدا بۆ فراوانکردنی مەودای تێڕوانین و گۆڕینی ئاراستەو جەختکردنەوە و هەموارکردنەوە و بەخشینی واتای تازە بە زاراوە کۆنەکان، ئەمانە هەمو لە بارياندا هەیە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك بەهاو ئامانجی هاوبەشدا یەکێتی خێزانەکە بپارێزن.

بەم شێوەیە پەیامی ژیانی خێزانەکە دەبێتە چوارچێوەیەك بۆ بیرکردنەوە و بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی خێزان. چونکە کاتێك کێشەو قەیرانەکان دەردەکەون دەستورەکە ئامادەیە ئەو شتانە بیری ئەندامانی خێزانەکە بخاتەوە کە لە مەسەلەکانی دیکە گرنگترن و هەروەها ئاراستەشیان بکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و جێبەجێکردنی بڕیاری گونجاوی پشت بەستوو بە پرنسیپە راست و دروستەکان.

ئێمە لە ماڵی خۆمان پەیامی ژیانی خێزانەکەمان بە دیواری ژووری دانیشتندا هەڵواسیوە بۆ ئەوەی هەمیشە لەبەرچاوماندا بێت و رۆژ بەڕۆژ چاودێری خۆمانی پێبکەین.

ئێمە کە لە ماڵەوە زاراوەکانی تایبەت بە خۆشەویستی و سیستم و رێکوپێکی و سەربەخۆیی و بەرپرسیارێتی و هاوکاری و یارمەتی و بەهاناوە هاتن و گەشە بە خۆدان و بایەخدان بە بەهرەی یەکتری دەخوێنینەوە و خزمەتی یەکتری دەکەین لەم رێگایەوە هەندێك پێوەرمان دەست دەکەوێت بۆ ناسین و دەستنیشانکردنی هەڵسوکەوتمان بەرامبەر بە مەسەلە گرنگەکانی دیکە.

ئێمە کاتێك نەخشە بۆ ئامانج و چالاکیەکانی خێزان دادەڕێژین. لە خۆمان دەپرسین و دەڵێین؛ لەبەر رۆشنایی ئەم پرنسیپانەدا ئایا ئەو ئامانجانە چین کە هەوڵیان بۆ دەدەین؟ چ هەنگاوێك دەنێین بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و بەرجەستەکردنی ئەو پرنسیپانە؟

ئێمە زۆرجار چاو بە پەیامەکەدا دەخشێنینەوە و ساڵی دوجاریش ئامانج و ئەرکەکان دادەڕێژینەوە، جارێکیان لە مانگی ئەیلول و جارەکەی دیکەش لە مانگی حوزەیراندا کە وادەی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی ساڵی خوێندنن. چاوخشاندنەوە و داڕشتنەوەکە یان بۆ راگرتنی بارو دۆخەکەیە وەکو خۆی یاخود بۆ چاککردن و پتەوکردنێتی. ئەنجامێکی دیکەی

نوێبونەوەمان و تازەکردنەوەی پابەندبونمان بەو شتانەی کە بڕوامان پێیان هەیە و خۆمان تەرخانکردووە بۆ بەدیهێنانیان.

پەیامی ژیانی دەزگاکان

بەهان شێوەی خێزانیش، پەیامی تایبەتی ژیان بۆ دامودەزگا، مەسەلەیەکی چارەنوسکیە. من خۆم یەکێك لە پاڵنەرە گرنگەکانم بۆ کارکردن لە دامودەزگاکاندا ئەوەبو کە هاوکارییان بکەم بۆ داڕشتنی پەیامی ژیانی کاریگەر. پەیامەکە بۆ ئەوەی کاریگەر بێت پێویستە لە ناخی دەزگاکە خۆیەوە هەڵقوڵابێت، کە پێویستە هەمو کەسێکی ناو دەزگاکە بە شێوەیەکی ئەرێنی بەشداری تێدا بکات، نەك تەنیا هەر هەڵبژاردەیەك لە نەخشە داڕێژە ستراتیجییەکان. دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم سەرقاڵبون لە پرۆسەکەدا و بەشداریکردن تیایدا هێندەی ئەنجامە نوسراوەکە گرنگە و کلیلی بەکارهێنانیشێتی.

من هەمو جارێك کە سەردانی کۆمپانیای IBM دەکەم و چاوم بە پرۆگرامەکانی ڕاهێنانیان دەکەوێت هەست بە سەرسامی و دڵبەستەیی دەکەم. کاربەدەستانی کۆمپانیاکە لە هەمو کۆبونەوەیەکیاندا لەگەڵ بەشدارانی خولی ڕاهێنانەکەدا ئەوەیان بۆ دووپات دەکەنەوە کە سێ مەسەلە لە دەزگای IBMدا باڵادەستن: ڕێزی تاکە کەس، نایابی و خزمەتگوزاریی چاك.

ئەم شتانە سیستمی بیروباوەڕی IBM پێك دەهێنن. هەمو شتەکانی دیکە قابیلی گۆڕانن، بەڵام ئەم سێ شتە ناگۆڕێن. ئەم تیۆرییە بەهەمان یاسای (گوشاری ئۆسمۆزی) لەسەرتاسەری دەزگاکەدا بڵاوبۆتەوە و بەمەش بنکەیەکی پتەو لە بەهای هاوبەش دروست بووە و هەمو کەسێکیش لە ناخەوە هەست بە ئاسایش و ئارامی دەکات.

من جارێکیان لە بارەگایەکی دەزگای IBM لە نیویۆرك مەشقم بە گروپێکی بیست کەسی دەکرد. کتوپڕ یەکێکیان نەخۆش کەوت و دەستبەجێ تەلەفۆنی کرد بۆ ژنەکەی لە کالیفۆرنیا، ئەویش زۆر نیگەرانیی دەربڕی چونکە نەخۆشییەکە پێویستی بە چارەسەری تایبەت هەبو. بەرپرسیارانی کۆمپانیاکە، ئەوانەی کە سەرپەرشتی مەشقەکەیان دەکرد، مەسەلەی گواستنەوەی نەخۆشەکەیان ڕێك خست بۆ نەخۆشخانەیەکی تایبەت کە پزیشکی پسپۆڕی ئەو نەخۆشییەی تێدابێت.

Scanned by CamScanner

لەهەمان کاتیشدا ئاگاداری ئەوەبون کە هاوسەرەکەی چەندێك نیگەرانە و حەزی کرد بیبەنەوە ماڵی خۆی کە پزیشکی تایبەتی خۆی ئەرکی چاودێریکردنی نەخۆشەکە دەگرێتە ئەستۆ.

بەم شێوەیە هەمو گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە بیگوێزینەوە بۆ ماڵی خۆی. جا بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگاتە فڕۆکەخانە، کۆپتەرێکییان بۆ گرت بەکرێ و لەوێشەوە بە فڕۆکەیەکی تایبەت گواستیانەوە بۆ کالیفۆرنیا.

من نازانم رێك ئەو مەسەلەیە چەندی تێچووە، بەڵام دڵنیام بڕەکەی لە چەندین هەزار دۆلار کەمتر نییە. بەڵام چونکە دەزگاکە رێزی کارمەندەکانی خۆیی لەلابو، وە ئەو پرنسیپەی جێبەجێ دەکرد و ئەو ئەزمونەشی گوزارشتێك بو لە سیستمەکانی بیروباوەڕی دەزگاکە، لەبەرئەوە بەلایانەوە ئاسایی بو ئەو هەمو خەرجییەی بۆ بکێشن و ئەو هەمو بایەخەی پێبدەن. بەڵام من خۆم ئەم هەڵوێستە زۆر سەرسامی کردم.

لە رووداوێکی دیکەدا، وا رێك کەوت من لە ئوتێلێکدا مەشق بکەم بە ١٧٥ بەڕێوەبەری سەنتەرێکی بازرگانی. ئاستی خزمەتگوزاری نوتێلەکە زۆر سەرسامی کردم، کە تەنیا هەر شتێکی رووکەش و بۆ خۆدەرخستن نەبو، بەڵکو مەسەلەیەك بو لە هەمو ئاستەکاندا هەستی پێدەکراو خەڵکەکە خۆیان دەیان کرد بێ ئەوەی چاوی کەسیان لەسەربێت.

من زۆر درەنگ گەیشتبومە نوتێلەکە و بەڵام دوای ئەوەی کە ژوورەکەم گرت پرسیارم کرد ئایا لەم درەنگوەختەدا چێشتخانەکە کراوەیە، کارمەندەکەی پرسگە وەڵامی دامەوە وتی: "نەخێر بەڕێز کۆڤی، بەڵام ئەگەر بتەوێت دەتوانم بچم لە چێشتخانەکە سەندویچێك یاخود کەمێك زەڵاتەت بۆ دەهێنم" بە هەڵسوکەوتیدا دیاربوو کە زۆر مەبەستێتی خزمەتم بکات و نەهێڵێت لە هیچم کەم بێت و هەست بە نارەحەتی بکەم. ئینجا لێی پرسیم: "پێت خۆشە هۆڵی دەرسوتنەوەکە ببینیت؟ ئایا لە هیچت کەم نییە؟ من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟ ئێمە لێرەین بۆ خزمەتکردنی بەڕێزت".

دیارە هیچ چاودێرێکی لێ نەبو تا بڵێم ئەم کابرایە لەترسی ئاوا رەفتار دەکات. کەسێك بو لە کارەکەیدا دڵسۆزبو.

Scanned by CamScanner

ڕۆژی دواتر و لەکاتی ڕونکردنەوەی بابەتێکدا، بۆم دەرکەوت هەندێک ماجیکم نوقسانە کە پێویستە لە ڕوونکردنەوەکاندا بەکاریان بهێنم. چەند ڕەنگێکم بیرچووبوو لەگەڵ خۆمدا بیانهێنم. بۆیە لەکاتی پشووە کورتخایەنەکەدا چومە دەرەوەی هۆڵەکە و خزمەتگوزارێکم بینی بە ڕاکردن بەرەو ژوورێکی دیکە دەڕۆیشت. پێم وت: "من وانە بە کۆمەڵێک بەڕێوەبەر دەڵێمەوە و هەر ئەم ماوە کەمەی پشووەکەم بەدەستەوەیە پێویستم بە قەڵەم ڕەنگی دیکەیە"

کابرا ئاوڕی لێ دامەوە، ئینجا گەڕایەوە و وەکو سەرباز لە حاڵەتی ئامادەباشیدا وەستاو کە ناوی منی بینی لەسەر باجەکەی سەرسنگم نوسرابو، وتی: "بەڕێز کۆڤی، من کێشەکەت چارەسەردەکەم."

ئەم کابرایە نەی وت "نازانم قەڵەم بۆیە لەکوێ پەیدا دەبێت"، هەروەها نەشی وت "بڕۆ لە کارمەندی پرسگە بپرسە" بەڵکو زۆر بایەخی دا بە کێشەکەو وای لێ کردم هەست بکەم کە ئەو بەڕاستی چێژ لەم کارەی دەبینێت.

جارێکی دیکەش، بەرێکەوت لە هۆڵە بچکۆلەکەدا تەماشای هەندێک تابلۆی هونەرییم دەکرد، کاتێکم زانی یەکێک لە کارمەندانی ئوتێلەکە هات و وتی: "بەڕێز کوڤی، ئایا پێت خۆشە نامیلکەیەک ببینیت تابلۆ نمایشکراوەکانی ئێرە باس بکات؟ ئای لەو زەوقە!! ئای لەو خزمەتگوزارییە مەزنە و لەو دڵسۆزییە گەورەیە.

پاشان کرێکارێکم بینی بەسەر پەیژەکەوە خەریکی پاککرنەوەی پەنجەرەی هۆڵەکە بو. لەوێوە چاوی لێ بو لە ڕاڕەوی ئوتێلەکە ژنێک بە زەحمەت دەڕوات بەرێدا. ژنەکە خەڵکی دیکەی لەگەڵدابو، بەڵام ئەم کرێکارە خێرا لە پەیژەکە هاتە خوارەوە و بە هەڵەداوان چووە دەرەوە بەلای ژنەکەوە و دەستی گرت هێنایە ناوەو هەتا دڵنیا نەبو لەوەی کە ئیتر هیچی دیکەی پێویست نییە نەچووەوە سەر پەیژەکە. حەزم کرد بزانم ئەم دەزگایە لەکوێوە ئەم کەلتورەی هێناوە کە کارمەند و کرێکارەکانی هەمو تێکڕا لە ناخی دڵەوە حەزدەکەن خزمەتی نەفەرەکان بکەن. لەبەر ئەوە کەوتمە گفتوگۆ لەگەڵ خزمەتگوزار و کارمەند و پێشخزمەتە جۆراوجۆرەکاندا و بۆم دەرکەوت ئەم بایەخ و ئاڕاستەیە ڕۆچۆتە ناو ئەقڵ و دڵ و ڕەفتاری هەمو کارمەندەکانی ئەوێ.

چاوگێڕان و گوێ هەڵخستنەکەم درێژە پێدا بەرەو دەرگاکەی پشتەوەی

جێشتخانەکەو لەوێ بەها ناوەندییەکەم دۆزییەوە کە خۆی لە "خزمەتگوزارییەکی تایبەتی بێ هاوتا"دا دەبینییەوە .. دواجار چوومە لای بەڕێوەبەرەکە و پێم وت، "کاری من هاوکاری دامودەزگاکانە بۆ ئەوەی گیانی هەرەوەز و کاری بەکۆمەڵیان تێدا بڵاوبکەمەوە. بەڵام ئەوەی کە لە ئێوەی دەبینم تەواو سەرسامی کردوم".

لێی پرسیم: "حەزدەکەیت بزانیت کلیلە راستەقینەکە چییە؟ ئینجا پەیامی ژیانی هەمو ئوتێل و میوانخانەکانی کۆمپانیاکەی خۆیانی نیشان دام.

پەیامەکەم خوێندەوە و وتم پەیامێکی زۆرجوانە، بەڵام زۆربەی دەزگاکان پەیامی ئاوا جوانیان هەیە.

پێی وتم: "حەز دەکەیت پەیامە تایبەتەکەی ئەم ئوتێلە ببینیت؟"

وتم: "یەعنی ئەم ئوتێلە پەیامی تایبەت بە خۆیی نوسیوە؟"

وتی: بەڵێ، پەیامێکی جیاواز لەوەی کە هەمو ئوتێلەکانی دیکەمان هەیانە پەیامێکە لەگەڵ پەیامە گشتیەکەدا دەگونجێت، بەڵام تایبەتە بە بارودۆخی خۆمان، بە دەورووبەری خۆمان و بە کاتی خۆمان.

ئینجا کاغەزێکی دیکەی نیشان دام

- ئەم نامەیە کێ نوسیوێتی؟

* هەمویان

- هەویان؟ بەراستیتە؟

* بەڵێ

- خزمەتگوزارەکان ؟

* بەڵێ

- بارمەن و مەیگێڕەکانیش؟

* بەڵێ

- کارمەندەکانی پرسگەش

* بەڵێ. بەڕاست حەزدەکەیت پەیامی ژیانی یەك بەیەکی ئەوکەسانەت نیشان بدەم کە دوێنێ شەو بەخێرهاتنیان کردیت؟

ئینجا پەیامە تایبەتەکەی نیشان دام کە خەڵکەکە خۆیان نوسیبویان و پاشان لەگەڵ هەمو پەیامەکانی دیکەدا تێکەڵ کرابو. هەمو کەسێك، لە هەمو ئاستەکاندا،

Scanned by CamScanner

بەشداری کردبو لە پرۆسەکەدا.

پەیامی ژیانی ئەم ئوتێلە وەکو ناوکی منداڵ وابو لە سکی دایکیدا. وەکو سەنتەری تایبەکی زەبەلاح وابو کە ئەرکەکەی بریتی بێت لە رستنی زانیارییە هەرە وردەکان و هەرە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵە دیاریکراوەکانی فەرمانبەران. ئەم زانیاری و وردەکاریانە وەك پێوەرێك بەکاردەهێنران بۆ هەڵسەنگاندنی هەمو بڕیاردەکان. هەروەها ئەو ئامانج و بابەتانەشی دەردەخست کە کارمەندەکان خۆیان بۆ تەرخان کردبو - چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ میوان و ئەفەرەکاندا. ئەمە کاری کردبووە سەر رەفتاری بەڕێوەبەر و سەرکردەکان و سەر سیستمی پاداشتەکان. هەروەها کاری کردبووە سەر چۆنێتی هەڵبژاردنی ستافی ئوتێلەکە و سەر چۆنێتی مەشق پێکردنیان. بە کورتییەکەی دەڵێم هەمو بوارێك لە بوارەکانی ئەو دەزگایەدا بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەرهەمی تایە گەورەکە بو، واتە بەرهەمی ئەو پەیامی ژیانەبو.

جارێکی دیکە سەردانی ئوتوێلێکی دیکەم کرد سەر بەهەمان کۆمپانیا و زنجیرە ئوتێل. یەکەم هەنگاو پاش پێشکەشکردنی ناسنامەو بەڵگەنامەکانم، پرسیاری پەیامە تایبەتەکەیانم کرد، ئەوانیش یەکسەر دایانە دەستم. لەم ئوتێلەدا من باشتر تێگەیشتم (خزمەتگوزاری تایبەت و بێ هاوتا) یەعنی چی.

ماوەی سێ رۆژی رەبەق، لە هەمو هەلوێستێکدا چاوم دەگێڕا بزانم خزمەتکردن لای هەڵسوڕاوانی ئەم ئوتێلە چی دەگەیەنێت. بۆم دەرکەوت خزمەتکردن لێرە بە جوانترین و سەرنجڕاکێشترین شێوەیە. لەهەمان کاتیشدا شتێکی زۆر تایبەت بو. هەرکەسەو بەشێوازی تایبەتی خۆی خزمەتی دەکرد. بۆ نمونە من کە لەلای مەلەوانگەکەوە بوم پرسیارم لە شاگردەکە کرد، وتم ئاوی خواردنەوە لەکوێیە؟ شاگردەکە پێشم کەوت و شوێنەکەی نیشان دام.

بەڵام ئەوەی کە کاریگەریی زۆری لەلا دروست کردم، لە هەمو شتێك زیاتر، ئەوەبو کە بینیم کارمەندێك بەپێی خۆی هاتە لای سەرۆکەکەی و ددانی نا بە هەڵەیەکدا کە کردبوی. ئێمە پێشتر داوای شتێکمان کردبو کە فڵانە سەعات بیهێنن بۆ ژوورەکەمان. خزمەتگوزارەکە کاتێك شتەکەی هێنا تۆزێك لە شوکۆلاتە گەرمەکەی رشت بە بەرۆی سەرسینیەکەدا، ئەمەش ناچاری کرد بڕوات و سینیەکە

Scanned by CamScanner

و شوکۆلاتەکە بگۆڕێت، بەو هۆیەوە دواکەی ئێمە چارەکە سەعاتێك دواکەوت، کە مەسەلەیەك نەبو بەلامانەوە زۆر گرنگ بێت.

کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکان بە تەلەفۆن داوای لێبوردنی لێ کردین و بانگهێشتی کردین بۆ نانی بەیانی دەعوەتی ئەوبین چ لە ژوورەکەی خۆماندا چ لە بۆفیە. ئەمەش وەك هەوڵێکی ئوتێلەکە بۆ قەرەبوکردنەوەمان لەو بێزارییەی کە توشمان بوبو.

ئایا چی لەو کەلتورە جوانتر هەیە کە کارمەند ددان بنێ بە هەڵەیەکدا بۆ بەڕێوەبەرەکەی، بەمەرجێك لە خۆی زیاتر کەس ئاگای لەو هەڵەیە نەبوبێت و مەبەستەکەشی خزمەتکردن و چاودێریکردنی زیاتری میوانەکان بێت.

من، وەك پێشتریش بە بەڕێوەبەری ئوتێلی یەکەمم وتبو، ئاگادارم زۆربەی زۆری کۆمپانیاکان پەیامی چاك و کاریگەریان هەیە. بەڵام جیاوازییەکی گەورە هەیە نێوان ئەو پەیامەی کە هەمو ئەندامانی دەزگاکە بەشداری تێدا دەکەن، لەگەڵ ئەو پەیامەدا کە ژمارەیەکی دیاریکراوی بەڕێوەبەری هەڵبژاردە لەودیو دیوارە بەرزەکانەوە دەینوسن.

* * *

ڕەنگە یەکێك لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی دامودەزگا جیاوازەکان، بە خێزانیشەوە، ئەوەبێت کە خەڵك پابەندی بڕیارێك نەبێت کەسێکی دیکە لە بارەی ژیانی ئەمەوە دەیاندات و ئەم قبوڵی ناکات.

من لە ماوەی کارکردنمدا لەگەڵ دەزگا جۆراوجۆرەکاندا زۆرجار ڕێکەوتی خەڵکی دەکەم، کە ئامانجەکانیان جیاوازە لە ئامانجی دەزگاکانیان. هەمیشە تێبینی ئەوە دەکەم کە سیستمی پاداشتەکان بە تەواوی پێچەوانەی سیستمە بڕیارلێدراوەکەی بەهاکانە.

هەمو جارێکیش کە دەستم بە کارەکەم دەکرد لەگەڵ دەزگایەکدا خاوەنی پەیامی ژیان بوبێت، لێم دەپرسین "چەند کەس لێرە ئاگاداری ئەوەیە کە کۆمپانیاکەتان پەیامی تایبەتی ژیانی هەیە؟"

چەند کەستان ئاگاداری ناوەڕۆکەکەیەتی؟ چەند کەستان بەشداری کردووە لە دانانیدا؟ چەند کەستان بە کردەوە قبوڵێتی و وەك پارادیمێك و پێوەر و

سەرچاوەیەك بەکاری دەهێنێت لە کاتی بڕیارداندا؟

بەبێ بەشداریکردن، پابەندبون دروست نابێت. ئەمە رستەیەکی زۆر گرنگە. نیشانەی بکە، ئەستێرەیەکی لەسەر دابنێ. هێڵێك بهێنە بەژێریدا. بیخەرە ناو بازنەیەکەوە: بەشداری نەبێت پابەندبون دروست نابێت.

لە قۆناغی یەکەم و سەرەتاییدا، کاتێك کە ئەو کەسە تازە پەیوەندی دەکات بە دەزگاکەوە، یاخود کە مناڵەکە هێشتا بچوکە، دەتوانیت بە ئاسانی ئامانجەکەیان بۆ دیاری بکەیت و ئەوانیش قبوڵیان دەبێت بە تایبەتی ئەگەر پەیوەندییەکە و ئاڕاستەکردنەوەکەو راهێنانەکە باش بێت.

بەڵام کاتێك کە مرۆڤ کامڵتر دەبێت و ژیانیشی مانایەکی سەربەخۆتر پەیدا دەکات، زیاتر حەزی لە بەشداریکردن دەبێت، بەشدارییەکی کاریگەرانە. ئەگەر رێگریان لێ بکرێت قبوڵی ناکەن. بەمەش گیروگرفتێك سەرهەڵدەدات کە زۆر پەیوەستە بە پاڵنەرەکانەوە و هەرگیز بەو ئاستی بیرکردنەوەیە چارەسەر ناکرێت کە کێشەکەی دروست کرد.

لەبەر ئەوە خوڵقاندنی پەیامی تایبەتی ژیان هەم پێویستی بە کاتە، هەم بە سەبرو هەم بە شارەزایی و هەم بە هاوسۆزیی و هەم بە بەشداریکردن. دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم ئەمە مەسەلەیەك نییە بە نوکە قەڵەمێك یەکلایی بکرێتەوە. پێویستی بە کات و بە دڵسۆزی و پرنسیپی چاك و ئازایەتی و دەستپاکی هەیە بۆ ئەوەی هەمو سیستەم و پەیکەر و شێوازەکانی بەڕێوەبردن هاوئاهەنگ بن لەگەڵ تێڕوانین و بنەما هاوبەشەکاندا. پەیامی ژیانی دامودەزگاکان – مەبەستم لەو پەیامەیە کە راستگۆیانە ئەو تێڕوانین و بەهایانەی تێدا رەنگ دەدەنەوە کە هەمو ستافی دەزگاکە بە قوڵی و بە جددی بەشداریی تێدا دەکەن – خوڵقێنەری دۆخێکی دڵڕفێنی یەکپارچەیی و بیرێکی زۆری پابەندبونە.

پەیامی لەو جۆرە دەبێتە مایەی دروستکردنی پێوەر لە دڵ و مێشکی خەڵکەکەدا و ئەمیش لە کۆتاییدا وا دەکات کەسەکە خۆی حوکمی خۆی بکات. ئەوە نییە کەسی دیکە ئاڕاستەی بکات و رەخنەی لێ بگرێت و کۆنترۆڵی بکات و چاودێری بکات. مرۆڤی لەوجۆرە گەیشتۆتە دۆخێك ناوەڕۆکە نەگۆڕەکەی ئامانجەکانی قبوڵ بێت. ئەو ئامانجانەی کە دەزگاکە هەوڵیان بۆ دەدات.

Scanned by CamScanner

چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێ کردن

١. کاتی گونجاو تەرخان بکە بۆ تۆمارکردنی تێڕوانینەکانت دەربارەی ئەو بەخاکسپاردنەی کە لەسەرەتای ئەم بەشەدا باسمان کرد. بۆ ڕێکخستنی بیرۆکەکانت ڕەنگە پێویستت بەم نەخشەیەی خوارەوە هەبێت

بواری چالاکی	کەسایەتی	بەشداریکردن	دەستکەوت
خێزان			
هاوڕێکان			
کار			
دەزگا ئایینیەکان/ خزمەتکردنی کۆمەڵگا .. تاد			

٢. لە ماوەك چەند چرکەیەکدا لە ڕوانگەی ئێستاوە ڕۆڵەکانت تۆمار بکە. ئایا لەو وێنەیە ڕازیت کە ئاوێنەی ژیانت نیشانی دەدات.

٣. ماوەیەك خۆت لە هەمو چالاکییەکی ڕۆژانە بدزەرەوە و دەست بکە بە تۆمارکردنی پەیامی تایبەتی ژیانت

٤. تەماشای نەخشەکەی پاشکۆی (أ) بکە کە سەنتەرە جیاوازەکان نیشان دەدات و بازنەیەك بکێشە بە دەوری هەر سەنتەرێکدا کە بەلاتەوە ئاشنایە. ئایا ئەمانە نمونەی شێوازی ژیانی تۆن؟ ئایا خۆشحاڵیت لە جۆری لێکدانەوەکان؟

٥. دەست بکە بە کۆکردنەوەی ئەو لێدوان و بیرۆکەو وتە بەنرخانەی کە پێت خۆشە لە کاتی نوسینی پەیامەکەتدا بەکاریان بهێنیت.

٦. پرۆژەیەك دیاری بکە کە پێشبینی دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووبەڕووی ببیتەوە. لە مێشکی خۆتدا بیخولقێنە. ئەو ئامانجانە تۆماربکە کە ئارەزومەندیانیت و هەروەها ئەو هەنگاوانەش کە دەبنە هۆی دەستبەرکردنی ئامانجەکان.

٧. پرنسیپەکانی خووی دووەم لەگەڵ خێزانەکەت و هاوکارەکانتدا ئاڵوگۆڕ بکە. پێکەوە دەست بکەن بە هەنگاوەکانی نوسینی پەیامی خێزان و گروپەکە.

Scanned by CamScanner

خووی سێیەم

گرنگتر لەپێش گرنگەوە دابنێ



Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

پەیوەندییەکی قوڵە بە پارادیمە بنەڕەتییەکانمانەوەو بەو ئایندەیەی کە دەتوانین بیگەینێ.

خووی سێیەمیش کەواتە بریتییە لە خوڵقاندنی دووەم، لە خوڵقاندنە مادییەکە. بریتیە لە ئەنجامدان و بەرجەستەکردن و سەرهەڵدانی سروشتییانەی خووەکانی یەکەم و دووەم. خووی سێیەم ڕاهێنانی ویستی سەربەخۆی مرۆڤە بۆ ئەوەی پرنسیپەکان بکاتە سەنتەری خۆی. ئەو ڕۆژە تاڵ و شیرینانەیە کە چرکە بە چرکە دروستیان دەکەیت.

کەواتە خووەکانی یەکەم و دووەم دوو مەرجی پێش وەخت و سەرەکیین بۆ خووی سێیەم. مرۆڤ ناتوانێت پابەندی پرنسیپەکانی ببێت ئەگەر پێشتر ئاگاداری سروشتە دەستپێشخەرەکەی خۆی نەبێت و گەشەی پێنەدات. ناتوانیت پرنسیپەکان بکەیتە چەقی کەسایەتی خۆت ئەگەر پارادیمەکانت نەناسیت و نەزانیت چۆن وەریانبچەرخێنیت بۆ ئەوەی لەگەڵ پرنسیپەکاندا بگونجێن. تۆ ئەگەر توانای بەشداریکردنی خۆت نەبینیت و جەختی تەواو نەکەیتە سەر ئەو توانا تایبەتە بێ هاوتایەی خۆت، ناتوانیت پرنسیپەکان بکەیتە سەنتەری کەسایەتیت

بەڵام ئەو بناغانە دەتوانن وات لێ بکەن پرنسیپەکان سەنتەرت بن و چرکە بە چرکە ئەو ژیانە تاڵ و شیرینەی خۆت دروست بکەی لەڕێی خووی سێیەمەوە. کە کاریگەرانە خۆبەڕێوەبردن پەیڕەو بکەیت.

بیرت نەچێت، بەڕێوەبردن زۆر جیاوازە لە سەرکردایەتیکردن. سەرکردایەتیکردن چالاکیەکی بەهێزی بەشی ڕاستی مێشکە. تەنیا هەر هونەر نیە، بەڵکو شتێکە لە هونەریش گەورەترە. سەرکردایەتیکردن پەیوەستە بە فەلسەفەوە.

تۆ کە هەڵسوکەوت دەکەیت لەگەڵ ئەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە خۆڕابەرایەتیکردنەوە پێویستە پرسیارە بێ کۆتاییەکانی ژیان لەخۆت بکەیت.

بەڵام هەرکاتێك ئەو مەسەلانەت یەکلایی کردەوە ئیتر کاتی ئەوە دێت بە شێوەیەك خۆت بەڕێوە ببەیت کە لەگەڵ وەڵامەکانتدا هاوئاهەنگ بێت.

خۆبەڕێوەبردن مەسەلەیەك نییە زۆر پەیوەست بێت بە شوێنەکەوە.

لەڕاستیدا ئەوە توانای باش خۆبەڕێوەبردنە کە چۆنێتی و تەنانەت بونی

خولْقاندنی دووەم دیاری دەکات. بەڕێوەبردن، بریتییە لە تێکوپێک شکاندن و شیتاڵ کردنەوەو ڕێکخستنەوە و پراکتیزە کردنی نیوەی چەپی مێشک کە پێویستە لە کاتێکی دیاریکراودا کۆنترۆڵی خود بکاتەوە. لێرەدا هەمیشە من ئەو حیکمەتە دوبارە دەکەمەوە کە دەڵێت: بەڕێوەیەرایەتیکردن لە چەپەوەیەو سەرکردایەتیکردنیش لەراستەوە.

هێزی ویستی سەربەخۆ

بێجگە لە بەخششەکانی خۆناسین و خەیاڵ و ویژدان، بەخشیشێکی دیکە ویستی سەربەخۆیە هەر ئەمەیە وادەکات خۆبەڕێوەبردنی کاریگەرانە کارێکی کردەنی بێت. ویستی سەربەخۆ بریتییە لە توانای بڕیاردان و هەڵبژاردنی هەڵوێستی گونجاو و ڕەفتارکردن بەپێی ئەو هەڵوێست و بڕیارانە. واتا، توانای کاریگەربوونە، نەك ئەوەی بکەویتە ژێر کاریگەریەکانەوە. بریتییە لەوەی بە هاوکاری سێ توخمەکەی دیکە ئەو بەرنامەیە بە ڕێکوپێکی جێبەجێ بکەین کە خۆمان دامانڕشتووە. لەراستیدا ویستی مرۆڤ شتێکی سەرسوڕهێنە. هەمیشە دەیسەلمێنێت کە دەتوانێت بەسەر بارودۆخە هەرە سەختەکانیشدا زاڵ ببێت. خێزانی هیلین کیلەر، کە خێزانێکی ئەم دنیایەی خۆمانە بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست هێزی ویستی سەربەخۆی ڕوونکردەوە.

ئێمە ئەگەر بە وردی ئەم بەخششە شرۆڤە بکەین دەبینین کە هەمیشە هەر هەوڵێکی نائاسایی و هەست پێکردن نییە کە لە تەمەندا یەکجار بە شێوەیەکی دراماتیکی ڕوودەدات و سەرکەوتنی هەمیشەیی بەدەستبهێنێت. بەڵکو هێزەکە لەوەوە دێت کە فێر ببین چۆن ئەم نیعمەتە گەورەیە لە بڕیارەکانی ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاربهێنین.

پێوەری ڕاستەقینەی ئاستی ویستی سەربەخۆمان لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەوەیە کە تا چەند سەرڕاست و دەست پاکین. سەرڕاستییش لە بنەڕەتدا ئەو نرخەیە کە لەسەر خۆمانی دادەنێین، واتە بریتییە لەوەی کە چۆن بەڵێن دەدەین و بەجێی دەهێنین، بریتییە لەوەی

Scanned by CamScanner

بەڕێوەبردنی کاریگەر، ئەوەیە گرنگتر بخەیتە پێش گرنگەوە. لەکاتێکدا کە (سەرکردایەتی) شتە هەرە گرنگەکان دیاری دەکات، (بەڕێوەبەرایەتی) دەیانخاتە پێشەوە. ڕۆژ بەڕۆژ و چرکە بەچرکە. بەڕێوەبردن، بریتییە لە دیسپلین و جێبەجێکردنی.

دیسپلین، وشەیەکی ئینگلیزییە لە (دیسپڵ Diseple)ەوە هاتووە. واتا لایەنگر و مورید و شوێنکەوتو- شوێنکەوتوی فەلسەفەیەک، یاخود کۆمەڵە پرنسیپێک، یان کۆمەڵە بەهایەک بۆ مەبەستێکی گەورە یاخود ئامانجێکی ئاسایی یاخود بۆ کەسێک کە نوێنەری ئامانجەکە بێت.

بە گوزارشتێکی دیکە، تۆ ئەگەر بەڕێوەبەرێکی کاریگەری خودی خۆت بیت، ئەوا دیسپلینەکەت هەڵقوڵاوی ناخی تۆتە. کردارێکە لە ویستی سەربەخۆی خۆتەوە هەڵقوڵاوە، چونکە تۆ مورید و شوێنکەوتوی بەها سەقامیگرەکانی قوڵایی ناخی خۆت و سەرچاوە بەرهەمهێنەرەکانی ئەو بەهاو بنەمایانەیت. هەروەها بایی هێندەش ویست و سەرڕاستیت تێدایە مەزاج و هەست و پاڵنەرەکانت بخەیتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو بەهاو بنەمایانەوە.

یەکێک لە وتارە هەرە پەسەندکراوەکان بەلای منەوە وتارەکەی (ئی. ئێم. گرەی)یە بە ناونیشانی (کۆڵکە هاوبەشە باوەکەی سەرکەوتن). (گرەی) ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی ئەو کۆڵکە هاوبەشە تاقانەیەی کە هەمو مرۆڤە سەرکەوتووەکان تیایدا هاوبەشن و بۆی دەرکەوت کە نە ڕەنجکێشانە و نە پەیوەندی هەلپەرستانەیە و نە شانس و ناوچەوانە. ئەمانە هەموویان گرنگن لە سەرکەوتندا، بەڵام ئەوەی کە لە هەموان گرنگتر و کاریگەرترە لە گەوهەری خووی سێیەمدا ئەمەیە: گرنگتر بخەرە پێش گرنگەوە.

(گرەی) بۆی دەرکەوت "خەڵکە سەرکەوتووەکان ئەو کارانە ئەنجام دەدەن کە مرۆڤی شکستخواردو حەزی لێ ناکەن". سەرکەوتووەکان کارەکە هەر لەبەر ئەوە ئەنجام نادەن کە پێویستە، بەڵکو لەبەر ئەوەی لای ئەوان ئامانج و مەبەست لە ڕق و حەزبێنەکردن بەهێزترن.

زاڵکردنی مەسەلەیەک بەسەر مەسەلەیەکی دیکەدا وا پێویست دەکات مەبەستێک و ئەرکێک و هەستێکی روون و ئاشکرای وەکو خووی دووەم هەبێت. پێویستە

Scanned by CamScanner

(بەڵێ)یەکی هێندە کڵپەسەندوو لە ناختدا هەبێت کە توانات بداتێ بە مەسەلەکانی دیکە بڵێیت "نەخێر". ئەم زاڵکردنە هەروەها پێویستیشی بە ویستێکی سەربەخۆ هەیە، هێزی ئەوەی کە کارێك حەزیشت لێی نەبێت، بەڵام ئەنجامی بدەیت. هێزی ئەوەی کە جێبەجێکاری بەهاکانت بێت لەبری ئەوەی جێبەجێکاری پاڵنەر و نارەزووە کاتییەکانی چرکەساتێکی دیاریکراو بێت. هێزی کارگردنە لە کاتێکدا کە پابەندی راهێنانە ئەرێنییە یەکەمەکەی خۆت بێت.

چوار شێوازەکەی بەڕێوەبردنی کات

سێیەمین خوو فێرمان دەکات چۆن هەڵسوکەوت بکەین لەگەڵ پرسیارە گرنگەکانی ژیان و مەسەلەی بەڕێوەبردنی کاتدا. جا من لەبەرئەوەی توێژەرێکی دێرینی ئەم بوارە خۆش و دڵرفێنەم، ئەو باوەڕەم لا دروست بووە کە دەتوانرێت چاکترین رێگا بۆ بەڕێوەبردنی کات لەم رستەیەدا کورت بکرێتەوە: "لە چوارچێوەی ریزبەندبونی مەسەلەکاندا کاتی خۆت رێك بخەو ئەرکەکان جێبەجێ بکە". ئەم رستەیە گوزارشتە لە چۆنێتی گەشەکردنی چوار تیۆری (چوارنەوەی) بەڕێوەبردنی کات. پێویستە ئەوەش بزانین کە گرنگیدان بە زانینی باشترین رێگا بۆ بەڕێوەبردنی کات کۆمەڵێك رێکارو کەسەرەو شێوازی لێ کەوتۆتەوە.

خۆ بەڕێوەبردنیش، وەك زۆرێك لە چالاکیە مرۆڤایەتییەکانی دیکە گەلێك بازدانی گەشەسازیی گەورەی لەخۆ گرتووە کە نوسەرێکی وەکو (ئالفین تۆفلەر) ناوی لێ ناوە (شەپۆلەکان). ئەم شەپۆلانەش شوێن یەکتری دەکەون و هەریەکەیشیان رەهەندێکی نوێ و گرنگی دەخاتە سەر. بۆ نمونە، لە بواری گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا، شۆڕشی پیشەسازی بەدوای شۆڕشی کشتوکاڵیدا هات و بەدوای ئەویشدا شۆڕشی زانیارییەکان هات. هەر شەپۆلێکیش کە دێت مەودایەکی فراوان دەخولقێنێت بۆ گەشەکردن لەسەر ئاستی کۆمەڵ و تاکەکاندا.

بەهەمان شێوەیەش لە بواری بەڕێوەبردنی کاتدا، هەمو نەوەیەك ریزە خشتی زیاتر دەخاتە سەر ئەو بینایەی کە نەوەکەی پێش خۆی دروستی کردووە و دەرئەنجامی هەموشیان ئەوەیە ئێمە زیاتر و زیاتر کۆنترۆڵی ژیانی خۆمان بکەین. دەتوانین بڵێین کە شەپۆلی یەکەم یاخود نەوەی یەکەم خەسڵەتەکانی بریتی بون لە

یادداشتەکان و فۆرمەکانی پێداچوونەوە. مەبەستەکەش لەم هەوڵە ئەوەبو شێوازێك لە تێگەیشتن و تایبەتمەندێتی ببەخشرێت بە زۆربەی داواکارییەکانی سەرشانی کات و توانای ئێمە.

خەسڵەتەکانی نەوەی دووەم، بریتین لە ساڵنامەکان و خشتەی چاوپێکەوتنەکان. ئەم شەپۆلە رەنگدانەوەی چییە؟ رەنگدانەوەی هەوڵی تەماشاکردنی ئاینده و ریزبەندکردنی چالاکی و رووداوەکانی داهاتووە.

نەوەی سێیەم رەنگدانەوەی بواری ئێستایە بۆ بەڕێوەبردنی کات. بیرۆکەیەکی دیکە دەخاتە سەر نەوەکانی پێش خۆی. ئەم بیرۆکە گرنگە مەسەلەی ریزبەندکردنی مەسەلە بایەخدارەکان و روونکردنەوەی بەهاکان و بەراوردکردنی بایەخی چالاکییەکانە لەسەر بناغەی پەیوەندییان بەو بنەماو بەهایانەوە. سەرباری ئەمانەش نەوەی سێیەم بایەخی تایبەت دەدات بە دیاریکردنی ئامانجەکان – ئامانجی دیاریکراوی کورت و مامناوەند و درێژخایەن کە دیارە لەپێناو بەدیهێنانیاندا وزەو کات تەرخان دەکرێ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ بەهاکاندا. جگە لەوەش ئەم نەوەیە بیرۆکەی نەخشەکێشانی رۆژانە لەخۆ دەگرێت و پلانی دیاریکراویش دادەنێت بۆ بەدیهێنانی ئەو چالاکی و ئامانجانەی کە بڕیار وایە بایەخی گەورەیان هەبێت.

هەرچەندە ئەم نەوەی سێیەمە بەشداری بەرچاوی کرد لە مەسەلەی پێشخستنی بەڕێوەبردنی کاتدا، بەڵام خەڵك وردە وردە درکیان بەوەکرد کە (کاریگەرێتی) خشتەدانان و کۆنترۆڵکردنی کات زۆرجار ئەنجامە خوازراوەکان دوادەخات. چونکە بایەخدانی زۆر بە (شارەزایی) هەل ئەوە لەناو دەبات کە بەرەو بە پەیوەندییە سودمەندەکان بدرێت و پێویستییە مرۆییەکان بەدی بهێنرێت و چێژ لە چرکەساتە خۆرسکەکانی رۆژانە وەربگیرێت.

لەئەنجامدا زۆرکەس کەوتنە نارەزایی دەربڕین لە بەرنامەکانی بەڕێوەبردنی کات و لەوکەسانەش کە نەخشەکانیان ئەمانی وا لێ کردووە زیاد لە پێویست لەناو خشتەکاندا شەتەك بدرێن. لەبەرئەوە هەمو شتێکیان خستە پشت گوێ و گەڕانەوە بۆ تەکنیکەکانی نەوەی یەکەم و نەوەی دووەم لەپێناوی پاراستنی پەیوەندییەکان و جۆرە خۆرسکییەکەی ژیان.

Scanned by CamScanner

لەمەوە ئیتر ئەوەی چوارەم سەری هەڵدا کە لەڕوی چۆنێتکیەوە بایەخێکی زۆری هەیە. ئەوەی چوارەم دەزانێت کە زاراوەی (بەڕێوەبردنی کات) قسەیەکی هەڵەیە – چونکە کێشەکە لە بەڕێوەبردنی کاتدا نییە، بەڵکو لە بەڕێوەبردنی خودی خۆماندایە.

رازیبون لە شتێك دەرەنجامی دوو مەسەلەیە؛ پێشبینی کردن و بەدیهێنان. ئەم پێشبینیکردنەش (رازیبونە)ش لەناو بازنەی دەوروتەئسیری خۆماندایە.

پێشبینییەکانی ئەوەی چوارەم لەبری جەختکردنەسەر (شتەکان) و (کات) جەخت دەکاتە سەر پاراستن و بەرجەستەکردنی (پەیوەندییەکان) و بەدیهێنانی (ئامانجەکان). واتە بە کورتییەکەی جەخت دەکاتە سەر پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێناندا.

چوارگۆشەی ژمارە (٢)

ئەو بایەخە سەرەکییەی کە خەسڵەتی ئەوەی چوارەمی بەڕێوەبردنی کاتە دەتوانرێت لە خشتەی (خانەکانی بەڕێوەبردنی کات)دا روون بکرێتەوە (لاپەڕەی داهاتو). بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئێمە کات لە یەکێك لەم چوار رێگەیەی خوارەوەدا بەسەر دەبەین.

وەك دەبینیت ئەو دوو فاکتەرەی کە سروشتی هەر چالاکییەك دیاری دەکەن بریتین لە (پەلە) و (گرنگ). (پەلە) مانای وایە کارەکە گرنگیپێدانی دەستبەجێی پێویستە. ئێستا دەبێت وەڵامی بدەینەوە، چونکە کارەکە پەلەیەو یەکسەر کارمان تێدەکات. زەنگی تەلەفۆن مەسەلەیەکی پەلەیە. هەندێك کەس تەنانەت ناتوانن بیر لەوەش بکەنەوە کە گوێ نەدەنە زەنگی تەلەفۆن و وەڵامی نەدەنەوە.

زۆر ئاساییە چەندین سەعات خەریکی ئامادەکردنی پێویستیەکانی بابەتێك بیت، یان خۆت بگۆڕیت و بەڕێ بکەویت بەرەو نوسینگەی کەسێك بۆ تاوتوێکردنی مەسەلەیەك، بەڵام هەر کە زەنگی تەلەفۆنەکەی لێی دا، دەستبەجێ وەڵامی ئەو دەداتەوە و پێش سەردانەکەی تۆ دەخرێت.

Scanned by CamScanner

خانەکانی بەڕێوەبردنی کات

پەلەیە	پەلە نییە
(١) چالاکییەکان قەیرانی کتوپڕ، گیروگرفتی کاریگەر، وادەی رادەستکردنی پرۆژەکان	(٢) چالاکییەکان پلان، ئامادەکاری، خۆپاراستن، دروستکردنی پەیوەندییەکان، خولقاندن، دیاریکردنی هەلی نوێ.
(٣) چالاکییەکان قسە پێبڕین، هەندێ تەلەفۆن و نامە، هەندێك راپۆرت، هەندێك کۆبونەوەی بێسود، بابەتی هەنوکەیی، چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان.	(٤) چالاکییەکان تەلەفۆنی ناو بەناو. هەندێك نوسراو و نامەی فەرمی. بەسەربردنی کات. چالاکیی خۆش

تۆ ئەگەر تەلەفۆن بۆ کەسێك بکەیت، کەم جار رێك دەکەوێت کەسەکە بڵێت، "خۆم لە ماوەی پانزە خولەکەدا پەیوەندییت پێوە دەکەمەوە. تکایە چاوەڕوان بە" بەڵام زۆر ئاساییە ماوەیەکی دوورودرێژ لە نوسینگەکەیدا ناچارت بکات چاوەڕوان بیت تا ئەو بە تەلەفۆن قسەکانی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا تەواو دەکات.

مەسەلە "پەلە"کان هەمیشە ئاشکران. گوشارمان دەخەنە سەرو ناچارمان دەکەن رێوشوێنێك بگرینەبەر. ئەم جۆرە بابەت و کارانە بە شێوەیەکی گشتی مایەی بایەخ و گرنگیپێدانی خەڵکن. هەمیشە لەبەرچاومانن و ئەنجامدانیان دەبێتە مایەی خۆشحاڵی و رازیبونمان. بەڵام لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا شتی گرنگ نین.

لەلایەکی دیکەوە، بایەخ دەبێت پەیوەست بێت بە ئەنجامەوە. ئەو مەسەلەیە گرنگە کە شتێك دەخاتە سەر ئەرك و بەهاکانت و سەر ئامانجە هەرە گرنگەکانت.

ئێمە لەبەرامبەر کارە بەپەلەکاندا کاردانەوە دەنوێنین. بەڵام بابەتە گرنگەکانی کە پەلەنین پێویستیان بە ئەرێنی و دەستپێشخەریی زیاتر هەیە و دەبێت کارێکی وا بکەین فرسەتەکانمان لەکیس نەچن، (بەوەی مەسەلەکان روو بدەن). ئەگەر خووی

ژمارە (٢) پەیڕەو نەکەین و بە روونی و ئاشکرا نەزانین کام مەسەلەیە گرنگە و ئێمە لە ژیاندا ئارەزومەندیی کام ئەنجامەین، ئەوا بە ئاسانی وامان لێ دێت کە هەر وەڵامی شتی پەلە بدەینەوە.

تکایە چەند چرکەیەك تەماشای هەرچوار چوارگۆشەکەی خشتەی خانەکانی بەڕێوەبردن بکە. دەبینیت چوارگۆشەی یەکەم ئەو مەسەلانە لەخۆدەگرێت کە هەم گرنگیشن و هەم (پەلە)شن. هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو ئەنجامە گرنگانەدا دەکات کە پێویستیان بە بایەخدانی دەستبەجێیە. ئێمە چالاکییەکانی ناو ئەم چوارگۆشەیە (چوارگۆشەی یەکەم) ناودەنێین (قەیرانەکان) یاخود (کێشەکان). دیارە هەریەکێکیش لە ئێمە لە ژیانیدا هەندێك لەم بابەت و چالاکییانەی دێنە رێ. بەڵام ئەم چوارگۆشەیە زۆر کەس دەخوات، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەرکیان چارەسەری قەیرانە، یاخود بەرهەمەکەیان بە جۆرێکە (وادە) تیایدا زۆر گرنگە، یاخود ئەوانەی کە ئەقڵیان هەر لەلای کێشەو گیروگرفتە.

سروشتی ئەم چوارگۆشەیە وایە، هەتا بایەخی زیاتری پێ بدەیت ئەو گەورەتر و گەورەتر دەبێت و دەگاتە ئاستێك کە کۆنترۆڵت بکات. وەك شەپۆل و زریان وایە. گیروگرفتێکی گەورەیە، دێت و دەتدا بە زەویدا و هێزت لەبەر دەبڕێت. خۆ ئەگەر بەرەنگاریشی ببیتەوە، ئەوا کاتێك کە گیروگرفتێکی دیکەت هاتەڕێ، ئەمیش لەگەڵیدا پەلامارت دەداتەوە و جارێکی دیکە تەختی زەویەکەت دەکات.

هەندێك کەس رۆژانە زەبری راستەقینەیان بەردەکەوێت لەلایەن گیروگرفتەکانەوە. لەبەر ئەوە تاقە دەرفەتێك لەبەردەمیاندا ئەوەیە رابکەن بۆ ئەو چالاکییانەی کە نە گرنگن و نە پەلەشن، واتە بۆ چالاکییەکانی چوارگۆشەی ژمارە (٤). بۆیە کە تەماشای خشتەی خانەکانیان دەکەیت، دەبینیت (٩٠٪)ی کاتەکەیان لە چوارگۆشەی یەکەمدایە و بەشێکی زۆری رێژەکەی کە ماوەتەوە لەناو چوارگۆشەی دووەم و سێیەم. ئەمە بەسەرهاتی ئەو کەسانەیە کە ژیانیان لە قەیراندا بەسەردەبەن.

٢	١- ئەنجامەکان
٤	* خۆماندوکردن * سوتان * بەڕێوەبردنی قەیرانەکان * هەمیشە سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکانە.
٣	

جۆرێکی دیکەی خەڵك ئەوانەن کە بەشێکی زۆری کاتەکەیان خەریکی ئەو بابەتانەن کە پەلەن بەڵام گرنگ نین، واتە لە چوارگۆشەی سێیەمدا، بەڵام وا دەزانن کە لە چوارگۆشەی یەکەمدان. هەڵسوکەوت لەگەڵ شتی پەلەدا دەکەن، وا دەزانن کە گرنگیشن. بەڵام لەڕاستیدا نیشەکان بۆیە ئەم بەپەلەیان دەزانێت چونکە بەرامبەرەکە ئەو ڕیزبەندی و پێشبینییەی بۆ داناوە.

٢	١
٤	٣- ئەنجامەکان: * بایەخدانی کەمخایەن * بەڕێوەبردنی قەیران * خاوەنی ناوبانگ و کەسایەتییەکی مەزاجی * ئامانج و پلانەکانی لا بێهودەیە * خۆی بە قوربانییەکی بێ دەسەڵات دەزانێت * پەیوەندییەکی روکەش و شکستخواردو

ئەو کەسەی کە زۆربەی زۆری کاتی خۆی لە چوارگۆشەکانی سێیەم و چوارەمدا بەسەر دەبات ناتوانێت بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ

Scanned by CamScanner

٢	١
٤	٣ ئەنجامەکان: * نابەرپرسیارێتی تەواو * زوو زوو لەسەرکار لادەبرێت * پشت بە خەڵکی و لایەنی دیکە دەبەستێت لە مەسەلە بنەڕەتییەکاندا

مرۆڤی کاریگەر دووردەکەوێتەوە لە چوارگۆشەکانی سێیەم و چوارەم. چونکە بابەتەکانیان، پەلەبن یان پەلە نەبن، گرنگ نین. هەروەها قەبارەی چوارگۆشەی یەکەمیش تا ئەوپەڕی توانا کەم دەکاتەوە بەوەی کە زۆرترین کات لە چوارگۆشەی دووەمدا بمێنێتەوە.

چوارگۆشەی دووەم کرۆکی خۆبەڕێوەبردنی کاریگەرە. هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا دەکات کە پەلە نین بەڵام گرنگن، بۆ نمونە دروستکردنی پەیوەندییەکان، تۆمارکردنی پەیامە تایبەتەکەی ژیانیان، نەخشەکێشان بۆ مەودایەکی دوور، ئەنجامدانی ڕاهێنانی وەرزشی، پاراستن چاکڕاگرتنی، ئامادەکردن و هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە دەزانین گرنگن، بەڵام کاتیان بۆ تەرخان ناکەین چونکە پەلەنین.

٢	١
ئەنجامەکان: * بینینی گۆشەنیگا (مەبەست) * هاوسەنگی * دیسپلین * کۆنترۆڵکردن * قەیرانی کەمتر	

Scanned by CamScanner

ئێمە ئەگەر لە گۆشەنیگای (پیتەر دراکەر)ەوە تەماشا بکەین دەڵێین کەسانی کاریگەر مێشکی خۆیان بە گیروگرفتەکانەوە خەریك ناکەن، بەڵکو سەرقاڵی ئەوە دەبن چۆن فرسەتەکان بقۆزنەوە. کاروکردەوەیان بۆ گونجاندنی فرسەت و لەناوبردنی گیروگرفتەکانە. بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەیەکی خۆپارێزییە. خەڵکی کاریگەر قەیران و مەسەلە هەنوکەییە گرنگەکانی چوارگۆشەی یەکەم فەرامۆش ناکەن کە بایەخی دەستبەجێیان دەوێت، بەڵام ژمارەی ئەو قەیران و مەسەلە هەنوکەییانە بە بەراورد بە مەسەلەکانی دیکە کەمە. مرۆڤی کاریگەر هەوڵ دەدات هاوتەریبی بەرهەم و توانای بەرهەمهێنان بپارێزێت، ئەویش لەڕێی بایەخدان بەوەی کە گرنگە، بەڵام پەلە نییە. هەروەها بەو چالاکییانەش کە دەکەونە چوارگۆشەی دووەمەوە و تواناکانی مرۆڤ زیاد دەکەن بەوەی کە ورەو ویستێکی بەرزیان تێدایە.

بە ڕەچاوکردنی خشتەی خانەکانی بەڕێوەبردنی کات، بۆ چرکەساتێك بحەسێرەوە و بیر لە وەڵامەکانت بکەرەوە. کە بۆ پرسیارەکانی سەرەتای ئەم بەشەی کتێبەکەت داناون. کام چوارگۆشەیەیان بۆ دەبێت؟ ئایا گرنگن یاخود پەلەن؟

من چوارگۆشەی ژمارە (٢) بەگونجاو دەزانم بۆیان. لە گرنگ دەچن، بەڵام پەلە نین. مادام پەلە نین، ئەنجامیان نادەیت.

ئێستاش سەرلەنوێ بیر لە سروشتی ئەو پرسیارانە بکەرەوە؛ ئەو تاقە شتە چییە کە لە ژیانی پیشەیی و تایبەتی خۆتدا دەتوانیت ئەنجامی بدەیت و ئەگەر لەسەر بناغەیەکی ڕێكوپێك ئەنجامی بدەیت، جیاوازییەکی ئەرێنی مەزن لە ژیانتدا دروست دەکات؟ چالاکییەکانی چوارگۆشەی دووەم ئەم کاریگەرییەیان هەیە. مرۆڤ بە ئەنجامدانی ئەم چالاکییانە دەتوانێت لەڕووی چۆنایەتییەوە قەڵەمبازی گەورە بدات.

* * *

پێشتریش هەمان پرسیارم ئاراستەی کۆمەڵێك بەڕێوەبەری سەنتەرێکی کاڵافرۆشتن کرد؛ ئەو تاقە ئیشە چییە کە دەزانن ئەگەر ئەنجامی بدەن کاریگەری زۆر ئەرێنی گەورە لەسەر ئەنجامەکانتان بەجێ دەهێڵێت؟ "وەڵامی هەموویان لە چوارچێوەی دروستکردنی پەیوەندی کاریگەر و دۆستانەدا بوو لەگەڵ کرێچی و

خاوەن مولکەکاندا. ئەمەش چالاکییەکە دەکەوێتە ناو چوارگۆشەی دووەمەوە.

دوایی شرۆڤەی ئەو ماوەیەمان کرد کە ئەمان تاکو ئێستا بۆ ئەو چالاکییە تەرخانیان کردووە، دەرکەوت ماوەکە کەمترە لە ڕێژەی ٥٪. هەریەکەش هۆکار و گیروگرفتی خۆی هەبو کە بۆچی ماوەیەکی هێندە کەمی بۆ ئەم مەسەلەیە داناوە. دەبو ڕاپۆرت ئامادە بکەن و ئامادەی کۆبونەوەکان ببن و وەڵامی نوسراوەکان بدەنەوە و تەلەفۆن بکەن و چەندین جار لەکاتی ئیشدا ئیشەکەیان پێبڕدراوە. بە کورتییەکەی، چوارگۆشەی یەکەم زۆربەی کاتی ئەوانی داگیرکردبوو.

ماوەیەکی زۆر کەمیان لەگەڵ بەڕێوەبەرانی فرۆشگاکاندا بەسەردەبرد. ماوەکەش بە بابەتی نەرێنییەوە دەگوزرا. تاقە هۆکارێک کە ناچاری دەکردن سەردانی بەڕێوەبەرەکان بکەن جێبەجێکردنی گرێبەستەکان و وەرگرتنی کرێ خانووەکان و گفتوگۆکردن بو دەربارەی ریکلام و مەسەلەکانی دیکەی لە دەرەوەی ڕێنماییەکانی فرۆشگاکەدا بون.

کرێچییەکانی فرۆشگاکان بە زەحمەت دەیانتوانی پارێزگاری لە مانەوەی خۆیان بکەن. ئەوە هیچ کە گەشەیان نەدەکرد، کێشەی کرێکار و خەرجی و ئەنبارکردن و دەیان کێشەی دیکەیان هەبو. زۆربەشیان هیچ شارەزاییەکی وایان نەبو لە مەسەلە کارگێڕییەکاندا. هەندێکیان هەرچەندە بازرگانی باش بون، بەڵام پێویستیان بە هاوکاریکردن هەبو. کرێچییەکان زۆر ڕقیان لە خاوەن فرۆشگاکان بو، حەزیان نەدەکرد چارەیان ببینن، چونکە بە سەرچاوەی یەکێک لە کێشەکانیان دەزانین.

خاوەن فرۆشگاکان بڕیاریان دا ئەرێنی بن لەگەڵیاندا. ئامانج و بەهاو مەسەلە گرنگەکانی خۆیان دەستنیشان کردو لە ڕوانگەی ئەمەوە بڕیاریان دا سێیەکی (ی ۲) کاتی خۆیان بۆ چاککردنی پەیوەندییەکانیان تەرخان بکەن لەگەڵ کرێچییەکاندا.

لە ماوەی ئەو ساڵونیوەی من کارم لەگەڵ ئەو دەزگایەدا کرد، سەرنجم دا ماوەکەیان بەرزکردەوە بۆ ٢٠٪ کاتی خۆیان، ئەمەش چوارقاتی جاران بو. سەرباری ئەمەش ڕۆڵی خۆیان گۆڕی. بوونە گوێگر و ڕاهێنەر و ڕاوێژکاری کرێچییەکانیان و وزەیەکی ئەرێنی گەورە باڵی کێشا بەسەر مامەڵە هاوبەشەکانیاندا.

دەرئەنجامەکە شتێکی زۆر قوڵ و کاریگەر بو. لەڕێی بایەخدان بە پەیوەندی و ئەنجامەکانەوە (نەک بە ڕێکار و کات) ژمارەکان بەرزبونەوە، کرێچییەکان سەرسام

Scanned by CamScanner

بون بە ئەنجامەکان کە ئەم شارەزایی و بیرۆکە تازانە خوڵقاندیان. بەڕێوەبەری فرۆشگاکانیش لە جاران چالاکتر و رازیتر بون. دۆخەکە وای لێ هات خەڵکێکی زۆر داوا بکات ببنە کرێچی بە کرێی زیاتر، چونکە فرۆشگاکان جوڵەی باشیان تێکەوتبو. ئیتر بەڕێوەبەرەکان وازیان لەوە هێنا رۆڵی پۆلیس و چاودێری رووبەروو بگێڕن. لەجیاتی ئەمە، بوونە هاوکار و چارەساز.

تۆ ئەگەر خوێندکاری زانکۆ بیت، یاخود کرێکاری کارخانەیەک بیت، یاخود بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک بیت، یان ژنی ماڵەوە بیت، یاخود پسپۆڕێکی جلوبەرگ بیت، بە باوەڕی من مەسەلەکە هیچ جیاوازییەک دروست ناکات و ئەگەر بتەوێت بەدوای ئەو شتانەدا بگەڕێیت کە لەناو چوارگۆشەی دووەمدان، هەمیشە هەر هەمان ئەنجامت دەستگیر دەبێت. ئەم چوارگۆشەیە توانا و وزەی مرۆڤ زیاد دەکات و کێشە و قەیرانەکانیش تا ئەو ئاستە کەم دەکاتەوە کە بتوانرێن کۆنترۆڵ بکرێن. چونکە تەنیا بایەخ بە رەگوریشەکان دەدەیت و ئەو هەنگاوە خۆپارێزیيانە دەگریتە بەر کە لە پەلەی یەکەمدا ناهێڵن دۆخەکە بگاتە سنوری قەیران. ئەمەش لە زانستی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی کاتدا پێی دەوترێت (پرنسیپی باریتۆ) کە دەڵێت:

٨٠٪ی ئەنجامەکان بەرهەمی ٢٠٪ی چالاکییەکانن.

چی تێدەچێت بڵێی (نە ء) ؟

لە سەرەتادا مرۆڤ دەتوانێت تەنیا لە چوارگۆشەکانی (سێیەم) و (چوارەم) کات بۆ چوارگۆشەی (دووەم) دابین بکات، چونکە بابەتە هەنوکەیی و پەلەکانی چوارگۆشەی یەکەم قابیلی پشتگوێخستن نین، هەرچەندە وردە وردە بە گەورەبونی چوارگۆشەی دووەم، ئەو چوارگۆشەیە بچوك دەبێتەوە، بەڵام سەرەتا (ماوە)ی ماناوە لە چوارگۆشەی دووەمدا سەرچاوەکەی لە هەردوو چوارگۆشەی سێیەم و چوارەمەوەیە.

سروشتی چوارگۆشەکانی (سێیەم) و (یەکەم) ئەوەیە ئەوان کاردەکەنە سەر تۆ، لەبەرئەوە مرۆڤی ئەرێنی لە چوارگۆشەی دووەمدا کاردەکات. تۆ ئەگەر بتەوێت بە مەسەلە گرنگەکانی ناو چوارگۆشەی دووەم بڵێیت (بەڵێ)، پێویستە فێری ئەوە ببیت بە چالاکییەکانی دیکە بڵێیت (نەخێر)، کە هەندێکیان بە ئاشکرا شتی پەلەن. ماوەیەک لەمەوبەر داوا لە هاوسەرەکەم کرا سەرۆکایەتی لیژنەیەک بکات کە

Scanned by CamScanner

ئەرکێکی کۆمەڵایەتی پێسپێردرابو .. لەراستیدا هاوسەرەکەم خۆی ئەوکاتە هەندێك کاری گرنگی هەبو کە خەریکیان بو. لەبەر ئەوە حەزی لێ نەبو سەرۆکایەتی لیژنەکە بکات، بەڵام هەستی کرد کەوتۆتە ژێر گوشارێکی بەهێزەوە، بۆیە لە کۆتاییدا قبوڵی کرد.

پاشان داوای لە هاوڕێیەکی زۆر نزیکی خۆی کرد لە لیژنەکەدا هاوکاری بکات .. هاوڕێیەکە چاك چاك گوێی لە هاوسەرەکەم گرت و ئینجا پێی وت: "ساندرا، لەراستیدا، ئەم کارە لە پرۆژەیەکی سەرنجڕاکێش دەچێت و ئەوە دەهێنێت مرۆڤ بەشداری تێدا بکات. من زۆر ڕێزو پێزانینم هەیە بۆ بانگهێشتەکەت کە داوام لێ دەکەیت ببمە بەشێك لەو پرۆژەیە. ئەمە شکۆیەکی گەورەیە بۆ من. بەڵام لەبەر کۆمەڵێك هۆکار بەشداری تێدا ناکەم، بەس پێم خۆشە بزانیت کە من سوپاسی بانگهێشتنەکردنەکەت دەکەم.

کەچی ساندرا بە پێچەوانەوە، هەرگیز نەیدەتوانی بڵێت (نە). کە ئەم بەسەرهاتەی بۆ گێڕامەوە، بەدەم هەناسەیەکی قوڵەوە وتی "حەزم دەکرد ئەو (نە) من بموتایە".

مەبەستی من ئەوە نییە کە نابێت مرۆڤ لە پرۆژەی خزمەتگوزاری گرنگدا بەشداری بکات. ئەمانە بابەتی گرنگن. بەڵام پێویستە خۆت بڕیار بدەیت لەسەر مەسەلە هەرە گرنگەکانی ژیانت. پێویستە ئازایەتی ئەوەت تێدابێت، بە ڕوویەکی خۆش و بێ هیچ تەریقییەك بە شتەکانی دیکە بڵێت (نەخێر). ئەمەش کاتێك مەیسەر دەبێت کە (بەڵێ)یەکی گەورە لەناو ناختدا وەکو مەشخەڵ داگیرسابێت. هەمیشە شتی (باش) شتی (باشتر)مان لێ دەشارێتەوە. مرۆڤ لە ژیانیدا هەمیشە بە شتێك دەڵێت (نەخێر). جا ئەگەر ئەو (نەخێر)ە بۆ بابەتە ئاشکراو پەلەکانی ژیانت نەبێ، ئەوا ئەگەری زۆر هەیە، بۆ مەسەلە هەرە گرنگتر و بنەڕەتییەکانی ژیانت بێ. هەرچەندە کارە پەلەکە کارێکی باشیش بێت، بەڵام ڕێی تێدەچێت ئەوکارە باشە کارێکی هەرە باشت لێ بشارێتەوە و نەهێڵێت ڕۆڵی بێ هاوتای خۆتی تێدا بگێڕیت.

من ئەو ماوەیەی کە بەڕێوەبەری پەیوەندییە زانکۆییەکان بوم لە یەکێك لە زانکۆ گەورەکان، نوسەرێکم دامەزراند کە زۆر داهێنەر و ئەرێنی و بەهرەدار بو. چەند مانگێك بەسەر دامەزراندنەکەیدا تێپەڕیبو کە ڕۆژێکیان چومە نوسینگەکەی

و داوام لێ کرد هەندێك نیشم بۆ ئەنجام بدات کە پەلەبون و گوشاری زۆریان خستبووە سەرم.

وتی: "ستیفن، تۆ هەرچییەکم داوا لێ بکەیت بۆت دەکەم، بەڵام با هەندێك شتت بۆ باس بکەم"

پاشان ئەو بۆردەی نیشان دام کە ناونیشانی دوو دەرزەن پرۆژەی لەسەر نوسرابو کە ئەم بە وردی کاری لەسەردەکردن. کابرا بەڕاستی خاوەنی ئەوپەڕی دیسپیلین بو، هەر ئەمەش بو وای لێ کرد بچم ئەو داوایەی لێ بکەم. پێی وتم: "ئەگەر دەتەوێت کارێك ئەنجام بدرێت، بیسپێرە بە کەسێکی سەرقاڵ".

دیارە من بە قسەیم نەکرد چونکە حەزم نەدەکرد ئەو بەرپرسیارێتیە بگرمە ئەستۆ و گیروگرفت بۆ یەکێك لە کارمەندە هەرە چالاك و پڕ بەرهەمەکانمان دروست بکەم تەنیا لەبەر ئەوەی من لەوکاتەدا بەرپرسیاری چارەسەرکردنی فەیرانەکان بوم. کارەکانی کە دەمویست ئەنجام بدرێت پەلە بون بەڵام گرنگ نەبون. لەبەر ئەوەی کەسێکی دیکەم دۆزییەوە و ئەرکەکەم بەو سپارد.

ئێمە رۆژانە چەندین جار بە (بەڵێ) و (نەخێر) وەڵامی شتەکان دەدەینەوە. بونی سەنتەرێکی تایبەت بە پرنسیپە راستەکان و جەختکردنە سەر ئەرکەکانی خۆمان حیکمەتی ئەوەمان پێ دەبەخشن بتوانین ئەو بڕیارانە بە چاکی جێبەجێ بکەین.

من لەگەڵ هەرکەسێکدا کاربکەم هەمیشە ئەو راستییەی بیردەخەمەوە کە کرۆکی کاتی کاریگەر و رێکخستنی ژیان ئەوەیە بە هاوسەنگییەکی تەواوە ئەرکە گرنگەکان ریزبەندی بکەیت و ئەنجامیان بدەیت. ئینجا ئەم پرسیارە دەکەم: ئەگەر بێت بڵێن پێویستە هەڵەیەك بکەیت، ئەو هەڵەیە لە چ بوارێکدا دەکەیت؟

١. نەتوانیت ریزبەندی بابەتەکان بکەیت بەپێی گرنگییان؟

٢. نەتوانیت بەپێی ئەو ریزبەندیە خۆت رێك بخەیت؟

٣. بۆ جێبەجێکردنیان هیچ دیسپلینێکت نەبێت؟

زۆرکەس وادەزانن کێشەی هەرە گەورەیان نەبونی دیسپلینە، بەڵام ئەگەر بە قوڵی بیری لێ بکەینەوە دەبینین مەسەلەکە وا نییە. کێشە بنەڕەتییەکە لەوەدایە کە ئەو ریزبەندییە بە قوڵی نەچەسپیوەتە دڵ و مێشکییانەوە. واتە لە ناخەوە خووی

Scanned by CamScanner

ژمارە (٢) تێنەگەیشتون.

خەڵکێکی زۆر، بێ بزانن یان نەزانن، ددان بەوەدا دەنێن کە چالاکییەکانی چوارگۆشەی دووەم لە ژیانیاندا گرنگن و هەوڵ دەدەن بایەخی سەرەکی بەو چالاکییانە بدەن، بەڵام تەنیا لەڕێی دیسپلینەوە. دیارە ئەمەش بەس نییە، چونکە مرۆڤ ئەگەر خاوەنی سەنتەرێك نەبێت تایبەت بە پرنسیپەکان و ئەگەر لە ناخی خۆیدا گرنگی ئەرکەکە نەزانێت، ناتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو بناغە پتەوەی کە بەرگەی هەوڵ و ماندووبوونەکان بگرێت. ئەمەش وەکو ئەوە وایە هەر تەماشای گەڵاکان بکەیت، تەماشای هەڵوێست و ڕێچکەکان، بێ ئەوەی تەنانەت بیر لەوە بکەیتەوە کە تەماشایەکی ڕەگەکان بکەیت، تەماشای ئەو پارادیمانەی کە سەرچاوەی ڕەفتار و ڕێچکەکانن.

چەختکردنە سەر چوارگۆشەی دووەم، پارادیمێکە لە سەنتەری پرنسیپەکانەوە هەڵدەقوڵێت.. ئەگەر هۆکارە دەرەکییەکانی وەکو هاوسەرو پارەو هاوڕێ و خۆشگوزەرانی سەنتەرەکەت بن، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەردەوام فڕێ دەدرێیتەوە ناو چوارگۆشەکانی یەکەم و سێیەم، واتە ژیانت تەنیا بریتیی دەبێت لە کاردانەوە بەرامبەر هێزە دەرەکییەکانی کە بونەتە سەنتەری ژیانت. تەنانەت ئەگەر خودی خۆیشت کردبێتە سەنتەر، لە کۆتاییدا هەر دەگەڕێیتەوە سەر چوارگۆشەکانی یەکەم و سێیەم و دەکەویتە ژێر کاریگەرییەکانی ئەو چرکەساتە. کەواتە سەربەخۆیی بە تەنیا بەس نییە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت خۆی ڕێك بخات دژی سەنتەرەکەی خۆی.

لە ئەندازەی بیناسازیدا حیکمەتێك هەیە دەڵێت شێوە حوکم بەسەر ناوەڕۆکدا دەدات. بەهەمان حیکمەتیش دەتوانیت بڵێیت ڕابەرایەتی حوکم بەسەر کارگێڕیدا دەدات. واتە ڕابەرایەتیکردن دیاری دەکات. شێوازی کارگێڕییەکە چۆن بێت. شێوازی بەڕێوەبردنی کات پەیوەستە بەوەوە چۆن دەڕوانیتە کات و چۆن دەڕوانیتە ڕیزبەندییەکانت. ئەگەر مەسەلە هەرە گرنگەکانی بەلای تۆوە ئەوانە بن کە هەڵقوڵاوی سەنتەری پرنسیپەکان و پەیامە تایبەتەکەی خۆتن و لە قوڵایی مێشك و دڵتدان، ئەوا چوارگۆشەی دووەم دەبێتە شوێنە سروشتییەکە و جێگای سەرمایەگوزاریکردنی کاتەکانت.

مرۆڤ ئەگەر تیشکی (بەڵێ)یەکی گەورە لە ناخیدا نەدرەوشێتەوە مەحاڵە

بتوانێت بە چوارگۆشەی سێیەم و چوارەم بڵێت نەخێر .. سێیەم لەبەرئەوەی چوارگۆشەیەکی زۆر باوەو چوارەمیش لەبەرئەوەی زۆر بەتامو چێژە. دەروشانەوەی ئەو (بەڵێ) بەهێزە لە ناخی مرۆڤدا زۆر زۆر گرنگە بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە خاوەنی ئەو ویستە سەربەخۆیەی کە بتوانێت بەدەم زەردەخەنەیەکی راستگۆوە بە مەسەلە ناگرنگەکان بڵێت نەخێر.

چۆن بچینە چوارگۆشەی دووەمەوە؟

ئەگەر چالاکییەکانی چوارگۆشەی دووەم بە ئاشکرا کرۆکی ئەو شێوە خۆبەڕێوەبردنە کاریگەرە بن کە (شتە گرنگەکان) بخەمە پێشی پێشەوە، کەواتە رێوشوێنی رێکخستن و جێبەجێکردنی ئەو شتانە چین؟

دیارە شێوازی یەکەمی (ئەوەی یەکەمی) دارێژەرانی بەڕێوەبردنی کات تەنانەت ئەشیاندەزانی ریزبەندیکردن یەعنی چی. کاری ئەوان تەنیا بریتی بو لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی لیست و فۆرمی ئەو کارانەی کە دەیانکەین و دەتوانین رەتیان بکەینەوە، هەروەها هەمو کاتێکیش کە مەسەلەیەکمان رەت دەکردەوە، ئەم شێوازی کات بەڕێوەبردنە هەستی سەرکەوتنی پێ دەبەخشین. بەڵام لەم شێوازەدا لیستی بابەتەکان هیچ پەیوەندییەکی بە گرنگییانەوە نەبو .. جگە لەوەش هیچ پەیوەندییەك نەبو لەنێوان ناوەڕۆکی لیستەکەو بنەما سەرەکییەکانمان و ئامانجی کۆتاییمان لە ژیاندا. مەسەلەکە بە سادەیی ئەمەبو؛ هەرشتێك هەستی پێ بکەین و بەرواڵەت وا پێویستە کە ئەنجام بدرێت، کاردانەوە لەلامان دروست دەکات.

زۆرکەس لە پارادیمی ئەوەی یەکەمەوە تەماشای کارگێڕیی دەکەن چونکە رێبازەکە کەمترین بەرهەڵستیی تێدایە. نە ئازاری هەیە و نە نیگەرانی، بەڵکو رێبازێکی بەتامە و دەڵێت (لەگەڵ رەوتەکەدا بڕۆ) و سیستەم و پرۆگرامە سەپێنراوەکانی دەرەوە دەهێنێت تا ئەو هەستەت بداتێ کە ئەنجامەکان تۆ لێیان بەرپرسیارنیت.

بەڵام بەڕێوەبەرانی ئەوەی یەکەم، بەپێی پێناسەکە، کەسانی کاریگەر نین و بەرهەمێکی زۆر کەمیان هەیە و شێوازی ژیانیان هیچ شتێکیان پێ نابەخشێت توانای بەرهەمهێنانیان بەرزبکەنەوە. لەبەرابەرمبەر هێزە دەرەکییەکانیش، هەمیشە وا تەماشایان دەکرێت کە ئەمانە بەکەڵکی بەرپرسیارێتی نایەن و پشتیان

Scanned by CamScanner

بێ نابەسترێت و هێزی خۆکۆنترۆڵکردنیان لاوازەو زۆر بە چاکیش نرخی خۆیان نازانن.

بەڵام نەوەی دووەمی بەڕێوەبەرەکان، لەڕێی نەخشەو خشتەی پێشوەختەوە زیاتر کۆنترۆڵیان بەدەستەوەیە و بە رواڵەتیش وا دەردەکەون کە زیاتر بەرپرسیارێتی دەگرنە ئەستۆ، چونکە کاتێک کە پێویستت پێیان دەبێت، دەیانبینیت.

بەڵام کێشەی ئەمانیش، دیسانەوە ئەوەیە کە ریزبەندیکردنی تیا نییە بەپێی بایەخی ئیشەکان و پەیوەندییش نابینێت لەنێوان ئەو ئیشارەتەو بەهاو ئامانجە قوڵەکاندا. دەستکەوتەکان هەمیشە بچوکن و بەپێی خشتەکەن.

نەوەی سێیەمی بەڕێوەبەران هەنگاوێك پێشترکەوتون. بنەماو ئامانجەکانیان دیاریکراوە و نەخشەکانیان بەپێی خشتەیەکی رۆژانە دادەنێت و چالاکییە هەرە گرنگەکانیشیان دەستنیشان دەکەن.

وەك پێشتر روونم کردەوە، حاڵی حازر، ئەم شێوازە لە زۆربەی بوارەکانی کارگێڕیدا پەیڕەو دەکرێت. ئەم نەوەی سێیەمە هەندێ کۆسپ و تەگەرەشی لە ڕێدایە. یەکێك لەوانە سنورداربونی ئاسۆیە، چونکە نەخشەکێشانی رۆژانە زۆرجار وا دەکات مەسەلە گرنگەکان نەبینین کە پێویستە لە روانگەی ئاسۆیەکی فراوانترەوە تەماشایان بکەیت. تەنانەت خودی زاراوەکەش (پلانندانانی رۆژانە) جەخت لەسەر مەسەلە پەلەکان دەکاتەوە، لەسەر ئێستا. راستە ئەم شێوازی کارگێڕییە کە پشت بە پرنسیبی ریزبەندکردنی بابەتەکان دەدات، چالاکییەکان دەخاتە چوارچێوەی سیستمەوە، بەڵام کارێك ناکات لە پلەی یەکەمدا بایەخ بە گرنگیی چالاکییەکان بدرێت - واتە بابەتەکان لەسەر بنەمای پرنسیپ و پەیامی کەسەکەو رۆڵ و ئامانجەکان ریزبەندی ناکەن. بەم شێوەیە میتۆدی نەوەی سێیەم لە پلانی رۆژانەدا، لە بنەڕەتدا بایەخی سەرەکی بە کێشەو قەیرانی رۆژانەی چوارگۆشەکانی (یەکەم) و (سێیەم) دەدات.

بێجگە لەم خاڵەش، نەوەی سێیەم نەیتوانیوە بایەخ بە هاوسەنگی بدات لەنێوان رۆڵە کارگێڕییەکاندا. ئەم ناواقیعیبونە وای کردووە کە زیاد لە پێویست بایەخ بە پلانی رۆژانە بدرێت، ئەمەش دۆخێك لە نائومێدی و بێ باوەڕی دروست دەکات و هانی کەسەکە دەدات تا دەتوانێت لە پلانەکە دووربکەوێتەوە و رابکاتە چوارگۆشەی

Scanned by CamScanner

چوارەم. هەروەها ئەم جەختکردنە زۆرەی سەر چالاکییەکان وا دەکات پەیوەندییەکان ناسەقامگیر ببن.

هەرچەندە ئەم سێ شێوازی کارگێڕییە هەرسێکیان بە شێوەیەك لە شێوەکان دەزانن کە پێویستە میکانیزمێك هەبێت بۆ بەڕێوەبردن، بەڵام هیچکامیان نەیتوانیوە ئەو ئامرازە پێشکەش بکات کە شێوازی چوارگۆشەی دووەمە و هێزێکی وا بە کەسەکە دەبەخشێت بتوانێت مێتۆدێك پەیڕەو بکات پەیوەست ببێت بە پرنسیپەکانەوە. فۆڕم و یاداشتەکانی (ئەرکەکان)ی نەوەی یەکەم تەنیا فێری ئەوەمان دەکات دەست بگرین بەو ئەرکانەوە و لەبیریان نەکەین. ساڵنامە و دەفتەری وادەکانیش کە خەسڵەتێکی سەرەکی نەوەی دووەمە تەنیا فێری ئەوەمان دەکات لە شوێن و کاتی دیاریکراودا ئامادەبین.

سەبارەت بە نەوەی سێیەمیش، کە هەرچەندە سیستمێکی فراوانی هەیە لە بابەت و لە خەڵکی نەخشەکێش و بە شێوەیەکی سەرەکیش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت خەڵکەکە هاوکاری یەکتری بکەن لە داڕشتنی بابەت و چالاکییەکانی هەردوو چوارگۆشەی یەکەم و سێیەمدا و هەروەها سەرباری ئەوەش کە زۆربەی ڕاهێنەر و ڕاوێژکارەکان گرنگیی چالاکییەکانی چوارگۆشەی دووەم دەزانن، بەڵام ئامرازەکانی نەخشەکێشانی ئەم شێوازی سێیەمە ناتوانێت پرۆسەی ڕێکخستن و جێبەجێکردنەکە بەوشێوەیە دەستەبەر بکات کە ئاوازەکان لە خزمەتیاندا بن.

هەمو نەوەیەك لەو شێوە کارگێڕیانە شتێك دەخاتە سەر دەستکەوتی نەوەکەی پێش خۆی و لە ئاکامدا هێزەکان و هەندێك لە کەرەسەکانی ئەم سێ نەوەیە بونەتە کەرەسەی خاو بۆ نەوەی چوارەم. بەڵام هێشتا پێویستییەکی زیاتر هەیە بۆ ڕەهەندێکی نوێ، بۆ ئەو پارادیم و شێوازە پراکتیکییەی کە توانامان پێ دەبەخشێت بەرەو چوارگۆشەی دووەم بەڕێ بکەوین و جەخت بخەینە سەر پرنسیپەکان و لەپێناوی ئەنجامی باشتر و گرنگتردا خۆمان بەڕێوەببەین.

کەرەسەکانی چوارگۆشەی دووەم

مەبەست لە بەڕێوەبردنی چوارگۆشەی دووەم ئەوەیە چالاکییەکانی ژیانمان کاریگەرانە بەڕێوەببەین. چۆن؟ لەڕێی سەنتەری پرنسیپەکان و ناسینی ئەرکە

بنەڕەتییەکان و بایەخدانی تەواو بەو مەسەلانەی کە هەم گرنگن و هەم پەلەشن و هەروەها بە پاراستنی هاوسەنگی نێوان زیادکردنی بەرهەم و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان.

ئەمە لەراستیدا ئامانجێکی بەرزە بۆ ئەو کەسانەی بونەتە دیلی ناودیوارە ئەستورەکانی مەسەلە وردەکانی هەردو چوارگۆشەی سێیەم و چوارەم. بەلام خەباتکردنی راستەقینە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە کاریگەرییەکی مەزن لەسەر تواناکانی ئەوکەسە جێ دەهێڵێت. بۆ رێکخستنی چوارگۆشەی دووەم لەراستیدا پێویستە پابەندی شەش پێوەری گرنگ ببین.

خۆراگری: خۆراگری نیشانەی ئەوەیە کە هاوئاهەنگی و یەکپارچەیی و کامڵبون هەیە لەنێوان تێڕوانین و پەیامەکەتدا، لەنێوان رۆڵ و ئامانجەکانتدا، لەنێوان ریزبەندبونی مەسەلە گرنگەکان و پلانەکانت، لەنێوان ئارەزووەکانت و دیسپلینەکانتدا. هەروەها پێویستە پلانەکەشت شوێنێکی تێدابێت بۆ پەیامە کەسێتییەکەی ژیانت بە جۆرێکی وا کە هەمو کاتێك بتوانیت بگەڕێیتەوە بۆی. هەروەها مەسەلەکە پێویستی بە شوێنێکیشە بۆ رۆڵ و ئامانجە هەنوکەیی و دوورمەوداکانت پێکەوە.

هاوسەنگی: پێویستە ئامرازەکە یارمەتیدەرت بێت بۆ راگرتنی هاوسەنگی لە ژیانتدا. یارمەتیدەرت بێت بۆ دیاریکردنی رۆڵە جۆراوجۆرەکانت و هەمیشە لەبەرچاوت بن، بۆ ئەوەی بوارە گرنگەکانی وەکو تەندروستیت و خێزانەکەت و پیشەکەت و پێشکەوتنە تایبەتەکانت فەرامۆش نەکەیت.

زۆرکەس وا هەست دەکەن سەرکەوتن لە بوارێکدا دەتوانێت قەرەبوی شکست لە بوارەکانی دیکەدا بکاتەوە. بەلام ئایا ئەمە وایە؟ رەنگە بۆ هەندێك بوار ئەمە تا کاتێکی دیاریکراو راست بێت. بەلام ئایا سەرکەوتنی مرۆڤ لە کارەکەیدا دەتوانێت قەرەبوی هاوسەرگیرییەکی خراپ بکاتەوە؟ دەتوانێت قەرەبوی ئەوە بکاتەوە تەندروستیت باش نەبێت یاخود قەرەبوی ئەوەی کەسایەتییەکی لاوازت هەبە؟ کاریگەرێتی راستەقینە پێویستی بە هاوسەنگی هەیە و ئەم ئامرازەش دەتوانێت یارمەتیت بدات لە خوڵقاندن و پاراستنی ئەو کاریگەرێتیەدا.

Scanned by CamScanner

فۆکەسکردنە سەر چوارگۆشەی دووەم

مرۆڤ پێویستی بە کەرەسەیەك هەیە ئازایەتی تێدا بچێنێت و هانی بدات و بە کردەوە هاوکاری بکات بۆ ئەوەی چەند پێویست بکات لە چوارگۆشەی دووەمدا بمێنێتەوە، تاکو بتوانێت رێ لە سەرهەڵدانی قەیرانەکان بگرێت نەك دواتر لە ناچاریدا ریزبەندییان بۆ بکات. بەرای من، باشترین رێگە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە ئەوەیە "هەفتانە" ژیانت رێك بخەیت، لە هەمان کاتیشدا دەتوانیت خۆت بگونجێنیت و مەسەلەکانت رۆژانە دابنێیت، بەڵام هێزە پاڵنەرە سەرەکییەکە هەر بریتیی بێت لە رێکخستنی هەفتانە.

ئەو هاوسەنگی و پێکەوە گونجانەی کە لە رێکخستنی هەفتانەوە بەدەست دێن زۆر زۆر لەوەی رێکخستنی رۆژانە زیاترن. وا دیارە هەموان تێگەیشتنێکی هاوبەشمان بۆ هەفتە هەیە وەك یەکەیەکی کامڵ و بێهاوتای کات، چونکە کۆمپانیاکان و پەروەردە و چالاکییەکانی دیکەی کۆمەڵگا لەسەر بناغەی هەفتە کاردەکەن و چەند رۆژێك تەرخان دەکەن بۆ کارو سەرمایەگوزاریکردن و رۆژی دیکەش بۆ رامان و حەسانەوە. (لە ئایینە جیاجیاکانیشدا کە مەسەلەکانی لەسەر بناغەی هەفتە رێك خستووە، رۆژێك دیاریکراوە بۆ ئیسراحەت و حەوانەوە).

وەك وتمان زۆربەی زۆری خەڵکەکە لەسەر بناغەی رێکخستنی هەفتانە بیردەکەنەوە، بەڵام زۆربەی کەرەسە بەرنامەدارێژراوەکانی ئەوەی سێیەمیش جەخت لەسەر پلانەکانی رۆژانە دەکاتەوە. لەکاتێکدا ئەم نەخشانە رەنگە یارمەتیت بدەن بۆ ریزبەندیکردنی چالاکییەکانت، بەڵام بە شێوەیەکی بنەرەتی تەنیا لە رێکخستنی قەیرانەکان و ئیشە کەڵەکەبووەکاندا دەتوانن یارمەتیت بدەن. کلیلی مەسەلەکە ئەوە نییە بابەتەکانی ناو خشتەکەت ریزبەندی بکەیت بەڵکو خشتەبەندکردنی مەسەلە گرنگەکانە. باشترین شێوازیش بۆ جێبەجێکردنی ئەمە رێکخستنی هەفتانەیە.

رەهەندی خەڵك، ئێمە تەنیا پێویستمان بە ئامرازێك نییە بۆ خشتەکانمان، بەڵکو کەرەسەیەکیشمان دەوێت بۆ رەفتارکردن لەگەڵ خەڵکیدا. ئەگەرچی بایەخدان بە کات و چۆنێتی رەفتارکردن لەگەڵیدا تواناکان بەرزدەکاتەوە، بەڵام ئەوانەی کە بابەندی بنەماکانن، خەڵکیان لەلا گرنگترە. بەم پێیە هەندێك جار ژیان لەناو

Scanned by CamScanner

چوارگۆشەی دووەمدا کە پابەندی بنەماکانە وا پێویست دەکات خشتەکەیان بکەن بە قوربانی خەڵك. کەرەسەکەش پێویستە ئەم بنەمایەی تیادا رەنگ بداتەوە و جێبەجێکردنەکە ئاسان بکات، نەك ئەوەی ئەگەر جارێك نەتوانرا خشتەکە بە وردی جێبەجێ بکرێت، تۆمەتیان بخەیتە پاڵ.

نەرمی: کەرەسەی نەخشەکێشانەکەت پێویستە نۆکەرت بێت نەك ئاغات. کەرەسەکە مادام کار بۆ تۆ دەکات کەواتە پێویستە بەپێی پێویستییەکانی تۆ و شێواز و ستایلی تۆ داڕێژرابێت.

توانای گواستنەوە: مەرجێکی دیکەی کەرەسەکەت ئەوەیە کە بتوانیت زۆربەی کات لەگەڵ خۆتدا بیگێڕیت. رەنگە ئەوکاتە بوارت هەبێت چاو بە پەیامە تایبەتەکەتدا بخشێنیتەوە کاتێك کە لەناو پاصدایت. رەنگە پێویستت بەوە هەبێت دۆخێکی تازە بەراورد بکەیت بەوەی کە پێشتر پلانت بۆ داناوە. لەبەر ئەوە ئەگەر کەرەسەکەت قابیلی ئەوەبو بیگێڕیت ئەوە دەتوانیت هەمیشە و لە هەمو شوێنێك سودی لێ ببینیت.

مادام چوارگۆشەی دووەم بە هەناوو کرۆکی خۆبەڕێوەبردن حساب دەکرێت، کەواتە مرۆڤ پێویستی بە ئامرازێکە بیخاتە ناو ئەو چوارگۆشەیەوە .. ئەزمونی کارکردنم لەسەر چەمکی ئەوەی چوارەم توانای پێبەخشیوم کەرەسەیەك بدۆزمەوە کە بەپێی پێوەرەکانی سەرەوە تایبەتن بۆ ئەم مەسەلەیە. بەڵام دەشتوانرێت بە ئاسانی سود لە هەندێك کەرەسەی ئەوەی سێیەمیش وەربگریت و ئەم مەبەستە دەستکاری بکرێت. لەم رووەوە گرنگ پرنسیپەکانە. ئەگەر پرنسیپەکان راست و دروست بن، ئەوا دەکرێت رێو شوێنی جۆراوجۆر بگیرێتە بەر، کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە.

چۆن دەبیتە خۆ – بەڕێوەبەرێکی چوارگۆشەی دووەم

هەرچەندە هەوڵی من لەم کتێبەدا باسکردنی پرنسیپەکانی کاریگەربوونە نەك مەسەلە پراکتیکییەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕم وایە مرۆڤ دەتوانێت باشتر لە چوارگۆشەی دووەم رازاوەکەی ئەوەی چوارەم تێبگات ئەگەر بەپێی بنەماکانی رێکخستنی کاروباری هەفتەیەکی خۆی بە شێوەیەکی پراکتیکی تاقی بکاتەوە.

Scanned by CamScanner

ڕێکخستنی چوارگۆشەی (دووەم) چوار چالاکیی سەرەکی لەخۆ دەگرێت.

دیاریکردنی ڕۆڵ. یەکەم ئەرک دیاریکردنی ڕۆڵە جیاجیاکانی خۆتە لە ژیانتدا. یەکسەر کاغەز و قەڵەم بهێنەو دەست پێبکە. تۆ وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵگا، ڕەهەند و ڕۆڵی جیاجیات هەیە. بۆ نمونە: باوک/ دایک، کوڕ/ کچیت، مام/ خاڵیت، هاوسەریت، ئامۆزا/ خاڵۆزایت، کچەزا/ کوڕەزایت، ....تاد. هەریەکەش لەم ڕۆڵە جیاوازانە ئەرک و بەرپرسیارێتی جیاوازی خستۆتە ئەستۆت. سەرباری ئەمانەش ڕەنگە ئەرك و بەرپرسیارێتی دیکەیشت هەبێت بەرامبەر کۆمەڵگاکەت (سیاسی/ ئایینی). مرۆڤ ئەگەر بتوانێت لەسەر بناغەی ڕێکخستنی هەفتانە ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی دیاری بکات دەتوانێت بەئاسانی و سەرکەوتوانە ڕۆڵە جیاجیاکانی سەرشانی بگێڕێت و ئەو بوارانە بنوسێت کە لە هەفتەی ئایندەدا پێویستە کاتی خۆی بۆ تەرخان بکات.

لە خوارەوە دوو نمونەت نیشان دەدرێت کە بەشێکی زۆری ڕۆڵە جیاجیاکانی لەخۆ گرتووە:

١. تاك	١. گەشەکردنی کەسێتی
٢. هاوسەر / باوك و دایك	٢. هاوسەر
٣. بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان	٣. باوك و دایك
٤. بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە	٤. دەڵاڵی خانووبەرە
٥. بەڕێوەبەری خۆیەتی	٥. خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی
٦. بەڕێوەبەری کارگێڕی	٦. ئەندامی بۆردی تیمی کیمفۆنی
٧. سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمپانیای گواستنەوە	

هەڵبژاردنی ئامانجەکان، هەنگاوی داهاتوو ئەوەیە بیر لە یەك دوو ئەنجامی گرنگ بکەیتەوە کە بە پێویستی دەزانیت لە هەر ڕۆڵێك لەو ڕۆڵانەدا لە حەوت ڕۆژی ئایندەدا ئەنجامیان بدەیت. ئەمانە وەکو ئەنجام تۆمار دەکرێن (تەماشای لاپەڕەی داهاتو بکە) پێویستە لانی کەم، هەندێك لەو ئامانجانە چالاکییەکانی چوارگۆشەی دووەم لەخۆ بگرن. ئەم ئامانجە هەفتانەییانە دەبەسترێن بە ئامانجە دوورمەوداکانتەوە. کە لەگەڵ ئەرکەکانی ژیاندا دیاریت کردون. بەڵام ئەگەر پەیامە تایبەتەکەی ژیانیشت نەنوسیبێت، هەر دەتوانیت بە هەست و

سەلیقە، یەك دوو ئامانجی گرنگ بۆ هەر رۆڵێك دیاری بکەیت.

خشتە بەندیکردن: ئێستا کە دەزانیت ئامانجەکانت چین، دەتوانیت بڕوانیتە هەفتەکە و خشتەیەك دابنێیت بۆ جێبەجێکردنیان. بۆ نمونە، ئامانجەکەت ئامادەکردنی رەشنوسی پەیامەکەت بێت، دەتوانیت لە رۆژی هەینیدا یەك دوو سەعاتی بۆ تەرخان بکەیت دابنیشیت. بۆ ئەو مەبەستە: رۆژی هەینی (یان هەر رۆژێکی دیکەی کە بەهۆی هۆکارە ئایینی و ویژدانییەکانەوە بەلاتەوە تایبەتن) زۆرجار رۆژێکی نمونەییە بۆ دارشتنی بەرنامە هەرە تایبەتەکانت کە بە نیازیت ئەنجامیان بدەیت، لەوانەش رێکخستنی هەفتانە، کاتێکی گونجاوە. بۆ چاوخشاندنەوە و ئیلهام وەرگرتن و نمایشکردنی ژیانت لە چوارچێوەی پرنسیپ و بەهاکاندا.

ئەگەر ئامانجێکیشت ئەوەبێت لەرێی وەرزشکردنەوە باری جەستەیی خۆت چاکتر بکەیت، رەنگە وا پێویست بکات لە هەفتەکەدا سێ چوار رۆژ، یاخود هەمو رۆژەکان رۆژی سەعاتێك تەرخان بکەیت بۆ ئەو مەبەستە. دیارە ئەنجامی دیکەش هەن کە هەر لەکاتی کارکردنی فەرمیدا جێبەجێ دەبیت. ئەنجامی دیکەی وایش هەن کە هەر لە رۆژی (هەینی)دا دەتوانیت جێبەجێیان بکەیت، کە منداڵەکانت لە ماڵ بن. ئێستا دەزانیت بۆچی رێکخستنی هەفتانە لە رێکخستنی رۆژانە باشترە؟

پاش دیاریکردنی رۆڵە جیاجیاکان و دوای دانانی ئامانجەکان، دەتوانیت (بەپێی بایەخی ئامانجەکە یاخود رێی گونجانی کات و شوێنەکە) هەر ئامانجێك بخەیتە رۆژێکەوە. هەروەها دەتوانیت تەماشای ساڵنامە و دەفتەری یادداشتی مانگانەی خۆت بکەیت بۆ زانینی وادەکان و بەراوردکرنیان بە ئامانجەکانت. ئەگەر بڕیارت دا لە بابەتێکدا بەردەوام بیت، دەتوانیت خشتەبەندی نوێی بۆ بکەیت یاخود وادەکانی دیکە هەڵبوەشێنیتەوە.

بنوارە ئەو خشتە هەفتانەیەی بەرامبەر. تێبینی چۆنێتی خشتەبەندیکردنی هەر نۆزدە ئامانجە هەرە گرنگەکان بکە – کە تایبەتن بە چوارگۆشەی دووەم– یاخود کراون بە بەرنامەی دیاریکراوی کار، هەروەها سەرنج لەو بازنەیەش بدە کە پێی دەوترێت (مشارەکەت تیژ بکەرەوە) و شوێنێکە بۆ نەخشەسازیکردنی ئەو چالاکیە گرنگانەی کە مرۆڤ نوێ دەکەنەوە لە بوارە جیاجیاکاندا و ئێمە لە خووی حەوتەمدا) بە وردی باسیان دەکەین.

Scanned by CamScanner

پێکەوتنی تایبەتی کەسەک
- ڕەشنوسی یەکەمی پەیامی ژیان
- تۆمارکردنی سیمینارێک
- سەردانی هاوڕێیەک لە نەخۆشخانە

هاوسەر/ دایک و باوک
- بلیتی کۆنسێرتەکەت بیرنەچێت
- وانەی زانستی کوڕەکەت
- پاسکیلی کچەکەت

بەڕێوەبەری نوێی بەرهەمهێنان
- تاقیکردنەوەی بازار
- تاقیکردنەوەی داواکارانی دامەزراندن
- شرۆڤەکردنی ڕوپێوەکانی تایبەت بە کڕیارەکان

بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە
- لێکۆڵینەوەی دوا ئەنجامی تاقیگا
- تاوتوێکردنی کێشەکانی پەیوەندیی
- پەیوەندیکردن بە فڵان و فیسارە کەسەوە

بەڕێوەبەری خزیەتی
- چاوخشاندنەوە بە پۆستەکاندا
- سەردانی بەشێک

بەڕێوەبەری کارگێڕی
- راپۆرتی کۆتایی مانگ
- راپۆرتی چاوخشاندنەوە بە موچەکاندا

سەرۆکی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیای گولستنەوە
- ئامادەکردنی ئەجیندای کار
- ئامادەکردن بۆ سەردانێک
- دەستکردن بە داڕشتنی پلانی ساڵی داهاتوو

Scanned by CamScanner

تەنانەت لەگەڵ تەرخانکردنی ئەوکاتەی کە لە ماوەی هەفتەیەکدا پێویستە هەر نۆزدە ئامانجە گرنگەکەی تیا جێبەجێ بکرێت، تەماشای ئەو پانتاییەی ناو خشتەکەش بکە کە بەتاڵە. ڕێکخستنی هەفتانەی چوارگۆشەی دووەم وەك چۆن هێزی ئەوەت پێ دەبەخشێت گرنگتر بخەیتە پێش گرنگەوە، لەهەمان کاتیشدا ئازادیی و دەستکراوەییت دەداتێ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان و هەروەها بۆ گۆڕینەوەی وادەکان ئەگەر پێویستی کرد، هەروەها بۆ پتەوکردنی ڕەفتار و پەیوەندی لەگەڵ خەڵکیشدا و بۆ گوێگرتنی قوڵ لە ئەزموونە خۆڕسکەکانیان. ئەمانە هەموویان لەو ڕوانگەیەوەن بزانیت ڕێکخستنی هەفتانە بۆ ئەوەیە خزمەتی ئامانجە سەرەکییەکانی هەمو بوارەکانی ژیانت بکات.

خۆراهێنانی رۆژانە

کە تۆ هەفتانە ئیش‌وکارەکانت ڕێك خست، ئیتر ڕێکخستنی رۆژانە زیاتر دەبێتە خۆراهێنانی رۆژانە بۆ ڕیزبەندیکردنی چالاکییەکان و وەڵامدانەوەی ڕووداوە پێشبینی نەکراوەکان و هی پەیوەندییەکان و ئەزمونەکان بە شێوەیەکی ماقوڵ.

ئەگەر هەمو بەیانییەك چەند خولەكێك تەرخان بکەیت بۆ چاوخشاندنەوە بە خشتەکەتدا، ئەمە دەتوانێت پەیوەستت بکات بەو بڕیارانەوە کە لە کاتی داڕشتنی خشتەی هەفتانەدا لەسەر بناغەی بەهاکان ڕاتگەیاندوون. بە وردبونەوە لە ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە، دەبینیت ڕۆڵ و ئامانجەکانی تۆ لە ڕوانگەی هەستکردن بە هاوسەنگی ناوخۆوە مەسەلەکانت بە شێوەیەکی سروشتی بۆ ڕیزبەندی بکەن. ئەمانەش مادام هەڵقوڵاوی پەیامە تایبەتەکەی خۆتن ئاشناترن بە ڕۆحت و ڕاست و ڕەوانترن. ڕەنگە هەندێك کەس هێشتا وابزانن ئەو شێوازی ڕیزبەندیکردنەی کە ئەوەی سێیەم پەیڕەوی دەکات (١، ٢، ٣ یان أ، ب، ج) ڕێنمایی پێویست بۆ چالاکییەکانی ڕۆژانە دابین دەکات.

ئێمە ئەگەر ڕواڵەتییانە بیربکەینەوە و وا بزانین چالاکییەکان دژ بە یەکن خۆمان بە هەڵەدا دەبەین. مەرج نییە چالاکییەکە یان زۆر گرنگ بێت، یاخود بێبایەخ بێت. نەخێر خاڵە گەوهەرییەکە ئەوەیە چالاکییەکان پەیوەندییان پێکەوە هەیە و هەندێکیان لە هەندێکی دیکەیان گرنگترن. لە ڕێکخستنی هەفتانەدا، ڕیزبەندیکردنەکانی ئەوەی سێیەم ڕێکوپێکی دەبەخشێت بە کارو جەختی ڕۆژانە.

Scanned by CamScanner

بەڵام ئەگەر هەوڵبدەیت چالاکییەکان ریزبەندی بکەیت تەنانەت پێش ئەوەی بزانیت چ پەیوەندییەکیان هەیە بە پەیامە تایبەتەکەتەوە و چۆن هاوئاهەنگ دەکرێن لەگەڵ هاوسەنگییەکانی ژیانتدا، هەوڵێکی بێهودە دەردەچێت، چونکە لە ئەرك و بابەتی وادا نوقم دەبیت کە حەزی پێناکەیت یاخود هیچ پێویستت پێی نییە.

من لە ژیانی خۆمدا هێزی ئەو رێکخستنەم ئەزمون کردووە کە پەیوەستە بە پرنسیپەکانی چوارگۆشەی دووەمەوە. هەروەها بینیویشمە چۆن ژیانی سەدان کەسی گۆڕیوە. لەبەر ئەوە باوەڕی تەواوم هەیە کە جیاوازی زۆر، یەکجار زۆرە لەنێوان رێکخستنی هەفتانە و رێکخستنی رۆژانەدا .. دیارە هەتاکو ئامانجە هەفتانەکەیش پەیوەستتربن بە پەیامە تایبەتەکەمان و بە پرنسیپە راست و دروستەکانمانەوە، زیاتر و زیاتر کاریگەریمان لەسەر دروست دەکەن.

Scanned by CamScanner

خشتەی هەفتانە

ڕۆڵ	ئامانج
پێشکەوتنی تایبەتی کەسەکە	(١) ڕەشنوسی یەکەمی پەیامی ژیان (٢) تۆمارکردنی سیمینارێک (٣) سەردانی فرانک لە نەخۆشخانە
هاوسەر/ دایک و باوک	(٤) بلیتی کۆنسێرتەکەت بیرنەچێت (٥) وانەی زانستی کورەکەت (٦) پاسکیلی سارا (کچەکەت)
بەرێوەبەری تۆژی بەرهەمهێنان	(٧) تاقیکردنەوەی بازاڕ (٨) تاقیکردنەوەی داواکاری دامەزراندن (٩) شرۆڤەکردنی ڕوپێوەکانی تایبەت بە کڕیارەکان
بەرێوەبەری لێکۆڵینەوە	(١٠) لێکۆڵینەوەی دوا ئەنجامی تاقیگا (١١) تاوتوێکردنی کێشەکانی پەیوەندیی (١٢) پەیوەندیکردن بە کێن و پیتەر
بەرێوەبەری خۆیەتی	(١٣) چاوخشاندنەوە بە پۆستەکاندا (١٤) سەردانی سامویل
بەرێوەبەری کارگێری	(١٥) ڕاپۆرتی کۆتایی مانگ (١٦) ڕاپۆرتی چاوخشاندنەوە بە موچەکاندا
سەرکۆی ئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیای گواستنەوە	(١٧) ئامادەکردنی ئەجێندای کار (١٨) ئامادەکردن بۆ سەردانێک (١٩) دەستکردن بە داڕشتنی پلانی ساڵی داهاتوو

مشارەکە تیژبکەرەوە

جەستەیی ______

هزری ______

ڕۆحی ______

کۆمەڵایەتی/ سۆزداریی ______

هەفتە لە

ڕیزبەندییەکانی هەفتە

یەکشەمە — دووشەممە

ڕیزبەندییەکانی ئەمڕۆ

یەکشەمە	دووشەممە
	١٦ چاوخشاندنەوە بە موچەکان

وادەکان

کات	یەکشەمە	کات	دووشەممە
٨	١ کاتی تایبەت	٨	
٩	ڕونکردنەوەی	٩	
١٠	پەیامەکە	١٠	
١١		١١	
١٢		١٢	چاوپێکەوتنەکان
١		١	
٢		٢	
٣		٣	
٤		٤	فرانک - نەخۆشخانە
٥		٥	
٦		٦	پاسکیلەکەی (سارا)
٧		٧	
٨		٨	

یەکشەمە	دووشەممە
ئێوارە	ئێوارە

Scanned by CamScanner

سێ شەممە	چوارشەممە	پێنجشەممە	جومعە	شەممە
گرنگییەکانی ئەو ڕۆژە				
(٢) ناردن	(١٢) کێن و		(١٤) سەردانی	
تۆمارکردنی کۆڕ	پیتەر		ساموێل	
وادەکان				
٨	٨	٨	٨ کاتی تایبەت	٨
٩	٩ (٧) تاقیکردنەوەی بازاڕ	٩ (١١) پەیوەندییەکان	٩ (١٠) ئەنجامی تاقیگاکان	٩
١٠	١٠ بارودۆخی بازاڕ	١٠ کێشەکان	١٠ خوێندن	١٠ ڕێکخستنی ماڵ و وانەکانی منداڵەکەت
١١	١١	١١	١١	١١
١٢	١٢ (١٨) سەردانێک	١٢	١٢	١٢
١ (٩) شرۆڤەکردنی ڕووپێوەکانی کڕیار	١	١	١	١
٢	٢	٢	٢	٢
٣	٣	٣	٣ (١٥) ڕاپۆرتی سەری مانگ	٣
٤	٤	٤	٤	٤
٥	٥	٥ چاوخشاندنەوە بە پۆستەکاندا	٥	٥
٦ (٥) وانەی زانستی کوڕەکەت	٦	٦ (٧) کۆمپانیای گەیاندن	٦	٦
٧	٧	٧ ئەجێندای کار	٢	٧
٨	٨	٨ (٩) پلانی ساڵی داهاتوو	٨	٨
	ئێوارە	ئێوارە	ئێوارە	ئێوارە لەگەڵ خێزانی (براون)دا دەچینە شانۆ

Scanned by CamScanner



رێکخستنی درێژخایەن



رێکخستنی هەفتانە

تێکەڵبونی دۆخەکە

ئەگەر بۆمان هەبێت زاراوەکانی کۆمپیوتەر بەکاربهێنین، دەتوانم بڵێم خووی یەکەم پێت دەڵێت: "دارێژەری بەرنامەکە خۆتیت". خووی دووەم دەڵێت: "بەرنامەکە بنوسە"، خووی سێیەمیش دەڵێت: "بەرنامەکە بخەرەگەڕ" "تێکەڵی بەرنامەکە ببە" "لە بەرنامەکەدا بژی". ئەم جۆرە تێکەڵبون و تیازیانەدا، لە بنەڕەتدا ئەرکێکە لەسەر ویستی سەربەخۆی ئێمە، لەسەر دیسپلین و یەکپارچەیی و پابەندبونمان – نەك لە پێناو خشتەو ئامانجە کورت مەوداکاندا، نەك لەبەر گوشارە هەنوکەییەکان، بەڵکو لەپێناو پرنسیپە چاکەکان و ئەو بەهاو بنەمایانەمان کە لە قوڵایی ناخماندا چەسپیون و واتاو پەیکەرێك دەبەخشن بە ئامانج و خشتەکانمان.

بە تێپەڕبونی ڕۆژەکانی هەفتە، دڵنیابە دەکەویتە کاتی واوە کە خۆڕاگری و یەکپارچەییت دەدرێن لە سەنگی مەحەك. دەبینیت ئەو ناوبانگەی کە وەڵامدانەوەی مەسەلە هەنوکەییە کەمبایەخەکانی چوارگۆچەی سێیەم، یاخود چێژ و خۆشحاڵی مەسەلەکانی چوارگۆشەی چوارەم هەیانە وات لێ بکەن توخنی چالاکییە گرنگەکانی چوارگۆشەی دووەم نەکەویت کە پێشتر بەرنامەت بۆ دانابو. بەڵام ئەگەر هەمیشە

Scanned by CamScanner

دڵت لای پرنسیپەکانت بێت و ویژدانێکی بێدار هەمیشە ئاڕاستەکارت بێت و بە باشی خۆت بناسیت، ئەوا بایی هێندە داناو ئاڕاستەکەر و سەلامەت دەبیت کە بتوانیت ویستی سەربەخۆی خۆت بکەیتە کارو خۆڕاگر و هەروەها یەکپارچە بیت لەئاست راستیەکاندا.

یەکێك لە کوڕەکانم، لە قۆناغێکدا تەواو سەرقاڵی چالاکی و خشتەبەندیکردن بوبو. رۆژێکیان خشتەیەکی زۆر سەختی هەبو. کە پڕبو لە کۆمەڵە ئەرکێکی زۆر وردو هەستیار، لەوانە کتێب کڕین و شۆردنی ئوتومبیلەکەی و گەیاندنی دەزگیرانەکەی و چەندین ئەرکی دیکە.

هەمو شتێك بەپێی خشتەکە دەڕۆیشت بەڕێوە، هەتا وادەکەی (کارۆل)ی دەزگیرانی هات. کوڕەکەم دەمێك بو ئەم کچەی نیشانە کردبو، بەڵام دواجار گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پەیوەندییەکەیان کەڵکی نابێت، لەبەر ئەوە بڕیاری دا ماوەی دە پانزە خولەك بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا بکات و مەسەلەکەی پێ رابگەیەنێت.

بەڵام چونکە مەسەلەکە بۆ (کارۆل) زۆر قورس و باوەڕنەکردنی بو، سەعاتونیوێك زیاتر دوای دەستپێکردنی تەلەفۆنەکە، هێشتا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵدا دەکراو گفتوگۆشیان زۆر توندو پەرێشان. تەنانەت دوای ئەوەش، مەسەلەکە بەیەك دیدار تەواو نەبو، چونکە هەڵوێستەکە بۆ هەردوکیان مایەی ئەوپەڕی نائومێدیی بو.

کەواتە پێویستە جیاوازی نێوان "مرۆڤ" و "کەرەسەی بێگیان" بزانین. مرۆڤ "لێهاتووی" و "کاریگەریی" هەیە، بەڵام کەرەسەکە بێگیانەکان "توانا"یان هەیە. من زۆرجار هەوڵم داوە "بە توانا" بم لەگەڵ کەسەکەی بەرامبەردا کە بیروبۆچونی جیاوازم هەبووە لەگەڵیدا. بەڵام هیچم بە هیچ نەکردووە. هەوڵم داوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی دیاریکراو "کاتی گونجاو" بۆ کەسەکە تەرخان بکەم بەڵام بۆم دەرکەوتووە کە ئەم "توانا"یە کێشەی تازەتر دروست دەکات و کەمجار مەسەلەکە دەگەیەنێتە ئەنجامی قوڵ.

زۆر دایك و باوکم بینیوە، بەتایبەت دایکان، کە هەستیان بە نائومێدی کردووە دەرهەق بە منداڵەکانیان چونکە نەیانتوانیوە ئامانجی گرنگیان بۆ بەدەست بهێنن و ئەوەی کردویانە تەنیا بەدیهێنانی پێویستییە سادەکانی رۆژانە بووە. پێویستە

Scanned by CamScanner

پێشبینییەکانمانە. پێشبینییەکانیش زیاتر لەوەی بزانین کە نائومێدبوون بەرهەمی پێشبینییەکانمانە. پێشبینییەکانیش زیاتر لەوەی ڕەنگدانەوەی بابەت و بەهاکانمان بێت، ڕەنگدانەوەی ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکەیە.

بەڵام ئەگەر خووی ژمارە (٢) لە قوڵایی مێشک و دڵتدا ڕەگی داکوتابێت، دەبینیت کە بەها باڵاکانت ڕاپێچت دەکەن و دەتوانیت خشتەبەندیکردنەکەت بخەیتە ژێر ڕکێفی بەهاکانتەوەو یەکپارچەیی و خۆڕاگرییەکەت بپارێزیت. هەروەها دەشتوانیت نەرم بیت، دەتوانیت خۆت ڕابهێنیت. لەبەر ئەوە ئەگەر نەتوانی خشتەکە جێبەجێ بکەیت یاخود ناچار بویت گۆڕانکاریی تێدا ئەنجام بدەیت، هەست بە کەمتەرخەمی و تاوان مەکە.

پێشکەوتنەکانی نەوەی چوارەم

یەکێک لەو هۆکارانەی وای کردووە خەڵك دووربکەوێتەوە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی نەوەی سێیەم سەبارەت بە بەڕێوەبردنی کات ئەوەیە کە ئەو ئامرازانە خۆڕسك و خۆبەخۆ نین. ئامرازگەلێکی ڕەقوتەقی وان مرۆڤ دەگەنە کۆیلەی خشتەکان، چونکە پارادیمی ئەم شێوازی کات بەڕێوەبردنە هیچ هاوئاهەنگییەکی نییە لەگەڵ ئەو پرنسیپەدا کە دەڵێت مرۆڤ لە شتەکان بایەخدارترە.

بەڵام ئامرازەکانی نەوەی چوارەم درکی بەم پرنسیپە کردووە. هەروەها درکی بەوەش کردووە کە شایستەترین کەس پێویست بێت بایەخی پێ بدەیت خۆتیت. کەرەسەکانی ئەم نەوەیە هانت دەدەن کاتی تەواو لەگەڵ چوارگۆشەی دووەمدا بەسەر ببەیت. هەروەها تێبگەیت و ژیانت بخەیتە چەقی پرنسیپەکانەوە و زۆر بە ئاشکراش گوزارشت لەو مەبەست و بنەمایانە بکەیت کە پێت خۆشە بڕیارەکانی ڕۆژانەت ئاراستە بکەن. ئەم کەرەسەیە یارمەتیت دەدات هاوسەنگی دروست بکەیت لە ژیانتدا چونکە لە کۆتو بەندەکانی پلاندانانی ڕۆژانە ڕزگارت دەکات و هاوکاریت دەکات هەفتانە کاروبارەکانت خشتەبەندی بکەیت. هەر کاتێکیش دژایەتی دروست بو لەنێوان نەخشەکەتو بەهایەکی باڵای تۆدا، ئەم کەرەسەیە توانات پێ دەبەخشێت هەست و ویژدانت بخەیتە گەڕ بۆ پابەندبون بەم مەبەست و بنەمایانەی کە بەلاتەوە گرنگترین بابەتن. واتە لەبری بەکارهێنانی نەخشە ڕێگا، قیبلە نما بەکاردەهێنیت.

بەم شێوەیە دەبینیت کە ئەوەی چوارەمی خۆبەڕێوەبردن لە چوار رووەوە پێشی ئەوەی سێیەمی داوەتەوە.

یەکەم رووی ئەم پێنج رووە ئەوەیە کە ئەوەی چوارەم پرنسیپەکانی کردۆتە سەنتەر و لەبری ئەوەی تەنیا هەر بەدەم ستایشی چوارگۆشەی دووەم بکات، پارادیمێکی ناوەندی وا دەخولقێنێت کە بتوانێت لە روانگەی مەسەلە گرنگ و کاریگەرەکانەوە کات ببینێت.

رووی دووەم ئەوەیە کە ئەم ئەوەیە پابەندی ویژدانەو بەمەش بوارت دەداتێ ژیانی خۆت بەگوێرەی ئەوپەڕی تواناکانت رێك بخەیت کە بگونجێت لەگەڵ بەها قوڵەکانی ناختدا. هەروەها هێندەش ئازادیت پێ دەبەخشێت بتوانیت خشتەکە بە نەرمی بخەیتە ژێر رکێفی بەها باڵاکانەوە.

مەسەلەی سێیەمیش ئەوەیە کە ئەوەی چوارەم پەیامە تایبەتەکەت و بەهاو ئامانجە دوورەکانت دیاری دەکات. هەر ئەمەشە کە ئاراستەو ئامانجی رێگاکەت پێدەبەخشێت. ئەو رێگایەی کە هەر رۆژەی برێك کاتی خۆتی بۆ تەرخان دەکەیت.

رووی چوارەم ئەوەیە کە ئەوەی چوارەم یارمەتیت دەدات ژیانت هاوسەنگ بکەیت لەرێی دیاریکردنی رۆڵەکان و دارشتنی ئامانجەکان و پرۆگرامکردنی رۆڵە سەرەکییەکان لە ماوەی هەفتەکەدا.

رووی پێنجەمیش تایبەتە بەوەی کە بوارێکی فراوانترت بۆ دەرەخسێت لەرێی پەیڕەوکردنی رێکخستنی هەفتەکە و ئەگەر پێویستیشی کرد رۆژانە بیگونجێنیت. ئەم بوارە فراوانە بەرهەمی ئەوەشە کە ئەوەی چوارەم لە تێڕوانینە سنوردارە یەك رۆژییەکە رزگارت دەکات و دەتخاتە پێگەیەکەوە بتوانیت پەیوەندی بکەیت بە رەسەنترین بەهاکانتەوە ئەویش لەرێی چاوخشاندنەوە بە رۆڵە سەرەکییەکانت.

دیارە ئەم پێنج رووە گرنگە پەتێك پێکیانەوە دەبەستێت کە بریتییە لەوەی لە پلەی یەکەمدا جەخت بکەیتە سەر پەیوەندییەکان و ئەنجامەکان، لە پلەی دووەمیشدا بایەخ بدەیت بە کات.

سەرپشککردن: زیادکرنی بەرهەم و زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان

ئێمە هەرکارێك کە تەواوی دەکەین لەرێی سەرپشککردنەوە تەواوی دەکەین — چ سەرپشککردنی کات و چ سەرپشککردنی خەڵك. سەرپشککردنی کات لە خانەی

Scanned by CamScanner

(توانا)دایە، بەلام ئەگەر سەرپشککردنەکەمان سەرپشککردنی خەڵکی دیکە بێت مانای وایە ئێمە مەبەستمان کاریگەرێتییە.

زۆرکەس پێیان باش نییە خەڵکی دیکە سەرپشك بکەن و ڕێیان پێبدەن و دەڵێن ئەمە بەفیڕۆدانی کات و خەسارکردنی رەنجە. ئەمانە باوەڕیان وایە کە خۆیان دەتوانن کارەکە باشتر جێبەجێ بکەن. بەلام رەنگە تاکە چالاکی هەرە کاریگەر و رێپێدراو سەرپشککردن بێت. گواستنەوەی بەرپرسیارێتی بۆ کەسانی دیکەی شارەزاو مەشق پێکراو بوارت بۆ دەڕەخسێنێت تواناکانی خۆت بۆ کارو چالاکی گرنگتر تەرخان بکەیت. سەرپشککردن واتە گەشەکردن. گەشەکردنی تاك و گەشەکردنی دەزگاکان. (جەی. سی. پێنی) کۆچکردو وتویەتی چاکترین و حەکیمانەترین بڕیارێك کە لە ژیانمدا دابێتم ئەمە بو "ڕێی پێبدە بیکات". پاش ئەوەی کە بۆم دەرکەوتووە چیتر خۆم هەمو کارەکەم پێ ناکرێت.

ئەم بڕیارە، کە ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیووە، رۆڵی هەبووە لە گەورەبون و پێشکەوتنی سەدان کۆگا و هەزاران کەسدا.

سەرپشککردن لەبەرئەوەی پەیوەندی بە خەڵکی دیکەوە هەیە، یەکێکە لە سەرکەوتنە بەکۆمەڵەکان، لەبەرئەوە دەتوانین بیخەینە خووی چوارەمەوە. بەلام چونکە ئێمە لێرەدا باسی پرنسیپەکانی خۆبەڕێوەبردن دەکەین و هەروەها مادام توانای سەرپشککردنی خەڵکانی دیکە جیاوازییە سەرەکییەکەی نێوان بەڕێوەبەر و بەرهەمهێنی سەربەخۆیە، کەواتە دەتوانیت سەرپشککردن (ڕێ پێدان) لە روانگەی تواناکانی خۆبەڕێوەبردنەوە باس بکەین.

بەرهەمهێن هەمو کارێك دەکات کە بە پێویستی بزانیت بۆ بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان، لەپێناوی بەدەستهێنانی هێلکە ئاڵتونییەکاندا. لێرەوە دەتوانیت بڵێیت ئەو باوکەی کە حاجەت دەشۆرێت و ئەو ئەندازیارە تەلارسازەی کە نەخشەکان دەکێشێت و ئەو سکرتێرەی کە نوسراوەکان چاپ دەکات هەمویان بەرهەمهێنن.

بەلام ئەگەر کەسەکە شتێکی وای دامەزراند کە بە کارکردن لەگەڵ یاخود لەڕێی کەسانی دیکەو دامودەزگای دیکەوە هێلکە ئاڵتونییەکان بەرهەم بهێنێت، ئەو کەسە بەپێی چەمکی هاوکاریکردنی خولقێنەر بەڕێوەبەرە. کەواتە ئەو باوکەی ڕێ بە منداڵەکەی دەدات قاپەکان بشوات بەڕێوبەرە، ئەو تەلارسازەش کە سەرۆکایەتی

کۆمەڵێک ئەندازیاری تەلارساز دەکات بەڕێوەبەرە و ئەو سکرتێرەش کە سەرپەرشتی کۆمەڵێک سکرتێر و کارمەندی نوسینگە دەکات بەڕێوەبەری نوسینگەیە.

بەرهەمهێن دەتوانێت سەعاتێک سەرمایەگوزاری بکات لە هەوڵ و چالاکیدا و بڕێکی دیاریکراو بەرهەمی هەبێت بێ ئەوەی هیچ شتێک لە کاریگەرێتی خۆی کەم ببێتەوە.



لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەر دەتوانێت هەر بەو سەعاتە سەرمایەگوزارییە، دەقات و پەنجا قات و سەد قاتی جاران بەرهەم بهێنێت لەڕێی سەرپشککردنی راستەقینەوە.



چونکە بەڕێوەبەرایەتی، لە گەوهەردا، بریتییە لە گواستنەوەی چەقی قورساییەکە تا ئەوپەڕی؛ سەرپشککردنیش کلیلی هەمو بەڕێوەبەرایەتیەکی کاریگەرە.

دەسەڵاتپێدانی فەرماندە

دوو جۆری سەرەکی ڕێپێدان هەیە، "ڕێپێدانی فەرماندە" و "ڕێپێدان بە بەرپرسیارێتییەوە". ڕێپێدانی فەرماندە واتا: "بچۆ بۆ ئەوێ، ئاگات لەمە بێت، ئەمە بکە، ئەوە بکە، پێم بڵێ بزانم چیت کردووە". دیارە زۆربەی کەسانی بەرهەمهێن "ڕێپێدانی فەرماندە" دەکەنە پارادیمی خۆیان. یەکێک لە نمونە

بەرجەستەکانی ئەم شێوازی ڕێنپێدانە درووێنەکردنە، کە دروێنەکارەکان هەمویان قۆڵی لێ هەڵدەکەن و دەست دەکەن بە دروێنەکردن لە کێڵگەکاندا .. خۆ ئەگەر پۆستێکی کارگێڕی و چاودێریشیان بدەیتێ ئەمان هەر لەسەر ئەقڵیەتی بەرهەمهێن بەردەوام بن، ئەمانە نازانن چۆن دەسەڵاتی تەواو بدەنە بەرامبەرەکە بۆ ئەوەی پابەندیان بکەن بە ئەنجامەکانەوە. ئەمانە چونکە هەمو ئەقڵێکیان لای ئامرازەکانە، لەبەر ئەوە دەبنە بەرپرسیاری ئەنجامەکان.

جارێکیان لەگەڵ منداڵەکاندا چووین بۆ خلیسکێنەی سەرئاو. ئەوجارە کەوتمە دوای دەسەڵات پێدانی فەرماندەوە. کوڕەکەم کە شارەزاییەکی زۆری هەیە لەو وەرزشەدا، چووە سەر خلیسکێنەیەك و منیش بەلەمەکەم لێ دەخوڕی. کامێراکەشم دا بە هاوسەرەکەم کە چەند وێنەیەکمان بگرێت. کامێراکە فیلمی زۆری تێدا نەمابو، لەبەر ئەوە هەر لەسەرەتاوە داوام لێ کرد دەست بە فیلمەکانەوە بگرێت و گرتەی باش هەڵبژێرێت. دواتر بۆم دەرکەوت زۆر شارەزا نییە لە رەسمگرتندا، بۆیە ئامۆژگارییەکانم وردتر کرد و داوام لێ کرد پشت بکاتە تیشکی خۆرەکەو لەوکاتانەدا وێنەمان بگرێت کە کوڕەکە بازدەدات بەسەر شەپۆلەکاندا.

ئەمەش هەر دادی نەدام و لەوە دەترسام هاوسەرەکەم ئەو چەند فیلمە کەمەش خەسار بکات، لەبەر ئەوە پێم وت "ساندرا، گوێ بگرە. هەتاکو خۆم پێت نەڵێم پەنجەی پێدا مەنێ. باشە؟ ئینجا هاوارم کرد .. بیگرە .. بیگرە .. نا .. نەیگری .. پەنجەی پیانەنێ .." لەوە دەترسام کە ئەگەر لە هەمو جوڵەو چرکەیەکدا ڕێنمایی نەدەمێ، ئەنجامەکە باش دەرناچێت.

ئەمە نمونەیەکی راستەقینەی دەسەڵاتپێدانی فەرماندەبو. واتە سەرپەرشتیکردنی هەمو هەنگاوێك. دیارە زۆرکەس ئەم شێوە دەسەڵاتپێدانە پەیڕەو دەکەن، بەڵام ئایا ئەنجامەکە چییە؟ مرۆڤ دەتوانێت لەرێی ئەم شێوازەوە سەرپەرشتی چەند کەس بکات و بیانخاتە ژێر ویستی خۆیەوە.

بێگومان شێوازێکی چاکتر هەیە. شێوازێکی کاریگەرتر بۆ دەسەڵات بەخشین بە خەڵکی. ئەم شێوازە بەرهەمی پارادیمێکە کە رێز بۆ توانای بەرامبەرەکەت دادەنێت و دەزانێت ئەویش توانای بیرکردنەوەی هەیە و ویژدانی زیندوە و خاوەنی ویستێکی ئازادە.

Scanned by CamScanner

دەسەڵاتپێدان بە بەرپرسیارێتییەوە

ئەم شێوە دەسەڵاتپێدانە گرنگی دەدات بە ئەنجام نەك بە شێوازی کارکردن. هەڵبژاردنی شێوازەکە بۆ کەسەکە بەجێ دەهێڵێت و وای لێ دەکات بەرپرسیاربێت بەرامبەر بە ئەنجامەکە. ئەم جۆرە دەسەڵاتپێدانە هەرچەندە لەسەرەتاوە ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت بەڵام زۆرچاك (کات)ی تیا سەرمایەگوزاری دەکرێت .. لەمجۆرە دەسەڵاتبەخشینەدا دەتوانیت چەقی قورساییەکە تا ئەوپەڕی بجوڵێنیت و هێزی بەرزکردنەوەکە (کاریگەرێتی) چەند بەرامبەر بکەیت.

دەسەڵاتپێدان بە بەرپرسیارێتییەوە لەراستیدا ئاڵوگۆڕکردنی روون و ئاشکرای لێکتێگەیشتن و پابەندبونی پێشبینییەکانە لە پێنج بواردا:

١. ئەنجامە خوازراوەکان: بەوەی کە هەردولایەنە کە بە ئاشکرا دەزانن ئەنجامە خوازراوەکە چییە و گرنگ ئەوە نییە چۆن کارەکە دەکەیت بەڵکو چی بەدەست دەهێنیت .. ئەنجامەکان گرنگن نەك شێوازەکان. کات تەرخان بکە، پشودرێژ بە. ئەنجامە خوازراوەکان پێشبینی بکە. با کەسە دەسەڵاتپێدراوەکەش بیانبینێت و راپۆرتێك دابنێت سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامەکان و وادەی بەدیهێنانیان.

٢. رێنماییەکان: ئەو چوارچێوەیە دیاری بکە کە پێویستە کەسەکە کاری تێدا بکات. با تاکو دەتوانێت ژمارەی رێنماییەکان کەم بن بۆ ئەوەی دەسەڵاتپێدانەکە نەبێتە بەخشینی میتۆدەکان، بەڵام پێویستە خاڵە گرنگەکان بگرێتەخۆ. گرنگترین مەسەلە بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکانە، لەبەرئەوە ئەگەر هەندێك بنەمای کۆن و هەندێك رەفتاری پێشێل کرد تۆ مەیکە بە کێشە. ئەگینا گیانی دەستپێشخەریکردنی تیا دەمرێت و دەبێتە کەسێکی گوێڕایەڵی وا کە ئەم پرنسیپە پەیڕەو دەکات: "پێم بڵێ دەتەوێ چیت بۆ بکەم، با بیکەم".

هەروەها ئەو رێڕەوانەش دیاری بکە کە دەزانیت شکست بە کارەکە دەهێنن. ئاشکراو و سەرراست بە- کەسەکە ئاگادار بکە و پێی بڵێ مەترسییەکان لەکوێدان. رێگە بدە مرۆڤ پێویستی بەوە نییە هەمو رۆژێك سەرلەنوێ "تایە" دابهێنێتەوە. رێگە بدە خەڵکەکە لە هەڵەکانی تۆ و هەڵەکانی خەڵکانی دیکەوە فێر ببن. ئەو رێبازانە روون بکەرەوە کە رەنگە ببنە مایەی شکست. بۆیان روون بکەرەوە کە پێویستە (چی نەکەن) بەڵام پێیان مەڵێ دەبێ چی بکەن. ئەمە بۆ خۆیان جێبهێڵە. بەرپرسارێتی

ئەنجامەکان بۆ خۆیان جێبهێڵە با لە چوارچێوەی ڕێنماییەکاندا هەمو کارێکی پێویست بکەن.

٣. سەرچاوەکان: ئەو سەرچاوە مرۆیی و دارایی و هونەری و ڕێکخراوەییانە دیاری بکە کە بەکارهێنانیان سودبەخشن بۆ بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان.

٤. لێپرسینەوە: پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن ئامادە بکە کە ئەنجامەکانی پێ دەنرخێنیت. هەروەها کاتی هەڵسەنگاندنەکە و کاتی پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانیش دیاری بکە.

٥. پێشهاتەکان: لەڕێی هەڵسەنگاندنەکەوە بە دیاریکراوی بزانە، باش و خراپ، چی ڕوودەدات. ئەمەش ڕەنگە پاداشتی ماددی و خەڵاتی مەعنەوی و پلە بەرزکردنەوە بگرێتەوە وەك ئەنجامی سروشتی پەیوەست بە ئامانجە گشتییەکەی ئەو دەزگایە.

من چەند ساڵێك لەمەوبەر، لە بواری دەسەڵاتپێداندا ئەزمونێکی قورسم بەڕێکرد لەگەڵ یەکێك لە منداڵەکانمدا. کۆبونەوەی خێزانیمان هەبو، پەیامەکەشمان لەسەر کارتۆنێك نوسیبو کە بە دیوارێکدا هەڵمانواسیبو بۆ ئەوەی هاوئاهەنگبونی پلان و بەهاکانمان مسۆگەر بکەین، هەمو ئەندامانی خێزان ئامادەبون. بۆردێکی گەورەم هێناو ئامانجەکانم لەسەر نوسی – واتە ئەو شتە سەرەکییانەی کە دەمانەوێت بیانکەین – هەروەها ئەو ئەرکانەی کە ئامانجەکان دروستیان دەکات. پاشان پرسیارم کرد بزانم کێ بۆ کام ئەرك ئامادەیە وەکو خۆبەخش کاربکات؟ کێ قیستەکان دەداتەوە؟ تەماشام کرد تەنیا هەر من دەستم بەرزکردۆتەوە. کێ مەسرەفی ماڵ دەگرێتە ئەستۆ؟ دیسانەوە تەنیا هەر خۆم بوم. کێ شیر دەدات بە منداڵە ساواکە؟ لەمەیاندا هەندێ منجە منج کرا، بەڵام تەنیا ژنەکەم مەرجەکانی تێدابو.

بە تێپەڕبونی کات و ئاشکراکردنی یەك لەدوای یەکی ئەرکەکان، خێرا بۆمان دەرکەوت کە من و ژنەکەم نزیکەی شەست سەعات ئەرکی هەفتانەمان کەوتۆتە سەر. بەم پارادیمە هەندێك لە ئەرکەکان خۆبەخشی دیکەی بۆ پەیدابو.

(ستیڤن)ی کوڕم، کە ئەوکاتە تەمەنی حەوت ساڵان بو، وتی من ئامادەم بە خۆبەخش ئەرکی خزمەتکردنی حەوشەکە بگرمە ئەستۆ. من پێش ئەوەی

Scanned by CamScanner

ئەرکەکەی پێ بسپێرم، دەستم کرد بە پرۆسەی ڕاهێنان و مەشق پێکردن. داوام لێ کرد باش ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە پێویستە حەوشەکە چۆن بێت. لەبەر ئەوە بردم حەوشەی ماڵی دراوسێکەمانم نیشان دا.

پێم وت: "تەماشاکە کوڕەم، بزانە حەوشەکە چەند سەوز و پاکە. ئێمەش پێویستە حەوشەکەمان ئاوابێت: سەوز و پاك. ئینجا وەرە با تەماشایەکی حەوشەکەی خۆمان بکەین. ئەها لە هەمو ڕەنگێکی تێدایە.

ئەمە نابێت: سەوز نییە. ئێمە دەمانەوێت سەوز و پاك بێت. چۆن سەوزی دەکەیت؟ خۆت دەیزانیت. ئازادیشت چ ڕێگەیەك دەگریتەبەر، ئیللا بۆیاخکردن نەبێت. ئەگەر من بومایە دەمزانی چۆن سەوزی دەکەم؟ "چۆن؟ چیت دەکرد بابە"

"ڕەشاشی ئاوەکەم بەکاردەهێنا. بەڵام تۆ ئارەزوی خۆتە. دەتوانیت بە سەتڵ ئاوی بدەیت یان بە سۆندە. ئەوە بەلامەوە گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە حەوشەکە سەوز بێت. باشە!"

"ئینجا ئێستا نۆرەی باسکردنی پاکوتەمیزییە. کوڕی خۆم پاکوتەمیزی مانای ئەوەیە هیچ زبڵ و پیسی و خۆڵ و خاشاکێکی لێ نەمێنێت، نە کاغەز، نە پەت، نە ئێسقان، نە بەرد، نە هیچ شتێك کە ببێتە هۆی بێسەروبەری ئێرە: پێت دەڵێم پێویستە چی بکەیت. ئێستا با بەشێکی حەوشەکە پاك بکەینەوەو جیاوازییەکە ببینیت".

ئا لێرەدا دوو زەرفی گەورە کاغەزمان هێنا و دەستمان کرد بە پاککردنەوەی لایەکی حەوشەکە. "ئێستا تەماشای ئەم لایە بکەو تەماشای ئەولاش بکە. جیاوازییەکە دەبینیت؟ پاکوتەمیزی ئەمەیە"

کوڕەکەم هاواری کرد: "ڕاوەستە، لەپشتی ئەو ئەمامەوە پارچە ڕۆژنامەیەکی لێیە"

"ئافەرین. من نەمبینی. تۆ چاوت لە من تیژترە کوڕم".

"ئینجا ئێستا پێش ئەوەی بڕیار بدەیت ئەرکەکە دەگریتە ئەستۆ یان نا، با هەندێك شتت پێ بڵێم. کە تۆ ئەم ئەرکەت گرتەئەستۆ ئیتر من هەقم بەسەر هیچییەوە نابێت. دەبێتە ئەرکی تۆ. ئەمە پێی دەڵێن دەسەڵاتبەخشین بە بەرپرسیارێتییەوە، مانای وایە تۆ متمانەپێکراویت و باوەڕی تەواوم پێت هەیە کە

Scanned by CamScanner

ئیشەکە بە چاکی ئەنجام بدەیت. کەواتە کێ دەبێتە سەرۆکت؟"

"تۆ بابە"

"نەخێر، من نا. تۆ خۆت سەرۆکیت. دەبێت خۆت سەرۆکی خۆت بیت. حەزدەکەیت هەمیشە سەرو دڵت بگرین؟"

"نا، حەزناکەم"

"ئێمەش حەزناکەین .. ئەوە شتێکی ناخۆشە. لەبەرئەوە پێویستە خۆت سەرۆکی خۆت بیت، ئەی باشە کێ یارمەتیت دەدات؟"

"کێ؟"

"من، جەنابی سەرۆک"

"یارمەتیم دەدەیت؟"

"بەڵێ، بەڵام هەموو کات نا، چونکە دەزانیت من زۆرجار لەماڵ نابم و ئەرکم زۆرە. بەڵام ئەگەر لە ماڵ بوم و دەستم بەتاڵ بو، پێویستە داوای یارمەتیم لێ بکەیت و منیش هەرچییەکم لەدەست بێت دەیکەم"

"زۆرچاکە"

"باشە کێ کارەکەت هەڵدەسەنگێنێت؟"

"کێ؟"

"خۆت. خۆت کاری خۆت هەڵدەسەنگێنێت"

"ئەوەش من بیکەم"

"بەڵێ. خۆم و خۆت هەفتەی دوجار بە حەوشەکەدا دەگەڕێین و چیت کردووە تیایدا بۆم باس دەکەیت، پێوەرەکە چییە؟"

"پاکی و سەوزایی"

"ئافەرین"

بە درێژایی دوو هەفتە من لەسەر ئەم دوو وشەیە رامدەهێنا، تا ئەوکاتەی هەستم کرد ئیتر ئامادەیە ئەرکەکە بگرێتە ئەستۆ. دواجار رۆژەکە هات.

"تەواو کوڕم؟"

"تەواو"

"ئەرکەکە چییە؟"

"سەوزایی و پاکوتەمیزی"

"سەوزایی چییە؟

تەماشای حەوشەکەی کرد خەریك بو دەگەشایەوە، ئینجا ئاماژەی بۆ حەوشەی دراوسێکەمان کرد و وتی .. سەوزایی ئاوایە""پاك و تەمیزی چییە؟"

"ئەوەیە خۆڵ و خاشاکی لێ نەبێت؟

"کێ سەرۆکە؟"

"خۆم"

"کێ یارمەتیت دەدات؟"

"تۆ، لەکاتی دەستبەتاڵیتدا"

"کێ حەکەمە؟

"خۆم حەفتەی دووجار پێکەوە بە حەوشەکەدا دەگەڕێین و نیشانت دەدەم چۆن شتەکان گۆڕاون"

"ئامانجەکەمان چییە؟"

"سەوزایی و پاکی"

من لەوکاتەدا بە هیچ شێوەیەك باسی خەڵاتم نەکرد، بەڵام ئامادەبوم دەرهەق بەم جۆرە دەسەڵاتپێدانە خەڵاتی بکەم.

دوو هەفتەو دوو کەلیمە قسە. دڵنیابوم ئیتر ئامادەیە

شەممە هیچی نەکرد. یەکشەممە هیچی نەکرد. دووشەممە هەروا. ڕۆژی سێشەممە کاتێك ویستم سواری ئوتومبیلەکە ببم و بڕۆم بۆسەر کارەکەی خۆم تەماشای حەوشەکەم کرد کە ئەو هەتاوە گەرمەی مانگی حوزەیران زەردی کردبو. لە دڵی خۆمدا وتم، حەتمەن ئەمڕۆ پاکی دەکاتەوە" و خۆم لە دڵی خۆمدا بیانوم بۆ دەهێنایەوە: ئێمە شەممە لەسەر مەسەلەکە ڕێك کەوتین. یەکشەممەش پشووە و نیش ناکرێت." بەڵام هەرچەندەم کرد نەمتوانی بیانو بۆ ڕۆژی دووشەممە بهێنمەوە، خۆ ئەمڕۆ نەك دووشەممە، سێشەممەشە، دڵنیام ئەمڕۆ دەست پێدەکات. هاوینە و هیچ ئیشێکی دیکەی نییە.

ئەو ڕۆژە خواخوام بو خولەکێك زووتر بگەڕێمەوە ماڵێ بزانم چی کردووە. بەڵام کە گەیشتمەوە هەر هەمان دیمەنەکەی سەرلەبەیانیم بینی. کوڕەکەشم لەسەر

Scanned by CamScanner

شەقامەکە یاری دەکرد.

شتەکە قابیلی قبوڵ نەبو، هەستم بە تورەییەکی زۆردەکرد لە داخی ئەوەی دوو هەفتە دەستخەرۆی کردبوم. چەند خۆمم لەگەڵدا ماندو کردو بەتەمای چی بوم؛ کەچی هەموی هیچ دەرچو. ئەوەی زیاتر مەراقی دەدامێ دیمەنی حەوشەی دراوسێکەمان بو کە زۆر جوان و رازاوە بو. بەمە زۆر هەستم بە تەریقی دەکرد.

دەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ دەسەلاتپێدانی فەرماندانەو پێی بڵێم "دەی کوڕم" برۆ ئەو خۆڵ وخاشاکە کۆبکەرەوە ئەگینا .. "ئەمە کارێکی ئاسانە و هێلکە ئاڵتونییەکەشت دەست دەکەوێت. بەلام ئەی قازەکە چی بەسەردێت؟ ئایا بەم شێوەیە دەتوانم وا لە کوڕەکەم بکەم لە ناخی خۆیدا هەست بە بەرپرسیارێتی و پابەندبون بکات؟"

لەبەر ئەوە زەردەخەنەیەکی دەستکردم بۆ کردو لە شەقامەکەوە هاوارم لێ کرد ..

کوڕم. دەنگوباس؟

وەڵامی دامەوە: "زۆرباشە"

"حەوشەکە چۆنە؟" کە ئەم پرسیارەم کرد یەکسەر هەستم کرد من بەم پرسیارەم رێکەوتنەکەم پێشێل کردووە. بڕیار نەبو لێپرسینەوەکە ئاوابێت. بۆیە ئەویش بیانویەکی دەست کەوت رێکەوتنەکە پێشێل بکات و بڵێت "باشە"

تورەییەکەی خۆم شاردەوەو ددانم بەخۆمدا گرت و چاوەڕێم کرد تادوای نانخواردن. ئینجا پێم وت: "دەی کوڕم، با رێکەوتنەکە جێبەجێ بکەین. وەرە با بە حەوشەکەدا بگەڕێین و چیت تیاکردووە بەپێی دەسەلاتت نیشانمی بدە ".

کە خۆمان کردە ئەودیوی دەرگاکەوە هەستم کرد چاوی پڕبووە لە گریان و دڵەرزێت. تا کاتێک گەیشتینە ناوەڕاستی حەوشەکە بە هەنسکێکی شاردراوەوە وتی: "بابە ئەو ئیشە زۆر زەحمەتە"

لە دڵی خۆمدا وتم زەحمەتی چییە، خۆ تۆ هەرهیچت نەکردووە؟ بەلام زانیم شتە زەحمەتەکە چییە: خۆ بەڕێوەبردن – خۆ چاودێریکردن. لەبەرئەوە پێم وت: دەتوانم هیچ یارمەتییەکت بدەم".

مشەیەکی بۆ کردو وتی: "بەراست بابە؟ یارمەتیم دەدەیت؟".

"رێکەوتنەکەمان چی بو؟"

Scanned by CamScanner

"وتت هەرکاتێك دەست بەتاڵ بویت یارمەتیم دەدەیت"

"ئێستا دەستم بەتاڵە"

یەکسەر رایکردەماڵەوەو دوو عەلاگەی گەورەی بەتاڵی هێنا، دانەیەکی دایە دەست من "ئەم شتە پیسانە کۆدەکەیتەوە؟" ئاماژەی بۆ پاشماوەکانی گۆشتبرژاندنەکەی دوێنێ کردو وتی "من ناتوانم" دڵم پێی تێکەڵ دێت.

هەرچییەکی داوا لێ کردم بەجێم هێنا، بەمەش رێکەوتنەکە بەڕاستی لە دڵیدا چەسپی. حەوشەکە بو بە حەوشەی خۆی و کەوتە ژێر بەرپرسیارێتی ئەوەوە.

بە درێژایی ئەو هاوینە تەنیا دوو سێ جار داوای یارمەتی لێ کردم. بە جۆرێك کەوتە خزمەت و چاودێریکردنی حەوشەکە، پاکترو سەوزتر دەرچو لەو سەردەمەی کە خۆم خزمەتم دەکرد. ئەگەر یەکێکیش لە خوشك و براکانی شتیان تێ فڕێ بدایە یەکسەر بەتوندی سەرزەنشتی دەکردن.

متمانە پێکردن بەرزترین شێوەی هاندانی مرۆڤە. وا لە کەسەکە دەکات ئەوپەڕی تواناو وزەی خۆی بخاتە گەڕ. بەڵام مەسەلەکە کاتی دەوێت و پێویستی بە پشوو درێژییە. هەروەها مەشقپێکردن و بەرزکردنەوەی تواناکانیشیان گرنگە بۆ ئەوەی شایستەیی خۆیان بەرزبکەنەوە بۆ ئاستی متمانەکە.

من دڵنیام ئەگەر دەسەڵاتپێدان بە بەرپرسیارێتییەوە چاك جێبەجێ بکرێت، هەردوو لایەنەکە سودیان پێدەگات و لە کۆتاییشدا بەرهەمی زیاتر لە ماوەیەکی کەمتردا بەدەست دەهێنرێت. من دڵنیام هەر خێزانێك ئەم شێوازی دەسەڵات پێدانە پەیرەو بکات دەتوانێت کاروبارەکانی بە جۆرێکی وا رێك بخات کە هەر ئەندامێك ئەرکەکەی لە ماوەی سەعاتێکدا جێبەجێ بکات. بەڵام بۆ ئەمەش پێویستمان بە بەڕێوەبردنە، نەك تەنیا بە بەرهەمهێنان. جەختەکە پێویستە لەسەر کاریگەریی بێت نەك لەسەر تواناو لێهاتوویی.

بێگومان تۆ ئەگەر خۆت ئیشەکە بکەیت، لە منداڵەکەت باشتری دەکەیت، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا هێز بەخشینە بە منداڵەکە بۆ ئەنجامدانی کارەکە. بەدیهێنانی ئەم مەبەستە کاتی دەوێت. پێویستی بە مەشق و راهێنانپێکردنە. ئەمیش هەرکاتی

Scanned by CamScanner

بیرکردنەوە بەم شێوازە بۆ دەسەڵاتبەخشین پێویستی بە پارادیمێکی تەواو نوێ هەیە. لەراستیدا ئەمە سروشتی پەیوەندییەکە دەگۆڕێت:
ئەوەی بەرپرسیارێتییەکە وەردەگرێت، خۆی دەبێتە گەورەی خۆی و هیچ شتێك حوکمی ناکات ویژدانی خۆی نەبێت کە زۆر مەبەستێتی. پابەندی ئەو ئەنجامانە دەبێت لەسەری رێك کەوتون. لەهەمان کاتیشدا بەم پارادیمە نوێیە وزە داهێنەرەکانی خۆی ئاراستەی ئەو بابەت و مەسەلانە دەکات کە پێویستن بە هاوئاهەنگی لەگەڵ پرنسیپەکاندا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە خوازراوەکان.
پرنسیپەکانی ئەم شێوازی دەسەڵاتپێبەخشینە پرسنیپی راست و دروستن و بەسەر هەمو کەسێك و لە هەمو هەلۆێستێکدا جێبەجێ دەکرێن. سەبارەت بەو کەسانەش کە هێشتا کامڵ نەبون، پێویستە ئارەزووە خوازراوەکان کەم بن و رێنماییەکان زۆربن. پێویستە زۆرترین سەرچاوەیان بۆ دابین بکرێن و زیاتریش لێپرسینەوە بکەیت و چاو بە ئەنجامەکاندا بخشێنرێتەوەو زۆرتریش ئەنجامە هەنوکەییەکان بایەخیان پێ بدرێت. بەڵام بۆ مرۆڤی کامڵ دەتوانێت ئەنجامی زەحمەتتر دیاری بکەیت و رێنمایی کەمتری بدەیتێ و کەمتر لێپرسینەوە بکەیت و پێوەری بچوکترو ئاشکراتر بەکاربهێنیت. دەسەڵاتپێدانی کاریگەر باشترین ئاماژەیە بۆ بەڕێوەبردنی چاك و کاریگەر، چونکە مەرجێکی زۆر بنەڕەتییە بۆ گەشەکردنی کەسەکەش و دەزگاکەش.

پارادیمی چوارگۆشەی دووەم

کلیلە سەرەکییەکەی ئەم خۆبەڕێوەبردن و خەڵك بەڕێوەبردنە لە هیچ تەکنیکێك و کەرەسەو توخمێکی دەرەکیدا نییە، بەڵکو شتێکە لەناخدایە، لە پارادیمی چوارگۆشەی دووەمدا، ئەو پارادیمەی کە پێت دەڵێت کام مەسەلەیە گرنگە و کامەیان پەلەیە.
لە پاشکۆی ئەم کتێبەدا مەشقێکم داناوە بە ناونیشانی "رۆژێکی نوسینگەکەت بۆ چوارگۆشەی دووەم تەرخان بکە"
راهێنانەکە یارمەتیت دەدات لە شوێنی کارەکەتەوە ببینیت کە چۆن ئەم پارادیمە هێزی ئەوەی تێدایە کاریگەرییەکانت زیاد بکات.

Scanned by CamScanner

کارکردنت لەسەر برەودان بەم پارادیمەی چوارگۆشەی دووەم توانای ڕێکخستنی حەفتەکانی ژیانت و ئەنجامدانی ئەرکەکانت زیاد دەکات کە جەخت بکەیتە سەر مەسەلە هەرە گرنگ و هەرە قوڵەکانت و ئەوە بکەیت کە دەیڵێیت. وات لێ دێت ئیتر پشت بە هیچ کەس و هیچ شتێکی دیکە نابەستیت بۆ بەڕێوەبردنی ژیانت بە چالاکی.

مایەی سەرنجیشە کە بزانیت هەر حەوت خووەکە لە چوارگۆشەی دووەمدا دەبینیت. مرۆڤ هەڵسوکەوت لە مەسەلە گرنگە چەسپاوەکاندا دەکات، کە ئەگەر بە شێوەیەکی دەوری جێبەجێ بکرێن دەبنە هۆکاری گۆڕانێکی ئەرێنی گەورە لە ژیانماندا.

خشتەی هەفتانە

ڕۆڵ	ئامانج
پێشکەوتنی تایبەتی کەسەکە	
هاوسەر/ دایک و باوک	
بەڕێوەبەری تووێی بەرهەمهێنان	
بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە	
بەڕێوەبەری خۆیەتی	
بەڕێوەبەری کارگێڕی	
سەرکۆی ئەنجومەنی کارگێڕی کۆمپانیای گواستنەوە	

مشارەکە تیژکەرەوە

جەستەیی

هزری

ڕۆحی

کۆمەڵایەتی/ سۆزداریی

هەفتە لە

ڕیزبەندییەکانی هەفتە

یەکشەممە	دووشەممە
ڕیزبەندییەکانی ئەمڕۆ	

ڕادەکان

یەکشەممە	دووشەممە
٨ کاتی تایبەت ١	٨
٩	٩
١٠	١٠
١١	١١
١٢	١٢
١	١
٢	٢
٣	٣
٤	٤
٥	٥
٦	٦
٧	٧
٨	٨
ئێوارە	ئێوارە

سێ شەممە	چوارشەممە	پێنجشەممە	جومعە	شەممە
گرنگییەکانی ئەو ڕۆژە				
وادەکان				
٨	٨	٨	٨	٨
٩	٩	٩	٩	٩
١٠	١٠	١٠	١٠	١٠
١١	١١	١١	١١	١١
١٢	١٢	١٢	١٢	١٢
١	١	١	١	١
٢	٢	٢	٢	٢
٣	٣	٣	٣	٣
٤	٤	٤	٤	٤
٥	٥	٥	٥	٥
٦	٦	٦	٦	٦
٧	٧	٧	٧	٧
٨	٨	٨	٨	٨
	نێوارە	نێوارە	نێوارە	نێوارە

Scanned by CamScanner

چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێکردن

١. چالاکییەکی ناو چوارگۆشەی دووەم دیاری بکە کە دەزانیت لە ژیاندا پشت گوێت خستووە. چالاکییەکی وا کە ئەگەر بە باشی جێبەجێ بکرێت کاریگەرییەکی هەستپێکراوی دەبێت لەسەر ژیانت چ لەڕووی پیشەییەوە، چ لەڕووی کەسێتییەوە. لای خۆت تۆماری بکەو پابەندی جێبەجێکردنی ببە.

٢. خانەکانی بەڕێوەبردنی کات وێنە بکێشەو هەوڵبدە بیخەملێنیت لە هەر خانەیەکدا سەدی چەندی کاتەکانت بەسەردەبەیت. ئەمە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و هەر ڕۆژەی چارەکەسەعاتێك دیاری بکە ئینجا بزانە خەملاندنەکەت چەند وردە. ئایا خۆت لەو ماوانە رازیت؟ پێویستە چی بگۆڕیت؟.

٣. لیستێك ئامادە بکە بەو ئەرکانەی کە دەتوانیت رووبەڕووی خەڵکی دیکەیان بکەیتەوە. ناوی ئەو کەسانەش دیاری بکە کە دەتوانیت دەسەڵاتیان بدەیتێ و مەشقیان پێبکەیت، هەریەکە لە بوارێکی دیاریکراودا. ئەو شتانە دیاری بکە کە پێویستت پێیانە بۆ دەستکردن بە پرۆسەی دەسەڵاتپێدان و ڕاهێنانەکە.

٤. سیستمێك دابنێ بۆ هەفتەی داهاتوت. ڕۆڵ و ئامانجەکانت لەو هەفتەیەدا چین بیاننوسە. ئینجا ئامانجەکان بکە بە پلانێکی دیاریکراوی کار. لە کۆتایی هەفتەکەدا پلانەکەت هەڵبسەنگێنە بزانە چەند سەرکەوتو بووە لەوەی بەهاکان و ئامانجەکانت بکاتە ڕێڕەوی ژیانی ڕۆژانەت و بزانە تا چەند توانیوێتی خۆڕاگری و یەکپارچەییت بپارێزێت.

٥. خۆت پابەندی ئەوە بکە دەست بکەیت بە دانانی سیستمێکی هەفتانە بۆ خۆت، کاتێکی ڕێکخراو دیاری بکە بۆ دەستپێکی ئەو بەرنامەیە.

٦. یان کەرسەکەی ئێستات بکە بە کەرسەی ئەوەی چوارەم یان ئەو کەرسەیە دابین بکە

٧. ڕاهێنانەکەی "ڕۆژێکی نوسینگە تەرخان بکە بۆ چوارگۆشەی دووەم" جێبەجێ بکە بۆ ئەوەی قوڵتر لە پارادیمی ڕاهێنانی دووەم تێبگەیت.

Scanned by CamScanner

بەشی سێیەم

سەرکەوتنی بەکۆمەڵ



Scanned by CamScanner

پارادیمەکانی یەکتر تەواوکردن

نە هیچ هاوڕێیەک بەبێ متمانە دروست دەبێت و نە هیچ متمانەیەکیش بەبێ دەستپاکی

- سامۆئیل جۆنسن

پێش ئەوەی بچینە بواری سەرکەوتنی بەکۆمەڵەوە پێویستە ئەو راستییەمان بیرنەچێت کە هاوکاریکردنی راستەقینە و یەکتر تەواوکردنی کاریگەر لەگەڵ خەڵکیدا بەبێ سەربەخۆیی راستەقینە نایەتەدی. سەرکەوتنی کەسێتی (تایبەت) لەپێش سەرکەوتنی کۆمەڵەوەیە. جەبر هەمیشە پێش داتاشین دێت.

مرۆڤ ئەگەر ئاوڕ لەدواوە بداتەوە و سەرنج لە ڕێگەکە بدات بۆ ئەوەی بزانێت لەکوێوە دەستی پێکردووە و ئێستا لە کوێدایە و مەبەستێتی بگاتە کوێ، بە وردی بۆی روون دەبێتەوە کە ئەگەر ئەم ڕێگەیەی نەگرتایەتە بەر هەرگیز نەیدەتوانی بگاتە ئەم شوێنەی ئێستای. ئامانجەکە هەر ئەم ڕێگەیەی هەیە. ڕێگەیەکی دیکەو قەدبڕی نییە و هیچ ئامرازێکیش نییە یارمەتیت بدات باز بەسەر ڕێگاکەدا بدەیت. سەرنج لە دەوروبەرەکەت بدە دەبینیت پڕە لە برین و شکاوییەکانی پەیوەندی خراپی ئەو کەسانەی کە ویستویانە بە بازێک بگەنە پەیوەندی کاریگەر بێ ئەوەی گەیشتبنە قۆناغی پێگەیشتن و بێ ئەوەی خاوەنی ئەو کەسایەتییە بەهێزە بن کە بۆ پاراستنی پەیوەندییە کاریگەرەکە پێویستە، چونکە بەدەستهێنانی ئەو ئامانج و مەبەستە کارێکی ئاسان نییە. پێویستە ڕێگەکە بگریتە بەر. مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ خودی خۆیدا سەرکەوتو نەبێت و باجی ئەو سەرکەوتنەی نەدابێت ناتوانێت لەگەڵ خەڵکیدا سەرکەوتو بێت.

چەند ساڵێک لەمەوبەر ڕۆژێکیان کە لە کەناری ویلایەتی (ئۆریگۆن) لە خولێکی زانستیدا موحازەرەم دەوتەوە. کابرایەک هەستایە سەرپێ و وتی: "ستیڤن، ئەگەر ڕاستت دەوێت من هیچ چێژێک لەم جۆرە خولانە نابینم". قسەکەی ئەو سەرنجی ڕاکێشام. کابرا بەردەوام بو وتی: "تەماشای ئەم خەڵکە بکە .. تەماشای ئەم کەناری دەریایە بکە .. ئەم هەمو شتانە ڕوودەدەن بەڵام من ناچارم دابنیشم و بە

Scanned by CamScanner

نیگەرانییەوە چاوەڕێی پرسیار و لێکۆڵینەوەکانی ژنەکەم بم کە ئەمشەو بە تەلەفۆن ئاڕاستەمیان دەکات"

"من هەمو جارێك کە لەسەفەر دەبم، ئەو بە پرسیار دامدەگرێتەوە .. نانی بەیانیت لەکوێ خوارد؟ کێت لەگەڵ بو؟ بەیانییەکەی چویتە کۆبونەوەکەوە؟ کەی نانی نیوەڕۆت خوارد؟ لەکاتی نانخواردندا چیت کرد؟ پاش نیوەڕۆکەی خەریکی چی بویت؟ ئێوارە چۆنت رابوارد؟ کێت لەگەڵ بو؟ باسی چیتان کرد؟

"ئەو لەراستیدا دەیەوێت بزانێت کێم لەگەڵدا بووە تاکو پرسیاری لێ بکات بزانێت راستی لەگەڵ دەکەم. بەڕاستی ئەم رەفتارەی ئەو زۆر وەڕسم دەکات و چێژ لە هیچ شتێکی ژیان نابینم"

پاشان ماوەیەك پێکەوە قسەمان کرد، ئینجا بە شەرمێکەوە وتی: "ژنەکەم چاك دەزانێت پرسیاری چی بکات .. یەکەمجار ئەوم لە خولێکی وەك ئەم خولەی ئێستادا ناسی .. ئەوکاتە من ژنێکی دیکەم هەبو"

ئەختێك بیرم لە قسەکەی کردەوە و پێم وت: "تۆ لەوجۆرە کەسانەی کە دەیانەوێت هەمو شتێك بە خێرایی چاك بکەنەوە .."

تەماشایەکی کردم و پرسی: "مەبەستت چییە؟"

وتم: مەبەستم ئەوەیە حەزدەکەیت نیسپانەیەك بگریت بەدەستەوە و سەری ژنەکەت هەڵبدەیتەوە و بەوجۆرەی کە خۆت دەتەوێت وایەرەکانی سەرلەنوێ ببەستیتەوە. وانییە؟

هاواری کرد: بە دڵنیاییەوە حەزدەکەم بگۆڕێت، چونکە بۆی نییە شەو و رۆژ لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکات.

پێم وت: "برادەری ئازیز، تۆ بەم شێوەیە ناتوانیت کێشەکان لەگەڵ ژنەکەتدا چارەسەربکەیت."

ئێمە لەم قسەیەدا مەبەستمان گۆڕینی پارادیمە، گۆڕینێکی گەورە و گەوهەریی .. مرۆڤ دەتوانێت بە لێزانین و تەکنیکی تایبەتی خۆی هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان وا لێ بکات نەرم و لاستیکی بن، بەڵام دوور نییە لەهەمان کاتدا کارێك بکات کە بناغە گرنگەکانی رەوشتبەرزی و جوامێری بڕوخێن. درەخت ئەگەر رەگی نەبێت بەرنادات. ئەمە پرینسیپی ریزبەندی و بەدوای یەکتریدا هاتنە. سەرکەوتنی تایبەت

Scanned by CamScanner

هەمیشە دەکەوێتە پێش سەرکەوتنی بەکۆمەڵ. کۆنترۆڵکردنی خود بناغەی هەمو پەیوەندییە باشەکانە لەگەڵ خەڵکیدا.

هەندێك دەڵێن، مرۆڤ پێش ئەوەی کەسێکی دیکەی خۆش بوێت پێویستە خۆی خۆش بوێت. من پێم وایە ئەم قسەیە راستەو ئازایەتییەکی زۆریشی تێدایە، بەڵام تۆ ئەگەر بە چاکی خودی خۆت ئەناسی و کۆنترۆڵی ئەکەیت، زەحمەتە بە شێوەیەکی راست و دروست خۆتت خۆش بوێت. بەڵکو خۆشویستنێکی روکەشی کاتی دەبێت.

سەرچاوەی هەمو رێزلەخۆگرتنێکی راست و راستگۆ ئەوەیە دەستت بەسەر خودی خۆتدا بڕوات و بتوانیت بەراستی پشتی پێببەستیت. ئەمەش کرۆکی خووەکانی (١) و (٢) و (٣)یە. پشت بەخۆبەستن زامنی دەستکەوت و سەرکەوتنێکی مەزنە. تەنیا ئەو کەسانەش دەتوانن پشت بە یەکتری ببەستن کە توانای پشت بەخۆبەستنیان هەیە. ئەگەر ئێمە خاوەنی ورەو نیازێکی راستەقینە نەبین بۆ پشتبەخۆبەستن، ئەوا هەمو هەوڵێك بۆ پێشخستنی پەیوەندییە مرۆییەکان دەبێتە کارێکی گەمژانە. دەشێت لەو مەسەلەیەدا جۆرە سەرکەوتنێك بەدەست بهێنین بەمەرجێك بارودۆخەکە ئاسان و گونجاو بێت، بەڵام کە بارودۆخەکە تێك دەچێت دەبینین بناغەیەکی هێندە پتەومان نییە بتوانین هاوئاهەنگیی شتەکان بپارێزین.

دیارە گرنگترین مەرجی هەمو پەیوەندییەك ئەوەنییە چی دەڵێین و چی دەکەین، بەڵکو ئەوە گرنگە کە ناخە راستەقینەکەمان چییە. ئەگەر کردار و گفتارمان هەڵقوڵاوی شێوازی پەیوەندییە مرۆڤایەتییە روکەشییەکان بن (خەسڵەتە رەوشتییە بابەتەکان) نەك هەڵقوڵاوی ناخی راستەقینەی خۆمان (خەسڵەتە رەوشتییە ئایدیاییەکان) ئەوا بەرامبەرەکەمان یەکسەر هەست بە دووڕوویمان دەکات. بەمەش ئیتر توانای دامەزراندنی بناغەیەکی کاریگەرمان نابێت بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ خەڵکیدا و ناتوانین وابکەین ئەو پەیوەندییە هاوکارییە بژی.

ئەو شێوازو شارەزاییانەی کە گۆڕانی راستەقینە لە کارلێکە مرۆڤایەتییەکاندا دروستی دەکەن ئەوانەن کە بە ئاسایی و سروشتی لە کەسایەتییە سەربەخۆکانەوە هەڵدەقوڵێن. لەبەرئەوە شوێنی دەستپێکردنی هەر پەیوەندییەك بریتییە لە ناخی خۆمان، لە بازنەی کاریگەرێتیمان و لە دەورو تەنسیرمان و لە کەسایەتیمان.

Scanned by CamScanner

سەربەخۆیی بریتییە لە توانای کۆنترۆڵکردن و خوڵقاندنی دەستپێشخەری و جەختکردنە سەر پرنسیپە راست و دروستەکان و گوێڕایەڵیکردنی پرنسیپەکان و ریزبەندیکردنی مەسەلە گرنگەکانی ژیان و ئەنجامدانیان بەوپەڕی دەستپاکییەوە. لەبەرئەوە مرۆڤ ئەگەر بەراستی سەربەخۆبێت دەتوانێت هاوکاریی خەڵکی بکات و پەکتریبیان لەگەڵدا تەواو بکات لەپێناوی دامەزراندنی پەیوەندیی خوڵقێنەر و بەسود و هەمیشەییدا.

ئێمە کە تەماشای بەردەمی خۆمان دەکەین دەبینین چوینەتە رەهەندێکی تەواو نوێوە کە دنیای چەندین ئەگەری بەڕوداکراوەتەوە، ئەگەری هەبونی پەیوەندیگەلی قوڵ و واتادارو بەربڵاو، ئەگەری بەرهەمی روو لەهەڵکشان و ئەگەری بەشداریکردن و خزمەتگوزاریی، ئەگەری فێربون و گەشەکردن. بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەردەمەکەمان ئەو جێگەیەشە کە تیایدا هەست بەوپەڕی ئازارو تێکشان دەکەین، هەست بە کۆسپە هەرە گەورەکانی رێگەی سەرکەوتن و بەختەوەری دەکەین." دیارە بەوپەڕی هۆشیارییەوە ئاگاداری ئازارەکەین، چونکە ئازارێکی گورچکبڕە.

مرۆڤ زۆرجار دەتوانێت چەندین ساڵ بژی لەگەڵ ئازارە درێژخایەنەکانی کورتبینی و نەزانی لە رابەرایەتیکردن یاخود بەڕێوەبردنی ژیانی تایبەتی خۆیدا. ئەم ئازارە درێژخایەنە رەنگە تەنیا وامان لێ بکات هەست بە نیگەرانیەکی تەمومژاوی بکەین و هەندێک جاریش هەوڵ دەدەین ئازارەکە بەشێوەیەکی کاتی کەم بکەینەوە و لەبەرئەوەی ئازارەکە درێژخایەنە لەسەری رادێین و دەتوانین لەگەڵیدا هەڵ بکەین.

بەڵام هەرکاتێک پەیوەندییەکەمان لەگەڵ خەڵکیدا کێشەی هاتەرێ پەکسەر هەست بە ئازارێکی بەهێز دەکەین — کە زۆرجار ئازارێکی کتوپڕە — و حەزدەکەین دەستبەجێ نەنێت.

لەبەر ئەوە ئێمە کاتێک هەوڵی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان دەدەین بە چارەسەری خێرا "وەك ئەسپرین و لەفاف بۆ خەسڵەتە رەوشتییە خودییەکان" نازانین ئەو ئازارە تیژە ئەنجام و بەرهەمی کێشەیەکی کۆنترو قوڵترە. جا ئەگەر هەر بەردەوام بین لە چارەسەری نیشانەکان و دەست نەکەین بە چارەسەری کێشەکە، ئەوا هەمو هەوڵ و تەقەلایەکمان بەفیڕۆ دەڕوات و لەوانەیە ئەنجامی پێچەوانەشی

Scanned by CamScanner

ێ بکەوێتەوەو تاقە دەستکەوێت کە بتوانین بەدەستی بهێنین تەنیا شاردنەوەی ئازارە درێژخایەنەکە دەبێت.

ئێستاش پێش ئەوەی بیر لە پەیوەندی کاریگەر بکەیتەوە لەگەڵ خەڵکیدا، وەرە پێکەوە بچینەوە بۆلای پێناسەکەی کاریگەری. وتمان کاریگەریی بریتییە لە هاوسەنگی نێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێناندا. هەروەها وتمان چەمکێکی بنەڕەتیشە لە چیرۆکی قازەکە و هێلکە ئاڵتونییەکەدا.

لە بواری هاوکاریکردنی خوڵقێنەردا -یەکتر تەواوکردن- هێلکە ئاڵتونیەکە، بریتییە لە کاریگەرێتی و کارتێکردن و یەکترتەواوکردنە سەرنجڕاکێشەکە .. دەرەنجامەکەش زادەی پەیوەندیی کراوەو کارلێکی ئەرێنییە لەگەڵ خەڵکیدا. ئێمە ئەگەر بمانەوێت هەمیشە و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ئەم هێلکە ئاڵتونییەمان دەست بکەوێت، پێویستە بایەخ بدەین بە مریشکەکە. پێویستمان بەوەیە ئەو پەیوەندییانە دروست بکەین و بیانپارێزین کە ئەو ئەنجامانە مسۆگەر دەکەن.

جا پێش ئەوەی لەم خاڵی ڕوانگەیەوە دابەزینە خوارێ و بچینە لای خووەکان، لەوەوە حەزدەکەم بابەتێکتان پێ بناسێنم کە بە بڕوای من کۆدێکی بەهێزە بۆ باسکردنی پەیوەندییەکان و پێناسەکردنی هاوسەنگی نێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێنان لەم واقیعەی ژیاندا کە واقیعێکە مرۆڤەکان و پەیوەندییەکان تیایدا یەکتر تەواو دەکەن.

پاشەکەوتی بانقی سۆزداریی

هەمومان دەزانین ژمارەی حسابی بانقی دارایی چییە. پارەی تیا دادەنێنین و پاشەکەوتێك دروست دەکەین کە لەکاتی پێویستدا دەتوانین لێی ڕابکێشین. ژمارە حسابی بانقی سۆزدارییش خوازراوێکی مەجازییە بۆ گوزارشتکردن لەبڕی ئەو متمانەیەی کە لە پەیوەنییەکدا پاشەکەوت دەکرێت. هەستکردنە بە سەلامەتی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا.

من ئەگەر لە پەیوەندییم لەگەڵ تۆدا ڕاستگۆیی و دەستپاکیی و میهرەبانی و جوامێری بنوێنم و بەڵێنەکانم ببەمەسەر، مانای وایە پاشەکەوتێکی چاکم لە بانقی سۆزداریدا لای تۆ هەیە. متمانەی زۆرم پێدەکەیت و دەتوانم لەکاتی پێویستدا سود لەو متمانەیە وەربگرم. تەنانەت دەتوانم هەڵەش بکەم و ئاستی بەرزی متمانەکە

قەرەبوی هەڵەکە بکات. رەنگە شێوازی بیروڕا گۆڕینەوەکە لەگەڵ تۆدا زۆر رون نەبێت بەڵام تۆ لە واتا گشتییەکە تێدەگەیت و تەنانەت بە وشەیەکیش هەستم بریندار ناکەیت و کاتێك کە لە پاشەکەوتی متمانە پاشەکەوتێکی زۆر هەبێت، ئەوا پەیوەندی و لێکتێگەیشتن دەبنە کارێکی ئاسان و کاریگەر و راستەخۆ.

بەڵام ئەگەر رەوشت بەرزیت لەگەڵدا نەنوێنم و رێزت نەگرم و کە قسەت کرد قسەکەت پێ ببڕم و فەرامۆشت بکەم و کاردانەوەی توندت بەرامبەر بنوێنم و سەرکوتکەرانە رەفتار بکەم و ناپاکیت لەگەڵدا بکەم و بۆت ببمە مایەی هەڕەشە و درۆت لەگەڵدا بکەم، ئەوا دواجار پاشەکەوتی ژمارە حسابی بانقی سۆزدارییەکە تەواو دەبێت و هیچ متمانەیەك نامێنێت. لەکاتی وادا من دەتوانم چی بکەم؟ هیچ .. وام لێ دێت وەکو بەناو کێڵگەی میندا بڕۆم وایە. پێویستە بەوپەڕی وریاییەوە قسە بکەم و باش باش بزانم چی دەڵێم. پاشەکەوتی بانقی سۆزداریی قەڵایەکە مرۆڤ لە هەمو کارو چالاکییەکدا پاڵی پێوە دەدات و زوربەی خێزان و هاوسەرەکان ئەم ژمارە حسابەیان هەیە.

پێویستە پاشەکەوتەکە بە گەورەیی بهێڵرێتەوە بەوەی کە بەردەوام بیخەیتە سەری ئەگینا هاوسەرگیرییەکە گەندەڵ دەبێت و تێك دەچێت. لەبری لێکتێگەیشتن و پەیوەندی گەرمو خۆڕسك،ماڵەکە دەبێتە مۆتێل و هەردولا هەوڵ دەدەن سەربەخۆبن و جۆرێك لە رێز و لێبوردەیی و قبولکردن لەخۆ بگرێت، یاخود رەنگە پەیوەندییەکە زیاتر تێك بچێت و ببێتە جۆرێك لە دوژمنایەتی و کاردانەوەو وەرگرتنی هەڵوێستی بەرگریکاری (شەڕکردن یاخود هەڵاتن) کە ئەمەش شەڕە قسەو شاتەشات و زویربون و قسە لەگەڵ یەکدا نەکردن و کرۆزانەوەی لێ دەکەوێتەوەو رەنگە دواجار ببێتە هۆی سەرهەڵدانی جەنگێکی سارد لە ماڵەکەدا، ئەو ماڵەی کە رەنگە لەژێر گوشارە کۆمەڵایەتییەکان و لەبەر خاتری منداڵەکان و پەیوەندییەکانی هاوسەرگیرییدا بمێنێتەوە یاخود رەنگە کێشەکە بچێتە دادگا و ماوەیەکی زۆر درێژە بکێشێت و ژنو مێردەکە ببنە تەحاتەحای خەڵکەکە.

ئەم ژمارە حسابەی بانقی سۆزداری زادەی پەیوەندییە گەرمو قوڵ و ئومێدبەخشەکان، رێز لێ...

چۆن رەفتار دەکات. دەتوانێت رێنمایيەکە فەرامۆش بکات و دەشتوانێت بیکاتە چاوساغی خۆی.

پەيوەندیيە گرنگ و سەقامیگرەکانی وەکو هاوسەرگیری پێویستیان بەوەیە بەردەوام پاشەکەوتی باشیان بخەیتە سەر. دیارە لەگەڵ هاتنە پێشەوەی بارودۆخی تازەو لەگەڵ دەرکەوتنی هیواو داخوازی نوێدا پاشەکەوتە کۆنەکان وردە وردە دەپوکێنەوە. بۆ نمونە تۆ ئەگەر کتوپڕ چاوت کەوت بە هاوڕێیەکی کۆنی سەردەمی خوێندن کە سالانێکی دوورودرێژە نەتبینیوە. دەتوانیت بیناسیتەوە چونکە پاشەکەوتی کۆن هەن کە هێشتا ماون. بەڵام مەسەلەکە لەگەڵ ئەو کەسانەدا جیاوازە کە بەردەوام هەڵسوکەوتت هەیە لەگەڵیاندا. لەگەڵ ئەمانەدا پێویستت بە سەرمایەگوزاریکردنی نەگۆڕ و بەردەوام هەیە.

زۆر لەوکەسانە، بەتايبەت لەگەڵ هەرزەکارەکانی ماڵەوەدا، هەڵسوکەوتی رۆژانەت لەگەڵیاندا یاخود توانای تێگەیشتنیان لێت وا دەکەن بەردەوام لە پاشەکەوتەکە رابکێشرێت.

گریمان تۆ کوڕێکی هەرزەکارت هەیە و هەمیشە گفتوگۆکەت لەگەڵیدا بەم شێوەیە: "ژوورەکەت پاك بکەرەوە، قۆپچەی کراسەکەت دابخە، رادیۆکە کزبکە، بچۆ سەرت بتاشە، زبڵەکە فڕێ بدە." دیارە پاش ماوەیەك راکێشانەکە دەگاتە ئاستێك کە لە هەمو پاشەکەوتەکان زیاتر دەبێت. ئێستا وای دابنێ ئەم کوڕەت سەرقاڵی بیرکردنەوەیە لە مەسەلەیەك کە بڕیاردان لێی کارێکی گەورە دەکاتە سەر هەمو ژیانی، بەڵام ئاستی متمانەکەی نێوانتان لەوپەڕی نزمیدایە و کەناڵەکانی پەیوەندییش داخراون. لەبەرئەوە گوێ لە ئامۆژگارییەکانت ناگرێت. خۆ رەنگە تۆ بابی ئەوە حیکمەت و زانیاریت هەبێت بتوانیت یارمەتی بدەیت بەڵام لەبەرئەوەی پاشەکەوتی ژمارە حسابەکەت سفرە، هیچت پێ ناکرێ و ئەو بڕیارێکی خراپ لە مەسەلەکە دەدات کە ئاکامێکی خراپ و درێژخایەنی دەبێت. کەواتە پەيوەندیکردن لەبارەی ئەم مەسەلانەوە پێویستی بەوەیە ژمارە حسابەکەت پاشەکەوتێکی باشی تێدا بێت. تەگبیر چییە؟

دەست بکە بە دانانی پاشەکەوت لە پەيوەندییەکەدا. لەکاتی گونجاودا چاکەیەکی سادەی لەگەڵدا بکە. بۆ نمونە گۆڤارێکی بۆ بهێنەرەوە کە خۆی حەزی لێی بێت.

Scanned by CamScanner

یاخود ئەگەر ببینێت سەرقاڵی شتێکە ئامادەیی خۆتی بۆ دەربڕە کە یارمەتی بدەیت، یاخود پێکەوە بچن بۆ شوێنێك، گەڕانێك. بەڵام لە هەموان گرنگتر ئەوەیە کە تەنیا هەر گوێی لێ بگریت. بێ ئەوەی حوکم بدەی بەسەریدا، یاخود ئامۆژگاری بکەیت، یاخود ئەزمونی رابردوی خۆتی بۆ بخوێنیتەوە. تەنیا هەر گوێی لێ بگرەو هەوڵ بدە تێی بگەیت. وای لێ بکە هەست بکات کە تۆ بایەخی پێ دەدەیت و وەکو مرۆڤێك قبوڵتە.

زۆر رێی تێدەچێت ئەو لەسەرەتادا وەڵامدانەوەی نەبێت، یاخود تەنانەت بکەوێتە گومانەوە و لە دڵی خۆیدا بڵێت "ئاخۆ بەم رەفتارە مەبەستی چی بێت؟ ئەمەیان چ بەزمێکە؟". بەڵام بەردەوامبون لە پاشەکەوتکردنی راستگۆی بێ فێڵ و فەرەجدا، ورده ورده پاشەکەوتەکەت بەرزدەکاتەوەو لەئەنجامدا پرۆسەی راکێشانی زۆر لە ژمارە حسابەکە کەم دەبێتەوە.

بیرت نەچێت چاکسازیی خێرا تراویلکەیە. دامەزراندن و چاککردنی پەیوەندییەکان کاتی دەوێت. لەبەر ئەوە ئەگەر مرۆڤێکی پشودرێژ نەبێت بەرامبەر وەڵامدانەوەی ئاشکرای رەفتارە خراپەکانی بەرامبەرت، رەنگە وات لێ بێت برێکی زەبەلاح لە پاشەکەوتەکەت رابکێشیت (رەفتارێکی زۆر توندو خراپی لەگەڵدا بکەیت) و هەرچییەکت کردبو تێکی بدەیتەوە.

(پاش ئەو هەمو رەنج و قوربانییەی کە بۆمان دایت، چۆن ئاوامان دەرهەق دەگەیت؛ ئێمە دەمانەوێت خزمەتت بکەین کەچی تۆ ئاوا چاکەمان دەدەیتەوە؟ ..)

دان بەخۆداگرتن لە هەڵوێستی وادا کارێکی ئاسان نییە. بەڵام مەسەلەکە تەنیا پێویستی بەوەیە بتوانیت دەستپێشخەریی بنوێنیت و فۆکەس بخەیتە سەربازنەی کاریگەرێتییەکەی خۆت و رێ بە گەشەکردنی شتەکان بدەیت.

بەڵام بزانە چارەسەری خێرا شتێکە مەحاڵ. دروستکردن و چاککردنی پەیوەندییەکان سەرمایەگوزارییەکی درێژخایەنە

شەش پاشەکەوتی مەزن

رێگەم بدە شەش پاشەکەوتی مەزن پێشنیار بکەم کە دەتوانن پاشەکەوتی بانقی سۆزداریی زیادبکەن

تێگەیشتن لە کەسەکە

رەنگە یەکێک لە پاشەکەوتە هەرە گرنگەکان بریتی بێت لەوەی بەڕاستی هەوڵ بدەیت لە کەسەکەی بەرامبەرت تێبگەیت. ئەمە کلیلی هەمو پاشەکەوتەکانی دیکەیە. تۆ ئەگەر لە کەسەکەی بەرامبەرت تێنەگەیت، نازانیت ئەو کام شتەی بەلاوە گرنگ و پاشەکەوتە. بۆ نمونە رەنگە تۆ گەڕان و سەفەرو خواردنێکی تایبەتت بەلاوە گرنگ بێت و حسابی پاشەکەوتی بۆ بکەیت، بەڵام مەرج نییە منیش هەمان تێگەیشتنم لەو شتانە هەبێت و بە پاشەکەوتیان دابنێم بۆسەر بانقی پەیوەندییەکانمان، بەڵکو بە پێچەوانەوە رەنگە حەزم لێیان نەبێت و بە راکێشانی حساب بکەم نەك بە پاشەکەوتکردن چونکە پێویستم پێیان نییە و لەگەڵ بەرژەوەندییە قوڵەکانی ناخمدا ناگونجێن.

پەیامی ژیانی کەسێك، بەلای کەسێکی دیکەوە هەر تەنیا وردەکارییە. لەبەرئەوە ئەگەر دەتەوێت پاشەکەوت بکەیت پێویستە ئەوەی بەلای کەسەکەوە گرنگە، تۆش بە گرنگی بزانیت. هێندەی گرنگی کەسەکە داخوازی و ئارەزووەکانشیت پێ گرنگ بن. تۆ رەنگە سەرقاڵی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بیت کە منالە شەش ساڵەکەت نیشەکەت پێ دەبڕێت بۆ مەسەلەیەك کە بەلای تۆوە بێبایەخە؛ بەڵام لای ئەو ئەوپەڕی بایەخی هەیە. شرۆڤەکردنی خووی ژمارە (٢) بوارت دەداتێ خۆت کەسەکە بناسیت و بایەخەکەشی تێبگەیت، خووی ژمارە (٢)یش بوارت بۆ دەرەخسێنێت پلانەکانت بخەیتە خزمەت ئەو ریزبەندییە مرۆڤایەتییەوە. تۆ ئەگەر نرخ بۆ قسەو ئارەزوەکانی کەسەکەی بەمبەرت دابنێیت دەیسەلمێنیت کە تێی گەیشتیوت، ئەمەش بە پاشەکەوتێکی مەزن حساب دەکرێت.

هاوڕێیەکم هەیە کوڕەکەی زۆر خولیای یاری بەیسبۆڵە، بەڵام هاوڕێکەم هەرگیز بایەخی بەم یارییە نەداوە. کەچی جارێکیان لە رۆژێکی هاویندا کوڕەکەی برد بۆسەیری یارییەکی بەیسبۆڵ. گەشتەکە هەم پارەیەکی زۆری تێچو، هەم کاتێکی زۆریشی برد، بەڵام بووە ئەزمونی پێکەوە گرێدانێکی بەهێزی پەیوەندییەکەیان. کوڕەکە لە باوکی پرسی؛ تۆ ئەوەندە حەزت لە بەیسبۆڵە. هاوڕێکەم وەڵامی دایەوە؛ نەخێر، بەڵام کوڕەکەمم هێندە خۆش دەوێت.

هاوڕێیەکی دیکەم هەیە مامۆستای زانکۆیە .. ئەم هاوڕێیەم پەیوەندییەکی زۆر

خراپی هەبو لەگەڵ کوڕەکەیدا. ئەم کابرایە هەمو ژیانی خۆی تەرخان کردبو بۆ کاردکەی. هەستیشی دەکرد کوڕەکەی لە جیاتی ئەوەی خەریکی کاری هزری بێت، هەمیشە خەریکی کاری جەستەیی‌یە. باوکەکە ئەمەی پێناخۆش بو .. دەیوت ژیانی خۆی خەسار دەکات. لەبەرئەوە هەمیشە ناکۆکییان هەبو. زۆرجار، لە ساتەوەختی پەشیمانیدا هاوڕێکەم هەوڵی دەدا لە بانقی سۆزداری کوڕەکەیدا پاشەکەوت بکات بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا. کوڕەکە وا لێك دەدایەوە کە ئەم هەوڵانەی باوکی جۆرێکی تازەی ڕەتکردنەوەو لێ ڕازینەبون و بەراوردکاریی و دادگاییکردنە. پەیوەندییەکە هێندەی دیکە خراپ بو، ئەمەش دڵی باوکەکەی زۆر ناڕەحەت دەکرد.

ڕۆژێکیان من و ئەو هاوڕێیەم پێکەوە گفتوگۆمان لەسەر ئەو پرنسیپە کرد کە دەڵێت: تۆ چەند کەسەکەت لەلا گرنگ بێت هێندەش بایەخ بەو شتانە دەدەیت کە بەلایەوە گرنگن. هاوڕێکەم بەدڵ ئەم پرنسیپەی وەرگرت و لەگەڵ کوڕەکەیدا دەستیان کرد بە پڕۆژەی دروستکردنی حەسارێك بە دەوری ماڵەکەیاندا. پڕۆژەکە کاتێکی زۆری خایاند و زۆریش ماندوی کردن. ساڵونیوێك زیاتر پێکەوە کاریان کرد.

لەڕێی ئەم ئەزمونەوە منداڵەکە ئەو قۆناغەی لە ژیانیدا تێپەڕاند و ئارەزوویەکی قوڵ و ڕاستەقینەی تێدا دروست بو کە شارەزاییە ئەقڵییەکانی بردو پێبدات. بەڵام گرنگترین سود بە پەیوەندییەکەی نێوانیان گەیشت کە لەجیاتی خراپی و ناڕەحەتییەکەی جاران بووە سەرچاوەی هێز و بەختەوەریی، بۆ کوڕەکەش و باوکەکەش.

ئێمە بە شێوەیەکی گشتی لە بیرەوەرییەکانی خۆمانەوە تەماشای جیهان دەکەین و هەوڵ دەدەین وای لێك بدەینەوە کە ئەوەی خۆمان پێمان خۆشە، خەلکەکەش پێیان خۆشە. ئامانج و مەبەستەکانمان بەسەر ڕەفتاری خەڵکیدا دەسەپێنین. تەنیا ئەو مەسەلانەش بە پاشەکەوت حساب دەکەین کە لەگەڵ پێویستی و ئارەزووە تایبەتەکانی خۆماندا بگونجێن. ئیتر گرنگ نییە پێویستی و ئارەزووە تایبەتەکانی ئێستابن یاخود هی ئەوسەردەمەی ژیانمان کە بەقەدەر ئێستای کەسەکە دەبوین. خۆ ئەگەر بەرامبەرەکەمان ئەم هەوڵەمان بە پاشەکەوت حساب نەکات و وەکو ئێمە تەماشای نەکات مانای وایە ڕەنجەکەمان ڕەت دەکاتەوە کە بەوپەڕی نیازپاکییەوە

Scanned by CamScanner

کێشاومانەو لەئەنجامدا ئیتر واز دەهێنین.

پاسایەکی ئالتونی هەیە دەڵێت: "ئەوە پێشکەشی خەڵکی بکە کە حەزدەکەیت پێشکەشتی بکەن" واتا رواڵەتییەکەی قسەکە ئەمەیە: مرۆڤ ئەو شتە دەبەخشێت و پێشکەشی دەکات کە حەزدەکات پێشکەشی بکرێت. حەزت لەچی بێت ئەوە دەدەیت بە خەڵکی. بەڵام واتا قوڵ و گەوهەرییەکە ئەوەیە بە قوڵی لە بەرامبەرەکە تێبگەیت. چۆن پێت خۆشە خەڵك تێت بگات پێویستە خۆیشت ناوا لە خەڵکەکە بگەیت. کە ئەمەت کرد ئیتر دەتوانیت لە روانگەی ئەو لێکتێگەیشتنەوە هەڵسوکەوت بکەن لەگەڵ یەکتریدا. لەم بارەیەوە باوکێکی سەرکەوتو ناوا باسی پەروەردەی مناڵ دەکات: هەمویان وەکو یەك پەروەردە بکە بەوەی کە لەگەڵ هەریەکەیاندا بە شێوازێکی جیاواز رەفتار بکەیت

بایەخدان بە مەسەلە بچوکەکان

زۆر گرنگە هەمیشە کەسێك روخۆشی و نەرمونیانی بۆ بەرامبەرەکەی دەربڕێت. بێڕێزی کردن و گرژی و بێنسوڵێنواندن چەندە کەمیش بن، بڕێکی زۆر سەرمایە رادەکێشن لە بانقی پەیوەندییەکاندا، چونکە لە دنیای پەیوەندییەکاندا شتە گەورەکان هەمان شتە بچکۆلەکانن.

ئەو ئێوارەیەم چاك لەبیرە کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ دوان لە منالەکانمدا بوم. سەیرانێکی ناسایی بو. کەمێك یارییان کردو تۆزێك خواردن و میوەو شەربەت و ئینجا تەماشای فلیمێکمان کرد.

لە ناوەڕاستی فیلمەکەدا، خەو زۆری بۆ (شین) هێنا کە ئەوکاتە تەمەنی چوار ساڵ بو. بەڵام (ستیفن)ی برای گەورەی کە شەش ساڵان بو بە بێدارییەوە مایەوەو پێکەوە تەماشای فیلمەکەمان کرد هەتا تەواوبو. ئەوسا بە باوەش (شین)م هەلگرت و بردمە ناو ئوتومبیلەکەوە و لەدواوە پاڵم خست. ئەو ئێوارەیە زۆر ساردبو، لەبەرئەوە پالتۆکەم لەبەری خۆم داکەندو بە هێواشی ئەوم پێ داپۆشی کە خەوی لێ کەوتبو.

کە گەیشتینە ماڵەوە، بە خێرایی (شین)م داگرت و خستمە ناو جێگاکەی خۆیەوە و جوان دامپۆشی. (ستیفن)یش بیجامەی لەبەرکردو ددانەکانی شۆری و لە تەنیشتییەوە پاڵ کەوتم بۆ ئەوەی پێکەوە باسی گەڕانەکە بکەین.

Scanned by CamScanner

- سەیرانەکە چۆن بو ستیفن؟

وەڵامی دامەوە: خۆش بو

- چێژت لێ بینی

* بەڵێ؟

- خۆشترین شت کامەیان بو

* نازانم .. پێم وایە پیاوە هەزەلییەکە بو

- راست ئەکەی .. شتی خۆشی دەکرد. سیحر و قەڵەمبازو ..

ستیفن وەڵامی پێنەبو. هەستم کرد قسە لەگەڵ خۆمدا دەکەم. بەڵام کە بێدەنگییەکەی درێژەی کێشا بە تەواوی واقم ورما. چونکە ئەو بەوە ناسراوە کە لەوجۆرە دۆخانەدا حەزی لە قسەیە. هەستم کرد کێشەیەك هەیە چونکە بە درێژایی رێگاکە و هەتا ئەوکاتەش هەر بێدەنگ بو. لەپڕ روی کردە دیوارەکە. سەیرم پێهات کە لێی وردبومەوە دەبینم چاوی پڕبووە لە فرمێسك.

- چیتە نازیزەکەم؟ چی رویداوە؟

روی تێکردمەوە. هەستم کرد نارەحەتە لەوەی چاوی پڕە لە فرمێسك و لێوەکانی دەلەرزن "بابە. ئەگەر منیش سەرمام بوایە، بە پاڵتۆکەت منیشت دادەپۆشی؟"

ئەها .. لەناو هەمو رووداوی ئەو ئێوارە تایبەتەدا کە خۆم و دوو منداڵە بچکۆلەکەم پێکەوە بوین تەنیا رەفتارێکی سادە لە دەربڕینی سۆزو بەزەیی بەرامبەر مناڵێکی بچکۆلەی خەوتو گرنگترین رووداوە — دەربڕینی خۆشەویستی بۆ برا بچکۆلەکەی بە شێوەیەکی خۆڕسك و خێرا.

ئای کە دەرسێکی بەهێز لەو ئەزمونە تایبەتەوە فێربوم. هەتا ئێستاش هەر شتی لێوە فێردەبم و هەرگیز بیرم ناچێتەوە. مرۆڤ لەناوەوە ناسکتر و هەستیارترە. نە ئەزمون و نە تەمەن کاریان بەسەر ئەم هەستەوە نییە. تەنانەت ئەوانەش کە بەرواڵەت دڵڕەق دیارن لە ناخدا هەستیارو دڵ ناسکن.

پەیمان بردنە سەر

پاراستنی گفت و بەڵێنەکان و جێبەجێکردنیان بە پاشەکەوتکردنێکی مەزن حساب دەکرێت لە ژمارە حسابی بانقی سۆزدارییدا. دیارە پێچەوانەکەشی راستە و

Scanned by CamScanner

ئەگەر تۆ بەڵێنێک بە کەسێک بدەیت و نەیبەیتەسەر ئەوا گەورەترین بڕە سەرمایەت لە ژمارە حسابەکەت راکێشاوە. کەسەکە ئیتر بڕوا بە هیچ بەڵێنێکت ناکات. مرۆڤ بەگشتی هیواکانیان لەسەر بەڵێنە تایبەتەکان هەڵدەچنن، بەتایبەت ئەو بەڵێنانەی کە پەیوەستن بە بژێوی ژیانیان.

من وەکو باوکێک هەوڵم داوە هەرگیز بەڵێنێک نەدەم کە نەتوانم بیبەمە سەر، هەروەها هەوڵیش دەدەم هەتا دەتوانم دەست بگرمەوە لە بەڵێندانی زۆردا و ئەوەم لەبەرچاوبێت کە بارودۆخەکان هەمیشە چاوەڕوانی گۆڕان و هەڵگەڕانەوەیان لێ دەکرێت، بۆ ئەوەی لە خۆمەوە بەڵێن و پەیمان نەدەم.

بەڵام هەندێک جار سەرباری هەمو وریاییەکیش، بابەت و روداوی وا دێنە پێشەوە کە (یان) مەحاڵە بەڵێنەکە جێبەجێ بکرێت یاخود جێبەجێکردنەکەی دەبێتە شتێکی زیان بەخش و نیشانەی بێ ئەقڵیی. لە دۆخی وادا من بەڵێنەکە هەڵدەسەنگێنم و ئینجا (یان) ئەوەتا بەهەر نرخێک بێت جێبەجێی دەکەم، یاخود بە دورودرێژی هەڵوێستەکە بۆ ئەوکەسە رون دەکەمەوە و داوای لێ دەکەم ئازادم بکات لەو بەڵێنە.

رێزگرتنی بەڵێنەکان و جێبەجێکردنیان وا دەکات پردی متمانە دروست ببێت. تۆ ئەگەر پەیوەندیت لەگەڵ منداڵەکەتدا باش بێت و لێکتێگەیشتن لەنێوانتاندا لە ئاستێکی بەرزدا بێت، ئەوکاتە ئەگەر ئەو داوای شتێکی لێ کردیت و تۆ بە ئەزمون و بە تەمەنی خۆت توانیت ئەو دەرەنجامە ببینیت کە منداڵەکەت نایبینێت، پێی بڵێ "رۆڵە گیان ئەگەر وا بکەیت دڵنیابە ئەنجامەکەی ئاوا دەبێت". ئەمە باشترین رەفتارە چونکە منداڵەکە بەقسەت دەکات بە مەرجێک تۆ پێشتر توانیبێتت متمانەی لەلا دروست بکەیت و باوەڕی بە قسەو بەڵێنەکانت هەبێت.

رونکردنەوەو لێکدانەوەی چاوەڕوانییەکان

بیهێنەرە بەرچاوی خۆت بزانە چەند زەحمەتت دێتە رێ ئەگەر خۆت و سەرۆکەکەت بۆچونی جیاوازتان هەبو دەربارەی ئەوەی کێ بۆی هەیە ئەرک و دەسەڵاتەکانی تۆ دیاری بکات.

تۆ دەپرسیت: "کەی ئەرک و دەسەڵاتەکانم بۆ رون دەبێتەوە؟"

سەرۆکەکەت رەنگە وەڵامت بداتەوە بڵێ: "وام دەزانی فۆرمێک دەهێنیت

لەوبارەیەوە و نیشانمی دەدەیت تا پێکەوە گفتوگۆی لەسەر بکەین.

- بەڵام وابزانم ئەوە ئیشی تۆیە ئەرك و دەسەڵاتەکانم دیاری بکەیت

* نەخێر بە هیچ جۆرێك ئیشی من نییە؛ بیرت نایەت یەکەمجار چیم پێ وتیت؟ وتم شتەکە بەدەست خۆتە و پەیوەندی بەوەوە هەیە چەند کاردەکەیت"

- من وامزانی مەبەستت لەوەیە ئیشەکە بە باشی بکەم و بەس ئەوانی دیکە لەسەر تۆیە و تۆ بۆم دیاری دەکەیت

تەمومژ لە چاوەڕوانییەکاندا بەتایبەت لە مەسەلەی ئامانجەکاندا زیان بە گفتوگۆ و بە متمانەکانیش دەگەیەنێت.

- هەرچیەکت داوا لێ کردم ئەنجامم داوەو ئەمەش راپۆرتەکەیە

- راپۆرتم بۆ چییە؟ لای من گرنگ ئەوەیە کێشەکە چارەسەرببێت. نەك شی بکەیتەوەو راپۆرتی لەسەر بنوسیت

* وامزانی ئامانجەکە دەستنیشانکردنی کێشەکەیە و دەمانتوانی روبەرووی کەسێکی دیکەی بکەینەوە.

"چەند جار ئێمە باسی ئەم کێشەیەمان کردووە؟"

* تۆ وتت ..

* نەخێر تۆ هەڵەیت. هەرگیز تۆ بە منت نەوتوە کە پێویستە .."

"بەڵێ وتم .. بە ئاشکرا پێم وتیت ...."

"هەرگیز شتی وات باس نەکردووە .."

"نەخێر ئێمە لەسەر ئەوە رێك کەوتین"

لە مەسەلەی پەیوەندییەکاندا بەشێکی زۆری کێشەکان زادەی تەمومژن لە چاوەڕوانی و لێکدانەوەکاندا دەربارەی رۆڵ و ئامانجەکان. مەسەلەکە هەرچییەك بێت دەبێت بزانیت کە تەمومژ لە داواکاری و چاوەڕوانییەکاندا دەبێتە خراپ لێك حاڵیبون و نائومێدی و راکێشانی زۆر لە پاشەکەوتی ژمارە حسابی متمانەدا.

بەشێکی زۆری چاوەڕوانیەکان ئاشکرانین، بەڵکو لە دڵدان، کەچی لە هەڵوێستی دیاریکراودا دەبینیت کەسەکە دەری دەبڕێت. بۆ نمونە لە هاوسەرگیریدا، کە ژن و پیاوەکە پێشبینی و چاوەڕوانی وایان هەیە کە پێشتر نە دەریان بڕیوەو نە گفتوگۆیان لەسەرکردووە بەڵام ئەگەر لایەنەکەی بەرامبەر پێچەوانەی

Scanned by CamScanner

چاوەڕوانییەکەی ئەم بکات زیانێکی گەورە بە پەیوەندییەکان دەگەیەنێت و بڕێکی زۆر لە پاشەکەوتەکەی رادەکێشێت.

بۆیە زۆر گرنگ و پێویستە هەمو چاوەڕوانییەکان دەرخەیت و بیانخەیتە بەرچاو. مرۆڤ بە سروشت وا دروست بووە کە لە هەڵوێست و رووداوە تازەکاندا لەرێی ئەو چاوەڕوانییەوە حوکم بەسەر بەرامبەرەکەیدا دەدات و ئەگەر هەست بکات شتەکە بەپێی پێشبینی و چاوەڕوانییەکەی ئەم نەبووە ئەوا پاشەکەوتەکە متمانەی لێی کەم دەبێتەوە. ئێمە زۆرجار بۆیە هەڵوێستی نەرێنی وەردەگرین چونکە پێمان وایە چاوەڕوانیەکانمان روون و ئاشکران و بەرامبەرەکەمان بە باشی تێیان گەیشتووە.

پاشەکەوتکردن لەم بوارەدا ئەوەیە هەر لە سەرەتاوە چاوەڕوانییەکان روون و ئاشکرابن، ئەمەش بەوە دەستبەردەبێت کە هەوڵی تەواو بدەیت و کاتی گونجاو ببەخشیت بە رونکردنەوەی داخوازی و چاوەڕوانییەکان. هەر هەوڵ و هەر ماوەیەك لەمەدا تەرخان بکەیت، دواتر کات و ماندوبونێکی زۆرترت بۆ دەگەڕێتەوە. ئەگەر چاوەڕواییەکان و پێشبینییەکان رون و ئاشکرا نەبن و خەڵکەکە بەشدار نەبن لەگەڵماندا ئەوا لێکحاڵینەبونە سادەکان ئاڵۆز دەبن و شەڕی قورسیان لێ دەکەوێتەوە و پەیوەندییەکان دەپچڕێن.

رونکردنەوەی چاوەڕوانییەکان زۆرجار پێویستی بە ئازایەتییەکی بەرچاو هەیە و هەندێك جاریش وا ئاسانترە بە جۆرێك رەفتار بکەیت وەك ئەوەی هیچ ناکۆکییەك لەگۆڕێدا نەبێت، بەهیوای ئەوەی ئیشەکە بڕوات. ئەمە لەبری ئەوەی ناچاربیت روبەروی ناکۆکیەکان بوەستیت و پێکەوە کاربکەن بۆ گەیشتن بە کۆمەڵە ئامانجێکی هاوبەش کە لەسەری رێك کەوتون.

نیشاندانی پاکی (نەزاهە)

پاکی خولقێنەری متمانەیە و بناغەی زۆرێك لە پاشەکەوتە جیاجیاکانە. نەبونی نەزاهە دەتوانێت زیان بە هەمو هەوڵەکانی دیکە بگەیەنێت کە بۆ پاشەکەوتی چاکی متمانە دەدرێن. تۆ رەنگە بتوانیت لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا بە باشی لێك تێبگەن و رەنگە بشتوانیت مەسەلە بچکۆلەکانت لەبیربێت و بەڵێنەکان

ببەیتە سەرو پێشبینی و چاوەڕوانییەکانت رون بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر لە ناخەوە ریاکارو دووڕوو بیت ناتوانیت متمانەی کەس بەدەست بهێنیت.

پاکی مرۆڤ تەنیا هەر راستگۆیی نییە. راستگۆیی بریتییە لەوەی قسەی راست بکەیت – واتە قسەکانمان لەگەڵ واقیعدا چون یەک بن. پاکی (نەزاهە) بریتییە لەوەیواقیع بە قسەکانمان چون یەک بکەین. "واتە بەڵێنەکان بەرینە سەرو چاوەڕوانییەکان جێبەجێ بکەین. ئەمەش پێویستی بە کەسایەتی کامڵ هەیە و لە هەنگاوی یەکەمیشدا پێویستی بەوەیە لەگەڵ ناخی خۆیدا و ئینجا لەگەڵ ژیاندا (یەک) شت بێت.

یەکێك لە شێوازەکانی نیشاندانی پاکی ئەوەیە کە دڵسۆزبیت بۆ ئەو کەسانەی کە لێرە نین. ئەمە وا دەکات متمانە دروست بکەیت لەگەڵ ئەوانەدا کە لێرەن. بە بەرگری کردن لەوانەی کە خۆیان لێرەنین، متمانەی ئامادەبوان بەدەست دەهێنیت.

گریمان من و تۆ دووقۆڵی دانیشتوین و قسەدەکەین. رەخنە لە لێپرسراوەکەمان دەگرین بە جۆرێکی وا کە ئەگەر خۆی لێرەبێت نەوێرین ئاوا قسە بکەین. باشە ئەگەر من و تۆ رۆژێك لە رۆژان بو بەشەڕمان، ئایا دڵنیانیت لەوەی کە هەمو عەیب و عارو ناتەواوییەکانت بۆ کەسێکی دیکە باس دەکەم؟ وەك چۆن لە پاشملە زەمی لێپرسراوەکەمان کرد ئاواش زەمی تۆ دەکەم. سروشتی من شارەزایت و دەزانیت بەرەوڕوو قسەی خۆشت بۆ دەکەم و لە پاشملە بەخراپی باست دەکەم. چونکە شتی وات لێ بینیوم.

ئەمە کرۆکی دووڕوویی و مونافیقییە. ئایا من بەم شێوەیە دەتوانم خاوەنی هیچ پاشەکەوتێکی متمانە بم لەلای تۆ.

بەڵام ئەگەر گریمانەکە وا دابنێین کە تۆ دەستپێشخەریی بکەیت لە زەمکردنی سەرۆکەکەماندا و رەخنەی لێ بگریت، منیش پێت دەڵێم کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ ناوەڕۆکی هەندێك لە رەخنەکانتدام و پێشنیارم بۆ کردیت هەردوکمان بەجوتە بچینە لای و رای خۆمانی پێ بڵێین کە دەبوایە چۆن کارەکانی ئەنجام بدایە. ئەوسا تۆ بە چاوێکی دیکە تەماشام دەکەیت و دڵنیاییت لەوەی ئەگەر کەسێك هات و لە پاشملە زەمی تۆی کرد، من چۆن وەڵامی دەدەمەوە.

نمونەیەکی دیکە، گریمان من بۆ ئەوەی پەیوەندیت لەگەڵدا دروست بکەم

Scanned by CamScanner

راوبۆچون و قسەیەکت لابدرکێنم کە پێکەوە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هاوبەشین و ئەم مەسەلەیە نهێنییەکەو نابێت کەس بیزانێت. "ئەوی راستی بێت ئەمە نهێنییەو نابێ پێت بڵێم" رەنگە بڵێم ".. بەڵام چونکە تۆ هاورێمیت .." ئایا من بەم ناپاکییەم دەرهەق بە کەسێکی دیکەو هەڵماڵینی نهێنییەکە دەتوانم پاشەکەوتی متمانە لە بانقەکەمدا لای تۆ بکەم؟ یاخود، ئەگەر نهێنییەکم پێ بڵێیت و من بڵێم قوربان گیان بیستومە، فیسارکەس پێی وتم، ئایا بەمە توشی شۆك نابیت؟

ئەم هەڵوێست و رەفتارە رەنگە بە رواڵەت پاشەکەوتکردن بێت لای کەسەکەی کە قسەکانی بۆ دەکەیت، بەڵام لەراستیدا پاشەکەوتکردن نییە بەڵکو لێ راکێشانە، چونکە رەفتارێکە پاکیی خۆتی پێ کەم دەبێتەوەو دیسەلێنێت کە ئەمین و زمان پاك و نهێنی پارێزنیت.

تۆ بەم رەفتارەت رەنگە هێلکە ئاڵتونییەکەت بە شێوەیەکی کاتی دەست بکەوێت و چێژ ببینیت لە زەلیل کردنی کەسێکی دیکە یاخود لە پشت شکاندنیدا، یاخود بە بەشداریکردن لە زانیارییەکی گرنگدا، بەڵام ئەمە رەفتارێکە قازەکەی تێدا دەکوژرێت و پەیوەندییەکەت لەگەڵ ئەو کەسەدا لاواز دەکات کە دەیتوانی بەختەوەریت بداتێ و ببێتە هاوکارت.

پاکی لە بواری متمانەدا، زۆر بە سادەیی بریتییە لە: رەفتارکردن لەگەڵ هەمواندا بەهەمان کۆمەڵە پرنسیپ. ئەگەر وابکەیت، خەڵك متمانەت پێ دەکەن. سەرەتا رەنگە خەڵکەکە ئەزمونە جوامێرانەکەی ئەو روبوروبونەوەیە ئەنرخێنن کە پاکی (نەزاهە) دەیخوڵقێنێت. روبەروبونەوەکان پێویستیان بە ئازایەتییەکی زۆرەو رەنگە ئەمە لەگەڵ سروشتی زۆرینەی خەڵکەکەدا نەگونجێت کە حەزیان لە شتی ئاسان و رەخنەو قسەو قسەلۆك و پەیمانشکێنی و زەمو زەمکارییە. بەڵام تۆ ئەگەر رێگا سەختەکەی روبەروبونەوە بگریتە بەر ئەوا لە دوورمەودادا خەڵکەکە متمانەت پێدەکەن. رێزت لێ دەگرن بە مەرجێك کراوە و میهرەبان و جوامێر بیت لەگەڵیاندا. ئەو پەندە زۆر راستە کە دەڵێت (متمانەت پێبکەن زۆر باشترە لەوەی خۆشیان بوێیت.) من خۆم باوەڕی تەواوم هەیە کە مرۆڤ ئەگەر جێگەی متمانە بێت، ئەوا لەدوورمەودادا خۆشەویستیش دەبێت.

(جۆشوا)ی کوڕم کە منداڵ بو زۆرجار پرسیارێکی لێ دەکردم کە پەیوەست بو بە

خۆشـــرۆڤەکردنەوە. ئـــەو منـــاڵێکی زۆر هەســـتیارو دەســـت پـــاك و راســـتگۆبو، پەیوەندییەکەی نێوانیشمان لەوپەڕی باشییدا بـو. هـەرکاتێك مـن بەرامبـەر کەسێك کاردانەوەیـەکی تونـدم هەبوایـە یـاخود سـۆز و پشـودرێژیم نەمایـە، ئـەو بـە سادەیی دەیپرسی: "بابە، خۆشت دەوێم" مانـای وابـو، لەوکاتانـەدا کـە دەیبینـی مـن بناغـە و پرنسیپێکی بنـەڕەتی ژیـان بەرامبـەر کەسێك دەشکێنم، گومـانی ئـەوەی لا دروست دەبو کە لەگەڵ ئەویشدا یاساو پرنسیپەکان دەشکێنم.

من وەکو مامۆستاو هـەروەها وەکو بـاوکیش بـۆم سـاغ بۆتـەوە کـە کلیلی (٩٩)کە (١)ە، بەتایبـەت ئـەو یەکـەی کـە پشـودرێژی و تاقـەتی زۆربـەی خەڵکەکـە تـاقی دەکاتەوە. ئەو (یەکە) خۆشەویستی و دیسپلینی تاقە خوێنـدکار و تاقە منداڵەکەیە. ئەو (یەکە)یە کە خۆشەویستی دەگوێزێتەوە بۆ ئەوانی دیکە. چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو (یەکە)دایە کە دەریدەخـات تـۆ چـۆن رەفتـار لەگـەڵ (٩٩)کـەدا دەکـەیت. چونکە هەمو کەسێك دواجار تەنیا (یـەك)ێکە.

پاکی (نەزاهـە) بریتـیـە لـەوەش کـە خـۆت بـەدووربگریت لـە هـەر گفتوگۆیـەك بۆنی فێڵ و ریاکاریی و درۆی لێ بێت و مایەی رێزی خەڵکەکە نەبێت. (درۆ بریتییە لـەو پەیوەندییـەی کـە ئامانجەکـەی فێڵە). ئەمـە یەکێکـە لـە پێناسـەکانی درۆ. ئیتر پەیوەندییەکە بە قسە بێت یـاخود بـە هەڵسوکەوت. مرۆڤـی پـاك هـەرگیز فێڵکردن ناکاتە ئامانج

کە لە سەرمایەکەت راکێشا راستگۆیانە داوای لێبوردن بکە

ئەگـەر هەسـتت کـرد لـە بـانقی سۆزدارییدا سـەرمایەت راکێشاوە پێویستە داوای لێبـوردن بکـەیت و راسـتگۆیانەش بیکـەیت، چـونکە پاشـەکەوتی گـەورە لـە وشـە راستگۆکاندایە

"من هەڵەبوم.

"ئەوەی کردم کارێکی خراپ بو"

"بێڕێزییم نواند بەرامبەرت"

"زۆر بەداخەوەم کە قەدری بەڕێزتم نەزانی"

"لەبەردەمی هاوڕێکانتدا بێزارم کردیت. نـەدەبو شـتی وابکـەم. تەنانـەت ئەگەر

مەسەلەکەش رونکردنەوەی بویستایە هەرگیز نەدەبو وابکەم. بمبورە"

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت خێراو لە دڵەوە، نەك لەروی بەزەییەوە، داوای لێبوردن بکات پێویستە خاوەنی کەسایەتییەکی بەهێز بێت. مرۆڤ پێویستە جڵەوی خۆی بەدەست خۆیەوە بێت و بە قوڵی هەست بە دڵنیایی و ئاسایش بکات دەرهەق بە پرنسیپە بنەڕەتییەکان و دەرهەق بە بنەماکان ئەگینا ناتوانێت راستگۆیانەو بێ هیچ فێڵ و تەڵەکەبازییەك داوای لێبوردن بکات.

ئەوانەی کە تەنیا خاوەنی برێکی کەم لە ئاسایش و دڵنیایین ناتوانن داوای لێبوردن بکەن، چونکە ئەوە هەستیاریان دەکات و زوو تورە دەبن و وا هەست دەکەن ئەگەر داوای لێبوردن بکەن مانای وایە مرۆڤی هەڵەشەو خاوەنی کەسایەتی لاوازن و دەترسن خەڵك سودی خراپ لە لاوازییەکانیان وەربگرن. لای ئەم جۆرە کەسانە ئاسایش بریتییە لەوەی خەڵك بیروبۆچونی باشی هەبێت لەسەرت، لەبەرئەوە نیگەرانن لەوەی بەرامبەرەکە چۆن بیریان لێ دەکاتەوە. هەروەها ئەمانە بەجۆرێکن کە هەمیشە باوەڕیان بە کارەکەی خۆیان هەیەو لێی رازین و نۆبالی هەمو هەڵەیەك دەخەنە ئەستۆی کەسێکی دیکە. ئەگەر داوای لێبوردنیش بکەن شتەکە هەر روکەشەو لە دڵەوە نییە.

حیکمەتێك هەیە دەڵێت: "ئەگەر چەمایتەوە بە زەلیلی بچەمێرەوە". داواکردنی لێبوردن بۆ ئەوەی ببێتە پاشەکەوتکردن پێویستە داوایەکی راستگۆبێت و پێویستە بەرامبەرەکەت هەستی پێبکات و بزانێت بەراستیەتی. لیو رۆسکین دەڵێت: "لاواز ئەوکەسەیە دڵڕەقی دەنوێنێت. نەرمونیانی تەنیا هەر لە مرۆڤی بەهێز چاوەڕوان دەکرێت"

نێوارەیەکیان من لە نوسینگەکەم سەرقاڵی نوسین بوم. نوسینەکەم دەربارەی هەمو شتێك بو لەسەر مەسەلەی پشودرێژیی. پاش ماوەیەك گوێم لە منالەکان بو لە هۆڵەکەدا رایان دەکردو غەڵبەغەڵبەیان بو. هەستم کرد خەریکە خۆم پێناگیرێت.

لەپڕ (دایڤید)ی کوڕم دەستی کرد بە لێدانی دەرگای حەمامەکە و بە هەمو هێزی خۆی هاواری دەکرد "بیکەرەوە، بیکەرەوە"

بە توڕەییەوە لە نوسینگەکەم هاتمە دەرێ و پێم وت، "دایڤید، ئەزانی ئەم هات و هاوارە چەند بێزارم دەکات؟ بیرم بۆ ناکرێتەوەو هیچم بۆ نانوسرێتەوە بڕۆرەوە

Scanned by CamScanner

ژوورەکـەی خـۆت و نەیەیتـە دەرێ هـەتا رەفتـارت چـاك نەکـەیت." ئـەویش بـە بێزارییەوە رۆیشت و بە تورەییەوە دەرگاکەی داخست.

کە گەڕامەوە نوسینگەکەم، کێشەیەکی دیکەم بینـی. منالەکان یـاری تـۆپی پێیان دەکردو یەکێکیان ئانیشکێك بـەردەمی کـەوتبو پـڕی کردبـو لـە خوێن. لـە هۆڵەکەدا راکشابو خوێن لە دەمیەوە دەهاتە دەرێ. بۆم دەرکەوت دایڤید کە لـە دەرگاکەی دەدا ویستوێتی بچێت پەرۆیەکی تەڕ بهێنێـت خوێنبەربونەکە بوەسـتێنێت بـەڵام ماریای خوشکی بەڕێکەوت ئەوکاتە لە حەمامدا بووە. بۆیە ئەم ئاوا توند لە دەرگاکەی داوە.

بۆم دەرکەوت من خراپ مەسەلەکە حاڵی بوم لەبەرئـەوە رۆیشتم داوای لێبـوردن لە دایڤید بکەم

کە دەرگاکەم کردەوە، یەکەم قسەی ئەمەبو "لێت نابورم".

وتم: "بۆچی بە قوربان؛ باوەڕ بکە بێ ئەمزانی ویستوتە یامەتی براکەت بدەیت. بۆچی لێم نابوریت"

دایڤید وەڵامی دامەوە: "لەبەرئەوەی هەفتەی رابردوش هـەر هـەمان شتت کرد" دایڤید بە شێوازی خۆی ویستی پێم بڵێت "بابـە تـۆ سـەرمایە زۆر رادەکێشیت لە ژمارە حسابەکەت و بەم جۆرە رەفتارە ناتوانیت کێشەکە چارەسەر بکەیت"

ئەوی دڵسۆزانە داوای لێبوردن بکات پاشەکەوت دەخاتـە سـەر ژمـارە حسابەکەی، بـەڵام عوزرهێنانـەوەی زوو زوو وا لێـك دەدرێتـەوە کـە کابراکـە بەڕاستی نـیـە و لەئەنجامدا دەبێتە راکێشان و ئەمەش لە شێوازی پەیوەندییەکاندا لە ئایندەدا رەنگ دەداتەوە.

هەڵـەکردن شـتێکەو داوای لێبوردننـەکردن شـتێکی دیکەیـە. مـرۆڤ لـە هەڵـەکان خۆش دەبێت، چونکە ئەو هەڵانە هەڵەی مێشکن و دەرەنجامی هەڵـە حساب کردن و هەڵـە تێگەیشتنن، بـەڵام ئـەوەی کـە مـرۆڤ بـە ئاسـانی ناتوانێـت لێی خـۆش ببێت هەڵەکانی دڵە، مەبەستە چەوتەکانە، نیاز خراپـیـەو ئەوکەسـە خۆبەزلزانەیە کە بڕوبیانو دەهێنێتەوە بۆ پاساوکردنەی هەڵەی یەکەم.

پاساکانی خۆشەویستی و پاساکانی ژیان

ئێمە کە دەست دەکەین بە پاشەکەوتکردنی خۆشەویستی بێمەرج و کە پاسا ... هان

دەدەین یاسا سەرەتاییەکانی ژیان تاقی بکاتەوە. واتا کاتێک ئێمە بەبێ هیچ مەرج و گۆت و پێوەندێک کەسێکمان خۆش دەوێت مانای وایە یارمەتی دەدەین هەست بە ئاسایش و دڵنیایی بکات. هەست بە خۆسەلماندن و پشتڕاستکردنەوەی بەها گەورەهەرییەکان بکات .. هەست بە ناسنامەی خۆی و بە دەستپاکیی خۆی بکات. ئەوکەسە پرۆسەی گەشەکردنە سروشتییەکەی هان دراوە. ئێمە بەخۆشویستنی ئەو یارمەتی دەدەین یاساکانی ژیان ئەزموون بکات کە بریتین لە هاوکاری و بەشداری و خۆدیسپلینکردن و پاکیی. یارمەتی دەدەین لە ناخی خۆیدا راستگۆیی بدۆزێتەوە و تا ئەوپەڕی توانا لەگەڵیدا بژی. ئازادیی ئەوەی پێبەخشین بەپێی مەرج و فەرمانەکانی ناخی خۆی بژی نەک بەپێی مەرج و گۆتو پێوەندەکانی ئێمە. بەڵام ئەمە هەرگیز بەو مانایە نایەت کە شلوشێواو بین و مەسەلەکان بە جددی وەرنەگرین چونکە ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە راکێشانێکی گەورە حساب دەکرێت .. خۆشەویستی بریتییە لەوەی کە هاوکات لەگەڵ ئەنجامدانی راوێژ و پێشکەشکردنی بەڵگە و هۆکارەکان و دیاریکردنی سنورەکان و پێشبینی و نرخاندنی پێشهاتەکاندا، ئێمە لە هەمو حاڵەتێکدا عاشقین.

پێشێلکردنی یاسا بنەڕەتییەکانی عیشق – واتا دروستکردنی مەرج و گۆت و پێوەند بۆ ئەو نیعمەتە – لەراستیدا هاندانی بەرامبەرەکەتە لەسەر پێشێلکردنی یاسا بنەڕەتییەکانی ژیان و دانانی لە هەڵوێستی بەرگریکردن و کاردانەوەدا بۆ ئەوەی وا هەست بکات هەمیشە فەرزە لەسەری بیسەلمێنێت کە: "ئەو وەکو کەسێکی جیاواز لە تۆ رەفتار دەکات".

لەراستیدا بەرامبەرەکەت بەو هەڵوێستەی تۆ وای لێ نایەت پشت بەخۆی ببەستێت، بەڵکو بە شێوە پێچەوانەو دژەکە هەڵسوکەوت دەکات و ئەمەش خۆی جۆرێکە لە جۆرەکانی پشتبەستن و سەرچاوەکەیشی لایەنە لاوازەکەیە. کەسی لەوجۆرە دەبێتە مرۆڤێکی کاردەرەوە و هەمو فکرو خەیاڵێکی هەر لەلای دوژمنە. لەبری ئەوەی گوێ لە گیانی دەستپێشخەری بگرێت و فەرمانەکانی ناخی خۆی جێبەجێ بکات، تەنیا هەر بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکاتەوە و هەر هەوڵی ئەوە دەدات بەڵگەو نیشانە پێشکەش بکات بۆ سەلماندنی سەربەخۆیی خۆی. یاخیبون و لاساریی گرێی دڵن نەک هی ئەقڵ. گرنگ ئەوەیە بەردەوام خۆشەویستی بێ قەیدو

شەرت پاشەکەوت بکەیت.

هاوڕێیەکم هەبو راگری کۆلێژێکی بەناوبانگ و خاوەنی پێگەیەکی بەرز. ئەم هاوڕێیەم سالآنێکی دورودرێژ نەخشەی ئەوەی دارشت کە بوار بۆ کوڕەکەی برەخسێنێت بچێتە ئەو کۆلێژە، بەڵام کە کاتی ئەوە هات بچێت کوڕە قبوڵی نەکردو نەچو.

ئەم مەسەلەیە بۆ باوکەکە زۆر گرنگ بو، چونکە تەواوکردنی ئەو کۆلێژە کە پێگەیەکی تایبەتی هەبو، دەبووە سەرچاوەیەکی هێز. جگە لەوەی کە هەمو ئەندامانی خێزانەکەش لەو کۆلێژە خوێندبویان؛ سێ نەوەی پێشتری خێزانەکە لەوێ دەرچوبون. باوکەکە زۆر لە کوڕەکەی پاڕایەوە، قسەی لەگەڵدا کردو هانی دا. هەروەها هەوڵیشی دا گوێی لێ بگرێت بۆ ئەوەی تێی بگات و هەمو هیوایەکی ئەوەبو کوڕەکە پەشیمان ببێتەوە.

پەیامە نەرمو رەوانەکەی ئەم باوکە پەیامی خۆشەویستییەك بو بە مەرجەوە. کوڕەکە هەستی کرد ئارەزووەکەی باوکی لەوەی ئەم بچێتە ئەو کۆلێژەوە لەوەوە نەهاتووە کە باوکە وەکو مرۆڤێك و وەکو جگەرگۆشەیەك تەماشای ئەم دەکات. بەڵکو شتەکە ئەوانەشی تێپەڕاندووە و ئەمەش هەڕەشەیەکی ترسناکە. بۆیە کوڕەکە بەرهەڵستی ئارەزووەکانی باوکی کرد و زیاتر ناسنامە و تایبەتمەندییەکی خۆی دەرخست، هەوڵی زۆریشی دەدا تا هۆکاری لۆجیکی بدۆزێتەوە بۆ رەتکردنەوەی ئەو کۆلێژە.

باوکەکە پاش شرۆڤەکردنێکی چڕوپڕی ناخی خۆی، بڕیاری دا قوربانییەك پێشکەش بکات — واز لەو خۆشەویستییە مەرجدارە بهێنێت، چونکە تێگەیشتبو کە رەنگە کوڕەکە حەزی لەوەبێت پێچەوانەی ئارەزووەکانی باوکی بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کابرا، خۆی و ژنەکەی بڕیاریان دا بەبێ هیچ مەرجێك کوڕەکەیان خۆش بوێت، هەرچەندە ئەم بڕیارەی کوڕەکەشیان بەلاوە زۆر دژواربو لەبەرئەوەی ئەزمونێکی زۆریان لە مەسەلەی پەروەردەدا هەبو، هەروەها سالآنێکی دورودرێژیش بو نەخشەیان بۆ ئەوە دارشتبو کە کوڕەکەیان بخەنە فلآنە کۆلێژ.

باوك و دایکەکە قۆناغە سەختەکەیان تێپەڕاند و رەنجێکی زۆریان کێشا تا تێبگەن خۆشویستنی بێقەیدو شەرت چییە. هەروەها پێشیان راگەیاند کە ئەوان

گەیشتونەتە باوەڕێکی تەواو کە بڕیاری کوڕەکە هیچ لەو خۆشەویستە بێ مەرجەیان بەرامبەر ئەو کەم ناکاتەوە. ئەمان وایان نەکرد بۆ ئەوەی کاری تێبکەن یاخود بەجۆرێك لە جۆرەکان ئارەزووەکانی خۆیانی پێبگەیەنن بەڵکو ئەم هەڵوێستە و ئەم خۆشەویستییە بێقەیدو شەرتەیان بۆ کوڕەکە دەرئەنجامێکی سروشتی گەشەکردن و کەسایەتییان بو.

کوڕەکە سەرەتا هیچ کاردانەوەیەکی نیشان نەدا. بەڵام چونکە باوك و دایکەکە لەوکاتەدا خاوەنی پارادیمێکی تایبەت بون بە خۆشویستنی بێ قەیدو شەرت، لەبەرئەوە هەست و هەڵوێستیان بەرامبەر کوڕەکە نەگۆڕا. هەفتەیەك پاش ئەوە کوڕەکە باوك و دایکی ئاگادارکردەوە کە بڕیاری داوە نەچێتە ئەو کۆلێژە. ئەوان چاوەڕێی وەڵامێکی وایان دەکرد و بەردەوامبون لە نیشاندانی خۆشەویستییە بێ مەرجەکان بۆی. هەمو شتێك ئاسایی بووەوە و ژیانیشیان رەوتە ئاسایی و سروشتییەکەی وەرگرتەوە.

دواتر پاش ماوەیەکی کەم، شتێکی سەرنجڕاکێش رووی‌دا. ئیتر کوڕەکە کەوتە دۆخێکەوە کە چیتر هەست نەکات پێویستی بەوەبێت بەرگری لە هەڵوێستی خۆی بکات، لەبەرئەوەی لە دڵی خۆیدا قوڵتر مەسەلەکەی لێك دایەوەو بۆی دەرکەوت کە بەڕاستی دەیەوێت بچێتە ئەو کۆلێژە. داوایەکی پێشکەش کردو مەسەلەکەشی بە باوکی راگەیاند، ئەویش جارێکی دیکە خۆشەویستییە بێ مەرجەکەی بۆ دەرخست لەڕێی قبولکردنی ئەم بڕیارەی کوڕەکەیەوە. هاوڕێکەم ئەم بڕیارەی کوڕەکەی پێخۆش بو، بەڵام زۆر زۆریش نا، چونکە ئیتر فێربوبو بەبێ هیچ مەرجێك خەڵکی خۆش بوێت. (داگ هامەرسکجۆڵد) سکرتێری پێشینی نەتەوە یەکگرتووەکان وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت: "زۆر جوامێرانەترە مرۆڤ قوربانیی بۆ یەك کەس بدات لەوەی کە خەبات بکات لەپێناوی رزگارکردنی هەزاران کەسدا."

مەبەستم لەوەیە کە خۆم حەفتەی شەش حەوت رۆژگار دەکەم و هەر رۆژەی هەشت سەعات و دە سەعات و دوانزە سەعات تەرخان دەکەم بۆ هەزاران کەس و بۆ کارو بڕۆژەی جیاجیا لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆم، کەچی هێشتا نە لەگەڵ هاوسەرەکەم و نە لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەم و نە لەگەڵ هاوکارە هەرە نزیکەکانمدا، نەمتوانیوە پەیوەندییەکی قوڵی واتادار دروست بکەم. دیارە جوانتر و جوامێرانەتر و ئازایانەتر

و بێ فیزانەتر ئەوەیە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندییەکی وا بدەیت نەک ئەو هەمو ماوە زۆرە کار بکەیت لەپێناوی خەڵك و مەسەلە گشتییەکاندا.

بیست و پێنج ساڵ کارکردن و راوێژکردن لەگەڵ رێکخراوەکاندا وای لێ کردم ئەم قسەیەی (داگ) زۆر زۆر کارم تێبکات. چونکە زۆربەی زۆری کێشەکان لە دەزگا و رێکخراوەکاندا هەڵقوڵاوی پەیوەندییە زەحمەتەکانن لەسەر ئاستی سەرکردایەتییە باڵاکان. دوو هاوبەش لە کۆمپانیایەکدا، خاوەنی کۆمپانیاکەو سەررۆکەکە، سەرۆکی کۆمپانیاو جێگرەکەی .. ئایا جوامێرانە تر نییە مرۆڤ راستگۆیانە روبەروی ئەو مەسەلانە ببێتەوە لەبری ئەوەی بەردەوام بێت لەسەر خزمەتکردنی پرۆژەو خەڵکەکە دوور لە ماڵ و منداڵ".

یەکەمجار کە ئەم وتەیەی (داگ)م بەرچاوکەوت لەگەڵ رێکخراوێکدا کارم دەکرد کە پەیوەندی من و یاریدەدەرە هەرە نزیکەم تەمومژاوی بو. هێندە ئازا نەبوم روبەروی ناکۆکیەکانمان بوەستمەوە سەبارەت بە رۆڵ و نرخاندن و چاوەڕوانییەکان و شێوازی بەرێوەبردنمان کە جیاوازی زۆرمان هەبو لەگەڵ یەکتریدا. بۆیە چەند مانگێك پەنام بردە بەرچارەسەری مامناوەندیی لەترسی ئەوەی ئەگەر روبەروی ببمەوە رەنگە شتی ناخۆش روبدات. دیارە لەو ماوەیەشدا زیاترو زیاتر لە ناخماندا رق و کینە بەرامبەر یەکتر دروست دەبو.

کە وتەکەی (دایگ)م خوێندەوە (زۆر جوامێرانەترە مرۆڤ قوربانی بۆ (یەك) کەس بدات لەوەی خەبات بکات بۆ رزگارکردنی هەزاران کەس) زۆرکاری تێکردم و بە جدی بڕیارم دا پەیوەندی لەگەڵ یاریدەدەرەکەمدا دروست بکەمەوە. دەمزانی کارەکە ئاسان نییە و قوتاربون لە جیاوازییەکانی نێوانمان بە ئاسانی نایەتەدی لەبەرئەوە ناچاربوم وره بدەمە خۆم بۆ زاڵبون بەسەر ناکۆکییەکان و بەدیهێنانی لێکتێگەیشتنێك و پابەندبونێکی قوڵ و هاوبەش. بیرمە کە دوای ئەو بڕیارە تەوقەم لەگەڵدا کرد بە پیاوێکی ئاسان نەهاتە بەرچاوم. لەبەرئەوە رێگا تایبەتەکانی خۆیم گرتەبەر چونکە پێویستم بە توانا و بەهرەکانی هەبو. دەشترسام هەر روبەروبونەوەیەك ئەو پەیوەندییە تێك بدات و لەئەنجامدا تواناکانیم لەکیس بچێت.

پاش ئەوەی کە تێی گەیشتم و رەهەندەکانیم ناسی، بڕیارەکەم لەسەر ئەوە ساغ

بووەوە کە لەبری رەفتار و شێوازی کارکردن، بایەخ بە پرنسیپەکان بدەم. بەمەش لەناخەوە هەستم بە ئازایەتی و ئارامیی ئەوەکرد کە دەست بکەم بە پەیوەندیکردن بە یاریدەدەرەکەمەوە. کاتێک کە دانیشتین، بە سەرسوڕمانەوە بۆم دەرکەوت کابراش بەهەمان قۆناغ و ئەزمونی مندا دەڕوات و دەمێکە چاوەڕوانی پەیوەندییەکی لەم جۆرەیە، بەڵام وەکو کابرایەکی کەللەرەق بەرگری لە هەڵوێستەکانی خۆی کردووە.

لەگەڵ ئەمەشدا شێوازی کارکردن و بەڕێوەبردنی من و ئەو لە یەکتری جیاوازبون. جیاوازییەکان رەنگیان دایەوە لە پێکهاتەو رێکخستنی ناوخۆیی کۆمپانیادا و هەردوکیشمان ئاگاداری ئەو گیروگرفتانە بوین کە لەئەنجامی جیاوازییەکانی من و ئەوەوە دروست بون. یەکتربینینەکانمان زیادی کردو توانیمان روبەروی مەسەلە هەرە قوڵەکان ببینەوەو بیانخەینە سەر مێزی گفتوگۆ و بە گیانی رێز لەیەکتر گرتنەوە یەک یەک چارەسەریان بکەین و توانیمان من و ئەو ببینە ئەو تیمەی یەکتری تەواوبکەین.

خوڵقاندنی یەکپارچەیی و یەکبون لە کار و خێزان و هاوسەرگیریش پێویستی بە ئازایەتییەکی زۆرو بە کەسایەتی بەهێز هەیە.

مرۆڤ چەند شارەزایی هەبێت لە هونەری بەڕێوەبردنی کارە جەماوەرییەکاندا هێشتا هەر پێویستی بە خەسڵەتە جوانەکانی کەسایەتی هەیە بۆ بردودان بە پەیوەندییەکە. زۆر گرنگە بتوانیت لەسەر ئاستی تاکەکەسی گوزارشت لە یاسا سەرەتایی و بنەڕەتیەکانی عیشق و ژیان بکەیت.

کێشەکانی بەرهەمهێنان دەبنە هەلی توانای بەرهەمهێنان

ئەزمونەکەی سەرەوە پارادیمێکی بەهێزی دیکەی پێبەخشیم دەربارەی هاوکاریکردنی خوڵقێنەر (یەکتر تەواوکردن). مەسەلەکە پەیوەستە بەوەوە کە ئێمە چۆن کێشەکان دەبینین. من چەندین مانگ هەوڵم دەدا خۆم لەو کێشەیە بەدوور بگرم چونکە وام دەزانی کە سەرچاوەی نیگەرانی و توڕەیی و کۆسپەکانە. ئاواتەخوازبوم خۆی بە شێوەیەک لە شێوەکان نەمێنێت. بەڵام مەسەلەکە وەرچەرخا و خودی کێشەکە بوو بە مایەی دەرکەوتنی هەبونی هەلێک، بۆ دامەزراندنی پەیوەندییەکی قوڵی وا کە توانیمان پێکەوە تیمێک دروست بکەین یەک ئەوی دیکە تەواو بکات.

Scanned by CamScanner

من باوەڕم وایە لە هەر هەڵوێستێکدا کە پەیوەست بێت بە هاوکاری و پەیوەندی خولقێنەرەوە، هەمو کێشەیەکی بەرهەم لەراستیدا هەلێکە بۆ توانای بەرهەمهێنان. واتا بۆ دروستکردنی پاشەکەوتێك لە بانقی سۆزداریدا بە جۆرێك کە کاریگەرییەکی قوڵ لەسەر ئەو بەرهەمهێنانە دروست دەکات کە بەشەکانی پەیوەستن بە یەکترییەوە.

کاتێك کە باوك و دایك کێشەی منداڵەکانیان بەو چاوە تەماشا دەکەن کە هەلێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نەك وەکو مەسەلەیەکی نەرێنی و بێزارکەر، ئەوا بە دڵنیاییەوە سروشتی کارلێکی نێوان منداڵەکەو دایك و باوکەکە گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت. وەرەو ئارەزوییەکی گەورەتر لای دایك و باوکەکە دروست دەبن و زیاتر حەزدەکەن لە منداڵەکانیان تێبگەن و یارمەتییان بدەن. کە منداڵەکەت بە کێشەیەکەوە دێتە لات، تۆ لەبری ئەوەی بڵێی: "ئۆی نەبڕایەوە ئەم هەمو گیروگرفتە" پێویستە خاوەنی پارادیمێك بیت بڵێیت: "ئەمە هەلێکی راستەقینەیە هاتۆتە پێش تا یارمەتی منداڵەکەمان بدەین و پەیوەندییەکەمان پەرەپێبدەین."

بەشێکی زۆری کارلێکەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت و لە مەسەلەیەکی نێجرانکیەوە دەبنە پەیوەندیی قوڵی چونیایەتی پڕ لە خۆشەویستی و متمانە هەموشیان دەرەنجامی ئەوەن کە منداڵەکە هەست بکات دایك و باوکەکە دەینرخێنن و بایەخ بە کێشەکانی دەدەن و وەکو مرۆڤ تەماشای دەکەن.

ئەم پارادیمە لە بواری بازرگانیشدا تێڕوانینێکی گرنگە. یەکێك لە سەنتەرە بازرگانییەکان کە ئەم پارادیمەی بەکارهێنا توانی جۆرە پابەندبونێك لەناو کڕیارەکاندا دروست بکات کە کڕیارێك بە کێشەیەکەوە دەچێتە ئەو سەنتەرە، کارمەندەکان بەوچاوەوە تەماشای کێشەکە دەکەن کە هەلێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کڕیارەدا و ئارەزوییەکی ئەرێنی نیشان دەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بەجۆرێك کە ببێتە مایەی دڵخۆشکردنی کڕیارەکە. هێندە بەئسوڵ و رێزەوە رەفتاری لەگەڵ دەکەن و لە چارەسەرکردنی کێشەکەیدا خزمەتگوزارییەکی وا پێشکەش دەکەن کە کڕیارەکە هەرگیز بیر لەوە نەکاتەوە بچێتە شوێنێکی دیکە. زانینی ئەو راستییە کە هاوسەنگی نێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێنانە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە لەبواری هاوکاری و یەکتر تەواوکردندا،

Scanned by CamScanner

دەتوانین کێشەکانمان بە جۆرێك هەڵبسەنگێنین کە ببنە مایەی زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان.

خووەکانی یەکتری تەواوکردن لەگەڵ خەڵکیدا

ئەگەر ئەوە بهێنینە بەرچاوی خۆمان کە بانقی سۆزداریی هەیە، دەتوانین ئامادەیی ئەوە لای خۆمان دروست بکەین کە بگوێزرێینەوە بۆ لای خووەکانی سەرکەوتنی بەکۆمەڵ و کارکردن لەگەڵ خەڵکیدا بە شێوەیەکی سەرکەوتو. کە ئەمەمان کرد دەبینین ئەو خووانە چۆن پێکەوە کاردەکەن بۆ هاوکاریکردنی خوڵقێنەر لەگەڵ خەڵکیدا و هەروەها دەشبینین کە چۆن رەفتارو بیرکردنەوەی خەڵك کارمان تێدەکەن.

سەرباری ئەمانەش دەتوانین زۆر قوڵتر ئەو راستیە ببینین کە یەکتر تەواوکردن لەگەڵ خەڵکیدا تەنیا ئەوکەسانە دەتوانن بەدی بهێنن کە بەراستی پشتیان بە خۆیان بەستووە. مەحاڵە بتوانین سەرکەوتنی بەکۆمەڵ و قازانجی گشتی مسۆگەر بکەین ئەگەر تەنیا هەر پشت بە شێوازی براوە/ براوە و چارەسەرکردنی خوڵقێنەرانەی کێشەکان ببەستین و خەسڵەتە جوان و بنەڕەتییەکانی مرۆڤ فەرامۆش بکەین.

وەرن پێکەوە بە قوڵی لە خووەکانی سەرکەوتنی بەکۆمەڵ وردببینەوە.

Scanned by CamScanner

خووی چواره‌م

سودی هه‌موان

بیرکردنه‌وه به شێوازی براوه - براوه



Scanned by CamScanner

بنەماکانی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ

ئێمە یاسا ئاڵتونییەکەمان ئەزبەر کردووە، دە با ئیتر لە ژیانماندا جێبەجێی بکەین
- ئێدوین مارکهام

جارێکیان کارم بۆ کۆمپانیایەك دەکرد کە سەرۆکەکەی زۆر نیگەران بو. نیگەرانی ئەوەی کرێکارەکان هاوکارییان لەنێواندا نییە.

پێی وتم: ستیفن، کێشە سەرەکییەکەمان ئەوەیە ئەوان زۆر خۆپەرستن. پارمەتییان لەنێواندا نییە. دڵنیام ئەگەر یارمەتیم بدەن بەرهەمەکەمان زیاتر دەکات. ئایا تۆ دەتوانیت لەڕێی دارشتنی بەرنامەیەکی گونجاوەوە بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان ئەم کێشەیە چارسەر بکەیت؟

لێم پرسی: ئایا کێشەکەی تۆ ئەو خەڵکەیە یاخود پارادیمەکەیە؟

وتی: خۆت بۆی بگەڕێ.

منیش وام کردو بۆم دەرکەوت کە خۆپەرستییەکی راستەقینەو رقێکی جدی هەیە بەرامبەر هەمو هاوکاری و یارمەتییەك. هەروەها رقەبەرایەتیکردنی دەسەڵاتیش باڵادەستە و لە پەیوەندیکردندا خۆپارێزن. هەروەها بۆم دەرکەوت کە هێندەیان لە بانقی سۆزداریی راکێشاوە کە ئەوپەڕی بێمتمانەیی بە یەکتری بۆتە کەلتورێکی باو. بەڵام من پرسیارم کردو وتم: با قوڵتر تەماشای کێشەکە بکەین. بەڕای تۆ ئەو خەڵکە بۆچی هاوکارییت ناکەن و لەو هاوکارینەکردنە چییان دەست دەکەوێت؟

وەڵامی دامەوە وتی: هیچیان دەست ناکەوێت. بە پێچەوانەوە، دڵنیات دەکەمەوە ئەگەر هاوکاریی بکەن دەستکەوتی زۆر زیاتریان دەبێت.

پرسیم: ئاووا؟

لەپشت پەردەی دیوارێکی زوورەکەی نوسینگەی ئەم کابرایە تابلۆیەك هەڵواسرابو. تابلۆکە وێنەی کۆمەڵێك ئەسپی رایسز بو کە لەسەر هێڵی پێشبڕکێکە وەستابون و روخساری هەر ئەسپێك وێنەی روخساری بەڕێوەبەرێکی خرابوە سەر. لە کۆتایی گۆڕەپانی پێشبڕکێکەش پۆستەری گەشتێکی دڵڕفێن بو بۆ (بەرمۆدا)،

Scanned by CamScanner

لەگەڵ وێنەی ئاسمانێکی شین و کۆمەڵێك پەڵە هەوری ورد و ژن و پیاوێك دەستیان لەناو دەستی یەکتردا بە قەراغ دەریاکەدا پیاسەیان دەکرد.

هەمو هەفتەیەك ئەم پیاوە تێکڕای کارمەندەکان بانگ دەکاتە ئەم نوسینگەیە و باسی یارمەتی دەکات "دەی با پێکەوە کاربکەین، بە یارمەتیدانی یەکتری پارەیەکی زۆرمان دەست دەکەوێت" ئینجا پەردەکە لادەدات و تابلۆی سەردیوارەکەیان نیشان دەدات و دەڵێت: "ئێستا کێ لە ئێوە خەڵاتی گەشتکردنی بەرمۆدا دەباتەوە؟"

لەراستیدا ئەمە وەکو ئەوە وایە بە گوڵێك بڵێیت خێراکە بڕوێ و کەچی گوڵێکی دیکە ئاوبدەیت. هەروەها وەکو ئەوە وایە بڵێیت: تا ورەمان چاك نەبێت هەر بەردەوام دەبین. ئەم کابرایە داوای یارمەتی دەکات و هاوکاریکردنی مەبەستە. دەیەوێت ئەوانەی کاری لەگەڵدا دەکەن یارمەتی یەکتری بدەن و یەکتری بەشدار بکەن و هەموان سودمەندبن، کەچی لەهەمان کاتیشدا دەیانخاتە پێشبڕکێوە لەگەڵ یەکتریدا، چونکە سەرکەوتنی بەڕێوەبەرێك واتە شکستهێنانی بەڕێوەبەرەکانی دیکە.

وەك زۆربەی ئەو نیشانەی دیکە کە لەناو خێزان و شوێنی کارو پەیوەندییەکانی دیکەدا روو دەدەن، هۆکاری ئەم کێشەیەش پارادیمی هەڵە بو. سەرۆکەکە هەوڵی دەدا بەری هاوکاری لە پارادیمی کێبڕکێکردنەوە بچنێتەوە. کە بینیشی ئەمە دادی نادات ویستی هانا بباتە بەر تەکنیك و پرۆگرام و دەرمانێکی خێرا لە پێناوی ئەوەی کارمەندەکانی هاوکاریی یەکتری بکەن.

بەڵام دیارە بەبێ گۆڕینی رەگ و ریشەی درەختەکە ناتوانیت میوەکە بگۆڕیت. کارکردن لەسەر رەفتار و هەڵسوکەوتی خەڵکە وەکو هەڵپاچینی درەخت وایە. لەبەر ئەوە ئێمە هاتین لەبری ئەوە جەختمان کردە سەر پێشخستن و زیادکردنی توانا رێکخراوەیی و تاکە کەسییەکان بە شێوازێکی تەواو جیاواز لەرێی گەشەدان بە زانیارییەکان و بە سیستمی پاداشتەکان کە سەرلەنوێ بایەخی هاوکاریکردنی چەسپاند.

یەکەم هەنگاو لە سەربەخۆییەوە بەرەو هاوکاریکردن لەگەڵ خەڵکیدا هەنگاونانە بەرەو رۆڵی سەرکردایەتی، ئیتر گرنگ نییە ئەوکەسە بەڕێوەبەربێت یاخود دەرگاوان. بەم هەڵوێست و هەنگاونانە کەسەکە دەبێتە خاوەنی کاریگەرێتی گرنگ لەسەر کەسانی دیکە. ئەمەش ناوەڕۆکی بیرکردنەوەیە بە شێوازی براوە/ براوە کە خوویەکە تایبەت بە کۆنترۆڵکردنی پەیوەندییەکان لەنێوان خەڵکیدا.

Scanned by CamScanner

شەش پاردایمەکەی پەیوەندی نێوان خەڵك

بیرکردنەوە بە شێوازی براوە – براوە (سودی هەموان) بە تەنیا هەر تەکنیك و ڕێگایەکی کارکردن نییە، بەڵکو فەلسەفەیەکی تەواوە بۆ کارلێکە مرۆڤایەتییەکان. ئەم شێوازە، لەڕاستیدا، یەکێکە لە شەش پارادیمی کارلێکی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ یەکتریدا .. پارادیمەکانی دیکە بریتین لە براوە – دۆڕاو، دۆڕاو – براوە، دۆڕاو – دۆڕاو، براوەی تەنیا و براوە – دۆڕاو، یاخود هیچ.

براوە/ براوە

براوە/ براوە چوارچێوەی ئەو ئەقڵ و دڵەیە کە هەمیشە و لە هەمو پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا بیر لە سودی هەردولایەنەکە دەکاتەوە.

براوە / براوە مانای وایە کە چارەسەرەکان و ڕێکەوتنەکان سودی هەردولایەنەکەیان تێدایە و هەردولا پێی قایلن. ئەم شێوازی چارەسەرە مایەی خۆشحاڵی هەردولایەنەکەیە و پابەندیان دەکات بە پلانی کارکردنەکەوە. براوە – براوە بەو چاوە تەماشای ژیان دەکات کە گۆڕەپانێکە بۆ هاوکاری نەك بۆ ململانێکردنی یەکتری. ئێمەی مرۆڤ زۆربەمان ئەقڵێکی دوالیزمیمان هەیە. بەهێز یاخود لاواز، توندوتیژی یاخود نەرمونیانی، ببەمەوە یان بدۆڕێم. بەڵام ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە ناتەواوییەکی گەوهەریی تێدایە، چونکە بیرکردنەوەیەکە بناغەی بریتییە لە دەسەڵات و هەڵوێست نەك بنەماو پرنسیپ. براوە/ براوە لەسەر ئەو پارادیمە دارێژراوە کە "شتەکە" بەشی هەمو کەس دەکات و سەرکەوتنی کەسێك هەرگیز لەسەر حسابی مەحرومکردنی خەڵکی دیکە نییە لە سەرکەوتن.

براوە/ براوە باوەڕهێنانە بە ئەڵتەرناتیفی سێیەم. ڕێگاکە ڕێگاکەی من نییە، هەروەها ڕێگاکەی تۆش نییە، بەڵکو ڕێگایەکی چاکترە، ڕێگایەکی باڵاترە.

براوە/ دۆڕاو

یەکێك لە ئەڵتەرناتیفەکانی شێوازی براوە – براوە، بریتییە لە شێوازی (براوە/ دۆڕاو). کە پارادیمی پێشبڕکێکەیە بۆ بەرمۆدا. پارادیمەکە دەڵێت ئەگەر من براوە بم، تۆ دۆڕاویت.

لە گۆشەنیگای خەڵکانی سەرکردەوە، براوە – دۆڕاو شێوازێکی سەرکوتکەرانەیە:

"من دەگەم بەڵام تۆ نابێت بگەیت" کەسێك ئەم شێوازە پەیڕەو بکات حەزی لێیە دەسەڵات و توانا و پارەو تاکڕەوێتی خۆی بەکاربهێنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی.

ئێمە زۆربەمان هەر لە منالییەوە لەسەر ئەم شێوازی کارکردنە ڕاهێنراوین. یەکەمین و گرنگترین پێگە لەم ڕووەوە خێزانە. کاتێك کە منالێك بە منالێکی دیکە بەراورد دەکرێت و سۆز و خۆشەویستی و پشوودرێژی و لێکتێگەیشتن لەسەر بنەمای ئەم بەراوردکارییانە دەدرێت بە منالەکە یاخود لێی دەسەندرێتەوە، ئەوە مانای وایە شێوازی براوە/ دۆڕاو پەیڕەو دەکات. تۆ ئەگەر کەسێکت بە مەرج خۆش بوێت و کەسەکە ناچاربێت ئەو خۆشەویستی‌یە بەدەست بهێنێت کەواتە خۆی لە ناخەوە شایستەی ڕێزو خۆشەویستی نی‌یە. نرخەکە لە ناخی ئەودا نی‌یە، بەڵکو لە دەرەوەیە. لە بەراوردکردنیدایە بە کەسێکی دیکە یاخود دەرهەق بە پێشبینی و مەرجێکی دیاریکراو،

گەنج چونکە هەستیارە و خێرا دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوەو زۆر پێویستی بە پشتیوانی و هاندانی دایك‌و باوکی هەیە، لەبەرئەوە ئەم خۆشەویستی‌یە مەرجدارە وای لێ دەکات بە شێوازی براوە – دۆڕاو بیربکاتەوە و ڕەفتار بکات.

"ئەگەر من لە براکەم چاکتر بم، دایك و باوکم زیاتر منیان خۆش دەوێت، کەواتە من هێندەی ئەو گرنگ و بایەخدار نیم". نمونەیەکی بەهێزی دیکەی ئەم شێوازە لەناو هەرزەکارە هاوتەمەنەکاندایە، کە لە سن و ساڵێکی نزیك یەکتریدان و زۆریش ململانێی یەکتری دەکەن. لەسەرەتادا منال بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە دایك و باوکی قبوڵی بکەن، پاشان لەلایەن هاوتەمەنەکانیەوە. ئیتر ئەو هاوتەمەنە هاوڕێی بێت یاخود خزم. هەموشمان دەزانین کە هەندێك جار هاوتەمەن زۆر دڵڕەقە. ئەمانە زۆربەی کات لەسەر بناغەی پێوەرەکانی خۆیان بڕیار دەدەن کەسی بەرامبەر قبوڵ بکەن یان ڕەتی بکەنەوە. پێوەرەکەش ئەوەیە کە ئەوکەسە چەندێك دەگونجێت لەگەڵ ڕەفتار و پیاراپەرموونی ئەماندا. ئەمەش دیارە هێندەی دیکە شێوازی براوە/ دۆڕاو دەچەسپێنێت.

دنیای زانکۆ و خوێندنی ئەکادیمیاییش نمونەیەکی دیکەیە لەو نمونانەی کە شێوازی براوە/ دۆڕاو برەو پێدەدەن. شێوازی دابەشکردن و وەرگرتنی نمرە، بە

Scanned by CamScanner

شێوەیەکی بنەڕەتی دەڵێت، تۆ بۆیە نمرەی (٨٠)ت وەرگرتووە چونکە کەسێکی دیکە نمرەی (٦٠)ی وەرگرتووە. کەواتە نرخی تۆ ئەنجامی بەراوردکار تۆیە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا. کەواتە هیچ دانپێدانانێك نییە بە بەها ناوەکییەکانی مرۆڤ هەمو کەسێك لە دەرەوە پێناسە دەکرێت و نرخەکەی دیاری دەکرێت.

"نۆی چەندم پێخۆشە لەم کۆبونەوەیەی باوکاندا بینیمیت. بەڕاستی پێویستە شانازی بکەیت بە کچەکەتەوە کە لە خوێندکارە هەرە زیرەکەکانە"

"ئەمە مایەی خۆشحاڵیمە"

"بەڵام (جۆنی) کوڕت کێشەی هەیە. نمرەکانی زۆر نزمن"

"بەڕاست؟! نۆی کە ناخۆشە! ئەی باشە چی بکەین؟"

ئەوەی ئەم بەراوردکارییە پێت ناڵێت ئەوەیە کە رەنگە (جۆنی) بەهێزی هەشت سیلندەر هەوڵ دەدات و ماندو دەبێت، بەڵام هەوڵی کچەکە لەنێوان ٤ ـ ٨ سلیندەردایە. واتە مرۆڤ وەکو خودی خۆی ناناسرێت و نرخی بۆ دانانرێت و لەگەڵ تواناکانی خۆیدا و هەوڵدانی ئێستای خۆیدا بەراورد ناکرێت، بەڵکو دەخرێتە بەراوردکارییەوە لەگەڵ خەڵکی دیکەدا. هەر ئەم پلەی بەراوردکارییەشە بەها کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکات و دەرگای هەل و فرسەتەکان کۆنترۆڵ دەکات. ئەوەی لە هەناو و کرۆکی پرۆسەی فێرکردندایە ململانێیە نەك هاوکاری. لەڕاستیدا بەو چاوە تەماشا دەکرێت کە پەیوەستە بە فێڵ و چەواشەکردنەوە.

نمونەیەکی دیکەی شێوازی براوە/ دۆڕاو لە بواری وەرزشدایە، بەتایبەت بۆ لاوانی قۆناغەکانی ئامادەیی و زانکۆ. زۆرجار ئەمان دەبنە خاوەنی پارادیمێك کە دەڵێت ژیان یارییەکی گەورەیە، یارییەك کە دەرەنجامەکەی سفرە چونکە بەشێك دەیباتەوە و بەشێکیش دەیدۆڕێنێت. لە بواری وەرزشدا (بردنەوە) واتا باڵادەستی.

بوارێکی دیکەی ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بواری یاسا و دادگایە. بێگومان ئێمە هەمومان پێویستمان بە یاسایە و لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە یاسا دەیپارێزێت. ئێمە کاتێك لەگەڵ کەسێکدا توشی کێشەیەك دەبین، یەکەمین مەسەلە بیری لێ بکەینەوە ئەوەیە بیدەینە دەست دادگا. واتە لەسەر حسابی ئەو کەسە (براوە) بین. بەڵام ئەم جۆرە ئەقڵییەتە داکۆکیکارە نە خوڵقێنەرە و نە هاوکار.

ئێمەی مرۆڤ بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە یاسایە، ئەگینا کۆمەڵگا دەفەوتێت.

Scanned by CamScanner

یاسا مایەی مانەوەی کۆمەڵگایە، بەڵام ناتوانێت هاوکاریی خولقێنەر فەراهەم بکات. ئەوبەڕەکەی بتوانێت کێشەی نێوان خەڵکەکە هەموار بکات، چونکە یاسا لەسەر بنەمای ناکۆکی و شکات دامەزراوە. ئارەزوی ئەوەی پارێزەرەکان و خوێندنگاکانی یاسا هان بدرێت کە هەوڵ بدەن هەردولایەنەکە بخەنە دانوستانەوە بەمەبەستی گەیشتنە چارەسەرێکی براوە/ براوە. چارەسەری کۆتایی کێشەکە نییە بەڵام دەتوانێت هۆشیارییەکی زیاتر دەربارەی ناکۆکییەکە دەستەبەر بکات.

بێگومان بواری شێوازی براوە/ دۆڕاو لەو شوێن و بێگانەدایە کە بەراستی شوێن و پێگەی ململانێن و ئاستی متمانەکردن تیایاندا ئاستێکی نزمە. بەڵام پێویستە ئەو راستییە بزانیت کە بەشێکی زۆری ژیان بریتی نییە لە ململانێ و پێشبڕکێ. ئێمە پێویست ناکات ژیانی رۆژانەمان تەرخان بکەین بۆ پێشبڕکێ کردن لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و هاوسێ و هاوکار و هاوڕێکانماندا. بەراستی ئەو پرسیارە زۆر گەوجانەیە کە دەپرسێت لەم هاوسەرگیرییەدا کاممان براوەین؟ چونکە ئەگەر هەردوکتان براوە نەبن، بە دڵنیاییەوە هەردوکتان دۆڕاون.

بەشێکی زۆری ژیان پەیوەستە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا نەک بە سەربەخۆیی خۆمانەوە. زۆربەی ئەو ئامانج و ئەنجامانەی کە دەمانەوێن پەیوەستن بە هاوکاریمانەوە بە خەڵکانی دیکەوە و ئەقڵیەتی براوە – دۆڕاو لەراستیدا ئەم پەیوەندییە دەشێوێنێت.

شێوازی بیرکردنەوەی دۆڕاو/ براوە

هەندێک کەس شێوازی دیکە پەیڕەو دەکەن – شێوازی دۆڕاو/ براوە.

(زیانی خۆت و سودی خەڵکی)

(من دەدۆڕێم – تۆ قازانج دەکەیت)

(بەردەوام بە. رێگەی خۆت لەگەڵ مندا ببڕە)

(ئەمجارەش پێت بنێ پێمدا – هەمو کەس وادەکات)

(من دۆڕاوم. من هەمیشە دۆڕاو بوم).

(من ئاشتیخوازم. هەمو شتێک دەکەم لەپێناوی پاراستنی ئاشتیدا). شێوازی دۆڕاو/ براوە، شێوازێکە زۆر لە براوە/ دۆڕاو خراپترە. چونکە نە پێوەری هەیە و نە هاوکاری هەیە و نە تێڕوانین. ئەوانەی بە شێوازی دۆڕاو/ براوە بیردەکەنەوە

هەمیشە پەلەیانە لەوەی کە خۆیان قایل بکەن یان بەرامبەرەکەیان. هێزەکە لەوەدا دەبینن کە جەماوەریان هەبێت یاخود قبوڵ بکرێن. هێندە ئازانین بتوانن گوزارشت لە هەست و بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان بکەن و زوو تەسلیمی ئەو خەڵکانە دەبن کە کەسایەتییان بەهێزە (خود، ego)

لە دانوستانەکاندا ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە (براوە/ دۆڕاو) جۆرێکە لە تەسلیمبون – وازهێنان یاخود ملکەچبون. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە بۆ سەرکردایەتیکردن دەست نادات چونکە بە جۆرێك لە نەرمونیانی و چاوپۆشیلێکردن حساب دەکرێت. بیرکردنەوە بە شێوازی دۆڕاو/ براوە دەیەوێت بتکات بە کەسێکی چاك (پیاوێکی چاك) تەنانەت ئەگەر خەڵکە باشەکەش هیچ ئامانجێك بەدەست نەهێنن.

ئەوانەی بە شێوازی براوە/ براوە بیردەکەنەوە مەیلیان بەلای لایەنگرانی شێوازی دۆڕاو/ براوە زۆرە و خۆشیان دەوێن چونکە دەتوانن لەسەریان بژین (وەك دەڵێن رزقیان لەسەر ئەم جۆرە کەسانەیە). حەزیان لە لاوازییەکانی ئەم جۆرە کەسانەیە و سودی لێ وەردەگرن بۆ خۆیان. واتە لاوازییەکەی ئەوان دەبێتە مایەی زیاتر بەهێزبونی ئەمان.

بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەسانی شێوازی دۆڕاو/ براوە بەشێوەیەکی وان کە بەشێکی زۆری هەست و دیدو بۆچوونەکانیان دەشارنەوە.

دیارە هەر هەست و ئارەزوویەکیش کە خاوەنەکەی نەتوانێت گوزارشتیان لێ بکات مانای وا نییە دەمرن. نەخێر هەرگیز نامرن و بە زیندویی لە قوڵایی ناخی کەسەکەدا دەمێننەوە و دواتر بە رێگای خراپتر و ناشیرینتر دەردەکەون. بۆ نمونە نەخۆشییە دەرونی – جەستەییەکانی کە هۆکاری ئەقڵی و سۆزداریی تایبەتیان هەیە، وەك نەخۆشییەکانی دڵ و کۆئەندامی هەناسە و نەخۆشییە دەمارییەکان لەراستیدا بەرجەستەکردنی هەستکردنن بە شکست و تورەیی و ئائومێدبون و وەهم کە هەمویان بەهۆی ئەقڵیەتی دۆڕاو/ براوەوە سەرکوت کراون و شاردراونەتەوە. تورەبونی ئاناسایی و گاڵتەپێکردن و کاردانەوەی توندوتیژ بەرامبەر بچوکترین وروژاندن چەند نمونەیەکی دیکەی بەرجەستەکراوی ئارەزووە سەرکوتکراوەکانن.

مرۆڤ ئەگەر بەردەوام هەست و ئارەزووەکانی بشارێتە و هەوڵ نەدات کە

بیانگۆڕێت بە ئامانجی باشتر و باڵاتر، دواتر دەبینێت کە ئەمە کاری خراپ دەکاتە سەر جۆری ڕێز لەخۆگرتن و لە ئاکامیشدا پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکیدا تێک دەچن.

لەمەوە بۆمان دەرکەوت کە هەردوو شێوازەکە: براوە – دۆڕاو و دۆڕاو – براوە شێوازی لاوازن بناغەکەیان بریتییە لە نیگەرانی و ناسەقامگیری. دیارە شێوازی براوە/ دۆڕاو لە کورت مەودادا دەتوانێت ئەنجامی زیاتر و باشتر دەستەبەر بکات چونکە بەشێوەیەکی گشتی و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا پشت دەبەستێت بە هێز و بەهرەی کەسانی سەرەوە. بەڵام شێوازی دۆڕاو/ براوە هەر لەسەرەتاوە لاواز و تەمومژاوییە.

ڕێژەیەکی زۆری بەڕێوەبەران و جێبەجێکاران و تەنانەت باوکانیش وەکو بەندۆڵی سەعات لەنێوان ئەم دوو شێوازی بیرکردنەوەیەدا دێن و دەچن، جارێک براوە/ دۆڕاو پەیڕەو دەکەن و جارێکی دیکە لایەنگری دۆڕاو/ براوەن. براوە/ دۆڕاو ڕێز بۆ هیچ پێوەر و مەسەلەیەك دانانێت و دۆڕاو/ براوەش نەرمونیانە و چاوپۆشی لە زۆر مەسەلەو پرنسیپ دەکات.

ئەم جۆرە کەسانە ناتوانن ماوەیەکی زۆر خۆیان ڕابگرن لەبەرامبەر نائارامی و سەرلێشێوان و کەمی دیسپلین و پێشبینی و سیستەم. یەکسەر هەڵوێست دەگۆڕن و دێن شێوازی براوە/ دۆڕاو پەیڕەو دەکەن تا ئەوکاتەی هەست کردن بە تاوان ورەیان دادەبەزێنێت و تاقەتی ئەو جۆرە ڕەفتارەیان تێدا نامێنێت و لەئاکامدا جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە سەر ڕێبازی دۆڕاو- براوە تا ئەوکاتەی توڕەیی و نائومێدی زۆریان بۆ دەهێنێت و سەرلەنوێ جارێکی دیکە دەچنەوە سەر شێوازی براوە/ دۆڕاو.

دۆڕاو/ دۆڕاو

بەریەککەوتنی دووکەسی لایەنگری ڕێبازی براوە/ دۆڕاو بریتییە لە کارلێکی نێوان دووکەسی کەللەڕەق و خۆپەرست کە لە بڕیاری خۆیان پەشیمان نابنەوە و ئەنجامەکەش بە زیانی هەردوکیان دەشکێتەوە. (دۆڕاو/ دۆڕاو) هەردولا زیانیان بۆدەگات و هەردولاش بە شوێنی تۆڵەسەندنەوەدا دەگەڕێن. خواخوایانە جارێکی دیکە بواریان بدرێتێ بۆ تۆڵەسەندنەوە. بەڵام نازانن کە تۆڵەسەندنەوە تیغێکی دوودەمەو پیاوکوشتنیش بەدەستی ئەنقەست لەڕاستیدا خۆکوشتنە.

من ئاگاداری پیاوێکم کە ژنەکەی تەڵاق داوە. حاکم پێی ڕاگەیاند پێویستە هەرچیەکت هەیە بیفرۆشیت و نیوەی پارەکەی بدەیت بە ژنە کۆنەکەت. ئەویش هەستا ئوتومبیلە دە هەزار دۆلارییەکەی فرۆشت بە پەنجا هەزار دۆلار و لەو پارەیە بیست و پێنج هەزار دۆلاری نارد بۆ ژنە کۆنەکەی. کاتێک ژنە کۆنەکەی کردی بە هەرا، تەماشایان کرد هەمو شتەکانی دیکەی ئاوا تاڵانفرۆش کردووە.

هەندێک کەس هێندە بیر لە دوژمنەکەیان دەکەنەوە و هێندە خەیاڵ دەدەنە ڕەفتاری کەسەکەی بەرامبەریان کە ئیتر هیچ شتێکی دیکە نابینین جگە لەوەی چۆن وابکەن ئەوکەسە زیانی پێبگات، تەنانەت ئەگەر شتەکە بە زیانی خۆشیان تەواو ببێت. ئەم شێوازی دۆڕاو/ دۆڕاوە فەلسەفەی ململانێی دوژمنکارانەیە و فەلسەفەی شەڕە. (کورد دەڵێت تۆپینی خۆی و زەرەری خاوەنی دەوێت)

شێوازی دۆڕاو/ دۆڕاو فەلسەفەی ئەو کەسانەشە کە خەمبار و دڵتەنگن و بێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی ماقوڵ هەبێت، بون بە بار بەسەر خەڵکییەوە. شێوازی دۆڕاو/ دۆڕاو دەڵێت: زیانیش بکەیت قەیناکە، بە مەرجێک بەرامبەرەکەیشت زیان بکات.

براوە:

شێوازێکی دیکەی بیرکردنەوەیە کە زۆر باوە، ئەوەیە کە تۆ قازانج بکەیت و بەس. خاوەنی ئەمجۆرە ئەقڵییەتە مەرج نییە پێی خۆش بێت بەرامبەرەکەی زیانی پێبگات. نەخێر مەسەلەکە ئەوە نییە. گرنگ ئەوەیە ئەم خۆی بگاتە ئامانج و بەس. شێوازی براوە ڕەنگە ئاسانترین و باوترین شێوازبێت بەتایبەت لەو بابەت و مەسەلانەدا کە کێبڕکێ و ململانێیان تێدا نییە: خاوەنی ئەم جۆرە ئەقڵیەتە بیر لە زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت: تۆش ئازابەو بەرژەوەندییەکانی خۆت بپارێزە.

کام شێوازە باشترینە؟

پێنج فەلسەفەکەی کە تا ئێستا باسمان کردن بریتین لە: براوە/ براوە، براوە/ دۆڕاو، دۆڕاو/ براوە، دۆڕاو/ دۆڕاو، پێنجەمینیش شێوازی براوەیە واتە قازانجی خۆت و بەس. ئەگەر بپرسین بڵێین کامەیان لە هەموان باشتر و کاریگەرترە؟ وەڵامەکە دەڵێت بەپێی بابەتەکەیە. بۆ نمونە لە یاری فتبۆڵێندا سەرکەوتنی تۆ تەنیا بەوە

Scanned by CamScanner

دێتە دی کە تیمەکەی بەرامبەر بدۆڕێت. هەروەها ئەگەر لە نوسینگەیەکی ناوچەییدا کاربکەیت کە چەندین میل لە نوسینگە ناوچەییەکی دیکە دوور بێت و ئەم دوو نوسینگەیە بە کردەوە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ یەکتریدا نەبێت ئەوا ئاساییە پێشبڕکێکەت لەگەڵیدا بە شێوازی براوە/ دۆڕاو بێت بەمەبەستی ئەوەی کارەکە بخەیتە جوڵە و هاندان بێنیتە ئاراوە .. بەڵام بە دڵنیاییەوە شێوازی براوە/ دۆڕاو بۆ ئەو جۆرە کارو بوارانە دەست نادات کە ئەنجامەکە پێویستی بە هاوکاری گروپ و تاکەکانە لەنێوان خۆیاندا بۆ بەدەستهێنانی ئەوپەڕی سەرکەوتن، هەروەها لەو بوارانەشدا کە ململانێ لەناو کۆمپانیاکەدا هەبێت، یاخود بۆ نمونە خەڵاتێکی دیاریکراو هەبێت بۆ براوە (وەك نمونەکەی پێشبڕکێکردن بۆ گەشتی بەرمۆدا)

ئەگەر لە پەیوەندییەکی دیاریکراودا هەستت کرد مەسەلەکە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، ئەوا بیرکردنەوە بە شێوازی دۆڕاو/ براوە لە هەندێك بارودۆخدا گونجاوە بۆ ئەوەی راستگۆیی و خۆشەویستی خۆت بۆ کەسەکە بسەلمێنیت (تۆ بەلامەوە گرنگیت نەك مەسەلەکە، لەبەر ئەوە باشترە کە بە دڵی تۆ بێت). نمونەیەکی دیکەی ئەو حاڵەتانەی کە شێوازی دۆڕاو/ براوە گونجاوە ئەوەیە کە ئەگەر هەست بکەیت بردنەوەت لەم گەمەیەدا زیان بە بنەما باڵاکانت دەگەیەنێت و ئەوە ناهێنێت خۆتی بۆ ماندو بکەیت و کاتی تیا بەفیڕۆ بدەیت.

دیارە هەندێك بارودۆخی دیکەش هەن کە دەتەوێت براوە بیت تیایاندا و زۆر بەلاتەوە گرنگ نییە ئەم بردنەوەیە کارێکی چۆن دەکاتە سەر بەرامبەرەکەت (ئەویش براوە دەبێت یاخود دەدۆڕێت). بۆ نمونە ئەگەر ژیانی منداڵەکەت لە مەترسیدا بێت، ئەوا گرنگترین مەسەلە بەلای تۆوە رزگارکردنی ژیانی منداڵەکەتە و هێندە گوێ نادەیتە خەڵکەکە و بارودۆخەکە.

کەواتە هەڵبژاردنی شێوازەکە پەیوەستە بە واقیعی مەسەلەکەوە. گرنگترین مەسەلە ئەوەیە چۆن ئەو واقیعە بەراستی و بە وردی بخوێنیتەوە.

لەراستیدا زۆربەی هەڵوێستەکان جۆرێك لە هاوکاری و یەکترتەواوکردنیان تێدایە، لەم حاڵەتەشدا تاقە هەڵبژاردن لەناو ئەو پێنج هەڵبژاردەیەدا فەلسەفەی براوە/ براوەیە (چاکەی هەموان) کە قابیلی جێبەجێکردن بێت.

فەلسەفەی براوە/ دۆڕاو قابیلی جێبەجێکردن نییە، چونکە هەڵوێست و

Scanned by CamScanner

بیروبۆچونت بەرامبەرم دەگۆڕێن. بۆ نمونە: ئەگەر من هاوردەکاری کەلوپەل بم بۆ کۆمپانیاکەتان و لەرێی جۆرە دانوستانێکەوە قازانجێك بۆ خۆم مسۆگەر بکەم کە بە زیانی تۆ تەواو ببێت و ئەمرۆ بگەمە ئەو ئامانجەی مەبەستم بوو، ئایا تۆ ئامادەیت جارێکی دیکە مامەڵەم لەگەڵدا بکەیت؟ دەستکەوتێکی کەمی کورتخایەن ئەگەر چاك لێی وردبیتەوە، لە مەودایەکی درێژخایەندا زیانە، بە تایبەت ئەگەر ئیتر هیچ مامەڵەیەك لەنێوانماندا روونەدات. لەبەرئەوە فەلسەفەی براوە/ دۆڕاو بۆ ئەو کەسانەی کە بیانەوێت هاوکاریی خوڵقێنەر بنوێنن لە مەودایەکی درێژدا دەبێتە دۆڕاو/ دۆڕاو.

شێوازی دۆڕاو/ براوەش، بەهەمان شێوە، رەنگە لەم چرکەساتەی ئێستادا مەبەستەکەت بۆ بهێنێتەدی. بەڵام ئایا ئەم شێوازی بیرگرتنەوەیە کارناکاتە سەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان من و تۆ و ئایا ئەمەك و پابەندبونم بە رێکەوتنەکەوە ناگۆڕێت؟ رەنگە وام لێ بێت کە ئیتر حەزنەکەم دڵخۆشت بکەم و لە دانوستانەکانی ئایندەدا هەوڵ بدەم زیانت پێ بگەیەنم و پەیوەندییم لەگەڵ ئەوانەدا پتەو دەبێت کە بە جۆرێکی خراپ لە خۆت و لە کۆمپانیاکەت تێگەیشتون. بەمەش وامان لێ دێت هەمومان خۆمان لە چوارچێوەی دۆڕاو/ دۆڕاودا ببینینەوە و ئاشکراشە کە فەلسەفەی دۆڕاو/ دۆڕاو (زیانی هەموان) بە هیچ جۆرێك قابیلی جێبەجێکردن نییە.

خۆ ئەگەر تەنیا هەر جەخت لەسەر قازانجی خۆم بکەم و هیچ حسابێك بۆ بیروبۆچونی تۆ نەکەم، ئەوا پەیوەندییەکەمان هیچ بەرهەمێکی نابێت.

ئەگەر لە مەودای دووردا هەردوولامان قازانج نەکەین مانای وایە هەردوکمان دۆڕاوین. لەبەرئەوە تاقە هەڵبژاردە شێوازی براوە- براوەیە لەو واقیعانەدا کە هاوکاری و هاودەستییان تێدایە.

جارێکیان ئێشم لەگەڵ کابرایەکدا دەکرد سەرۆکی کۆمەڵێك فرۆشگا بو. پێی وتم: "ئەو بیرۆکەیەی کە داوادەکات هەردولا براوە بن بە رواڵەت بیرۆکەیەکی جوانە، بەڵام زۆر ئایدیالییە و لە واقیعدا مەحاڵە. چونکە دنیا واقیعی و بەهێزەکەی بازرگانی بەم شێوەیە نییە. لە هەمو شوێنێك دۆڕاو هەیە و براوە هەیە. تۆش هەر ئەو یارییەت لەبەردەمدایە."

پێم وت: "زۆرچاکە. بیر لە شێوازی دۆڕاو/ براوە بکەرەوە. خۆت قازانج بکەی و بەرامبەرەکەت زیانی پێ بگات. ئایا ئەمە شێوازێکی کردەنی و باشە؟

وەڵامی دامەوە: نەخێر؟

- بۆچی

* چونکە هەمو کرپارەکانم لەکیس دەچێت.

- زۆرچاکە. کەواتە شێوازی دۆڕاو/ براوە بەکاربهێنە. دەستبەرداری فرۆشگاکەت بە.

* ناتوانم ئەوە بکەم. نە هێندە پارەدارم و نە رێکخراوی خێرخوازییم داناوە.

ئیتر کە هەمو شێواز و رێگا جۆراوجۆرەکانمان شی کردەوە، بۆمان ئاشکرابو کە شێوازی براوە/ براوە تاقە شێوازێکە کە بەڕاستی واقیعی بێت.

وتی: وابزانم ئەم شێوازە بۆ کرپارەکان باشە، بەڵام بۆ هاوردەکاران دەست نادات.

پێم گوت: بەڕای تۆ، ئەو کابرایەی کاڵا بۆ تۆ دەهێنێت بۆچی ئەم پرنسیپە جێبەجێ ناکات؟

وتی: ئەوی راستی بێت من لەگەڵ خاوەنەکانی ئەم مۆڵە و هەروەها لەگەڵ کاربەدەستەکانیشدا مەسەلەی گرێبەستەکانمان باس کردو شێوازی براوە — براوەمان پەیڕەوکرد. زۆر کراوە و لۆجیکی بوین لەگەڵیاندا و هەوڵمان دەدا رازییان بکەین و دڵیان رابگرین، بەڵام ئەوان ئەم هەڵوێستەی ئێمەیان بە لاوازی حساب کرد بۆمان و لە ئەنجامدا شکستمان خوارد.

لێم پرسی: بۆچی شێوازی دۆڕاو/ براوەت پەیڕەو نەکرد

- پەیڕەومان نەکرد. شێوازی براوە/ براوەمان بەلاوە پەسەندبو

* فەرموت ئەوان لە دانوستانەکاندا ئێوەیان بەزاند

- بەڵێ

* یەعنی دۆڕانتان؟

- بەڵێ

* ئێوە دۆڕانتان و ئەوان بردیانەوە؟

- بەڵێ

* کەواتە ئەم شێوازە ناوی چییە؟

Scanned by CamScanner

کابراکە تێگەیشت ئەوەی ئەو بە شێوازی براوە/ براوە تێی گەیشتووە لەراستیدا شێوازی دۆڕاو/ براوە بوو، توشی شۆك بوو. کە لە ئەنجامی دوورمەودای ئەم شێوازەش وردبوینەوە و تێبینی ئەو هەمو بنەما پێشێل کراوەو ئەو رق و بێزاریەیان کرد کە لەدیوی ناوەوەی پەیوەندییەکاندا خۆیان دەخۆنەوە، تێگەیشتن کە مەسەلەکە لەراستیدا بە زیانی هەموان (دۆڕاو/ دۆڕاو) کۆتایی هاتووە.

ئەم کابرایە ئەگەر بەراستی شێوازی براوە/ براوەی مەبەست بوایە دەبو ماوەیەکی زۆرتر بۆ پەیوەندیکردنەکە تەرخان بکات و زیاتر گوێی لە خاوەنی مۆڵەکە بگرتایە ئینجا بە نازایەتییەکی زۆرترەوە بیروبۆچونی خۆی دەربڕیایە و بەردەوام بوایە لەسەر گیانی براوە/ براوە تا ئەوکاتەی دەگەیشتنە چارەسەرێك هەردولایەنەکە پێی رازی ببن و ئەمەش هەڵبژاردەی سێیەمە. کە دەبوایە هەڵبژاردەیەکی هاوکاریانەی داهێنەرانە بوایە.

شێوازی براوە/ براوە یان هیچ

ئەگەر ئەو کەسانە نەگەیشتنایەتە چارەسەرێکی داهێنەرانەی هاوکارانەی وا کە هەردوو لایەنەکە پێی رازی بن مەسەلەکە دەگەیشتە دۆخێکی گەورەتر لە شێوازی براوە/ براوە کە ئەویش شێوازێکە پێی دەوترێت شێوازی براوە/ براوە یان هیچ (واتە یان هەمووولایەنەکان سودمەند بن یاخود هیچ رێکەوتنێك نەکرێت.)

رێکنەکەوتن بە شێوەیەکی بنەڕەتی مانای ئەوەیە کە ئەگەر نەتوانین رێگە چارەیەك بدۆزینەوە سودی بۆ هەردوکمان هەبێت، ئەوا لەسەر ئەوە رێك دەکەوین کە رازی بین جیاوازیمان هەبێت و ئەو جیاوازیەشمان قبوڵ بێت. واتە هیچ رێکەوتنێك لەگۆڕێدا نابێت. ئیتر هیچ لەیەکتری چاوەڕوان ناکەین و کاری هاوبەش ئەنجام نادەین و لە کارەکەمدا هاوکاریم ناکەیت چونکە ئاشکرایە ئامانج و بنەماکانی من بێجەوانەی ئاراستەی ئەوانەی تۆن. دیارە کارێکی زۆر چاکیشە کە ئەگەر لەسەرەتاوە درك بەم راستیە بکرێت نەك لەگەڵ رەوتەکەدا بڕۆیت و لەپاشان نائومێد بیت کە دەبینیت کە پێشبینیەکانت نەهاتونەتە دی.

مرۆڤ ئەگەر لە مێشکی خۆیدا ئەم رێکەوتنە وەك یەکێك لە هەڵبژاردنەکان دابنێت، ئیتر هەست بە ئازادی دەکات، چونکە پێویستی بەوە نابێت گوشار بخاتە سەر خەڵکی و بەزۆر بەرنامەکەی خۆی بسەپێنێت. ئەم هەڵبژاردەیە مانای وایە

مرۆڤ هەم دەتوانێت گراوەبێت و هەم دەشتوانێت هەوڵ بدات راستگۆیانە لەو مەسەلانە تێبگات کە قوڵترن. سەرباری ئەم هەڵبژاردەیەش کە هەڵبژاردەی رێکنەکەوتنە دەتوانێت بڵێین لەراستیدا شێوازێکە لە شێوازی براوە/ براوە، کە من دەمەوێت خۆم قازانج بکەم و دەمەوێت تۆش قازانج بکەیت. نامەوێت بە شێوازێک رێگەی خۆم بگرمە بەر کە تۆ ناڕەحەت بکات. هەروەها باوەڕیش ناکەم تۆش هەست بە ئیسراحەت بکەیت ئەگەر ببینیت سەرکەوتنی تۆ تەسلیم بون و شکست هێنانی منە. لەبەر ئەوە با بە شێوازی براوە/ براوە کاربکەین. با هەوڵی بۆ بدەین و بەدوایدا بگەڕێین و ئەگەر ئەمان دۆزییەوە لەسەر ئەوە رێک بکەوین کە هیچ گرێبەست و رێککەوتنێکی کۆتایی نابەستین. رێکنەکەوتن زۆر لەوە باشترە کە لەگەڵ بڕیارێکدا بژین بۆ کەسمان گونجاو نەبێت. بەهەرحاڵ رەنگە رۆژێک بێت بتوانین بگەینە رێکەوتنێك دوای ئەوەی کە بە باشی تێگەیشتین چەمکی براوە/ براوە یان هیچ مانای چییە؟

سەرۆکی کۆمپانیایەکی بچکۆلەی بەرنامەکانی (سۆفت وەیر) ئەم ئەزموونەی بۆ گێڕامەوە:

"کۆمپانیاکە سیستمێکی نوێی سۆفت وەیری ئامادە کردو خستمانە بەردەم بانقێکی دیاریکراو بە گرێبەستێکی پێنج ساڵە. سەرۆکی بانقەکە زۆر سەرسام و خۆشحاڵ بو سەبارەت بە بەرنامەکە، بەڵام ستافەکەی لەراستیدا ئەم رێکەوتنەیان پێ خۆش نەبوو.

پاش چەند مانگێك بەڕێوەبەری بانقەکە گۆڕاو بەڕێوەبەرە تازەکە وتی: من بە گۆڕانکارییەکانی ئەم سیستمی سۆفت وەیرە رازی نیم و کێشەی بۆ ناومەتەوە کارمەندەکان حەزیان بەو پرۆگرامە نییە و ناتوانن ئیشی پێبکەن. لەبەر ئەوە راستگۆیانە پێتان دەڵێم ناتوانم چیتر لەسەر ئەم بەرنامەیە بەردەوام بم. لەڕووی یاساییەوە کۆمپانیاکەی من کێشەی دارایی گەورەی هەبوو، دڵنیاش بوم لەوەی کە ئەگەر بیگەیەنینە دادگا من دەعواکە دەبەمەوە و گرێبەستەکە جێبەجێ دەکرێت بەڵام لە ناخی خۆمدا باوەڕم بە شێوازی براوە/ براوە هەبوو.

لەبەرئەوە پێم وت: ئێمە گرێبەستێکمان لەنێواندایە و بانقەکەی ئێوەش خزمەتگوزاری ئێمەی بەدەست هێناوە بۆ گۆڕینی پرۆگرامەکە بەڵام وا هەست

دەکەم کە تۆ خۆشحاڵ نیت لەو رێککەوتنە، لەبەرئەوە ئێمە گرێبەستەکە و پارەی دڵنیاییەکەت بۆ دەگێڕینەوە. ئەگەر لە ئایندەشدا پێویستت بە چارەسەری بەرنامەی (سۆفت وەیر) هەبوو، دەتوانیت پەیوەندیمان پێوە بکەیت.

من بەم هەڵوێستەم زۆر بابەتیانە وازم لە گرێبەستێک هێنا کە بایی هەشتاوچوار هەزار دۆلار بوو، ئەمەش خۆکوشتنێکی دارایی بوو، بەڵام هەستم کرد کە ئەگەر پرنسیپی (براوە/ براوە یان هیچ) پرنسیپێکی راست بێت ئەوا لە ئایندەدا بابەتەکە دەگەڕێتەوە و پارەکەش دەدات.

پاش تێپەڕبونی سێ مانگ، بەڕێوەبەرە تازەکەی ئەو بانقە بانگهێشتی کردم و وتی: من دەمەوێت گۆڕانکاریی بکەم لە شێوازی داتاکان و دەمەوێت لەم بوارەدا کار لەگەڵ تۆدا بکەم. ئیتر گرێبەستێکی لەگەڵماندا ئیمزا کرد بە بڕی دوسەدو چل هەزار دۆلار."

هەر شتێک لە شێوازی (براوە/ براوە یان هیچ) کەمتربێت لە پەیوەندییە هاوکاریەکاندا نەکەوێتە پلەی دووەمەوە و لە دورمەودادا کاری خراپ دەکاتە سەر پەیوەندیەکان. نرخی ئەم کاریگەریەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد هەیە. تۆ ئەگەر نەگەیشتیتە براوە/ براوەیەکی راستەقینە، لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا وا باشترە هیچ رێککەوتنێک نەکەیت.

شێوازی براوە/ براوە یان هیچ لە پەیوەندیەکانی ناو خێزاندا سەربەستییەکی سۆزداری گەورە دەڕەخسێنێت. بۆ نمونە ئەگەر ئەندامانی خێزانێک زانییان کە هەر هەمویان چێژ لە تەماشاکردنی ڤیدیۆیەک نابینن، دەتوانن زۆر بە سادەیی بڕیاربدەن کارێکی دیکە بکەن. ئەویش رێک نەکەوتنە. ئەم رێک نەکەوتنە باشترە لەوەی هەندێکیان لەسەر حسابی هەندێکی دیکەیان چێژ وەربگرن.

* * *

هاوڕێیەکم هەیە کە ئەندامانی خێزانەکەی ماوەی چەند ساڵێک پێکەوە گۆرانیەیان دەوت. ئەوان کە منداڵ بون، هاوڕێکەم مۆسیقاکەی رێک دەخست و ئەو جلوبەرگەی بۆ دابین دەکردن کە لە ئاهەنگەکاندا دەیان پۆشی. هەروەها بەدەم پیانۆ لێدانیشەوە سەرپەرشتی گۆرانیوتنەکەیانی دەکرد.

Scanned by CamScanner

کە منداڵەکان گەورەبون و تەمەنیان هەڵکشا، زەوقی مۆسیقایشیان گۆڕانی بەسەردا هات و ویستیان لە مەسەلەی جلوبەرگ و لە چۆنێتی گۆرانیوتنیشدا ڕۆڵی گەورەتریان هەبێت، لەبەر ئەوە کەمتر گوێیان بە ڕێنماییەکانی هاوڕێکەم دەدا.

بەڵام هاوڕێکەم خاوەنی ئەزموونێکی چەندین ساڵە بوو لەو بوارەدا و دەیزانی خەڵك حەزی لە چییە. لەبەر ئەوە هەستی کرد پێشنیاری خوشك و براکانی پێشنیارێکی گونجاو نییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەیزانی کە ئەوان پێویستە ئازادی رادەربڕینیان هەبێت و بەشداری بکەن لە بڕیارەکاندا.

لەبەرئەوە هاوڕێکەم شێوازی (براوە/ براوە یان هیچ)ی پەیڕەو کرد و پێی وتن کە دەیەوێت لەگەڵیاندا بگاتە ڕێکەوتنێکی وا کە هەموویان پێی رازی بن، ئەگەر نا با بەدوای شێوازی دیکەدا بگەڕێن بۆ چێژوەرگرتن لە بەهرە و ئارەزووەکانیان. لە ئەنجامی ئەمەشدا خوشك و براکانی هەستیان بە ئازادی تەواو کرد لە چۆنێتی گوزارشت کردنی هەست و بیروبۆچوندا. تا وایان لێ هات ئەنجامەکە هەرچییەك بێت قبوڵی بکەن، چونکە ئیتر هەموویان لەروی سۆزدارییەوە هیچ گوشار و نیگەرانیەکیان لەسەر نەمابوو. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە زیاتر لە سەرەتای کارەکاندا باشە. لەسەرەتای پەیوەندی و یاخود دامەزراندنی کۆمپانیاکاندا، چونکە لەگەڵ بەردەوام بونی کارەکەدا جێبەجێکردنی ئەم شێوازە زەحمەتتر دەبێت و رەنگە گیروگرفتی توندی لێ بکەوێتەوە، بەتایبەت لە کاروباری خێزاندا، یان لەو ئیشوکارانەدا کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر سۆز و راستگۆیی هەڵچنراون.

مرۆڤ لە هەوڵی پاراستنی پەیوەندیەکاندا، رەنگە ساڵەهای ساڵ سازش لەدوای سازش پێشکەش بکات. لەم بوارەدا هەندێك بە شێوازی براوە/ دۆڕاو و هەندێك بە شێوازی دۆڕاو/ براوە رەفتار دەکەن. کەچی وا دەزانن کە ڕێبازی براوە/ براوە یان هیچ جێبەجێ دەکەن. ئەمەش کێشەی قورسی لێ دەکەوێتەوە هەم بۆ خەڵکەکە و هەم بۆ کاروبارەکانیش بەتایبەت ئەگەر پێشبڕکێکە لەسەر بناغەی براوە/ براوە یان هیچ دامەزرابوو. بەبێ ئەم ڕێکنەکەوتنە زۆر کارو پرۆژە دەڕوخێن یان شکست دەهێنن و یاخود رووبەرووی بەربەستی بەرپرسیارێتی دەبنەوە. ئەزموونەکانی ژیان دەریان خستووە کە زۆر جار وا باشترە ڕێك نەکەوتن لەبەرچاو بگیرێت بەتایبەت ئەگەر کارە بازرگانیەکە لەگەڵ خزم و کەسوکار و هاوڕێدا بوو. واتە جۆرێك لە

شێوازی کڕین و فرۆشتنی تێدا بێت ئەگینا زۆر ڕێی تێدەچێت شکستی کارەکە ببێتە هۆی نەمانی پەیوەندیەکە بە شێوەیەکی هەمیشەیی.

بێگومان هەندێك پەیوەندی هەن کە ئەم شێوازی ڕێك نەکەوتنە لەگەڵیاندا دەست نادات. بۆ نمونە لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی خۆتدا. "لە دۆخی وادا ئەگەر ناچار بویت دەتوانیت ڕێگەی سازش بگریتە بەر کە شێوەیەکی نزمترە لە شێوازی براوە/ براوە یان هیچ."

بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکانی دیکەدا دەتوانیت لەسەر ئەم شێوازی (براوە/ براوە یان هیچ)ە. سازش بکەیت و ئەو ئازادیەی کە لەم ڕێبازەدایە ئازادیەکی سەرسوڕهێنەرە.

پێنج ڕەهەندی براوە/ براوە

بیرۆکەی براوە/ براوە لەڕاستیدا خۆی سەرکردایەتیکردنی بەکۆمەڵە و بریتییە لە مەشق و ڕاهێنانکردن لەسەر هەمو بەهرە بێهاوتاو سروشتیەکانی مرۆڤ و هەروەها خۆناسین و ئەندێشە و ویژدان و سەربەخۆیی بڕیاردان. لەسەر ئاستی پەیوەندییەکایشمان بریتیە لە ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و قازانج و کاریگەریی.

خوڵقاندنی ئەم سوودە هاوبەشانە پێویستی بە بیرکردنەوەو بە ئازایەتییەکی گەورە هەیە، بەتایبەت ئەگەر بەرامبەرەکەت لەو کەسانە بو کە شێوازی براوە/ دۆڕاو لە ناخیاندا چەسپیوە.

بۆیە ئەم خووە پرنسیپەکانی سەرکردایەتی بەکۆمەڵی لەخۆ گرتووە. ئەم سەرکردایەتییەش پێویستی بە زەینڕوونی و ئاسایش و حەکیمی و هێز و ڕێنماییکردن هەیە کە هەمویان خەسڵەتی جۆرە کەسایەتییەکن پرنسیپ گەوهەرەکەی بێت.

پرنسیپی براوە/ براوە بەردی بناغەی سەرکەوتنە لە هەمو کارلێکێکدا و خاوەنی پێنج ڕەهەندی هاوکارانەی خوڵقێنەری ژیانە. لە کەسایەتییەوە دەست پێدەکات بە ئاڕاستەی پەیوەندییەکان و ڕێکەوتنەکانی لێوە دەردەچن. ئەم پرنسیپە لە ژینگەیەکدا گەورە دەبێت کە هەم پەیکەرەکە و هەم سیستەمەکە لەسەر بناغەی براوە/ براوە دارێژراون. ڕەهەندێکی دیکەی ئەم پرنسیپە (پرنسیپی براوە/ براوە)

Scanned by CamScanner

بریتییە لە پرۆسە، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت بە کەرەسەکانی براوە/ دۆڕاو یاخود دۆڕاو/ براوە ئامانجەکانی براوە/ براوە بهێنێتە دی.

شێوەکەی خوارەوە پەیوەندی رەهەندەکان لەگەڵ یەکتریدا دیاری دەکات



ئێستاش یەك یەك رەهەندەکانی باس دەکەین.

رەوشت

رەوشت بناغەی فەلسەفەی بیرکردنەوەی براوە/ براوەیە. هەروەها بناغەی هەموو شتێکی دیکەیە کە لە ئاکامی بیرکردنەوەی براوە/ براوەدا بێتە گۆڕێ. لە پارادایمی براوە براوەدا رەوشت (٣) سێ خەسڵەتی بنەڕەتی هەیە.

پاکی (نەزاهە): ئێمە پێشتر نەزاهەمان وا پێناسەکرد کە ئەو رێز و بەهایەیە مرۆڤ بە خۆی دەبەخشێت. خووەکانی ژمارە (١-٢-٣) یارمەتی دەرن لە پاراستن و گەشەپێدانی دەستپاکیدا. ئێمە کاتێك پێناسەی بنەماکانمان دیاری دەکەین و رێکیان دەخەین و رۆژانە جێبەجێیان دەکەین لەراستیدا بەو کردەوەیە پرۆسەی خۆ ناسینمان گەشە پێدەدەین و هەروەها برەو دەدەین بە ویستی سەربەخۆیی خۆمان لەرێی خوڵقاندنی پەیمان و ئامانجی واتادار و پاراستنیان

ئێمە تەنانەت ئەگەر لە ناخیشەوە هەست بە پێکهێنەرەکانی شێوازی براوە براوە نەکەین و نەزانین چەند هاوئاهەنگن لەگەڵ پرنسیپە قوڵەکانی ناخماندا هێشتا هیچ

Scanned by CamScanner

چارەیەکی دیکەمان نییە و هەر دەبێت ئەو شێوازە پەیڕەو بکەین. مرۆڤ ئەگەر لەگەڵ ناخی خۆیدا ڕاستگۆ نەبێت و نەتوانێت بەڵێنەکانی بپارێزێت ئەوا ناتوانێت لەگەڵ خەڵکیشدا راستگۆ بێت و پەیمانەکانی بباتەسەر. لەئەنجامیشدا هەست بە دووڕوویی دەکات و متمانەی بە هیچ شتێک نامێنێت کەواتە بەبێ دەستپاکی ئەم شێوازی براوە براوەیە دەبێتە تەکنیکێکی ڕووکەش. دەستپاکی بەردی بناغەی ئەم فەلسەفەیە پێکدەهێنێت.

کامڵبوون: کامڵبوون هاوسەنگییە لەنێوان ئازایەتی و ڕەچاوکردندا. من ئەم پێناسەیەی کامڵبون لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٥دا فێربووم لە مامۆستایەکی مەزنی زانکۆوە کە ناوی (هاراندساکسینیان) بوو لە خوێندنگەی هارڤارد بەشی کارە بازرگانییەکان. ئەو لەوێ ئاسانترین و قوڵترین پێناسەی کامڵبوونی فێرکردین، پێناسەکەش ئەمەیە "توانای گوزارش کردن لە هەستی تایبەت و لەهەمان کاتیشدا باوەڕ بوون بەوەی کە پێویستە ئەم گوزارشتکردنە هاوتەریب بێت لەگەڵ بیرکردنەوە لە هەست و بۆچونی خەڵکی و بەهەند وەرگرتنیان"

ساکسینیان لە توێژینەوەکەیدا بۆ نامەی دکتۆراکەی ئەم پێوەرەی پەیرەوکرد و گەشەی پێدا لە بواری توێژینەوەی راستەوخۆی مێژوویی‌دا. پاشان دەقە ڕەسەنەکەی ئەو توێژینەوەیەی لە ساڵی ١٩٥٨دا نوسی و کۆمەڵێک پێشنیاریشی پێوە پەیوەست کرد بە مەبەستی پەیرەوکردنیان لە بواری پراکتیکیدا. دیارە ئێمە زاراوەی کامڵبوون لە حەوت خووەکەدا بە شێوازێک بەکاردەهێنین جیاواز لە زاراوەکەی ساکسینیان. لەلای ئێمە کامڵبوون پەیوەستە بە پرۆسەی گەشەکردن و گەشەپێدانەوە. واتە لە دۆخی پشت بەستن بە خەڵکییەوە بۆ پشت بەستن بە خودی خۆمان و لەوێشەوە بۆ قۆناغی هاوکاری کردنی خولقێنەر لەگەڵ خەڵکیدا. زۆربەی ئەو پرسیار و فۆرمە دەرونیانەی کە بەکاردەهێنرێن لە بوارەکانی دامەزراندن و ڕاهێنان و پێشخستندا بە شێوازێک دارێژراون کە بتوانن ئەم جۆرە کامڵبوونە هەڵبسەنگێنن چ لەوەدا کە بڕی دەوترێت هاوسەنگی لەنێوان هێزی من/ هاوسۆزی یاخود لە هاوسەنگی نێوان متمانە بەخۆبون و ڕێزگرتنی بەرامبەردا یاخود لە قازانجی هەردولایەنەکەدا (لە بواری گرێبەستەکاندا) ئەمانە هەمویان بەکردەوە هاوسەنگیین لەنێوان ئازایەتی و ڕەچاوکردندا.

Scanned by CamScanner

ئەم خەسڵەتە کە بابەتێکی رەسەنە لە تیۆری کارلێکی مرۆیی و سەرکردایەتیدا لەراستیدا بەرجەستەکردنێکی بەهێزی هاوسەنگییە لەنێوان بەرهەم هێنان – توانای بەرهەم هێناندا (ب/ ت ب).

لە کاتێکدا ئازایەتی دەیەوێت هێلکە ئاڵتوونییەکە بەدەست بهێنێت، رەچاوکردن دەیەوێت لەسەر ئاستێکی دوورمەودادا بەرامبەرەکەش خۆش گوزەران بکات. ئەرکی بنەڕەتی سەرکردایەتی بەرزکردنەوەی ئاست و جۆری ژیانی هەموانە. زۆرکەس لە بیرکردنەوەیاندا شێوازی: یان ئەمە یان ئەوە پەیڕەو دەکەن. باوەڕیان وایە مرۆڤ ناتوانێت پیاوی چاکیش بێت و سازشکەریش نەبێت. بەڵام شێوازی براوە/ براوە هەم پیاوچاکیشە و هەم سازشیش قبوڵ ناکات، تەنانەت پێداگرتریشە لە شێوازی براوە/ دۆڕاو.

مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت لەسەر رێبازی براوە/ براوە بەردەوام بێت نەک هەر پێویستە پیاوچاک و نەرمونیان بێت بەڵکو پێویستە ئازاش بێت. نەک هەر سۆز کاری تێبکات بەڵکو پێویستە ئازاش بێت. بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان ئازایەتی و رەچاوکردندا ئەو گەوهەرەیە کە پێی دەڵێن کامڵبوونی راستەقینە. ئەمەش کرۆکی رێبازی براوە/ براوەیە.



مرۆڤ ئەگەر زۆر ئازابێت بەڵام ڕەچاوی بەرامبەرەکەی نەکات ئەوا شێوازی بیرکردنەوەکەی بریتی دەبێت لە براوە/ دۆڕاو. مرۆڤی لەوجۆرە مرۆڤێکی بەهێزە و زۆر پەیوەستە بە خووی خۆیەوە و متمانەی بە بیروبۆچوونەکانی خۆی هەیە و کەسێکی ئازایە بەڵام ڕەچاوی بەرامبەرەکەی ناکات و گوێی پێنادات. بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو کەموکوڕییەی کە هەیەتی لە کامڵبوون و هێزی سۆز ڕەنگە کەسەکە پەنا بۆ پۆست و دەسەڵاتەکەی ببات یاخود هانا بۆ پێگە بەرزەکەی و بڕوانامەکانی و خێزان و بنەماڵەکەی ببات.

جۆرێکی دیکەشمان هەیە کە ئەو کەسانە دەگرێتەوە زۆر سڵ دەکەنەوە و ڕەچاوی بەرامبەر دەکەن بەڵام ئازا نین. مرۆڤی لەوجۆرە شێوازی دۆڕاو – براوە پەیڕەو دەکات. بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بۆچون و ئارەزووەکانی کەسی بەرامبەر دەکات و ڕێزیان بۆ دادەنێت، بەڵام ئازایەتی ئەوەی تێدا نییە بیروباوەڕ و بۆچونەکانی خۆی دەربڕێت و بیانهێنێتەدی.

ڕێبازی براوە براوە پێویستی زۆری بە هەردوو توخمەکە هەیە بە ئازایەتیش و بە ڕەچاوکردنی بەرامبەریشی. ئەمە هاوسەنگییەکە کە بە نیشانەی کامڵ بونی ڕاستەقینە حساب دەکرێت ئەو هاوسەنگیە وات لێ دەکات دەوروبەرەکەت ببینیت و ببیستیت و تێی بگەیت بەڵام لەهەمان کاتیشدا لە بەرامبەریاندا ئازایەتی بنوێنێت.

بەرچاوتێری: سێیەمین توخمی ڕەوشت و پایەیەکی گرنگی دیکەی ڕێبازی براوە/ براوە بەرچاوتێرییە. ئەوەیە کە بڕوات هەبێت شتەکە بەشی هەموان دەکات.

زۆربەمان وا ڕاهێنراوین کە بەرچاوتەنگ بین. وا دەزانین سەرمێزەکە تەنیا یەك کولێرەی لێیە و ئەگەر تۆ پارچەیەکی گەورەی لێ بکەیتەوە، ئێمە باقییەکەمان لەبرسانا دەمرین. ئەم جۆرە ئەقڵییەتە هەمیشە ئەنجامەکەی سفرە.

مرۆڤی بەرچاوتەنگ پێی ناخۆشە بەشداری بکات لە ڕێزگرتن و متمانە بەخشیندا، لە دەسەڵات و قازانجدا. تەنانەت لەگەڵ ئەوانەشدا کە بەشداری دەکەن لە بەرهەمهێنانـدا. هەروەها سەرکەوتنی خەڵکیشیان پێناخۆشە، بەتایبەت سەرکەوتنی هاوڕێ و کەسە نزیکەکانیان و کە تۆ پلەیەك بەدەست دەهێنیت یاخود خەڵاتێك دەبەیتەوە وا دەزانێت لە خۆی کەم بۆتەوە.

Scanned by CamScanner

ئەو بە سەرزارەکی وای دەردەخات کە سەرکەوتنی بەرامبەرەکەی پێخۆشە، بەڵام لە ناخدا خەریکە شەق دەبات لەداخدا. ئەو نرخی خۆی لە بەراوردکردندا دەبینێت. لەبەر ئەوە سەرکەوتنی کەسێکی دیکە یەکسانە بە شکستهێنانی خۆی. بەو لۆجیکە بیردەکاتەوە کە دەڵێت: چەند خوێندکارێك دەتوانن لە لیستی یەکەمەکاندا بن، بەڵام تەنیا یەك خوێندکار دەتوانێت خوێنکاری ژمارە (یەك) بێت. لەبەر ئەوە ئەگەر بتەوێت براوە بیت پێویستە بەرامبەرەکەت ببەزێنیت.

زۆرجار کەسی بەرچاوتەنگ لە ناخدا ئاواتێکی دەرنەبڕاوی هەیە کە بەرامبەرەکەی بەدبەخت بێت. زۆر بەدبەخت نا، تۆزێك بەدبەخت. هێندە بەدبەخت بێت کە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە و گەشە نەکات. چونکە هەمیشە خەریکی بەراوردو پێشبڕکێیە و هەمو هەوڵێك دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی خەڵکەکان و شتەکان هەموی ببنە مڵکی ئەو تا زیاتر هەست بە نرخی خۆی بکات.

مرۆڤی بەرچاوتەنگ دەیەوێت خەڵك لەسەر ئەو ڕێگەیە بڕوات کە ئەم دەستنیشانی کردووە و زۆرجار هەوڵ دەدات ئەو خەڵکە فۆتۆکۆپی بکات و کەسی وا لەخۆی نزیك دەخاتەوە کە هەر (بەڵێ) بزانێت. کەسێك کە لە خۆی لاوازتر بێت و بیر لە ململانێکردن نەکاتەوە.

کەسی بەرچاوتەنگ زەحمەتە بتوانێت لە تیمێکدا ببێتە ئەندام کە ئەندامەکانی یەکتری تەواو بکەن، چونکە پێی وایە جیاوازییەکان نیشانەی پابەندنەبوونە و خەسڵەتی یاخییەکانە.

لە بەرامبەردا بەرچاوتێری هەڵقوڵاوی هەستێکی ڕاستەقینە و قووڵە بەنرخی خۆت و بەوەی کە هەرەشەت لەسەرنییە. ئەو پارادیمەیە کە شتەکە بەشی هەموان دەکات. بۆیە زۆر بە دڵخۆشییەوە بەشداری دەکات لە ڕێزگرتن و بڕیاردان و سودەکاندا. بەرچاوتێری دەرگای تواناکان و داهێنان و هەڵبژاردە و ئەڵتەرناتیڤەکان دەکاتەوە. بەرچاوتێری وا دەکات کە بەختەوەری کەسەکە و قایلبون و خووەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم ببنە مەسەلەیەکی ئاشکراو ڕێزی تایبەتیش بۆ مەسەلە سەرنجڕاکێش و بۆ هاوتاکان دابنێت و چالاکی و هەوڵ و تەقەلای بەرامبەریش بەهەند وەربگرێت. بەرچاوتێری ئەو ڕاستیە دەزانێت و ڕێزیشی لێ دەگرێت کە سنورەکانی نەشونما کردن و گەشەکردنی ئەرێنی کۆتاییان نییە و لەوانەشەوە دەتوانرێت ئەڵتەرناتیڤی تازەی کاریگەر یان گونجاو دروست ببێت.

Scanned by CamScanner

ئەڵتەرناتیڤی سێیەم

مەبەست لە سەرکەوتنی بەکۆمەڵ سەرکەوتن نییە بەسەر خەڵکیدا، بەڵکو سەرکەوتنە لە کارلێکێکی بەدەورو تەنسیردا کە بتوانێت کۆمەڵێک ئەنجامی بەسودی هاوبەش بۆ هەمو بەشداربووان دابین بکات. سەرکەوتنی بەکۆمەڵ هەروەها بریتییە لە کاری بەکۆمەڵ و لە پەیوەندی بە کۆمەڵ و لەوەی ئەو ئەنجامانە بەدەست بهێنن کە خەڵکەکە نەتوانن خۆیان بەتەنیا بەدی بهێنن. سەرکەوتنی بەکۆمەڵ بەرهەمی ئەقڵی بەرچاو تیرە. هەر کەسایەتیەك کە دەست پاك و کامڵ و بەرچاو تێر بو هێندە راستگۆ و بێگەردە کە دەتوانێت بە باشترین شێواز بەشداری بکات لە کارلێکە مرۆییەکاندا. بۆ ئەو کەسانەی کە شێوازی براوە/ دۆڕاو پەیڕەو دەکەن، من وا پێشنیار دەکەم کەسێك بکەن بە نمونەی خۆیان کە بە شێوازی براوە/ براوە رەفتار دەکات، چونکە پەیڕەوکەرانی شێوازی براوە - دۆڕاو زۆرجار پەیوەندییان هەر بە خەڵکی وەکو خۆیانەوە هەیە و بواریان بۆ نارەخسێت بە شێوەیەکی پراکتیکی فەلسەفەی براوە/ براوە پەیڕەو بکەن. لەبەرئەوە من پێشنیاری خوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکان دەکەم، بەتایبەت ژیاننامە ئیلهام بەخشەکەی ئەنوەر سادات، هەروەها ئەو شانۆگەری و فیلمە بەناوبانگانەی کە تایبەتن بە گەڕان بەدوای خودی خۆتدا. بەڵام بیرت نەچێت: ئەگەر ئێمە بە قوڵی بە ناخی خۆماندا بگەڕێین - بێگوێدانە راهاتن و بێ گوێدانە هەڵسوکەوتەکانی کە فێریان بوین - دەبینین کە فەلسەفەی براوە/ براوە و هەمو بنەمایەکی دیکەی راست و دروست لە ژیانی تایبەتی خۆماندان.

پەیوەندییەکان

بنیادنان و راگرتنی پەیوەندییەکانی براوە/ براوە لەسەر بناغەی رەوشتە. کرۆکی فەلسەفەی براوە/ براوە بریتییە لە متمانە و لە پاشەکەوتەکەی کە لە بانقی سۆزداریدا خاوەنیان نین. ئەگەر متمانە نەبێت گەورەترین ئەنجام بتوانین تۆماری بکەین دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەندییە. ئەگەر متمانە نەبێت ئەو راستگۆییەش لە ئارادا نابێت کە پێویستە بۆ هەموو لێفێربونێك و هەمو پەیوەندییەکی کراوەو هەمو داهێنانێکی راستەقینە.

بەڵام ئەگەر پاشەکەوتی ناو بانقی سۆزداریمان پاشەکەوتێکی چاك بو راستگۆیی ئیتر کێشە نابێت، چونکە پاشەکەوتەکە بایی ئەوە دەبێت کە تۆش بزانیت و منیش بزانم ئێمە هەردوکمان بەراستی رێزی یەکتریی دەگرین. ئەمە وا دەکات کە ئیتر بایەخ بدەین بە مەسەلەکان نەك بە پۆست و کەسایەتییەکان.

ئێمە کە رێزی یەکتریمان گرت، مانای وایە لەگەڵ یەکتریدا کراوە دەبین. کاغەزی یارییەکەمان لەسەر مێزەکە بە ئاشکرا دادەنێین. ئێمە کە متمانەمان بە یەکتری هەبو، ئیتر تێروانینی جیاوازیشمان بۆ مەسەلەکان نابێتە کێشە، چونکە دڵنیام تۆ پێت خۆشە بە رێزەوە گوێ لە من بگریت لەکاتێکدا باسی کچە گەنجەکەت بۆ دەکەم، تۆش دڵنیایت کە ئەگەر باسی خانمە پیرەکەم بۆ بکەیت من بەهەمان رێزەوە گوێت لێ دەگرم. ئێمە هەردوکمان پابەندی ئەوەین هەوڵبدەین گۆشەنیگای یەکتری تێبگەین و پێکەوە کاربکەین بۆ ئەلتەرناتیڤی سێیەم، کە چارەسەرێکی هاوکارانەی خوڵقێنەرە و بۆ هەردوکیشمان باشترە.

ئەو پەیوەندییەی کە پاشەکەوتی بانقی سۆزدارییەکەی بەرزبێت و هەردوولایەنەکەش باوەڕی قوڵیان بە شێوازی براوە/ براوە هەبێت باشترین خاڵی دەستپێکە بۆ هاوکاری خوڵقێنەری گەورە (خووی ٦). ئەو پەیوەندیە نە جیاوازییەکان دەسڕێتەوەو نە هیچ شتێکیش لە راستی و بایەخی مەسەلەکان کەم دەکاتەوە. بەڵام ئەو وزە نەرێنییە رادەماڵێت کە جەخت دەکاتە سەر جیاوازییەکان لە کەسایەتی و پلەو پایەداو وزەیەکی ئەرێنی هاوئاهەنگ دەخوڵقێنێت کە بایەخ بەوە بدات مەسەلەکان بەقوڵی تێبگەین و بە جۆرێك چارەسەری بکەین سودی هاوبەشی تێدابێت.

بەڵام ئەی ئەگەر ئەم جۆرە پەیوەندییە لەئارادا نەبو؟ ئەگەر ناچاربوین لەگەڵ کەسێکدا بگەینە رێکەوتن کە تەنانەت ناوی شێوازی براوە/ براوەشی نەبیستووە و باوەڕی رەهای هەیە بە شێوازی براوە/ دۆڕاو، یان بە شێوازەکانی دیکە؟

باشترین شێواز بۆ تاقیکردنەوەی براوە/ براوە ئەوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ براوە/ دۆڕاودا بکەیت. زۆر بەدەگمەن شێوازی براوە/ براوە بە ئاسانی دێتە دی، بەڵکو پێویستی بەوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ مەسەلە قوڵەکان و جیاوازییە بنەڕەتییەکاندا بکەیت. بەڵام بە دڵنیاییەوە کارەکە ئاسانتر دەبێت ئەگەر هەردولایەنەکە ئاگاداری

ئەم شێوازە بن و بە ئاگاییەوە پەیڕەوی بکەن و پەیوەندییەکەشیان خاوەنی پاشەکەوتێکی باش بێت لە بانقی سۆزدارییدا.

سەنگی مەحەك لەو دۆخەشدا هەر پەیوەندییەکانە کە بەرامبەرەکەت پارادیمی براوە/ دۆڕاوی هەبێت. لەم دۆخەدا تۆ هەمو بایەخێك دەدەیت بە بازنەی دەوروتەنسیرەکەت و پاشەکەوتی بانقی سۆزدارییەکەت زیاد دەکەیت لەڕێی ئەرمونیانی و ڕێز و پێزانینی ئەو کەسەو گۆشەنیگاکەی. ئەمە دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی ماوەی پەیوەندییەکەت و زیاتر و قوڵتر دەبیستیت و بە ئازایەتییەکی زیاترەوە گوزارشت لە خۆت دەکەیت. تۆ هەڵوێستەکانت کاردانەوە نین. ڕۆ دەچیتە ناخی خۆتەوە بۆ بەهێزکردنی ئەو ڕەوشتەی کە پێویستە بۆ ئەوەی جڵەوی مەسەلەکان بگریتە دەست و بەردەوام دەبیت لە دروستکردنی پەیوەندییەکەتدا تا کەسەکەی بەرامبەرت لە مەبەستی تۆ تێدەگات و دەزانێت ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە دەتەوێت چارەسەرەکە دەستکەوتێکی ڕاستەقینە بێت بۆ هەردوکتان. ئەم پرۆسەیەش بە پاشەکەوتکردنێکی گەورە حساب دەکرێت لە بانقی سۆزداریتدا. مرۆڤ هەتا بەهێزتر بێت و هەتا کەسایەتییەکی ڕاستگۆی هەبێت و هەتا زیاتر بتوانێت بارودۆخەکان کۆنترۆڵ بکات و زیاتر پابەندی شێوازی براوە — براوە بێت زیاتر دەتوانێت کاریگەری گەورە لەسەر بەرامبەرەکەی دروست بکات. هەر ئەمەشە مەرجی ڕاستەقینەی سەرکردایەتی بەکۆمەڵ کە سەرکردایەتیکردنی ئاسایی تێدەپەڕێنێت و دەیکاتە جۆرە سەرکردایەتییەك کە تەواوی مەسەلەکە بگۆڕێت. واتە هەم گۆڕینی کەسەکان و هەم گۆڕینی پەیوەندییەکانیش.

ڕێبازی براوە/ براوە لەبەرئەوەی پرنسیپێکە خەڵك دەتوانن بیکەنە مەسەلەیەکی فەرمی و یاسایی لە ژیانیاندا کەواتە زۆر بە ئاسانی دەتوانین باوەڕ بە خەڵکەکە بهێنین کە ئەگەر هەوڵ بدەین مەبەستی هەردولامان بپێکین ئەوا ئەوان دەستکەوتی زیاتریان بۆ دابین دەبێت. بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت کە تەنیا ڕێژەیەکی کەمی خەڵکەکە بەم شێوەیە بیردەکەنەوە. زۆربەیان لایەنگری ڕێبازی براوە/ دۆڕاون. لەم دۆخەدا ڕێك نەکەوتن باشترین هەڵبژاردەیە لەگەڵیاندا. خۆ ئەگەر نەکرا دەتوانیت بگەیتە سازشێك لەگەڵیاندا کە شێوەیەکی بچکۆلەی ڕێبازی براوە/ براوەیە.

گرنگە ئەو راستییە بزانین کە مەرج نییە هەمو بڕیارەکان لەسەر شێوازی براوە/ براوە بن تەنانەت ئەگەر پاشەکەوتی بانقی سۆزدارییش بەرز بێت. دوبارەی دەکەینەوە کە کلیلی مەسەلەکە بریتییە لە پەیوەندییەکان. بۆ نمونە ئەگەر من و تۆ پێکەوە کاربکەین و تۆ رۆژێك بێیتە لام بڵێیت: (ستیفن ئەزانم تۆ ئەم بڕیارەت پێ خۆش نییە بەڵام بوارم نییە بۆت رون بکەمەوە. هەقت نەبێ بەسەرەوە. ببە بە شەریکم و ئەگەر ئێستەش بە هەڵەی بزانی گرنگ نییە قەیناکە. دەڵێی چی؟) دیارە ئەگەر تۆ لەلای من خاوەنی پاشەکەوتێکی باشی سۆزداری بیت بە دڵنیاییەوە پشتگیریت دەکەم. هیواداریش دەبم من هەڵەبم و تۆ راست بیت. هەمو هەوڵێکیش دەدەم بۆ سەرخستنی بڕیارەکەت و بەدەستهێنانی ئەنجامی باش.

بەڵام ئەگەر پاشەکەوتت نەبێت و کەسێك بیت هەڵوێستەکانت هەموی کاردانەوە بن ئەوا بێگومان پشتگیری بڕیارەکەت ناکەم و هیچ سەرمایەگوزارییەك بۆ سەرخستنی بڕیارەکەت ناکەم.

خۆ ئەگەر لەوجۆرە کەسانە بم کە توندڕەون لە کاردانەوەیاندا ئەوا دور نییە هەوڵی تێکدانی بڕیارەکەت بدەم و هەرچییەکیشم لەدەست بێت بەکاری دەهێنم بۆ ئەوەی خەڵکانی دیکەش هەمان شت بکەن و بڕیارەکەت لێ تێك بدەن. یاخود رەنگە فێڵبازانە گوێڕایەڵت بم و هەرچییەکەم داوا لێ بکەیت ئەنجامی بدەم بەڵام نەچمە ژێرباری ئەنجام و بەرپرسیارێتییەکانەوە.

لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا کە لە بریتانیای مەزندا دەژیام دوجار ئەو وڵاتەم بینی هێنرایە سەرچۆك چونکە بلیتبڕەکانی شەمەندەفەر زۆر گوێڕایەڵی ئەو یاسا و فەرمانانە بون کە لەسەر کاغەز نوسرابون.

بڕیاری سەرکاغەز هیچ بایەخێکی ئەوتۆی نییە ئەگەر رەوشت و پەیوەندی وای لەگەڵدا نەبێت کە رۆحی بڕیارەکە بپارێزێت. لەبەرئەوە پێویستە بە ئارەزویەکی راستەقینەوە سەرمایەگوزاری بکەین لەو پەیوەندییانەدا کە شێوازی براوە/ براوە بەدی دەهێنن.

ڕێکەوتنەکان

لە پەیوەندییەکانەوە ڕێکەوتنەکان هەڵدەقوڵێن و ڕێکەوتنەکانیش شێوازی بیرکردنەوەی براوە / براوە دەستنیشان و ئاراستە دەکەن. ئەو ڕێکەوتنانە هەندێك

Scanned by CamScanner

جار ڕێکەوتنی ئەنجامدانن و هەندێك جاریش ڕێکەوتنی بەشداریکردنن. کە پارادیمی پەیوەندییە بەرهەمهێنەکە دەگۆڕێت لە ستونییەوە بۆ ئاسۆیی و لە چاودێریکردن و سەرپەرشتیکردنێکی دودڵ و ناوبەناوەوە بۆ خۆ چاودێریکردن و هەوڵوێستوەرگرتن و بۆ بەشداریکردن لە سەرکەوتندا.

ڕێکەوتنەکانی شێوازی براوە/ براوە مەودایەکی زۆری ئەو پەیوەندییانە دەگرنەوە کە پەیوەستن بە یەکترییەوە. ئێمە لە خووی ژمارە (٣)دا نمونەیەکی گرنگی چۆنێتی جێبەجێکردنی ئەم ڕێکەوتنەمان لە چیرۆکی (سەوز و چاك)دا ڕونکردەوە. هەر پێنج توخمەکەی کە لەوێدا ریزمان کردن پەیکەری ڕێکەوتنەکانی شێوازی بیرکردنەوەی براوە/ براوە پێك دەهێنن لەنێوان خاوەن کارو کارمەندەکاندا و لەنێوان خەڵکە سەربەخۆکەدا کە پێکەوە لە پرۆژەکاندا کاردەکەن و لەنێوان ئەو گروپانەدا کە هاوکاریی یەکتری دەکەن لەپێناوی ئامانجێکی هاوبەشدا و لەنێوان کۆمپانیاکان و هاوردەکاراندا و لەنێوان ئەوانەدا کە بۆ تەواوکردنی کارەکە پێویستیان بە هاوکاریی یەکترییە. ئەم پێویستییانە ڕێگەیەکی کاریگەر دەخوڵقێنن بۆ ڕونکردنەوە و سەرپەرشتیکردنی ئەو چاوەڕوانییانەی کە خەڵکە بەشدارەکە هەیانە لەو هەوڵە هاریکارییە خوڵقێنەرەو یەکتر تەواوکەرەدا.

لە ڕێکەوتنی براوە/ براوەدا ئەم پێنج توخمەی خوارەوە زۆر ئاشکران:

* ئامانجە خوازراوەکان (نەك ڕێگاکان) ئەرکەکە و کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکە دیاری دەکەن.

* هێڵە ڕێنیشاندەرەکان پارامیتەرەکان دیاری دەکەن (پرنسیپ و سیاسەتەکان و .... تاد) کە لە چوارچێوەیاندا ئەنجام بەدی دەهێنرێت.

* سەرچاوەکان پشتیوانییە مرۆیی و دارایی و هونەری و ڕێکخراوییە دابینکراوەکان دیاری دەکەن بۆ یارمەتیدانی تەواوکردنی ئەنجامەکان

* ڕونکردنەوەی وردەکاریی بۆ دیاریکردنی ئاستەکانی ئەنجامدان و کاتی هەڵسەنگاندنەکە.

* پێشهاتەکان بۆ دیاریکردنی باش و خراپ و سروشتی لۆجیکی و ئەوەی ئێستا ڕوودەدات و ئەوەش کە بەپێی هەڵسەنگاندنەکە پێشبینی دەکرێت ڕووبدات.

ئەم پێنج توخمە مایەی زیندوبون و مانەوەی ڕێکەوتنەکانی براوە/ براوەن.

Scanned by CamScanner

لێکتێگەیشتنێکی روون و هاوبەش و گەیشتنە رێکەوتن لەم بوارانەدا ئاستێکی وا دەخولقێنێت کە مرۆڤ بتوانێت لە رێگەیەوە سەرکەوتنی تایبەتی خۆی بپێوێت.

دیارە هەمو چاودێریکردنێکی سەرکوتکەرانەی کلاسیکی لەراستیدا پارادیمێکی براوە/ دۆڕاوە .. هەروەها ئەنجامی راکێشانی زیاد لە ئەندازەیە لەو پاشەکەوتەی کە لە بانقی سۆزداریدا هەیە. نەبونی متمانە و نەبونی دیدێکی هاوبەش بۆ ئەنجامە خوازراوەکان دەبێتە هۆی دوودڵی و سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە و ئاراستەکردن. مادام متمانە لەئارادا نییە، تۆ بە ناچاری هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بەرامبەرەکەت دەدەیت.

بەڵام ئەگەر پاشەکەوتی متمانەکە پاشەکەوتێکی زۆربو، چی؟ لاچۆ لەسەر رێگەیاندا و مادام رێکەوتنێکیان هەیە لەسەر رێبازی براوە – براوە و ئەوانیش ئەرکەکەیان شارەزان و دەزانن چیان لێ چاوەڕوان دەکرێت، کەواتە رۆڵی تۆ تەنیا پشتگیریکردن و وەرگرتنی راپۆرت و رونکردنەوەکانیانە.

کاری جوامێرانە ئەوەیە بەرامبەرەکەت هێندە بەتوانابکەیت خۆی حوکم بەسەرخۆیدا بدات نەك تۆ حوکمی بەسەردا بدەیت.

ئەمە لەو کۆمەڵگایانەدا راستتر و وردترە کە متمانە تیایدا لە ئاستێکی بالآدایە. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا مرۆڤ بە چاوی دڵ زۆر باشتر شتەکان دەبینێت لەوەی کە راپۆرت و تۆمارەکان نیشانی دەدەن. سەلیقە و زیرەکی زۆرجار لە هەمو پێوەر و تێبینییەك وردترن.

راهێنان لەسەر بەڕێوەبردنی شێوازی براوە/ براوە

چەند ساڵێك لەمەوبەر، من بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ بەشداربیم کرد لە پرۆژەیەکی راوێژکاریدا بۆ دەزگایەکی گەورەی بانق کە دەیان لقی هەبو. داوایان لێ کردین پرۆگرامی راهێنانی کارگێڕییان هەڵبسەنگێنین و چاکسازی تێدا بکەین کە ساڵانە بودجەیەکی (٧٥٠) هەزار دۆلاریی بۆ تەرخان کرابو. پرۆگرامەکە پێك هاتبو لە هەڵبژاردنی دەرچوانی زانکۆ و ئینجا ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بخرێنە بەشە جیاجیاکانەوە بۆ ئەوەی زانیاری گشتی پەیدا بکەن دەربارەی پیشەسازی. لەبەرئەوە دوو هەفتەیان لە قەرزە بازرگانییەکان و دوو هەفتەی دیکەش لە قەرزە پیشەسازییەکاندا و دوو هەفتەش لە خستنە بازاڕدا بەسەربرد و .. تاد. پاش کۆتاییهاتنی ماوەی شەش مانگەکە هەریەکەیان کرا بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری

لقێکی جیاوازی بانقەکە.

ئەرکی ئێمە بریتی بو لە هەڵسەنگاندنی ماوەی راهێنانە فەرمییە شەش مانگییەکە. کە دەستمان دایە کارەکە بۆمان دەرکەوت زەحمەتترین بەشی ئەرکەکە بەدەستهێنانی وێنەیەکی روونی ئامانجە خوازراوەکانە. لە گشت بەڕێوەبەر و جێبەجێکارەکانمان پرسی: ئەمانە کاتێک کە خولی راهێنانەکەیان تەواو دەکەن پێویستە توانای چییان هەبێت و چ کارێک بگرنە ئەستۆ؟ پرسیارەکەمان پرسیارێکی گرنگ بو، بەڵام وەڵامەکان تەمومژاوی و دژبەیەک بوون.

بەرنامەی راهێنانەکە بایەخی بە رێکارەکان دەدا نەک بە ئەنجامەکان. لەبەرئەوە ئێمە پێشنیارمان کرد بەرنامەیەکی سەرەکی "پێشەنگ" دروست بکەن کە لەسەر پارادیمێکی جیاواز دامەزرابێت. بەرنامەکە پێی دەوترێت "ئەو بەرنامەیەی کە فێرخواز کۆنترۆڵی دەکات" ئەمەش رێکەوتێک بو لەسەر شێوازی براوە/ براوە کە دیاریکردنی کۆمەڵێک ئامانج و پێوەر لەخۆ دەگرێت و شێوازی ئەنجامدانی ئەرکەکە رون دەکاتەوە و هەروەها رێنماییەکان و سەرچاوەکان و میکانیزمی چاودێرییە داراییەکان دەستنیشان دەکات، هەروەها ئەو نیشانانەش کە پاش بەدیهێنانی ئامانجەکان دەردەکەون. پێشهاتەکانیش لەم دۆخەدا بەرزکردنەوەیە بۆ پۆستی یاریدەدەری بەڕێوەبەر، بە شێوازێکی وا کە پۆستەکە بەشێک بێت لە راهێنانەکە و هەروەها زیادکردنی موچەش بە شێوەیەکی بەرچاو.

ئێمە بۆ رونکردنەوە و دیاریکردنی ئەو ئامانجانە ناچاربوین گوشار بکەین. دەتەوێت ئەوان چی بزانن لە ژمێریاریدا؟ ئەی لە مەسەلەی خستنە بازاڕەوە؟ ئەی دەربارەی قەرزەکانی ملکداریی؟ لەم بارەیەوە لیستێکمان ئامادەکرد کە زیاتر لە سەد پرسیاری گرتبوەخۆ. پاشان بە رونکردنەوە و کورتکردنەوە و جێبەجێکردن توانیمان بیکەینە (٣٩) ئامانجی دیاریکراو، کە هەر ئامانجێک رەفتار و پێوەری تایبەتی خۆیی لەگەڵدابو.

رەخساندنی فرسەت و زیادکردنی موچە پاڵنەری گەورەبون بۆ ئەوەی بەشدارانی راهێنانەکە هەوڵی خۆگونجاندن بدەن لەگەڵ پێوەرەکاندا بە زووترین کات. ئەمە هەم قازانجێکی گەورەی بەشداربووەکانی تێدابو، هەم سودێکی مەزنیشی بە کۆمپانیاکە گەیاند، چونکە بوبووە خاوەنی ژمارەیەک یاریدەدەری - بەڕێوەبەری وا

کە بەڕاستی هوشیارییان هەبێت لەسەر چۆنێتی بەدیهێنانی ئامانجەکان، نەک هەر بە ڕواڵەت خۆیان نیشان بدەن و لە کردەوەشدا کارێکی ئەوتۆیان لەدەست نەیەت.

لەبەرئەوە هاتین ئەو جیاوازییانەمان بۆ ڕاهێنراوەکان ڕوونکردەوە کە لەنێوان ئەو دوو شێوازەی فێرکردنەدا هەیە، فێرکردنێك کە فێرخواز خۆی کۆنترۆڵی دەکات و ئەو فێرکردنەی کە سیستەمەکە کۆنترۆڵی دەکات. پێمان وتن: ئەمانە ئامانج و پێوەرەکانن، ئەمانەش سەرچاوەکانن، بەوەشەوە کە لەیەکتری فێربن. هەر کاتێك گەیشتنە ئاستی دیاریکراو، پۆستەکانتان بەرزدەکرێتەوە بۆ یاریدەدەری بەڕێوەبەر".

خولەکە بە سێ هەفتە و نیو کۆتایی هات. کەواتە ئێمە بە وەرچەرخاندنی پارادیمی ڕاهێنانەکە توانیمان هاندان و خولقاندنێکی چاوەڕواننەکراو بهێنینە ئاراوە.

ئەم کارەی ئێمەش، وەك هەمو وەرچەرخاندنێکی دیکەی پارادیمەکان بێ بەرهەڵستکار نەبو. زۆربەی زۆری بەڕێوەبەرە گەورەکان باوەڕیان نەدەکرد. کاتێکیش بە بەڵگەوە بۆمان سەلماندن کە پێوەرەکان هاتونەتە دی، قسەی سەرەکییان ئەمە بوو: "ڕاهێنراوەکان بێ ئەزمونن و ئەو مەسەلە بنەڕەتییانەیان ناتەواوە کە بتوانن ببنە یاریدەدەری بەڕێوەبەر و خاوەن بڕیار".

پاشتر کە قسەمان لەگەڵدا کردن تێگەیشتین مەبەستیان ئەوەیە ئەمان خۆیان زەحمەتیان زۆر بینیوە تا گەیشتونەتە ئەو پۆست و پلانە، ئیتر چۆن قایل دەبن ئەم ڕاهێنراوە تازانە بە ئاسانی ببنە یاریدەدەری بەڕێوەبەر؟ .. بەڵام بە ئاشکرا ئەوەیان نەدەوت، بەڵکو بیانوی دیکەیان دەهێنایەوە "ئەزمونیان کەمە" سەرباری ئەمانەش و لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری ئاشکرا (لەوانە بودجە ٧٥٠ هەزار دۆلارییەکەی کە بۆ پرۆگرامێکی شەش مانگی تەرخان کرابو) بەشی خوێەتی کۆمپانیاکە توڕە و بێزاربو.

لە وەڵامدا پێمان وتن: "زۆرچاکە. با کۆمەڵێك پێوەر و ئامانجی زیاتریان بۆ دیاری بکەین، بەڵام لەسەر هەمان پارادیمی ئەو بەرنامەیەی فێرخواز کۆنترۆڵی دەکات". توانیمان هەشت ئامانجی دیکە بە پێوەری زۆر قورس و زەحمەتەوە دابنێین بە مەبەستی دڵنیاکردنی بەڕێوەبەرە باڵاکان کە ئەو ڕاهێنراوانە ئامادەن و مەرجی ئەوەیان تێدایە ببنە یاریدەدەری بەڕێوەبەر و درێژە بە ڕاهێنانەکەیان بدەن لەو

Scanned by CamScanner

پۆستەدا. دوای بەشداریکردنیان لە هەندێك دانیشتنی خولەکەدا پاش دانانی پێوەرە زەحمەتەکان، زۆرێك لە بەڕێوەبەرە باڵاکان رایانگەیاند کە ئەگەر بەشداران بتوانن ئەو پێوەرە سەختانە جێبەجێ بکەن لەو کەسانە باشتر دەردەچن کە خولی شەش مانگیان بینیوە.

ئێمە بەشداربوانمان وا ئامادەکرد کە بتوانن وەڵامی بەرهەڵستکاران بدەنەوە. ئامانجە تازە سەرەڕاییەکان و پێوەرەکانمان بۆ ئاشکراکردن و وتمان: وەك پێشبینیمان دەکرد، بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکە پێی باشە ئێوە هەندێك ئامانجی زیاتر تەواو بکەن بە پێوەری زەحمەتترەوە. ئەوان ئەمجارە دڵنیایان کردووینەتەوە کە ئەگەر مەرجەکانتان تێدا بەرجەستە ببێت دەتانکەنە یاریدەدەری بەڕێوەبەر.

بەشداران بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەستیان دایە ئەرکەکە. سەردانی بەشە جیاجیاکانیان دەکرد، بۆ نمونە دەچونە بەشی ژمێریاری و قسەی ئاوایان دەکرد "گەورەم، من ئەندامێکی ئەم پرۆگرامە پێشەنگەم کە پێی دەوترێت ئەو راهێنانەی فێرخواز کۆنترۆڵی دەکات. ئاگاداریشم کە بەرێزت بەشدارییت کردووە لە دارشتنی ئامانج و پێوەرەکاندا.

"من لەم بەشەی کۆمپانیاکەدا پێویستە شەش مەرج جێبەجێ بکەم. سیانیان لە زانکۆ فێریان بوم و یەکێکیشیان خۆم لەڕێی خوێندنەوەی کتێبەوە شارەزاییم تێدا پەیدا کردووە و پێنجەمیشیان ئەو هاوڕێیەم فێری کردم کە بەرێزت حەفتەی رابردوو مەشقت پێکرد. ماوەتەوە مەرجی شەشەم. ئاخۆ کەسێك لەم بەشەدا هەیە چەند سەعاتێك کاتی خۆیم بداتێ و فێرم بکات؟؟ بەم شێوەیە، لەبری ئەوەی دوو هەفتە لەوبەشەدا بمێنێتەوە، هەریەکەیان کارەکەی بە نیو رۆژ تەواوکرد.

بەشدارانی راهێنانەکە هاوکاری یەکتریان دەکردو بیروبۆچونی سەرنجڕاکێش و کتوپڕیان ئاڵوگۆڕ دەکرد و لە ماوەی هەفتەو نیوێکدا ئامانجی زیاتریان بەدەست هێنا. بەم جۆرە ماوەی خولەکە لە شەش مانگەکەوە بو بە پێنج حەفتەو ئەنجامەکانیش بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش زیاتر و قوڵتر بون. دەتوانرێت بەهەمان شێوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە هەمو بوارێك لە بوارەکانی ژیانی رێکخراوەیدا کاریگەریی بنوێنێت، بە مەرجێك خەڵکەکە ئازایەتی ئەوەیان تێدابێت پارادیمەکانیان ئاشکرا بکەن و جەخت بخەنە سەر شێوازی براوە/ براوە. من

Scanned by CamScanner

هەمیشە سەرسامم بەو ئەنجامانەی کە دەزگاکان و تاکە کەسەکان بەدەستی دەهێنن کاتێک کە خەڵکە بەرپرسیار و رێچکە شکێن و خۆ ئاراستەکەرەکان جڵەوی کارەکە دەگرنە دەست.

رێکەوتنەکانی ئەنجامدانی شێوازی براوە/ براوە

خوڵقاندنی رێکەوتنی تایبەت سەبارەت بە چۆنێتی ئەنجامدانی شێوازی براوە/ براوە پێویستی بەوەیە وەرچەرخاندنی بنەڕەتی لە پارادیمەکاندا بهێنێتە دی. جەختەکە لەسەر ئەنجامەکانە نەک لەسەر رێکارەکان. ئێمە زۆربەمان حەزمان لەوەیە چاودێری رێکارەکان بکەین. بەڵام رێکەوتنەکانی براوە – براوە زیاتر ئامانجەکانیان لەلا مەبەستەو ئەمەش توانا مرۆییە گەورەکان ئازاد دەکات و هاوکارییەکی خوڵقێنەری مەزنتر دەهێنێتە ئاراوە و لەبری ئەوەی تەنیا هەر جەخت بکاتە سەر بەرهەمهێنان، کارێک دەکات تواناى بەرهەمهێنان فراوانتر و زیاتر بێت.

فەلسەفەی براوە/ براوە جۆرە بەرپرسیارێتییەکە مرۆڤ خۆی هەڵسەنگاندن بۆ خۆی بکات. شێوازە کلاسیکییە بێبەرهەمەکەی هەڵسەنگاندن کە خەڵکی پەیڕەوی دەکەن لە هەڵسەنگاندنی یەکتریدا گەمەیەکی بێ ئەنجامە و پەیوەندییەکان دەشێوێنێت و لاوازیان دەکات. لە شێوازی براوە/ براوەدا خەڵکە بەو پێوەرانە خۆیان هەڵدەسەنگێنن کە یارمەتییان داون لە پێشخستنی خۆیاندا و هەر خۆشیان رۆڵیان هەبووە لە داڕشتنی ئەو پێوەرانەدا. ئامادەکردن و رێکخستنی ئەم پێوەرانە بە باشی مەرجێکی گرنگە بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن جێبەجێی بکەن. لە شێوازی براوە/ براوەدا تەنانەت منالی حەوت سالانیش دەتوانێت خۆی هەڵبسەنگێنێت و بزانێت تا چەند دەتوانێت (حەوشەکە بە سەوزی و پاکی) بهێڵێتەوە.

باشترین ئەزموونی فێرکاری مامۆستایەتیم لە زانکۆ هی ئەو کاتەیە کە توانیم بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەمان لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش بهێنینە ئاراوە سەبارەت بە شێوازی بیرکردنەوەی براوە/ براوە. "ئامانجەکەی کە هەوڵ دەدەین پێی بگەین ئەمەیە .. ئەمانەش پێویستییەکانن یەک و دوو و سێ، ئامانجی منیش ئەوەیە یەک بە یەکتان یارمەتی بدەم پلەی یەکەم بەدەست بهێنێت. ئێستا ئیتر پێویستە خۆت ئەو مەسەلانە شرۆڤە بکەیت کە قسەمان لێوە کرد، بۆ ئەوەی بزانیت دەتەوێت لەپێناوی بەدەستهێنانی ئامانجەکەدا چی بکەیت و چ رۆڵێک بگێڕیت، کە هەر

Scanned by CamScanner

تایبەت بێت بە خۆت. پاشان پێکەوە دادەنیشین بزانین تۆ حەزت لە پلەی چەندەمەو چ پلانێکت لە خەیاڵدایە بۆ بەدەستهێنانی ئەو پلەیە."

فەیلەسوف و راوێژکاری کارگێڕی (پیتەر دراکەر) پێشنیاری بەکارهێنانی "نامەی بەڕێوەبەر" دەکات، وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی رێکەوتنی نێوان بەڕێوەبەر و کارمەندەکانی. مەبەستیش لە نامەی بەڕێوەبەر ئەمەیە: پاش گفتوگۆ و بیرو را گۆڕینەوەی قوڵ و تێروتەسەل سەبارەت بە پێشبینییەکان و رێنمایی و سەرچاوەکان بە مەبەستی دڵنیابون لەوەی کە ئەمانە گشتیان هاوئاهەنگن لەگەڵ ئامانجەکانی رێکخراوەکەدا، ئینجا کارمەندەکە نامەیەك بۆ بەڕێوەبەر دەنوسێت کە پوختەی گفتوگۆکانی تێدا تۆمار دەکات و ئاماژەش بەوە دەکات کەی پلانی ئەنجامدانی ئایندە جێبەجێ دەکرێت یاخود کەی چاودەخشێنرێتەوە بە گفتوگۆکاندا.

پێکهێنانی رێکەوتنی لەمجۆرە بە گرنگترین ئەڵقەی کارگێڕی ئەژمار دەکرێت. لە رێکەوتنی ئاوادا کارمەندەکان دەتوانن خۆیان لەناو چوارچێوەی رێکەوتنەکەدا رێك بخەن، بەڕێوەبەرەکەش دەتوانێت تەنیا رۆڵی ئەو ئوتومبیلە ببینێت کە لە پێشبڕکێکاندا خێراییەکە دیاری دەکات. واتە شتەکان دەخاتە گەڕ و رێگەکەیان بۆ چۆڵ دەکات.

کە سەرۆکی دەزگاکە دەبێتە یارمەتیدەری یەکەمی یەك بەیەکی کارمەندەکانی خۆی، ئەوا دەتوانێت زیاتر کۆنترۆڵی مەسەلە کارگێڕییەکە بکات و خۆی لە بابەتی لاوەکی و بێکەڵك رزگار بکات .. لەبری سەرپەرشتیکردنی شەش حەوت کەس، دەتوانێت بیست سی کەس بگرە زیاتریش سەرپەرشتی بکات.

لە رێکەوتنەکانی ئەنجامدانی شێوازی براوە/ براوەدا ئەنجامە سروشتی و لۆجیکییەکە بریتی دەبێت لە پێشهاتەکان نەك لەو پاداشت و سزا سەرکوتکەرانەیەی کە بەرپرسیارەکە دیارییان دەکات.

لە بنەڕەتدا چوار جۆر پێشهات (پاداشت و سزا) هەن کە بەڕێوەبەرایەتییەکان و باوکان و دایکان دەستیان بەسەریاندا دەڕوات. دارایی، دەرونی، هەل و بەرپرسیارێتی. پێشهاتە داراییەکان بابەتی وەکو داهات و پشك و مافی کڕین و فرۆشتن و سزای پارە لەخۆ دەگرێت. پێشهاتە دەروونییەکانیش بریتین لە رێز و ددانپێدانان و راستگۆیی

و لەدەستدانی متمانە. جۆری سێیەمی پێشهاتەکانیش (هەل) بریتییە لە مەشق و گەشەکردن و سوودەکانی دیکە. بەرپرسیارێتیش ئەو مەسەلانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە دەسەڵات و ئامانجەوە، کە هەرکامێکیان ئەگەری گەورەبون و لەناوچونیان هەیە. رێکەوتنەکانی بواری براوە/ براوە هەمیشە پێشهاتەکان لە یەکێك یاخود زیاتری ئەو بوارانەدا دیاری دەکات و مەسەلەکەش بە جۆرێك دەبێت کە ئەوانەی ناو رێکەوتنەکە دەیزانن و هەستی پێ دەکەن، لەبەرئەوە پێویست بە فێڵ و ئەمسەر و ئەوسەر ناکات، شتەکە لەسەرتاوە روونە.

سەرباری ئەم پێشهاتە کەسێتی و لۆجیکیانە، مەسەلەیەکی زۆر گرنگی دیکە ئەوەیە پێشهاتە سروشتییە رێکخراوەییەکان دیاری بکەیت. بۆ نمونە ئەگەر درەنگ جویتە سەرکار چی روودەدات؟ یاخود ئەگەر لەگەڵ کارمەندەکانی ژێردەستی خۆتدا رێکەوتنێکی باش لە شێوازی براوە/ براوەدا نەهێنیتە ئاراوە، یاخود ئەگەر بەرپرسیاریان نەکەم بەرامبەر ئەنجامە خوازراوەکان یاخود ئەگەر پاڵپشت و هاندەریان نەبم بۆ پێشکەوتنیان لە بواری کارو پیشەکانیاندا.

کاتێک کچەکەم تەمەنی گەیشتە شانزە ساڵ، ئێمە سەبارەت بە چۆنێتی بەکارهێنانی ئوتومبیلەکەی ماڵەوە رێکەوتنێکی براوە/ براوەمان لەگەڵدا کرد. وا رێك کەوتین کە ئەو پێویستە یاساکانی هاتوچۆ پەیڕەو بکات و ئوتومبیلەکە بە پاکی و بە چاکی رابگرێت و هەر بۆ کاری پێویست لێی بخوڕێت و ئەگەر من و دایکی ئیشێکمان هەبو، بە ئوتومبیلەکە بمانگەیەنێت و هەروەها پێویستە بە روویەکی خۆشەوە ئەرکەکانی دیکەیشی ئەنجام بدات. ئەمانە قازانجەکانی ئێمە بون.

هەروەها رێکەوتنەکە ئەوەشی تیابو کە ئەرکی دابینکردنی ئوتومبیلەکە و بەنزین و پارەی بیمە لە ئەستۆی من بێت. حەفتەی یەك جاریش (پاشنیوەڕۆی کۆتایی هەفتە) کۆببینەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ئیشوکارەکان تا بزانین ئیشوکارەکان لە چوارچێوەی رێکەوتنەکەدان یان نا. ئەنجامەکانیش روون و ئاشکرابون. هەتا ئەو پابەندی مەرجەکان بوایە، دەیتوانی ئوتومبیلەکە بەکاربهێنێت، بەڵام ئەگەر پابەند نەبوایە، ئوتومبیلەکەمان لێ دەسەندەوە تا ئەوکاتەی بڕیاری دەدایەوە پابەندی مەرجەکان بێت.

ئەم رێکەوتنە براوە/ براوەیە وای کرد هەر لەسەرتاوە هەردولامان بەرچاومان

Scanned by CamScanner

رون بێت و بزانین ئەو ئەگەرانە چین کە رەنگە روویدەن: بۆ کچەکەمان رێکەوتنێکی براوە/ براوە بو. چونکە بۆی هەبو ئوتومبیلەکەی پێ بێت. دیارە بە دڵنیاییەوە بۆ من و هاوسەرەکەشم قازانجی هەبو. بەم رێکەوتنە ئەو هەمو ئەرکەی گواستنەوەی خۆی و هەندێك لە هاتوچۆی ئێمەی دابین کرد. ئێمەش مەسەلەی پاك راگرتن و ئیدامەی ئوتومبیلەکەمان لەکۆڵ کەوت. هەروەها بەرپرسیارێتی و متمانەشمان بەرامبەر کچەکەمان هەبو. پێویستی نەدەکرد تاقیبی بکەم و دەست بخەمە ئیش‌وکارییەوە .. زیرەکی و پاکی و بەویژدانی و ئەو پاشەکەوتە زۆرەی کە لە بانقی سۆزداریدا هەمان بو، هەمو وایان لێ کرد ئیش‌و کارەکان زۆر باشتر ئەنجام بدات. پێویستمان بەوە نەبو چاودێری هەمو هەڵسوکەوتێکی بکەین و ئەگەر شتێکی کرد بە دڵی ئێمە نەبو سزای بدەین. نەخێر ئێمە لەگەڵ ئەودا رێکەوتنێکمان هەیە و ئەو رێکەوتنەش هەردولامانی ئازادکردووە.

رێکەوتنەکانی بواری براوە/ براوە تا ئەندازەیەکی زۆر بە رێکەوتنی ئازادیبەخش هەژمار دەکرێن، بەڵام لەبەرئەوەی بەرهەمی تەکنیکن و تەکنیکیش رەنگە گۆشەگیربێت کەواتە بەردەوامبونیشی مەسەلەیەکی حەتمی نییە ئەگەر متمانەی بەهێزمان بە یەکتری نەبێت و بەرامبەرەکەمان بە دەستپاك و راستگۆ نەزانین.

رێکەوتنی راستەقینەی شێوازی بیرکردنەوەی براوە/ براوە بەرهەمی پارادیمە، کە پەیوەندی و رەوشت لەوێوە گەشە دەکەن. لەبەرئەوە رێکەوتنی لەمجۆرە، هاوکارییە خولقێنەرەکان دەستنیشان و ئاراستە دەکات، ئەو هاوکارییە کە هەر لەسەرەتاوە رێکەوتنەکەی لەپێناودا دارێژراوە.

سیستم:

بیرکردنەوەی براوە/ براوە لە هیچ رێکخراوێکدا ناتوانێت بژی ئەگەر سیستمەکە پشتگیریی نەکات. تۆ ئەگەر بە قسە باسی براوە/ براوە بکەیت بەڵام لەسەر بناغەی براوە/ دۆڕاو خەڵات بدەیتە بەرامبەرەکەت مانای وایە بەرنامەکەت شکستخواردو دەکەیت.

جی بچێنیت هەر ئەوە دەدوریتەوە. مرۆڤ ئەگەر بیەوێت ئامانجەکانی بەدەست بهێنێت و بنەماکانی رەنگ بدەنەوە لە پەیامەکەی ژیانیدا، پێویستە ئەو سیستەمەی کە خەڵکەکەی پێ خەڵات دەکات هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەم پرنسیپ و ئامانجانەدا.

Scanned by CamScanner

ئەگەر ئەو شێوازی خەڵاتکردنە بە شێوەیەکی سیستیماکی هاوئاهەنگ نەبێت، ئەوا ئەو کردارت رێك نایەنەوە. وەك ئەو بەڕێوەبەرەت لێ دێت کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بە دەم باسی هاوکاری دەکرد کەچی کارمەندەکانی هان دەدا پێشبڕکێ بکەن لەگەڵ یەکتریدا.

من ماوەی چەند ساڵێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی خانووبەرەدا کارم کرد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. یەکەم ئەزموونم لەگەڵ ئەم دەزگایەدا سەبارەت بە گردبونەوەیەکی گەورەی فرۆشتن بو. زیاتر لە (٨٠٠) دەزگای فرۆشیار – بۆ تاوتوێکردنی بەرنامەی پاداشتی ساڵانە گردبونەوە. لە دانیشتنەکەدا هەمو دڵخۆش و سەرحاڵ بون. کۆمەڵێك خوێندکاری زانکۆش لە دانیشتنەکەدا ئامادە بون و بەشدارییان هەبو لە غەڵبەغەڵب و پێکەنینەکاندا.

لەناو ئەو (٨٠٠) کەسەدا کە ئامادەبون، نزیکەی چل کەسیان خەڵاتیان وەرگرت. ناونیشانی خەڵاتەکانیش جۆراوجۆر بون، بۆ نمونە (زۆرترین فرۆش) و (زیاترین بڕ) و (راکێشانی زۆرترین کڕیار) و (خاوەنی گەورەترین لیست) و .. تاد.

لەکاتی پێشکەشکردنی خەڵاتەکانیشدا هەمو جارێك دەبووە چەپڵەلێدان و پێکەنین و خۆشیی.

دیارە لەم رێورەسمەدا چل کەس سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، بەڵام ئەوەش بە ئاشکرا درکی پێ دەکرا کە (٧٦٠) کەس دۆڕاون.

لەبەرئەوە خێرا پرۆسەیەکی فێرکاری و رێکخستنی وامان دەست پێکرد کە سیستم و پەیکەرەکانی ئەو کۆمپانیایە رێبازی براوە/ براوە پەسەند بکات. خەڵکەکەشم بەشدارکرد لە پێشخستنی ئەو سیستم و بناغانەی کە دەتوانن لەم رووەوە پشتیوانی بکەن. هانیشمان دان یارمەتی و هاوکاریکردنی یەکتری پەیڕەو بکەن تا بتوانن ئەو ئامانجە خوازراوانە بەدی بهێنن کە پێشتر خۆیان لەناو خۆیاندا لەسەری رێك کەوتون.

ساڵێك پاش ئەوە و لە گردبونەوەی داهاتودا، زیاتر لە هەزار دەزگای فرۆشیار بەشدارییان کرد. لەم ژمارەیە نزیکەی هەشتسەد کەسیان خەڵاتیان وەرگرت. ژمارەیەکی کەمی خەڵاتەکان لەسەر بناغەی بەراوردکاریی بو، بەڵام پرۆگرامەکە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخی دابو بەو کەسانەی کە بە شێوازی تایبەتی خۆیان

ئامانجی گرنگیان بەدەست هێنابو. هەروەها جەختی کردبووە سەر ئەو گروپانەش کە بە کاری دەستەجەمعی توانیبویان ئامانجی گروپەکان دەستەبەر بکەن. ئیتر پێویستی بەوەش نەدەکرد خوێندکاری زانکۆ و ئامادەیی بانگهێشت بکەین بێن چەپڵە لێ بدەن و ئاهەنگ بگێڕن و بە زۆری زۆرداریی کەش‌وهەوایەکی گوایە خۆش و پڕ لە ورە بخولقێنن. شتەکە زۆر سروشتی و سەرنجڕاکێش بو، چونکە ئامادەبوان هەمویان بەشداربون لەو خۆشییەدا و زۆربەی هەرە زۆریان براوە بون، کە یەکێک لە خەڵاتەکانیان گەشتێکی بەکۆمەڵ بو بۆ شوێنێکی گەشتیاری.

خاڵە گرنگەکەی ئەوەبو کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو (٨٠٠) کەسانەی خەڵاتەکەیان وەرگرت لەو ساڵەدا، بەرهەمی هەر یەکێکیان لەرووی قەبارەو قازانجەوە هێندەی بەرهەمی چل کەسەکەی ساڵی پێشو بو. کەواتە ئەم گیانی براوە/ براوەیە توانویەتی ژمارەی هێلکە ئاڵتونییەکان بە رێژەیەکی بەرچاو زیاد بکات و لەهەمان کاتیشدا خواردنی قازەکە دابین بکات و بەهەرەو توانا سەرسوڕهێنەرەکانی مرۆڤی تەقاندەوە. هەروەها هاوکارییەکی خولقێنەرانەی وای درێژە پێدا کە هەمو بەشدارانی سەرسام کرد.

دیارە پێشبڕکێکردن لە دنیای بازرگانی و بازاڕدا شوێنی خۆی هەیە و هەروەها لە بەرامبەر ئیش‌وکاری ساڵی رابردووشدا دەتوانیت پێشبڕکێ بکەیت. تەنانەت دژی نوسینگەیەک یاخود دژی کەسێکی دیکەش کە هاوکاری نەکات (چونکە لەم دۆخەدا ئیتر پێویستت بە هاوکاری نامێنێت). بەڵام هاوکاریکردنی لە شوێنی کاردا زۆر گرنگە و مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ ئازادکردنی کۆمپانیاکە. ململانێکردن لە دنیای بازاڕدا چەند گرنگە، هاوکاریکردن لە شوێنی کاردا هێندە گرنگە. ئەو ژینگەیەی کە رکابەری و ململانێ خەسڵەتی بن ژینگەیەک نییە گیانی براوە/ براوە بتوانێت تیایدا بژی.

ئەگەر بمانەوێت شێوازی براوە/ براوە بتوانێت بژی و کاربکات پێویستە سیستمەکە پشتیوانی لێ بکات. چۆن؟ لەڕێی سیستمەکانی راهێنان و نەخشەسازی بودجە و پەیوەندییەکان و زانیاری و قەرەبوکردنەوە و .. تاد. واتە پێویستە تێکڕای ئەمانە لەسەر بناغەی براوە/ براوە دابڕێژرێن.

جارێکی دیکەش کۆمپانیایەک داوای یارمەتی و راوێژکاری لێ کردم. کۆمپانیاکە

Scanned by CamScanner

وای دەزانــی هـیـچ ناتەواوییـەك لـە سیستمەکەیدا نیـیـە بـەڵکو ناتەواوییەکـە لـە کارمەندەکاندایە. بۆیە داوایان کرد خولێکی ڕاهێنان بۆ ئـەو کارمەندانـە بکەمـەوە و ئاستی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کڕیاردا چاك بکەم.

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە پـێی وتم: بـە ئـارەزوی خـۆت فرۆشگایەك هەڵبـژێرە و بـڕۆ بزانـە کارمەنـدەکان چـۆن هەڵسوکەوتت لەگەڵدا دەکەن. تـەنیا هـەر فـەرمان جێبەجێ دەکەن. نازانن چۆن دڵی کڕیار ڕابگرن و هیچ شارەزاییەکیان نیـیـە لـەوەی کڕیار ڕاکێشن بەلای بەرهەمەکاندا.

منیش لەسەر قسەکەی ئەو، چەندین فرۆشگا گەڕام و بۆم دەرکەوت کابرا ڕاست دەکات. بەڵام کابرا وەڵامی ئەو پرسیارەی لانەبو کە: بۆچی ئەمە وایە؟

بەڕێوەبەرەکە پێی وتم: تەماشاکە، ئێمە ئەوپەڕی کێشەمان هەیـە. سەرۆکبەشی زۆر بەتوانامان هەیە. پێمان وتون دوو لەسەرسێی بـۆ فرۆشتن بێت و یـەك لەسـەر سێشی بۆ کارگێڕی. لەمەشدا زۆر سەرکەوتوون. تەماشای فرۆشیان بکە، لە هـەموان باشـترە. تـەنیا ئـەوەمان لـەتۆ دەوێـت خـولێکی ڕاهێنـان بـۆ ئەوانـەی فرۆشـگاکان بکەیتەوە.

بەم قسەیە ئاڵای سور بەرزبووەوە. وتم: با ئەختێك زانیاری وەربگرم.

بەڕێوەبەرەکـە ئـەم قسـەیەی منـی پـێ خـۆش نـەبو، چونکە، بـە حسابی خـۆی، دەیزانی کێشەکە چییە و دەیویست خولی ڕاهێنانەکـە دەسـت پێبکەم و بـەس. بـەڵام مـن سـوربوم لەسـەر هەڵوێسـتی خـۆم و لـە مـاوەی دوو ڕۆژدا توانیمـان کێشـە ڕاستەقینەکە بدۆزینـەوە. کێشـەکە لـە چیدابو؟ لە پێناسـەی پۆسـت و لـە سیستمی پاداشتکردندا بو. سیستمەکە بە جۆرێك داڕێژرابو کە هەمو بەرهـەم و قازانجەکـە بـۆ بەڕێوەبـەرەکان بێـت. کارێکیـان کردبـو ئیشـە زەحمـەت و کـەم بایـەخ و پیسـەکان بـۆ فرۆشیارەکان بێـت، بـۆ نمونـە ئـەنبارکردن و پاکوخـاوێنی و پشکنینی کەلوپەلـەکان. خۆێشیان کۆمپانیاکەیان دادەدۆشی.

لەبەر ئەوە ئێمە تەنیا دەسـتکاری (یـەك) سیسـتەمان کـرد – سیسـتمی پاداشـت. بەمەش کێشەکە دەستوبرد چارەسەر کرا، چونکە سیستمەکەمان وا لێ کرد کـە هـەتا فرۆشیارەکان قازانجی خۆیان دەست نەکەوێت، بەڕێوەبەرەکان هیچ قازانجێك نەکەن. وامان کرد ئامانج و پێویستیەکانی بەڕێوەبـەرەکان تێکـەڵی ئامـانج و پێویسـتییەکانی

Scanned by CamScanner

فرۆشیارەکان ببن. لەبەر ئەوە ئیتر پێویستی بەوە نەما خولی راهێنان لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان بکەمەوە. خاڵە گەوهەرییەکە ئەوەبو سیستمێکی پاداشتکردنی راستگۆ و راستەقینەی وا بهێنمە ئاراوە کە لەگەڵ شێوازی براوە/ براوەدا بگونجێت.

نمونەیەکی دیکە ئەوەبو کە جارێکیان لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکدا کارم کرد. کۆمپانیاکە دەیویست هەڵسەنگاندنی فەرمی بکات بۆ توانای کارمەندەکانی. ئەم بەڕێوەبەرە کێشەیەکی هەبو چونکە نەیدەزانی چۆن بتوانێت یەکێک لە سەرۆک بەشەکان هەڵبسەنگێنێت. وتی: ئەو شایستەی ئەوەبو بخرێتە خانەی سێیەمەوە. بەڵام من خستمە خانەی یەکەمەوە، کە پۆستەکەی پێ بەرز دەبێتەوە.

لێم پرسی: بۆچی ئەوت خستە خانەی یەکەمەوە؟

وتی: لە مەسەلەی ئامار و داتادا زۆر باشە

پرسیم: ئەی بۆچی دەڵێیت شایستەی خانەی سێیەمە؟

وتی: لەبەرئەوەی گوێ ناداتە کەس و ئاژاوەگێڕە.

وتم: وا دیارە ئەم کابرایە تەنیا هەر بایەخ بە بەرهەم دەدات. لەبەر ئەوە تۆ خەڵاتی دەکەیت و پلەکەی بەرزدەکەیتەوە. بەڵام بۆچی بە راشکاویی کێشەکەی لەگەڵدا باس ناکەیت؟ هەق وایە تێبگەیەنیت کە توانای بەرهەمهێنان گرنگترە لە بەرهەم.

وتی: زۆرم هەوڵ داوە. کەڵکی نییە.

وتم: ئەی بۆچی رێکەوتنێکی براوە/ براوەی لەگەڵدا نابەستیت کە هەردوکتان رێک کەون لەسەر ئەوەی لە سێ بەش دووبەشی هەڵسەنگاندنەکە لەسەر بەرهەم بێت – واتە لەسەر ئامار و ژمارەکان و بەشێکیشی لەسەر هێزی بەرهەمهێنان بێت – واتە لەسەر ئەوەی خەڵك چۆن هەڵی دەسەنگێنن و چۆن لێپرسراوێکەو تا چ ئاستێك دەتوانێت گروپەکە بەڕێوە ببات و خەڵکی باش دروست بکات؟

وەڵامی دامەوە وتی: بیرۆکەیەکی باشە.

زۆرجار کێشەکە لە خەڵکەکەدا نییە بەڵکو لە سیستمەکەدایە. لە سیستمی خراپدا کەسی باش و بەتوانا هەشبن ئەنجامەکان هەر خراپ دەردەچن. پێویستە ئەو گوڵە ئاوبدەیت کە دەتەوێت گەورە ببێت.

مرۆڤ ئەگەر بەڕاستی فێرببێت بە شێوازی براوە/ براوە بیربکاتەوە، دەتوانێت سیستمێك بهێنێتە ئاراوە ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە بەهێز و کاریگەر بکات. هەروەها دەتوانن لەبری پێشبڕکێ و ڕکابەرایەتیکردنی یەکتری هاوکاری و یارمەتی خولقێنەر بهێننە ئاراوە و دەتوانن ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت لە بەرهەم و توانای بەرهەمهێنانیشدا.

لە کاروباری بازرگانیدا، بەڕێوەبەر (سەرۆك) دەتوانێت سیستمەکە وا لێ بکات بتوانێت تیمی بەرهەمهێنی بەتوانای وا بخولقێنێت کە پێشبڕکێ بکات لەگەڵ دەزگاکانی دیکەدا .. لەبواری پەروەردە و فێرکردنیشدا مامۆستاکان دەتوانن جۆرە سیستمێك بۆ نمرەدانان دابڕێژن کە هەم لەگەڵ ئاستی خوێندکارەکەدا بگونجێن، هەم خوێندکارەکانیش هان بدەن هاوکاری یەکتری بکەن لە فێربون و داهێناندا. لەناو خێزانیشدا دایك و باوك دەتوانن پێشبڕکێ و ململانێکردنی یەکتری بگۆڕن بە هاوکاری. لەسەر ئاستی چالاکییەکانیش، بۆ نمونە لە یاری بۆڵیندا، دەتوانن ژمارەیەك بۆ خێزانەکەیان بەدەست بهێنن کە لە ژمارەی تۆمارکراوی جاری پێشوو زیاتر بێت. هەروەها دەتوانن فەلسەفەی براوە/ براوە بۆ ئەرکەکانی ناومالیش پەیڕەو بکەن چونکە ڕێبازێکە هیچ بۆڵەو گلەییەك ناهێڵێت و دایك و باوکەکەش هەر ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن کە تەنیا هەر خۆیان دەتوانن بیانکەن.

جارێکیان لەگەڵ هاوڕێیەکمدا پێکەوە تەماشای ئەفلامکارتۆنێکمان دەکرد. دوو منداڵ بون پێکەوە قسەیان دەکرد. یەکێکیان بەوی دیکەیانی وت: "ئەگەر ئانێستا دایکم لە خەو هەڵنەسێت، ئێمە لە قوتابخانە دوادەکەوین". ئەم قسەیە سەرنجی هاوڕێکەمی ڕاکێشا بۆ خاڵێکی گرنگ، کە ئەگەر فەلسەفەی براوە/ براوە لە خێزاندا نەچەسپێت کێشەی چۆن ڕوویان تێدەکات.

فەلسەفەی براوە/ براوە ئەرکی بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو دەخاتە ئەستۆی (تاك) لە چوارچێوەی کۆمەڵێك سەرچاوە و ڕێنمایی دیاریکراودا. ئەم فەلسەفەیە وا لە کەسەکە دەکات بەرپرسیاربێت بەرامبەر چۆنێتی ئەنجامدان و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکان. هەروەها سڵ لە پێشهاتەکانیش دەکاتەوە. ئەم فەلسەفەیە ژینگەیەك دەخولقێنێت کە پشتگیری ڕێکەوتنەکان بکات و گەشەیان پێبدات.

Scanned by CamScanner

پرۆسە

هەرگیز ناتوانیت ئەنجامی شێوازی براوە/ براوە بە پەیڕەوکردنی براوە/ دۆڕاو یاخود دۆڕاو/ براوە بەدەست بهێنیت. ناتوانیت بڵێیت من مەبەستم براوە/ براوە بوو، کەواتە دەبێت ئەو ئامانجەشم دەست بکەوێت. کەواتە پرسیارەکە ئەمەیە، چۆن بگەینە رێگە چارەیەکی براوە/ براوە.

(رۆجەر فیشەر) و (ویلیام یوری) کە دوو پرۆفیسۆری بواری یاسان لە زانکۆی هاڤارد لە کتێبە گرنگەکەیاندا (گەیشتن بە بەڵێ)دا توانیان رەوتێکی تازە بدۆزنەوە. ئەم رەوتە تازەیە کە رەوتێکی پرنسیپئامێزە پێچەوانەی ئەو رەوت و شێوە بۆچوونەیە کە هەر پێگە کۆمەڵایەتی و هەڵوێستەکان دەبینێت، واتە: بنەما و پرنسیپ لە بەرامبەر هەڵوێست و پێگەدا. هەرچەندە لەم کتێبەدا ناوی شێوازی براوە/ براوە نەهێنراوە، بەڵام رۆح و فەلسەفەی کتێبەکە زۆر هاوئاهەنگن لەگەڵ شێوازی براوە/ براوەدا.

ئەم دوو نوسەرە لە کتێبەکەیاندا دەڵێن کە ناوەرۆکی دانوستانی پشت بەستو بە بنەماو یاساکان ئەوەیە کەسەکە لە کێشەکە جیابکەیتەوە و بایەخ بە بەرژەوەندییەکان بدەیت نەك بە هەڵوێستەکان و هەروەها هەوڵی بەدەستهێنانی رێگای ڤازانجی هاوبەش بدەیت و سوربیت لەسەر پێوەرە بابەتییەکان.

- هەندێك پرنسیپی دەرەکی و پرنسیپی وا کە هەردوو لایەنەکە پێی ڤایل ببن.

من لە ئەنجامی ئەو ئەزموونانەی کە لە دەرەنجامی کارکردنمدا فێریان بوم لەگەڵ خەڵك و لایەنی جیاجیادا لە مەسەلەی چارەسەرەکانی براوە/ براوەدا پێم وایە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە زۆر گرنگن.

یەکەم، کێشەکە لە چاوی کەسەکەی بەرامبەرتەوە ببینەو گۆشەنیگای ئەو بەهەند وەربگرە .. پێویستە راستگۆیانە هەوڵ بدەیت پێویستی و ئارەزووەکانی لایەنی بەرامبەر تێبگەیت و بۆیشی روون بکەیتەوە کە تێیان گەیشتویت (وەك خۆیان یان باشتر لە خۆیان).

دووەم: گوێ مەدەرە هەڵوێست و پلەو پایەکان بەڵکو مەسەلە گرنگەکان و ئارەزووە سەرەکییەکان دیاری بکە.

سێیەم، بزانە هەمو لایەنەکان کام ئەنجام بە چارەسەرێکی تەواو و قبولکراو دەزانن.

Scanned by CamScanner

چوارەم، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئەنجامانە شێواز و میکانیزمی گونجاو دیاری بکە. خووەکانی ژمارە (٥) و (٦) راستەوخۆ پەیوەستن بەم پرۆسەیەوە و ئێمە لە بەشەکانی داهاتوودا بە دوورودرێژی باسیان دەکەین.

بەلام رێگەم بدەن ئالێرەدا سەرنجتان بۆ سروشتی ئەو پەیوەندییە بالایە رابکێشم کە پرۆسەی بیرکردنەوەی براوە/ براوەی لەگەل گەوهەری ئەو فەلسەفەیەدا هەیەتی. رێگا چارەی براوە/ براوە هەر لە پرۆسەی براوە/ براوەوە دێتەدی. ئەنجام و پرۆسەکە لێك جیاناکرێنەوە و یەك شتن.

شێوازی براوە/ براوە تەکنیکێك نییە پەیوەندی بە خودی کەسەکەوە هەبێت. بەلکو پارادایمێکە سەرومڕ پەیوەستە بە کارلێکە مرۆڤایەتییەکان (پەیوەندییەکانی نێوان خەلکی) و هەلقولاوی خەسلەتەکانی دەستپاکی و کاملی و بەرچاوتێرییە و لەناو ئەو پەیوەندییانەدا گەشە دەکات کە متمانەی بەرزی تێدایە. لەو رێکەوتنانەدا بەرجەستە دەبێت کە پێشبینییەکان و دەستکەوتەکان کۆنترۆل دەکات و لەو سیستمانەدا نەشونما دەکات کە هاندانیان تێدایە و لە پرۆسەیەکدا دێتە دی کە ئێمە لە خووەکانی (٥) و (٦)دا بە تەواوی باسی دەکەین.

چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێکردن:

١. بیر لە کارلێکی چاوەڕوانکراو بکەرەوە کە هەول دەدەیت بگەیتە رێکەوتنێك یاخود لەپێناوی چارەسەرێکدا دانوستاندن دەکەیت. هەر لە ئێستاوە هەول بدە هاوسەنگییەك رابگریت لەنێوان ئازایەتی و رەچاوکردندا.

٢. لیستێك بکە بە ناوی ئەو گیروگرفتانەی کە زوو زوو دەبنە رێگر لەبەردەمتدا لە مەسەلەی جێبەجێکردنی شێوازی براوە/ براوەدا. ئینجا بیربکەرەوە بزانە لە چوارچێوەی بازنەی دەوروتەنسیرەکەتدا چۆن دەتوانیت ئەم رێگرانە لاببەیت.

٣. پەیوەندییەکی دیاریکراو هەلبژێرە کە پێت خۆشە رێکەوتنێکی براوە/ براوەی تێدا ببەستیت. هەول بدە خۆت لە شوێنی ئەوکەسە دابنێیت و ئینجا بەراشکاوی بنوسە ئەو کەسە چۆن رێگا چارەکە دەبینێت. پاشان لە گۆشەنیگای خۆتەوە لیستێك ئامادە بکە بەو شتانەی کە تۆ پێت وایە بەلای تۆوە قازانج هەردوولاتان دەگەیەنێت. ئینجا لە کەسەکە نزیك ببەرەوەو لێی بپرسە بزانە پێی خۆشە لەپێناوی گەیشتنە رێکەوتن و خالی هاوبەشدا ئامادەیە هاوکاریت بکات؟

خۆم بخەمە شوێنی ئەو. هەوڵمدا وەکو ئەو گوزارشت لە پێویستی و گومانەکانی بکەم .. وردە وردە کابرا وای لێ هات ناخی خۆیم بۆ بکاتەوە. قسەکانم دەربارەی گومان و نیگەرانی‌یەکانی کارێکیان کرد کابرا زیاتر و زیاتر بکرێتەوە، دواجار لە گەرمەی گفتوگۆکانماندا هەستاو چووە لای تەلەفۆنەکەوە و قسەی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کرد پێی وت ئەوە رێك کەوتین تەواو. ئەمەش وای لێ کردم لە شەوەوە تا ئێستا قسەم بۆ نەکرێت.) چیرۆکی ئەم کابرایە چیرۆکی پاشەکەوت کردنی برێکی زۆر هەست و متمانەیە لە بانقی هەستەکاندا. توانیوێتی بواری هەناسەدانێکی مەعنەوی بۆ بەرامبەرەکەی برەخسێنێت. کە مەسەلەکە بگاتە ئێرە ئیتر شتەکانی دیکە وەکو یەکیان لێ دێت. لە هەمو شتێکدا مەسەلە مرۆییەکان زۆر لە رەهەندە پێکەوەییەکانی مامەڵە بازرگانییەکان گرنگترن.

دیارە ئەمەش کارێکی زەحمەتە. ئاسان نی‌یە هەوڵبدەیت یەکەمجار تێبگەیت و پێش ئامۆژگاری و رەچەتە نوسین، نەخۆشییەکە دەستنیشان بکەیت. ئەوە کارێکی قورسە. ئیشە ئاسان و قەدبڕەکان ئەوەیە ئەو چاویلکەیەی خۆت پێشکەشی بەرامبەرەکەت بکەیت کە ساڵەهای ساڵە سودت لێ بینیوە. ئەمە بۆ مەودا کورتەکان کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام لە ئایندەیەکی دووردا کاریگەریی زۆر خراپ دەکاتە سەر بەرهەم و توانای بەرهەمهێنان. تۆ ئەگەر زانیاری وردت نەبێت لەسەر بەرامبەرەکەت و نەزانیت سەرچاوەی رەفتارەکانی لەکوێوە هەڵدەقوڵێن ناتوانیت سودی تەواو لە هاوکاری و پەیوەندیەکان ببینیت .. هەروەها پەیوەندی‌یە دەستە جەمعییەکانیش بەرهەمێکی ئەوتۆیان لێ ناکەوێتەوە ئەگەر ئەو کەسانەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکەیت هەست نەکەن بە تەواوی تێیان گەیشتویت. هەروەها پێویستە ئەوەش بڵێین کە گوێگرتنی هاوسۆزی مەترسی زۆری تێدایە و پێویستی بەوەیە بچیتە ناو ئەزمونەکانی گوێگرتنەوە. گوێگرتنێکی قوڵی وا کە رەنگە کاریگەریت لەسەر دروست بکرێت و ئەمەش خۆی لە خۆیدا ناکۆکی دروست دەکات لەگەڵ ئامانجەکەتدا. واتە بۆ ئەوەی بتوانیت کاریگەری دروست بکەیت پێویستە بکەویتە ژێر کاریگەرییەوە. بە کورتییەکەی یەعنی پێویستە بەراستی لە بەرامبەرەکەت تێبگەیت.

لەبەر ئەوە خووەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بناغەی پتەوی دورمەودایان

هەیە. ئەم خووانـەن کـە نـاوەڕۆکێکی گەوهـەرداری وا بـە مـرۆڤ دەبەخشن کـە نەگۆڕێت و وای لێ بکات ببێتـە خـاوەنی ئەو ناوەنـدە سـەرەکی‌یەی کە بە ئاسانی دەست بداتە مەسەلە دەرەکی‌یەکان.

دەستنیشانکردن پێش چارەسەر

مەسـەلەی دەستنیشـانکردن پـێش چارەسـەر، یـاخود ئـەوەی سـەرەتا تێبگـەیت و ئینجا هـەوڵ بـدەیت لێـت تێبگـەن هەرچـەندە زەحمـەت و مەترسیدارە بـەڵام لـە زۆربـەی بوارەکـانی ژیانـدا پرنسـیپێکی راسـت و دروسـتە. کەسـانی پرۆفیشـناڵی راستەقینە بـەوجۆرە رەفتـار دەکـەن و بـەلای پزیشـکان و پزیشـکانی چاویشـەوە مەسـەلەیەکی یـەکجار گـرنگ و هەسـتیارە، مەحاڵـە تـۆ متمانـە بـە رەچـەتەی ئـەو پزیشکە بکەیت کە گومانت هەبێت لە دەستنیشانکردنەکەیدا.

جارێکیان (جولی) کچمان لـە تەمـەنی دوومانگیـدا کتـوپڕ نـەخۆش کـەوت. بیرمـە ئەو رۆژە رۆژی شەممە بو، کە لە شارۆچکەکەی ئێمەدا یاری تۆپی پێ زۆربـەی هـەرە زۆری خەڵکەکەی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبو. یارییەکـەش هێنـدە گـرنگ بـو نزیکـەی شەست هـەزار کـەس چوبون بـۆ تەماشـاکردن. مـن و ساندرای هاوسەریشم حـەزمان دەکرد بچینە تەماشای، بەڵام دڵمان نەهات کچە بچکۆلەکەمان تـەنیا جێ بهێڵین کە سکچوون و رشانەوەیەکی کتوپڕ شپرزەی کردبو.

پزیشکی ئێشکگریش (کە پزیشکی خێزانەکەمان نـەبو) لـە سـەیری یارییەکە بـو. کە دۆخی کچەکەمان تێك چو ناچاربوین پەیوەندی بکەین بە پزیشکەکەوە.

ساندرای هاوسەرم لە رێی ئامێرێکی تایبەتەوە پەیوەندی پێوەکرد و رێکەوتیش کاتی پەیوەندیکردنەکە ئەو یارییە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاردا بـو هاوسـەرەکەم لـە تۆنی قسەکانی پزیشکەکەدا هەستی بەوەکرد کە لـە وەڵامـدا پـێی وت "بـەڵێ فـەرمو چی بووە؟".

- "مـن هاوسـەری دکتـۆر (کـۆڤی)م. تەندروسـتی کچـەکەمان (جینـی) نیگـەرانی کردووین"

ساندرا مەسـەلەکەی بۆ باس کـردو پزیشـکەکە وتـی "زۆرچاکە، دەرمانەکـەتان بـۆ دیاری دەکەم .. ناوی ئەو دەرمانخانەیەم پێ بڵێن کە مەعمیلی ئێوەیە"

کە ساندرا قسەکانی تەواو کرد، هەسـتی کـرد لـەتاو شپرزەیی خـۆی مەسـەلەکەی

Scanned by CamScanner

بە تەواوی بۆ پزیشکەکە روون نەکردۆتەوە. لێم پرسی: "تۆ بڵێی بزانێت (جینی) ساوایە"

وتی: من دڵنیام لەوە

وتم: چۆزانیت !! خۆ ئەو پزیشکی خێزانەکەمان نییە و لەوەو پێشیش (جینی)مان نەبردووە بۆلای.

وتی: بە هەرحاڵ من زۆر دڵنیام کە دەزانێت.

ساندرا نەختێك بێدەنگ بو، پاشان رووی تێکردم و لێی پرسیم: چی بکەین ئێستا؟

پێم وت: پەیوەندی پێوەبکەرەوە.

وتی: نا .. تۆ بیکە

بە قسەم کرد. پەیوەندییەکەم ئەمجارەشیان لە یارییەکەی دابڕی. پێم وت: ئایا ئەو دەرمانەی نوسیوتە دەگونجێت بۆ منالێکی دوو مانگ؟ جینی تەمەنی دوو مانگە دوکتۆر.

بە سەرسورماوییەوە وتی: نەخێر نەمدەزانی .. زۆر چاکت کرد پەیوەندیت پێوە کردمەوە. ئا ئێستا دەستبەجێ رەچەتەکەی بۆ دەگۆرم.

کەواتە ئەگەر متمانەت بە دەستنیشانکردنەکە نەبێت متمانەشت بە چارەسەرەکە نابێت.

ئەم قسەیە لە کرین و فرۆشتنیشدا راستە. فرۆشیاری لێهاتو یەکەمجار هەوڵ دەدات بزانێت خەڵکەکە پێویستی بە چییە و کرپارەکان چۆن بیر دەکەنەوەو لە چ وەزعێکدان. فرۆشیاری نەشارەزا کاڵا دەفرۆشێت بەڵام ئەگەر پرۆفیشناڵ و شارەزا بێت چارەسەری کێشەو پێویستیەکان دەفرۆشێت. ئەم دوو رێبازەش دوو رێبازی زۆر جیاوازن. کەسی پرۆفیشناڵ فێری ئەوە دەبێت شتەکە دەستنیشان بکات و تێی بگات، هەروەها دەشزانێت چۆن پێویستی خەڵکەکە ببەستێت بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی خۆیەوە. هەروەها بایی ئەوەش راستگۆ و سەرراستە کە ئەگەر بەرهەمەکەی یاخود خزمەتگوزارییەکەی بەکەڵکی کرپارەکە نەیەت رێك و رەوان پێی بڵێت.

دەستنیشانکردنی پێش چارەسەر لە بواری یاساشدا بایەخێکی سەرەکی هەیە.

پارێزەری پرۆفیشناڵ و لێهاتو سەرەتا دەست دەکات بە کۆکردنەوەی زانیاریـیە راستەکان بۆ ئەوەی لە مەسەلەکە تێبگات و پێش ئامادەکردنی بابەتەکە بە تەواوی لە پێشینەکان و لە یاساکان حاڵی بوبێت. پارێزەری باش زۆرجار پێش ئەوەی موراففەعەکەی خۆی بنوسێت، خۆی دەخاتە شوێنی پارێزەری لایەنەکەی بەرامبەر و لە گۆشەنیگای ئەوەوە موراففەعەکە دەنوسێت.

ئەم دروشمە لە بواری دیزاینکردنی بەرهەمیشدا راست و گرنگە. ئایا هەرگیز رێی تێدەچێت کەسێك لە کۆمپانیایەکدا بڵێت "زەوقی کڕیار بە جەهەننەم .. بڕۆن خەریکی بەرهەمهێنان بن". گوێ نەدان بە زەوق و نەریتی کڕیار و خۆسەرقاڵکردن بە دروستکردنی بەرهەمەوە هیچ سەرکەوتنێکی لێ بەدی نایەت.

ئەندازیاری بەتواناش سەرەتا هەوڵ دەدات ئەندازەی هێز و گوشارەکان تێبگات ئینجا دەست بداتە دیزاینکردنی پردەکە. مامۆستای بەتواناش بەر لەوەی وانەکە بۆ خوێندکارەکان شەرح بکات هەوڵ دەدات بیانناسێت و هەڵیانبسەنگێنێت. خوێندکاری لێهاتوش پێش ئەوەی زانیارییەکە پراکتیك بکات هەوڵ دەدات تێی بگات. باوکی لێهاتوش بەر لە بڕیار و حوکم دەرکردن هەوڵ دەدات مەسەلەکە تێبگات. کلیلی هەمو بڕیارێکی راست لە تێگەیشتنیدایە. بازدان بەسەر ئەمەدا و حوکمدەرکردنی خێرا مرۆڤ نامەحروم دەکات لە تێگەیشتنی تەواو.

سەرەتا هەوڵ بدە تێبگەیت .. ئەمە پرنسیپێکی رون و ئاشکرای راستە بۆ هەمو بوارەکان. پرنسیپێکی سەراپاگیر و کۆڵکەی هاوبەشە، بەڵام گرنگترین کاریگەرییەکان لە بواری پەیوەندییە دەستەجەمعییەکانی مرۆڤدایە.

چوار کاردانەوەکەی ژیاننامە

ئێمە لەبەر ئەوەی لە پارادیمی ژیاننامەی خۆمانەوە تەماشای شتەکان دەکەین، حەزدەکەین بە یەکێك لەم چوار رێگایە کاردانەوە نیشان بدەین – یەکەمین هەڵسەنگاندن – شتەکەمان بە دڵە یان بەدڵ نییە. دووەمیان لێکۆڵینەوەیە. لە گۆشەنیگای خۆمانەوە پرسیار ئاڕاستە دەکەین – سێیەمینیان ئامۆژگاریکردنە. لە روانگەی ئەزمونەکانی خۆمانەوە ئامۆژگاری پێشکەش دەکەین. چوارەمیشیان لێکدانەوەیە. هەوڵ دەدەین لە روانگەی پاڵنەرەکان و رەفتارەکانی خۆمانەوە لە

نهێنی بەرامبەرەکەمان تێبگەین و پاڵنەرەکان و رەفتارەکانیان لێك بدەینەوە.

ئەم کاردانەوانەمان بە شێوەیەکی سروشتی بۆ دێت، چونکە کۆمەڵە دەقێکە رۆچونەتە ناخمانەوە و هەمیشە بە دەوری ئەواندا دەژین. بەڵام ئایا ئەم کاردانەوانە یارمەتیدەرن لەوەی راستو دروست لە شتەکان تێبگەین؟

بۆ نمونە من ئەگەر بمەوێت پەیوەندیم لەگەڵ کوڕە هەرزەکارەکەمدا بەو شێوەیە بێت کە هەمو قسەکانی هەڵبسەنگێنم، ئایا کوڕەکەم هەست بە ئازادی دەکات لەگەڵمدا و ئامادەیە بەراستی خۆیم نیشان بدات؟ ئایا بەم جۆرە پەیوەندییە دەتوانم هەناسەدانێکی مەعنەوی پێ ببەخشم؟

کە هەست بکات من لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا دەکەم چی بەسەردێت؟ لێکۆڵینەوە بیست جۆر پرسیار لەخۆ دەگرێت. شتێکە پەیوەستە بە ژیاننامەی تایبەتی خۆمەوە و گوزارشت لە کۆنترۆڵکردن و داگیرکردن دەکات. لێکۆڵینەوە هەروەها لەژێر کاریگەریی لۆجیکدایە. زمانی لۆجیکیش جیاوازە لە زمانی هەست و خۆشەویستی. تۆ دەتوانیت رۆژ تا ئێوارە پرسیار بکەیت، بەڵام هیچ زانیارییەکی وات دەست نەکەوێت کە یارمەتیدەرت بێت لە ناسینی کەسەکە. ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە بەردەوامە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ناهێڵێت باوکان لە کوڕەکانیان نزیك ببنەوە.

★ چۆنیت کورِم؟

- باشم

★ دەنگوباس؟

- هیچ

★ ئەی هی مەکتەب؟

- هیچی وا نییە.

★ ئەتەوێ هەینی چی بکەیت؟

- نازانم

بەمجۆرە گفتوگۆیە (کە لەراستیدا لێکۆڵینەوەیە) ناتوانیت وای لێ بکەیت واز لە تەلەفۆنەکەی بهێنێت لەگەڵ هاورێکەیدا. وەڵامەکەشی لە یەك دوو وشە زیاتر تێناپەرێت. ماڵەکەت بەلای ئەوەوە لە مۆتێلێك زیاتر هیچی دیکە نییە کە تیایدا دەخوات و دەخەوێت، بەڵام هەرگیز نە دەکرێتەوە لەگەڵتدا و نە بەشداریی هیچی

Scanned by CamScanner

شتێکیش دەکات. بەینی خۆمان بێت، ئاهەقیشی نییە چونکە هەر جارێک کە ویستبێتی ئاخی خۆیت بۆ بکاتەوە و ئاسکترین هەستی خۆیت بۆ دەربڕێت، تۆ بە ئامۆژگارییەکەت ئەو هەست و ناوەڕۆکەت پێشێل کردووە و بێزارت کردووە. هێندەت لێ دووبارە کردۆتەوە: پێم وتیت، بۆم باسکردیت، ئاگادارم کردیت .. تاد.

بە شێوەیەکی گشتی ئێمە هەمومان زیاد لە پێویست پابەندی ئەم جۆرە کاردانەوانەین کە وەکو دەقی نوسراو وان و تەنانەت ناشزانین کەی بەکاریان بهێنین. من خۆم ئەم چەمکەم بۆ هەزاران کەس روونکردۆتەوە لە سەرتاسەری وڵاتدا. جارێکیش نەمدیوە خەڵکەکە بەوە توشی سەرسوڕمان نەبێت کە ببینێتی چۆن پەیڕەوکردنی گوێگرتنی هاوسۆزیی دەرەنجامی گرنگ و چاکی لێ دەکەوێتەوە. بەلای زۆربەی خەڵکەوە ئەم خووە کە دەڵێت یەکەمجار هەوڵبدە تێبگەیت، سەرنجڕاکێشترین خووە و جێبەجێکردنی دەستبەجێشی لە هەمویان ئاسانترە.

ئێستاش با چاوێک بخشێنین بە گفتوگۆیەکی ئاسایی و کلێشەیی نێوان باوکێک و کوڕە هەرزەکارەکەی. تکایە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە باسمان کرد قسەکانی باوکەکە یەکەیەکە پۆلێن بکە.

- بابە من بۆم دەرکەوتووە خوێندن یەک فلسی قەڵب ناهێنێت.

* چی بووە کوڕم (لێکۆڵینەوە)

- خوێندن زۆر بێ هوودەیە .. من هیچ سودێکی لێ نابینم

* ئێستا وا هەست دەکەیت کوڕم .. منیش کە لە تەمەنی تۆدا بوم هەمان هەستم هەبو. بیرم دێت کە چومە پۆلەوە وامدەزانی کات بەفیڕۆدانە. بەڵام دواتر خوێندن بو بە باشترین پشتیوانم. پێویستە بەردەوام بیت لە خوێندن و پشو درێژبیت. (ئامۆژگاری)

- دە ساڵی رەبەقە خەریکی خوێندنم. پێم ناڵێیت س + ص کەڵکی چی هەیە، دوور نەڕۆین بۆ فیتەرێک؟

* فیتەر؟ دڵنیام سوعبەت دەکەیت (هەڵسەنگاندن)

- نەخێر سوعبەت ناکەم. تەماشای یوسف بکە. وازی لە خوێندن هێناو خووی دایە فیتەری. ئێستا ئەوەندە دەوڵەمەند بووە حسابی خۆی نازانێت. بەڕاستی ئەوە بڕیارە.

Scanned by CamScanner

★ ڕەنگە ئێستا شتەکە وا دەربکەوێت. بەڵام پاش چەند ساڵێکی دیکە یوسف پەشیمان دەبێتەوە لەوەی خوێندنی واز لێ هێناوە. فیتەریی بەکەڵکی تۆ نایەت. پێویستە بخوێنێت و ببێت بە شتێکی چاکتر. (ئامۆژگاری)

- نازانم، بەڵام ئێستا یوسف وەزعی باشە.

★ گوێ بگرە کوڕم، ئایا تۆ بەڕاستی هەوڵت داوە لەگەڵ دەرس و دەورەکانتدا؟ (لێکۆڵینەوە، ئامۆژگاری)

- ئەی چۆن هەوڵم نەداوە. تائێستا (دە) ساڵی خۆم بەس لە ئامادەییدا سەرف کردووە. بەڵام دڵنیام بە هیچ ناچێت.

★ خوێندنگاکەت خوێندنگایەکی زۆرباشە کوڕم. پێویستە حەقی خۆیی بدەیتێ (هەڵسەنگاندن، ئامۆژگاریی)

- خوێندکارەکانی دیکەش هەر وەکو من بیردەکەنەوە

★ تۆ دەزانیت من و دایکت چ ڕەنجێکمان کێشاوە تا تۆمان گەیاندۆتە ئەم ئاستە! ناکرێت پاش ئەم هەمو ساڵە واز لە خوێندن بهێنیت. (هەڵسەنگاندن)

- دەزانم چەند قوربانیتان داوە بابە، بەڵام خوێندن ئەوە ناهێنێت.

★ دڵنیام ئەگەر ئەو کاتە زۆرەی بەدیار تەلەفزیۆنەوە خەساری دەکەیت خوو بدەیتە خوێندنەکەت بۆچونت دەگۆڕێت (ئامۆژگاریی، هەڵسەنگاندن)

- گوێ بگرە بابە، قوتابخانە باش نییە و تەواو .. هەقت نەبێت بەسەرمەوە. حەزناکەم جارێکی دیکە بە هیچ شێوەیەك باسی ئەم مەسەلەیە بکەم.

ئاشکرایە کە باوکەکە نیازی باشە و دەیەوێت یارمەتی بدات، بەڵام ئایا بە کردەوە تەنیا یەك هەنگاویشی ناوە بۆ ئەوەی بە ڕاستی تێبگات!

دەبا ئێستا وردتر سەرنج لە کوڕەکە بدەین. نەك تەنیا قسەکانی بەڵکو هەست و بۆچوونەکانیشی (کە لە خوارەوە لەناو کەوانەکاندا روونیان دەکەینەوە) و بزانین کاردانەوە ئاسایی و تەقلیدییەکانی باوکی چی بون لەسەری کە باوکەکە لە ژیاننامەی خۆیەوە هەڵی هێنجاون.

★ بابە من بۆم دەرکەوتووە. خوێندن یەك فلسی قەڵب ناهێنێت. (دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم، بایەخم پێ بدەیت)

- چی بووە کوڕم؟ (کەواتە تۆ بایەخ دەدەیت بە مەسەلەکە، ئەمە شتێکی چاکە)

ـاگری نـا .. بـە هـیچ شـێوەیەك سـوودی لێ نـابینم (کێشـەم هەیـە لەگـەڵ قوتابخانەکەدا، هەستێکی خراپم تیا دروست بوە)

- شتێکی ئاسایییە ئێستا هەست بە سوودەکانی خوێنـدن نەکـەیت. منیش کـە لـە تەمەنی تۆدا بـوم هـەمان هەسـتم هـەبو (وای، نـا. ئەمـە بەشی سێیەمی ژیاننامـەی باوکەیـە. ئـەوەی کـە مـن حەزدەکـەم قسـەی لـەبارەوە بکـەیت ئەمـە نییـە. هـیچ بەلامەوە گرنگ نییە، کاتی خۆی ئەو چ هـەژاری و دەردەسـەرییەك خوێنـدنی تـەواو کردووە. من دەمەوێت بگەمە کرۆکی کێشەکە؟

- بیرمە منیش گاڵتەم بە خوێندن دەهات و دەمگوت کات کە شتێکی بێهوودەیـە، بـەلام لـە کۆتاییـدا هـەر خوێنـدن و دەرس و دورەکـە فریـام کـەوتن. تـۆش پێویسـتە بەردەوام بیت و بخوێنیت. پەلەت نەبێ (زەمەن کێشەکەی مـن چارەسـەر ناکـات. ئـای چەند حەزدەکەم پێت بڵێم. چەند حەزدەکەم دەری بپەڕم)

* دە ساڵی تەمەنی خۆمم پێبەخشیوە. دەتوانیت پـێم بڵێیـت (س + ص) سـودی چی دەگەیەنێت بە من بۆ نمونە گەر بمەوێت ببمە فیتەر.

- فیتەر؟ دڵنیام سوعبەت دەکـەیت (ئەگـەر بـبم بـە فیتـەر خۆشی نـاوێم، ئەگـەر خوێندنەکەم تەواو نەکەم خۆشی ناوێم لەبەر ئـەوە پێویسـتە بڕوبیـانو بـۆ قسـەکانم بهێنمەوە)

* نەخێر سوعبەت ناکەم تەماشای یوسف بکە، لەوەتەی وازی لە خوێنـدن هێنـاوە و خووی داوەتە چاککردنەوەی ئوتومبیـل کۆڵێك دەوڵەمەنـد بـووە. ئەمەیـە بڕیـاری چاك و کردەنی.

* رەنگە ئێستا شتەکە بە رواڵەت وابێت، بـەلام پـاش چەند ساڵێکی دیکە دڵنیام یوسف پەشـیمان دەبێتـەوە و دەڵێت نـاخ خۆزگـە خوێنـدم واز لێ نەهێنایـە. (ئـۆی، ئەمەشیان موحازەرەیەکی دیکەیە دەربارەی خوێندن)

* خۆ بە خێری ناتەوێت ببیت بە فیتـەر (تـو چوزانی نامـەوێت باوکـە؟ ئایـا تـۆ ئاگات لە حەز و ئارەزووەکانی منە؟)

* تۆ پێویستت بەوەیە بخوێنیت و خۆت ئامادە بکـەیت ببیتـە شتێکی زۆر چاك. فیتەری چییە؟!

- نـازانم، بـەلام یوسـف کـە وازی لـە خوێنـدن هێنـاوە ومزعـی زۆر باشـە (خـۆی

خەسارنەکردووە، یوسف کە وازی لە خوێندن هێنا خۆی خەسار نەکرد)
خەسارنەکردووە، یوسف کە وازی لە خوێندن هێنا خۆی

* گوێ بگرە کوڕم، ئایا تۆ بە جددی هەوڵت داوە لە دەرس‌و دەورەکانتدا پێش
بکەویت؟ (دیسانەوە راوەڕاوێیەکەیە بابە؟ ئاخ خۆزگە گوێت لێ دەگرتم. من بەڕاستی
پێویستم بەوەیە قسەت لەگەڵدا بکەم دەربارەی شتێکی گرنگ)

- تا ئێستا دوو ساڵم بەس لە قۆناغی ئامادەییدا بەسەربردووە. ئیتر چۆن هەوڵم
نەداوە .. بەڵام لە کات بەفیڕۆدان زیاتر هیچی دیکە نییە

* خوێندنگاکەت خوێندنگایەکی زۆر ناسراوە کوڕم. پێویستە نەختێك مافی
خۆیی بدەیتێ (زۆر جوانە. باسی هەق‌و راستگۆیی دەکەیت. خۆزگە دەمتوانی بە
ئارەزوی دڵی خۆم لەمبارەیەوە قسەم بکردایە.

- خوێندکارەکانی دیکەش هەر وەکو من بیردەکەنەوە (منیش گەمژەنیم،
نەختێك لە دنیا گەیشتوم)

* دەزانیت من و دایکت چ رەنجێکمان کێشاوە تا تۆمان گەیاندۆتە ئەم رۆژە؟
(دەی دەی دەتەوێت وام لێ بکەیت هەست بە گوناح و تاوان بکەم .. قوتابخانە شتێکی
باشە و دایك و باوکیشم زۆر مەزنن، بەس من گێل و هیچ‌و پوچم؟

* پاش ئەم هەمو ساڵە تازە چۆن دەتوانیت واز لە خوێندن بێنیت؟

- بابە من دەزانم چەند قوربانیتان داوە، بەڵام خوێندن ئەوە ناهێنێت (تۆ
مەسەلەکە تێنەگەیشتویت)

* گوێ بگرە کوڕم. دڵنیام ئەگەر لەباتی ئەو هەمو کاتەی بە تەماشاکردنی
تەلەفزیۆنەوە خەساری دەکەیت خووت بدایەتە دەرس‌ودەورەکەت (باشە بابە گیان
تەواو — هیچ کێشەیەکم نییە و ئەسڵەن بێ ئەقڵیش بوم کە ویستم بۆت باس بکەم)

* گوێ بگرە بابە. خوێندن باش نییەو تەواو .. منیش ئیتر بە هیچ شێوەیەك
حەزناکەم باسی ئەم مەسەلەیە بکەمەوە.

ئێستا دەزانیت تواناکان و دەستکەوتەکان چەند سنوردار دەبن ئەگەر بمانەوێت
تەنیا لەرێی قسەوە لە بەرامبەرەکەمان تێبگەین، بە تایبەت ئەگەر لە هاوێنە
تایبەتەکانی خۆمانەوە تەماشای ئەو کەسە بکەین؟ بەراستی ئەم شێوەی کاردانەوەیە
کە هەر بەپێی ژیاننامەی خۆمانەو رێگرییەکی گەورە دروست دەکات و
دەست‌وپێمان دەبەستێتەوە لە ئاست ئەو کەسەدا کە بە جددی هەوڵدەدات وامان لێ

Scanned by CamScanner

بکات ژیاننامەکەی ئەو تێبگەین. تۆ بە هیچ شێوەیەك ناتوانیت بچیتە ناخی هیچ کەسێکی دیکەوە و وەکو ئەو جیهان ببینێت. ئەگەر خاوەنی ئارەزوویەکی راستگۆ و کەسایەتییەکی بەهێز و سەرمایەیەکی باش نەبێت لە بانقی هەست و سۆزەکانی و شارەزاییت نەبێت لە گوێگرتنی هاوسۆزییدا.

ئەگەر گوێگرتنی هاوسۆزیی بریتی بێت لە شاخێکی سەهۆڵ ئەوا شارەزاییەکان کە چوار قۆناغ لەخۆ دەگرن تەنیا هەر لوتکەی شاخەکەیە. چوار قۆناغەکەش ئەمانەن: یەکەمین قۆناغ کە لە هەمویان کەمتر کاریگەریی هەیە قۆناغی لاساییکردنەوە و دووپاتکردنەوەی ناوەڕۆکی قسەیە. مرۆڤ ئەم جۆرە کاردانەوەیە لەڕێی گوێگرتنی چالاکەوە فێر دەبێت کە هەندێك جار تەعبیریشە. ئەگەر هیچ پەیوەندییەکی بە کەسایەتی و جۆری پەیوەندییەکانەوە نەبێت وا لە کەسەکە دەکات بە ناچاری کۆتایی بە قسەکانی بهێنێت. بەڵام بە هەرحاڵ ئەم جۆرە گوێگرتنە یەکەمین قۆناغ و شارەزاییە و هیچ نەبێت وات لێ دەکات گوێ لە قسەکە بگریت.

لاساییکردنەوەی ناوەڕۆك (دەق) کارێکی ئاسانە. تەنیا گوێ لە وشەکان بگرە کە لە دەمی قسەکەرەوە دێنە دەرێ و دوپاتیان بکەرەوە. ئەسڵەن هەر پێویست بەوە ناکات مێشکیشت بخەیتە کار.

(بابە، بۆم دەرکەوتووە خوێندن یەك فلسی قەڵب ناهێنێت)

(بۆت دەرکەوتووە خوێندن یەك فلسی قەڵب ناهێنێت) واتە تۆ ناوەڕۆکی قسەکە دووبارە دەکەیتە و بەس. نە هەڵسەنگاندنت کردووە، نە لێکۆڵینەوە، نە ئامۆژگاری و تەنانەت نە وەرگێڕانیش. بەڵام لانی کەم ئەوەت نیشانی بەرامبەرەکەت داوە کە گوێ دەگریت لە قسەکانی. ئەمە باشە، بەڵام ئەگەر بتەوێت تێبگەیت پێویستت بە کاری زیاترە.

قۆناغی دووەمی ئەم جۆرە گوێگرتنە پێی دەگوترێت قۆناغی (داڕشتنەوەی ناوەڕۆك) کە لە قۆناغی یەکەم کاریگەرترە بەڵام هێشتا هەر لە سنوری پەیوەندی ئاخاوتندایە.

"بابە، من بۆم دەرکەوتووە خوێندن یەك فلسی قەڵب ناهێنێت"

"ئیتر ناتەوێت بچیتەوە بۆ قوتابخانە"

لەم قۆناغەدا تۆ مەبەستەکەی ئەو بە وشەی خۆت دەردەبڕیت کەواتە بیر لە قسەکانی دەکەیتەوە، بەڵام بیرکردنەوەکە زیاتر لە نیوەی چەپی مێشکتدایە، واتە لە نیوەکەی لۆجیك و لێکدانەوەدا.

قۆناغی سێیەم کە ئاستەکەی بەرزترە قۆناغی گوزارشت کردنە لە هەستو سۆز.

"بابە، بۆم دەرکەوتووە خوێندن یەك فلسی قەڵب ناهێنێت"

"لەوە دەچێت زۆر نائومێدبیت"

لەم ئاستەی پەیوەندیدا هێندەی کە تۆ بایەخ بە قسەکانی بەرامبەرەکەت دەدەیت سەد هێندە بایەخ بەو هەست و باری دەروونییەی کەسەکە دەدەیت کە لە کاتی دەربڕینی قسەکەدا نیشانی دەدات. قۆناغی چوارەم بریتییە لە هەردوو قۆناغی دووەم و سێیەم پێکەوە. واتە هەم قسەکە دادەڕێژیتەوە و هەم هەست و سۆزەکەشی نیشان دەدەیتەوە.

"بابە من بۆم دەرکەوتووە خوێندن یەك فلسی قەڵب ناهێنێت"

"بەراستی نائومێدبویت بەرامبەر خوێندن" نائومێدبون هەستەکەیە و خوێندنیش ناوەڕۆکەکە. لەم پەیوەندییەدا تۆ هەردوو لای مێشکت بەکاردەهێنیت بۆ ئەوەی هەردوو ڕەهەندی قسەکە تێبگەیت.

لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ئاستی چوارهەمەی گوێگرتنی هاوسۆزییدا، شتی وا ڕوودەدات خۆیشت باوەڕناکەیت. تۆ کە ناوەڕۆکی قسەکە بە وشەی تایبەتی خۆت دادەڕێژیتەوە و هەستو سۆزی بەرامبەرەکەت بە هەند وەردەگریت و گوزارشتی لێ دەکەیت لەراستیدا هەناسەدانێکی مەعنەویی پێدەبەخشیت. هەروەها یارمەتیشی دەدەیت هزر و سۆزی خۆی بکاتە ڕێڕەوی کارەکانی و هەتا زیاتر متمانە بەوە بکات کە تۆ ڕاستگۆیانە ئارەزومەندیت گوێی لێ بگریت و تێی بگەیت، زیاتر دیواری نێوان ناخی خۆی و تۆ دەڕوخێت. ئیتر وا نامێنێت کە هەستو هزری شتێك بن و قسەکانیشی شتێکی دیکە، بەڵکو هەموویان هاوجوت دەبن، چونکە بەوپەڕی هەستو هزری قوڵەوە متمانەت پێ دەکات.

"بابە، من بۆم دەرکەوتووە خوێندن فلسێکی قەڵب ناهێنێت." "دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم، بایەخم پێبدەیت."

"بەراستی هەست بە نائومێدی دەکەیت لە خوێندن" "ڕاستە هەستی پێدەکەم"

Scanned by CamScanner

"بە دڵنیاییەوە بۆم ناگرێ و بە هیچ شێوەیەك سودی لێ نابینم"

"تۆ هەست دەکەیت خوێندن هیچ چاکەیەکی بۆت نابێت" "ئایا مەبەستەکەی تۆ ئەمەیە؟"

"بەڵێ وایە. هیچ شتێکی بەکەڵکی لێوە فێرنابم. مەبەستم ئەوەیە تەماشای یوسف بکە. خوێندنی واز لێ هێناو ئێستا ئیشی فیتەری دەکات. پارەی چاکی دەست دەکەوێت. شتی پراکتیکی ئاوایە."

"تۆ وا هەست دەکەیت یوسف ئیشێکی چاکی کردووە" (زۆرباشە ..)

(ئەی خراپییەکەی چیە؟ پارەی چاکی دەست دەکەوێت)

"بەڵام گرەو دەکەم چەند ساڵێکی دیکە پەشیمان دەبێتەوە" "بە بڕوای تۆ یوسف سبەی رۆژ هەست دەکات بڕیارێکی هەڵەی داوە"

"دڵنیام هەستی پێدەکات. دەزانی چی لەخۆی کردووە" "مەبەستم ئەوەیە مرۆڤ بەبێ خوێندن هیچ شتێکی چنگ ناکەوێت لەم جیهانەدا"

"خوێندن گرنگە و نکۆڵیی لێ ناکرێت"

"بەڵێ مەبەستم لەوەیە مرۆڤ ئەگەر بەڵگەنامەیەکی نەبێت و نەتوانێت کارێکی دەست بکەوێت یان بچێتە زانکۆ ئیتر دەتوانێت چی بکات"

چار نییە هەر دەبێت بخوێنیت و تەواوی بکەیت

"خوێندن بۆ ئایندەت گرنگە"

"بەڵێ وایە .. ئەزانی چی .. بەراستی نیگەرانم. گوێ بگرە. هیچ شتێك لەبارەیەوە بۆ دایکت باس نەکەیت. باش"

"تۆ پێت خۆش نییە دایکت بە مەسەلەکە بزانێت"

"نا. زۆر بەلامەوە گرنگ نییە .. دەتوانیت پێی بڵێیت. ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر پێ دەزانێت. تەماشاکە بابە. ئەمڕۆ چوومە تاقیکردنەوەوە .. تاقیکردنەوەی خوێندنەوە بو، وتیان ئاستی چوارەمە بۆ قۆناغی یەکەمی ئامادەیی، واو! ئای لێك تێگەیشتن چ جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات. وەکو دەڵێت هەمو ئامۆژگارییە باشەکان توزێك ناهێنن ئەگەر کێشە راستەقینەکە بە هەند وەرنەگرن. مرۆڤ ئەگەر خۆی رادەستی بۆچونە تایبەتەکانی خۆی بکات و ماوەیەکی زۆریش چاویلکەکەی دانەکەندبێت بۆ ئەوەی جیهان لە پارادیمێکی دیکەوە ببینێت ناتوانێت بگاتە کرۆکی

Scanned by CamScanner

کێشەکە.

"بابە من دەرناچم. وابزانم واز لە خوێندن بهێنم باشترە لەوەی کە راسیب ببم. بەڵام حەزناکەم وازی لێ بهێنم"

"هەست دەکەم خراپ گیرت خواردووە و کەوتویتە گێژاوەوە"

"بەرای تۆ چی بکەم باشە بابە؟"

باوکەکە بەم کردارەی کە ویستی یەکەمجار تێبگات، توانی ئاستی هاوکێشەکە لە ئاڵوگۆڕکارییەوە بکات بە گۆڕانکاریی. واتە لەجیاتی ئەوەی پەیوەندییەکە هەر لە ئاستێکی روکەشدا رابگرێت و تەنیا هەر ئەرکێك جێبەجێ بکات، توانی دەرفەتێك بهێنێتە کایەوە لە رێگەیەوە دەوروتەنسیرێکی وای هەبێت گۆڕانکاریی دروست بکات، گۆڕانکاری نەك هەر لە کوڕەکەیدا، بەڵکو گۆڕانکاریی لەو پەیوەندییەشدا دروست بکات کە بە کوڕەکەیەوە دەیبەستێتەوە. هەروەها توانیشی ژیاننامەکەی خۆی بنێتە لاوەو بەراستی هەوڵ بدات یەکەمجار تێبگات. ئەو توانی پاشەکەوتێکی گەورە بخاتە سەر ژمارە حسابی (بانقی هەست و سۆزەکان) و وردە وردە وای لە کوڕەکەی کرد کراوەتر و کراوەتر و کراوەتربێت تا دەگاتە کرۆکی مەسەلەکە.

بەم شێوەیە باوك و کوڕەکە ئێستا لە تەنیشت یەکترییەوەن نەك بەرامبەری یەکتری و وەك دوو هاوکار تەماشای کێشەکە دەکەن نەك وەکو دووڕکابەر. کوڕەکە ئێستا لە پێناوی بەدەستهێنانی رێنمایی و ئامۆژگاریدا ژیاننامەکەی باوکی کردۆتەوە.

باوکەکە کە لەم بارودۆخەشدا ئامۆژگاری پێشکەش دەکات پێویستە وریابێت لە مەسەلەی پەیوەندیکردن بە کوڕەکەیەوە. هەتا کاردانەوەکان لۆجیکی بن باوکەکە بەردەوام پرسیار دەکات و کاریگەرانەش ئامۆژگارییەکانی رادەگەیەنێت، بەڵام هەرکاتێك هەستی کرد کاردانەوەکە بووە بە کاردانەوەیەکی سۆزداری، پێویستە دەستبەجێ بگەڕێتەوە بۆ گوێگرتنی هاوسۆزیی.

"بە باوەڕی من، هەندێك مەسەلە هەن پێویستە رەچاویان بکەیت"

"وەکو چی بابە؟"

"وەك ئەوەی لە بواری خوێندنەوەدا بەدوای یارمەتی تایبەتدا بگەڕێیت و وابزانم لە خوێندنگای تەکنیکی بەرنامەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ ئەو بوارە"

Scanned by CamScanner

"پرسیاری ئەوەم کرد بابە، دووشەو و ڕۆژێکی ڕەبەق دەخایەنێت. ئەوەش کاتێکی زۆرە."

لەم وەڵامەدا باوکەکە هەست بە زاڵبونی سۆز دەکات، لەبەر ئەوە یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی هاوسۆزیی"

"زۆرە"

"بێجگە لەوە بابە، من خوێندکارەکانی قۆناغی شەشەمم بەتەما کردووە کە ببمە ڕاهێنەریان".

"ناشتەوێت دەستبەرداریان بیت"

"بەڵام دەمەوێت یەك شتت پێ بڵێم بابە. ئەگەر زانیم خوولی فێرکردنەکە سودی دەبێت، هەمو شەوەکان ئامادەی دەبم و هەوڵ دەدەم ڕاهێنەرێکی دیکە بۆ خوێندکارەکان هەڵبژێرم."

"کەواتە تۆ بە جددی بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێیت بەڵام نازانیت ئەو خولە سودت پێ دەگەیەنێت یان نا."

"تۆ لەو باوەڕەدایت سودی هەبێت بابە؟"

بەم شێوەیە کوڕە جارێکی دیکەش گەڕایەوە سەر ئەوەی کە کراوەتر و لۆجیکیتر بێت. جارێکی دیکەش ژیاننامەکەی باوکی کردەوە و فرسەتێکی دیکە بۆ باوکەکە هەڵکەوت کە هەم خۆی بگۆڕێت و هەم کاریگەرییشی هەبێت.

هەندێك جار وەرچەرخانەکە و گۆڕانەکە پێویستیان بە ئامۆژگاری دەرەکی نابێت. بەشێوەیەکی سروشتی، مرۆڤ فرسەتی ئەوەی بۆ هەڵبکەوێت کە کراوە بێت، خۆی کێشەکانی خۆی چارەسەر دەکات و لەو ماوەی کرانەوەیەیدا چارەسەرەکە لەبەر چاویدا ڕوون و ئاشکرایە.

جاری دیکەش ڕێك دەکەوێت کە پێویست بە هاوکاری دەرەکی و تێڕوانینی زیادە بکات. کلیلی مەسەلەکە لەوەدایە چەندە ڕاستگۆیانە هەوڵ دەدرێت لەپێناوی چاکەی کەسەکەدا و چەندێك گوێگرتنی هاوسۆز بەرقەرارە و ڕێگە بۆ کەسەکە خۆش کراوە خۆی لە کێشە تێبگات و بەپێی تواناو بواری ڕەخساوی خۆی چارەسەری بکات.

مەسەلەکە وەکو پاککردنی سەلکە پیازێك وایە کە توێکڵ توێکڵ لای دەبەیت هەتا دەگەیتە ناوکە نەرمەکەی ناوی ناوەوە. تۆ ئەگەر ڕاستگۆیانە گوێ لە بەرامبەرەکەت

Scanned by CamScanner

بگریت بە مەبەستی تێگەیشتن ئەویش بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بۆت دەکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر پێشتر نیازی ئەوەبوبێت ئازارت پێ بگەیەنێت. کرانەوە شتێکی سروشتییە لە مرۆڤدا. منداڵانیش بە هەمو شێوەیەك کرانەوەیان دەوێت. دەیانەوێت زیاتر بەرووی باوك و دایکاندا بکرێنەوە. وەك لە هاوتەمەنەکانیان. منداڵ کاتێك دەکرێتەوە کە هەست بکات تۆ بێ هیچ قەیدو شەرتێك خۆشت دەوێت. کە ئەو هەستەیان لا دروست بو ئیتر دڵسۆزی خۆیان دەردەبڕن، بێ ئەوەی پێویست بکات فەرمانیان بۆ دەربکەیت یاخود گاڵتەیان پێبکەیت.

تۆ ئەگەر بەراستی و بەبێ هیچ کینەو دووڕوویيەك هەوڵی تێگەیشتن بدەیت، ئەوا خۆیشت سەرت سوڕدەمێنێت لەو هەمو زانیاری و تێگەیشتنەی کە بە لێشاو لە بەرامبەرەکەتەوە پێت دەگەن. دیارە بۆ ئەو تێگەیشتنە قووڵەش مەرج نییە هەمو جارێك پێویست بەوە بکات قسە بکەیت. بەڵکو هەندێك جار قسە دەبێتە ڕێگر. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بۆچی شێواز بە تەنیا خۆی هیچ ئەنجامێك نادات بەدەستەوە. ئەم جۆرە تێگەیشتنە شێوازەکان تێدەپەڕێنێت. شێواز ئەگەر بە تەنیا هەر خۆی بێت، لەم بوارەدا حسابی ڕێگری بۆ دەکرێت.

ئەم مەسەلەی گوێگرتنی هاوسۆزییەم بۆیە وا بە درێژی باس کرد چونکە بایەخێکی گرنگی هەیە لە هەمو خوویەکدا و ئێمە هەمومان پێویستمان بەوەیە شارەزابین لەم بوارەدا. بەڵام دیسانەوە دووپاتی دەکەمەوە کە هیچ شارەزاییەك کاریگەر نابێت ئەگەر سەرچاوەکەی ئارەزوویەکی قوڵی تێگەیشتن نەبێت، چونکە هیچ کەسێك بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە و بەرهەڵستی هەر هەوڵێك دەکەن کە بیەوێت کۆنترۆڵیان بکات. لەراستیدا ئەگەر ئەو کەسەی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت پەیوەندی پتەوی پێتەوە هەبو باشتر وایە پێیان بڵێیت کە دەتەوێت چی بکەیت.

"کاتێك من ئەم کتێبەم دەخوێندەوە کە باسی گوێگرتنی هاوسۆزی دەکات بیرم لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆم و ئێوە کردەوە؛ بۆم دەرکەوت کە وەکو پێویست گوێم لێ نەگرتون و ئێستا پێم خۆشە بەراستی گوێتان لێ بگرم. ڕەنگە مەسەلەکە بۆ من کارێکی زەحمەت بێت و هەندێك جاریش سنوربەزێنم، بەڵام سورم لەسەر ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنم. من بەراستی ئێوەم بەلاوە گرنگە و دەمەوێت تێبگەم،

Scanned by CamScanner

داواشتان لێ دەکەم یارمەتیم بدەن". یەکێک لە پاشەکەوتە گەورەکان ئەوەیە مرۆڤ جەخت لە پاڵنەرەکانی خۆی بکاتەوە.

بەڵام ئەگەر دڵسۆز نەبویت باشتر وایە نەیکەیت. چونکە مەسەلەکە کرانەوەی لێ دەکەوێتەوە و هەمو بەربەستەکان لادەبات و ئەمەش لەوانەیە خراپ بەسەرتدا بشکێتەوە و زیانی گەورەت پێ بگەیەنێت ئەگەر بەرامبەرەکەت بۆی دەرکەوت کە تۆ مەسەلەکەت بەلاوە گرنگ نەبووە و نەتویستووە بەراستی تێبگەیت و مەبەستت تەنیا ئەوەبووە ئەو کەسە نهێنییەکانی خۆیت بۆ دەربخات و ناخی خۆی هەڵبماڵێت بۆ ئەوەی تۆ زیانی پێبگەیەنیت. تەکنیک، کە لوتکەی شاخە سەهۆڵەکەیە، پێویستە لەو بنکە فراوانەوە دەربچێت کە خەسڵەتە رەوشتییەکانی لەخۆی گرتووە. هەندێک کەس رەخنەی ئەوە لە گوێگرتنی هاوسۆزیی دەگرن کە کاتێکی زۆری دەوێت. لەراستیدا ئەم جۆرە گوێگرتنە لە سەرەتادا رەنگە کاتێکی زۆر ببات، بەلام دواتر کاتێکی زۆر و زەبەندت بۆ دەگێڕێتەوە. تۆ ئەگەر پزیشک بیت مەزنترین کار کە بیکەیت و بتەوێت چارەسەرێکی سەرکەوتو دیاری بکەیت ئەوەیە کە نەخۆشییەکە بە وردی دەستنیشان بکەیت. کەس لێت قبوڵ ناکات بڵێت "من زۆر پەلەمە کاکە، فریاناکەوم نەخۆشییەکە دەستنیشان بکەم. فەیناکە ئەم دەرمانە بخۆ."

بیرمە جارێکیان کە لە (نۆهۆ) بوم لە هاوای، خەریکی شت نوسین بوم لە ژوورێکی فەراخ دەریادا و شەماڵێکی خۆشی هەبو. دوو پەنجەرەم کردەوە، یەکێکیان هی پێشەوەو یەکێک هی لاتەنیشتی ژوورەکە بۆ ئەوەی ئەو هەوا خۆشەم لێ بدات. سەرمێزەکەش کۆمەڵێک کاغەزی نوسراوی لەسەردانرابو کە بەش بەش رێکم خستبون.

لەپڕ شەماڵەکە بو بە رەشەبایەکی بەهێز و هەمو کاغەزەکە بابردی. ئای کە هەستێکی ناخۆش بو. کاغەزەکان هەموویان تێکەڵ بون و بۆ نەگبەتیش هەندێک لاپەرە ژمارەیان نەخرابووە سەر. خێرا رامکرد فریای کاغەزەکان بکەوم. سودی نەبو. دواتر بۆم دەرکەوت باشتر وایە (ماوەی دە چرکە) کاتی خۆم تەرخان بکەم بچم یەکێک لە پەنجەرەکان دابخەم.

کەواتە راستە، گوێگرتنی هاوسۆزیی کاتی دەوێت، بەلام هەرگیز و لە هیچ شوێنێک هێندەی ئەوکاتە نابێت کە گەڕانەوەو راستکردنەوەی خراپ لێک

Scanned by CamScanner

حاڵیبونـەکان و هـەڵکردن لەگـەڵ گیروگرفتەکانـدا دەیانـەوێت. بـیرت نەچـێت هەڵسوکەوتکردنیش لەگەڵ ئەو ئەنجامانەی کە دابیننـەکردنی بواری هەناسەپێدانی مەعنەوی دروستی دەکەن ئەویش کاتێکی زۆر و وزەیەکی زۆرت دەبات.

تۆ ئەگەر وریابیت و هاوسۆزانە گوێ لە بەرامبەرەکەت بگریت دەتوانیت زۆر بە خێرایی ناخی بەرامبەرەکەت بخوێنیتـەوە و ببیتـە جێگەی رەزامەندیشی و هێنـدە لێت تێبگات کە ئامادەبێت بۆت بکرێتەوە بۆ ئـەوەی چین چین دەست بـەریت و بگەیتـە گەوهـەرە ناسکەکەی قوڵایی نـاخی ئـەو، واتـە بـۆ ئـەو شوێنەی کـە کێشـە راستەقینەکەی تیا حەشاردراوە.

مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی گشـتی پـێی خۆشـە بەرامبەرەکـەی لێـی تێبگـات. هـەر سەرمایەگوزارییەکیش لەپێناوی ئەم مەبەستەدا بکرێت بـە خەسـار ناچێت، چونکە سوودەکانی لەرووی کاتەوە زۆر زۆرترە لەبەرئەوە بـە وردی لـە کێشـەکان گەیشتویت و پاشەکەوتەکەش لە بانقی هەست و سۆزەکاندا هێندە گەورەیە کە تەواو نابێت.

تێگەیشتن و دید و بۆچون

کە بـە قوڵی گوێ لـە خـەڵك بگریت، دەزانیت چـەندین شـێوازی جۆراوجۆری بۆچوون هەیـە. جیـاوازی لێکدانـەوەو بۆچوونەکان کاریگـەری زۆریـان هەیـە لەسـەر خەڵکی کە هەوڵدەدەن پێکەوە کاربکەن و هەڵوێستی وایان دێتەرێ کە پشت بـەیەکتر ببەستن. رەنگە تۆ ژنە گەنجەکە ببینیت و منیش خاتوونـە پیرەکە و هەردوکیشمان بۆمان هەیە راست بین.

رەنگـە تـۆ لـە چـاویلکەیەکەوە تەماشـای دنیـا بکـەیت کـە هـەر هاوسـەرەکەت دەبینیت، بـەڵام چاویلکەکەی مـن تـەنیا هـەر پـارەو مەسـەلە ئابوورییـەکانی بـەلاوە گرنگ بێت.

رەنگە تۆ کەسێکی بەرچاو تێر بیت، بەڵام من یـەکێکم لـە بەرچاوتەنگەکان و رەنگە تۆ لە پارادیمی بەشی راستی مێشکەوە مامەڵە لەگەڵ کێشـەکاندا بکـەیت کـە سەنتەری تێڕوانینە زەینییەکان و پێشبینی غـەریزی و بـەپیرۆز راگرتنـی شـتەکانە، بەڵام من لە کۆمەڵەی نیوەی چەپدابم و لە گۆشـەنیگای بـەدواداهاتن و زمانەوانیـەوە تەماشای کێشەکە بکەم.

Scanned by CamScanner

ڕەنگە بۆچوونەکانی جیاوازی زۆریان لەنێواندا هەبێت. هەریەکەمان ساڵەهای ساڵە لەگەڵ پارادیمی تایبەتی خۆماندا دەژین و بەراستییەکی بێ ئەملاوئەولای دەزانین و گومان لە کەسایەتی و زیرەکی هەرکەسێکیش دەکەین کە ئەو ڕاستیانە نابینن.

ئێستاش، سەرباری ئەو هەمو جیاوازییانە، هەوڵ دەدەین پێکەوە بین لە کاردا یاخود لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا، یان لە پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری گشتیدا و .. تاد.

دیارە سەرکەوتن لەو کارەدا وا پێویست دەکات سنوری بۆچوونە تاکە کەسییەکانی خۆمان تێبپەڕێنین و پەیوەندی قوڵ و تۆکمە دروست بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لە مەسەلەکاندا هاریکاریی یەکتری بکەین و بگەینە ئەو چارەسەرانەی کە بەرژەوەندی هەمو لایەکی تێدایە (براوە/ براوە).

بەدەستهێنانی ئەو هەمو مەبەست و ئامانجانە لە خووی پێنجەمدایە. ئەم خووە هەنگاوی یەکەمی براوە/ براوەیە.

تەنانەت ئەگەر (بە تایبەت ئەگەر) بەرامبەرەکەت سەر بەم پارادیمە نەبو، هەوڵبدە یەکەمجار تۆ تێی بگەیت.

ئەم پریسنیپە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا لای بەڕێوەبەرێکی ئاشنا، کە ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە:

"من لە کۆمپانیاییەکی بچوکدا کارم دەکرد کە کەوتبووە دانوستاندن لەگەڵ دەزگایەکی گەورەی بانقدا بەمەبەستی ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەیەك لەگەڵیدا. دەزگاکە دوو پارێزەری لە سانفرانسیسکۆ و نوێنەرێکی گەورەی لە (ئۆهایۆ) و کۆمەڵێك گەورە کارمەندی دیکەی لە بانقەکەوە ناردو بە هەمویان وەفدێکی هەشت کەسییان دروست کرد. کۆمپانیاکەی منیش پێشوەخت بڕیاری دابو پرنسیپەکە ئەوەبێت کە یان هەردولا براوە-براوە بن یان هیچ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵدا ئیمزا ناکەن، کۆمپانیاکەی ئێمە بە ڕاستی دەیویست هەم ئاستی جۆری بەرهەم بەرزبکاتەوە هەم نرخەکەشی، بەڵام داواکارییەکانی ئەو دەزگا دارایيە گەورەیە نیگەرانییەکی زۆری دروست کردبو."

"سەرۆکی کۆمپانیاکەمان، سەرەتای دانوستاندنەکەی ئەوەبو کە وتی: ئێمە پێمان خۆشە ئێوە خۆتان ڕێکەوتنەکە بنوسن بەو شێوەیەی کە دەتانەوێت تا بتوانن بە

باشى لە داواكارييەكانتان تێبگەن و بزانن بايەخ دەدەن بە چی. كە ئێمە وەڵامی هەموويان دەدەينەوە، پاشان دەربارەی نرخەكان گفتوگۆ دەكەين."

بەمە دانوستاندنكەرەكەی بەرامبەر واقيان ورماو پێيان سەيربو كە فرسەتيان دراوەتێ گرێبەستەكە بنوسن. ئەم گرێبەستە سێ رۆژی پێچوو.

كاتێكيش گرێبەستەكەيان نيشان داين سەرۆكەكەمان پێی وتن: ئێستا رێگەمان بدەن با تێبگەين بزانين چيتان دەوێت. ئينجا كەوتە خوێندنەوەی گرێبەستەكە و ناوەرۆكەكەی بە شێوازی خۆی دارشتەوە. لە گۆشەنيگای سۆز و هەستی تيمی بەرامبەرەوە. پاشان ئەويش و ئەوانيش زانييان چی بەلايانەوە گرنگە (بەڵێ ئەمە راستە- نەخێر مەبەستەكەمان ئەمە نييە. بەڵێ ئێستا مەبەستەكە تێگەيشتم.)

"كاتێكيش بە قوڵی لە گۆشەنيگاكەی ئەوان حاڵی بو، دەستی كرد بە رونكردنەوەی گۆشەنيگاو پاراديمەكەی خۆی و ئەوانيش گوێيان لێ گرت. ئامادەی گوێگرتن بوون. هيچ شتێك نەبو بۆنی خۆسەپاندنی لێ بكرێت. ئەو كەش و هەوايەی كە لەسەرەتادا زۆر فەرمی دەركەوت و كەمترين متمانە و باوەرپێكردنی پێوە دياربو، بگرە تەنانەت دوژمنكارانەش بو، گۆردرا بە ژينگەيەكی بەپيت و بەرەكەتی هاوكاريكردنی يەكتری. كە گفتوگۆكانيش كۆتاييان هات، تيمەكەی بەرامبەرمان رايگەياند: "ئێمە دەمانەوێت كارتان لەگەڵدا بكەين و پێمان خۆشە گرێبەستەكە ئيمزا بكرێت. بەس پێمان بڵێن چ نرخێكتان پێ باشە با پەسندی بكەين."

ئينجا .. هەوڵ بدە تێت بگەن

هەوڵبدە يەكەمجار تۆ تێبگەيت .. بۆ ئەوەی بە ئاسانی تێت بگەن. زانينی ئەوەی چۆن وابكەيت تێت بگەن بەشی دووەمی خووی پێنجەم پێك دەهێنێت و هێندەی بەشی يەكەميش گرنگە لە بەدەستهێنانی ئەنجامی براوە-براوەدا. پێشتر ئێمە پێناسەی كامڵبونمان كردو وتمان كامڵبون بريتييە لە هاوسەنگی نێوان ئازايەتی و رێزگرتنی هەستی بەرامبەردا. ئەگەر بتەوێت تێبگەيت پێويستت بە تەگبيرو بە رێزگرتنی هەستی بەرامبەرەكەتە. ئەگەر بشتەوێت خەڵكەكە لێت تێبگەن پێويستە ئازابيت. گەيشتن بە ئەنجامی براوە- براوە و بەدەستهێنانی سودی هەموان پێويستی بە ئاستێكی بەرزی هەردوو خەسڵەتەكە هەيە. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە بۆ ئێمە كە خەڵكەكە لێمان تێبگات بەتايبەت لەو هەڵوێستانەدا كە پێويست

دەگەن لەگەڵ دەوروبەردا متمانەمان بە یەکتری هەبێت.

لە گریکی کۆندا فەلسەفەیەکی جوان هەبو کە لە سێ وشەدا کورت کرابۆوە. وشەکان بە شێوەیەکی مەنهەجی ریزکراون و بریتین لە ئیتۆس، پاتۆس و لۆگۆس.

(ئیتۆس ethos) واتە متمانەی دەوروبەر، بریتییە لە ناوبانگی تایبەتی تۆ، لەو باوەڕەی کە خەڵکەکە هەیەتی بە شارەزایی و سەرراستیت. ئەو متمانەیە کە ئیلهامبەخشەکەی تۆیت، پاشەکەوتکردنە لە بانقی هەست و سۆزەکاندا. وشەی (پاتۆس pathos) واتە هاوسۆزیی. واتە لایەنی هەست و دڵنیایی. واتە تۆ هاوئاهەنگ و گونجاویت لەگەڵ ئەو تەوژمە سۆزدارەی کە پەیوەندی کەسەکەی بەرامبەرت هەڵی گرتووە. وشەی (لۆگۆس logos) واتە ئەقڵ و مەبەست لێی لۆجیکە، بەشە ئەقڵانییەکەی نمایشەکە پێك دەهێنێت.

تکایە سەرنج لە ریزبەندی وشەکان بدە، متمانەی خەڵکەکە، هاوسۆزیی، ئەقڵ، واتە کەسایەتیت، پەیوەندییەکانت، ئینجا ئەو لۆجیکەی کە خۆنمایشکردنەکەت دەفەلسەفێنێت. دیارە ئەمەش وەرچەرخانێکی گەورەی پارادیم دروست دەکات. زۆربەمان کە بمانەوێت رەزامەندیی بەرامبەرەکەمان لەسەر مەسەلەیەك بەدەست بهێنین یەکسەر پەنا دەبەین بۆ ئەقڵ، بۆ لۆجیکی بەشی چەپی مێشك. واتە بێ ئەوەی سەرەتا هیچ بایەخێك بە متمانەی کۆمەڵ و بە هاوسۆزیی بدەن هەوڵ دەدەن لەرێی لۆجیکەوە بەرامبەرەکەیان قەناعەت پێبهێنن.

برادەرێك دەناسم خراپ تێك شکابو چونکە وای هەست دەکرد لێپرسراوەکەی کەسێکی داخراوە و لە سەرکردایەتیکردندا شێوازێکی زۆر بێکەڵك پەیڕەو دەکات.

لێی پرسیم: "نازانم بۆچی هیچ ناکات؟! چەندین جار باسی ئەم مەسەلەیەم بۆ کردووە و زۆر چاك لێی ئاگادارە، کەچی هیچ شتێك ناکات"

پێم وت: " ئەی بۆچی تۆ خۆت نمایشێکی کاریگەر پێشکەش ناکەیت؟"

"کردم"

"لای تۆ کاریگەر یەعنی چی؟ کە نوێنەرەکەی بەشی فرۆشتن شکست دەهێنێت، بۆ جاری دووهەم کێ دەنێرنەوە؟ کڕیارەکە؟ کاریگەر بە شتێك دەوترێت کە سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و کارەکە ئەنجام بدات. بریتییە لە بەرهەم و توانای بەرهەمهێنان ... کە مەبەستت بووە؟ ئایا

لەو پرۆسەیەدا پەیوەندیەکت دروست کردووە؟ دەرەنجامی کارو نمایشەکانت چی بوون؟"

"پێم وتیت ئەو هیچ شتێك ناكات – گوێ ناگرێت"

"کەواتە پێویستە نمایشێکی کاریگەر ئەنجام بدەیت .. دەبوایە بچویتایەتە ناو قوڵایی سەرییەوە. پێویست بو چوارچێوەی ئەقڵی تێپەڕێنیت و بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا راوبۆچونی خۆتت بۆ دەربڕیایە و لە خۆی باشتر ئەو ئەڵتەرناتیڤەت بۆ باس بکردایە کە پشتیوانی لێ دەکات.

ئەمە رەنگە پێویستی بە کارو خۆماندوکردنی زیاتر هەبێت .. ئایا ئامادەیت

"ئینجا بۆ بیکەم؟ من چ مەجبورم؟"

"کەواتە تۆ دەتەوێت کابرا بە تەواوی شێوازی سەرکردایەتیکردنەکەی بگۆڕێت بەڵام خۆت ئامادەییت تیا نیە شێوازی دەرخستنی دۆخەکەت بگۆڕیت؟"

"وابزانم وایە"

"زۆرباشە .. بە سنگفراوانیەوە دۆخەکە قبوڵ بکەو لەگەڵیدا بژی"

"ناتوانم بژیم لەگەڵیدا .. بۆ من جوان نیە"

"زۆرچاکە، کەواتە دەستپێشخەری بکەو کاریگەرانە دۆخەکەی بۆ باس بکە. ئەمە کارێکە لە سنوری دەوروتەنسیری خۆتدا"

لە ئەنجامدا ئاشناکەم نەیتوانی شتی وابکات چونکە پێی وابو سەرمایەگوزارییکردنەکە لەو مەسەلەیەدا شتێکە گەورەتر لە تواناکانی ئەو.

ئاسیاوێکی دیکەشم، کە مامۆستای زانکۆبو، کێشەیەکی لەوجۆرەی هەبو. بەڵام ئەو حەزی دەکرد و ئامادەیی تیابو خەرجییەکەی بگرێتە ئەستۆ. رۆژێکیان پێی وتم چی بکەم ستیفن؟ زانکۆ ئامادە نیە پارەی ئەو لێکۆڵینەوەیە بدات کە خەریکیم چونکە لێکۆڵینەوەکە لەگەڵ ئەو هێڵە سەرەکییەدا ناگونجێت کە سەرۆکایەتی زانکۆ پەیرەوی دەکات.

پاش گفتوگۆیەکی دوورودرێژ، پێشنیارم بۆ کرد لەڕێی بەکارهێنانی متمانە و هاوسۆزیی و لۆجیکەوە نمایشێکی کاریگەر پێشکەش بکات.

پێم وت: من دەزانم تۆ چەند دڵسۆزیت و دڵنیاشم لێکۆڵینەوەکەت دەرەنجامی مەزنی لێ دەکەوێتەوە. هەوڵبدە لە خۆیان باشتر ئەو ئەڵتەرناتیڤە روون بکەیتەوە

Scanned by CamScanner

کە سەرۆکایەتی زانکۆ پشتیوانی لێ دەکات و بۆیان بسەلێنە کە تۆ چاک تێیان گەیشتویت. پاشان بۆیان روون بکەرەوە کە ئەو داواکارییەی تۆ چۆن لۆجیکێکی تیایە.

"زۆرباشە، هەوڵ دەدەم!"

"پێت خۆشە پێکەوە مەشقی لەسەر بکەین؟"

ئامادەیی نیشان دا و هەموو رێوشوێنە پێویستەکانمان گرتەبەر. لەسەرەتای باسکردنی بیرۆکەکەیدا وتی:

"یەکەمجار تکایە رێگەم بدەن بزانم من تێگەیشتووم لەوەی کە ئێوە ئامانجەکەتان چییە و نیگەرانییەکانتان دەربارەی پێشنیارەکانی من بریتین لە چی؟"

ئیتر لەسەرخۆ و وردە وردە کەوتە روونکردنەوە و لەکاتی نمایشکردنی بۆچوونەکانیدا رێز و تێگەیشتنێکی قوڵی نیشان دەدا سەبارەت بە بیروبۆچونەکانی ئەوان. یەکێک لە مامۆستا گەورەکان سەری لە مامۆستایەکی دیکە نزیک کردەوە و چەند جارێک سەریان بۆ یەکتری لەقاند، پاشان بە ئاشناکەمیان وت: پرۆژەی رەزامەندیت وەرگرت.

کەواتە مرۆڤ ئەگەر بتوانێت بیروبۆچوونەکانی بە روونی و دیاریکراوی و بەرجەستەکراوی دەربرێت وە لەوانەش گرنگتر – لە سیاقی پارادیم و بایەخەکانی ئەواندا گوزارشت لە دیدو تێڕوانینەکانی بکات - دەتوانێت تا ئەندازەیەکی چاک متمانەی خۆی بەرز بکاتەوە.

مرۆڤ بونەوەرێک نییە گیرۆدەی (تایبەتمەندییەکانی) خۆی بوبێت و تەنیا هەر دەربڕی ناخی خۆی بێت بە شێوەیەکی رەقوتەق، بەڵکو بونەوەرێکە دەتوانێت بەراستی لە شتەکان تێبگات. ئەوەی کە دەمێنێت رەنگە جیاوازبێت لەوەی کە تۆزێک لەمەوبێش باوەڕی پێی بووە چونکە لەکاتی هەوڵدانتدا بۆ تێگەیشتن، زانیاری نیکەت دستکەوتووە.

خووی پێنجەم وا لە مرۆڤ دەکات وردتر و سەرڕاستتر بێت. خەڵکەکە ئەمە دەزانن و دەشزانن کە تۆ کاتێک گوزارشت لە ناخی خۆت دەکەیت و رێز و بێزانینیش بۆ هەمو دیدو بۆچونەکان و راستییەکانی دیکە دادەنێیت، کارێکە سودی هەموان مسۆگەر دەکات و ئەنجامی براوە- براوەی تێدا دابین دەگرێت.

Scanned by CamScanner

هەنگاو بە هەنگاو

خووی پێنجەم بۆیە بەهێزە چونکە لەناوجەرگەی بازنەی دەوروتەنسیری خۆتدایە. لە پەیوەندیەکانماندا لەگەڵ دەوروبەردا کە متمانە بە یەکترکردنیان تیا پێویستە، کۆمەڵێك هۆکار هەن لە بازنەی ئەو شتانەدا کە مایەی بایەخی ئێمەن — کێشەکان، بارودۆخەکان و رەفتاری خەڵکی و رێکنەکەوتنەکان چەند نمونەیەکن لەوانە. مرۆڤ ئەگەر زۆر جەختیان بخاتە سەرو خۆیان پێوە خەریك بکات، ئەوا وزەیەکی زۆریان تیا خەسار دەکات بێ ئەوەی ئەنجامی گەورەی باشیان لێ بەدەست بهێنێت. بەڵام تۆ دەتوانیت یەکەمجار هەوڵ بدەیت خۆت تێبگەیت. ئەمە کارێکە لەژێری کۆنترۆڵی خۆتدایە .. تۆ کە ئەم کارە دەکەیت و کە فۆکەس دەخەیتە سەر بازنەی دەوروتەنسیریت، لەراستیدا کارێك دەکەیت بە قوڵی لە خەڵکەکە تێبگەیت. ئینجا ئیتر زانیارییە راستەکانت دەستگیر دەبێت و دەگەیتە کرۆکی مەسەلەکان و پاشەکەوتی بانقی هەست و سۆزەکانت زیاتر دەبێت و ئەو ئۆکسجینە دەرونییەیان پێ دەبەخشیت کە پێویستیانە بۆ ئەوەی پێکەوە چالاکانە کاربکەن.

ئەمە نزیکبونەوەیەکە لەناوەوە بۆ دەرەوە. کە ئەم کارە دەکەیت سەرنج بدە بزانە بازنەی کاریگەرییەکانت چی بەسەر دێت. تۆ کە بەراستی گوێت لەبەرامبەرەکەت گرت کاریگەریشت لەسەری زیاتر دەبێت. ئەمە وا دەکات کاریگەریت لەسەر خەڵکی دیکەش زیاتر ببێت. بازنەکەت فراوان و فراوانتر دەبێت. دواتر وات لێ دێت کاریگەری زیاترت هەبێت لەسەر ئەو بابەتانەی کە دەکەونە ناو بازنەی بایەخەکانت. تەنانەت خودی خۆیشت گۆڕانت بەسەردا دێت. هەتا زیاتر لە بەرامبەرەکەت تێبگەیت، زیاتر رێزی دەگریت و زیاتر بایەخی پێ دەدەیت کە تۆ بەر رۆحی مرۆڤێکی دیکە دەکەویت وەك ئەوە وایە بەسەر زەوییەکی پیرۆزدا برۆیت.

خووی پێنج، شتێکە هەر ئێستا دەتوانیت پەیڕەوی بکەیت. ئیتر کە ویستت پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەیت مەسەلە تایبەتەکانی خۆت و ژیاننامەی خۆت بخەرە ئەولاوە. دڵسۆزانە هەوڵبدە لێی تێبگەیت. ئەمە پەیڕەو بکە تەنانەت ئەگەر بەرامبەرەکەت نەیویست کێشەکانی خۆیت بۆ باس بکات، تۆ هەر دەتوانیت هاوسۆز بیت. دەتوانیت هەست بە ناخ و رۆح و دڵی بکەیت و ئەم هەستەش بە رستەیەك

Scanned by CamScanner

دەربڕیت بڵێیت تۆ ئەمڕۆ لە باش ناچیت. ڕەنگە ئەو هیچ نەڵێت. قەی چێکا!! گرنگ ئەوەیە تۆ ڕێز و هاوسۆزیت بەرامبەری دەربڕی.

پەلەمەکە. پشوو درێژبە و تا دەتوانیت ڕێزی بەرامبەرەکەت بگرە. کەس کاردانەوەی باش بەرامبەر قسەکانت دەرنابڕێت هەتا تۆ هاوسۆزی نەنوێنیت. تۆ دەتوانیت بە درێژایی ڕۆژەکە، بە هەڵسوکەوتی خۆت، هاوسۆزییان لەگەڵدا بنوێنیت. پێویستە زیرەك و هەستیار و وریابیت و لەکاتی پێویستیشدا واز لە تایبەتمەندێتی و زیاننامە تایبەتەکەی خۆت بهێنیت.

خۆ ئەگەر کاردانەوە ئەرێنییەکەت لە پلەیەکی بەرزدابو دەتوانیت ڕێ لە سەرهەڵدانی کێشەکانیش بگریت و پێویست نەکات چاوەڕێ بیت منداڵەکەت لە خوێندندا فڵانە کێشەی بێتەڕێ یاخود خۆت لە پیشەکەدا فیسارە تەنگو چەڵەمەت ڕووبەروو ببێتەوە، ئینجا هەوڵبدەیت تێبگەیت.

لە ئێستاوە کاتی گونجاو تەرخان بکە بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانتدا بیت، یەك یەك .. گوێیان لێ بگرەو تێیان بگە. تەماشای ماڵەکەت بکە، تەماشای ژیانی ناو خوێندنیان بکەو بزانە چ کێشەو ململانێییەکیان هەیە. لە چاوی ئەوانەوە هەمو شتەکان ببینە. ژمارە حسابی بانقی هەستو سۆزیان لەگەڵدا بکەرەوە، ئۆکسجینی مەعنەوییان پێ ببەخشە.

هەمو جارێك لە کاتێکی دیاریکراودا لەگەڵ هاوسەرەکەتدا بچۆرە دەرەوە. نانی ئێوارەی لەگەڵدا بخۆ یان دووقۆڵی خۆتان سەرگەرمی کارێك بکەن کە چێژی لێ دەبینن. گوێ لە یەکتری بگرن و هەوڵی لێکتێگەیشتن بدەن. لەچاوی یەکترییەوە ژیان ببینن.

من ئەوکاتەی کە ڕۆژانە لەگەڵ (ساندرا)ی هاوسەرمدا بەسەری دەبەم بە هیچ شتێکی ئەم دنیایەی ناگۆڕمەوە. ئێمە جگە لەوەی کە هەوڵ دەدەین لەیەکتری تێبگەین، لەهەمان کاتیشدا هاوسۆزانە گوێ لەیەکتری دەگرین بۆ ئەوەی پەیوەندی باشتر لەگەڵ منداڵەکانماندا دروست بکەین.

زۆرجار دیدو بۆچونی جیاوازی خۆمان دەربارەی مەسەلەکان دەردەبڕین و هەوڵ دەدەین ڕێگە چارەی باشتر بۆ ئەو کێشانە بدۆزینەوە کە لەنێوان ئەندامانی خێزانەکەماندا سەرهەڵدەدەن.

Scanned by CamScanner

دەستکەوتە ماددیانە تێپەڕێنێت کە پێی دەوترێت (هەشت بەرامبەر بە پێنج) و بۆ کارمەندێتی شتێکی پێویستە.

یەکەمجار هەوڵبدە خۆت تێبگەیت. ڕێ لە سەرهەڵدانی کێشە بگرەو خۆت دەستپێشخەری بنوێنە. تکایە پێش ئەوە دۆخەکە هەڵبسەنگێنرێت و دەست بکەیت بە دیاریکردنی چارەسەر و پێش ئەوەی هیچ رایەکی خۆت دەربڕیت، هەوڵبدە سەرەتا خۆت فێربیت. ئەمە هۆیەکی زۆر گرنگ و بایەخدارە لە بواری هاوکاری کردنی ئەوانی دیکەدا.

من و تۆ ئەگەر بەراستی و بە قوڵی یەکتریمان ناسی، ئەوا دەرگا بەرووی چارەسەرە خوڵقێنەرەکان و سێ ئەڵتەرناتیڤەکەدا دەکەینەوە. هەروەها ناکۆکی و جیاوازییەکانیشمان نابنە کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگەی پەیوەندی پێشکەوتن. بەڵکو لەبری ئەوانە، دەبنە بەردەبازی سەرڕێی سەرکەوتنمان.

چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێکردن

١. یەکێك لەو پەیوەندییانە هەڵبژێرە کە هەست دەکەیت پاشەکەوتی لە بانقە سۆزدارییەکەدا زۆرخراپە. هەوڵبدە تێبگەیت و ئینجا مەسەلەکە لە گۆشەنیگای کەسەکەی بەرامبەرتەوە بنوسە. دواتر لە یەکەمین پەیوەندیدا گوێ بگرە بۆ ئەوەی تێبگەیت. قسەکانی کە دەیانبیستیت بەراوردیان بکە بەوانەی نوسیوتن. ئایا بۆچوونەکانت تا چەند ڕاست نەبون؟ ئایا بەراستی دیدو بۆچونی بەرامبەرەکەت تێگەیشتویت.

٢. لەگەڵ کەسێکی نزیك و متمانەپێکراوی خۆتدا هەوڵی هاوسۆزی و قوڵبونەوە بدە. پێی رابگەیەنە کە تۆ دەتەوێت ئەزمونی گوێگرتنی ڕاستەقینە لە خەڵك تاقی بکەیتەوە و داوای لێ بکە تێبینییەکانی خۆیت لە ماوەی حەفتەیەکدا پێبگەیەنێت. ئایا ئەم کارەت ئەنجامەکەی چۆن بو؟ چ جۆرە کاریگەرییەکی لەسەر هەست و سۆزی ئەو کەسە بەجێ هێشت.

٣. لە نزیکترین فرسەتدا ئەگەر بۆت هەڵکەوت چاودێری دووکەس بکەیت خەریکی پەیوەندی و گفتوگۆبون، ماوەی چەند خولەکێك توند دەست بنێ بە گوێچکەتەوە و تەنیا هەر تەماشا بکە. ئایا تۆ چی لە دۆخەکە حاڵی بویت و ئەو

بۆ نموونە من رۆڵی کورەکەم یاخود کچەکەم دەبینم و داوا دەکەم لە مەسەلەیەکی دیاریکراودا ئیمتیازێکی تایبەتم بدرێتێ بۆ ئەوەی ئەرکی بەرپرسیارێتییەکی بنەڕەتی ناو خێزانەکە بگرمە ئەستۆ، ساندراش رۆڵی خۆی دەبینێت..

مەسەلەکە چەندین جار دێنین و دەبەین و ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی هەڵوێستەکە بە چاکی ببینین تا بتوانین لە روانگەی بنەماکانەوە منداڵەکانمان چاك پەروەردە بکەین. هەندێك لەو رۆڵانەی کە دەیابینین و لە هەموویان سەرکەوترن، ئەوانەن کە بە دیمەنێکی سەخت و دژواری رابردودا دەچینەوە، ئەو دیمەنانەی کە یەکێکمان تەفاندویەتییەوە.

بڕی ئەو کاتەی کە تۆ سەرمایەگوزاری دەکەیت لەپێناوی تێگەیشتنی قوڵ لە خۆشەویستەکانت دەستکەوتی گەلێك زۆر دابین دەکات بۆ پەیوەندییە کراوەکان. زۆربەی ئەو کێشەو گیروگرفتانەی کە رووبەرووی هاوسەرگیرییەکان و خێزانەکان دەبنەوە سەرچاوەکەی ئەوەیە کە فریا ناکەون بە تەواوی پێبگەن و دەم بکێشن، چونکە پەیوەندییەکە دەگاتە ئاستێك لە کراوەنەو راشکاوییدا کە کێشە دەرنەکەوتووەکان لە قۆناغی مەلۆتکەییدا لەناو دەبات. هەروەها بانقی هەستو سۆزەکەش بایی ئەوە پاشەکەوتی تێدایە کە بتوانێت چارەسەری هەرکێشەیەك بکات کە بیەوێت سەرهەڵبدات.

لە بواری کارکردنیشدا ئەم پرنسیپە شتێکی راست و پێویستە. تۆ دەتوانیت ناوبەناو کاتێك تەرخان بکەیت و بیبەخشیت بە کارمەندەکانت بۆ ئەوەی گوێیان لێ بگریت و تێیان بگەیت. سیستمێکی رێکوپێك و زانستی پەیرەو بکە بۆ ژماردنی سەرچاوە مرۆییەکان و زانیاری دەربارەی خاوەن پشکەکان لە بواری کارەکەتدا بۆ ئەوەی فیدباکی وردو راستت هەبێت دەربارەی کارمەندو کڕیار و هاوکارەکان. کارێك بکە کە لایەنی (مرۆڤ) هەر وەك لایە تەکنیکی و داراییەکان گرنگ بێت. تۆ بەم کارەت هەم کاتێکی زۆر و هەم وزە و بودجەیەکی زۆر دەگێڕێتەوە بۆ بەرکەماڵگردنی پەیوەندی گونجاو بە سەرچاوە مرۆییەکانەوە لە هەمو ئاستە جۆراوجۆرەکانی کاردا. مرۆڤ بە گوێگرتن فێر دەبێت و ئۆکسجینێکی مەعنەوی زۆرچاکیش دەبەخشێت بە هاوکارەکانی. ئەم جۆرە رەفتار و مامەڵەیە وا لە بەرامبەرەکەت دەکات ببێتە لایەنگر و پشتیوانی تۆ و زۆر بە ئاشکرا ئەو

Scanned by CamScanner

شتانە چی بون کە تێیان گەیشتیت بێ ئەوەی گوێت لە قسەکان بێت (ئەو هەست و سۆزانەی کە تەنیا هەر بە قسە ناگوێزرێنەوە.)

٤. ئەمجارە ئەگەر هەستت کرد سەرگەرمی ئەو جۆرە پەیوەندییەیت کە ژیاننامەو تایبەتمەندییەکانی خۆتی تیا بەکاردەهێنیت و خەریکی لێکۆڵینەوە یاخود هەڵسەنگاندن یاخود ئامۆژگاری یاخود لێکدانەوەیت هەوڵبدە خێرا هەڵوێستەکە بگۆڕەو لەڕێی ددانپیانان و داواکردنی لێبوردنەوە بیکەیت بە پاشەکەوتێک و بڵێ: (ببورە). ئا ئێستا بۆم دەرکەوت کە نەمویستوە تێبگەم .. ئایا دەتوانین سەرلەنوێ دەست پێبکەینەوە؟

٥. با نمایشکردنەی داهاتوت (پێشکەشکردنەکەت) لەسەر بناغەی هاوسۆزی بێت. گۆشەنیگای بەرامبەرەکەت وەکو خودی کەسەکەو یان باشتر لەو روون بکەرەوە. ئینجا هەوڵ بدە ئەویش وەکو خۆی لە تۆ تێبگات.

Scanned by CamScanner

خووی شەشەم

یەکتر تەواو کردن



Scanned by CamScanner

پرنسیپەکانی هاوکاریی داهێنەرانە

من ڕێنمایی خۆم لە دوعای پیاوچاکانەوە وەردەگرم
یەکێتی لە هەڵوێستە دژوارەکاندا
هەمەڕەنگی لە هەڵوێستە گرنگەکاندا
بەخشندەیی لە هەمو هەڵوێستەکاندا

- بەشێك لە وتەکانی (جۆرج بوش)
سەرۆکی ئەمریکا لەکاتی دەستبەکاربونیدا

کاتێك کە (وینستۆن چرچڵ) بانگهێشت کرا ئەرکی سەرۆکایەتیکردنی چالاکییە جەنگییەکانی بریتانیای مەزن لەئەستۆ بگرێت، رایگەیاند وتی: من هەمو ژیانم تەنیا بۆ ئەم سەعاتەی ئامادەکردووم. بەهەمان واتاش دەتوانین بڵێین کە پەیڕەوکردنی تێکڕای خووەکانی دیکە بۆ ئەوە ئامادەمان دەکات کە هاوکاری خوڵقێنەرانە بنوێنین و لەگەڵ خەڵکیدا یەکتری تەواو بکەین.

مرۆڤ ئەگەر بەرامبەرەکەی بەراستی تێی گەیشتبێت ئەوا هاوکاریکردن مەزنترینی هەمو چالاکییەکانە لە ژیانیدا، چونکە تاقیکردنەوە و گوزارشتکردنی راستەقینەی هەمو خووەکانی دیکەیە پێکەوە.

شێوە هەرە باڵاکانی هاوکاریکردن، هەرچوار بەهرەکانی مرۆڤ و پاڵنەرەکانی شێوازی براوە — براوە .. و شارەزاییەکانی بواری پەیوەندیی سۆزداریش دەردەخات لە ئاست ناخۆشترین و قورسترین ململانێدا کە لە ژیاندا دێتەڕێت. بەرهەمی ئەم هاوکارییە شتێکە وەکو موعجیزە. مرۆڤ لەڕێی ئەم خووەوە ئەڵتەرناتیڤی گونجاو دەخوڵقێنێت. شتێك کە لەوەوپێش نەبووە.

هاوکاریکردنی خوڵقێنەرانە گەوهەری ئەو جۆرە سەرکردایەتیکردنەیە کە پشت بە پرینسیپەکان دەبەستێت و دەیانکاتە سەنتەری خۆی. گەوهەری باوکایەتیکردن و دایکایەتیکردنێکە پرنسیپەکان سەنتەری بن. ئەم هاوکاریکردنە مەزنترین توانا شاراوەکانی مرۆڤ دەبزوێنێت و یەکیان دەخات و دەیانتەقێنێتەوە و تێکڕای هەمو خووەکانی دیکە کە پێشتر رونمان کردنەوە، ئامادەمان دەکەن بۆ ئەوەی لە

Scanned by CamScanner

Scanned by CamScanner

بەهێزەکان و فەرەبوکردنی خاڵە لاوازەکان.

دیارە ئێمە هەمومان بایەخی جیاوازییە جەستەییەکانی نێوان ژن و پیاو دەزانین، بەڵام ئایا بەهەمان شێوەش ئاگادارین لە جیاوازییە کۆمەڵایەتی و ئەقڵی و عاتیقییەکانی نێوانیان؟ ئایا ئەم جیاوازییانە ناتوانن ببنە سەرچاوەی داهێنان بۆ شێوازی نوێ و سەرنجڕاکێشی ژیان بۆ خوڵقاندنی ژینگەیەکی وا کە بەڕاستی رەچاوی رێز لەخۆگرتن بکات و هەموانیشی پێ قایل ببن و بواری سەربەخۆبون بۆ هەمو کەسێك بخوڵقێنێت لە روانگەی پشت بەخۆبەستنەوە و پاشانیش وردە وردە بگەنە ئاستی هاوکاریکردنی یەکتری بە شێوازێکی خوڵقێنەر. ئایا ئەم جۆرە یەکترتەواوکردنە ناتوانێت ببێتە دەستورێکی ژیان بۆ نەوەکانی داهاتوو — دەستورێك کە زیاتر پابەندی خزمەتکردن و بەشداریپێکردن بێت و کەمتر خۆپەسەندو موحافیزکارانە و دوژمنکارانە و سیاسی بێت. زیاتر بەخشش و متمانە دروست بکات و کراوەتر بێت. کەمتر لەبیری پاوانکردن و حوکمدەرکردندا بێت و زیاتر شایستەی خۆشەویستی بێت و مەسەلەکان بەهەند وەربگرێت.

پەیوەندی هاوکارانە

مرۆڤ کاتێك کە بە شێوەیەکی هاوکارانە پەیوەندی دروست دەکات لەراستیدا مێشك و دڵ و گوزارشتەکانی روخساری دەکاتەوە بەرووی ئەگەری نوێ و هەڵبژاردە و ئەلتەرناتیفی نوێدا. ئەم کارە بە رواڵەت وادەردەکەوێت کە پەراوێزخستنی خووی ژمارە دوو بێت (کە دەستت پێکرد با کۆتاییەکەیت لە خەیاڵدا بێت). بەڵام شتەکە لەراستیدا وانییە. پەیوەندیکردنی هاوکارانە رێك پێچەوانەیە و جێبەجێکردنی ئەو خووەیە. مرۆڤ کە سەرقاڵی پەیوەندی هاوکارانە دەبێت نازانێت مەسەلەکان چۆن بەڕێوە دەچن و چ ئەنجامگەلێکی دەست دەکەوێت، بەڵام لە ناخەوە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی هەستێکی هێندە سەرنجڕاکێش و دڵنیایی و پرسەرکێشییەوە کە دەیگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە مەسەلەکان باشتر دەبن لە رابردوو — ئەمەش رێك ئەو ئامانجەیە کە بیری لێ کرابۆوە.

تۆ بەو باوەڕەوە دەست پێدەکەیت. کە لایەنە بەشدارەکان زانیاری و بەرچاورونیی زیاتریان دەست دەکەوێت و چێژ و خۆشییەکانی ئەو تێگەیشتن و بەرچاو روونییە هاوبەشە پاڵنەرێك دروست دەکات بە ئاراستەی فێربون و

گەشەکردن و بەدەستهێنانی بەرچاو روونی زیاتر.

لەراستیدا زۆر کەس هەن خاوەنی ئەزمونێکی ماناوەندیش نین لە مەسەلەی هاودەستیدا، نە لە ژیانی خێزانیاندا و نە لە پەیوەندییەکانی دیکەدا. ئەمانە بە جۆرێك راهێنراون و رێکخراون کە لە پەیوەندییەکانیاندا خۆپارێز بن و دەستپێشخەری نەکەن و لەوباوەڕەدان نە ژیان و نە دەوروبەر هیچیان شایستەی باوەڕ و متمانە پێکردن نین: لەئەنجامیشدا دەبینین کە هەرگیز ناتوانن بەرووی خووی شەشەم و ئەم پرنسیپانەدا بکرێنەوە.

ئەمە یەکێکە لە تراجیدیا و لە خەسارەتەکانی ژیان، چونکە بڕێکی زۆری وزە و تواناکان هەر بە نەدۆزراوەیی دەمێننەوە بێ ئەوەی بە تەواوی بەکاربهێنرێن یاخود بواری گەشەکردنیان بۆ بڕەخسێنرێن: خەڵکە گێلەکەش ژیانی رۆژانەیان دەگوزەرێنن بێ ئەوەی هیچ سەرمایەگوزارییەك بکەن لە تواناشاردراوەکانیاندا و هەموو هاوکارییە خوڵقێنەرەکانیان لە بواری کەمبایەخ و پەراوێزکراودا جێبەجێ دەکەن.

رەنگە کۆمەڵێك بیرەوەرییان هەبێت لەسەر چەند ئەزمونێکی خوڵقێنەری نائاسایی، بەتایبەت لە بواری وەرزشدا. بۆ نموونە رەنگە ماوەیەك کەوتبنە کەشوهەوایەکی راستەقینەی وەرزشی، یاخود لە چالاکییەکی فریاگوزاریدا بەشدارییان کردبێت کە لە پێناوی رزگارکردنی ژیانی کەسێکدا یاخود لە پێناوی گەیشتنە ئامانجێکی دیاریکراودا وایان لێ هاتبێت فیداکارییان نواندبێت.

بەلای زۆربەی خەڵکەکەوە ئەو کارانە کاری نائاسایی و گرنگن و بگرە دەشکەونە خانەی موعجیزەکانەوە. بەڵام مەسەلەکە بەم جۆرە نییە. ئەمانە شتگەلێکن کە رۆژانە لە ژیانی زۆربەماندا روودەدەن. کەچی پەیوەندی هاوکارانە و هاوکاری خوڵقێنەر پێویستیان بە ئاستێکی باڵای کراوەیی و گیانی سەرکێشی و ئارامی رۆح هەیە.

زۆربەی هەوڵە خوڵقێنەرەکان لەوانەن کە مرۆڤ بە شێوەیەك لە شێوەکان غافڵگیر دەکەن. هەمیشە ئاڵۆز دێنە بەرچاو، قابیلی ئەوەن هەڵەیان تێدا بکەیت و شکستت توش ببێت و زامن کردنیشیان مسۆگەر نییە. لەبەر ئەوە ئەگەر زۆر لێبوردە نەبیت لەئاست مەسەلە ئاڵۆز و تەمومژاوییەکاندا و پابەندبونت بە

پرنسیپ و بەها ناوخۆییەکاندا دڵنیاییت پێ نەبەخشێت، ئەوا بێگومان چوونە ناو ئەزموونێکەوە کە لە ئاستێکی بەرزی خوڵقاندندایە رەنگە رقو کینەی لێ بکەوێتەوە. چونکە ئەم ئەزمونە پتەوی و دڵنیایی و توانای پێشبینیکردنی گەرەکە.

هاوکاریی خوڵقێنەر لە پۆلدا

من، وەکو مامۆستایەك، گەیشتومەتە ئەو باوەڕەی کە بەشێکی زۆری خوێندنگا هەڵکەوتووەکان خەریکن لە لێواری ئاژاوەو پشێویی نزیك دەبنەوە. هاودەستی بەوە تاقی دەکرێتەوە کە ئایا مامۆستاکان و خوێندکاران بەراستی کراوەن لەئاست ئەو پرنسیپەدا کە دەڵێت (هەمو) گەورەترە لە کۆی گشتی پارچەکانی و جاری وا هەیە نە مامۆستاکە و نە خوێندکارەکە هیچیان ئاگایان لە دۆخەکە نییە. لە سەرەتادا کەشوهەوایەکی سەلامەت لە گۆڕێدایە کە یارمەتی خەڵکەکە دەدات بەراستی بکرێنەوە و فێربن و گوێ لە بیرو بۆچوونەکانی یەکتری بگرن، پاشان لەپڕ (زریانی مێشك: بیرکردنەوەی ئازاد و تۆمارکردنی هەمو ئەو بابەت و شتانەی دێن بە خەیاڵدا - کۆڕگرتنی ئازاد و بێجڵەو) دێتە ئاراوە کە گیانی هەڵسەنگاندن لەئاست گیانی خوڵقاندن و بیرکردنەوە و کاری ئەقڵانیدا دەچێتە پەراوێزەوە. پاشان دیاردەیەکی نائاسایی سەرهەڵدەدات. تێکڕای پۆلەکە دەبزوێت لە ئاکامی ئەم دیدو بۆچون و ئەم سەرهەڵدانە نوێیە. ئەم ئاراستە نوێیەی کە پێناسەکردنی زەحمەتە کەچی لەهەمان کاتدا خەڵکە پەیوەندیدارەکە هەستی پێدەکەن. هاوکاریی خوڵقێنەرانە (یەکتر تەواوکردن) وەکو ئەوە وایە کۆمەڵەکە تێکڕا بڕیاربدەن دەقە کۆنە دەسەڵاتدارەکە بخەنە لاوەو دەقی نوێ بنوسن.

هەرگیز ئەو قۆناغەی کۆلێجم بیرناچێتەوە کە دەرسی فەلسەفە و سیستمی سەرکردایەتیکردنم پێ دەوتنەوە. هێشتا سێ حەفتەبو خوێندن دەستی پێکردبو، کە یەکێك لەکاتی دەرسەکەدا باسی ئەزمونی خۆی کرد. ئەزمونەکە زۆر بەهێز و لێوانلێو بو لە سۆز و بەرچاوروونیی. قسەکانی ئەم وای کرد کەشێکی ریزو بێ فیزیی پۆلەکە بگرێتەوە. رێز و پێزانین دەرهەق بەو خوێندکارە ئازایە.

ئەم گیانە وای کرد لە پۆلەکەدا زەمینێکی بەپیت مەیسەر ببێت بۆ پەیرەوکردنی هەوڵی هاوکارانە و خوڵقێنەر. خوێندکارەکانی دیکەش هەمان کاریان دەست پێکردو کەوتنە روونکردنەوەی ئەزمون و تێڕوانینەکانیان. تەنانەت ترس و

گومانە تایبەتەکانیشیان باس دەکرد. ئەم گیانی متمانە و سەلامەتیە زۆربەی خوێندکارەکانی هان دەدا بە تەواوی بکرێنەوە و جڵەو بۆ هێزەکانی ناخی خۆیان بەرەڵا بکەن. ئیتر وایان لێ هات لەجیاتی نمایشکردن و پێشکەشکردنی بابەتی ئامادەکراو، سود لە دید و بۆچون و جیهانبینی یەکتری وەربگرن. واتە خوڵقاندنی سیناریۆیەکی تەواو جیاواز. سیناریۆیەک کە گوزارشت بکات لەو واتایەی ئەمان دەیبەخشن بە پۆلەکە. من بە تەواوی چوبومە ناو پرۆسەکەوە. لەراستیدا مەسەلەکە هێندە سیحراوی و داهێنەرانەبو، من وام دەزانی خەوی موگناتیسیم لێ کەوتووە. وردە وردە وام لێ هات دەستبەرداری ئەو مەرج و پێویستیانە بم کە پێشتر بۆ پۆلەکەم دانابو. ئیتر دۆخێکی تازەو تواناگەلێکی نوێ هاتبونە ئاراوە. مەسەلەکە تەنیا خەیاڵ و فەنتازیا بو، بەڵکو هەستکردنێکی راستەقینەبو بە هاوسەنگی و پێگەیشتن و بابەتێک کە زۆر بەرنامەو پێکهاتەی کۆنی تێپەڕاندووە.

بەمجۆرە ئێمە مەنهەجە کۆنەکە و تێکڕای کتێب و نمایشەکانمان خستە لاوە کە پلانمان بۆ دانابون و ئامانج و ئەرک و پرۆژەگەلێکی نوێمان دارشت: مەسەلەکەمان هێندە بەلاوە سەرنجڕاکێش بوو کە پاش سێ حەفتە بڕیارمان دا خەڵکی دیکەش لەم ئەزمونەی خۆماندا بەشدار بکەین.

بڕیارمان دا کتێبێک بنوسین سەبارەت بە زانیاری و تێڕوانینەکانمان دەربارەی بابەتەکە - سەرەتاکانی سەرکردایەتیکردن - ئەرکەکان گۆڕانیان بەسەردا هات و پرۆژەی نوێ و تیمی نوێ هاتنە ئاراوە.

خەڵکەکە زیاتر و جددیتر خۆیان ماندووە کرد لەوەی کە لەسەردەمی پێشوتردا دەیانکردو مەسەلەکەش دیاربو لەبەر چیە؟ لەبەر ئەوەبو کۆمەڵە هۆکارێکی نوێ هاتوونەتە ئاراوە.

لەم ئەزمونەوە کەلتورێک هاتە ئاراوە ئەوپەڕی بێ هاوتایی و پێکەوەیی و لێوانلێو لە هاوکاری خوڵقێنەر کە چەندین ساڵیش پاش کۆتایی هاتنی خوێندنەکە درێژەی کێشا. خوێندکارەکان دوای دەرچونیشیان کۆدەبونەوە و ئێستاش کە یەکتری دەبینین باسی ئەو سەردەمە دەکەین و بەسەرهات و هۆکارەکانی دەگێڕینەوە.

خاڵێکی سەرنجڕاکێش بەلای منەوە ئەوەبو کە چۆن ئەو ماوە کورتە توانی متمانەیەکی وا لەنێوانماندا دروست بکات ئەو یەکترتەواوکردنەی لێ بەدی بێت.

وابزانم هۆکارەکە ئەوەبو کە خەڵکەکە تا ئەندازەیەك خەڵکی کامڵ و پێگەیشتوبون. ئەوان لە قۆناغی کۆتایی خوێندنی زانکۆدا بوون و ئامانجەکەیان شتێك بو زیاتر لەوەی کە تەنیا هەر زانیارییەکی نوێی زانکۆیی بەدەست بهێنن .. ئەوان تینوی شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێش بون .. تینوی شتێك کە واتایەکی هەبێت و بتوانن بیخوڵقێنن. شتەکە بریتی بو (لەو بیرۆکەیەی کە کاتی هاتووە)

هەروەها بارودۆخەکەش و پرۆسەکەش ڕاست و گونجاو بون. هەستم دەکرد کە تاقیکردنەوەی یەکترتەواوکردنەکە بە شێوەیەکی پراکتیکی زۆر لەوە بەهێزتربو کە هەر بە قسە باسی بکرێت و بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ زۆر واتادار ترە لەوەی کە تەنیا هەر دەقێکی کۆن بخوێنیتەوە.

من سەرباری ئەمانەش، کاتی وام بەسەردا هاتووە، کە دڵنیام خەڵکی دیکەش بەسەریاندا هاتووە، کە لێوانلێو بووە لە هاودەستی و هاوکاریی خوڵقێنەر لە لێواری گێژاو و بێ سەروبەریدا و چەندین جاریش لەبەر هۆکاری جیاجیا خلیسکاومەتە ناویانەوە. بەداخەوە زۆربەی ئەو خەڵکەی بە ئاگری ئەم شکستە سوتاون، کاتێك کە ئەزمونێکی نوێ دەست پێدەکەنەوە کاریگەری خراپی ئەو شکستەیان هەر لەسەرەوە بۆ ئەوەی خۆیانی لێ بپارێزن ڕێ لە هەمو هاوکارییەك و یەکترتەواوکردنێکی نێوانیان دەهێنن.

ئەمە لە چی دەچێت؟ لە هەڵوێستی ئەو کارگێڕانە دەچێت کە یاسا و ڕێسای نوێ دادەنێن لە ڕوانگەی ئەو سەرپێچی و خراپەکارییانەی کە ژمارەیەکی کەمی کارمەندانی دەزگاکە ئەنجامی دەدەن بەمەش ئازادی و ئەگەرەکانی داهێنان بەرووی زۆرینەدا دادەخەن. هەروەها هاوبەشە بازرگانانەکانیش بەهەمان شێوەن، مەبەستم لەوانەیە کە خراپترین ئەگەر و سیناریۆ دەهێننە پێش چاوی خۆیان و ئینجا دێن لە بەڵگەنامەیەکی یاساییدا تۆماری دەکەن. بەمەش هەمو گیانێکی داهێنان و سەرکێشی و هاوکاری خوڵقێنەر دەکوژن.

ئێستاش کە بیر لە ئەزمونەکانی خۆم دەکەمەوە لە بواری ڕاوێژکاری و فێرکردنی بەڕێوەبەرەکاندا دەتوانم بڵێم لە زۆربەی زۆریاندا هەمیشە مۆرکی هاوکاری خوڵقێنەر زاڵ بووە. دیارە هەمیشەش چرکەساتێکی سەرەتایی هەبووە کە پێویستی بە ئازایەتی و ڕاستگۆیی زۆر هەبووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ڕاستییەکی

تایبەت دەربارەی کەسەکە یاخود خێزانەکە یاخود دەزگاکە کە پێویست بو بوترایە، بەڵام نازایەتییەکی زۆر و خۆشەویستییەکی راستگۆی تیا سەرف کرا ئینجا وترا لە ئاکامی ئەمەدا خەڵکەکەی دیکە وایان لێ هات کراوەتر و سەرراستتر و راستگۆتر بن لەگەڵ خۆیاندا و پاشان پرۆسەی پەیوەندیکردنە خوڵقێنەرەکە دەستی پێکرد. هێزی خوڵقاندنەکەی زیاتر و زیاتر بو، ئینجا گەیشتە قۆناغی تێڕوانینی راست و نەخشەی وا کە لەسەرەتادا کەس بیری لێ نەکردبۆوە.

(کارڵ رۆجەرز) لە وانەیەکیدا دەڵێت "ئەوەی کە زۆر تایبەتە لە هەموان گشتیترە". تۆ هەتا دڵسۆزتر بیت و هەتا راستگۆیانەتر گوزارشت لە شتەکان بکەیت، بەتایبەت لە ئەزمونە تایبەتەکان و لەگومان لەخۆکردندا، ئەوا خەڵك زیاتر و زیاتر متمانەت پێ دەکەن کە لای تۆ ناخی خۆیان ئاشکرا بکەن و زیاتر و زیاتریش ئامازە بە رۆحی گوزارشتەکانی تۆ دەکەن. ئەم گوزارشتەش لە رۆحی کەسەکەدا رەنگ دەداتەوە و بەمەش پەیوەندییە خوڵقێنەرە راستەقینەکە لەدایك دەبێت و تێڕوانینی قوڵ و نوێی لێ دەکەوێتەوە و هەستکردن بە بزوتن و گیانی سەرکێشی دەبنە هۆکاری بەردەوامبونی پرۆسەکە. ئیتر خەڵکەکە وایان لێ دێت بە نیوە ڕستەیەك لەیەکتری تێبگەن، کە هەندێك جار پێویستیش ناکات پەیوەندییان بەیەکترییەوە هەبێت، بەڵام چونکە لە ناخی یەکتری شارەزابون یەکسەر تێی دەگەن. دوابەدوای ئەوە نۆرەی دەرکەوتنی دنیایەکی نوێیە لە تێڕوانینی قوڵ و هەستەوەری نوێ و پارادیمی تازەی وا کە ئەو هەڵبژاردانە بچەسپێنێت. هەروەها ئەڵتەرناتیفی واش دێنە ئاراوە کە شایستەی بیرلێکردنەوە بن. هەرچەندە هەندێك جار ئەم بیرۆکانە لە هەوادا بە هەڵواسراوی دەمێننەوە، بەڵام زۆرجار دەگەنە بەندەرێکی سودمەند و پراکتیکی.

هاوکاری خوڵقێنەر لە بواری کاردا

یەکێك لە ئەزمونە بەچێژەکانم لە بواری هاوکاریکردنی خوڵقێنەردا ئەوکاتە بو کە لەگەڵ یاریدەدەرەکانمدا سەرقاڵی داڕشتنی پەیامی دەزگاکەمان بوین. لەو ئەزمونەدا، کە چەندین واتای قوڵی پێ بەخشیم، زۆربەی ئەندامانی کۆمپانیاکە چوینە ناوچەیەکی بەرزی شاخاوی. لەوێ، لەناو دیمەنە دڵفرێنەکانی سروشتدا دەستمان کرد بە نوسینی یەکەمین رەشنوس، کە بەلای هەندێکمانەوە نمونەیەکی

Scanned by CamScanner

نایابی پەیام بو.

لەسەرەتادا پەیوەندی نێوان ئەندامەکان ڕێز و وریای و سڵەمینەوە و پێشنبینیکردنی پێوە دیاربو. بەڵام هەر کە باسی ئەڵتەرناتیڤە جۆربەجۆرەکانی فرسەت و ئەگەرەکانی بەردەممان کرا، خەڵکەکە ئیتر وایان لێ هات بە کراوەیی قسە بکەن و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بیروڕای خۆیان ئاشکرا دەکرد، وەك چۆن مرۆڤ بە دەنگی بەرز بیردەکاتەوە ئاوا بوین بەم شێوەیە مەسەلەی داڕشتنی پەیامی کۆمپانیاکە بواری ئەوەی ڕەخساند کە پێکەوە ئازادانە بەشدارییەکی بەکۆمەڵ بکەین و خۆبەخشانە بیرۆکەکان کەڵەکەبوون. خەڵکەکە بەوپەڕی ئازایەتی و جۆش‌وخرۆشی ڕاستەقینەوە کاریان دەکرد. ئیتر قۆناغی ڕێز لە یەکگرتن و لە یەکتێگەیشتنمان تێپەڕاندو چوینە قۆناغی پەیوەندی بە هاوکارییە داهێنەرە خوڵقێنەرەکە.

مەسەلەکە زۆر سەرنجڕاکێش بو. هەمومان هەستمان پێ‌دەکرد. کە پەیوەندییەکەش گەیشتە لوتکەی پێگەیشتن، سەرلەنوێ گەڕاینەوە بۆ دەربڕینی بەکۆمەڵی تێڕوانینی خۆمان، سەرنجەکانمان کردە وشە، کە هەر وشەیەك بەلای بەشدارانەوە واتایەکی دیاریکراو و چەمکێکی وای هەبو کە پێویست بو پابەندبین پێوەی.

پەیامی دەزگاکە ئەمەی خوارەوە بو:

"پەیامەکەمان بریتییە لە تواناسازیی خەڵك و دەزگاکان بە زیادکردنی ئاستی ئەنجامدانیانەوە لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی گرنگ و شایستە لەڕێی لێکتێگەیشتن و پەیڕەوکردنی ئەو سەرکردایەتیکردنەی کە سەنتەرەکەی پێك هاتبێت لە پرنسیپەکان"

ئەم پرۆسەی یەکترتەواوکردنە کە پەیامی دەزگاکەمانی خوڵقاند شوێنی شیاوی خۆی لە دڵ و مێشکی هەموماندا هەڵکۆڵی، هەروەها بوو بە چوارچێوەی ئەو سەرچاوەیەی کە خەریکی بووین و هەروەها هی ئەوەش کە لێوەی دووربوین.

ئەزمونێکی دیکەی گرنگی من لەم بواری هاوکاریکردنی خوڵقێنەرەدا ئەوەبو کە بانگهێشتێکە قسوڵ کرد، ڕۆڵی هاندەر (کارای یاریدەدەر) ببینم لە گفتوگۆکانی

ئەم کۆبونەوەیە، چاوم کەوت بە لیژنەی ئامادەکاری کۆبونەوەکەوە کە دوو ڕۆژی دەخایاند و بڕیار وابو هەمو بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان لەخۆ بگرێت. لیژنەکە پێی وتم، هەمیشە لەم جۆرە کۆبونەوانەدا لەڕێی چاوپێکەوتن و پرسیار و ڕاپرسییەوە چوار پێنج بابەتی سەرەکی دیاری دەکرێن. بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکانیش پێشنیاری ئەڵتەرناتیف پێشکەش دەکەن. لەبەرئەوە کۆبونەوەکانی پێشووی گفتوگۆ و بیروڕا دەربڕینەکان ڕێزلێگرتنی پێوە دیاربو، هەرچەندە هەندێك جار شەڕی براوە – دۆڕاوەی بەرگریشی لێ دەکەوتەوە، بەڵام هەمیشە ئەو شەڕانە شەڕی چاوەڕوانکراوبون و هیچ داهێنانێکیان تیانەبووە و مایەی بێزاری و وەڕسبونیش بون.

کە لەگەڵ لیژنەکەدا باسی هاوکاری خوڵقێنەرم کرد هەستم کرد ئەوانیش بە پێویستی دەزانن، بەڵام سڵی لێ دەکەنەوە، بۆیە بە ترس‌ونیگەرانییەکی زۆرەوە ڕەزامەندییمان دەربڕی شێوازی گفتوگۆکان دەستکاری بکرێت.

داوایان لە چەند بەڕێوەبەرێك کرد کۆمەڵێك (کاغەزی سپی) بۆ ئیمزا ئامادە بکەن دەربارەی هەر یەك لە بابەتە هەرە گرنگەکان، ئینجا داوایان لە هەمو بەڕێوەبەرەکان کرد لەسەرەتای کۆبونەوەکەدا خۆیان بەو کاغەزانەوە خەریك بکەن بە مەبەستی تێگەیشتنی بابەتەکان و هەروەها تێگەیشتنی دیدو بۆچوونە جیاوازەکان. پێویست بو لەسەریان بە جۆرێك بچنە کۆبونەوەکەوە کە ئامادەییان تێدا بێت زیاتر گوێ بگرن نەك قسە بکەن، ئامادەییان تێدا بێت بۆ داهێنان و یەکترتەواوکردن نەك بۆ پاراستن و بەرگریکردن.

ئێمە نیوەی ڕۆژی یەکەممان لە کۆبونەوەکە بۆ ئەوە تەرخانکرد کە خووەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و پرنسیپەکانیان فێری بەشداران بکەین. باقی کاتەکەی دیکە تەرخانکرا بۆ هاوکاریکردنی خوڵقێنەر.

ئەمە وزەیەکی خوڵقێنەری سەرسوڕهێنی هێنایە ئاراوە. جوڵەو چالاکی نواندن شوێنی بێزاریی گرتەوە. خەڵکەکە لەئاستی یەکتریدا بە تەواوی کرانەوە و لەمەشەوە تێڕوانین و هەڵبژاردەی نوێ دروست بوون. لە کۆتایی کۆبونەوەکەدا چەمکێکی تەواو نوێ خەمڵێنرا دەربارەی سروشتی ئەو ململانێ ناوەندییەی کە دەزگاکە ڕوبەڕوی دەبێتەوە. بەمجۆرە کاغەزە سپییەکان بونە بارستاییەکی

پەراوێزخراو. جیاوازییەکانیش وەلانران و تێڕوانینێکی هاوبەش و نوێ سەری هەڵدا.

سروشتی ئەم هاوکارییە خوڵقێنەرە وایە کە هەرکەسێك بیکات گۆڕانی گەورەی بەسەردا دێت و ئیتر هەمان کەسەکەی جاران نابێت، چونکە دەزانێت هەر سەرکێشییەکی هاوشێوە کە لە ئایندەدا ئەنجامی بدات دەبێتە مایەی فراوانبونی توانا ئەقڵییەکانی.

هەرچەندە کەمجار رێك دەکەوێت کە دوبارەکردنەوەی هەمان ئەزمونی هاریکاری خوڵقێنەر سەرکەوتنی گەورە بەدەست بهێنێت، بەلام دەتوانرێت کرۆکی مەبەستەکەی لەم هەوڵە خوڵقێنەرەدا بەرجەستە بکرێتەوە. مەسەلەکە رێك ئەو حیکمەتەی خۆرهەلاتی دوورە کە دەڵێت: "ئێمە نامانەوێت لاسایی مامۆستاکانمان بکەینەوە، بەڵکو دەمانەوێت بزانین ئەوان بەدوای چیدا دەگەڕان." واتە ئێمەش هەوڵ نادەین لاسایی ئەزمونەکانی پێشوو بکەینەوە لە هاوکاری خوڵقێنەردا، بەڵکو زیاتر بەدوای ئەزمونی نوێدا دەگەڕێین بۆ بەدیهێنانی مەبەستی جیاواز و نوێ و تەنانەت بالاتریش.

هاوکاری خوڵقێنەر و مەسەلە پەیوەندییەکان

هاوکاریکردنی خوڵقێنەر پڕە لە چالاکی و سەرسوڕمان .. داهێنان پڕە لە چالاکی و سەرسوڕمان. ئەو ئەنجامانەی کە پەیوەندی و کرانەوە بەدیدەهێنن مەزن و فراوانن. ئەم جۆرە کرانەوەیە لەباریدا هەیە دەستکەوتی گەورە و پێشکەوتنی گرنگ و راستەقینە زامن بکات، لەبەرئەوە دەهێنێت مرۆڤ سەرکێشی بکات لەپێناویدا.

لەپاش دووهەمین جەنگی جیهانی، ویلایەتە یەکگرتووەکان (دەیڤید لینثال David Lienthal)ی کردە سەرۆکی کۆمیسیۆنی نوێی وزەی ئەتۆمی. ئەویش کۆمەڵێك کەسی هێنا کە هەموویان خەڵکی کاریگەر و هەلکەوتوبون و هەریەکەیان لە بواری کارەکەی خۆیدا ناوبانگێکی چاکی هەبو.

ئەم گروپە پێکهاتووە لە کەسایەتی جیاواز ئەجێندای ئەوپەڕی سەختی رووبەروو کرابۆوە و ئەوانیش زۆر بە پەرۆش بون کە بە زووترین کات ئەرکەکەیان تەواو بکەن. سەرباری ئەوەش گوشاری رۆژنامەنوسانیشیان لەسەربو. کەچی (لینثال) چەند حەفتەیەکی تەرخان کرد بۆ دروستکردنی پاشەکەوتێکی چاك لە ژمارە حسابی بانکی سۆزدارییدا. هەوڵیدا ئەندامانی لیژنەکە یەکتری بناسن و پاشخان و

Scanned by CamScanner

ئامانج و کێشە و هەند و پارادیم و چوارچێوەی سەرچاوەکانی یەکتری چاك چاك بزانن. (لینتال) بەم کارەی توانی ئەو کارلێکە مرۆڤایەتییە ئاسان بکات کە زامنی خولقاندنی پەیوەندییە مەزنەکانی نێوان خەڵکییە. ئەو بەم کارەی گلەیی و ڕەخنەی زۆری هاتەسەر کە کاتێکی زۆری لەو مەسەلانەدا بەفیڕۆ داوە.

بەڵام دەرئەنجامە کۆتاییەکە لەوەدا خۆی بینییەوە کە ئەندامانی لیژنەکە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و زۆر نزیکیان لەنێواندا دروست بو. بە تەواوی لەئاست یەکتریدا گرانەوە و ئاستی داهێنان و هاوکاری خولقێنەری نێوانیان گەیشتنە ئەوپەڕی. ڕێزی یەکتریان هێندە لەلا مەزن بو، کە ئەگەر لە مەسەلەیەکدا بیرو بۆچونی جیاواز سەری هەڵبدایە لەنێوانیاندا، ئەوا لەبری بەرگری و بەرهەڵستیکردنی یەکتری، بەڕاستی هەوڵیان دەدا لە یەکتری تێبگەن. ئاڕاستەکە بەم شێوەیە بو کە (ئەگەر کەسێك لە ئاستی زیرەکی و لێهاتوویی و سەرڕاستی مندا بیروبۆچونەکەی جیاوازتر بێت لەوەی من، کەواتە بە دڵنیاییەوە هۆکارێك بۆ ئەو جیاوازییەش هەیە کە شتێکە من تێی ناگەم و پێویستە تێی بگەم. تۆ خاوەنی تێڕوانینێك و چوارچێوەیەکی دیاریکراویت و من پێویستم بەوەیە لێیان ئاگادارېم).

لەمەوە ئیتر کارلێکێك دروست دەبێت کە بەرگریکارانە نییە و دەبێتە مایەی لە دایکبونی کەلتورێکی نائاسایی.

ئەم هێڵکارییەی خوارەوە بۆمان روون دەکاتەوە کە متمانە چەند پەیوەندی هەیە بە ئاستە جیاجیاکانی پەیوەندییەوە.



Scanned by CamScanner

نزمترین ئاستی پەیوەندی دەرەنجامی ئەو هەڵوێستانەیە کە متمانەکانیان نزمن. خەسڵەتەکانیشی بریتین لە بەرگریکاری، خۆپاراستن و زۆرجاریش بەکارهێنانی زمانێکی یاسایی کە هەمو بناغەکان دەگرێتەوە و بە دوورودرێژیش واتای وشە و زاراوەکان روون دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە لێپرسینەوەکان خۆی دەرباز بکات ئەگەر هاتو دۆخەکە تێکچوو. ئەم جۆرە پەیوەندییە تەنیا (یەك) رێگای لێ دەردەچێت ئەویش یاخود بەدەستهێنانی هەمو شتێکە یان لەدەستدانی هەمو شتێکە. ئەم جۆرە پەیوەندییە جۆرێکی کاریگەر نییە – ناتوانێت هاوسەنگی دروست بکات لەنێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێناندا و لە ئاکامدا هەر ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە هۆکاری زیاتر دروست بکات بۆ بەرگریکردن و خۆپاراستن. بەڵام هەڵوێستی ناوەڕاست بریتییە لەوجۆرە پەیوەندییەی کە رێزی تێدایە. ئەمە بریتییە لەو شێوە پەیوەندییەی کە خەڵکی ساغ و پێگەیشتو پەیڕەوی دەکەن. ئەمانە رێزی یەکتریان لەلایە و لەهەمان کاتیشدا سڵ لەوە دەکەنەوە هەڵوێستێك بێتە پێشەوە توشی حانەحەپەشێ و ململانێی ناخۆش ببن. لەبەرئەوە مامەڵەکردنیان زۆر ئەدەب و رێزی تێدایە، بەڵام بەتاڵە لە هەمو سۆز و گەرموگوڕییەك. ئەمان رەنگە مێشکی بەرامبەرەکەیان بخوێننەوە. بەڵام ناچنە قوڵایی پاردایمی کەسەکەوە و بەلایانەوە گرنگ نییە کە بزانن بەرامبەرەکەیان ئەگەر بکرێتەوە چی لەباردا دەبێت.

ئەم شێوە پەیوەندییە رێزدارە لە هەڵوێستە سەربەخۆکاندا پەیوەندییەکی سەرکەتووە، بگرە لەو هەڵوێستانەشدا سەرکەوتووە کە دوولایەنەکە پێویستیان بەیەکترە، بەڵام ناتوانێت دەرەنجامێکی خوڵقێنەری کراوەی هەبێت. دیارە لەو حاڵەتانەشدا کە لایەنەکان پشت بەیەکتری دەبەستن، ئەم جۆرە پەیوەندییە هەر ئەوەی لەدەسەڵاتدایە کە چارەسەرێکی مامناوەندی بدۆزێتەوە. (واتە ١ + ١ = ١,٥) واتە هەردولاکە هەم وەردەگرن و هەم دەشبەخشن. پەیوەندییەکە نەبەرگریکارییە، نە خۆپارێزییە، نە تورەیە و نە کۆنترۆلکەریشە. گفتوگۆیەکی پاك و راستگۆ و رێزدارە. بەڵام خوڵقێنەر و یەکترتەواوکەر نییە. دەرەنجامەکەشی دەرەنجامێکی لاوازی شێوەی براوە/ براوەیە. بەڵام لە پەیوەندی جۆری سێیەمدا کە هاوکاریکردنی خوڵقێنەرە ١ + ١ رەنگە یەکسان بێت بە ٨ یاخود بە ١٦ یاخود تەنانەت بە (١٦٠٠)یش. هەڵوێستی ئەم جۆرە هاوکاری و پەیوەندییە بناغەکەی بریتییە لە

Scanned by CamScanner

ئاستێکی هەرە بەرزی متمانە و چارەسەری وای لێ دەکەوێتەوە کە لە تێکرای چارەسەرە پێشنیارکراوەکان چاکترە، لایەنەکانیش ئەمە دەزانن و لێی تێدەگەن. جگە لەوەش هەمو لایەك بەڕاستی چێژ لەم ڕێکەوتنە خولقێنەرە وەردەگرن. ڕووەکێکی بچکۆلەیە کە مرۆڤ هەم لەپێناویدا دڵخۆشە و هەم لە بەدەستهێنانیشیدا، هەروەها دەشتوانێت هاوسەنگی بەدی بهێنێت لەنێوان بەرهەم و توانای بەرهەمهێناندا، ئەگەرچی هەندێکجار ئەو هاوسەنگییە زۆر ناخایەنێت.

دیارە هەندێك بارودۆخیش هەن کە مرۆڤ ناتوانێت. هاوکاری خولقێنەری تێدا بەدی بهێنێت و ڕێکەوتن مەحاڵە سەربگرێت. بەڵام تەنانەت لەم جۆرە دۆخانەشدا ڕۆحی هەوڵە دڵسۆزەکان هەمیشە دەتوانن ڕێگا چارەی مامناوەندیی کاریگەرتر دەستەبەر بکەن.

گەڕان بەدوای ئەلتەرناتیڤی سێیەمدا

بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی باشتر دەستبکەوێت سەبارەت بە کاریگەرێتی ئاستی پەیوەندییەکان لەسەر چالاکییەکانی نێوانمان، باشتر وایە ئەم سیناریۆیەی خوارەوە بهێنیتە پێش چاوی خۆت:

کاتی پشووەکان نزیك بۆتەوە و مێردەکە دەیەوێت لەگەڵ ماڵو منالّیدا بڕۆن بۆ فەراخ دەریاچەیەك لە لادێ و لەوێ چێژ لە ژیانی ناو چادرو لە ڕاوەماسی وەربگرن. ئەمە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە بەلایەوە و بە درێژایی ساڵەکە پلانی بۆ داناوە و خۆیی بۆ ئامادەکردووە. دەمێکە کوخێکی لەوێ گرتووە و بەلەمێکیشی بەکرێ گرتووە. کوڕەکانیشی زۆر بە پەرۆشن کە ئەو سەیران و گەڕانە بکەن.

بەڵام هاوسەرەکەی دەیەوێت لەم پشووەدا سەردانی دایکە پیر و نەخۆشەکەی بکات کە ماڵەکەیان نزیکەی (٢٥٠) میل لەمانەوە دوورە. ئەم نایبەرزێت و فرسەتی بۆ هەڵ ناکەوێت کە زوو زوو سەر لە دایکی بدات، لەبەر ئەوە زۆر گرنگە لەم پشووەدا بچێت بۆلای.

ئەم جیاوازییەی نێوان ژنو مێردەکە دەتوانێت ببێتە مایەی دروستبونی کێشەیەکی گەورە و ئەزمونێکی زۆر خراپ. مێردەکە پێی دەڵێت: ئێمە تازە هەمو شتێکمان بڕانۆتەوە و کوڕەکان زۆر زۆریان پێخۆشە. لەبەرئەوە هەر دەبێت بچین. ژنەکە وەڵامی دەداتەوە: بەڵام کێ دەزانێت دایکم چەندی دیکە دەژی. دەمەوێت

Scanned by CamScanner

گرت و مرد، ئەوا ئیتر نە مێردەکە لە خۆی خۆش دەبێت، نە ژنەکەشی لێی خۆش دەبێت.

ڕێگا چارە ماملاوەندییەکەی کە لەسەری ڕێك دەکەون هەرچییەك بێت، پاش چەند ساڵێکی دیکە وەك بەڵگەیەکی خراپی هەست و سۆزیان بەرامبەر یەکتری تەماشای دەکەن، یان بە بڕیارێکی کەمتەرخەمی لێك دەدەنەوە یاخود دەڵێن پەلەپڕوزێی تیابووە و زیانی بە هەردوو لایەنەکە گەیاندووە. دووریش نییە ڕێگا چارەی ماملاوەندیی ماوەی چەند ساڵێکی بەردەوام ببێتە مایەی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو یەك خێزاندا. زۆریش لەو پرۆسە هاوسەرگیرییانەی کە جاران کامەرانی و خۆشی و ئەرمونیانی لێ دەبارێ لە سایەی ڕێگا چارە ماملاوەندییەکانەوە نزمبونەتەوە بۆ خراپترین ئاستەکانی رق و دوژمنایەتی. ژنەکە و مێردەکە هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز لە هەڵوێستەکە دەڕوانێت. ئەم جیاوازییەش ڕەنگە وایان لێ بکات ببنە دوو جەمسەری دژبەیەك. هەروەها لەوانەشە ببێتە مایەی نزیکبونەوەیان لە یەکتری بۆ ئاستێکی چاکتر.

ئەم دوو لایەنە ئەگەر کردبێتیان بە (خوو) کە کاریگەرانە پشت بە یەکتری ببەستن لە پەیوەندییەکانیاندا، دەتوانن لە پارادیمێکی تەواو جیاوازەوە لە یەکتری نزیك ببنەوە. چونکە پەیوەندییەکەیان لەسەر ئاستێکی باڵاترە.

ژن و مێرد ئەگەر پاشەکەوتێکی چاکیان هەبێت لە بانکی هەست و سۆزدا ئەوا هاوسەرگیرییەکەیان لێوانلێو دەبێت لە متمانە و کراوەیی. هاوسەرانی لەوجۆرە بە شێوازی براوە – براوە بیردەکەنەوە لەبەر ئەوە بەدوای ئەلتەرناتیفی سێیەمدا دەگەڕێن، واتە بەدوای چارەسەرێکدا کە بۆ هەردولا بەسودترە لەوەی کە ئەوان پێشتر پێشنیاریان کردبو. ئەوان لە سایەی گوێگرتنی هاوسۆزیی لەیەکتری و هەوڵدانیان لەپێناوی ئەوەی کە یەکەمجار تێبگەن ئینجا هەوڵبدەن بەرامبەرەکە لێیان تێبگات، بە دڵنیاییەوە لە ناخی خودی خۆیان و لە پەیوەندی نێوانیشیاندا دەگەنە ئاستی ئەوەی باش بزانن ئەو بەهاو بایەخانە چین کە لەکاتی بڕیاردانیدا پێویستە ڕەچاو بکرێن.

ئەم کۆمەڵە توخمە پێکەوە – پاشەکەوتێکی بەرچاو لە بانکی هەست و سۆزەکاندا، بیرکردنەوە بە شێوازی براوە/ براوە و هەوڵدانی ئەوەی کە سەرەتا خۆت

تێبگەیت - خوڵقێنەری ئەو زینگە نمونەییەن کە هاوکاری خوڵقێنەر پێویستی پێیەتی.

بودایزم ئەمەی ناوناوە (ڕێگەی سێیەم) سێیەم لێرەدا مەبەست لە ڕێگاچارەی مامناوەندی نییە، بەڵکو شتێکی بەرزتر دەگرێتەوە، بۆ نمونە وەکو لوتکەی سێگۆشە.

لە پرۆسەی گەڕاندا بۆ ئەم ڕێگا "ناوەڕاستە" بلندە ژن و مێردەکە دەزانن کە خۆشەویستی و پەیوەندی نێوانیان بەشێکە لە هاوکارییە خوڵقێنەرەکەیان.

بەمجۆرە، لە ئەنجامی پەیوەندییاندا لەگەڵ یەکتری، مێردەکە بە قوڵی لە هەستی ژنەکەی تێدەگات و درک بەوە دەکات کە ئەو چەند پێویستی بەوەیە لای دایکی بێت. تێدەگات کە ژنەکەی چۆن دەیەوێت هەندێک ئەرک لەسەرشانی خوشکەکەی سوک بکات کە بەشی سەرەکی بەرپرسیارێتی چاودێریکردنی دایکیان کەوتۆتە سەرئەم خوشکە. پیاوەکە هەروەها درک بەوەش دەکات کە بەڕاستی نازانن خەسووەکەی چەندێکی دیکە دەژی و ئەم ژنە بە دڵنیاییەوە لە سەیران و ڕاوەماسی گرنگترە.

ژنەکەش بەهەمان شێوە زۆر چاک درک بەوە دەکات کە مێردەکەی چەندێک ئارەزومەندە ماڵومناڵ لە سەیرانێکدا کۆبکاتەوە و خۆشییەک ببەخشێت بە کوڕەکانی. دەزانێت کە ڕەنجێکی زۆریان داوەو پارەیەکی زۆریان سەرف کردووە بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم سەیرانەو دەشزانێت کە چەند گرنگە هاوبەشییان بکات لە دروستکردنی بیرەوەرییەکی خۆشدا.

لەبەرئەوە هەمو ئارەزووەکان بە هەند وەردەگرن و کۆیان دەکەنەوە و بەرامبەر ئەم کێشەیە هەڵوێستی دژبەیەک وەرناگرن. ناچنە دوو بەرەی دژ بەیەکەوە بەڵکو هەمویان لە (یەک) لادا دەمێننەوە و پێکەوە سەرنج لە کێشەکە دەدەن و لە پێویستییەکان تێدەگەن و کار بۆ خوڵقاندنی ئەڵتەرناتیفێکی سێیەم دەکەن کۆیان بکاتەوە.

مێردەکە پێشنیار دەکات: هەر لەم مانگەدا کاتێکی دیکە ڕێک دەخەین سەردانی دایکتی تیا بکەیت. خۆم لە کۆتایی هەفتەدا ئیشوکاری ماڵەکە دەکەم و بۆ سەرەتای هەفتەش کە تۆ لە ماڵ نابیت چارەسەرێکی دیکە دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی خەمی

Scanned by CamScanner

ئێرەت نەبێت و ئەو ماوەیە لای دایکت بیت.

یان رەنگە لە نزیک ماڵی دایکتەوە شوێنێکی وامان دەست بکەوێت کە چادر و راوە ماسییەکەی مسۆگەر بێت. مەرج نییە ناوچەکە زۆر خۆش و دڵرفێن بێت. گرنگ ئەوەیە کاتی پشوودکە لە ماڵ نەبین و فریای هەندێك لە ئیش و کارەکانیش بکەوین. کورەکانیش لەناو چواردیوارەکەی ماڵەوەدا زیندانی نەبن. هەروەها فرسەتێکیش دەبێت لەگەڵ خاڵ و مام و خزمان و منداڵەکانیاندا نەختێك رابوێرین پێکەوە. بەم شێوەیە هاودەستی دەکەن. مەسەلەکە دەهێنن و دەبەن تا دەگەنە چارەسەرێك کە هەردولا پێی رازی ببن. ئەم چارەسەرە لە چارەسەرەکانی پێشتر چاکترە کە پێشنیاریان کردبو. لە رێگا چارەی مامناوەندییش چاکترە. رێگە چارەیەکی یەکترتەواوکەری خولقێنەرە کە بەرهەم و توانای بەرهەم بنیات دەنێن (ب/ ت ب) واتە لەجیاتی ئاڵوگۆڕ، گۆڕان روودەدات. هەردوکیان ئەو ئامانجەیان دەست دەکەوێت کە ئارەزویان لێ بووە و لەهەمان کاتیشدا برەو بە پەیوەندییەکانیان دەدەن.

هاوکاریکردنی خولقێنەرانەی نەرێنی

گەران بەدوای ئەڵتەرناتیفی سێیەمدا لەراستیدا وەرچەرخانێکی گەورەی پارادیمە و دورکەوتنەوەیە لە ئەقڵیەتی دووانیزم، ئەقڵیەتی یان ئەمە یان ئەوە (رەش یان سپی). بەڵام تەماشای ئەنجامەکان بکە بزانە چەند جیاوازن. بیرکەرەوە بزانە ئێمەی مرۆڤ لەم واقیعەدا کە هەمومان پێویستمان بە یەکترییە چەندێك وزەی نەرێنی بەفیرۆ دەدەین کاتێك دەمانەوێت بڕیارێك بدەین یاخود کێشەیەکی دیاریکراو چارەسەربکەین. چەندێك کاتی خۆمان بەفیرۆ دەدەین بۆ سەلماندنی خەتاو ناتەواوییەکانی کەسەکەی بەرامبەرمان، بۆ ململانێ و قۆرخکردن و دروستکردن و گەورەکردنی ناکۆکییەکان؟! چەندە بە خێرایی خۆمان ماندو دەکەین لە قولکردنەوەی گومانەکان و پەیرەوکردنی هەلپەرستی و شاردنەوەی روخساری راستەقینەی خۆماندا.

ئێمە زۆربەمان لەبری ئەوەی قاچ لەسەر نیستۆپەکە هەلگرین بەنزینی زیاتری دەمێنێ و قاچمانی لەسەر قەپات دەکەین. واتە لەپێناوی پتەوکردنی هەڵوێستەکەماندا گوشاری زیاتر دروست دەکەین و قسەی باق و بریقەداری زیاتر و

زانیاری لۆجیکی زیاتر و زیاتر دەخەینەرو.

کێشەکە لەوەدایە کە ئەو کەسانەی زۆر پشتبەستون بە خەڵکی دیکە هەوڵ دەدەن لە نێوەندی واقیعێکدا سەرکەوتن بەدەست بهێنن کە خەسڵەتەکەی هاوکاریکردنی خولقێنەر بێت. ئەوان سەرچاوەی هێز و پشتو پەنایان دوو شتە. یاخود ئەوەیە کە هێز و توانا لە ناوەندی دەسەڵاتەوە وەردەگرن و گەمەیەك دەکەن لەسەر شێوازی براوە/ دۆڕاو، یان پشت بەوە دەبەستن کە لەناو خەڵکیدا خۆشەویست و ناسراون و گەمەیان لەسەر شێوازی دۆڕاو/ براوە دەبێت. ئەمانە رەنگە لە قسەکردندا شێوازی براوە/ براوە و قازانجی هەموان، ویردی سەرزمانیان بێت، بەڵام لەراستیدا نایانەوێت گوێ بگرن، بەڵکو هەمو هەوڵێکیان بۆ کۆنترۆڵکردنە. دیارە ئەمەش ژینگەیەکی باش نییە بۆ برەوپەیداکردن و گەشانەوەی هاوکاریکردنی خولقێنەر.

مرۆڤ ئەگەر لە ناخەوە هەست بە ئاسایش و ئارامی نەکات، وا دەزانێت پێویستە هەمو واقیعەکان لەگەڵ پارادیمی ئەمدا بگونجێن. بە پێویستی دەزانێت هەمو خەڵکەکە بکاتە فۆتۆکۆپییەکی هاوجوتی خۆی و دنیا بە شێوەیەك دابرێژێتەوە کە لەگەڵ دید و بۆچونی خۆیدا بگونجێت. مرۆڤی ئاوا لەو راستیە بێئاگایە کە هێزی راستەقینەی پەیوەندی ئەوەیە گۆشەنیگایەکی دیکەت هەبێت. جیاوازییەکان سەرچاوەی هێزن لە پەیوەندییەکاندا؛ لێکچون یەکسان نییە بەوەی هەموان یەك شت بن. یەکێتی یاخود یەکبون شتێکە لەگەڵ خۆیدا دەگاتە کامڵبون نەك بەوەی هەمو پێکهێنەرەکان کتومت لەیەکتری بچن. لەیەکچون شتێکی بێزارکەرە و نابێتە مایەی داهێنان. کرۆکی هاوکاری خولقێنەر لەوەدایە رێز لە جیاوازییەکان بگرێت.

من لەو باوەڕەدام کە کلیلی هاوکاریکردنی خولقێنەر لەگەڵ خەڵکیدا بریتییە لە هاوکاریکردنی ناخی خۆت، واتە هاوکاریکردنی خولقێنەر لەناوەوە. دیارە رۆحی ئەم جۆرە هاوکاریکردنە خولقێنەرەش لە ناوەوە ئەوەتا لەناو پرنسیپی خووەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمدا کە بایی هێندە ئاسایش و ئارامی دەبەخشن بە مرۆڤەکە بتوانێت بەرگەی مەترسییەکانی کرانەوە و رەخنەلێگرتن بگرێت. ئێمە ئەگەر بتوانین ئەو پرنسیپە رەسەنانە هەڵبمژێنین بە دڵنیاییەوە دەبینە خاوەنی

پێنجەمین خووە.

مرۆڤ ئەگەر پرنسیپەکان بکاتە سەنتەری خۆی، یەکێك لە ئەنجامە باشەکانی ئەوەیە کە بەراستی مرۆڤەکە لە دڵ و دەروندا دەکاتە کەسێکی کامڵ. ئیتر ئەوکەسانەی کە پابەندی بیرکردنەوەی لۆجیك و شێوازە گفتارییەکەی نیوەی چەپی مێشکن، بۆیان دەردەکەوێت ئەو بۆچون و بیرکردنەوەیەی ئەوان چەندە ناتەواوە لە چارسەرکردنی ئەو کێشانەدا کە برێکی زۆر داهێنانیان پێویستە. ئاگادار دەبن لەمەو دەست دەکەن بە کردنەوەی بەشێکی نوێ لە نیوەی راستی مێشکی خۆیاندا. ئەمە مانای ئەوە نییە کە پێشتر نیوەی دەستەراستی مێشکیان نەبووە، بەڵکو تەنیا هەر ناچالاك بووە. واتە ماسولکەکانی ئەو نیوەیە لە زگماکییەوە گەشەیان نەکردووە، یاخود لە قۆناغێکی سەرەتایی تەمەنی منالیدا پوکاونەتەوە بەهۆی جەختکردنەوەی زۆری نیوەی مێشکی چەپ لەسەر خوێندنی فەرمی و پەیرەوکردنی دەقە کۆمەڵایەتییەکان.

خەسڵەتەکانی بەشی لای راستی مێشك بریتین لە خوڵقاندن و پەیپێبردن و بینین. خەسڵەتەکانی بەشی لای چەپیش بریتین لە لۆجیك و قسەو لێکدانەوە. مرۆڤ ئەگەر دەستی بگاتە هەردووبەشەکەی مێشکی خۆی مانای وایە مێشکەکە بە تەواوی کاردەکات. بە واتایەکی دیکە، هاوکاریکردنێکی خوڵقێنەرانەی دەرونیی لە مێشکماندا هەیە. ئەمەش باشترین کەرەسەو ئامێرە بۆ تێگەیشتن لەوەی ژیان چییە. چونکە ژیان تەنیا هەر شتێکی لۆجیکی نییە بەڵکو سۆز و هەستیش رۆڵی گرنگی تیا دەگێڕن.

رۆژێکیان من سیمینارێکم دەگێڕا بۆ کۆمپانیایەك لە (ئۆرلەندۆ) لە ویلایەتی فلۆریدا. ناونیشانی سیمینارەکە خۆم دامنابو بریتی بو لە "بەڕێوەبردن لە چەپەوە، سەرکردایەتیکردن لە راستەوە". لە کاتی پشوودا سەرۆکی کۆمپانیاکە هاتەلام و وتی "لەوەدەچێت سەرم لێ شێوابێت. بەڵام بەراستی بیر لەوە دەکەمەوە بابەتی سیمینارەکە زیاتر لە ژیانی هاوسەرگیریمدا جێبەجێ بکەم وەك لە بواری پیشەکەمدا. من و هاوسەرەکەم لە مەسەلەی پەیوەندیی نێوانماندا کێشەیەکی جددیمان هەیە. نازانم ئاخۆ بۆت دەکرێت نانی نیوەڕۆمان لەگەڵدا بخۆیت و تەنیا هەر تەماشا بکە بزانە من و ئەو چۆن قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەین؟!".

وەڵامم دایەوە: "بەسەرچاو"

کە پێکەوە دانیشتین، هەندێک قسەی خۆشمان بۆ یەکتری گێڕایەوە، پاشان کابرا رووی کردە ژنەکەی و وتی: "دەزانیت چی گیانەکەم" من (ستیڤن)م بانگهێشت کردووە تا نانی نیوەڕۆمان لەگەڵدا بخوات و بزانێت تا چەند دەتوانێت لە گفتوگۆی نێوانماندا یارمەتیمان بدات. دەزانم تۆ پێت وایە پێویستە من وەکو مێردێک هەست و پێزانینی زیاترم هەبێت بەرامبەرت. ئایا دەکرێت بە نمونەیەکی دیاریکراو بۆم روون بکەیتەوە کە پێویستە من چی بکەم؟. (بەشی چەپی مێشک کۆنترۆڵی بەدەستەوەبوو، دەیویست بە دیاریکراوی شتەکانی پێ بوترێت).

ژنەکە وتی: (زۆرچاکە، وەك پێشتریش پێم وتیت، شتێکی دیاریکراو نییە: مەسەلەکە زیاتر لە هەستێکی گشتییەوە نزیکە، دەربارەی ئەو شتانەیە کە بەلای منەوە بایەخی زۆریان هەیە). (ئەمە بەشی راستی مێشکە کە باڵادەستە و سەروکاری لەگەڵ هەست و شتە گشتییەکاندا هەیە، لەگەڵ (هەمو)دا و لەگەڵ پەیوەندی نێوان پارچەکاندا.)

"تێناگەم؟ مەبەستت چییە لە هەستی گشتی و مەسەلە گرنگەکان. چیت لە من دەوێت بیکەم؟ شتێکی دیاریکراوم پێ بڵێ. شتێك بتوانم بەدەست بیگرم

"پێم وتیت، شتەکە تەنیا هەستە". (بەشی راستی مێشکی ئەم ژنە خەریکی وێنەکان و هەستەکانە) "وا هەست دەکەم پەیوەندییەکەمان ئەوەندە بەلاتەوە گرنگ نییە کە بە قسە پێمی دەڵێیت"

"باشە، چی بکەم بۆ ئەوەی گرنگتر بێت؟ شتێکی کۆنکرێتی و دیاریکراوم پێ بڵێ لەسەری بڕۆم".

"زەحمەتە. بە قسە ناوترێت".

ئا لێرەدا کابرا نەختێك چاوی گێڕا و ئینجا تەماشایەکی کردم، وەك ئەوەی بیەوێت بڵێت (ستیڤن تۆ لەگەڵ هاوسەرەکەی خۆتدا بەرگەی بێ ئەقڵیی وا دەگریت؟).

"مەسەلەکە هەستە هەست، هەستێکی زۆر بەهێز"

[illegible] پێی وت: "گیانەکەم ئەوە کێشەی خۆتە [illegible]

Scanned by CamScanner

پرسیارلێکردنی، وەك ئەوەی لە دادگادا بێت و ئیفادەی لێ وەربگیرێت"
"ئەمماڵەی کە تیا دەژیت بەدڵتە؟"
ژنەکە بە هەناسەیەکی ساردەوە وەڵامی دایەوە
"مەسەلە ئەوە نییە. بە هیچ جۆرێك ئەوە نییە،
مێردەکەی دەیویست تۆڕەییەکەی خۆی بشارێتەوە، وتی،
"دەزانم ئەوەنییە. بەڵام ئەگەر تۆ بەدیاریکراوی پێم نەڵێیت مەسەلەکە چییە ناچارم یەك یەك شتەکانت لێ بپرسم، بزانم ڕێك کامەیانە. وەڵامم بدەرەوە ئایا ئەم ماڵەت بەدڵە؟
"وابزانم"
"بەقوربان، ستیڤن زۆر ناتوانێت لێرە بمێنێتەوە. هاتووە یارمەتیمان بدات. تکات لێ دەکەم وەڵامەکەت خێرابێت، بەڵێ یان نەخێر. ئایا ئەم ماڵەت بەدڵە؟"
"بەڵێ"
"زۆرچاکە. کەواتە ئەمەیان هیچ. ئەی باشە هەرچییەکت حەز لێ بێت بۆت دابین کراوە؟"
"بەڵێ"
"زۆرباشە. ئەو شتانەی دەیانکەیت هەمویان بە دڵی خۆتن؟"
ئەم جۆرە پرسیار و وەڵامانە ماوەیەك درێژەیان کێشا. هەستم کرد دۆخەکە ئەگەر ئاوا بەردەوام بێت من هیچ یارمەتییەکم لەدەست نایەت. بۆیە قسەکەم پێ بڕین و وتم، "بەڕاست ئێوە پەیوەندییەکەتان ئاوایە"
مێردەکە وەڵامی دامەوە "هەمو ڕۆژێك. ستیڤن"
ژنەکە بەدەم هەنسکەوە وتی "ژیانی ئێمە ئەمەیە"
تەماشای هەردوکیانم کرد و یەکسەر ئەوە هات بە خەیاڵمدا کە ئەمان (دوو نیوە)ن و پێکەوە دەژین.
پرسیم، "هیچ منداڵتان هەیە؟"
"بەڵێ . دوان"
بە سەرسوڕمانەوە پرسیم، "بەڕاست؟ باشە چۆن دروستتان کردن؟"
"مەبەستت چییە دەڵێیت چۆن دروستتان کردن؟"

وتم: "لە دروستكردنی منداڵەكانتاندا ئێوە هاوكاری خوڵقێنەر بون. یەك كۆ یەك دەكاتە دو، یەكتر تەواوكردنە، بەڵام ئێوە كردتان بەوەی یەك كۆ یەك بكاتە چوار. هاوكاریكردنی خوڵقێنەر ئەمەیە. (هەمو) لە كۆی گشتی پارچەكان گەورەترە. چۆن كردتان؟

مێردەكە وەڵامی دامەوە: "خۆت دەزانیت چۆن كردمان"

بە سەرسوڕمانەوە وتم: كەواتە حەتمەن نرخی جیاوازییەكانتان زانیوە؟

رێزگرتنی جیاوازییەكان

لەراستیدا رێزگرتنی جیاوازییەكان .. جیاوازییە ئەقڵی و دەرونی و سۆزدارییەكانی نێوان خەڵك كرۆكی یەكترتەواوكردنە. كلیلی ئەم رێزگرتنەش ئەوەیە كە بزانیت هەركەسەو جیهان لە چاوی خۆیەوە دەبینێت، نەك وەك ئەوەی كە هەیە بەڵكو خۆی چۆن بێت ئاواش جیهان دەبینێت.

من ئەگەر وابزانم دنیا وەكو خۆی دەبینم و بەو شێوەیە دەیبینم كە هەیە، ئیتر چ پێویست دەكات حساب بۆ جیاوازییەكان بكەم؟ بەڵكو بۆچی خۆم بە كەسێكەوە خەریك بكەم كە جۆرێكی دیكەیە؟. پارادیمی من ئەوەیە كە من بابەتیم و سەدی سەد راستم. جیهان وەكو خۆی دەبینم. بەڵام ئەوانی دیكە، هەتا بیناقاقایان نوقمی وردەكارییەكانە. كەچی من تەماشای وێنە گەورەكە دەكەم. لەبەر ئەوە ناویان لێ ناوم چاودێر چونكە توانایەكی دیارم هەیە لە تێبینیكردندا. ئەگەر پارادیمی من بەم شێوەیە بێت، هەرگیز ناتوانم كەسێكی كاریگەر بم و هاوكارییەكی خوڵقێنەر لەگەڵ هیچ كەسێكدا دابمەزرێنم. پارادیمەكەم كە زادەی پێكهاتەی تایبەتی خۆمە دەبێتە كۆت و پێوەند و لە سنورێكی دیاریكراودا زیندانیم دەكات.

ئەو كەسە كاریگەری راستەقینەیە كە لوتبەرزی بخاتە لاوەو هێندە بوێر بێت بتوانێت سنوری توانا و هەستی خۆی بزانێت و رێز بۆ ئەو دەسكەوتە زۆرانەش دابنێت كە هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەقڵ و دڵی خەڵكانی دیكەدا پێی دەبەخشن. كەسی ئاوا رێزی جیاوازییەكانی لایە چونكە ئەو جیاوازیانە زانیارییەكانی زیاد دەكەن و وای لێ دەكەن راستییەكان چاكتر تێبگات. مرۆڤ ئەگەر تەنیا بەدیار ئەزمونەكانی خۆیەوە دابنیشێت وای لێ دێت بەدەست كەمی زانیارییەوە بناڵێنێت. ئایا هیچ لۆجیكێك لەوەدایە دوكەس لەسەر مەسەلەیەك بیرو بۆچونی جیاوازیان هەبێت و

هەردوکیشیان لەسەر هەق بن؟ نەخێر ئەمە شتێکی لۆجیکی نییە، زۆر راستیشە تۆ کچە گەنجەکە دەبینیت و منیش خاتونە پیرەکە. سایکۆلۆجییە. تەماشای یەك وێنە دەکەین و هەردوکیشمان راستین. ئێمە هەردوکمان و هەمان پانتایی سپی دەبینین، هەردوکمان هەمان هێڵی رەش دەدەینەوە چونکە وا دروست کراوین بەلام هەریەکەمان بە جۆرێکی تایبەت لێکیان بدەینەوە. ئێمە هەتا رێزی ئەو جیاوازییانەی خۆمان نەگرین بە شێوازی جیاواز لەیەکتری شتەکان لێك دەدەینەوە و هەتا نرخی یەکتریمان لەلا نەبێت و دان بەوەدا نەنێین کە شتەکانیان بۆ لێك ئاساییە هەردوکمان لەسەر هەق بین و هەتاکو نەزانین کە ژیان ئاوایە و شتێك نییە زۆر دابەش بوبێت بەسەر دوو جەمسەری دژبەیەکدا و تەنیا هەر رەش و سپی نییە و زۆرجار ئەڵتەرناتیڤی سێیەمیش لەئارادایە، هەتا ئەمانە یەکلانەبنەوە لەلامان مەحاڵە بتوانین کۆت و پێوەندەکانی ئەو پێکهات و راهاتنە بشکێنین.

من رەنگە تەنیا هەر ژنە پیرەکە ببینم. بەلام دەزانم کە تۆ شتێکی دیکە دەبینیت. رێزی بۆچوونەکانت دەگرم و دەمەوێت تێبگەم. کاتێك من ئاگاداری ئەم جیاوازییەی نێوانمان دەبم، دەڵێم: "زۆرچاکە، تۆ شتەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەبینیت، دە یارمەتی منیش بدە. ئەوەی تۆ دەیبینیت منیش بیبینم."

ئەگەر دووکەس هەمان بیروبۆچوونیان هەبێت، کەواتە یەکێکیان زیادەیە. من هەرگیز هیچ سودێك لەو پەیوەندییە نابینم کە بە کەسێکەوە دەبەستێت ئەویش وەك من تەنیا ژنە پیرەکە دەبینێت. من نامەوێ قسە و پەیوەندییم لەگەڵ کەسێکدا بێت کە لە هەمو شتێکدا وەکو خۆم وابێت و هاوڕای من بێت، بەڵکو ئەو پەیوەندییەم مەبەستە کە شتەکان بە شێوەیەکی جیاواز لە من دەبینێت. من جیاوازییەکانم لەلا گرنگە.

مرۆڤ کە بایەخ بە جیاوازییەکان دەدات، تەنیا هەر زانیارییەکانی خۆی زیاد ناکات بەڵکو مانای وایە حساب بۆ بەرامبەرەکەشی دەکات و بە هەندی وەردەگرێت. ئۆکسجینێکی دەروونی پێ دەبەخشێت. قاچ لەسەر نیستۆپ هەڵدەگرێت و ئەو وزە نەرێنییە دەردەپەڕێنێت کە رەنگە بەکاری هێنابێت لە بەرگریکردن لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا. بەمەش ژینگەیەك بۆ یەکترتەواوکردن دەخوڵقێنێت.

چیرۆکێکی ئەفسانەیی هەیە کە مامۆستای پەروەردەکار، د. ئار. ئیچ. ریڤیز

نوسـیوێتی بـە ناونیشـانی (قوتابخانـەی ئـاژەڵان). ئـەم چیرۆکە زۆرجار سـودی لێ وەرگیراوە وەکو سەرچاوەیەك بۆ روونکردنـەوەی بایـەخی جیاوازییـەکان. چیرۆکەکە دەڵێت:

"رۆژێـك لـە رۆژان ئاژەڵـەکان بڕیاریـان دا بـۆ رووبەرووبونـەوەی کێشـەکانی (جیهـانی نـوێ) قارەمانێتییـەك بنوێنن. لەبـەر ئـەوە قوتابخانەیـەکیان کـردەوە و مەنهەجێکی وایان بۆ دانا کە راکردن و مەلە و دارەوانـی و فـڕین وانـەکانی پێك بهێنن. جا بۆ ئـەوەی کارەکە بـۆ بەڕێوەبـەر ئاسان بکـەن هـەمو ئاژەڵـەکان هـەمو وانەکانیان هەڵبژارد.

مـراوی لـە مەلەکردنـدا زۆر شارەزابو، تەنانـەت لـە مامۆسـتاکەش شـارەزاتربو، هەروەها لە فڕینیشا نمرەی بەرزی هێنـا، بـەڵام لـە راکردنـدا لاوازبـو. بۆیـە ناچارکرا پاش دەوامـی فـەرمیش لـە قوتابخانـە بمێنێتـەوە و راهێنـان بکـات لەسـەر راکـردن، تەنانەت مەلەکردنیشی پشتگوێ خست لەپێناوی راکردنـدا. ئەمـە درێـژەی کێشا تـا وای لێ هات قاچەکانی کە بۆ مەلـەکردن خولقـابون، لەکـەڵك کـەوتن و بـە زەحمـەت دەیتـوانی لـە دەرسـی مەلەکردنـدا نمـرەی (مامناوەنـد) وەربگرێـت. ئـەم نمرەیـەش چـونکە لـە قوتابخانـەکـەدا قبـوڵکراو بـو لەبـەر ئـەوە تـەنیا هـەر خـۆی نیگـەرانی دابەزینی ئاستی مەلەکردنی بو.

لە راکردنـدا کەروێشـك بـووە یەکـەمی پـۆل، بـەڵام ئەوەنـدە سفری وەرگرتبـو لـە مەلەکردندا خەریك بو شێت دەبو. سمۆرە لە دارەوانیدا پلەی نایابی وەرگـرت، بـەڵام لە دەرسی فڕیندا توشی نائومێدییەکی گەورەبو؛ بەتایبەت کە مامۆسـتاکە لـە تۆڵـەی ئەوەدا ناچاری دەکرد لە خوارەوە سەرکەوێت بۆ سـەرەوە نـەك لەسـەر درەختەکـەوە دابەزێتـە خـوارێ و ئـەم مەشـق و راهێنانـە زۆر و سـەختەش بونـە هـۆی رەق بـونی دەسـتەکانی و لەئەنجامـدا وای لێ هـات نمرەکـانی لـە دارەوانـی و راکردنـدا زۆر زۆر دابەزن.

هەڵۆش وەکو منداڵێکی لاسار و سـەربەگۆبەند وابـو، زۆریش نارەحـەت دەکـرا. لـە دەرسـی دارەوانـی و سـەرکەوتندا بـۆڕی هـەمو ئـەوانی دیکـەی دەدایـەوە و لـە چاوتروکانێکدا دەگەیشتە لوتکەی دارەکە، بەڵام هەمیشە بە شێوازی خۆی ئەم کارەی دەکرد.

Scanned by CamScanner

لە کۆتایی ساڵدا لەناو هەمو ئاژەڵەکاندا مارماسییەکی نائاسایی بەرزترین نمرەی هێنا لەکۆی گشتی نمرەکاندا چونکە هەم لە مەلەوانیدا ئەوپەڕی شارەزایی نواند و هەم لە راکردن و مەلەکردن و بەرزبونەوەشدا هەندێک توانای هەبو، تەنانەت دەشیتوانی تۆزقاڵێک بفڕێت، لەبەر ئەوە خوێندنەوەی وتاری ماڵئاوایی بەم سپێردرا.

ئەوەی شیاوی باسە، سەگ ئامادەنەبو بچێتە ئەو قوتابخانەیە و تەنانەت کەوتە دژایەتیکردنیشی، چونکە هەردو وانەی چاڵهەڵکەندن و گەڕان نەخرابونە بەرنامەی خوێندنەوە. سەگەکان لە تۆڵەی ئەمەدا راهێنانی توتکەکانی خۆیان بە گۆڕهەڵکەن سپاردو دواتریش لەگەڵ بەرازەکاندا قوتابخانەیەکی تایبەتیان کردەوە.

شیکاریکردنی هێزەکانی گۆڕەپان

هاوکاریکردنی خولقێنەر بەتایبەت لەو هەڵوێستانەدا بەهێز دەبێت کە هاوکاریبکردنت لەگەڵ خەڵکیدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو هێزە نەرێنییانە بێت کە دژی گۆڕان و گەشەکردن کاردەکەن.

(کورت لوین Kurt Lewin) کە مامۆستایەکی ناسراوی کۆمەڵناسییە مۆدێلێکی داناوە بۆ (شیکارکردنی هێزەکانی گۆڕەپان) کە دەڵێت ئاستی ئێستای هەمو پێکهاتە و کارێک بریتییە لە هاوسەنگی نێوان هێزە پاڵنەرەکانی کە پارمەتی جوڵەکە دەدەن بەرەو سەرەوە لەگەڵ هێزە خاوکەرەکانی کە کار بۆ دامرکاندنەوەی جوڵەکە دەکەن. خەسڵەتی هێزی پاڵنەر ئەوەیە کە ئەرێنی و ئەقڵانی و هوشیار و لۆجیکییە و مەسەلە ئابورییەکان بەهەند وەردەگرێت.

بە پێچەوانەی ئەمەشەوە هێزە خاوکەرەوەکە نەرێنی و ناهۆشیار و سۆزداری و کۆمەڵایەتی دەرونییە. ئەم دوو کۆمەڵە هێزە لە واقیعدا هەن و پێویستە لە مەسەلەی هەڵسوکەوتماندا لەگەڵ خەڵکیدا بەهەند وەریان بگرین.

تۆ ئەگەر خێزانێک بە نمونە وەربگریت، لەو خێزانەدا "کەش و هەوایەکی تایبەت" دەبینیت – ئاستێکی دیاریکراو لە کارلێکی ئەرێنی / نەرێنی و لە هەستکردن / هەستنەکردن بە ئارامی لە مەسەلەی دەربڕینی هەستی راستەقینەی خۆت یاخود لە باسکردنی ئەو شتانەی بەلاتەوە گرنگن، لە رێزگرتن / رێزنەگرتنی ئەندامانی خێزانەکە لە یەکتری، وە رەنگە تۆ بەراستی ئارەزومەندی گۆڕینی ئەو

ئاستەبێت و حەزبكەیت كەشوهەوایەكی ئەرێنی و رێزدارتر و كراوەتر و متمانەداتر بخوڵقێنیت. هۆكارە لۆجیكییەكانی تۆ بۆ ئەنجامدانی ئەوكارە هێزە پاڵنەرەكانن كە كار بۆ بەرزكردنەوەی ئاستەكە دەكەن.



بەڵام ئامانجەكە تەنیا بەوە نایەتەدی كە ئەو هێزە پاڵنەرانە زیادبكەیت. چونكە كۆمەڵێك هێزی خاوكەرەوە هەن روبەروی هەوڵەكانت دەبنەوە – لەرێی ئەو رۆحە ركابەرییەوە كە لەنێوان منداڵانی ناوخێزانەكەدا هەیە و هەروەها لەرێی ئەو شەقڵ و نەریتە جیاوازانەی كە هەركام لە تۆ و هاوسەرەكەت لە خێزانەكەدا هێناوتانە ئاراوە و هەروەها لەرێی كارو داواكارییەكانی دیكەی كە كاریگەرییان هەیە لەسەر كات و وزەكانی تۆ.

زیادكردنی هێزە پاڵنەرەكان رەنگە ئەنجامگەلێكی كاتییان هەبێت، بەڵام هەتا هێزە خاوكەرەوەكان هەبن، كێشە و ناڕەحەتییەكان لەزیادبوندا دەبن و مەسەلەكە رێك لەوە دەچێت گوشار بخەیتە سەر زەمبەلەكێك؛ هەتا زیاتر پاڵی پێوە بنێیت ئەویش زیاتر پاڵت پێوە دەنێت و ئینجا لەپڕ هێزی زەمبەلەكەكە شتەكە هەموی دەگێڕێتەوە بۆ خاڵی سەرەتا. ئەم ئەنجامە سەربەرەوژوورو سەربەرەوخوارە كە لە یاری (یو-یو) دەچێت وات لێ دەكات پاش چەندین هەوڵ‌وتەقەلا بگەیتە ئەو باوەڕەی كە (خەڵكەكە هەر ئەمەندەیان لەبارادایە) و (گۆڕین كارێكی زۆر زەحمەتە). بەڵام

کاتێک کە پرنسیپی خوڵقێنەر جێبەجێ دەکەیت، تۆ بە کردەوە هێزە پاڵنەرەکەی خووی ژمارە چوار و شارەزاییەکەی خووی ژمارە پێنج و کارلێکە ئاشکراکەی خووی ژمارە شەش دەخەیتە گەڕ بۆ ئەوەی راستەوخۆ کاربکەنە سەر هێزە خاوکەرەوەکان. تۆ کەشوهەوایەکی وا دەهێنیتە ئاراوە کە قسەکردن دەربارەی ئەو هێزانە هیچ مەترسییەکی لەسەر نەبێت. تۆ بەستەڵەکی ئەو هێزانە دەتوێنیتەوە، وردو خاشیان دەکەیت و تێڕوانینی تازەی وا دروست دەکەیت کە ئەو هێزە خاوکەرەوانە بگۆڕن بە هێزی پاڵنەر. تۆ خەڵکەکە بەشدار دەکەیت لە کێشەکەدا، نەک هەر ئەوە بەڵکو نوقمیشیان دەکەیت لەناویاندا بەو مەبەستەی کە تەواو تیایدا بخوسێن و بە کێشەی خۆیانی حساب بکەن و هەوڵ بدەن ببنە بەشێک لە چارەسەرەکە.

لە ئەنجامی ئەمەدا کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش و نوێ پەیدا دەبن و پرۆژەکە هەموی پێکەوە دەچێتە پێشەوە، کە زۆرجار ئەم چوونە پێشەوەیە بە شێوازی وا دەبن پێشتر کەس پێشبینی نەکردون. ئەوسا ئیتر لە دوتوێی ئەم جوڵەیەدا چالاکییەک دروست دەبێت کە بەشداری دەکات لە دروستکردنی کەلتورێکی تازەدا. ئەوانەش کە سەر بەو کەلتورە دەبن وایان لێ دێت بایەخی تەواو بە بارودۆخە مرۆڤایەتییەکانی یەکتری بدەن و دەبنە خاوەنی گوشەنیگای تازە و بیرکردنەوەی ئەلتەرناتیف و هەلی نوێ و خوڵقێنەر. من خۆم چەندین جار چوومە ناو دانوستاندنی نێوان خەڵکی واوە کە زۆر دوژمنایەتی یەکتریان کردووە و پارێزەریان گرتووە بەرگری لە هەڵوێستی خۆیانی پێبکەن. ئەنجامی ئەو کارانەشیان تەنیا گەورەبونی کێشەکەی لێ کەوتۆتەوە چونکە بردنی ئەو مەسەلەیە بەناو پرۆسە یاساییەکاندا دەبێتە مایەی لاوازکردن و شێواندنی پەیوەندییەکانی نێوانیان. بەڵام لەبەر ئەوەی متمانەکردنیان بە یەکتری هێندە لاواز بووە، هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبووە جگە لەوەی مەسەلەکە بەرنە دادگا. ئەمانە وا رەفتار دەکەن بەڵام کە لە هەرکامێکیشیان بپرسیت بڵێیت "ئایا پێت خۆشە کێشەکە بە شێوازی براوە/ براوە چارەسەر بکەیت و هەردوولاکە رازی بکات". لە وەڵامدا هەمویان دەڵێ: بەڵێ .. بەڵام لەراستیدا کەم کەسیان لەوباوەڕەدان کە بتوانرێت چارەسەری وا بدۆزرێتەوە.

"ئەگەر لایەنەکەی دیکەم رازی کرد، ئایا تۆش پێت خۆشە راستەوخۆ قسە لەگەڵ یەکتریدا بکەن؟". لەمەشدا هەر دەڵێن "بەڵێ". لە زۆربەی هەرە زۆری

Scanned by CamScanner

حاڵەتەکاندا ئەنجامەکان سەرنجڕاکێش بون، توانرا لە ماوەی چەند رۆژێك و بگرە هەندێك جار لە چەند سەعاتێکی کەمدا ئەوکێشانە چارەسەر بکرێن کە چەند مانگێك بو بەدەست ئاڵۆزبونە دەرونی و یاساییەکانیانەوە دەیانناڵاند. زۆربەی ئەم چارەسەرانەش جیاوازبون لە چارەسەرە مامناوەندییەکانی دادگا و بریتی بون لە کۆمەڵە رێگا چارەیەکی خولقێنەری هاوکارانە و زۆر چاکتربون لەو چارەسەرانەی کە لایەنەکان هەر یەکە لای خۆیەوە پێشنیاری کردبو.

هەروەها، لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا، پەیوەندییەکان گەشەی زیاتریان کرد، هەرچەندە لەسەرەتادا وا دەردەکەوت کە متمانەکە هێندە لاوازە و پەیوەندییەکە بەجۆرێك تێك چووە کە چاککردنی مەحاڵە.

لە یەکێك لە پرۆگرامەکاندا بەڕێوەبەرێك چیرۆکی خاوەن کارگەیەکی بۆ گێڕاینەوە کە یەکێك لە کڕیارە کۆنەکانی چووە لە دادگا شکاتی لێ کردووە لەسەر ئەوەی پابەندی رێکەوتنەکەی خۆی نەبووە و لەکاتی دیاریکراودا بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکردووە .. دوو لایەنەکەش هەریەکەیان باوەڕی تەواوی بەوە هەبو کە هەر خۆی لەسەر هەقە و لایەنەکەی بەرامبەرە کە نە پرنسیپی هەیە و نە شایستەی متمانەشە. بەڵام هەر کە دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی پرنسیپەکانی خووی ژمارە (٥) دوو مەسەلەیان بۆ روون بووەوە؛ یەکەمیان ئەوەبو کە کێشە سەرەتاییەکانی گفتوگۆ و پەیوەندی نێوانیان خەتای ئەوەبو خراپ لە یەکتری حاڵی بون و دواتر کە کەوتونەتە تاوانبارکردنی یەکتری کێشەکە خراپتری لێ هاتووە .. مەسەلەی دووەمیش، ئەوەبو کە هەردوکیان نیازیان چاك بووە و حەزیان لە شەڕ و بگرەو بردەی دادگایان نەبووە، بەڵام لە ناچاریدا ئەو رێیەیان هەڵبژاردووە.

پاش روونبونەوەی ئەم دوو مەسەلەیە، رۆحی هەرسێ خووەکەی ژمارە چوار و پێنج و شەش باڵی بەسەریاندا کێشاو کێشەکەش بەخێرایی گەیشتە چارەسەر و پەیوەندییەکانی نێوانیان گەشانەوە.

لە هەڵوێستێکی دیکەدا، من بەیانییەکیان زوو، تەلەفۆنێکم بۆ کرا لە سەرمایەگوزارێکی زەوی و خانووەوە و زۆر پاڕایەوە کە یارمەتی بدەم. لە قسەکانییدا دیاربو زۆر نائومێد و گرفتارە. بانق دەیویست دەست بەسەر مڵکەکانیدا بگرێت چونکە ئەم نەیتوانیبو لە وادەی خۆیدا قەرزەکەی بانق بداتەوە کە سودیشی

Scanned by CamScanner

خرابووە سەر. ئەمیش لەلای خۆیەوە دەعوایەکی لەسەر بانقەکە تۆمار کردبو بەمەبەستی راگرتنی ئەم حیجزە، کابرای سەرمایەگوزار پێویستی بەوەبو بڕێ پارەی دیکەی بدرێتێ تا بتوانێت زەوییەکە تەخت و ئامادە بکات بۆ ئەوەی بتوانێت قەرزی بانقەکە بداتەوە، بانقەکەش دەیوت هەتا قەرزە کۆنەکە نەدەیتەوە قەرزی تازەت نادەمێ. مەسەلەکە رێک وەکو ئەوەی لێ هات هێلکە لە مریشکە یان مریشک لە هێلکەیە. نەبونی پارە و سەرمایەش کێشەکەی ئالۆزتر کرد. لەهەمان کاتیشدا پرۆژەکە هەرەسی دەهێنا و شەقامەکان زیاتر لە دەشتێک دەچون گژوگیای کێویان لێ روابێت. خاوەنەکانی ئەو چەند خانووە کەمەش کە دروست کرابون هەڵوێستیان کردبو بە (یەک) بۆ ئەوەی نرخی خانووەکانیان بە بەرزی بمێنێتەوە. شارەکەش تێکڕا ئاژاوەو نیگەرانی تێکەوتبو بەهۆی دواکەوتنی پرۆژەکە لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا و بوبوە مەراقێکی گەورە. خەرجی دەعوا و پارێزەرەکانیش کە هەردولا (بانقەکە و کابرای سەرمایەگوزار) دایان شەست حەفتا هەزار دۆلار زیاتر بو کەچی هێشتا وادەی دادگاییەکردنەکە چەند مانگێکی مابو.

سەرمایەگوزارەکە بە نابەدڵی و لە ناچاریدا رازی بو هەوڵ بدات پرنسیپەکانی خووی چوارەم و پێنجەم و شەشەم تاقی بکاتەوە، هەروەها پاش دودڵییەکی زۆر قایل بو لەگەڵ بەپرسانی بانقەکەدا کۆببێتەوە. کۆبونەوەکە لە هۆڵێکی کۆبونەوە لە بانقەکەدا سەعات هەشتی بەیانی دەستی پێکرد بە نائارامییەکی زۆر و لەوپەڕی بێ متمانەییدا بەیەکتری. پارێزەری بانقەکە بە کاربەدەستانی بانقەکەی وتبو کە نابێت هیچ بڵێن و تەنیا هەر گوێ بگرن. قسەکردن بۆ ئەو جێ بهێڵن نەبادا شتێک روبدات کاری خراپ بکاتە سەر هەڵوێستی بانقەکە لە دادگادا.

سەرەتا من سەعاتونیوێکی رەبەق باسی خووەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمم بۆ دەکردن. لە سەعات نۆو نیودا چومە لای تەختە رەشەکەوە ئەو مەسەلانەم یادداشت کرد کە بە باوەڕی من بونەتە مایەی نیگەرانبونی بانقەکە. لە سەرەتادا کاربەدەستانی بانقەکە یەک وشەیان لەدەم نەهاتە دەرەوە. بەڵام کە ئێمە بەردەوام بوین لەسەر رونکردنەوەی مەبەست و نیازەکانی شێوازی براوە — براوە و هەوڵدانی ئەوەی سەرەتا لە بەرامبەرەکەمان تێبگەین، ئیتر ئەوان زیاتر ئامادەییان تیا دەرکەوت بۆ باسکردن و رونکردنەوە.

Scanned by CamScanner

کاتێکیش کە هەستیان کرد ئێمە لە دیدو بۆچوونەکانی ئەوان تێگەیشتوین، رەوشەکە بە تەواوی گۆڕا و هەمو لایەك بە ئاشکرا هەستمان بەوە دەکرد کە هێزێکی پاڵنەر هەیە و بە پەرۆشەوە سەرنجی ئەوەمان دەدا کە دەتوانین کێشەکە بە ئاشتی یەکلابکەینەوە و نوێنەرانی بانقەکە زیاتر کرانەوەیان نیشان دەدا بەرامبەر بە نارەزاییەکانی پارێزەری بانقەکە و بگرە بەرامبەر مەراقە تایبەتییەکانی خۆیشی کە دەیوت "کە لێرە چوینە دەرێ، یەکەم پرسیار کە سەرۆکی بانقەکە دەیپرسێت دەڵێت ئایا ئێمە پارەکەمان دەست کەوتووە؟ من چی پێ بڵێم؟ لە سەعات پانزەشدا کاربەدەستانی بانقەکە هێشتا باوەڕی تەواویان بە هەڵوێستی خۆیان هەبو، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەستیان دەکرد کە ئێستا بەرامبەرەکەیان لێیان تێگەیشتووە و ئیتر پێویست بەوە ناکات هەڵوێستی بەرگریکاری و نارەسمی وەرگرن. کاربەدەستانی بانقەکە تا ئەو ئەندازەیە کرابونەوە کە گوێ لە مەراقەکانی کابرای سەرمایەگوزار بگرن، ئەو مەراقانەی کە ئێمە لەبەری ئەوبەری تەختە رەشەکە نوسیبومان. بەمەش زیاتر لەیەکتری تێگەیشتین و هەمومان بۆمان ئاشکرابو کە پەیوەندی سەرەتایی خراپ چۆن کاری کردۆتە سەر ئەوەی لەیەکتری تێنەگەین و پێشبینییەکان وا دەرنەچن. ئەو راستییەشمان بۆ یەکلایی بووەوە کە گفتوگۆی بەردەوام لەسەر بنەمای گیانی براوە/ براوە دەتوانێت رێ لە سەرهەڵدانی کێشەی گەورەتر بگرێت.

هەستکردنی هەردوولایەنەکە بە ئازارە کۆن و تازەکان و هەروەها بەوەش کە گفتوگۆکان بە باشی چونەتە پێشەوە و وایان کرد بەشداران زیاتر گفتوگۆ بکەن. لە نیوەڕۆی ئەو رۆژەشدا، کە وادەی کۆتایهێنانی کۆبونەوەکە بو، ئامادەبوان بوبونە خەڵکی ئەرێنی و داهێنەر و هاوکار و ئارەزومەند لەسەر بەردەوامبونی گفتوگۆکە.

ئینجا هەمویان هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە یەکەمین پێشنیاری لەمەولای سەرمایە گوزارەکە حسابی سەرەتایەکی بۆ دەکرێت بۆ شەقڵی براوە/ براوە و قازانجی هەموان. هەمو لایەك لەسەر ئەمە هاوڕاو هاوکاربون و لە سەعات دوانزە و چل‌وپێنج خولەکدا کابرای سەرمایەگوزار و دوکەس لە کاربەدەستانی بانقەکە پێکەوە پلانێکیان گەڵاڵە کرد بۆ (کۆمەڵەی خاوەن ماڵەکان) و ئەنجومەنی شارەوانی و سەرەنجام مەسەلەکە بەوە شکایەوە کە توانرا رێ لەوە بگیرێت کێشەکە بڕێتە

دادگا و پرۆژەی بیناسازییەکە بەردەوامی پەیدا کردەوە و لە کۆتاییدا سەرکەوتنێکی بەرچاویشی بەدەست هێنا.

من نالێم خەلکی بە هیچ شێوەیەك نەچنە دادگا، چونکە هەندێك مەسەلە هەن کە پێویستییان بە دادگا هەیە، بەلام پێم وایە پەنابردنە بەر دادگا بکرێتە دوایین پەناگاو چارەسەر، نەك لەسەرەتاوە ئەو ڕێیە بگرینە بەر، چونکە ئەگەر لە قۆناغە هەرە سەرەتاییەکاندا ئەم شێوازە پەیرەو بکەین و تەنانەت ئەگەر بۆ خۆپاراستینیش کێشەکە بەرینە دادگا، ئەوا ترس و تێروانینێکی وامان لا دروست دەبێت کە پێچەوانەی هاوکاریکردنی داهێنەرانەن.

سروشت هەموی هاوکارییە

ژینگە، یاخود دەوروبەر، لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (ئیکۆلۆجی) کە وشەیەکە لە بنەڕەتدا وەسفی خەسلەتی هاوکاری خولقێنەر دەکات لە سروشتدا – واتە هەرشتێك پەیوەندی بە شتێکی دیکەوە هەیە و لەو پەیوەندییەشدا هێزە داهێنەرە خولقێنەرەکان مەزنتر و مەزنتر دەبن. ڕێك وەکو ئەو هێزە ڕاستەقینەیەی کە لە حەوت خووەکەدا و لە پەیوەندی نێوانیاندا هەیە، نەك تەنیا لە ناوەڕۆکی هەر خویەکدا بەتەنیا.

هەروەها پەیوەندی نێوان پارچەکانیش ئەو هێزەیە کە لە پشت خولقاندنی کەلتورە هاریکارییەکەدا هەیە لەناو خێزان و دامودەزگاکاندا و هەتا پەیوەندییەکە ڕەسەنتر و ڕاستگۆتر بێت، بەشداریکردنەکە لە شیتالکردن و چارەسەری کێشەکەدا دلسۆزتر و تەمەن درێژتر دەبێت و هەروەها زیاتریش دەتوانرێت وزەی داهێنەرانەی خەلکەکە ئازاد بکرێت و زیاتریش پابەندبکرێن بە داهێنانەکانیانەوە. ئەمەش، بە باوەڕی من، ڕۆحی ئەو هێزەیە کە ژاپۆنییەکان کردیانە پەیڕەوی خۆیان لە مەسەلەی پیشەسازیدا و بووە مایەی گۆڕینی بازاڕی جیهانی.

هاوکاری خولقێنەر پرنسیپێکی ڕاست و دروستە و هەمیشە بەرەو پێشەوە دەچێت. لوتکەی دەستکەوت و تاجی سەری هەمو خووەکانی پێشوترە. کاری دەستەجەمعی و بنیادنانی بەکۆمەلە و برەودانە بە داهێنان و یەکپارچەیی لەگەل مرۆڤەکانی دیکەدا.

تۆ ئەگەرچی ناتوانیت لەم هاوکارییەدا و لەناو خودی پرۆسەکەدا پارانیمی

Scanned by CamScanner

داهێنەرە خوڵقێنەرەکەیەوە.

مرۆڤ دەتوانێت لە ناخی خۆیدا هاوکاری خوڵقێنەر بێت تەنانەت لەو رەوش و دۆخانەشدا کە سیخناخن لە ناحەزیی و دوژمنایەتی، هیچ پێویست بەوە ناکات سوکایەتیکردنەکان بهێنیتە سەرخۆت و وای لێك بدەرەوە کە مەبەستەکە تۆ نیت .. مرۆڤ دەتوانێت حاڵەتە خراپ و وزە نەرێنییەکان تێبپەڕێنێت و بەدوای خەسڵەتە باشەکاندا بگەڕێت لە خەڵکیدا و سەرمایەگوزارییان تێدا بکات. دەتوانێت بیروبۆچونەکانی چاکتر بکات و سنوری زانیارییەکانی فراوانتر بکات.

مرۆڤ ئەگەر کراوە بێت دەتوانێت لە هاوکاریکردنی خەڵکیدا بە ئازادی رەفتار بکات و هەست و بیروبۆچون و رای خۆی و ئەزمونەکانی خۆی بە شێوازێك دەربڕێت خەڵکەکە وا لێ بکات ئەوانیش بکرێنەوە.

تۆ دەتوانیت رێز لە جیاوازییەکانی خەڵکی بگریت و ئەگەر کەسێك لە مەسەلەیەکدا پێچەوانەی رای تۆی هەبو پێی بڵێ: باشە، تۆ مەسەلەکە بە شێوەیەکی جیاواز دەبینیت. کەس ناچارت ناکات بچیتە سەر بیرو باوەڕی ئەو، هەر هێندە بەسە کە جەخت لە هەڵوێستی ئەو بکەیتەوە و بزانیت ئەو بە شێوەیەکی جیاواز لە تۆ بیر دەکاتەوە.

ئەمە زۆر بە سادەیی مانای وایە تۆ کەسێکیت هەوڵ دەدەیت تێبگەیت.

تۆ لەوحاڵەتەدا کە تەنیا دوو ئەڵتەرناتیف دەبینیت – ئەوەی خۆت و

چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێکردن

١. بیر لە کەسێك بکەرەوە کە شتەکان دەقاودەق بە شێوازێکی دیاریکراو دەبینێت و تۆ بە شێوەیەکی جیاواز. بیر لەو رێگایانە بکەرەوە کە دەتوانیت بەکاریان بهێنیت وەکو خاڵی دەستپێکردن بە مەبەستی دۆزینەوەی رێگا چارەی ئەلتەرناتیفی سێیەم. دیارە ئەمەش رەنگە وا پێویست بکات هەوڵ بدەیت دیدو بۆچونی ئەو کەسە وەربگریت سەبارەت بە پرۆژەکە یاخود بە کێشەکەی ئێستا. ئینجا ئەو دیدو بۆچونانە یەك یەك هەڵبسەنگێنە کە رەنگە بکەونە بەرگوێت.

٢. لیستێك دروست بکە بە ناوی ئەو کەسانەی کە بێزارت دەکەن. ئایا ئەمانە هەریەکەیان دیدو بۆچونێکی جیاوازیان هەیە و ئایا تۆ ناتوانیت بیانکەیتە هاوکاریی خوڵقێنەر، ئەگەر رێز لەو جیاوازییانە بگریت و زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت.

٣. مەسەلەیەك دیاری بکە کە ئاواتەخوازیت هاوکاری زیاتر و کاری دەستەجەمعی زیاتری تیابێت. بۆ پتەوکردنی ئەو هاوکارییە پێویستت بە بارودۆخێکی چۆنە؟ ئایا تۆ چیت لەدەست دێت بۆ خوڵقاندنی ئەو بارودۆخە.

٤. ئەمجارەیان ئەگەر ناکۆکیت بۆ دروست بو لەگەڵ کەسێکدا، یاخود هەستت کرد بیروڕایەکت هەیە جیاواز لە بیروڕای ئەو، هەوڵبدە بزانیت ئەو کەسە بۆچی هەڵوێستەکەی وایە و کێشە و مەراقەکانی چین. ئینجا بە شێوەیەکی داهێنەرانە مامەڵەیەکی وا لەگەڵ ئەو هۆکارانەدا بکە کە ئەنجامەکەی بەسودی هەردوکتان بشکێتەوە.

Scanned by CamScanner

بەشی چوارەم
نوێبونەوە



Scanned by CamScanner

خووی حەوتەمین
مشارەکە تیژبکەرەوە

پرنسیپەکانی نوێبونەوە

هەندێکجار کە تەماشای دەرەنجامە خراپەکانی مەسەلە بچوکەکان دەکەم دەگەمە ئەو باوەڕەی کە لە ژیاندا هیچ شتێک نییە شایستەی بایەخپێدان نەبێت.

- بروس بارتون

گریمان تۆ لە دارستاندا کابرایەک دەبینیت بە هەمو هێز و توانای خۆیەوە خەریکە درەختێک دەبڕێتەوە.

تۆ لێی دەپرسیت: ئەوە خەریکی چیت؟

بە بێزارییەوە وەڵامت دەداتەوە: یەعنی چاوت لێ نییە؟ ئەی ئەوە نییە خەریکم ئەم درەختە دەبڕمەوە

تۆش پێی دەڵێیت: زۆر ماندو دیاریت؟ لەوە دەچێت دەمێک بێت خەریک بیت.

وەڵامت دەداتەوە: پێنج سەعات زیاترە. هێزی لێ بڕیوم. بەڕاستی ئیشێکی زەحمەتە

لێی دەپرسیت: باشە بۆچی تۆزێک ئیسراحەت نادەیت بە خۆت و مشارەکەت تیژناکەیتەوە؟ من دڵنیام ئەگەر تیژی بکەیتەوە ئیشەکە خێراتر دەبێت.

وەڵامت دەداتەوە: تۆش سەیریت ها. لەکوێوە فریا دەکەوم مشارەکە تیژبکەمەوە؟! نابینیت چەند سەرقاڵم؟

خووی حەوتەم لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە کاتی گونجاو تەرخان بکەیت بۆ تیژکردنەوەی مشارەکەت. ئەم خووە لە ئەڵقاوئەڵقی هەمو خووەکانی دیکەدا بێویستە چونکە بەبێ ئەم، هیچکام لە خووەکانی دیکە قابیلی جێبەجێکردن نابن.

Scanned by CamScanner

چوار ڕەهەندەکەی نوێبوونەوە:

ئەم خووە لەڕاستیدا بەرجەستەکەری توانا کەسێتییەکانی تۆیە. ئامێرێکە گرنگترین و بەهادارترین سەرمایەی تۆ دەپارێزێت و زیادی دەکات، ئەو سەرمایەیەی کە بریتییە لە خودی خۆت. خووی حەوتەم نوێکەرەوەی هەر چوار ڕەهەندەکەی سروشتی تۆیە کە پێکهاتوون لە ڕەهەندی جەستەیی. ڕەهەندی ڕۆحی و ڕەهەندی هزری و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی/ سۆزداری.

بەڕاستی سەرەڕای بەکارهێنانی زاراوە و گوزارشتی جیاجیا، بەڵام زۆربەی فەلسەفەکانی ژیان چ بە ئاشکرا و چ بە ناڕاستەوخۆ، ئەو چوار ڕەهەندەیان چارەسەرکردووە. بۆ نمونە فەیلەسوفێکی وەکو (هێرب شیفەرد) دەڵێت ژیانی ڕاست

Scanned by CamScanner

و هاوسەنگ ئەو ژیانەیە کە وەکو خولگەیەك بە دەوری چوار بنەمادا بخولێتەوە کە بریتین لە بنەما رۆحی و هزری (خودی) و کۆمەڵایەتی و جەستەییەکان. کەسێکی وەکو (جۆرج شیلهان)یش کە مامۆستایەکی رۆحییە باسی چوار رۆڵمان بۆ دەکات، گیانلەبەرێکی تەندروست (جەستەیی)، پیشەسازێکی کارامە (هزری)، هاوڕێیەکی چاك (رەهەندی کۆمەڵایەتی) و پیاوێکی ئایینی (رۆحی). بەپێی تیۆری (رێکخستن و پاڵنەر)یش ئەو رەهەند و پاڵنەرانە بریتین لە پاڵنەری ئابوری (جەستە) و چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا (رەهەندە کۆمەڵایەتی) و چۆنێتی مەشقکردن بە خەڵك و سود لێ وەرگرتنیان (هزر) و کارکردن و ئەرك و بەکارهێنانی ئەو شتانەی کە دەزگاکە دەیانبەخشێت (رۆحی).

مەبەست لە (تیژکردنەوەی مشارەکە) لە بنەڕەتدا پەیرەوکردنی هەر چوار پاڵنەرەکەی سروشتی ئێمەی مرۆڤە، پەیرەوکردنێکی رێکخراو و هاوئاهەنگ بە شێوەیەکی حەکیمانە و هاوسەنگ.

بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، پێویستە ئەرێنی بین و تەرخانکردنی کات بۆ تیژکردنەوەی مشارەکە بەو چالاکییە لە قەڵەم بدەین کە گرنگە بەڵام پەلە نییە. پێویستە فەرامۆشی نەکەین. واتە دەکەوێتە خانەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی دووەمەوە. نەك چالاکییەکانی کۆمەڵەی یەکەم کە لەبەرئەوەی کاری پەلەن بەردەوام گوشارمان لەسەر دروست دەکەن. بەڵام ئەم چالاکییەی خووی حەوتەم پێویستە بە جۆرێك جەختی لەسەر بکرێتەوە کە ببێتە راهاتنێکی تەندروست. ئەم توانا تایبەتە لەبەر ئەوەی کەوتۆتە چەقی (بازنەی کاریگەرییەکان)ی مرۆڤەوە، لەو کەسە خۆی زیاتر کەسی دیکە ناتوانێت بۆی ئەنجام بدات. واتە پێویستە خۆمان بۆ خۆمانی بکەین.

ئەمەش لە ژیاندا گەورەترین سەرمایەگوزارییە، سەرمایەگوزاری لە خودی خۆماندا کە تاقە ئامێرێکە ملکی خۆمان بێت و پێویستە لە رێگەیەوە هەڵسوکەوت و بەشداری لە ژیاندا بکەین. ئێمەی مرۆڤ لەراستیدا کەرەسەی ئەو شێوازەین کە هەڵسوکەوتی پێ دەکەین. جا بۆ ئەوەی کاریگەریمان لەسەر دەوروبەرەکەمان هەبێت پێویستە لە بایەخی (ئەوکاتە) تێبگەین کە تەرخانی دەکەین بۆ تیژکردنەوەی مشارەکە بەو چوار رێگایەی کە باسمان کردن.

Scanned by CamScanner

ڕەهەندی جەستەیی:

ڕەهەندی جەستەیی بایەخدان بە جەستە دەگرێتەوە، بایەخدانێکی کاریگەر – خواردنی خۆراکی باش، حەسانەوە و ئیسراحەت. وەرزش بە شێوەیەکی ڕێکوپێك. ڕاهێنانە وەرزشییەکان هەم مەسەلەیەکی گرنگن و هەم پەلەو کتوپڕیش نین و زۆربەشمان بە شێوەیەکی ڕێکوپێك ئەنجامیان نادەین. جا لەبەرئەوە – درەنگ بێ یا زوو- ناچار دەبین مەسەلەی مامەڵەکردن لەگەڵ تەندروستی و کێشەکانیدا بخەینە خانەی مەسەلە گرنگ و پەلەکانەوە چونکە پێشتر فەرامۆشمان کردووە و بە ڕێکوپێکی وەرزشمان ئەنجام نەداوە.

زۆربەمان وا هەست دەکەین کاتمان نییەو ناپەرژێینە سەر مەشقە وەرزشییەکان. ئای کە بۆچونێکی هەڵەیە. چۆن کاتمان نییە و ناپەرژێین وەرزش بکەین؟! مەسەلەکە هەموی حەفتەی سێ سەعات تا شەش سەعاتی پێویستە. دەشتوانین ڕۆژانە یان ڕۆژ نارۆژێك نیو سەعاتی بۆ تەرخان بکەین. ئەمەش هەرگیز کاتێکی زۆر نییە ئەگەر بەراوردی بکەین بەو سودە زۆرانەی کە وەرزش پێمانی دەبەخشێت و کاری چاك دەکاتە سەر ١٦٢-١٦٥ سەعاتەکەی دیکەی حەفتە.

ئەم وەرزشەی کە لێرەدا مەبەستمانە پێویستی بە کەرەسەی تایبەتی وەرزش نییە. خۆ ئەگەر ویستت بچیتە وەرزشگایەك ئامێری وەرزشی بەکاربهێنیت یاخود لە یاریگایەکدا تێنس یان هەر وەرزشێکی دیکە بکەیت، ئەوا هەلێکی زیادەیە بۆ خۆتی دەخولقێنیت بەڵام بۆ تیژکردنەوەی مشارەکە شتێکی پێویست نییە.

بەرنامەی چاکی وەرزشی ئەوەیە کە لە ماڵیشەوە بتوانیت بیکەیت و لە سێ بواری گرنگدا جەستەت بەهێز بکات. سێ بوارەکەش بریتین لە بەرگەگرتن و لەش نەرمی و هێز.

بەرگەگرتن: لە ئەنجامی وەرزشی ئەیرۆبیکەوە بەدەست دێت و لە ناوەڕۆکدا بریتییە لە بەتوانایی دڵ و کۆئەندامی سوڕی خوێن. واتە بریتییە لەوەی کە دڵ بتوانێت خوێن بگەیەنێتە هەمو بەشەکانی جەستە.

هەرچەندە دڵ خۆی ماسولکەیە، بەڵام ناتوانیت ڕاستەوخۆ مەشقی پێبکەیت. ناشتوانێت مەشقی بۆ بکەیت تەنیا لەڕێی ماسولکە گەورەکانەوە نەبێت. بەتایبەت ماسولکەکانی قاچ. لەبەرئەوە ڕاکردن و مەلە و ڕۆیشتنی خێراو پاسکیلسواری و

خلیسکێنە بەسەر ئاودا لەو وەرزشانەن کە سودی زۆریان هەیە.

تۆ ئەگەر توانیت ژمارەی ترپەکانی دڵت بەو وەرزشە بەرزبکەیتەوە بۆ سەد ترپە لە خولەکێکدا مانای وایە لانی کەم توانای وەرزشکردنت هەیە و پێویستە ماوەی (٢٠) خولەك ئەو ئاستە بپارێزیت.

پێویستە ژمارەی ترپەکانی دڵت لانی کەم بەرزبکەیتەوە بۆ رێژەی ٦٠٪ی ئەوپەڕی ترپەکان کە زۆرترین ژمارەیە دڵ بتوانێت هەیبێت و لەهەمان کاتیشدا توانای ئەوەی هەبێت خوێن بگەیەنێتە شوێنە جیاجیاکانی جەستە. بەشێوەیەکی گشتی بەرزترین تێکڕای لێدانی دڵ یەکسانە بە: ٢٢٠ – تەمەنی کەسەکە.

بۆ نمونە ئەگەر تۆ تەمەنت ٤٠ ساڵ بێت ئەوا پێویستە ژمارەی ترپەکانی دڵت بگەیەنیتە ١٠٨ ترپە/خولەك، چونکە

٢٠٠- ٤٠ = ١٨٠

١٨٠ × ٦٠\١٠٠ = ١٠٨

(کاریگەری راهێنانەکەی)یش بریتییە لە ٧٢٪ - ٨٧٪ی ئەوپەڕی تێکڕای لێدانەکە

لەشنەرمی: ئەمەیان دەرەنجامی گرژکردنی جەستەیە. زۆربەی شارەزاکان وای بەباش دەزانن پێش ئەنجامدانی وەرزشەکە ئیحما بکرێت و کە وەرزشەکەش تەواو بو، راکشان و حەوانەوە زۆر بەکەڵکن، هەروەها پێش راهێنانەکەش ئەو حەسانەوە و راکشانە یارمەتی گەرمگرنی ماسولکەکان دەدات خۆئامادە بکەن بۆ راهێنانێکی بەهێزتر. لەپاش راهێنانەکەش یارمەتی بڵاوبونەوەی ترشی لاکتیك دەدات بۆ ئەوەی سوتانەوە و رەقبونی ماسولکەکان روونەدات.

هێز: دەرەنجامی ئەو وەرزشانەیە کە بەرهەڵستکردنی ماسولکەکانن وەك وەرزشە سوکەکانی پاڵنان و راکێشان و دانیشتن و شناو و کێش هەڵگرتن. رێژەی بایەخدانت بە زیادبونی هێزت پەیوەستە بە هەڵوێستی خۆتەوە. ئەگەر بەشداریت کرد لە کارێکی ماسولکەیدا یاخود لە چالاکییەکانی کە بە یاریەکانی هێز ناسراون، ئەوە زیادبونی هێز دەبێتە هۆی چاککردنی شارەزاییەکانت. خۆ ئەگەر پیشەکەت بە جۆرێك بێت پێویست بکات ماوەیەکی زۆر دابنیشیت و لە ژیانی رۆژانەتدا هێندە پێویستت بەوە نەبێت هێزی زۆر بەکاربهێنیت ئەوا کەمێك یاری جیمناستیك و وەرزشی سوك و حەسانەوە بەسن بۆت.

Scanned by CamScanner

من جارێکیان لە هۆڵێکی وەرزشدا لەگەڵ هاورێیەکدا بوم کە بڕوانامەی دکتۆرای هەبو لە فیسیۆلۆجیای راهێنانە وەرزشییەکاندا و ئەم هاورێیە سوربو لەسەر بەهێزکردنی جەستەی. داوای لێ کردوم یارمەتی بدەم بەوەی کە لەکاتی وەرزشی سنگدا کە پێی وتم یەکسەر (کێشە)کە لاببەم. زۆری جەخت کردەوە کە: (هەتا پێت نەڵێم لای نەبەیت).

بۆیە منیش راوەستام چاوەڕێم دەکرد پێم بڵێ (کێشە)کانی لاببە و ئاسنەکان لەسەر سنگی بەرزو نزم دەبونەوە. هەستم کرد راهێنانەکە بەرەبەرە زەحمەتتر دەبێت، بەڵام ئەو هەر بەردەوام بو لەسەر مەشقەکە و بەسنگ کێشە ئاسنینەکانی بەرز دەکردەوە. لە دڵی خۆمدا وتم: ((بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت مەشقەکە تەواو بکات)) کەچی کردی. بە هێواشی ئاسنەکانی لەسەر سنگی دەهێنایە خوارەوە ئینجا جارێکی دیکە بەرزی دەکردنەوە. بەم شێوەیە ئاسنە سەنگینەکان لەسەر سنگی بەرز دەبونەوە و نزم دەبونەوە.

دواجار کە تەماشای روخساریم کرد ماندوبونێکی زۆری بە ئاشکرا پێوە دەبینرا و بۆرییە خوێنەکان لە پێستییەوە دەرپەڕین، لە دڵی خۆمدا وتم: ئاسنەکان دەکەون بە سنگیدا و وردو خاشی دەکەن. رەنگە ئێستا کاتی ئەوە هاتبێت ئاسنەکان لاببەم. رەنگە کۆنترۆڵی لەدەست نەمابێت و نەزانێت چی دەکات. بەڵام بەبێ هیچ مەترسییەك ئاسنەکانی لەسەر سنگی داگرت و ئینجا جارێکی دیکە مەشقەکەی دەست پێ کردەوە. نەمدەتوانی بڕوا بکەم.

لە کۆتاییشدا کە داوای لێ کردم ئاسنەکان لاببەم لێم پرسی: (بۆچی ئەو ماوە زۆر چاوەڕێت کرد؟) وەڵامی دامەوە وتی: (ستیڤن، بەشی هەرە زۆری سودەکانی ئەم راهێنانە لە کۆتایی مەشقەکەدایە. من دەمەوێت خۆم بەهێز بکەم و ئەمەش هەر ئەوکاتە روودەدات کە ریشاڵە ماسولکەییەکان دەتەقن و دەمارە هەستیارەکان ئازار تۆمار دەکەن، پاشان سروشت قەرەبوی ئەو ئازارەت بە شتێکی چاکتر بۆ دەکاتەوە و لە ماوەی چل و هەشت سەعاتدا ریشاڵەکان بەهێزتر دەبنەوە.

من لەم لێکدانەوەو و گۆشەنیگایەی هاورێکەم تێگەیشتم و زانیم کە دەتوانرێت هەمان پرنسیپ بەسەر ماسولکە ویژدانییەکانی دیکەی وەکو پشودرێژیدا (سەبردا) جێبەجێ بکرێت. مرۆڤ کاتێك راهێنان لەسەر سەبر و پشوودرێژی دەکات و زیاتر لە

گرنگ و لەهەمان کاتیشدا پەلەپروزێیان ناوێت و دەتوانن کۆمەڵە ئەنجامێکی درێژخایەن و ئاشکرایان لێ بکەوێتەوە. وردە وردە هەست بە رازیبون دەکەیت و توانای دڵ و کۆئەندامی هەناسەدانت زیاتر دەبن و بەمەش وات لێ دێت ئاسانتر کارەکانی سەرشانت ئەنجام بدەیت و لە کۆتایی مەشقەکەشدا هەست دەکەیت وزەت پێیە. ئەو ماندوبونەی کە جاران هەستت پێ دەکردو داوای لێ دەکردیت واز لە وەرزشکردن بهێنیت وردە وردە دەبێتە وزەو ئارەزویەکی گەورە بۆ ئەنجامدانی کارو ئەرکەکانت بە زەوق و دڵخۆشیەوە.

رەنگە گرنگترین سودی وەرزشکردن بەهێزکردنی ماسولکەکانی ئەرێنیبون بێت (ئیجابی بون). ئەگەر رەفتاری مرۆڤ لەسەر بەهاکانی لەشساغی دروست بوبێت نەك لەسەر ملکەچی بۆ ئەو هێزانەی کە ناهێڵن وەرزش بکات ئەوا ئەوکەسە لەروی هزری و کامڵبونی جەستەیی و رۆحییەوەوە بەهێزتر دەبێت.

رەهەندی رۆحی:

دیاریکردنی رەهەندی رۆحیە وا لە مرۆڤ دەکات سوکانی ژیانی خۆی بەدەست خۆیەوە بێت. ئەم رەهەندە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە دووەمین خووەوە.

رەهەندی رۆحیی بەرجەستەکەری گەوهەر و کاکڵەی مرۆڤە و ئەوەش نیشان دەدات کە ئەو مرۆڤە تا چەند پابەندی بەها تایبەتەکانی خۆیەتی. ئەو ناوچەیە ناوچەیەکی زۆر تایبەتی ژیانی مرۆڤە و بایەخێکی زۆر گەورەشی هەیە. رەهەندی رۆحیی هێزی خۆی لەو سەرچاوانەوە وەردەگرێت کە ئیلهامبەخشی مرۆڤن و دەیبەستن بەو راستییانەوە کە لە هەمو سەردەم و شوێنێکدا کاریگەرن و هەر کەسەو بە شێوازێك ئەنجامیان دەدات.

من خۆم لە رێی تێفکرین و رامان و نوێژی رۆژانەی کە کتێبە پیرۆزەکان باسیان کردووە و بەهاکانی منیان پێك هێناوە هەست بە نوێبوونەوە دەکەم و تا زیاتر بیربکەمەوە و نوێژ بکەم زیاتر هەست بە نوێبونەوە و هێز و وریایی دەکەم و کارەکەمم زیاتر لەلا خۆشەویست دەبێت.

خولیابوون بە جیهانی ئەدەب و مۆسیقای باڵاش رەنگە بۆ هەندێکی دیکە هەمان کاریگەرییان هەبێ. هەندێکی دیکەش نوێبونەوەی رۆحیان لە گفتوگۆدا دەبینن

Scanned by CamScanner

توانای جارانی بەرگە دەگرێت، ئەوا ریشاڵە ویژدانییەکان دەقرتێن و سروشت
لەرمبوویەکی باشی دەکاتەوە، بەوەی کە ریشاڵەکانی بەهێزتر دەکات و جار لەدوای
جاریش بەهێزتر و بەهێزتر دەبن.

هاوڕێیەکەم مەبەستی ئەوەبو هێزی ماسولکەیی لە جەستەی خۆیدا بنیادبنێت و
دەشزانێت ئەو کارە چۆن دەکرێت. بەڵام مەرج نییە ئێمە هەمومان پێویستمان بەو
هێزە زۆرە بێت بۆ ئەوەی کاریگەر بین لە کۆمەڵگادا. ئەو پەندە بەناوبانگە زۆر
راستە کە دەڵێت (ئەگەر دەتەوێت هەنگ بپرێت پێویستە بەرگەی پێوەدانی
هەنگەکان بگریت). بەهەرحاڵ ئەمە کرۆکی باسەکەی ئێمە نییە کە مەسەلەی
راهێنانە کاریگەر و گرنگەکانە.

کاکڵەی نوێکردنەوەی رەهەندی جەستەیی لەراستیدا تیژکردنەوەی مشارەکەیە
واتە وەرزشکردنە بەشێوەیەکی رێکوپێکی وا کە ببێتە کارکردن و پێکەوە ژیان و
چێژوەرگرتنمان.

لە مەسەلەی هەمو پرۆگرامێکی راهێناندا کەمێك حیکمەتمان پێویستە چونکە
هەندێك کەس زیادەڕەوی دەکەن لە وەرزشدا بەتایبەت ئەوانەی کە لەوەوپێش
هەرگیز وەرزشیان نەکردووە. ئەمەش رەنگە زیان و ئازار و ناڕەحەتی و تەنانەت
بەککەوتنی هەمیشەیی لێ بکەوێتەوە کە پێویست نین. باشترین رێگا ئەوەیە بە
هێواشی دەست پێبکەین. پێویستە ئەو وەرزش و بەرنامە وەرزشییەی کە پەیڕەویان
دەکەین هاوئاهەنگ بین لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی پزیشك و لەگەڵ تازەترین
لێکۆڵینەوەدا و هەروەها لەگەڵ ئاستی هوشیاری خودی خۆشماندا.

مرۆڤ ئەگەر وەرزش نەکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە جەستە بە شێوازی خۆی
ناڕەزایی دەردەبڕێت. دور نییە لەسەرەتای دەستپێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە
دایناوە مرۆڤ حەزی بە ئەنجامدانی کارەکە نەبێت. بگرە لەوانەیە رقیشی لێ
ببێتەوە. لەم حاڵەتەدا پێویستە کەسەکە ئەرێنی بێت. هەرچۆنێك بێت وەرزشەکە
بکات. بۆ نمونە ئەگەر ئەو رۆژەی کە داتناوە راکردنی تیابکەیت و باران باری
پێویستە تۆ وەرزشەکەت هەر بکەیت. بە خۆت بڵێ: "قەی چیکا با ببارێت. من
کارێك دەکەم هەم جەستەم و هەم وزەمی پێ بەهێز ببن".

ئەو وەرزشەی کە مەبەستمانە راهێنانی خێرا نین، بەڵکو کۆمەڵە چالاکییەکی

Scanned by CamScanner

لەگەڵ سروشتدا. چونکە سروشت نیعمەتی خۆی بەسەر ئەو کەسەدا دەبارێنێت کە بە تەواوی لەگەڵیدا تێکەڵ دەبێت. تۆ کاتێك بێ سەروبەری و غەڵبەغەڵبەکانی شار بەجێدەهێڵێت و خۆت دەسپێریت بە ئیقاع و هاوئاهەنگییەکانی سروشت لەراستیدا خۆت نوێ دەکەیتەوە. وات لێ دێت تاکو ماوەیەك گوێ نادەیتە شتە وەڕسکەرەکانی دەوروبەرت و هەست بە ئارامبونی رۆحت دەکەیت تا وردە وردە جارێکی دیکە غەڵبەغەڵب و بێ سەروبەرییەکەی دەرەوە پەلاماری ئەو هەستە ئارامو هێمنەت دەدەنەوە.

لەم بارەیەوە (ئارثەر جۆردون) چیرۆکێکی دڵرفێنمان بۆ دەگێڕێتەوە کە بەسەر خۆی هاتووەو ئەزمونێکی تایبەتی ئەوە لەمەڕ نوێبونەوەی رۆحی و ناوی ناوە (بانگهێشتی هەڵکشان) و وادەی دەستپێکردنی چیرۆکەکە ئەو کاتەیە کە نوسەر هەست بەوە دەکات ئیتر ژیان تامی نەماوەو بۆتە شتێکی وەڕسکەر و روکەش. ورەی دەڕوخێت و ئارەزوی نوسینیشی نامێنێت و رۆژ بەرۆژ خراپتری لێ بەسەردێت.

لە کۆتاییدا نوسەرەکە بڕیار دەدەات بچێتە لای پزیشك. ئەویش پاش ئەوەی کە فەحسی دەکات و تێدەگات لەڕووی جەستەییەوە ساغو سەلیمە لێی دەپرسێت ئایا ئامادەیت یەك رۆژی تەواو گوێڕایەڵی رێنماییەکانم بیت. گۆردن بە بەڵێ وەڵامی دایەوە، پزیشکەکە داوای لێ کرد سبەی رۆژ بچێتە ئەو شوێنەی کە جێگەی جوانترین بیرەوەرییەکانی سەردەمی منالی ئەون و بۆی هەیە خواردنیش لەگەڵ خۆی ببات، بەڵام بۆی نییە ئەو رۆژە قسە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکات یاخود کتێب بخوێنێتەوەو یان بنوسێت یاخود گوێ لە رادیۆ بگرێت. پاشان پزیشکەکە چوار رەچەتەی بۆ نوسی و داوای لێ کرد یەکەمیان لە سەعات نۆی بەیانیدا بیکاتەوەو دووەمیان سەعات دوانزەی نیوەڕۆ و سێیەمیان سەعات سێی پاش نیوەڕۆ و دوا رەچەتەش لە سەعات شەشی ئێوارەدا بکاتەوە.

گۆردن لێی پرسی: بە جددیتە؟

پزیشکەکە وەڵامی دایەوە: دوایی کە وەسڵی رەچەتەکانت پێگەیشت تێدەگەیت سوعبەت ناکەم.

بۆ سبەی بەیانی، گۆردن چوو بۆ قەراخ دەریاو هەر کە یەکەمین رەچەتەی دەرهێنا تەماشای کرد لێی نوسراوە: چاك گوێبگرە. گۆردن لە دڵی خۆیدا وتی

پزیشكەكە شێت بووە ئەگینا سێ سەعات گوێگرتن لەو شوێنەدا چ واتایەكی هەیە؟ بەلام ڕێنماییەكەی جێبەجێ كردو سەرەتا گوێی گرت لە دەنگی دەریاو باڵندەكان كە دەنگی ئاسایی بون. پاش ماوەیەك توانی دەنگی دیكە ببیستێت كە لە سەرەتادا روون و ئاشكرا نەبون. لەكاتی گوێگرتنندا لەو دەنگانە، گۆردن بیری لەو پەندو وانانە دەكردەوە كە لەسەردەمی منالیدا لە دەریاوە فێریان بوبو.

وانەی ڕێز و پشوودرێژی و قەدر زانینی هاوكاری و هاوئاهەنگی لەنێوان شتەكاندا. كابرا گوێی لەم دەنگانە و لەم بێ دەنگییانە گرت و لە ناخەوە هەستی بە هێمنی و ئاسایش و ئاشتییەكی مەزن كرد.

لە نیوەڕۆیشدا كە دووەمین پارچە كاغەزی (ڕەچێتەكەی) دەرهێنا تەماشای كرد لێی نوسراوە: ((هەوڵ بدە بگەڕێیتەوە)). لە دڵی خۆیدا پرسیاری كرد: ((گەڕانەوە بۆ كوێ؟)) ڕەنگە بۆ منالی .. ڕەنگە گەڕانەوەبێت بۆ بیرەوەرییە خۆشەكان. بیری لە رابردووی خۆی كردەوە. لەو چركەساتە خۆش و كەمخایەنانەی سالانی پێشو. هەوڵی دا یەك یەك ئەو چركەساتانەی بە دورودرێژی بیربكەوێتەوە. گۆردن كە ئەو بیرەوەرییانەی دەهاتەوە یاد هەستی كرد گەرمایيەكی خۆش بە ناخیدا تێپەڕ دەبێت.

سەعات سێی پاش نیوەڕۆ، سێیەمین پارچە كاغەزی كردەوە. لەڕاستیدا ڕەچەتەكان تائێستا داواكاری زەحمەتیان تیا نەبووە، بەلام ئەمەی سێیەمیان لەوانی دیكە جیاواز نەبووە. لێی نوسرابو: (پاڵنەرەكانت تاقی بكەرەوە). كابرا لەسەرەتادا بە ترسەوە بیری لە ئامانجەكانی خۆی دەكردەوە- سەرەكەوتن و ناوبانگ و سەلامەتی، پاشان هەموویانی گۆڕی. بەلام دواتر بیرۆكەیەك هات بە خەیاڵیدا كە ئەو پاڵنەرانە بەس نین و ڕەنگە پێویست بكات وەلامی ناخی خۆی بداتەوە كە بۆچی بێزارە.

گۆردن بە قوڵیی بیری لە پاڵنەرەكانی كردەوە. بیری لە بەختەوەرییەكەی رابردوی كردەوە و دواجار وەلامەكەی دەست كەوت.

قەڵەمەكەی گرت بەدەستەوە و كەوتە نوسین: بەوپەڕی متمانەو ڕاستگۆییەوە دەڵێم كە پاڵنەرەكانی مرۆڤ هیچیان ڕاست نین. بەلای منەوە هیچ جیاوازییەك نییە لەنێوان پۆستەچییەك و سەرتاشێك و ژنێكی ماڵەوەدا و .. تاد. گرنگ ئەوەیە

Scanned by CamScanner

هەست بکەیت کە خزمەتی خەڵکی دەکەیت و کەڵکیان پێدەدەگەیەنیت. ئەمانە بەسن بۆ ئەوەی پێت بڵێن کە تۆ باشیت و هیچ کێشەیەکت نییە. بەڵام ئەگەر تەنیا ئەوەت بەلاوە گرنگ بێت کە هەر خزمەتی خۆت بکەیت و بەس، ئەوا ئیشەکەت بە باشی ناکەیت. ئەمە یاسایەکی نەگۆڕە وەکو یاسای کێشی زەوی.

کە سەعات شەش لێی دا، گۆردن دوا رەچەتەی خوێندنەوە لێی نوسرابو: ((مەرامەکانت لەسەر لم بنوسە)). گۆردن لەسەر ئەژنۆ دانیشت و زۆر وشەی نوسی لەسەر لمەکە بە پارچە هێلکە شەیتانۆیەکی شکاو ئینجا هەستاو رۆیی. ئەو هیچ ئاوڕی نەدایەوە لە دواوە چونکە دەیزانی ئێستا هەڵکشانی ئاوەکە کۆمەڵە شەپۆلێك دەنێرێتە ئەوێ. نوێبونەوەی رۆح هەندێك کاتی پێ دەوێت. بەڵام پێویستە فەرامۆشی نەکەیت چونکە چالاکییەکی گرنگە، بەڵام پەلەی ناوێت.

(مارتن لۆثەر)ی گەورە کە چاکسازێکی مەزنی ئاینییە دەڵێت: ((ئەمرۆ کاری زۆرم بەسەردا کەوتووە. دەمەوێت سەعاتێکی دیکەش بکەومە سەر ئەژنۆ)). نوێژکردن بەلای ئەوەوە ئەرکێکی ئوتۆماتیکی و رۆبۆتئاسا نەبو بەڵکو سەرچاوەی هێزە بو کە وزەو تواناکانی لێ کۆدەکردنەوەو بەکاری دەهێنان.

رۆژێك لە رۆژان پرسیاران لە (زەن ماستەر) کرد لە خۆرهەڵاتی دوور کە بۆ گوێدانە هیچ گوشار و ناخۆشییەك هەمیشە لەوپەڕی دڵنیایی سەر رەحەتیدایە. لێیان پرسی: "تۆ ئەم هەمو دڵنیایی و سەررەحەتییە لەکوێوە دێنیت؟" وەڵامی دایەوە وتی: "هەرگیز شوێنی تێڕامانەکانم جێ ناهێڵم". ئەم کابرایە بەوە ناسراوە کە رۆژ تا ئێوارە خەریکی تێڕامانەو بە گیان و دڵ پارێزگاری چرکەساتە هێمنەکانی دەکات. گەوهەری مەسەلەکە لەوەدایە کە ئەگەر ئێمە کاتی گونجاو ببەخشین بە خۆمان بۆ ئەوەی جڵەوی ژیانی خۆمان بەدەست خۆمانەوە بێت و متمانەی پێبکەین، کە لەڕاستیدا مەبەست و ئامانجی راستەقینەمان ژیانمانە، ئەو ژیانە دەبێتە بابەتێکی پان و بەرینی وا کە سێبەر بۆ هەمو شتەکان بکات. ئەمە دەبێتە مایەی نوێبونەوەمان، بەتایبەت ئەگەر لە جارێك زیاتر پابەند بوین پێوەی.

لەبەر ئەوە من باوەڕم بە بایەخی بڕیارەکانی مرۆڤە سەبارەت بە لایەنگری و پابەندبون. ئێمە ئەگەر ئامانجەکان و هاوسەنگییەکانی خۆمان بە باشی تێبگەین دەتوانین چاوی پێدا بخشێنینەوە و پابەندبونی خۆمان پێوەی دوبارە و سێ بارە

Scanned by CamScanner

بکەینەوە. مرۆڤ لە پرۆسەی نێوبونەوەی رۆحیدا دەتوانێت ڕووداوەکانی رۆژانەی ژیان بهێنێتە بەرچاو و هاوئاهەنگیان بکات لەگەڵ بەهاکانیدا.

دەیفید ئۆلکای کە سەرکردەیەکی ئاینییە دەڵێت جەنگە مەزنەکانی ژیان رۆژانە لە ژوورە بێدەنگەکانی رۆحدا ڕوودەدەن. تۆ ئەگەر لە جەنگەکانی رۆحدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ململانێکانی ناخی خۆتت یەکلایی کردەوە، ئەوکاتە ئیتر هەست بە ئاسایش و ئاشتی و هێمنی دەکەیت، هەست دەکەیت لە خۆت تێگەیشتویت و بۆت ڕوون دەبێتەوە کە ئەگەر بڕوات بە کاری بەکۆمەڵ و بە خێری دەستەجەمعی هەبێت و حەزت لە سەرکەوتنی دەوروبەر هەبێت ئەوا سەرکەوتنەکان خۆیان یەك لەدوای یەك ڕووت تێدەکەن.

ڕەهەندی هزری:

سەرچاوەی بەشێکی زۆری گەشەکردنی هزری و ستایلی خوێندنی ئێمە لە خوێندنگا و قوتابخانە فەرمییەکانەوەیە. بەڵام زۆربەمان پاش تەواوکردنی خوێندنی فەرمی بوار دەدەین ئەقڵمان ببوکێتەوە چونکە ئیتر نە بابەتێکی جددی دەخوێنینەوە و نە هیچ مەسەلەیەکی وا دەدۆزینەوە کە بەڕاستی قوڵ و بایەخدار بێت و نە هیچ بیرکردنەوەیەکی شیتالکارییش ئەنجام دەدەین و تەنانەت دەستیش نادەینە قەڵەم بۆ ئەوەی بە رۆحێکی ڕەخنەگرانەی وا بنوسین کە بتوانین تواناکانی خۆمان هەڵبسەنگێنین لە بواری زمانزانیی و گوزارشتکردندا. ئێمە زۆربەمان ئەمانە هیچیان ناکەین و بەشێکی زۆری کاتەکەمان بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆن دەبەینە سەر.

ئامارەکان دەڵێن لە زۆربەی ماڵەکاندا حەفتەی ٣٥-٤٠ سەعات تەلەفزیۆن داگیرساوە. ئەمەش لە دەوامی حەفتانەی قوتابخانەکان زیاترە و یەکسانە بەو ماوەیەی کە زۆربەی خەڵکەکە سەرقاڵی کارکردنن تیایدا. دیارە تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە لەسەر خەڵك و ئێمە کە تەماشای تەلەفزیۆن دەکەین بێ ئەوەی بە خۆمان بزانین دەکەوینە ژێر کاریگەریی بیرۆکەو بەهاکانییەوە.

مرۆڤی دانا پێویستە لە تەماشاکردنی تەلەفزیۆندا خووی سێیەم پەیڕەو بکات کە بریتییە لەوەی بە شێوەیەکی کارا کۆنترۆڵی خۆت بکەیت و بتوانیت باش لە

خراپ جیابکەیتـەوە و ئـەو پرۆگرامـە هـەواڵی و هەمەرەنگانـە هەڵبـژێریت کـە گوزارشت لە ئامانج و بنەماکانت دەکەن و برەویان پێ دەدەن. من لـە ماڵی خۆماندا کارێکم کردووە حەفتەی حـەوت سـەعات زیـاتر تەماشای تەلـەفزیۆن نـەکرێت. واتـە رۆژی سەعاتێك. لە کۆبوونەوەیەکی خێزانیـدا باسـی ئـەم مەسـەلەیەمان کـردو باسـی ئەوەمان کرد کـە بـەهۆی تەلەفزیۆنـەوە هەنـدێك خێـزان دوچاری چی بـوون. ئێمـە کاتێك وەکو (یـەك) خێـزان مەسـەلەکەمان تـاوتوێ کـرد کـەس بـەرگری نـەکرد لـە تەلەفزیۆن و مشتومرێکی بـەتاڵی نەهێنایـە گـۆڕێ. ئێسـتا خەڵکەکـە هەسـت بـەوە دەکەن کـە یـاخود ئـالودەی زنجیـرە تەلەفزیۆنیـیـە درێـژەکان بـوون یـاخود وایـان لێ هاتووە بە شێوەیەکی نەگۆڕ تەماشای بەرنامەیەکی دیاریکراو بکەن.

دیارە تەلـەفزیۆن بـەرنامـەی پـەروەردەیی و پرۆگرامـی زۆر بـەرزی هەمـەرەنـگ و بەتامی هەیە کە ژیان دەوڵەمـەنـد دەکـەن و بەشدارییەکی راستـەقینە دەکـەن لـەوەی بگەن بە مەبەسـت و ئامانجـە گـەورەکانمان، بـەڵام لەهـەمـان کاتیشدا تەلـەفزیۆن زۆر بەرنامەی بێکەڵکی تێدایـە کـە مێشـك و کاتمـان بـەفیرۆ دەدەن و ئەگـەر جڵـەویان بـۆ شل بکەین زیانمان پێدەگەیەنن. تەلەفزیۆنیش وەکو جەسـتەی مـرۆڤ خزمـەتکارێکی گونجاوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئاغایەکی لاوازە. لەبـەر ئـەوە پێویسـتە پەنابـبـەین بۆ سـێیەمین (خـوو) بـۆ ئـەوەی کاریگەرانـە کـۆنتڕۆڵی خۆمـان بکـەین تـا بتـوانین زۆرتـرین سـود لــە سـەرچـاوەکان وەربگـرین و بیانخەینـە خزمـەت ئـەرك و ئامانجەکانمانەوە. دیارە فێرکردن و فێرکردنـی بـەردەوام یـاخود دەمەزەردکردنـەوەی بەردەوامی زەینمان و فراوانکردنی ئاسۆکەی بە نوێکردنەوەیەکی گرنگی هـزر حساب دەکرێت. ئەم نوێکردنەوەیە هەندێك جار لە پرۆگرامەکانی خوێنـدن و لـە خوێنـدنـە دەرەکییەکاندا دێتە دی، بەڵام یەکەمجار سیستمی خوێندنی بـەردەوام دەبێتـە مایـەی نوێبونـەوەی هـزر. ئـەوە دەکـەوێتـە سـەر مرۆڤەکـە خـۆی کـە چـەند ئەرێنییـە و چەندێك دەتوانێت بـۆ فێرکردنـی زیـاتری خـۆی بابـەت و رێبـازی زیـاتر و زیـاتر بدۆزێتەوە.

یـەکێك لـە خاڵـە گرنگـەکانی ئـەم مەسـەلەیە بریتییـە لـەوەی هـزر لەسـەر سـەرپەرشـ... ... ...ەکـەی خـۆی

Scanned by CamScanner

ژیان کە پرسیارەکان و ئامانجە گەورەکان و بۆچوونە هزرییەکان چارەسەر دەکەن و هەر مەشق و راهێنانێکیش ئەم جۆرە فێرکردنەی تیا پەیڕەو نەکرێت دەبێتە مایەی تەسکبون و داخستنی ئەقڵ و لێرەوە پەی دەبەیت بە بایەخە کاریگەرەکەی خوێندنەوەی فراوان و ئاگاداربون لە نوسینی بیرمەندە مەزنەکان.

بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانی هزر و زیادکردنی زانیارییەکان بە شێوەیەکی رێکخراو هیچ شتێك لەوە چاکتر نییە خۆت لەسەر خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیە چاکەکان رابهێنیت. ئەمە چالاکییەکی گرنگ و کاوە خۆو بەرزەو وات لێ دەکات بگەیتە باشترین ئەقڵەکانی ئێستاو هی سەردەمەکانی رابردوش لە سەرتاسەری دنیادا. ئامۆژگاری من ئەوەیە سەرەتا مانگی کتێبێك بخوێنیتەوە، پاشان بیکەیت بە دوو هەفتە کتێبێك و ئینجا هەر هەفتەی کتێبێك. بەلای منەوە ئەو قسەیە زۆر راستە کە دەڵێت ئەوەی کە ناخوێنێتەوە هیچی زیاتر نییە لە کەسێکی نەخوێندەوار.

ئەدەبی چاك هۆشیاریی رۆشنبیریمان دەوڵەمەند دەکات و ئەدەبی بالادەستی بوارە جیاجیاکان (بۆ نمونە کلاسیکەکانی هارڤارد، ژیاننامەی کەسێتییەکان، ناشناڵ جیۆگرافیك) دەتوانێت بازنەی بۆچوون و لێکدانەوە هزرییەکانمان و پارادیمەکانمان فراوانتر بکات و مشارەکەی ئەقڵمان تیژبکاتەوە. بەتایبەت ئەگەر لە خوێندنەوەدا خووی پێنجەممان جێبەجێ کردو هەوڵ بدەین دەست بەدەست لە بابەتەکە حاڵی ببین. بەڵام ئەگەر تەنیا پشت بە ئەزمونی خۆمان ببەستین و حوکمی پێشوەخت بدەین بەر لەوەی لە مەبەستەکەی نوسەر تێبگەین، مانای وایە خوێندنەوەکە سودێکی ئەوتۆی پێنەگەیاندوین. شێوازێکی دیکەی تیژکردنەوەی مشارەکەی هزر نوسینە. مرۆڤ بە نوسین دەتوانێت خەیاڵێکی ساف بەخۆی ببەخشێت. نوسەر هەمیشە لە کەسی ئاسایی زیاتر هەست و خەیاڵ و لێکدانەوەی قوڵتری هەیە و کاریگەرانەتر تێدەگات و وردتریش دەتوانێت ئەقڵی بخاتە کار.

رێکخستن و نەخشەکێشانیش شێوازی دیکەی نوێکردنەوەی هزرن کە پەیوەستن بە هەردوو خووی سێیەم و چوارەمەوە. رێکخستن و نەخشەکێشان بەوە دەست پێدەکەن کە سەرەتا ئامانجەکە لە بەرچاوبگریت و لە مێشکی خۆتدا شێوازی بەدیهێنانی ئامانجەکە رێك بخەیت. وەك پێشتریش باسمان کرد ئەو دوو خووە بریتین لە خستنەگەڕی تواناکانی مێشکت تا بتوانێت خەیاڵ بکاتەوە و ئامانجەکە

بەرناوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی و بتوانێت هەموو هەنگاوەکانی گشتەکە بە تەواوی ببینێت یان لانی کەم پرنسیپ و هێڵە گشتییەکانی ببینێت.

وەك دەڵێن سەرکەوتن لە جەنگدا لە چادری فەرماندەکەوە دێتەدی. تیژکردنەوەی مشارەکەش بە هەرسێ رەهەندی جەستەیی و رۆحی و هزری مەسەلەیەکە من ناوی لێ دەنێم (سەرکەوتنی رۆژانەی کەسێتی). ئامۆژگاری من ئەوەیە رۆژی تەنیا (یەك) سەعات بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکە؛ یەك سەعات بۆ هەمو ژیانت.

مرۆڤ زۆر پێویستە ئەو (یەك) سەعاتە تەرخان بکات کە بە بەراوردکردنی سەرکەوتنی رۆژانەی کەسەکە بە ئەنجام و بەهاکان دەست پێدەکات ئەمە کاردەکاتە سەر هەمو بڕیارێك و هەمو پەیوەندییەکی تایبەت و هەروەها نرخ و کاریگەرێتی هەمو سەعاتەکانی ژیانت بەرز دەکاتەوە بە سەعاتەکانی خەوتنیشەوە کە قوڵتر و بەسودتریان دەکات. ئەم سەعاتە یارمەتیت دەدات هێزە جەستەیی و هزری و رۆحییەکان بەسەرکەوتویی دروست بکەیت لەسەر ئاستێکی درێژخایەن بۆ ئەوەی بتوانیت ڕوبەڕوی کێشە سەختەکانی ژیان ببیتەوە.

(فیلیپس بروکس) لەمبارەیەوە نوسیوێتی:

رۆژێك لە رۆژان خۆت لە دۆخێکدا دەبینیتەوە کە روبەروی هەڵفڕیوێنە گەورەکان بویتەوە یاخود خەمێکی قوڵ و گەورە باڵی کێشاوە بە ژیانتدا. بەڵام خەباتە راستەقینەکەت لێرەدایە و ئێستا پێویستە بیکەیت. ئێستا ئەو دووڕیانە چارەنوسیە کە سبەی رۆژت دیاری دەکات و ئەوە یەکلایی دەکاتەوە کە ئەو سبەی رۆژە سەرکەوتنێکی مەزن تۆمار دەکەیت یاخود شکستێکی گەورەت توش دەبێت. بیرت نەچێت کەسێتی تۆ تەنیا لەم پرۆسە نەگۆڕ و بەردەوام و پشوودرێژەوە دروست دەبێت.

رەهەندی کۆمەڵایەتی/ سۆزداری

لە کاتێکدا کە رەهەندە جەستەیی و رۆحی و هزرییەکان پەیوەندییەکی تۆکمە دەیانبەستێتەوە بە خووەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمەوە لەسەر بنەماکانی ویست و سەرکردایەتی و تێڕوانینی تایبەت، رەهەندە کۆمەڵایەتییە سۆزدارییەکە جەخت دەخاتە سەر خووەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم و پرنسیپەکانی سەرکردایەتی

Scanned by CamScanner

بەکۆمەڵ و یەکتر تەواوکردن و پەیوەندی سۆزداری دەکاتە تەوەر.

ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانی ژیانی ئێمەی مرۆڤ گرێدراوی یەکترین، چونکە بەشێکی سەرەکی ژیانی سۆزداریمان دەرەنجامی پەیوەندییەکانمانە لەگەڵ خەڵکیدا و هەر لەڕێی ئەو پەیوەندیانەشەوە خۆی بەرجەستە دەکات. نوێکردنەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، سۆزداریی بە بەراورد بە نوێکردنەوەی ڕەهەندەکانی دیکە کاتی کەمتری دەوێت؛ ئێمە بە هەڵسووکەوتی رۆژانەمان لەگەڵ خەڵکیدا دەتوانین ئەو ڕەهەندە نوێ بکەینەوە. بەڵام ئەمە ڕەهەندێکە پێویستی بە مەشق و پەیڕەوکردنە و ڕەنگە لە پێناویدا ناچاریش ببین زۆر لە خۆمان بکەین چونکە زۆربەی زۆرمان نەگەیشتونەتە ئاستی سەرکەوتنی تایبەت و شارەزاییەکانی ئەو جۆرە سەرکەوتنەشمان بەدەست نەهێناوە کە پێویستن بۆ خووەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم کە لە کارلێکە کۆمەڵایەتیەکانماندا بەکاریان دێنین.

گریمان تۆ کەسێکی گرنگیت لە ژیانی مندا، ڕەنگە بەڕێوەبەری کارەکەم بیت، یاخود هاوکارم بیت، یان هاورێ و هاوسێم بیت یاخود هاوسەرم بیت یان ...... یان و یان، واتە یەکێك بیت لەو کەسانەی کە دەمەوێت و پێویستم بەوەیە هەڵسووکەوتی لەگەڵدا بکەم. هەروەها با وای دابنێین کە من و تۆ پێکەوە کاردەکەیت و بیروڕا دەگۆڕینەوە لە مەسەلەیەکدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەك یاخود بەدەستهێنانی ئامانجێك، بەڵام هەریەکەمان مەسەلەکان لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە دەبینێت، بۆ نمونە ڕەنگە تۆ خاتونە گەنجەکە ببینیت و منیش پیرێژنەکە (مەبەستم لە وێنە بەناوبانگەکەیە).

لەبەرئەوە من خووی ژمارە چوار پەیڕەو دەکەم و دێمە لات پێت دەڵێم: "ئاگام لێیە تۆ بە شێوەیەکی جیاواز تەماشای مەسەلەکە دەکەیت. جا بۆ نەکەوینە گفتوگۆ تا ڕێگا چارەیەکی وا بدۆزینەوە کە هەردوکمان قایل بکات. پێشنیارەکەمت بەدڵە؟" دیارە زۆربەی خەڵکەکە بە دڵیان دەبێت.

ئینجا پاش ئەوە پێنجەمین خوو پەیڕەو دەکەم کە پوختەکەی ئەمەیە: "ڕێگەم بدە یەکەم جار گوێت لێ بگرم. گوێگرتن بەو جۆرە نا کە هەر بۆ وەڵامدانەوە بێت. من بە دڵ و گیان گوێت لێ دەگرم بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی قوڵ و بەرباڵاو لێت تێبگەم و کاتێکیش کە توانیم وەك خۆت بیروبۆچونەکەت روون بکەمەوە ئەوا دێم

Scanned by CamScanner

و پارانیمەکەی خۆمت بۆ باس بکەم بۆ ئەوەی تۆش تێی بگەیت.

دواتر دەچینە سەروەختی شەشەمین خووەوە بەهیوای دۆزینەوەی چارەسەرێك هەردو لایەنەکە پێی رازی بین و قوڵتر لە پارادیم و دید و بۆچونی یەکتر تێبگەن و لەمەشەوە پێکەوە بیر لە دۆزینەوەی چارەسەری ئەڵتەرناتیڤ دەکەینەوە، چارەسەرێکی وا کە باشتربێت لەو چارەسەرانەی هەردولامان پێشنیاری کردبو.

سەرکەوتن لە پەیڕەوکردنی خووەکانی ژمارە چوار و پێنج و شەشدا، لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی ویژدانی و سۆزدارییە نەك هزری و پەیوەستە بەوەی کە تا چەند لە ناخەوە هەست بە ئاسودەیی و ئاسایش دەکەین.

ئەگەر سەرچاوەی ئەو هەستکردنە بە ئاسایشی تایبەت لە ناخەوە بو، مانای وایە ئێمە هێندە هێزمان هەیە بتوانین خووەکانی پەیوەست بە سەرکەوتنی خۆمانەوە پەیڕەو بکەین، بەڵام ئەگەر لەسەر ئاستە ویژدانی و سۆزدارییەکاندا هەست نەکەین بە ئاسایش ئەوا پەیڕەوکردنی جێبەجێکردنی خووەکانی چوارەم و پێنجەم رەنگە ببنە مایەی مەترسییەکی راستەقینە تەنانەت ئەگەر لە بوارە هزری و ئەقڵییەکانیشدا کەسێکی سەرکەوتوبیت.

بەڵام ئایا ئەم هەستکردنە بە ئاسایشی کەسێتی لەکوێوە هەڵدەقوڵێت؟ بە دڵنیاییەوە لەوەوە هەڵناقوڵێت کە چۆن تەماشای خەڵکەکەی دەوروبەرمان دەکەین و لەوەشەوە هەڵناقوڵێت کە چەند نوسین و بەرهەمیان پێشکەشکردوین و هەروەها لە بارودۆخ و هەڵوێست و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆشمانەوە هەڵناقوڵێت.

ئەم هەستە لە ناخەوە هەڵدەقوڵێت، لەو پرنسیپ و لەو بیروبۆچونە هزرییە وردە راست و دروستانەوە هەڵدەقوڵێت کە رەگی قووڵی لە دڵ و مێشکماندا داکوتیوە. لەو هاوئاهەنگی و گونجاندنەوە هەڵدەقوڵێت کە دەرەوەو ناوەوە لەگەڵ یەکدیدا هەیانە. لە ژیانێکی پاك و بێگەردەوە هەڵدەقوڵێت؛ واتە لەوەی کە هەڵسووکەوتی رۆژانەمان رەنگدانەوەی بەها قوڵەکان بێت کە بڕوامان پێیان هەیە.

بە باوەڕی من ژیانی پاك و بێگەرد سەرچاوە گەوهەرییەکەی بەهای تایبەتی مرۆڤە، من لەگەڵ ئەو کتێبە بازاڕیانەدا نیم کە باسی سەرکەوتنی مرۆڤ دەکەن و دەڵێن: "رێز لەخۆگرتن لە پلەی یەکەمدا مەسەلەیەکە دەتوانیت خۆت لە مێشکی خۆتدا دروستی بکەیت و وا بکەیت لەڕووی دەرونییەوە ئاسایش و ئارامی دەستەبەر

بكەیت".

سەرچاوەی دڵڕەحەتیی و ئاسودەیی ویژدان تەنیا یەك ڕێگەی هەیە و ئەویش بریتییە لەوەی كە ژیانت هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ پرنسیپ و بەها ڕاستەقینەكاندا و هیچی تر.

جۆرێكی دیكەی هەستكردن بە ئاسودەیی بەرهەمی جۆرە ژیانێكە كاریگەرانە هاوكاری و یاریدەدان بەرجەستە بكات و لەوەوە سەرچاوە وەردەگرێت كە واقیع هەمیشە ڕێگاچارەی وای تیایە كە هەرگیز شكست قبوڵ ناكات و مەرج نییە ژیان هەمیشە بەدەست خۆمان بێت و باروذۆخ و ژینگە بە هیچ جۆرێك كاریگەرییان نەبێت، بەڵام هەمیشە هەردولامان ئەلتەرناتیڤی سودمەندی دیكەمان لەبەردەستدایە. هەروەها دڵڕەحەتی لەوەشدا بەرجەستە دەبێت كە بزانیت لە تواناتدا هەیە بە شێوەیەكی كاتی لە چوارچێوەی بیروباوەڕەكانت بێیتە دەرەوە بۆ ئەوەی بە قووڵی و بە چاكی لە بەرامبەرەكەت تێبگەیت. جۆرێكی دیكەی دڵڕەحەتییش بەرهەمی هاوكاری كارلێكی ڕاستەقینە و خوڵقێنەرە لەگەڵ دەوروبەردا و فێربونی ڕاستەقینەی ئەو نەریت و خووانەیە كە لە هاوكاری و یەكتر تەواوكردنندا دروست دەبن.

دڵنەئمینییەكیش هەیە زادەی خزمەتكردنی خەڵكییە بێ هیچ مەبەست و بەرامبەر و هەستبەئازار كردنێك. گرنگترین سەرچاوەی ئەم جۆرە خزمەتكردنەش ئەوەیە تۆ ئەركەكەی خۆت بەئەنجام بگەیەنیت، بە جۆرێكی وا كە خۆت بە كاریگەر و بەشدار و خوڵقێنەر بزانیت لە شوێنەكەی خۆتدا. سەرچاوەكانی دیكەش بریتین لەوەی كارێكی خێرخوازانە بكەیت بێ ئەوەی كەس بزانێت تۆیت، نە ئێستاو نە لە داهاتووشدا، چونكە ئەوەی بەلای تۆوە گرنگە دڵخۆشكردنی كەسەكەیە نەك ناووناوبانگی خۆت.

(ڤیكتۆر فرانكل) دەڵێت ئامانج مەسەلەیەكی گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا و وا لە ژیانە دەكات باڵا بكات و باشترین ماتە وزەكانی ناخمان بهێنێتە دەرەوە. خوالێخۆشبوش (د. هانزسیلای) لەو توێژینەوە بەناوبانگەی كە لەسەر دڵەڕاوكێ كردوێتی دەڵێت، ژیانی تەندروست و بەختەوەر بەرهەمی بەشداریكردنی جددییە لە ژیان و لە پرۆژە جددییەكانی كە خەڵك پێی بەختەوەر و سودمەند دەبن و لەم

Scanned by CamScanner

رووەوە هیچ دەرمانێك هێندەی ئەوە کاریگەر نییە کە کارێك بکەیت هاوسێکەت دڵخۆش بکات. ئەمەیە چێژی راستەقینەی ژیان ... ئەو ژیانەی کە ئامانجەکەی بەدیهێنانی مەبەستێکە بەلاتەوە زۆر گرنگ و بایەخدارە. لەبری گلەیی و بۆڵەبۆڵکردن و ناڕەزایەتی دەربڕینی خۆپەرستانە کە گوایە جیهان خۆی تەرخان نەکردووە بۆ بەختەوەرکردنی ئێمە، چاکتر وایە ئێمە چێژ و بەختەوەری لە دڵخۆشکردنی خەڵکیدا ببینین. ئەمە هێزێکە لە هێزەکانی سروشت. من لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونەدام کە دەڵێت ژیانی من ملکی هەمو کۆمەڵگایە و بە شەرەفێکی گەورەی دەزانم تا دواهەناسەی ژیانم خزمەتی ئەو کۆمەڵگایە بکەم بەپێی توانا و دەمەوێت لەو پێناوەشدا هەمو شارەزایی و وزەیەکم بخەمە کار. ژیان بەلای منەوە ئەو مۆمە بچکۆلەیە نییە کە هەر کاتێك کوژایەوە نیتر هیچ کاریگەرییەك و شوێن دەستێکی بەجێ نەمێنێت بەڵکو ئەو مەشخەڵە مەزنەیە کە پێویستە هەڵی بگرم تا دەتوانم و پاشان بیدەمە دەست نەوەکانی داهاتوو.

لەم بارەیەوە (ئێن. ئیلدۆن تانەر) دەڵێت: "خزمەتکردن و جێبەجێکردنی ئەرکی سەرشانمان کرێی ژیانمانە لەسەر زەوی". مرۆڤ ئەگەر لە دەزگا خێرخوازیەکانیشدا نەبێت و تەنانەت لە بوارێکیشدا کارنەکات کە خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات، هێشتا هەر دەتوانیت بە چەندین ڕێگا خزمەت پێکەش بکات. مەحاڵە رۆژێك هەبێت لە ژیانی هیچ کەسێکدا کە لانی کەم خزمەتێکی پێشکەشی کەسێك نەکردبێت و بەمەش پاشەکەوتەکانمان لە بواری ڕێز و خۆشەویستی بێ بەرامبەر و بێ بەرژەوەندیدا زیاد دەکات.

ئاراستەکردنی خەڵك:

زۆربەی خەڵکەکە دەرەنجامی ئاوێنە کۆمەڵایەتییەکەن، واتە دەکەونە ژێر بیرو بۆچوون و کاریگەرێتی و پارادیمی خەڵکەوە. من و تۆش وەك دوو مرۆڤی سەربەخۆ، هەر لەو پارادیمەوە هاتووین و بەشێکین لەو وێنە کۆمەڵایەتییە.

ئێمە دەتوانین وا بکەین خەڵکەکە وێنەیەکی ئاشکراو دەستکارینەکراوی خۆیان ببینن و دەشتوانین سروشتە خوڵقێنەر و لایەنە ئەرێنییەکانیان نیشان بدەین و وایان لێ بکەین خۆیان بە لێپرسراو بزانن. دەتوانین وەکو مرۆڤی سەربەخۆی هاوسەنگ و خاوەن پرنسیپ و بنەما ئاراستەیان بکەین. تۆ ئەگەر بەرامبەرەکەت بە

Scanned by CamScanner

گەورە ببینیت خۆت بچوك ناكەیتەوە، بەڵكو بە پێچەوانە ئەو بەرچاوتێری و ڕێزگرتن و بەگەورە تەماشاكردنەی بەرامبەرەكەت دەبێتە مایەی گەورەبونی خودی خۆیشت چونكە بواری كارو هاوكاریت زیاد دەكات لەگەڵ خەڵكیدا.

هەر كەسێك لە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەسەری هاتووە كە هیچ بڕواو متمانەیەكی بەخۆی نەمێنێت و لەبیریشمانە كە ئەوساتەوەختە كەسێك دەری خست كە باوەڕی پێمانە، چۆن كاریگەرییەكی گەورەیی لەسەرمان بەجێ دەهێشت. كاتێك كە بەرامبەرەكەت بە هەڵسوكەوتی خۆی دووپاتی دەكاتەوە كە (ئەو) باوەڕی بە تواناكانی تۆ هەیە، مانای وایە (ئەو)بە شێوەیەك لە شێوەكان ئاڕاستەت دەكات و ئەمەش گۆڕانكارییەكی گرنگ بەدی دەهێنێت لە ژیانتدا.

تۆ ئەگەر ئاڕاستەكەرێكی ئەرێنی بیت و پشتیوانیی بۆ بەرامبەرەكەت دەربڕیت و ئەو كەسە لە ئاوێنەكەی تۆدا خۆی وەك كەسێكی بەڕێزو لێهاتو بینی، بە دڵنیاییەوە ڕێگای سەركەوتن دەگرێتە بەر. ئەم جۆرە تێڕوانینە بەرپرسیارێتی لە ملی كەسەكە داناماڵێت بەڵكو بە پێچەوانەوە هانی دەدات دەستپێشخەر بێت.

ڕەنگە زۆربەمان چیرۆكی ئەو شاعیرە سوارچاكەی سەدەكانی ناوەڕاستمان بیستبێت كە ژنێكی لەشفرۆش دەبینێت. ئەم ژنە لەشفرۆشە ژیانی خۆی بۆ ئارەزووەكانی خەڵك ڕێك خستبو. بەڵام ئەم سوارچاكە شاعیرە شتێكی دیكەی لە ژنەكەدا بینی، شتێكی جوان و خۆشەویست. ئەو خەسڵەتە باشەكانیشی دەبینی و بەردەوام جەختی لەسەریان دەكردەوە. تەنانەت ناوێكی تازەشی بۆ ژنەكە دۆزییەوە. ناوی نا - جوانە. كە ناوێكی تازەبو پەیوەست بە پارادیمێكی تازەوە.

سەرەتا ژنەكە كاردانەوەیەكی نەرێنی و خراپی نیشان دا بەرامبەر بە شاعیرەكە. ئەو كەوتبووە ژێر كۆنترۆڵی بیرو بۆچوونە كۆنەكانەوە. شاعیرەكەی بە كابرایەكی نەقڵ سوك و نائاسایی حساب دەكرد. بەڵام شاعیرە كۆڵی نەدا. خۆشەویستییەكی بێ سنور و بێ مەرجی پێبەخشی. بەردەوام بو لەسەر ئەم هەڵوێستەی تا ژنەكە وای لێ هات هیچ كاریگەرییەكی دیكەی لەسەر نەمێنێت. ژنەكە ئیتر وردە وردە وای لێ هات كاردانەوە و بیرو بۆچونەكانیشی بگۆڕێت و بە تەواوی بڕوا بە سوارچاكەكە بكات و بەپێی ئەم پارادیمە تازەیە ڕەفتار بكات بە جۆرێكی وا كە لە سەرەتادا هەمو دەوروبەرەكەی سەرسام كرد.

Scanned by CamScanner

دواتریش، کاتێک کە ژنەکە خەریک بو دەگەڕایەوە بۆ رەفتارەکانی جارانی، شاعیرە سوارچاکەکە لە سەرەمەرگدا بو، بانگی کردو ئەو شیعرە دڵڕفێنەی بۆ وت کە بە (خەونی مەحاڵ) ناسراوە. ئینجا چاوی بڕییە چاوی و پێی وت: (بیرت نەچێت، تۆ جوانیت ..)

یەکێک لە چیرۆکە کۆنەکانی بواری پێشبینیکردن چیرۆکی کۆمپیوتەرێکە لە بریتانیا کە بە رێکەوت لەکاتی پرۆگرامکردنیدا هەڵەیەکی زەق روو دەدات. هەڵەکە ئەوەبو کە ناوی قوتابییە زیرەکەکانی قوتابخانەکە خرابووە خانەی قوتابییە گێلەکان و لیستی قوتابییە گێلەکانیش بەهەڵە خرابووە خانەی زیرەکەکانەوە. راپۆرتی ئەم کۆمپیوتەرەش پێوەرێکی بنەڕەتی بو کە مامۆستاکان لەسەرەتای ساڵدا پەیڕەویان دەکرد بۆ ناسین و هەڵسەنگاندنی قوتابییەکان.

پێنج مانگو نیو پاش ئەوە، کاتێک کە بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکە بەو هەڵەیەی زانی، بڕیاری دا بە هیچ شێوەیەک ئەم مەسەلەیە لای کەس باس نەکات. سەرلەنوێ، جارێکی دیکە قوتابییەکان تاقی بکاتەوە. (ئیمتیحانیان بکات). ئەنجامەکە زۆر سەرنجڕاکێش بو. ئەو خوێندکارانەی کە بەڕاستی زیرەک بون و ناویان بەهەڵە خرابووە لیستی تەمەڵ و گێلەکانیش بە شێوەیەکی بەرچاو نمرەکانیان دابەزی. چونکە وا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا کە بەحساب تەمەڵ و لاسارن و توانای ئەقڵیشیان سنوردارە و فێرکردنیان زەحمەتە. ئەم جۆرە تێڕوانینە تەقلیدییەی مامۆستاکان وای کرد بەو شێوەیەیان لێ بێت.

بەڵام ئەوانەی کە بەراست تەمەڵ بون و ناویان بە هەڵە خرابووە لیستی زیرەکەکانەوە نمرەی بەرزیان هێنا چونکە مامۆستاکان بەو حسابە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن کە زیرەکن. ئەم جۆرە تێڕوانینە دەنگدانەوەی باشی دروست کرد لەسەر وزەو گەشبینی و خۆشحاڵکردنیندا. لە هەفتە سەرەکییەکانی ساڵی خوێندندا مامۆستاکان وا هەڵوێست و دۆخەکەیان لێک دەدایەوە کە: "خەتای مەنهەجاکانە چونکە کۆن و شکسخواردون، لەبەر ئەوە پێویستە بیانگۆڕین: زانیارییەکان ئەوەیان نمرەدەخست کە قوتابییەکان زیرەک بون و ئەو شتەی روی داوە پەیوەندی بە مەنهەجەوە هەیە لەبەر ئەوە مەنهەجەکانیان گۆڕی.

ئاوێنەکەی ئێمە چی نیشانی خەڵکەکە دەدات و ئەم رەنگدانەوەیە تا چەند

کاردەکاتە سەر ژیانیان؟ ئێمە دەتوانین سەرمایەگوزارییەکی زۆر بکەین لە پاشەکەوتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکانمان لەگەڵ خەڵکیدا. مرۆڤ چەند بتوانێت وزە شاردراوەکانی کەسی بەرامبەری ببینێت هێندە دەتوانێت پەنا بۆ خەیاڵ ببات. نەک گەڕانەوە بۆ بیرەوەری لەگەڵ هاوسەر و منداڵ و هاوکار و بەڕێوەبەرەکانیدا. تۆ بەم جۆرە تەماشاکردنەی بەرامبەرەکەت چیدی ئەو لە قاڵب نادەیت و هەر جارەی بە شێوازێکی نوێتر دەبینیت و دەتوانیت هاوکاری بیت لەوەی بیکەیتە کەسێکی سەربەخۆی وا کە لەخۆی رازی بێت و بتوانێت پەیوەندی بەسود و چاک لەگەڵ دەوروبەردا دروست بکات.

گۆتە دەڵێت: "ئەگەر مامەڵە لەگەڵ کەسێکدا بکەیت وەک ئەوەی کە هەیە، کەسەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر بەو چاوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەی کە پێویستە ببێت بە چی و ئاواتەخوازیت وای لێ بێت ئەوا کەسەکە دەبێتە ئەوەی کە پێویستە ببێت.

هاوسەنگی لە پرۆسەی نوێبونەوەدا

پرۆسەی نوێبونەوەی خۆیی بریتییە لە نوێبونەوەیەکی هاوسەنگ لە هەمو رەهەندەکانی سروشتی ئێمەدا: جەستەیی و رۆحی و هزری و کۆمەڵایەتی/ سۆزداریی. سەرەڕای بایەخی نوێبونەوە لە هەر رەهەندێك لەو رەهەندانەدا، بەڵام کاریگەریی دەوروتەنسیری ئەو نوێبونەوەیە دەرناکەوێت مەگەر بە مامەڵەکردن نەبێت لەگەڵ ئەو رەهەندانەدا بە شێوازێکی هاوسەنگ و حەکیمانە. هەروەها هەر رەهەندێکیش لەو رەهەندانە دەتوانێت کاریگەریی نەرێنی دابنێت لەسەر باقی رەهەندەکانی دیکە.

ئەم قسەیە هەم مرۆڤیش دەگرێتەوە و هەم دامو دەزگاکانیش. لە دەزگادا رەهەندە جەستەییەکە دەبێت بە مەسەلە ئابورییەکان، رەهەندی هزریش یاخود دەرونی لەو بوارانەدا بەرجەستە دەبێت کە پەیوەندییان بە ناوبانگ و گەشەکردن و سود وەرگرتن لە بەهرەکان هەیە. رەهەندە کۆمەڵایەتی/ سۆزدارییەکەش پەیوەستە بە پەیوەندییە مرۆییەکان و چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ خەڵکیدا. رەهەندە رۆحییەکەش دەبێت بە ئامانج و واتای دەزگا لەرێی بەشداری و مەبەست و دەستپاکیی ئەندامەکانییەوە.

Scanned by CamScanner

ئەگەر دەزگاکە هەر لایەنێك فەرامۆش بکات، ئەوا بە خراپە دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم دەزگاکە و بۆ ئەو هێزە خوڵقێنەرانەش کە رەنگە هێزێکی گەورەی لێ بکەوێتەوە دژی دەزگاکە بەکارهێنرێت و دەبێتە هۆی پەکخستنی بەرهەم و گەشەکردن.

من رێم کەوتۆتە دەزگای واوە کە هیچ پاڵنەرێکی نەبووە جگە لە پاڵنەری ئابوری – واتە زیادکردنی سەرمایە. دیارە ئەم جۆرە دەزگایانە بە ئاشکرا ئامانجەکە دەرنابڕن بەڵکو باس لە شتی دیکە دەکەن. بەڵام لە ناخیاندا هیچ شتێك نییە جگە لە ئارەزوی پارەکۆکردنەوە.

دەزگای لەوجۆرە، سیخناخە لە دیاردەی کەلتوری نەرێنی و دەبینین لق و بەشە جۆراوجۆرەکانی لە ململانێ و دژایەتیکردنی یەکتریدا خەریکی فێڵ و تەڵە نانەوەن بۆ یەکتری؛ دیارە هیچ دەزگایەك بەبێ کۆکردنەوەی پارەو زیادکردنی سەرمایەکەی ناتوانێت پێش بکەوێت، بەڵام ئامانجی دەزگا تەنیا هەر ئەمە نییە. ئێمە بۆ ئەوە نازێن کە بخۆین بەڵکو بۆ ئەوە دەخۆین کە بژین.

لەلایەکی دیکەوە، زۆر دەزگام بینیوە کە تەنیا هەر جەخت لە رەهەندە کۆمەڵایەتییەکە دەکاتەوە (کۆمەڵایەتی/ سۆزداری) ئەو دەزگایە بەردەوام تاقیکردنەوەی کۆمەڵایەتییان تێدا ئەنجام دەدرێت و لە بەهاکان و پێوەرەکانیدا هیچ پێوەرێکی ئابوری نابینێت – لە ئەنجامیشدا هەمو تواناو شارەزاییەکان لێیان دەتەکنەوە و ناتوانێت لە یارییەکەیدا بەردەوام بێت.

هەروەها زۆر کۆمپانیا و دەزگای واشم دیوە کە بایەخ بە سێ رەهەند دەدات – بۆ نمونە بایەخ بە پێوەرەکانی خزمەتگوزاری چاك دەدات. بڕەو بە پێوەرە ئابورییەکانیش دەدات و پەیوەندییە مرۆییەکانی لەلا گرنگە، بەڵام خۆی بە بەرپرسیاری ئەوە نازانێت خاوەن بەهرەکان دەستنیشان بکات و سودیان لێ ببینێت و رێز لە تواناکانیان بگرێت. لە ئەنجامدا، واتە لە ئەنجامی نەبونی "ئەو هێزە دەرونیانەدا" شێوازێك دێتە ئاراوە کە ئۆتۆکراسییە. خاوەنی کەلتورێکە لێوان لێوە لە بەرهەڵستکاری و دژایەتی و رقەبەرایەتی و زیادەڕەویکردن لە رێکخستندا و چەندین کێشەی دیکەی قوڵ و درێژخایەن.

کاریگەربونی مرۆڤ و دەزگا جۆراوجۆرەکان پەیوەستە بە گەشەپێدان و

نوێکردنەوەو و برەودانە بە هەمو رەهەندەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و حەکیمانە. فەرامۆشکردنی هەر رەهەندێك بەرهەڵستکاری لێ دەکەوێتەوە و گەشەکردن پەك دەخات. ئەو کەس و دەزگایانەی کە هۆشیارییان هەیە دەربارەی ئەو چوار رەهەندە، هەمیشە لە بڕیارەکانیاندا چوارچێوەی نوێبونەوەیەکی هاوسەنگ لەبەرچاو دەگرن.

کلیلی سەرکەوتنە ئابورییەکەی ژاپۆن و نهێنی درەوشانەوەکەی لە مەسەلە ئیدارییەکان و چاککردنی بەرهەمدا لەم پرۆسەیەدا دەبینرێن.

یەکتر تەواوکردن لە نوێبونەوەدا :

نوێبونەوەی هاوسەنگ خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی کەڵەکەبووە. ئەو کارانەی کە مرۆڤ ئەنجامیان دەدات بۆ تیژکردنەوەی مشارەکە لە هەر بوارێکدا کاریگەریی ئەرێنی دەبێت لەسەر بوارەکانی دیکە، چونکە رەهەندەکان لە ناوەوە زۆر پێکەوە پەیوەندییان هەیە. لەشساغی کاردەکاتە سەر سەلامەتی مێشك؛ هێزی رۆح کاردەکاتە سەر هێزی کۆمەڵایەتی و سۆزداریی. کە تۆ لە بوارێکدا چاکتر دەبیت، بوارەکانی دیکەشت چاکتر دەبن.

حەوت خووەکەی کەسانی هەرە کاریگەر باشترین هاوکاری دەخوڵقێنێت لەو رەهەندەدانەدا. نوێبونەوە لە هەر رەهەندێکدا لانی کەمی ئەو هەلەت بۆ دەرەخسێنێت کە هیچ نەبێت لە یەکێك لەو حەوت خووەدا بژیت. خووەکان هەرچەند یەك لەدوای یەکن بەڵام گەشەکردن لە خوویەکدا توانای زیاترت پێ دەبەخشێت خووەکانی دیکەش بەرجەستە بکەیت.

مرۆڤ هەتا زیاتر دەستپێشخەر بێت (خووی یەکەم) کاریگەرانەتر دەتوانێت ببێتە سەرکردە (خووی دووەم) و ژیانی خۆی بەڕێوەببات (خووی سێیەم). باشتر دەتوانێت چالاکییە گرنگ و کاوەخۆکان و نوێکەرەوەکان ئەنجام بدات (خووی حەوتەم) و هەتا زیاتر هەوڵ بدات سەرەتا ئەو تێبگات (خووی پێنجەم) زیاتر دەتوانێت بگاتە چارەسەرەکانی شێوازی براوە/ براوە (خووی چوارەم و خووی شەشەم). هەتا چاکسازیی زیاتریش بکەیت لەو خووانەی کە دەبنە مایەی سەربەخۆیی مرۆڤ (خووەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم) زیاتر دەتوانێت کاریگەرانە دەوروتەنسیری هەبێت لەسەر دەوروبەرەکەی و لەسەر پەیوەندی ئەو لەگەڵیاندا (خووەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم). بەڵام نوێبونەوە (خووی حەوتەم)

Scanned by CamScanner

بەرجەستەکردنی نوێکردنەوەی ئەو هەمو خووانەیە.

مرۆڤ لەکاتی نوێکردنەوەی رەهەندە جەستەییەکەیدا لەراستیدا تێروانین و گۆشەنیگای خۆی بەهێز دەکات (خووی یەکەم). هەروەها ویستی ئەرێنی و سەربەخۆی خۆی و پارادیمەکەشی بەهێز دەکات و ئەو راستییەی بۆ دوپات دەکاتەوە کە مرۆڤ لەبری ئەوەی کارلێکراو بێت دەتوانێت بونەوەرێکی کاراو بکەر بێت و خۆی جۆری کاردانەوەکەی هەڵببژێرێت بەرامبەر کارلێکە دەرەکییەکان. رەنگە ئەمەش گرنگترین دەرەنجامی راهێنانی جەستەیی بێت، چونکە هەمو سەرکەوتنێکی رۆژانە دەبێتە پاشەکەوتێك و دەچێتە لەسەر ژمارە حسابی هەستکردنت بە ئارامی و ئاسایشی ناخ.

مرۆڤ هاوکات لەگەڵ نوێکردنەوەی رەهەندە رۆحییەکەیدا توانای سەرکردایەتیکردنیش لە خۆیدا بەهێز دەکات (خووی دووەم) و وای لێ دێت نەك هەر بیرەوەرییەکانی، بەڵکو هۆش و خەیاڵیشی تێبپەڕێنێت بە جۆرێك بتوانێت قوڵ ببێتەوە لە تێگەیشتنی بۆچونە ئەقڵییەکانی و لەو بەهایانەی کە رەگی قوڵیان رۆچۆتە ناخییەوە و سیستمێکی هاوسەنگ لەناو خۆیدا بخوڵقێنێت پێکهاتبێت لە پرنسیپە راستەکان و لە دیاریکردنی پەیامە تایبەت و بێ وێنەکەی خۆی. لە ژیانیدا خۆی سەرلەنوێ بە جۆرێکی وا ئاراستە بکات کە ژیانی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ پرنسیپە راستەقینەکانیدا و هەروەها پشت بەستنیش بە سەرچاوەکانی هێزی خۆی. ئەو ئاستە چاکەی کە لە ئەنجامی نوێکردنەوەی رەهەندی رۆحیت، بەدەستی دێنیت دەبێتە پاشەکەوتێك و دەچێتە سەر حسابی ئاسایشی تایبەتی خۆت. هەروەها نوێکردنەوەی رەهەندی هزریش دەبێتە مایەی پتەوکردنی ویستی کەسەکە (خووی سێیەم). تۆ هەتا زیاتر پلان دابڕێژیت زیاتر ئەقڵت وا لێ دەکەیت ئەو چالاکییانە بناسێتەوە و لێیان تێبگات کە گرنگ و کاوەخۆن و هەروەها ئەو چالاکی و ئامانجانەش دیاری بکات کە لە ریزبەندییەکانی سەرەوەدان و دەبنە مایەی ئەوەی ئەوپەڕی سود لە کات و لە هەوڵەکانت ببینیت. ئەم مەسەلەیە لە بواری فێرکردنی بەردەوامدا بازنەی زانیارییەکانی مرۆڤ فراوانتر دەکات و ئەڵتەرناتیفی زیاتری دەخاتە بەردەست. مرۆڤ ئاسایشە ئابورییەکەی خۆی لەو پیشەو کارەدا دەستەبەر ناکات کە خاوەنیانە، بەڵکو بەوە دەستەبەری دەکات کە تا چەند توانای

Scanned by CamScanner

بەرهەمهێنانی هەیە و بیردەکاتەوە و فێر دەبێت و چەند داهێنەرە و چەندێك توانای خۆگونجاندنی هەیە. سەربەخۆییە داراییە راستەقینەکە لەمەدایە. مەسەلەکە بونی موڵك و سامان نییە بەڵکو ئەوەیە کە تا چەند دەتوانین سامان دروست بکەین.

کلیلی پێشخستنی حەوت خووەکە لە سەرکەوتنی رۆژانەی خۆتدایە و ئەمەش سەرومڕ لە ناو بازنەی دەوروتەنسیردا حەشار دراوە. رۆژانە لانی کەم یەك سەعات تەرخان بکە بۆ نوێکردنەوەی رەهەندە جەستەیی و رۆحی و هزرییەکان. بەم کاتە تەرخانکراوە دەتوانیت مەسەلە گرنگ و کاوەخۆکان بخەیتە ژیانتەوە و ببیتە کەسێکی هاوسەنگ.

لە سەرێکی دیکەشەوە ئەم بناغەی سەرکەوتنی رۆژانەیە و سەرچاوەی ئەم ئاسایشەی ناخە کە هەموان پێویستمان پێیەتی بۆ تیژکردنەوەی مشارەکە لە رەهەندە کۆمەڵایەتی و سۆزدارییەکەدا. هێزی ئەوەمان پێدەبەخشێت کە لە مەسەلەی پەیوەندییەکانماندا فۆکەس بخەینە سەر بازنەی دەوروتەنسیرمان و رێز لە جیاوازییەکانی نێوانی خۆمان و خەڵکی بگرین و بەرچاوتێر بین لە بەرامبەر سەرکەوتن و کامەرانیاندا. سەرکەوتنی رۆژانەی تایبەتی ئێمە ئەو بناغەیەمان بۆ دابین دەکات کە پێویستە بۆ تێگەیشتنێکی راستەقینە لە خەڵکی و هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی ئەو چارەسەرانەی کە سودی هەموانیان تیایە و ئەنجامدانی خووەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمیان لە بارودۆخێکی پڕ لە هاوکاری و یەکتر تەواوکردندا پێ ئەنجام دەدرێت.

سەرکەوتنە لولپێچییەکە

لەراستیدا نوێکردنەوە سەرەتاو تەنانەت خودی ئەو پرۆسەیەشە کە توانامان پێ دەبەخشێت بە لولپێچی گۆڕان و گەشەسەندندا سەربکەوین. کە لولپێچی گەشەکردنی بەردەوامە.

گەر بمانەوێت پێشکەوتنێکی راستەقینە و هەمیشەیی لەم سەرکەوتنەدا بهێنینە دی پێویستە لایەنێکی دیکە لە لایەنەکانی نوێکردنەوە بەهەند وەربگرین کە ویژدانە. خەسڵەتی مرۆڤ وا دروست بووە کە ویژدان رۆڵێکی گرنگی هەیە لە ئاراستەکردنی بزووتنەوە لولپێچەکە بەرەو سەرەوە. سەبارەت بە ویژدان "مادام دی. ستاڵ" قسەیەکی جوانی هەیە و دەڵێت: "دەنگی ویژدان هێندە ناسکە بە ئاسانی

Scanned by CamScanner

دەتوانیت کپی بکەیت، بەڵام هێندەش ئاشکرایە مەحاڵە لێمان تێك بچێت" ویژدان نیعمەتێکی خوایە کە سەبارەت بە پرنسیپە راست و دروستەکان چوونیەکبومان یاخود جیاوازییەکانمان پێکەوە دەبەستێت و ئەو کەسەی کە خاوەنی ویژدانێکی پێگەیشتوبێت مانای وایە ویژدانەکەی هێندەی ئەو پرنسیپانە بەرزە.

وەك چۆن یاریزانە نایابەکانی ئاسن زۆر گرنگە شارەزای دەمار و ماسولکەکان بن و خوێندکاری زانستە سروشتیەکانیش پێویستە شارەزای کارکردنی ئەقڵ بن، ئا بەو شێوەیەش مرۆڤە ئەرێنی و هەرە کاریگەرەکان پێویستە ویژدانیان فێر بکرێت. بەڵام راهێنان و مەشقکردن لەسەر ویژدان و فێرکردنی مەسەلەیەکە پێویستی بە سیستمێکی فێرکردنی زۆر هاوسەنگ و بە مرۆڤی ئەمین هەیە و کەسەکە دەبێت دڵ و مێشکی لای ئەو بابەتە بێت. هەروەها خۆی لەسەر خوێندنەوە و شارەزایی پەیداکردن لە ئەدەبی بەرزدا رابهێنێت و مێشکی بخاتە گەڕ بۆ دەرخستنی بیرۆکەی جوامێرانە و لە هەموشی گرنگتر پێویستە ژیانی وا رێك بخات کە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ دەنگە ناسك و نەگۆڕەکەی ویژداندا.

دیارە وەك چۆن وەرزشنەکردن و خۆراکی خراپ بۆ باری تەندروستی وەرزشکارەکانی ئاسن خراپە، بەو شێوەیەش ئەو مەسەلانەی کە ناشیرین و نارەوشتی و فێزەونن دەبنە هۆکاری ئیفلیجبونی هەستە ناسك و جوانەکانمان و دروشمی ویژدانە کۆمەڵایەتییەکەمان دەگۆڕێت. جاران ترسەکەمان ئەوەبو کە خەڵك پێمان نەزانێت و بەو کارە ناشایستەیەوە نەمانبینێت، بەڵام کە ویژدانمان ئیفلیج دەبێت، چاك و خراپمان لێ تێك دەچێت. لەم بارەیەوە (هامارسکجوۆڵد) دەڵێت:

تۆ ئەگەر لەگەڵ گیانلەبەرەکەی ناخی خۆتدا یارییت کرد بە دڵنیاییەوە دەبیتە گیانلەبەرێکی تەواو. ئەگەر لەسەر فێڵ و ساختەچێتیش بژیت مافی ئەوە لە خۆت دەستێنیتەوە کە راستیەکان بناسیت. ئەگەر لەسەر توتدوتیژییش بژیت تواناکانی ئەقڵت لەدەست دەدەیت. کەسێك بیەوێت کاروانەکەی بگەیەنێتە مەنزڵ، نابێ گوێبداتە سەگوەڕ.

ئێمە کە لە خۆمان تێگەیشتین پێویستە هاوزەمانیش پرنسیپ و ئامانجەکانی ژیانمان دیاری بکەین ئەگینا ئەو تێگەیشتنەمان لەکیس دەچێت و رێك وەکو تازەڵمان لێ دێت کە هەر لەپێناوی خواردن و زاووزێدا دەژین. ژیانی مرۆڤی لەوجۆرە

Scanned by CamScanner

بە ئێکسپایەر لەقەڵەم دەدرێت. تەنیا هەر رووداوەکانی دەوروبەریان کاردانەوەیان لا دروست دەکات و ئاگاداری ئەو بەخشش و نیعمەتە زۆرانە نین کە لە ناخیاندا بەفەرامۆشکراوی ماونەتەوە. دیارە لەم رووەوە هیچ رێگەیەکی قەدبڕ نییە بۆ پێشخستنی ئەو خەسڵەتە نایابانەی مرۆڤ. لێرەشدا هەر یاساکەی دروێنە باڵادەستە و ئێمە هەر ئەوە دەدروینەوە کە چاندومانە. یاسای دادپەروەری شتێکی نەگۆڕە و هەتا زیاتر لە پرنسیپە راستو دروستەکان نزیک ببینەوە باشتر دەتوانین جیهان و رووداوەکانی جیهان هەڵبسەنگێنین و بۆچوونەکانیشمان وردتر دەبن.

بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنمان بەپێی ئەم سەرکەوتنە لولپێچیە پێویستە چالاکتر بین لە پرۆسەی نوێکردنەوەدا ئەویش لەرێی فێرکردنی ویژدان و گوێڕایەڵبونەوە بۆی. ویژدان ئەگەر بەردەوام فێربکرێت کەسەکە هان دەدات شێلگیرتر و بەردەوامتر بێت لەسەر رێگای ئازادی و حیکمەت و زۆرتر هەست بە ئاسایشی ناخی خۆی بکات و دەوروتەنیسیریشی لە فراوانبونێکی بەردەوامدا بێت. بەردەوامبون لەسەر ئەم سەرکەوتنە لولپێچی‌یە پێویستی بەوە هەیە بەردەوام فێر ببین و پابەند ببین و ئاستی کارو چالاکییەکانیشمان رۆژ بەرۆژ بەرزتر بکەینەوە. ئێمە فێڵ لە خۆمان دەکەین گەر وابزانین ئەم فێربون و پابەندبون و کارکردنە سنوریان هەیە و ئیتر بەسن. بەردەوامبونی پێشکەوتن پێویستی بەوەیە بەردەوام فێربیت و پابەندبیت و کاربکەیت. فێربیت و کاربکەیت.



چەند پێشنیارێك بۆ جێبەجێکردن:

١. لیستێك ئامادە بکە بەو چالاکییانەی کە هەم بۆ جەستەت باشن و هەم لەگەڵ شێوازی ژیانیشت دەگونجێن و لەهەمان کاتیشدا بە تێپەڕبونی کات چێژیان لێ دەبینیت.

٢. چالاکییەك هەڵبژێرە و بیکەرە ئامانجی حەفتەی ئایندەت. لە کۆتایی حەفتەدا بیروبۆچونەکانت هەڵبسەنگێنە و ئەگەر نەگەیشتبویتە ئامانجەکەت پرسیار لە خۆت بکە بزانە هۆکارەکە چیيە؟ ئایا لەبەر ئەوەیە کە ئەو ئامانجەت بەستۆتەوە بە بابەتێکی گرنگەوە یاخود هۆکاری شکستەکەت ئەوەیە هەڵسوکەوت و بەهاکانت پێکەوە ناگونجێن؟

٣. لە بوارە هزری و رۆحییەکانیشدا چەند چالاکییەکی هاوشێوە ئامادە بکە. ئەو پەیوەندییانە باس بکە کە نیازت وایە گەشەیان پێبدەیت. هەروەها ئەو بارودۆخە تایبەتانەش کە سەرکەوتنی بەکۆمەڵ رۆڵی گەورەتری تیا دەبینن. بۆ ئەم حەفتەیە و لە هەر بوارێکدا ئامانجێك دیاری بکە. ئەنجامی بدەو دواتر هەڵیبسەنگێنە.

٤. هەمو حەفتەیەك چەند چالاکییەکی دیاریکراو لای خۆت تۆمار بکە بۆ تیژکردنەوەی مشارەکە، لە هەر چوار رەهەندەکەدا. چالاکییەکان ئەنجام بدە و پاشان شێوازی ئەنجامدانەکان و ئەنجامەکانیشیان هەڵبسەنگێنە.

Scanned by CamScanner

دیسانەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە

"کاری خواوەند لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە. کاری جیهان لە دەرەوەیە بۆ ناوەوە. جیهان خەڵکەکە دەباتە دەرەوەی گەڕەکە هەژارەکان. مەسیح گەڕەکە هەژارەکان رزگار دەکات. جیهان رەنگە بتوانێت بە گۆڕینی ژینگە خەڵکەکە بگۆڕێت. مەسیح خەڵک دەگۆڕێت و ئەوانیش ژینگەکەیان دەگۆڕن. جیهان رەفتاری مرۆڤ دیاری دەکات بەڵام خواوەند دەتوانێت رەفتاری مرۆڤ بگۆڕێت."

– ئارزا تافت بینسۆن

پێم خۆشە بەشدارییم بکەیت لەم چیرۆکە تایبەتەی مندا کە پێم وایە گەوهەری ئەم کتێبەی لەخۆگرتووە. بەشداریکردنەکەش بەوە دەبێت خۆت پەیوەست بکەیت بە بنەما سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر بە مەبەستی خۆتەرخانکردن بۆ نوسین مۆڵەتم وەرگرت لەو زانکۆیەی کە وانەم تیا دەوتەوە و بە خاوو خێزانەوە یەک ساڵ لە (هاوای) نیشتەجێ بوین کەوتۆتە کەناری باکوری (ئۆهۆ)ەوەوە.

پاش جێگیربونمان لەوێ ماوەیەکی کەم لە بواری گوزەران و ئیش‌وکاردا ژیانێکی رۆتینیمان دەست پێکرد کە نەک هەر بە بەرهەم بو، بەڵکو ئەوپەڕی کامەرانییشی تێدا بو.

بەیانیانی زوو لەو کەنار کامەرانییشی دوان لە منداڵەکانمان بەبێ خاوسی دەنارده قوتابخانە و خۆیشم دەچومە خانویەکی پەناوە لەنزیک کێڵگەیەکی قامیشە شەکر کە نوسینگەیەکی تیابو، لەوێ خەریکی نوسین دەبوم. شوێنەکە تا بڵێی بێدەنگ بو. خۆش‌و هێمن. نە تەلەفۆن و نە کۆبونەوە و نە چاوپێکەوتن.

نوسینگەکەم لە دەرەوەی بینای کۆلێژ بو. رۆژێکیان کە لە بەشی پشتەوەی کتێبخانەی کۆلێژەکە بەناو کۆمەڵە کتێبێکدا دەگەڕام، بە رێکەوت کتێبێک سەرنجی راکێشام و هەر کە بەیانیانی زوو لەوکەنار دەریایەوە کردمەوە چاوم کەوت بە برگەیەك کە زۆر کاری کردەسەر ژیانی لەوەو دوام.

Scanned by CamScanner

چەندین جار ئەو برگە سەرنجڕاکێشەم خوێندەوە کە بیرۆکەیەکی زۆر سادەی لەخۆگرتبو. برگەکە ئەمەیە: لەنێوان کارلێک و کاردانەوەدا ماوەیەک یاخود بۆشاییەک هەیە. بناغەی پێشکەوتن و کامەرانیمان پەیوەستە بەوەی چۆن ئەو ماوەیە دەقۆزینەوە.

هەرچەندە من خۆم باکگراوندێکی چاکم هەبو لەسەر فەلسەفەی دیاریکردنی چارەنوس، بەڵام شێوازی داڕشتنی گوزارشتەکە (بۆشایی نێوان کارلێکەرو کاردانەوە) بە تەواوی بوژاندمییەوە. کاریگەرییەکە بە جۆرێک بو خۆیشم باوەڕم نەدەکرد. لەوە دەچو یەکەمین جار بێت هەستم بە راستییەکی لەوجۆرە کردبێت. رێک وەکو شۆڕش وابو لە ناخمدا، بەو پێیەی کە (شۆڕش بیرۆکەیەکە کاتی هاتبێت).

چەندین جار بیرم لێ کردەوەو هەستم دەکرد مێشکی داگیرکردوم. وام لێ هات شتەکەم لە خۆمدا تاقی دەکردەوە و چێژێکی زۆرم وەردەگرت لەوەی کە ئەم برگەیە وای لێ کردوم ئازادبم لە هەڵبژاردنی کاردانەوەکەمدا و بگرە بشتوانم کاریگەر بم و تەنانەت بیشیگۆڕم.

پاش ماوەیەکی کەم و لەئەنجامی ئەم بیرۆکە شۆڕشگێڕانەیەدا وامان لێ هات من و ساندرا جۆرێک لە گفتوگۆی قوڵ پەیڕەو بکەین. پێش نیوەڕوان بە پاسکیلەکەم ئەو و دوو منداڵە بچوکەکەم هەڵدەگرت کە هێشتا نەچوبونە بەر خوێندن و ماوەی نزیکەی یەک سەعات قسەمان دەکرد. منداڵەکان زۆر حەزیان لە سواری پاسیکل بو، لەبەر ئەوە هیچ دەنگە دەنگێکیان نەدەکرد و بە ئاسانی گوێمان لە یەکتر دەبو. کاتێکیش دەگەیشتینە قەراخ ئاوەکە، لەو شوێنە بێدەنگە پاسکیلەکەمان دادەناو نزیکەی ٢٠٠ مەترێک بە پیاسەکردن دەڕۆیشتینە شوێنێکی بێدەنگ و لەوێ نانی نیوەڕۆمان دەخوارد.

کەناری ئاوەکەو ئەو روبارەی کە لە دورگەکەوە دەهات بە تەواوی منداڵەکانیان سەرگەرم دەکرد، من و ساندراش دەمانتوانی درێژە بە قسەکەمان بدەین بێ ئەوەی کەسێک پێمان ببڕێت.

ئەم گفتوگۆیە، کە ماوەی ساڵێکی تەواوی خایاند و رۆژانە لانی کەم دوو سەعاتی پێدەچو، ئاستی متمانەو لێکتێگەیشتنی نێوانمانی بەرزتر کردەوە.

لە سەرەتادا باسی هەمو مەسەلە خۆشەکانمان کرد — خەڵک، بیرۆکە، رووداوەکان،

Scanned by CamScanner

مناڵان، نوسینەکەم، خێزانەکەمان، کەلوپەلی ماڵ، پلانەکانی ئایندەو .. تاد. بەڵام وردە وردە گفتوگۆکانمان قوڵبونەوە و وامان لێ هات زیاتر و زیاتر باسی جیهانی ناوەوەی خۆمان بکەین – پەروەردەکردنمان، پلانەکانمان، هەستو سۆزمان، متمانە بەخۆکردن، ئێمە لە قوڵایی ئەو گفتوگۆیانەدا بابەتەکانمان دەبینی. هەروەها خۆیشمان دەبینی لەناو باسو بابەتەکاندا. ئینجا هەوڵمان دەدا بە هەندێك ڕێگەی تازەو سەرنجڕاکێش و خۆش سود لەو پانتاییە وەربگرین کە لەنێوان کارلێکەرەکە و کاردانەوەکەدا هەیە و ئەمەش وای لێ کردین بیر لە حاڵی خۆمان بکەینەوە کە چۆن پرۆگرام کراوین و چۆن ئەو پرۆگرامانە بونەتە پارادایمی ئێمە و جیهانبینیەکەمانی دروست کردووە. پاشان سەرکێشییەکی سەرنجڕاکێشمان لە جیهانی ناوخۆی خۆماندا دەست پێکرد و تەماشامان کرد شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و زۆر بەهێزتر و بەتامتر و گەورەتر و پڕدەستکەوتترە لەو شتانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا هەستمان پێ کردبون.

دیارە هەر هەمو ئەنجامەکان خۆش‌وشیرین نەبون، چونکە گەلێك جار بەر ناوچە هەستیارەکان و تەڵە ڕوتەکانی ژیانمان دەکەوتین و ڕوبەڕوی چەند ئەزمونێکی بەئازار و ناخۆش دەبوینەوە. هەروەها بەشێك لەو ئەزمونانەشمان هاتەڕێ کە تەواو لەبەردەم یەکتریدا کردینیەوە و خستینیە بەر ڕەحمەتی ڕەخنەکان. هەستمان کرد ئەو جۆرە ئەزمونانە پێویستن. پاشان کە چوینە ناو مەسەلە قوڵتر و هەستیارترەکانەوە و لێیان دەرچوین هەستمان کرد تا ئەندازەیەکی بەرچاو ڕزگارمان بووە لە ئاکامە خراپەکانیان.

ئێمە لەناو ئەو ئەزمونانەدا هاوکارو پشتیوانی یەکتری بوین. هەروەها هاندەر و هاوسۆزی یەکتریش بوین. بە ئەندازەیەکی وا کە وردە وردە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە پێویستە دوو یاسای گرنگ پەیڕەو بکەین بۆ ئەوەی ناویان بهێنین. یەکەمین یاسا بریتی بو لەوەی کە چینە قوڵەکانی ناخمان، ئەگەری ئەوەیان هەیە ئازارمان بدەن و بریندارمان بکەن، کەواتە دەسەڵاتی ئەوەمان نیە لێکۆڵینەوە لە یەکتری بکەین، بەڵکو دەبێت جەخت لەو ڕاستیە بکەینەوە کە (وردبونەوە) خۆی مەسەلەیەکی دوژمنکارانەیە و ئەوپەڕی لۆجیك لەخۆدەگرێت و کۆنترۆڵکەریشە. ئێمە لەڕاستیدا ئەو شتە زەحمەت و تازانەمان دەشاردەوە کە ترسناك بون و ترس و

Scanned by CamScanner

دیسانەوە لە ناوەوە بۆ دەرەوە

"کاری خواوەند لە ناوەوە بۆ دەرەوەیە. کاری جیهان لە دەرەوەیە بۆ ناوەوە. جیهان خەڵکەکە دەباتە دەرەوەی گەڕەکە هەژارەکان. مەسیح گەڕەکە هەژارەکان رزگار دەکات. جیهان رەنگە بتوانێت بە گۆڕینی ژینگە خەڵکەکە بگۆڕێت. مەسیح خەڵک دەگۆڕێت و ئەوانیش ژینگەکەیان دەگۆڕن. جیهان رەفتاری مرۆڤ دیاری دەکات بەڵام خواوەند دەتوانێت رەفتاری مرۆڤ بگۆڕێت."

- ئارزا تافت بینسۆن

پێم خۆشە بەشداریم بکەیت لەم چیرۆکە تایبەتەی مندا کە پێم وایە گەوهەری ئەم کتێبەی لەخۆگرتووە. بەشداریکردنەکەش بەوە دەبێت خۆت پەیوست بکەیت بە بنەما سەرەکییەکانی ناو چیرۆکەکە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر بە مەبەستی خۆتەرخانکردن بۆ نوسین مۆڵەتم وەرگرت لەو زانکۆیەی کە وانەم تیا دەوتەوە و بە خاوو خێزانەوە یەک ساڵی لە (هاوای) نیشتەجێ بوین کەوتۆتە کەناری باکوری (ئۆهۆ)دەوەوە.

پاش جێگیربونمان لەوێ ماوەیەکی کەم لە بواری گوزەران و نیش‌وکاردا ژیانێکی رۆتینیمان دەست پێکرد کە نەک هەر بە بەرهەم بو، بەڵکو ئەوپەڕی کامەرانییشی تێدا بو.

بەیانیانی زوو لەو کەنار کامەرانییشی دوان لە منداڵەکانمان بەبێ خاوسی دەنارده قوتابخانە و خۆیشم دەچومە خانویەکی پەناوە لەنزیک کێڵگەیەکی قامیشە شەکر کە نوسینگەیەکی تیابو، لەوێ خەریکی نوسین دەبوم. شوێنەکە تا بڵێی بێدەنگ بو. خۆش و هێمن. نە تەلەفۆن و نە کۆبونەوە و نە چاوپێکەوتن.

نوسینگەکەم لە دەرەوەی بینای کۆلێژ بو. رۆژێکیان کە لە بەشی پشتەوەی کتێبخانەی کۆلێژەکە بەناو کۆمەڵە کتێبێکدا دەگەڕام، بە رێکەوت کتێبێک سەرنجی راکێشام و هەر کە بەیانیانی زوو لەوکەنار دەریایەوە کردمەوە چاوم کەوت بە بڕگەیەک کە زۆر کاری کردەسەر ژیانی لەوەو دوام.

Scanned by CamScanner

چەندین جار ئەو برگە سەرنجراکێشەم خوێندەوە کە بیرۆکەیەکی زۆر سادەی لەخۆگرتبو. برگەکە ئەمەیە: لەنێوان کارلێك و کاردانەوەدا ماوەیەك یاخود بۆشاییەك هەیە. بناغەی پێشکەوتن و کامەرانیمان پەیوەستە بەوەی چۆن ئەو ماوەیە دەقۆزینەوە.

هەرچەندە من خۆم باکگراوندێکی چاکم هەبو لەسەر فەلسەفەی دیاریکردنی چارەنوس، بەڵام شێوازی دارشتنی گوزارشتەکە (بۆشایی نێوان کارلێکەرو کاردانەوە) بە تەواوی بوژاندمییەوە. کاریگەرییەکە بە جۆرێك بو خۆیشم باوەرم نەدەکرد. لەوە دەچو یەکەمین جار بێت هەستم بە راستییەکی لەوجۆرە کردبێت. رێك وەکو شۆرش وابو لە ناخمدا، بەو پێیەی کە (شۆرش بیرۆکەیەکە کاتی هاتبێت).

چەندین جار بیرم لێ کردەوەو هەستم دەکرد مێشکی داگیرکردوم. وام لێ هات شتەکەم لە خۆمدا تاقی دەکردەوە و چێژێکی زۆرم وەردەگرت لەوەی کە ئەم برگەیە وای لێ کردوم ئازادبم لە هەڵبژاردنی کاردانەوەکەمدا و بگرە بشتوانم کاریگەر بم و تەنانەت بیشیگۆرم.

پاش ماوەیەکی کەم و لەئەنجامی ئەم بیرۆکە شۆرشگێرانەیەدا وامان لێ هات من و ساندرا جۆرێك لە گفتوگۆی قوڵ پەیرەو بکەین. پێش نیوەروان بە پاسکیلەکەم ئەو و دوو منالە بچوکەکەم هەڵدەگرت کە هێشتا نەچوبونە بەر خوێندن و ماوەی نزیکەی یەك سەعات قسەمان دەکرد. منالەکان زۆر حەزیان لە سواری پاسیکل بو، لەبەر ئەوە هیچ دەنگە دەنگێکیان نەدەکرد و بە ئاسانی گوێمان لە یەکتر دەبو. کاتێکیش دەگەیشتینە قەراخ ئاوەکە، لەو شوێنە بێدەنگە پاسکیلەکەمان دادەناو نزیکەی ٢٠٠ مەترێك بە پیاسەکردن دەرۆیشتینە شوێنێکی بێدەنگ و لەوێ نانی نیوەرۆمان دەخوارد.

کەناری ئاوەکەو ئەو روبارەی کە لە دورگەکەوە دەهات بە تەواوی منالەکانیان سەرگەرم دەکرد، من و ساندراش دەمانتوانی درێژە بە قسەکەمان بدەین بێ ئەوەی کەسێك پێمان ببرێت.

ئەم گفتوگۆیە، کە ماوەی ساڵێکی تەواوی خایاند و رۆژانە لانی کەم دوو سەعاتی پێدەچو، ئاستی متمانەو لێکتێگەیشتنی نێوانمانی بەرزتر کردەوە.

لە سەرەتادا باسی هەمو مەسەلە خۆشەکانمان کرد — خەڵك، بیرۆکە، رووداوەکان،

Scanned by CamScanner

منالان، نوسینەکەم، خێزانەکەمان، کەل‌وپەلی ماڵ، پلانەکانی ئایندەو .. تاد. بەلام وردە وردە گفتوگۆکانمان قوڵبونەوە و وامان لێ هات زیاتر و زیاتر باسی جیهانی ناوەوەی خۆمان بکەین — پەروەردەکردنمان، پلانەکانمان، هەستو سۆزمان، متمانە بەخۆکردن، ئێمە لە قولایی ئەو گفتوگۆیانەدا بابەتەکانمان دەبینی. هەروەها خۆیشمان دەبینی لەناو باس‌و بابەتەکاندا. ئینجا هەوڵمان دەدا بە هەندێك ڕێگەی تازەو سەرنجڕاکێش و خۆش سود لەو پانتاییە وەربگرین کە لەنێوان کارلێکەرەکە و کاردانەوەکەدا هەیە و ئەمەش وای لێ کردین بیر لە حاڵی خۆمان بکەینەوە کە چۆن پرۆگرام کراوین و چۆن ئەو پرۆگرامانە بونەتە پارادیمی ئێمە و جیهانبینیەکەمانی دروست کردووە. پاشان سەرکێشییەکی سەرنجڕاکێشمان لە جیهانی ناوخۆی خۆماندا دەست پێکرد و تەماشامان کرد شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشە و زۆر بەهێزتر و بەتامتر و گەورەتر و پڕدەستکەوتترە لەو شتانەی کە لە جیهانی دەرەوەدا هەستمان پێ کردبون.

دیارە هەر هەمو ئەنجامەکان خۆش‌وشیرین نەبون، چونکە گەلێك جار بەر ناوچە هەستیارەکان و تەڵە روتەکانی ژیانمان دەکەوتین و روبەروی چەند ئەزمونێکی بەئازار و ناخۆش دەبوینەوە. هەروەها بەشێك لەو ئەزمونانەشمان هاتەڕێ کە تەواو لەبەردەم یەکتریدا کردینیەوە و خستینیە بەر رەحمەتی رەخنەکان. هەستمان کرد ئەو جۆرە ئەزمونانە پێویستن. پاشان کە چوینە ناو مەسەلە قوڵتر و هەستیارترەکانەوە و لێیان دەرچوین هەستمان کرد تا ئەندازەیەکی بەرچاو رزگارمان بووە لە ئاکامە خراپەکانیان.

ئێمە لەناو ئەو ئەزمونانەدا هاوکارو پشتیوانی یەکتری بوین. هەروەها هاندەر و هاوسۆزی یەکتریش بوین. بە ئەندازەیەکی وا کە وردە وردە گەیشتینە ئەو باوەڕەی کە پێویستە دوو یاسای گرنگ پەیڕەو بکەین بۆ ئەوەی ناویان بهێنین. یەکەمین یاسا بریتی بو لەوەی کە چینە قوڵەکانی ناخمان، ئەگەری ئەوەیان هەیە ئازارمان بدەن و بریندارمان بکەن، کەواتە دەسەڵاتی ئەوەمان نیە لێکۆڵینەوە لە یەکتری بکەین، بەڵکو دەبێت جەخت لەو راستیە بکەینەوە کە (وردبونەوە) خۆی مەسەلەیەکی دوژمنکارانەیە و ئەوپەڕی لۆجیك لەخۆدەگرێت و کۆنترۆڵکەریشە. ئێمە لەراستیدا ئەو شتە زەحمەت و تازانەمان دەشاردەوە کە ترسناك بون و ترس‌و

گومان و نیگەرانییان دروست دەکرد. دەشمان ویست زیاتر و زیاتر بیشارینەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کارێکمان کرد کە هەرکەسە رێگە بدات بەرامبەرەکەی لەکاتی تەرخانکراوی خۆیدا دڵی خۆی بکاتەوە.

یاساکەی دیکە ئەوەبو: ئەگەر مەسەلەکە زۆر بریندارکەر و بەئازار بو، ئەوا ماوەی رۆژێکی تەواو واز لە گفتوگۆکە بهێنین و پاش ئەوە یان لەو شوێنەوە دەست پێدەکەینەوە کە گفتوگۆکەمان تیا راگرتبو، یاخود چاوەڕێ دەکەین تا کەسەکە هەست دەکات دیسان دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ یاساکە. هەمیشە کۆتاییەکانمان بە گراوەیی دەهێشتەوە، چونکە دەمانزانی پێویستمان پێی دەبێت. هەروەها لەبەرئەوەش کە هەم کاتمان بەدەستەوە بو هەم ژینگەکەش لەباربو. ئێمە لەبەرئەوەی زۆر مەبەستمان بو بچینە قوڵایی ناخی خۆمانەوەو گومانمان لە مەسەلەکان هەبو، هەر زوو لەو راستییە تێگەیشتین کە مەسەلەکە درەنگ و زوویی کەوتووە ئەگینا ئیشمان هەر دەکەوێتە ئەم کۆتاییە کراوانەوە و بە شێوەیەك لە شێوەکان تەواوی دەکەین.

زەحمەتترین بەشی ئەم گفتوگۆیە – کە دواجار باشترین بەرهەمی لێ کەوتەوە – ئەوەبو کە هەستمان کرد منیش و ساندرایش دەتوانین بەرامبەرەکەمان بریندار بکەین. ئینجا پاش ئەوە بۆمان دەرکەوت کە هیچ دوورییەك نەماوە لەنێوان کارلێکەر و کاردانەوەدا، چونکە ئەم مەسەلەیە تەواو سەرقاڵی کردوین، لەئاکامدا هەستە رفاوییەکان دەرکەوتن. بەڵام ئارەزوی قوڵی هەردوکمان و رێکەوتنە رانەگەیەندراوەکەی نێوانمان توانییان وامان لێ بکەن لەو شوێنەوە دەست پێبکەینەوە کە لێی وەستابوین و بەردەوام کار لەسەر ئەم هەستە رفاویانە بکەین تا بەسەریاندا زاڵ دەبین.

کاتێك کە یەکێك لەو چرکەساتە زەحمەتانە هاتە رێم هاوئاهەنگ بو لەگەڵ ئارەزوییەکی بنەڕەتی ناخی خۆمدا. کەسایەتی باوکم کەسایەتییەکی تایبەت بو. زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد و زۆریش خۆی کۆنترۆڵ کردبو. دایکم ئەوساش و ئێستاش کەسێکی زۆر کۆمەڵایەتییە. قسەی دڵ و قسەی زمانی یەکێکن و کەسێکی زۆر راشکاوە. بۆم دەرکەوت کە ئەو دووجۆرە هەستکردنە لە ناخمدا زیندون. کاتێك کە هەست بە نەبونی ئاسایشی و سەلامەتی دەکەم هەوڵ دەدەم وەکو

Scanned by CamScanner

باوکم و لە ناخی خۆمدا بژیم و تایبەتمەندییەکانم بپارێزم و چاودێری دۆخەکە بکەم.

ساندرا وەکو دایکمە. کۆمەڵایەتییە. باوەڕپێکراو و قسە لەڕووە. من و ئەو ساڵەهای ساڵ پێکەوە بوین و چەندین ئەزموونمان تێپەڕاندووەو لەو ئەزموونانەدا من هەستم دەکرد کە ئەو کراوەیی و زۆر کۆمەڵایەتیبوونە شتێکی گونجاو نییە بۆ ئەو. ئەویش هەستی دەکرد کە دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکە نیشانەی جۆرە ناتەواوییەکەی هەم لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و هەم بۆ خودی خۆیشم چونکە ئەو دڵەراوکێیە وام لێ دەکات بێ شعور بم بەرامبەر بە هەست و ناڕەحەتیی خەڵکەکە. ئەم هەمو زانیاریانە و زیاتریش، لە ئاکامی ئەو ڕۆچونە قوڵەوە بەدەستمان هێنا کە بۆ ناوناخی خۆمان ئەنجامان دەدان. وام لێ هات سوپاسی ساندرا بکەم، کە بەرامبەر ئەو نیگەرانییەی من چیتر نەیدەتوانی خۆی ڕابگرێت و بە حیکمەت و زیرەکییەکی شایستەوە هاوکاری کردم بگۆڕێم و ببمە کەسێکی کراوەتر و بەخشندەتر و هەستیارتر و کۆمەڵایەتیتر.

تەنگانەیەکی دیکەشمان هاتەڕێ کە خۆم پێم وابو ئەمە واسواسییەکە و چەند ساڵێکە یەخەی ساندرای گرتووە. واسواسی بەرامبەر ئامێرە کارەباییەکانی مارکەی (فریجیدەر). زۆر هەوڵم دا لەم مەسەلەیە حاڵی ببم، چونکە ساندرا وای لێ هاتبو بێجگە لە کەلوپەلی مارکەی (فریجیدەر) هیچ ئامێرێکی دیکەی نەدەکڕی. تەنانەت کاتێک کە لەسەرەتای ژیانی هاوسەریماندا بوین و داهاتێکی بچوکمان هەبو، بڕیاری دا ماوەی ٥٠ میل ببڕێت بۆ ئەوەی بگاتە ئەو شارە گەورەیەی کە ئامێری مارکەی ناوبراوی تیا چنگ دەکەوت و لە شارۆچکە بچوکەکەی خۆماندا ئەوکاتە نەبو.

ئەمە لای من ئاماژەیەکی دروست کرد، بەڵام خۆشبەختانە کاتێک کە ئامێرەکەمان کڕی مەسەلەکە چارەسەرکرا. کاتێکیش بابەتەکەمان خستە بەرباس و گفتوگۆوە، وەک ئەوەی پەنجە بنێین بە دوگمەی وەڵامدانەوەیەکی توندوتیژدا، شتەکە لای من وەک ئەوەی لێهات سیمبولێك بێت بۆ هەمو جۆرە بیرکردنەوەیەکی نائەقڵانی و زنجیرەیەك هەستی نەرێنی تیا دروست کردم.

من بەهۆی ئەو ڕەوشتە تایبەتەی خۆمەوە کە شتێکی ناتەواو بو لە حاڵەتی ڕووبەڕووبونەوەی مەسەلەی وادا کۆنترۆڵ لەدەست دەدەم و قسەی خراپ لە دەمم دێتە

دەرێ، لەبەر ئەوە بڕیارم دا باشترین هەڵسوکەوت ئەوەیە ئەم هەڵسوکەوتە پەیڕەو نەکەم چونکە ڕەنگە قسەی خراپ بکەم و لە دواجاردا ناچار ببم داوای لێبوردن بکەم.

ئەوەی زیاتر بێزاری کردم ئەوەبو کە ساندرا ئامێرەکانی ئەو مارکەیە دەکڕێت لەبەر ئەوەنییە مارکەکەی زۆر خۆش دەوێت بەڵام لەبەر هۆکارێکە من بە نا لۆجیکیی دادەنێم و ئەو داکۆکیانەی ساندرا لە (فریجیدەر)ی دەکات هیچیان فریان بەسەر ڕاستییەوە نییە.

ئێمە کە ئەم مەسەلەیەمان کۆتایی پێهێنا لەسەرەتای وەرزی بەهاردا بوین. گفتوگۆکانمان ئامادە کردو یاسا بنەڕەتییەکان چەسپین، بەوەی کە ئەگەر مەسەلەکە ئازاری هەردوکمان یان یەکێکمانی دا ئەوا پێویستە وازی لێ بهێنین و زیاری لەسەر نەڕۆین.

هەرگیز من ئەو ڕۆژەم بیر ناچێتەوە کە باسی ئەم مەسەلەیەمان کرد. ئێمە بەدەم قسەوە چوینە ناو کێڵگەکانی گەنمەشامیەوە و وەکو ڕۆژانی پێشو ڕێی کەناری دەریاکەمان نەگرتە بەر، وابزانم لەبەر ئەوەی کەسمان تەماشای ئەوی دیکەی نەدەکرد. کۆمەڵێک بیرەوەری هەستی ناخۆش و مێژوویەکی دورودرێژی دەرونی هەبون پەیوەست بەم مەسەلەیەوە. ئەمانە ماوەیەکی زۆر شاردرابونەوە و کولاندنەوەی کارێکی زەحمەت بو چونکە دورنەبو ببێتە مایەی لێک جیابونەوەمان. بەڵام کاتێک کە پێکەوە هەوڵی ئەوەمان دەستپێکرد کە پەیوەندییەکی یەکگرتووی جوان بەرەو پێبەدەین ئیتر هەمو مەسەلەیەکی یەکلاکەرەوە بو بە مەسەلەیەکی گرنگ.

ئەنجامەکانی ئەم کارلێکە بۆ من و بۆ ساندرا سەرسوڕهێنەر بو. بەراستی شتێکی بەکەڵك و هاریکار بو. وا پێدەچو ئەمە یەکەمینجار بێت ساندرا بزانێت لەبەرچی هێندە خولیای ئەو ئامێرانەیە. کەوتە قسەکردن دەربارەی باوکی، کە چۆن وەك مامۆستای مێژوو لە خوێندنگایەکی ئامادەیی کاری کردووە و پاشان چەند جارێك بۆتە مامۆستای تایبەت و دواتر بۆ دابینکردنی ژیانی خێزانەکەی چۆتە بواری ئامێرەکانەوە. سەردەمێکیش کە گرانی ڕووی کردۆتە وڵات ئەم زەحمەت و ناڕەحەتی زۆری هاتۆتە ڕێ و تاقە شتێك کە لەو قۆناغە زەحمەتەدا پاراستویەتی و

نائیراوی نەکردووە کۆمپانیای (فریجیدەر) بووە.

پەیوەندی نێوان ساندراو باوکی پەیوەندییەکی زۆر قوڵ و جوان بووە .. هەمو رۆژێك کە هیلاك و ماندو لەسەرکار دەگەڕایەوە، ئەچووە سەر قەنەفەیەك پاڵ دەکەوت و ساندراش گۆرانی بۆ دەوت. ماوەی چەندین ساڵ رۆژانە پێکەوە بون. باوکی ساندرا دڵی بەو کچەی زۆر دەکرایەوە و لە ئاکامی ئەم پێکەوەبونە بەردەوامەدا وای لێ هات قسەی دڵی خۆی بۆ بکات و باسی نیگەرانییەکان و کێشە وخەفەتەکانی بۆ بکات. باسی رۆڵی کۆمپانیای فریجیدەر لە رزگارکردنی ژیانی ئەو خێزانەدا یەکێك بو لەو باسە گەرموگوڕانەی کە باوکی ساندرا رۆژانەی گوێی کچەکەی پێ ئاودەدا کە چۆن لە تەنگانەدا ئەو کۆمپانیایە فریای خۆی و خێزانەکەی کەوتووە.

ئەم گفتوگۆیەی نێوان باوك و کچەکە لە رۆژگارە ئاساییەکاندا هێندە خۆرسك بوو کە توانی بەهێزترین کاردانەوە لەلای ساندرا دروست بکات. دیارە ئەمەش لە نەستی ساندرادا چەسپی. ئەوساڵەش کە ئێمە ئەو گفتوگۆیەمان کرد رەنگە ساندرا بێشتر بە تەواوی مەسەلەکەی بیرچوبێتەوە و گفتوگۆکە وای کردبێت بیرۆکەکە بەوشێوە سروشتی و خۆڕسکە دەربکەوێتەوە. زەهنی ساندرا توانی رۆبچێتە قوڵاییەکانی ناخی خۆیەوە و بگاتە ریشە سۆزدارییەکانی. ئەو هەستو خۆشەویستییەی کە ساندرا هەیەتی دەرهەق بە (فریجیدەر)؛ منیش لە ئاکامی ئەمەدا زانیارییەکی گرنگم بەدەست هێناو رێز و پێزانینیشم لەلای ساندرا زیادی کرد. گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ساندرا لە باسکردنی کۆمپانیاکەدا باسی ئامێرەکان ناکات بەڵکو باسی باوکی و باسی ئەمەك و خۆشەویستی باوکی دەکات دەرهەق بەو کۆمپانیایە.

بیرمە ئەو رۆژە هەردوکمان چاومان پڕبو لە گریان، نەك لەبەرئەوەی شتێکی نوێمان بۆ دەرکەوتو بەڵکو لەبەر ئەوەی رێزی یەکتریمان لەلا زۆر گرنگ بو. بۆمان دەرکەوت، کە هەمو شتێك ریشەی قوڵی سۆزداری هەیە، تەنانەت ئەو مەسەلانەش کە بە رواڵەت بێبایەخن. مامەڵەکردن لەگەڵ مەسەلە کەمبایەخەکاندا بێ تەماشاکردنی مەسەلە قوڵ و هەستیارەکان وەك ئەوە وایە بچیتە ناو قوڵایی مەسەلەیەکی پیرۆزی دڵی کەسێکی دیکە. ئێمە لەو چەند مانگەدا کۆمەڵێك

دەستكەوتی باشمان هەبو. گفتوگۆكانمان هێندە بەهێز بوبون كە دەمانتوانی زۆر بە خێرایی بیروبۆچونی یەكتری بخوێنینەوە. كاتێكیش (هاوای)مان جێهێشت بڕیارمان دا لەسەر ئەم ڕەفتارەمان بەردەوام بین. بۆیە وەكو جاران بە سواری پاسكیل دەسوڕاینەوە ئەگەر كەش‌وهەواكە لەبارنەبوایە سواری ئوتومبیل دەبووین تەنیا لەبەر ئەوەی ئەو ماوەیە پێكەوە خەریكی دەمەتەقێ ببین. هەستمان كرد بناغەی بەردەوامبونی خۆشەویستییەكەمان گفتوگۆكردنە، بەتایبەت دەربارەی هەست و سۆزمان. ئەم گفتوگۆ و بیروراگۆڕینەوەیە ڕۆژانی دیكەش پێویست بون، تەنانەت ئەگەر لە سەفەریش بومایە، هەر قسەمان كردووە. چونكە ئەمە وەكو گەڕانەوە وایە بۆماڵەوە و مرۆڤ وا لێ دەكات هەست بە كامەرانی و ئاسایش بكات.

لەمەوە دەتوانین بڵێین (تۆماس وۆڵف) چاكی نەپێكاوە چونكە مرۆڤ دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە ئەگەر ماڵەكە بریتی بێت لە پەیوەندییەكی بەنرخ و لە هاوڕێیەتییەكی گرانبەها.

پێكەوە ژیانی نەوەكان:

لەو ساڵە دڵفرێنەدا كە لەگەڵ (ساندرا)دا بۆمان دەركەوت مرۆڤ دەتوانێت ماوەی نێوان كارلێكەر و كاردانەوە بەكاربهێنێت بەشێوەیەكی حەكیمانە، وزەی پێویستیشی داینێ لە ناوەوە بۆ دەرەوە. بە مەبەستی برەودان بە هەرچوار بەخششە بێهاوتاكەی سروشتی مرۆڤ.

پێشتریش ئەو ڕێبازە پەیرەوكراوەمان تاقی كردەوە كە لە دەرەوە بۆ ناوەوەیە. یەكتریمان خۆش‌ویست و هەوڵمان دا لەڕێی جیاوازییەكانمانەوە كۆنترۆڵی هەڵوێست و ڕەفتارەكانمان بكەین ئەویش بە خۆڕاهێنان لەسەر شێوازە بەسودەكانی كارلێكی مرۆڤانە. بەڵام ماوەیەكی دوورودرێژیش تەنیا هەر لە روكەشدا بوین و وەك ئەوە وابو نەخۆشییەكان بە حەبی ئازار چارەسەر بكەین تا ئەوكاتەی كە دەستبەكاربوین و گفتوگۆكانمان بردە ئاستی پارادیمە بنەڕەتییەكان و ئیتر بۆمان دەركەوت كە كێشە بنەڕەتییەكان هێشتا هەر ماون و لەوێدان.

كاركردن لەناوەوە بۆ دەرەوە (لە ناخەوە بۆ ئاشكرا) وای لێ كردین بتوانین پەیوەندییەك بنیاد بنێین لەسەر متمانە و ڕاشكاویی. هەروەها پارمەتیشی داین ئەو گیروگرفتانە بە شێوەیەكی قوڵ و هەمیشەیی چارەسەر بكەین كە دەرئەنجامی

ناتەواویەکی تەندروستی و دەرونیە و هەرگیز بەو شێوازە نایگەینێ کە بمانەوێ لە دەرەوە کاربکەینە سەرناوەوە. هەروەها ئەو شێوە کارکردنەی لە ناوەوە بۆ دەرەوە بەرهەمە بەتامەکانیشی پێگەیاند کە بریتین لە پەیوەندی نێوان سودی گشتی و هاوئاهەنگی و لێکتێگەیشتنی قولی نێوانمان. بەرهەمەکان ئەو رەگو ریشانە دروستیان کردن کە ئێمە دامانمەزراندبون لەکاتی چاوخشاندنەوە بە بەرنامەکان و سەرلەنوێ خۆئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی ژیانی خۆماندا بە رادەیەکی وا کە توانیمان کاتێکی زۆر بگێڕینەوە بۆ چالاکییەکانی چوارگۆشەی دووەم کە زۆر گرنگە بۆ مەسەلەی گفتوگۆی قولی دووبەدوو.

دیارە ئەو شێوە کارکردنەمان بەروبومی دیکەشی هەبوو. توانیمان قولتر ببینین و وەك چۆن ژیانمان کەوتبووە ژێر کاریگەرییەکی بەهێزی باوك و باپیرانمان، ئاواش ژیانی منداڵەکانمان کەوتنە ژێر کاریگەریی ئێمەوە بە چەند شێوازێکەوە کە ئێمە تەنانەت لێشیان تێنەدەگەیشتین. ئەمە وای لێ کردین تێبگەین کە ئاراستەکردن هێز و بایەخی زۆری هەیە لە ژیانی ئێمەدا، بۆیە ئارەزوی ئەوەمان لادروست بو هەمو هەوڵێکی خۆمان بخەینە گەڕ بۆ دڵنیابون لەوەی کە هەر ئامۆژگاری و نمونەیەك بۆ نەوەکانی داهاتو جێدەهێڵین. ئامۆژگاری و وەسێت نمونەی چاکن و لەسەر بناغەی راستو دروست دامەزراون.

من لەم کتێبەدا بایەخێکی تایبەتم داوە بەو ئامۆژگاری و رێنماییانەی کە فێرکراوین و کە زۆر بە جددی هەوڵ دەدەین بیانگۆڕین. بەڵام کە بە وردی چاو بەو ئامۆژگاری و رێنماییانەدا دەخشێنینەوە زۆربەمان هەست دەکەین ئەو ئامۆژگاری و رێنماییانەی کە بە میراتی لە باوباپیرانمانەوە وەکو راستیگەلێکی بەلگە نەویست پێمان گەیشتوون هەموویان ئەرێنی و جوانن. مرۆڤ ئەگەر بەراستی خۆی ناسی ئەوا نرخی ئەو رێنماییانەی لادەبێت و رێزی ئەوانەش فەرامۆش ناکات کە پێش ئەو ژیاون و ئەمیان پەروەردە کردووە لەسەر بنەماو پرنسیپی وا کە نەك هەر رەنگدانەوەی بارودۆخی ئێستامانن بەڵکو داڕێژەری ئایندەشمانن.

لەناو خێزاندا هێزێکی بەتین هەیە پەیوەندی بەهێزی نێوان نەوەکان دیاری دەکات. ئەو خێزانە گەورانەی کە منداڵ و باوك و دایك و نەنك و باپیر و مام و خاڵ و پور و منداڵەکانیان لەخۆ دەگرن و هاوکارییەکی کاریگەر لە نێوانیاندا هەیە، لە

خێزانە بچوكەكان زیاتر دەتوانن كار بكەنە سەر ئەندامەكانیان و باشتر دەتوانن یارمەتییان بدەن لە خۆناسین و لە پێناسەكردنی ئامانجەكانیاندا.

مەسەلەیەكی باشە مرۆڤ بتوانێت پەیوەندی بە خێڵەكەیەوە هەبێت و خەڵك زۆربناسێت و بایەخیان پێبدات، تەنانەت ئەگەر ئەو خەڵكەش پەرش وبلاو بن لەسەرتاسەری وڵاتدا. چونكە ئەمە لە پەروەردەكردنی خێزانەكەتدا یارمەتیت دەدات. لەبەرئەوەی ئەگەر بەهۆی بارودۆخێكی تایبەتەوە یەكێك لە منداڵەكانت لە قۆناغێكی دیاریكراودا نەیتوانی بە تەواوی پەیوەندی بكات بە تۆوە، رەنگە بتوانێت پەیوەست ببێت بە برایەكتەوە یاخود بە خوشكێكتەوە كە جێگەی ئەو دایك و باوكەی بۆ پڕبكاتەوە یاخود ببێتە مامۆستا و فارەمانی ئەو منداڵە بۆ ماوەیەكی دیاریكراو.

مەزنترین مرۆڤ ئەو نەنك و باپیرانەن كە بایەخێكی مەزن بە نەوەكانیان دەدەن. ئەمە ئاوێنەیەكی كۆمەڵایەتی زۆر ئەرێنییە. دایكم نمونەیەكی ئەو جۆرە نەنكانەیە، كە ئێستاش لە كۆتایی هەشتاكانی تەمەنیدا، بایەخێكی تایبەت بە هەمو نەوەكانی دەدات. نامەی زۆر ناسك و جوانیان بۆ دەنوسێت. چەند رۆژێك لەمەوبەر لەناو فڕۆكەدا بوم كە یەكێك لەو نامانەیم خوێندەوە و چاوم پڕبو لە گریان. ئەو ژنە مەزنە هەركاتێك قسەی لەگەڵ بكەم دەڵێت "ستیفن، حەزدەكەم بزانیت زۆرم خۆش دەوێیت و زۆر بە سەرنجڕاكێشت دەزانم"

ئەو خێزانە گەورانەی كە نەوەكانیان پەیوەندییان پێكەوە هەیە باشترین و هاوئاهەنگترین و پڕبەرهەمترین جۆری پەیوەندییەكانن. زۆربەشمان بایەخی ئەم جۆرە پەیوەندییانە دەزانین. شتێكی زۆر جوانە كە ببینین رەگ و ریشەمان دەگاتەوە ساڵانی پێشو. هەر یەكێك لە ئێمە رەگی هەیە و دەتوانێت بەدوای ئەو رەگەدا بچێت بۆ ئەوەی باووباپیری خۆی بناسێت. بەهێزترین و جوانترین پاڵنەر بۆ ئەو گەڕان و بەدواداچونە تەنیا لەبەر خاتری خۆمان نییە، بەڵكو لەبەر خاتری نەوەكانی خۆمان و نەوەی هەمو مرۆڤایەتییە. خاوەنی ئەو قسەیە زۆر جوانی بۆچووە كە دەڵێت:

"ئێمە هەمیشە تەنیا دوو وەسیەتمان هەیە بۆ منداڵەكانمانی بكەین. یەكێكیان رەگ و ریشەیە و ئەوی دیكەیان باڵە."

Scanned by CamScanner

کەسی گوێزەرەوە

بە بۆچونی من، "باڵ بەخشین" بە منداڵەکەت یاخود بە خەڵکی دیکە مانای وایە تۆ ئەو ئازادییەت پێ بەخشیون کە هەمو ڕێنمایی و ئاراستەکردنە ئەرێنییەکانیان تێبپەڕێنن کە بە میراتی بۆیان بەجێماوە. ئەم باڵبەخشینە ڕێک ئەو شتەیە کە هاوڕێیەکی نزیکم (د. تێری وارنەر) ناوی لێ ناوە کەسی "گوێزەرەوە". تۆ لەبری ئەوەی ڕێنماییە بۆماوەییەکان بگوێزیتەوە بۆ ئەوەی دوای خۆت، دەتوانیت بە جۆرێکی وا دەستکارییان بکەیت و بیانگۆڕی کە ببنە مایەی دروستکردنی پەیوەندی باش.

بۆ نمونە ئەگەر بە منداڵی باوك و دایکت خراپ بوبن لەگەڵتدا و هەمیشە (جوێن)یان پێ دابێت، ئەمە مانای وا نییە کە پێویستە تۆش جوێن بە منداڵەکانت بدەیت. کەسی ئاسایی ڕەنگە ئەو ڕێنمایییە دووپات بکاتەوە. بەڵام ئەوانەی ڕۆحی دەستپێشخەرییان تێدایە دەتوانن ڕێنماییەکە سەرلەنوێ دابڕێژنەوە. دەتوانن نەک هەر جوێن بە منداڵەکانیان نەدەن بەڵکو بایەخی باشیان پێ بدەن و بە شێوەیەکی ئەرێنی ئاراستەیان بکەن. تۆ دەتوانیت ئەمە لە پەیامە تایبەتەکەی ژیانی خۆتدا تۆمار بکەیت. هەروەها لە ئەقڵیشت و لە دڵیشتدا. دەتوانیت وابکەیت ئەم ئاراستەو ڕێنماییە نوێیە هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ سەرکەوتنی تایبەتی ڕۆژانەتدا. هەروەها دەشتوانیت لە باوك و دایکت ببوریت و خۆشت بوێن. ئەگەر لە ژیانیشدا مابون دەتوانیت پەیوەندی چاکیان لەگەڵدا دروست بکەیت بە مەبەستی لێکتێگەیشتن.

دەکرێت لە تۆوە ئیتر ئەو جۆرە ئاراستە و ڕێنماییە باوەی ناو خێزانەکەت بوەستێت کە ئەوە دوای ئەوە بە میرات بۆتان ماوەتەوە. کەواتە تۆ کەسێکی گوێزەرەوەیت، تۆ ئامرازی پەیوەندییت لەنێوان ڕابردو و ئایندەدا. ئەم گۆڕانکارییەی تۆ دەیهێنیتە ئاراوە دەتوانێت کاریگەریی گرنگ بەجێ بهێڵێت لەسەر نەوەکانی داهاتو.

یەکێك لە کەسایەتییە گوێزەرەوەکانی سەدەی بیستەم (ئەنوەر سادات)ە. ئەو سەبارەت بە سروشتی گۆڕان تێگەیشتنێکی قوڵی بۆ بەجێهێشتین. ڕابردوو بریتی بو لە دیوارێکی گەورەی گومان و ڕق و خراپ لێکحاڵیبون لەنێوان عەرەب و ئیسرائیلیەکاندا. ئایندەش لەوە دەچو هیچ نەبێت جگە لە گۆشەگیری زیاتر و

ململانێی زیاتر. سادات لەنێوان ئەم رابردووە و ئەم ئایندەیەدا وەستا. هەوڵەکانی سادات بۆ گفتوگۆکردن، لە هەموو ئاستەکاندا بەرپەرچ درایەوە. تەنانەت لەو مەسەلانەشدا کە روکەش بون و هیچ بایەخێکیان لە دەقی رێکەوتنە پێشنیارکراوەکاندا نەبو.

ئەوکاتەی کە خەڵکی دیکە لەپێناوی رێگرتن لە تەقینەوەی دۆخەکە هەوڵیان دەدا گەڵاکان ببڕن (پەیوەندییەکان) سادات بڕیاری دا کار لەسەر رەگەکان بکات ئەویش بە پشتبەستن بەو ئەزمونەی کە لە سەرەتای ژیانیدا لە زیندانە یەک کەسیەکەدا فێری بوبو. سادات بەم جۆرە کارکردنەی توانی ئاڕاستەی ژیانی ملیۆنەها مرۆڤ بگۆڕێت.

ئەو لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا دەڵێت:

"بێ ئەوەی بە خۆم بزانم پشتم بەو هێزە ناوخۆییەی خۆم بەست کە لە ژووری ژمارە (٥٤)ی زیندانی قاهیرەدا بەدەستم هێنا. دەتوانین ئەم هێزە ناوبنێین توانای گۆڕین. من لەو ژوورەدا روبەروی هەڵوێستێکی زۆر ئاڵۆز بومەوە و هیچ هیوایەکم بە گۆڕینی نەبو تا ئەوکاتەی خۆم چەکدار کرد بە توانا دەرونی و هزرییە پێویستەکە. من لەو شوێنەدابڕاوەدا لە ژیانی خۆم و لە سروشتی مرۆڤ رامام و ئەو رامانە فێری کردم کە ئەو مرۆڤەی نەتوانێت بناغەی بیرکردنەوەی خۆی بگۆڕێت ناتوانێت واقیع بگۆڕێت و هیچ پێشکەوتنێک بەدەست ناهێنێت. گۆڕانی راستەقینە لە ناوەوەیە بۆ دەرەوە. گۆڕان بەوە دروست نابێت گەڵای هەڵوێستەکان و لق و پۆپی رەفتاری کەسایەتییە نەگۆڕەکان ببڕیت، بەڵکو پێویستە بچیت بەلای رەگ و ریشەکانەوە، بەلای بناغەکانەوە. بیرکردنەوەو پارادیمە بنەڕەتییە پێویستەکانەوە کە هەر ئەوان کەسایەتی مرۆڤ پێناسە دەکەن و خوڵقێنەری ئەو هاوێنەیەن جیهانی لێوە دەبینێت." (ئامیل) دەڵێت: مرۆڤ دەتوانێت لە هزردا راستییە رەوشتییەکە ببینێت و هەستی پێبکات. بەڵام سەرباری ئەمانەش زۆر جار لەدەستمان دەردەچێت. سەبارەت بە مرۆڤ، شتێک هەیە لە (هۆش) قوڵترە، ئەویش کەسایەتییە واتە گەوهەر و سروشتمان.. ئەم راستییانەی کە بونەتە پێکهێنەری ئێمە و خۆڕسک و خۆویست و خۆنەویستیشن، لەراستیدا ژیانی ئێمەن، واتە لە موڵک زیاترن. کەواتە هەتا بۆشایی هەبێت لەنێوان ئێمە و راستیدا مانای وایە ئێمە لەدەرەوەی ئەو

Scanned by CamScanner

بۆشاییەداین. ڕەنگە ژیان بریتی نەبێت لە بیرکردنەوە و هەست و هۆشیاری و ئارەزوی ژیان بەڵام ئامانجی ژیان هەمیشە کامڵبوونە. کەواتە تاقە شتێك کە ملکی ئێمە بێت تەنیا ڕاستیە، بێ گوێدانە ئەوەی لەکیسمان دەچێت یان نا. ڕاستی نە لە دەرەوەی ئێمەدایە و لەناو ئێمەدا. ڕاستی ئێمەیە و ئێمەش ڕاستیین.

بەدیهێنانی یەکبون لەگەڵ خۆمان و خۆشەویستانمان و هاوڕێ و هاوکارانماندا چاکترین و بەتامترین و پیرۆزترین میوەی حەوت خووەکەیە. زۆربەمان لە ڕابردوودا ناوبەناو ئەم یەکبونە ڕاستەقینەیەمان تام کردووە، هەروەها تامی تاڵییەکەی یەکنەبونەشیمان چەشتووە و دەزانین یەکبوون چەندە بەنرخە و لەهەمان کاتیشدا چەند ناسکە.

دیارە بنیادنانی کەسایەتییەکی چاك و کامڵ و ئەوەی کە لەسەر بنەماکانی خۆشەویستی و خزمەتکردن بژیت کە بەرهەمی ئەم جۆرە یەکبونەن کارێکی ئاسان نیە. ناتوانین بە ئاسانی لە ناخی خۆماندا بیچەسپێنین.

بەڵام یەك مەسەلە هەیە کە مەحاڵ نییە. ئەو مەسەلەیەش بەوە دەست پێدەکات ژیانمان چڕبکەینەوە لەسەر پرنسیپە ڕاستەکان و دوربکەوینەوە لەو پارادایمانەی کە پاشماوەی پرنسیپەکانی دیکە و هی ناوچە دڵنیاکانی تایبەت بە خووە خراپەکانن.

ئێمە هەندێك جار هەڵە دەکەین و لە ئاکامی ئەو هەڵەیەدا ئیحراج دەبین، بەڵام ئەگەر دەست بدەینە سەرکەوتنی تایبەتی ڕۆژانە و گۆڕانکاری ئەنجام بدەین لە ناوەوە بۆ دەرەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەنجامەمان دەست دەکەوێت. مرۆڤ ئەگەر تۆو بچێنێت و ئاوی بدات و بژاری بکات، دیارە نەشونمای ڕووەکەکە و تامی خۆشی بەروبومەکە دڵخۆشی دەکەن.

یا ئەمجارەش قسەکەی (ئیمیرسۆن)تان بیربخەمەوە کە دەڵێت:

"کە دەبینێت ئەوکارەی مەبەستی تۆیە ئاسانتر لە جاران دێت بەدەستەوە مانای وانیە سروشتی پەیامەکەت گۆڕانی بەسەردا هاتووە بەڵکو مانای وایە تواناکانت زیادیان کردووە بۆ ئەنجامدانی."

ئێمە لەڕێی چڕکردنەوەی ژیانمان لەسەر پرنسیپە ڕاستەکان و لەسەر خوڵقاندنی فۆکەسێکی هاوسەنگ لەنێوان ئەنجامدانی کارێك و زیادبونی توانامان

بەسەر ئەو کارەدا دەتوانین ژیانێکی بەکەڵك و پڕ لە ئاشتی و کاریگەر بۆ خۆمان و نەوەکانمان دەستەبەربکەین.

Scanned by CamScanner

پاشکۆ

ئەو ئەڵتەرناتیڤانەی کە ڕەنگە ببنە سەنتەری ژیان

Scanned by CamScanner

ئەمانەی خوارەوە رێگا ئەڵتەرناتیڤەکانن بۆ تێگەیشتن لەوانی دیکەی ژیانت

ئەگەر سەنتەرەکەت بریتی بێت:	هاوسەر	خێزان	پارە	ئیش	خاوەندارێتی ملك و ماڵ
هاوسەر	* گەورەترین سەرچاوەی تێرکردنی پێویستیەکان	* وەکو خۆی باشە * بایەخی کەمترە * پرۆژەیەکی هاوبەش	* پێویستە بۆ رازیکردن و بەختەوەرکردنی هاوسەر	* پێویستە بۆ بەدیهێنانی پارە بۆ رازیکردنی هاوسەر	* ئامرازی بەختەوەری و گاریکەری و کۆنترۆل
خێزان	* بەشێکە لە خێزان	* گەورەترین بایەخی هەیە	* بۆ پاڵپشتیکردنی خێزانە لەرووی ئابورییەوە	* ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێك	* ئیسراحەتی خێزان و فرسەتەکانیشێتی
پارە	* یان سەرچاوەیەکی بەهێزی بەدەستهێنانی پارەیە، یاخود رێگرە و بەفیرۆ دەدرێت	* سەرچاوەی بەفیرۆدانی پارەیە	* سەرچاوەی ئاسایش و بەدیهێنانی داواکانە	* پێویستە بۆ پارەپەیداکردن	* بەڵگەی سەرکەوتنی ئابورییە
ئیش	* یاخود سەرچاوەی پارەمەتیدەرە یاخود رێگرە	* یاخود سەرچاوەی پارەمەتیدەرە یاخود رێگر * وەکو تاك پێویستن بۆ رێنماییکردن دەربارەی رەوشتی کار	* بایەخێکی لاوەکی هەیە * بەڵگەی ئەوەیە باش کاردەکەیت	* سەرچاوەی سەرەکی دابینکردنی ئاسودەیی و پێویستییەکانە * بەرزترین رەوشتە	* کەرەسەن بۆ زیادکردنی کارایی ئیشەکە * بەرهەم و بەڵگەی کارن

Scanned by CamScanner

خاوەندارێتی	* گرنگترین سامانە * یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی کەلوپەل	* ئامرازێکە بۆ بەکارهێنان و چەوساندنەوە. بالادەستی و کۆنترۆڵ و حوکم کردن * گەنجینەی نمایشەکان	* کەرەسەیەکە بۆ زیادکردنی خاوەندارێتییەکان. * خۆی جۆرێکی دیکەی ئەو مڵک و ماڵیە کە دەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت	* فرسەتێکە بۆ بەدەستهێنانی پێگەو دەسەلات و دانپێدانانی خەڵک	* نیشانەی پێگەکەتە
چێژ	* یان هاوڕێی خۆشییەکانە یاخود رێگری بەردەمیانە	* یان ئامرازێکە یاخود رێگرە	* ئامرازێکە بۆ زیادکردنی فرسەتەکانی چێژ و بەختەوەری	* ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێک * ئیشەکە رابواردنە؟ باشە	* کەرەسەی رابواردنن * ئامرازن بۆ چێژی زیاتر
هاوڕێیەک یاخود کۆمەڵێک هاوڕێ	* یان بە هاوڕێیەتی دەمێنێتەوە یان ئەگەری ئەوە هەیە ببێتە رکابەرت * نیشانەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەتە	* هاوڕێیەت یاخود رێگری بەهێزبونی هاوڕێیەتیت * نیشانەی دۆخە کۆمەڵایەتییەکەتە	* سەرچاوەی دڵنیایین لەڕووی ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە	* فرسەتێکی کۆمەڵایەتیە	* ئامرازێکە بۆ ئەوەی خەڵک ببنە هاوڕێت. * ئامرازێکە بۆ چێژ یاخود بۆ دەبینکردنی بەختەوەری کۆمەڵایەتی

Scanned by CamScanner

ئەمانەی خوارەوە رێگا ئەڵتەرناتیڤەکانن بۆ تێگەیشتن لەوانی دیکەی ژیانت

ئەگەر سەنتەرەکەت بریتی بێت:	چێژ	هاوڕێ / هاوڕێکان	دوژمن / دوژمنەکان	دەزگا ئاینییەکان	خود	پرنسیپەکان
هاوسەر	* یان چالاکییەکی دوایینەی یەکخەرە یاخود گرنگ نییە	* هاوسەرەکەت یان باشترین هاوڕێتە یان تاقە هاوڕێ * هاوڕێ تەنیا هەر هاوڕێیە	* هاوسەرەکەت یاخود بەرگریکارە یاخود دوژمنێکی هاوبەشە و هەموو شت بەدەست ئەوە	* چالاکییەکە با هەموومان چێژی لێ وەربگرین. * لەژێر کۆنترۆڵی پەیوەندییە هاوسەرگیرەکەدایە	* هاوسەرەکە حسابە * هەستیارە و کاریگەری زۆری رەفتار و هەڵوێستی هاوسەرەکەی لەسەرە	* ئەو بیرۆکانەن کە پەیوەندی لەگەڵ هاوسەردا دروست دەکەن و پەرەی پێدەدەن
خێزان	* یان چالاکییەکی خێزانە یاخود زۆر گرنگ نییە	* یان هاوڕێکەی خێزانن یاخود رکابەرن * مایەی هەڕەشەن بۆسەر ژیانی بەهێزی خێزان	* خێزان دیارییان دەکات * سەرچاوەی هێز و یەکپارچەیی خێزانن * رەنگە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆسەر خێزان	* سەرچاوەی یارمەتییە	* بەشێکی گرنگی خێزانە بەڵام ملکەچێتی	* ئەو یاسایانە دەگرێتەوە کە خێزان بە یەکگرتوویی و توانا دەهێڵێتەوە
پارە	* سەرچاوەی بەهێزدانی ئابووری یاخود بەڵگەی گوشاری ئابووری بە	* هۆکار و کاریگەرییە ئابوورییەکانت هاوڕێ دەستنیشان دەکەن	* رکابەرە ئابوورییەکانت هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی ئابووری	* بۆ خۆدەربازکردنە لە باج * پارەی پێ پەیدا دەکەین	* نرخ و بەهات لەوەدایە چەندت هەیە	* ئەو رێگایانە دەگرێتەوە کە بۆ پارە پەیداکردن چاکن

Scanned by CamScanner

ئیش	* کات بەفیڕۆدانە * ڕق لە کار دەگرێت	* لەرزۆکی کارەوە پەیدا دەبێت یان ئەگەر هەردولا هەمان خولیاو ئارەزوویان هەبو * زۆر گـرنگ و پێویست نییە	* ڕێگـرە لەبـەردەم بەرهەمهێنـدا	* گرنگە بۆ ئەوەی بە یەکگرتوت لەهەڵەم بدات لەگەڵ تیمانەکارانـدا * کاتت لێ دەبات * فرسەتێکە بۆ ئەوەی تێکەڵ نیشەکەت بکەیت	* کـار پێناسـەی (خود) دەکات	* ئەو بورۆکانەن کە لە نیشەکەتدا دەتکەنە کەسێکی سەرکەوتو * پێویستە خۆیـان لەگەڵ بـارودۆخی کارەکەدا بگونجێنن
خاوەندارێتی	* شت کرین / چونە بازاڕ / بون بە ئەندامیانەکان	* وەکو کەلوپەلی تایبەت وان * دەتوانیـت بـەکاریان بهێنیت (بیانچەوسێنێتەوە)	* دزن/ ئەوانەن کە (شت) ئەبەن * ئەوانـەن کـە ڕێـزی زیـاتر و کەلوپـەلی زیاتریان هەیە	* شوێنی خوایەرستی خۆم نیشانەیەکە بۆ دۆخی خۆم * سەرچاوەی ڕەخنەی ناعادیلانەیە یاخود هی شتی باشە	* ئەو شتانە دیاری دەکەن کە (من) خاوەنیانم * ڕێـز و پێگـەی کۆمەڵایـەتی دیـاری دەکەن	* ئـەو بورۆکانـەی کـە کەلوپەلـەکان زیـاد دەکـەن و نرخیـان بـەرزتر دەکەنەوە
چێژ	* بەرزترین ئامانجی ژیانە * سەرچـاوەیەکی گرنگی ئاسایشە	* ئەوانـەن کـە لـە ڕابواردندا لەگەڵتان	* ئەوانەن کە ژیانیان بە قورسی و جددی گرتووە * بـۆ هەڵەیـەک دەگـەڕێن لێتی بکەن بە هەڵا	* ڕێگرێکی خراپی ڕابواردنە * خۆ بەگوناهبار زانین	* کەرەسـەی ڕابواردن	* ئـەو واقیـع و ئـارەزوە سروشـتیانەن کـە پێویستە تێر بکرێن
هاوڕێ / هاوڕێکان	* هەمیشە لەگەڵ هاوڕێکانتدا چێژ لە شتەکان وەردەگریت * لـە پلـەی یەکەمـدا ڕووداوە کۆمەڵایەتیەکانن	* ڕەخنە لە بەختەوەری و دڵخۆشی دەگرن * پابەنـدبون و قبـوڵکردن و خۆشەویست بون شتی یەکلاکەرەوەن	* ئەوانەی دەرەوەی بازنە کۆمەڵایەتییەکەن * کۆمەڵێک دوژمنی هاوبەش و تێڕوانینێکی تایبەتیان هەیە بۆ هاوڕێیەتی	* شوێنێکە بۆ کۆبونەوەی کۆمەڵایەتی	* شتێکە کۆمەڵگا پێناسەی دەکات * تـرس لـە ڕەتکردنـەوە و لـە ڕووداەمان	* ئـەو پیـا بناغەییانـەن کـە توانـات دەدەنـێ لەگەڵ خەڵکیدا بگونجێنیت

Scanned by CamScanner

ئەگەر سەنتەرەکەت بریتی بێت:	ئەمانەی خوارەوە ڕێگا ئەڵتەرناتیڤەکانن بۆ تێگەیشتن لەوانی دیکەی ژیانت				
	هاوسەر	خێزان	پارە	ئیش	خاوەندارێتی ملك و ماڵ
دوژمن/ دوژمنەکان	* هاوسۆزە یاخود قۆچی قوربانییە	* پەناگەیە (پشتیوانی) یاخود قۆچی قوربانی	* ئامرازێکە بۆ دوژمنایەتیکردن یاخود بۆ سەلماندنی سەرکەوتنی خۆت	* بۆ خۆدزینەوە باشە یاخود فرسەتێکە بۆ گەڕان بەدوای هەست و سۆزەکاندا	* کەرەسەی دوژمنایەتیکردن * ئامرازێکە بۆ دەستبەرکردنی هاوپەیمانی * پەناگەیە
دەزگا ئایینییەکان	* لە خزمەتکردنی شوێنەکەدا هاوڕێتە کارئاسانیت بۆ دەکات. یاخود ڕادەی ئیمانداریت تاقی دەکاتەوە	* ڕادەی پابەندبونی تێدا نیشان دەدرێت بە دەزگا ئایینییەکانەوە یاخود ڕادەی ئیمانداریی نیشان دەدات	* ئامرازێکە بۆ یارمەتیدانی دەزگاکە و هەروەها خێزانیش * ئەگەر پارەت لە خزمەتکردنی دەزگاکە پێ گرنگتر بێت دەبێتە بەڵا.	* لەکاتی پێویستیدا بەکەڵکە	* وەکو شتی کاتی بایەخی وایان نییە * ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگن
خود	* ملکی خۆتە * سەرچاوەی ئارامی و بەختەوەرییە	* ملکی خۆتە * ئارەزووەکان تێر دەکات	* سەرچاوەی تێرکردنی پێویستییەکانە	* هەلێکە بۆ ئەنجامدانی شتەکانی خۆم	* بەمە دەتوانیت خۆت بناسێنیت و بیبارێزیت و هانی بدەیت

Scanned by CamScanner

پرنسیپەکان

* ئەو پەیوەندییە دووقۆڵیانەدا کە سودی هەردولاتانی تێدایە هاوبەشێکە رێك هێندەی تۆیە

* هاوڕێتن
* فرسەتێکە بۆ خزمەتکردن و بەئەنجام گەیاندن و بەشداریکردن
* فرسەتێکە بۆ سەرلەنوێ رێکخستنەوەی ئەوەکان و هەروەها بۆ گۆڕانکاریش

* سەرچاوەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە گرنگەکان کە لە پێشەوەن.

* ئامرازێکیشە بۆ دابینکردنی سەرچاوەیەکی ئابوری
* فرسەتی بەکارهێنانی ئەو بەهرەو دەسەڵاتانەیە کە مانایەکی سیمبولییان هەیە.
* سەرمایەگوزاری کردن بۆ ئەوەی هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ مەسەلەکان و کاتەکانی دیکە و بگونجێت لەگەڵ بەهاکانی ژیاندا

* دەتوانن ببنە سەرچاوە
* بەرپرسیارێتیتن، پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو رەفتاریان لەگەڵدا بکەیت
* لەچاو مرۆڤدا بایەخی کەمتریان هەیە.

دوژمنێك یاخود زیاتر	★ کاتێك بۆ حەوانەوە و ئارامی پێش دەستپێکردنی شەڕی داهاتو	★ هەوادار و لایەنگری هاوسۆزن ★ دوژمنی هاوبەش دیاری دەکات	★ سیمبولی رق و کینەیە	★ سەرچاوەی کێشە تایبەتەکانە ★ هاندەری بەرگری لەخۆکردن و پاساو هێنانەوەکانن	★ قوربانیی پێدەدرێت ★ دوژمن لە پەلوپۆی دەخات	★ پاساوێکە بۆ پۆلێنکردنی دوژمنەکان ★ سەرچاوەی نارەحەتکردنی دوژمنەکانتە
دەزگا ئاینییەکان	★ کۆبونەوەت لەگەڵ خەڵکی دیکەدا لە دەزگا ئاینییەکاندا چێژت پێدەبەخشێت ★ خەڵکانی دیکەی گوناهکار و کات بەفیڕۆدەر وا دەکەن خۆفیداکردن بە شێوازێکی راست نەیەتە دی	★ بریتین لە ئەندامانی دەزگاکە	★ بێ باوەڕەکانن. ئەوانەن کە ناکۆکن لەگەڵ رێنمایی دەزگا ئاینییەکاندا یاخود ژیانیان بە ئاشکرا پێچەوانەی ئەم رێنماییانەیە	★ بەرزترین سەرچاوەی هیدایەت	★ خۆ سەلماندن و رێز لەخۆگرتن بەوە دێتەدی کە لە دەزگا ئاینییەکاندا چالاکییت هەبێت و بەشداربیت لەو کردەوانەی کە رەوشتی دەزگاکە نیشان دەدەن.	★ بریتین لەو رێنماییانەی کە دەزگا ئاینییەکان دەڵێنەوە. ★ ملکەچی دەزگاکان دەبن ★ سەرچاوەی نارەحەتکردنی دوژمنەکانتە. ★ بریتین لەو رێنماییانەی کە دەزگا ئاینییەکان دەڵێنەوە. ★ ملکەچی دەزگاکان دەبن

Scanned by CamScanner

خود	* هێرکردنی ئارەزووە شایستەکانە کە هەستیان پێ دەکرێت * پێویستە * مافی خۆتە	* پشتیوانی مەن و ئیسراحەتم بۆ دابین دەکەن	* سەرچاوەی پێناسەکردن و پاساوکردنی خودی خۆتن	* ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانت	* مافێکی باشتر و داهێنانەتر و گەورەترە * پاساو بۆ ئەوە دەهێنێتەوە کە هەموو سەرچاوەکان بخەینە خزمەت تێرکردنی پێویستییەکانی خۆتەوە	* سەرچاوەی پاساو هێنانەوەن * ئەو بیرۆکانە دەگرنەوە کە دەتوانن خزمەتی بەرژەوەندییەکانم بکەن و لەگەڵ پێویستییەکاندا بیانگونجێنم.
پرنسیپەکان	* لە ژیانی ئاراستەدار چێژ لە زۆربەی زۆری چالاکییەکانەوە دەستەبەر دەبێت. * کاردانەوەیەکی راستەقینەیە وەک بەشێکی گرنگ لە سیستمە ژیانێکی هاوسەنگ و کامڵ	* لەو مەسەلانەدا کە سوودی گشتی تێدایە هاوڕێتن. * بە پشتگیریکردن و خزمەتکردن و هاوبەشیکردن دەیسەلمێنن کە هاوڕێی نزیکن	* دوژمنی راستەقینە نین بەڵکو تەنیا کەسانێکن خاوەنی ئەجیندا و پاراتیمی جیاوازن * کار دەکەن بۆ تۆ	* ئامرازێکە بۆ بەدیهێنانی پرنسیپە راست و دروستەکان * فرسەتێکە بۆ خزمەتکردن و بەشداریکردن	* کەسێکی تاقانەی بێهاوتا و داهێنەر و بەرهەمدارە لەنێوان کۆمەڵێک کەسی بێ هاوتای تاقانەی وادا کە دەتوانن پێکەوە یاخود سەربەخۆ کاری مەزن ئەنجام بدەن	* کۆمەڵە یاسایەکی سروشتی نەگۆڕن کە هیچ کەس بۆی نییە پێشێلیان بکات. * کە رێزیان لێ دەگیرێت دەستپاکی کەسەکە دەپارێزن و بەمەش دەبنە مایەی گەشەو بەختەوەرییەکی راستەقینە

Scanned by CamScanner

پڕفرۆشترین کتێبی نیشتمانیی ئەمریکا

هیوا فاوندەیشن: دامەزراوەیەکی قازانجنەویستی سەربەخۆی ئەهلییە، لە ساڵی (٢٠١٢)دا لەلایەن بەڕێز (هیوا رەوف)ەوە لە شاری سلێمانی هەرێمی کوردستانی عێراق دامەزراوە. هیوا فاوندەیشن کار دەکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی خەڵک لە ڕێگەی بڵاوکردنەوە و پشتگیریکردنی بابەتی داهێنەرانەی پەروەردەییەوە، ئەمەش بە وەبەرهێنان دەزانێت لە سەرمایە مرۆییەکانی کۆمەڵگاکەماندا. ئامانجیش لەم کارە گەیشتنە بە ئەنجامی ئەرێنی لە نەوەکانی داهاتودا و یارمەتیدانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاوەوە بۆ پێشخستنی تواناکانیان و گەیشتن بە ئامانجە بەنرخەکانیان.

لە بەرهەمەکانی هیوا فاوندەیشن وەرگێڕانی ئەم کتێبانەی خوارەوەیە بۆ زمانی کوردی:

- یاساکانی باوک/ نوسینی تریۆن مۆلەر
- یاساکانی دایک/ نوسینی سۆنی و تریۆن مۆلەر
- ٧ خووەکەی منداڵانی شادمان/ نوسینی شین کۆڤی
- ٧ خووەکەی نەوجەوانانی پێشەنگ/ نوسینی شین کۆڤی
- ٧ خووەکەی کەسانی پێشەنگ/ نوسینی ستیڤن ئار. کۆڤی
- بەدەست خۆتە/ نوسینی شین کۆڤی
- هونەری بیرکردنەوەی داهێنەرانە/ جۆن ئادایر
- پیاوان لە مەریخەوە هاتون و ژنانیش لە ڤینۆسەوە/ جۆن گرەی
- ٧ خووەکەی خێزانی پێشەنگ/ نوسینی ستیڤن ئار. کۆڤی
- وەرە پێشەوە (Lean In)/ نوسینی شێریل ساندبێرگ
- من مەلالەم/ نوسینی مەلالە یوسفزەی
- مەریخ و ڤینۆس لە خۆشەویستیدا/ جۆن گرەی
- منداڵان لەبەهەشتەوە هاتوون / نوسینی جۆن گرەی

Hiwa Foundation
Enable creativity and perfection

چاپی دووەم - سلێمانی ٢٠١٦

Scanned by CamScanner